# ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک
## بەرگی یەکەم

### پێشەکی

لەساڵی 1953 لەگوندی (قەدەفەری) سەربە ناوچەی شارەزوور چاوم هەڵهێناوە، لەشەش مانگی دا دایکم بە نەخۆشییەکی کوت و پڕ کۆچی دوایی کردووە، خوالێخۆش بوی باوکم زۆر زەحمەتی لەگەڵدا کێشاوە، (نازدار عبدالرحمن حاجی فرج)ی باوەژنم دڵسۆزانە لە پەروەرکردنمدا زۆر ماندو بووە، دووری گونددەکەی ئێمە لەشارەوە بووە مایەی بێ بەش بونم لەخوێندن و قوتابخانە، مامۆستایانی هەڵەبجە وەك مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستامەلا عومەرو مامۆستا مەلا محەمەد مەلا بەها لەخورماڵ ، کەدۆستی نزیکی باوکم بوون هەوڵیان دا من نەچمە قوتابخانە سەرەتا لای مەلا بخوێنم ئەوەش کۆسپێ بوو چونکە ناسراوی باوکم لەناوچەکە وای کردبوو هەمیشە لەماڵی ئێمە دیوەخانی باس کردن لەکوردایەتی گەرم بێت،منیش گوێ بیست دەبووم و بەم شێوەیە هەر لەمناڵیمەوە هۆگری سیاسەت بووم، لەکۆتایی ساڵی 1961 لەدوای کە عەشائیر شکا لەدەربەندیخان و دەربەندیبازیان زۆریان لەماڵی ئێمە خۆیان شاردەوە لەوانە کاك حاجی محمود سەرۆکی عەشیرەتی هارونی و حاجی مستەفا گردی شەریف و زۆری تر ئەو دەمانەی پێشمەرگە ئەبینیگەلێك دڵشاد دەبووم، ساڵانی 1962-1963کەمەفرەزەی پێشمەرگەم ئەبینی زیاتر دەبوونە مایەی هەژاندنم و زیاتر ئارەزووی تێکەڵاوبوونم لەگەڵ شۆڕش دەبزواو لەگەڵ هاوەڵەکانمدا هەمیشە باسی بارودۆخی ئەودەمەی شۆڕشمان دەکرد، لەوکاتانەشدا گەشتەکەی (مام جەلال و حلمی عەلی شریف)لەبەمۆوە بۆ هەڵەبجەوەو سیدصادق بەرقەراربوو کە لەو کاتەدا مفاوەزات هەبووە لەگەڵ عێراق ، ساڵی 1964بۆچەندین جار پێشنیاری ئەوەم ئەکرد کەلەکاری ڕێکخراوەیدا کار بکەم، بەڵام هەمیشە لەوەڵامدا پێیان دەوتم : (تۆ زۆرت پەلەیە بەڵام هەرپێ دەگەیت و لەکوردایەتیش بێ تاقەت دەبیت، ئەو کوردایەتیە هەروا زوو تەواو نابێت).

شەڕو پێکدادان ساڵی 1964 دەستی پێکردەوە، کوڕێکم دەناسی ناوی (فەرەج) بوو خەڵکی (ئێلان پێ) بوو لەشەڕێکی لای (سورکێو) شەهید کرا، کوڕێکی کەشم ئەناسی ناوی خالید ئەحمەد فقێ) بوو، بەر لەو لەساڵی 1963 لەشەڕەکانی پردی زەڵم و شارەزوور بەشداربوو کە (حمە گوڵپی و مام امین و حمە صالح بەشارەتی)و زۆر کەسی تری تیا شەهید بوون، لەشەڕی ناوخۆ (خالید)یش شەهید بوو، ئەو کات کاك (نەوشیروان فۆاد مەستی)و کاك (دیاری حامید بەگ) هێزێکی (32) کەسی بوون لە (ئێلان پێ)وە پەڕینەوە بۆ گوندی (بانی شار)و دەوروپشتی (ئێلان پێ) تاگفتوگۆی 1963-1964ملیان بەپێشمەرگە نەدەدا دژی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد تالە مفاوەزاتە هەموو هێزەکانیان لەسەر کۆکردنەوەو ئەوانیش بێ تەقە تەسلیم بوون، کە (عبدالکریم قاسم) کوژراو دەسڵاتی مەرکەزی شڵەقا، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هاتە سەرجادەو بۆ سەربازو سەیارەی سەربازی لەدەوروپشتی گوندی (گوڵەخانە) بۆسەیان دانا، هەر هەمان مەفرەزەش پەلاماری (خورماڵ)یانداو شەو ورۆژێك شەر بەرپابوو، جگە لەسەربازو بنکەی پۆلیسی خورماڵ، ئیتر هەر هەمووی کەوتە ژێر ڕکێفی هێزی پێشمەرگەوە (شێخ محمد ئەمین شێخ عەبدولڵا) کەمامۆستا بوو وەلێپرسراوی ئەو پێشمەرگانە بوولەسنورەکەدا، برین پێچێك هەبوو ناوی (عەبدوللا) بووپۆلیس تەقەیان لێکردو شەهیدکرا، ئەو کاتانە تازە ئاگری ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ کەوتبۆوە، من منداڵ بووم دەرکم بەزۆر شت دەکردو زۆر بەوردی ڕوداوەکانم دەخوێندەوەو بەڕونی ئەو ناکۆکیەم دەبینی کەلەنێوان سەر لقەکان هەبوو، ئەو کات دەیانگوت (کودەتای سەربازیمان لەحزب کردووەو لەکۆڵ خۆمانیان دەکەینەوە) من وەکو منداڵی لادێ ئیشم دەکردو لای مەڕو ماڵات

بووم، هەر لەو کاتەوە بیرم لەوە دەکردەوە کەرێگا چارەیەك بدۆزرێتەوە، حزبێك دروست بکرێ لەنێوان هەردوولادا، یان ڕێکخراوێك بۆ ئەوەی ڕێکیان بخات یان لەیەکیان جیا بکاتەوە، هەربۆخۆم بیرم لەوە دەکردەوە کەلەسنوری شارەزوور هێزێکی وا بەناوی حزبێکەوە دروست بکەم لە نێوان هەردوولادا ڕۆڵیئاشتی بگێڕێ، هەمیشەش هۆشو بیرم لای ئەوە بوو کەی بتوانم ئەو هەنگاوە بنێم، ئەگەر چی جیّ بەجێ کردنیشی لەو کاتەدا وەکو خەیاڵ وابوو، بەڵام ئەمە هەمیشە بیرکردنەوەی شەو وڕۆژم بوو، چی بکەم!؟ چۆن هەنگاو بنێم؟ چۆن متمانەی جەماوەر مسۆگەر بکەم؟ بۆئەوەی گۆرانکاریەك لەرەوشتی ئەو دەمە بێتە دروست بوون، گەلێك جار لەگەڵ منداڵانی هاوڕێم وەکو تەمسیلی دەستەی پێشمەرگایەتیمان دروست دەکرد تاشەڕی حکومەت یان (جەلالی)و (مەلایی) پیّ بکەین، یان هێزێکمان دروست دەکرد کەهەڕەشە لەهەردوولا بکات بۆ ئەوەی لەدژی یەکتر شەڕنەکەن، من ورەیەکی بەرزم هەبوو، باوەڕم بەخۆم زۆر بوو، کاك (ڕۆستەم) هاوڕێیەکم بوو ئاگاداری زۆربەی ئەوشتانەبوو، بەڵام لەهەموو ڕوویەکەوە باوکم حەزی بەوە نەدەکرد هەروازوو تێکەڵی حزبایەتیو سیاسەت بم، بەڵام من شوێن پێیەکی خۆم کردبۆوە، لەگەل زۆربەی هەر زۆری کادرەکانی ئەو کات وەکو کاك (حمە کۆڵنەدەر)و کاك (فایەق هاواری)و کاك (عبدالخالق هەورامی)و (بورهانە شەل)و (حمەی حاجی ئەحمەد) لەهەڵەبجەو زۆرتریان پەیوەندی دۆستانەی کوردایەتیم هەبوو بەتایبەت کاك (فایەق هاواری) زیاترلەمامۆستایەك یارمەتی داوم حەزم لەچەك هەڵگرتن بوو، ئەوەندەم ئارەزووبوو ناچار باوکم لەساڵی (1965) دەمانچەیەکی چواردەخۆری بۆ کڕیم کەکاك (فەتاح قازی) بە (45) دینار بۆی هێنام، جگە لەوەش (2-3) جۆر چەکم هەبوو شەوانە بەدەستوری پێشمەرگە حەزم لەجەولەی ئەو گوندو ئەو گوند بوو، ئەم بڕوا بەخۆبونو ئەو سەرەڕۆیەم ئەو هەلەی بۆ رەخساندم کەزۆر کەس بناسم چ لەگوندەکەی خۆمان وچ لەگوندەکانی تر، ناسراوی باوکیشم لەناوچەکەدا لەو لاوە بوەستیّ کەدەرفەتی خەڵك ناسینی زیاتریان پیّ دەدام، مانگی تەممووزی ساڵی 1966 هێزێکی جەلالی بەسەرپەرشتیکاك (کەمال موفتی)هاتە شارەزوور لای گوندی (ریشێن)و (میری سور) توشی شەڕ بوون، لەلای پارتی (محمد ساڵح ریشێنی) سەرپەل بوو، کە (12) کەسی بەدیل گیرانو (2-3) کەسیشیان بریندار بوون لەناویاندا (شەریف حاجی مەلا خرنوکی) بریندار بوو، وەلەجەلالیەکانیش (حمە هۆرێنی) ناوێك کوژرا، ئەوانەی لەهێزە کەوە هاتنە ماڵی ئێمە بریتی بوون لە (علی گورون) ناوێك کە خەڵکی (هەڵەدن)یان (دۆڵی جافایەتی) بوو هەروەها (عزیزی حمە خەنان) بوو کە ئەمیان خزممان بوو پیاوێکی ناسراوبوو، هێزەکەی نزیکەی (600)کەس دەبوون، هەرچەندە دروست بوونی هێزێکی ئاوا گەورە مایەی دڵخۆشیە، بەڵام من ئەوەم زۆر پیّ ناخۆش بوو کەسەر بە حکومەتی عێراقی بوون، ئەمانەو ئەو خوێن رشتنە ناحەقیو ئەو دووبەرەکیەو ئەو شتانە سەرنجیان رادەکێشامو زۆر لێك دانەوەو خەمو خەفەتێکی زۆریان دەدامیّ، سەرەتای ساڵی 1968 خێزانم پێکەوە نا.. ساڵی 1969 لەڕێگای (فایەق حاجی عەبدوڵڵا) لەگوندی گردی شەریف بۆ گوندی شاتوان چووین بۆ ماڵی (کاك محمد امین فەتاح) لەوێشەوە بۆ سەید صادق لەرێگای (عەتا باشکی)وە کەسەر لق بوو پەیوەندیمان بەحزبەوە کرد، بەڵام دیسان تەمەنم کۆسپیّ بوو، وەرنەگیرام، کاك (محمد دۆڵاشی) ئەوکات ئەندامی ڕێکخراوی سید صادقی جەلالی بوو پیّ ی ووتم.. (تۆ کەسێکی ئێمە دەتناسینو ئەگەر حەز ئەکەیت وەرە لەگەڵ من ئیش بکە، ئەگەر ئیش دەکەیت، خۆم ئاگادرتان دەکەمەوە) هەر کاك محمد ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی بۆ دەناردم ئەو دەمە رزگاریو رەنج هەبوو، جگە لەوەی لەدەنگو باسی ڕۆژانەش ئاگاداری دەکردمەوە بەڵام دیسان تەمەنم ڕێگای نەدا ببم بەئەندامیان، ساڵی 1970 بەیاننامەی 11ی ئازار دەرچوو لەچوار ساڵی وتووێژدا گەلیّ کێشە رووی دەدا سەرنجی منیان رادەکێشا، جگە لەوەی خۆ بەخۆ بەردەوام بووم لەخۆ پەروەردەکردنی سیاسیانەی

خۆم، هەروەها بەهەوڵو تەقەلای خۆم، خۆم فێری نوسینو خوێندنەوە کردو زۆربەی ئەو کتێبانەی ئەو سەردەمە بڵاودەبونەوە وە دەمخوێندنەوە. ئەو بارە هێمنو ئارامیەی ناوچەکە تێی کەوتبوو ئەوەندەی نەخایاند لەساڵی 1974 شەڕ دەستی پێکردەوە.. کاتێك بوو باوکم تازە لەحەج گەڕابۆوە (جگە لە 4–5جاری تریش حەجی کردپێشوو) هەر لەو ساڵەشدا کۆچی دوایی کرد، ئیتر سەرپەرشتیماڵو منداڵی خێزانە کەمان کەوتە ئەستۆی منەوە، بەڵام سیاسەت ئەو خولیایەم بوو کەبیر کردنەوەی شەو ورۆژی داگیر کردبووم، خەڵکێکی زۆرم دەناسی، تێکەڵی خەڵکی ناوچەکەمان دەبوم، هەنگاوم دەناو خۆم زیاتر پەوەردە دەکرد، سەرنجو تێبینیەکانم زۆربون، مامەڵەی لێپرسراوەکانی ئەو دەمەم لاپەسەند نەبوو بیرم لەوە دەکردەوە چۆن چۆنی بتوانم کارێکی وابکەم چارەسەرێك بۆ ئەو هەلومەرجە بدۆزمەوە کە زۆر لەبەرپرسیارانی گرتبۆوە، بۆ ئەوەش بریارم دا بەقەبارەیەکی گونجاوەوە بچمە ریزی شۆڕشەوە، بۆ ئەو مەبەستەش (15–20) خزمی خۆمم ئامادەکرد کەبەچەکی خۆمانەوە ببین بەپێشمەرگە، بەڵام (م .ع)مەکتەب عەسکەری ئەوکات هەمیشە رەدی ئەدایەنەوەو پێشنیارەکەی قبوڵ نەکردین، وادیار بووبەرپرسانی ئەوکات، پێیان خۆش نەبوو کەرێگەم پێ بدەن، بۆیە بەهەزار حاڵ بەبێ هیچ بەرپرسییەك ئینجا کردیانین بە بەرگری و بەهەزار واستە ئینجا قبوڵیان کردین ببین بە پێشمەرگەی بەرگری، ئیتر من دەرگایەکم بۆ کرایەوە بێ ئەوەی کەس پێم بڵێت بۆ خۆم لەلای شارەزوور بۆ بەشداری هەندێ شەڕی بچوکم دەکرد. بارەگایەکی هێزی بەرگریان لەشارەزوورلەگوندی _گێڵەك) بۆدانابین بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆمان، لق لەوناوەدا بوون، رۆژێك کۆمەڵێکمان بۆ نیشان شکاندن کەمێ دوور کەوتبونەوە خەریکی نیشان شکاندن بوون، بەتەقو هوڕ هەراسانمان کردن، ئەوانیش وەك گاڵتە وتیان بادووسێ فەردە نانو کۆمەڵێ فیشەکیان فریاخەین دیارە لەشەڕدا زۆر ماندوبون! (مام حاجی ساڵح) لەگێلەك پێ ی وتین ئێوە پاسەوانی ئەو گردەن لەژێرەوەی نەوتی تیایەو باپێمان نەزانن، لەگەڵ (فایەق هاواری)یش جارێك چوین بۆ شەڕ لای دەربەندیخانەوە بەڵام نەگەیشتینە شەڕەکەو نانی دووسێ ماڵمان خواردو گەڕاینەوە ! زەمان هاتو زەمان ڕۆیی، کات هاوینو بوو پێشمەرگە لەگوندی (قەدەفەری) کۆببونەوە هەڵسوکەوتیانم لەویو لەگوندی (گردەنازی) بەدڵ نەبوون، جارێکیان کەلەسەربانی ماڵەکانی قەدەفەری خەتبون مەخزەنێ تەقەم کرد بەسەریاندا هەر پێشمەرگەبوو بەهەڵەداوان لەسەربان خۆی فڕێ دەدایە خواریو زۆر شپرزە بوون، کەس نەیزانی کێ تەقەی کردو، ئیتر لەو رووداوەوە کەس نەیدەوێرا لەسەربان بخەوێ هەر لەو کاتانەشدا روداوێکی ترم بیر دێت، هێزی کەرکوك شکابوون بەگوندەکەی ئێمەدا تێدەپەڕین لەوکاتانەشدا (2–3) تەیارەی (مێك) دەگەڕان منیش رەشاش برینێکی لقی بەرگریم لابوو لەماڵەوە بەرەشاشەکە کەوتمە تەقەکردن لەتەیارەکان، ئیتر تەیارە ئاڵۆزاو کەوتە ئەو ناوە بەراستو بەچەپ بۆردومانیان دەکرد، لای گوندی گامێش تەپەو گردەنازێ لەعارەبانەو ئەسپێك، پێشمەرگەی هێزی کەرکوکی داماویش کەدووسێ رۆژبوو شکابوون هاتبوون خۆیان بشارنەوە، بەڵام ئەوەتا تەیارە لێرەش هەراسانی کردن، زۆر ترسابوون وتیان کێ تەقەی کردووە؟ بڕۆن بیهێنن سجنی بکەن.. هاتن بۆم منیش پێم وتن.. (ئێمەش پێشمەرگەی بەتالیۆنی 7و ناهێلین تەیارە تەنانەت بەسەر ئاسمانی ناوچەکەشماندا بسوڕێتەوە قابیلە وەکو ئێوە بین، ناوچەکەی خۆمان بەجێ بهێڵین)، ئیتر بەم وەڵام دانەوەیە بێ قسە کردن گەڕانەوە بەڵام یەکێکیان ووتی.. ئێستا نەیبەیت بۆلای دووز تائەوەندە رابکا بپروکێ، ئەو کاتە ئەیبینینەوە باگاڵتە بەهێزی کەرکوك بکات، 1974/4/26 ئەو رۆژە بوو کەهەڵەبجەی تیا بۆردومان کراو کەتیا (30) شەهیدو (130) کەس بریندار بوو، ئەو رۆژە من یەکەم کەس لەگوڵەخانەوە خۆم گەیاندە ئەوێ، ئەگەر چی هاتو چۆی جادە بەهۆی بۆردومانەکەوە برابوو، دڕندەیی ئەو بۆردومانە بۆ هەتا هەتایە بیرەوەری خۆی لەدڵو دەرونمدا

هەڵکۆڵی و پشکۆی رقی پیرۆزی زیاتر گەشانەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو شۆڕشە ئامانجی خوێنی شەهیدانی بەدی نەهێناو هەرەسی هێنا، لەدوای پەیمانی جەزائیر باڵی رەشی هەرەسی شۆڕش کشا، رەش بینی هەموانی داگرتبوو، هەر پێشمەرگەبوو بەچەکەوە تەسلیم دەبووەوە، بەڵام لەم شەوەزەنگی هەرەسەشدا هەبوون چرای ئومێدو بەردەوام بونیان هەڵدەکرد ، من یەکێك بووم لەوانەی کەداوای بەردەوام بونم دەکردو دەستم بەهەر چەکێ بگەیشتایە کۆم دەکردەوە، لەگوندی (قەدەفەری) لەماڵی کاك (رەووف) کۆمەڵە کەسێك بوین کۆبونەوەیەکمان سازدا لەوانە (کاك رەوف و کاك محمد حاجی سابیرو کاك محمد رەشید)و وابزانم کاك (حامید)یش لەوێ بوو یان باسمان کرد، لەکاتێکدا ئێمە باسی ئەو کۆسپەمان دەکرد کەلەهەمووماندا کەوتبوو، نزیکەی (500) پێشمەرگە لەولا لەسەر جادە بەچەکەوە لەدوای یەکەوە بەپێ بەرەو سەیدصادق دەڕۆیشتن بۆ خۆتەسلیم کردنەوە، من داوام لێ دەکردن بوەستن و بەردەوام بن باشۆڕش کۆتایی پێ نەیەت، هیچ نەبێ با ڕژێم بێ ترس نەبێت، لەگەڵ ئەوبرادەرانەدا کۆبوینەوە وەپێم ووتن مەڕۆن چەکمان هەیەو ئامێری چاپیشمان هەیە زۆر کەسی تر خۆیان تەسلیم ناکەنەوە بابەردەوام بین..بەڵام سیمای ئەوخەڵکە تەواو بێ ورەیی پێوە دیاربوو، رانەوەستان و وەڵامیان ئەدامەوەو ئەیانوت.. کاکی برا ئەوەی تۆ دەیڵێیت شۆڕش بەرپاکردنە..شۆڕشیش پێویستی بەحزب هەیە، پێویستی بەسەرکردەیەکی ناودار هەیە، وەك مەلامستەفا یان کەسێکی ناسراوی وەکو مام جەلال، ئەوە پەیوەندی دەوڵەتانی دەوێ، من و تۆش تازە دەست پێ دەکەین بەڵام من دوای ئەو خەڵکە کە وتبوم پێم دەوتن کەبگەڕێنەوە بۆشۆڕش ئەوان کاری چاپەمەنی و رێکخستن تەواوبکەن چی کاری پێشمەرگایەتی و شۆڕشیش هەیە بەجێ بهێڵن بۆ خۆم وگەر کراش و پێك هاتین حزبێك دروست دەکەین و ناویکی گوجاوی بۆ دادەنێین، ئامادەش بووم هەر ئەوکاتە بکەومەوە چەك کۆکردنەوەو بەردەوام خەڵکیشم هان دەدا چەك تەسلیم بەڕژێم نەکەنەوە بەڵام لەسیمای ئەو خەڵکەوە نائومێدیەکی تەواو ئەخوێنرایەوە، سەرلقێك هەبوو ناوی (محمد ئەمین تریفە) بوو تائەو کاتەش لەیەکەم رۆژەوە بەدوای چەك و کەل و پەلدا دەگەڕا ببیات و تەسلیمی حکومەتی بکاتەوە، بەڵام ئێمە لای خۆمانەوە چەندین چەك و تەنانەت جلی خاکیشمان پەیدا کرد بەڵام برادەران هەوڵیان ئەدا رێکخراوێکی تر بدۆزنەوە کاری تیا بکەن، نەك خۆمان هەوڵی بۆ بدەین ئەویش لەبەرئەوەبوو کەبڕوایان بەخۆیان نەبوو، هەرەس یا نەکسە داکەوتبوو، سەرەتا وشەی (ئاش بەتاڵ) لەسنوری شاری سلێمانی بڵاوبۆوە، ئەوکات شەهید (عەلی هەژار)یان لەبارەگای بارزانیەوە ناردبۆوە بۆ پێنجوێن بۆ هێزی خەبات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرپرساران کۆببێتەوەو باسی بارودۆخەکەیان بۆبکات، کاك (عەلی هەژار) وتبووی ئاش بەتاڵەو هیچ نەماوە، (کاك ملازم تاهر علی والی) دەیگێڕێتەو دەیووت لەوێ وشەی ئاش بەتاڵمان گوێ لێ بوو، ئاش بەتاڵیش بۆ خۆی وشەیەکی کۆنە، لەگەرمەی باراش هاڕین دا کاتێ ئاش دەوەستێ.. ئاشەوانەکە دەچێتە سەربەرزاییەك و هاواردەکات ..ئاش بەتاڵ، ئاش بەتاڵ.. ئیتر هەرکەسێك بەباراشەوە بەرەو ئاش بهاتایەو گوێی لەو هاوارە بوایە بەباراشەوە دەگەڕایەوە، ئەگەر یەکێکیش لەدوورەوە بهاتایە ناچاربوو دانیشێ و چاوەڕوان بێت، هەروەك چۆن کوردەکان لەئێران مانەوەو چاوەڕوان بوون، رۆژگار چەرخاو توانیم پەیوەندی بکەم بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە، باوەڕم بەوە هەبوو کەشۆڕش بکەین و هەروا دانەنیشین، ئەوکاتانەجامی زۆرداری رژێم پڕ ببو لێشی دەڕژا، ناچەکەی ئێمەش نمونەی ناوچەکانی دی بوو.. ئەو خەڵکە لەئێرانەوە دەهێنران سەرەونگوم ئەکران و بەرەوخواروی عێراق راپێچ دەکران، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ئەمن و ئیستخباراتی ساویلکە لەشارەکان و هەتا لە گوندەکانیش بڵاوببونەوە، حزبی شیوعی کە هاوبەرەو جەبهە لەگەڵ حکومەت ئەوانیش کەوتنە بەر شاڵاوی چاودێری و گرتن و بردن، بەکارهێنانی چەندین کەس بۆ جاسوسی تەواو بارودۆخەکەی

ناخۆش کردبوو، بیرم دێ یەکێ لەوانە ئەیووت.. ئەوانەی لە (70-74) پێشمەرگەبوون مەرحەبایان نەدەکردین لەناوشاری سلێمانی، بەڵام ئێستا بەسەروقون مەرحابامان دەکەن!. ئیتر تەبعیس و تەعریب شوڵی کێشابوو، کەرکوك و خانەقین و سنجار شریتی نەوتی بوون کەوبونە ژێر فشارەوە، خوێندنی سەرەتایش کرا بەعەرەبی، زۆر بازاڕو جێگیان بەناوی عەرەبیەوە ناودەبرد، دووگوندیان بەناوی (حیفا و یافا)وە لای کەرکوك دروست کردبوو عەرەبیان تیا هێنابوو، لەکاتێکدا ئەم سیاسەتە رەشە بەرقەراربوو، لەروی ئابوریەوە تارادەیەك گەشە کردن هەبوو ئەویش بەهۆی ئەوەی کەتازە نەوت خۆماڵی کرابوو عێراق دەروازەیەکی باشی ئابوری لێکرابوەوە یەك دیناری عێراقی هاوتای (3)دۆلاری ئەمریکی بوو، هەرزانی بوو.. هەزاران ئامێری پیشەسازی و کشتوکاڵی و زۆرشتی تر دابەش کران بەسەر هاولاتیاندا بەتایبەتی بەسەر جوتیاران.. بازرگانی و کاڵاو شت و مەك پەرەی پێ درا.. هات و چۆی دەرەوەو ناوەوەی ولات ئاسان بوو، بەڵام ئاش لەخەیاڵێ و ئاشەوان لەخەیاڵێ... میللەت تینوی ئازادی بوو.. خەوی بەهەڵهاتنی خۆری ئازادی‌یەوە دەبینی.. دوژمن هەوڵی لەڕەگەوە هەڵکێشانی‌کوردی ئەدا.. سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەهجیرو سوتماك کردنی کوردستانی پیادە دەکرد.. هەموو شتێ بۆ کورد قەدەغەبوو تەنانەت گۆڤارو رۆژنامەکانیش داخران.. بەڵام حکومەت لەتەك ئەو سیاسەتە ستەم کارانەشی پەنای دەبردە بەر چاوبەست کردن و دەچوو پارتە کارتۆنیەکەی (عزیز عقراوی و شێخ ستارو مەلاماتۆڕی) ئەخستە ڕوو، کورد بۆ تەسکینی دڵی خۆی ئەوەشی پێ خۆش بوو.. ناوەکانیان خۆش بوو پارتی و پارتی شۆڕشگێر تەنانەت خەڵکیان لێ کۆدەبۆوە.. کەتێگەیشتن جگە لەپارتێکی کارتۆنی هیچی تر نین لێیان دەتەکینەوە.. ئێمەش کەلەرێکخستن کارمان دەکرد قسەمان بۆ دەکردن کەئەوکات دوای (2-3)مانگ لەشکستی شۆڕش بریتی بوین لە (کاك حامید، کاك رەوف، کاك محمد حاجی سابیر، کاك تۆفیق، کاك علی شێخ، کاك دکتۆر رەزا، کاك شەوکەت ((کاك بورهان، خۆم) وەزۆرکەسی تر وەکو (کاك شێخ صدیق و شەهید عمری محمد سالح و کاك حمە رەشید حاجی سعیدو کاك نصرالله صدیق مەلا وەیسە..هتد) وەکو دۆست هەروا بەردەوام بوون لەگەڵماندا، لەئەنجامی زەبری چەوساندنەوەی رژێم هەر کەسێك روی بکردایەتە شاخ.. ئەو خەڵکەی شاخ ئەوەندە تینوبوو بەدەیان کەسی لێ کۆدەبۆووە، رۆژ بەرۆژ گیانی کوردایەتی زیاتر پتەو دەبوو.. بەڵام رژێمیش درێغی نەدەکرد لەسەرینەوەی ناوی کوردو جوگرافیای کوردستان و لەهەمان کاتیشدا بەهۆی نەمانی پیشمەرگەو شۆڕشەوە ئەو هەلەی بۆ رەخسابوو کەمەرامە گلاوەکانی بەدی بهێنێ، پیاوانی رژێم بەشێوەیەك پۆزیان بەسەر خەڵکی چەوساوەی کوردستانەوە لێدەدا.. کەهەموو کارێکی خراپ بۆ خۆیان رەوا بوو، هەرکەسێك بەفیشەکێکەوە بگیرایە (20) ساڵ زیندانی دەکرا، کەچی لەناوەراست و خواروی عێراقدا پسولەیان بۆ دەکردن و چەك هەڵگرتن سەربەست بوون هەموو شتێ بۆ کورد قەدەغەبوو تەنانەت مافی مانەوەی نەتەوەیش.. بۆیە سیاسەتی بەعەرەب کردنی پیادە دەکرد بەم چەند هەنگاوە..

یەکەم.. گواستنەوەی کوردان بۆ خواروی عێراق..

دووەم.. هێنانی عەرەب بۆ جێگاکانیان، وەك تەعریبی شارەکانی (کەرکوك، خانەقین، سنجار)..

سێیەم.. رژێم بەوەشەوە نەدەوەستا تەنیا کوردەکانی بەردەستی رەوانەی خواروی عێراق بکات.. بەڵکو بەهەزار فروفێڵ سیاسەتی شۆڤێنیانەی پەلی دەهاوێ.. ئەوەبوو چەندین جار (عزیز عقراوی)و وەزیرەکانی دەنارد بۆ ئۆردوگاکانی کوردە پەنابەرەکان لەئێران داوای لێ دەکردن کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆ ناو کەسوکاری خۆیان و لەوێ دایان ئەنێن.. ئەوەبووخەڵکێکی زۆریان بەزمانی لوس هێنابۆوە، بەڵام کاتێ لەسنوری خانەقین و

حاجی هۆمەران و..هتد، گەڕانەوە رژێم رەوانەی خواروی عێراقی کردن و سادەترین مافی نەتەوەیی خۆیانیان پێ رەوا نەبینرا،..

چوارەم.. ئەومالانەی بۆ شارو گوندەکانی خوارو دوور دەخرانەوە بەشێوەیەکی سروشتی باری ئاوو هەوا بەسەریاندا ئەسەپاند کە جلی کوردی لەبەرنەکەن، پێویستە دشداشەو عەگال لەبەر بکەن و بەدەستوری خوارووی عێراق هەڵسوکەوت بکەن کەزۆربەی خەڵکی ئەو ناوچانە عەرەبن، مێرد منداڵی کوردستان بەئاوو هەوای سازگاری کوردستان گۆش کرابوو زۆر بەزەحمەت ئاشنای ئەو کەش و هەوایەی خوارووی عێراق دەبوون.. بۆیە زۆربەیان کۆچی دواییان دەکرد.. کورد لەو دەمەدا پێویستی بەهێزێك هەبوو بەرگری لێ بکات و بونی نەتەوەیی رابگرێ و لەبەردەم هەرەشەی ئەگەری سڕینەوەی کلتوری نەتەوەیی کوردانە رزگاری بکات.. ئەوکات پەلەکردن لەهەستانەوەی واقعی بارکەوتوویی کورد گەرچی بەهۆی گەرمە برینی هەرەس و نەمانی متمانەی جەماوەر بەشۆڕش وسەرکردایەتیەکەی ئەرکێکی گران بوو، بەڵام لەبەردەم واقعی تازەدا کەسیاسەتی شۆڤێنی رژێم تیایدا بەر قەراربوو، تەنیا دووڕێگا لەبەردەم گەلی کوردا مابۆوە...

یەکەم. یان بێ دەنگی و مل کەچ کردن و تەسلیم بوون بەرژێم و قبوڵ کردنی هەموو داخوازیەکی..

دووەم.. یان دەست دانە چەك و روکردنە شاخ و بڕیاری خۆ رێخستنەوەو بەرگری بکەین.. کەئەمەش مانای پڕکردنەوەی شوێنەواری قوڵی هەرەس.. کەساڕێژ کردنی ئەو برینە قوڵەش هەروا ئاسان نەبوو، چونکە کۆمەڵێ لاوی نەناسراو هەروا بەئاسانی بەو خێراییەو لەو هەلومەرجەدا نابنە مایەی ئەوەی متمانەی جەماوەر مسۆگەر بکەن، بەڵام زۆروفشاری رژێم وەك ئەنجامێك وا لەجەماوەر دەکات رووبکەنە شاخ و دەست بدەنە چەك و ناچاربن بەرگری لەخۆیان بکەن و شۆڕشیش بەم شێوەیە بەهێز دەبێ، چونکە کورد هەرگیز مل کەچی قبوڵ نەکردووەو هەمیشە بەرووی داگیرکەراندا تەقیونەتەوە.. کورد هەرگیز عەشقی چەك و شاخ و شەروشۆر نەبووە.. ئەوەی کەپاڵی بەکوردەوە نابێ دەست بداتە چەك فشارو زۆرداری دوژمنان بووە، هەمیشە کورد حەزی کردەوە کێشەکەی بەئاشتی چارسەر بکرێ، بەڵام رژێمە داگیر کەرەکان هەرگیز ملیان بۆ ئەوە نەداوە کێشەی کورد بەڕێگای گفتوگۆ چارسەر بکەن، بەڵکو کورد قران وتوانەوەی کورد هەمیشە داڵغەو خەیاڵی دوژمنان بووە..

بۆیە کوردیش وەك یاسای کارو کاردانەوە مافی خۆیەتی کاردانەوەی سروشتی هەبێ و شۆڕشی چەکداری سازبکات.. دوژمنان هەمیشە پیلانی هاوبەشیان دژی بزوتنەوەی چەکداری رزگاری خوازی کورد داناوە چونکە پێیان وابووە کەبزووتنەوەکە نەما ئیتر گیانی کوردایەتیش نامێنێ، بەڵام مێژوو دەیگێڕێتەوە کەلە شۆڕشەکانی (شێخ محمود)ەو تا سمکۆی شکاك و شۆڕشی دەرسیم و ئاگری داخ و ئارارات و شەمزینیەکان و تا شۆڕشی ئەیلول لەهەموویاندا بزوتنەوەکە شکستی خواردووە نەك کوردایەتی.. حزبێك یان شۆڕشێك لەناوچووە.. نەك میللەتێك لەدوای، (15)مانگ ئەو راستیە درەوشایەوە، کەشۆڕش و پارتی لەبەریەك هەڵوشاوەتەوەو سەرکردایەتی هەڵاتووە نەك میللەتی کورد.. هەرکورد بوو دوای ئەو شکستە گەورەیە توانی دیسان کۆمەڵێ لاو کۆبکاتەوەو پشکۆی ناو ئاگردانی شۆڕش بگەشێننەوە تا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکەن و جوڵە بکەوێتەوە ریزەکانی بزاڤی کوردایەتیەوە.. هەر چۆنێك بێت ئێمە سوربوین لەسەر ئەوەی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات..

لەرۆژنامەو رادیۆکاندا دەنگمان بگاتە هەموو شوێنێك، بەهەرحاڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لەئەستۆی ئێمەدایەو کوردچاوەڕوانی ئەو رۆژەیە..بەم جۆرە لەم هەلومەرجە سەختەو بەو ئەزمونە کەمەوە ملمان لەچەقۆ ئەسوی و لەگەڵ مەرگدا هەموو ساتێك یاریمان دەکردو خۆشەویست ترین کەسوکاری خۆمان و ماڵ و منداڵ و خێزانمان بەجێ هێشت و وازمان لەخۆشی و هەموو سامانی خۆمان هێنابوو. بەوکەش و شاخەوە شەو نخونیمان

دەكێشا چەندەها شتی سەیرو سەمەرەی وەك مارو دوپشك‌و ورچ‌و گورگ.. هتد، دەهاتە ڕێمان ئێمەش بەو پەری ورەی بەرزەوە بەئیرادەیەكی پۆلاینەوە بەگژ داگیركەراندا دەچوینەوە.. تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنین كورد هەیەو.. شۆڕش سەرلە نوویێ بوژاوەتەوە، هێشتا (7) ڕۆژ تێپەڕی بوو بەسەر چونە دەرەوەی ئێمەدا تەنیا كەسوكاری خۆمان زانیبوی ئێمە لەدەرەوەین.. ئەوكات (علی شیعە) ڕایگەیاندو ووتی.. ئەوە بۆ عێراق وەفدی نەناردەوە بۆ لامان بۆ گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی كورد، ئەوەش ئەو پەڕی بڕوا بەخۆبونە، لەدەوری سەرچاوەی زەڵم لەقەلا سوران بوو كەئەو قسەیەی كرد وتیشی منیش ئەچم قسەیان لەگەڵ ئەكەم ئەگەر زانیم هیچیان پێ نیە بۆ مەسەلەكان هەرهەموویان ئەكوژم، ئێمەش ئەوە ڕەئمان بوو، زۆریش متمانەمان بەوە بوو كەئەو ڕۆژە دێتە دی كەئێمە سەركەوین و جەماوەر پێشوازیمان لێ ئەكەن‌و دەگەڕێینەوە شارەكان‌و زۆریش بەرچاومان روون بوو لەیەكەم ڕۆژدا پەیمانمان دا تا (10) ساڵیش بێ وەستان بەردەوام بین، تەنانەت لە(10) ساڵەكەش زیاتر ژیانی روو بەروو بونەوەو بیری نەتوەیی ئەوەی لاگەڵڵە كردبووین كەهەمووشتێ قوربانی ئاگری كورەی شۆڕش‌وخەبات دەكەین، بۆ دۆست‌و دوژمنامان سەلماند تەنیا شۆڕشێك لەناوچووەو نەك گیانی كوردایەتی، منیش كەتێكەڵ بەكاروانی نەسرەوتی خەبات بووم‌و بێ باكانە رووم كردە گزنگی خۆری ئاوات، تەنیا شتێك كەئەو ڕێگایەی پێ گرتمەبەر تەنیا خۆشەویستی نەتەوەكەم‌و كێشەی گەلەكەم بوو.. دەنا لەلایەن رژێمەوە لەژێر هیچ فشارێكدا نەبووم، تادەستم نەدایە چەك هیچ كێشەیەكی تایبەتیم لەگەڵ رژێم نەبووجگە لەوەی بەئاگاداری ئەوان جارجار سەردانی شارم دەكردو شت‌و مەكم بۆ خۆم‌و هاوڕێكانم دەبردەوە، بەلام كەسانێك هەبوو بەمنیان دەوت.. تۆبۆخۆت توشی ئەم دەردەسەریە كردووە.. هیچ كێشەیەكت هەیە ئەم دەربەدەریە دەچێژی..، بەلام من بڕیاری خۆم دابوو كەتا رزگاركردنی ئەم میللەتە هەرئەبێ بەردەوام لەخەبات بۆ كوردیان لەو ڕێگایەدا شەهید ئەبم.

**محمد حاجی محمود**

1996/6/1

**بەشی یەكەم/ زنجیرەیەك**

**هەرەس‌و سەرەتای هەڵگیرساندنی سۆڕشی نوێ**

ڕۆژی 1975/3/18 وەكو لەپێشەوە باسمان كرد لەگوندی (قەدەفەری) كۆبونەوەیەكمان سازدا كەبریتی بوون لە (كاك ڕەوف خەلیفە سەعیدو كاك محەمەد حاجی صابرو كاك محمد دۆلاشی) وابزانم كاك حامید حاجی خالیدو كاك ابراهیم مەلا محمودیش بوو، لەو كۆبونەوەیەدا باسی ئەوەمان كرد كەئەبێت شۆڕش درێژەی هەبێت، ئێمە كاتێ وابیرمان دەكردەوە، دەستە دەستە پێشمەرگە خۆیان بەرژێم تەسلیم دەكردەوە، لەوكاتەدا كۆمەڵێ پێشمەرگە لەبناری سورێن بۆ تەوێڵەو بیارەو بەرەو سەید صادق بۆ تەسلیم بونەوە دەچوون كەئەمە دیمەنانە زۆر جەرگ بڕ بوون، كاتێ من قسەم لگەڵدا كردن دەربارەی ئەوەی لەرێكخراوێكی تردا كار بكەین‌و درێژە بەشۆڕش بدەین، بەلام ئەوان پێیان وابوو شۆڕش پێویستی بەكەسێكی ناسراو هەیە وەكو (مەلا مستەفا) یان

مام جەلال) من دەمویست ئەو چەكانەی بەشانیانەوەیە لەگەڵ ئەو چەكانەی شاردومانەتەوە، بیان خەینە كارو شۆڕشیان پێ بەردەوام بكرێ، لەگەڵ برادەران قسەمان لەوە دەكرد كەچەك بشارینەوە، بەبرادەرانی خۆشم وتبوو هەندێ كەرەستەی چاپ كردن و رۆنیۆو چەكم شاردۆتەوە، دەیانخەینە كار، ئێوەش لەشارەكانەوە كاری رێكخستن بكەن هەرباشە، كاری پێشمەگایەتی بۆمن بەجێ بهێڵن، بەڵام قەناعەتیان نەكردو بەكارێكی قورسیان زانی، من هەر بەردەوام بووم، لەلایەكی ترەوە كاك حامید پەیوەندی كردبوو بەكۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستانەوە، منیش بەهەمان شێوە پەیوەندیم بەبرادەرانەوە كردو پاشان بڕیارماندا لەناو كۆمەڵە درێژە بەخەباتی خۆمان بدەین، لەپاشاندا كاك (شەهاب) گیراو هەندێ لەبرادەران خۆیان شاردەوە لەوانە دكتۆر احمد (ابراهیم خەلیل یابە) خەڵكی گوندی میرزا رۆستەمی لای دوكان بوو، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی من پەیوەندیم بېڕێ تامانگی 4ی 1976درێژە بخایەنێت، بەوەشم زانی كاك حامید پەیوەندی هەیە بەكۆمەڵەو (دكتۆر رەزا)وە، بۆیە شەوێكیان لەئوتێل (هەورامان)بوین لەسلێمانی ئەو كاتانە دەترساین، بەكاك حامیدم وت.. تۆ شارەزای خەتی تەنزیمی هەڵەبجەیت و بەڵكو بەمنیش بڵێت ئەمەوێ پەیوەندی بكەمەوە بەبرادەرانم لەناو كۆمەڵە بەڵام كاك حامید هیچی بۆمن باس نەكرد زۆر هەوڵم لەگەڵیدا بەڵام هەر ئیعترافی نەكرد كەزۆرم پێی هێنا سێ چوار جاری سەری W.C دا، وتم ئەگەر پێم نەڵێت خەتەكە ئەوە عەزیەتت دەدەم بۆ ئەوەی بترسێ ناچار كاك حامید ئیعترافی كردو هەمووشتێكی بۆ باس كردم بۆیە من پەیوەندی خۆم گرێدایەوە لەگەڵ رێكخستندا. كاك (رەوف خەلیفە سەعیدو كاك محەمەد حاجی صابر)و دوایش كاك (شەوكەت) هەموو یەكمان گرتەوە ئەو كات بوو شێخ شەهاب و برادەرانی چوبون بۆ ئێران و گیرابوون، دیار بوو لەو دەمانەدا چەند كەسێك لەسەركردایەتی كۆمەڵە ئاشكراببون، هەڤاڵانی خۆمان لێیان رانە ئەبینیم من بڕۆمە دەرەوە داوایان كرد بمێنمەوە من رازی نەبووم و وتم ئێوەش نەینە دەرەوە من هەر دەڕۆم و دەستی پێ دەكەم، كاك حامید لەسەربازی هەڵهاتبوو لای ئێمەش شاردبومانەوە لەژووره بچكۆلەكەی كاك رۆستەم حەبین (برهان) تا مەفرەزەكانی تر رێك ئەخرێن وادیاربوو برادەران هەر رۆژە رۆژە دوایان دەخست دەست پێ كردنن هەر لەو كاتەدا (كاك شەهاب و كاك جعفرو كاك ئەنوەرو كاك عمر سید علی و كاك فریدون) چوبون بۆچەم پاراو سنوری بانەی ئێران و گیرابوون، ئێرانیش تەسلیم بەعێراقی كردن، بەمنیان ووت هەندێك لەبرادەران كەشف بوونەو دێنە لای ئێوە وەدوایی دەركەوت كە كاك شەهاب وئەوان بوون، پەیوەندیەكانی ئێمەش لەرێگای كاك حامیدەوە بوو، منیش كاك شێخ صدیق و شەهید دكتۆر رەزاو كاك تۆفیق و ئەمانەم دەناسی هەر ئەوكاتانەش من دەستم كرد بەكۆكردنەوەی خەڵك و قسەم بۆ ئەكردن، داوام لێ ئەكردن كەچەك هەڵگرن و ئەبێ شۆڕش بكرێ، ئەو كاتیش ئەیانوت بەمن و تۆناكرێ، بەڵام برادەران هەمیشە مەسەلەكانیان دوا ئەخست لەپاشانیشا وتیان لیژنەی دەستە چەكدارەكان تۆیان داناوە دەرنەچیت و ماڵی ئێوەش دانراوە بۆ هات و چۆو پەیوەندیەكانمان، گەر خەڵكیشمان لێ بریندار بكرێ لەوێ چارەسەر بكرێت، بۆیە بەمانەش دیسانەوە مەسەلەكانیان دوا ئەخست، منیش پێم وتن ئێوە ئیشەكان دوا ئەخەن، ئەگەر ئێوە ساردن لەمەسەلەكە من مەفرەزە كۆدەكەمەوەو دەست دەكەم بەكاری پێشمەرگایەتی، ئەوانیش داوایان لەمن كرد ئەگەر ئەتوانم لەسەرتادا بۆ زیاتر دەنگدانەوەی چالاكیەكانمان بنكەیەكی پۆلیس بگرین و چەك و كەسەرەسە سەربازیەكانیان بەرین، تا ئەم چالاكیە ببێتە مایەی ئەوەی شۆڕش بەكردەوە دەنگ بداتەوەو جەماوەر ئاگاداربێت، من پێشنیارم كرد بنكەی پۆلیسی (بیارە) بگرین بەڵام برادەران هەر زوو ترسان پاشگەزبونەوە، ترسەكەشیان لەوە دابوو كەمن بگرن و دان بەنهێنیەكان بنێم و ئەوانیش بەند بكرێن، لەبەر ئەوە هەمویان خۆیان شاردەوە، منیش (11)رۆژ بۆیان دەگەڕام تا بیان بینمەوە، ئەو برادەرانەی كەمن قسەم لەگەڵ

کردبوون بۆ ئەوەی بنکە پۆلیسەکە بدەن بەدەستەوە گواسترابونەوە بۆ جێگایەکی تر، بەم شێوەیە ئەو نەخشەیەی من دامنابوو سەری نەگرت هەندێ لەبرادەران چوبوون بۆ بەغدا خۆیان شاردبۆوە، هەر لەوساڵەدا نزیکی مانگی (5)بوو (احتیات)دەگیرا بۆ سەربازی، ئەوبرادەرانەی ئێمەش زۆریان چون بۆ سەربازی لەوانەی لەبیرم دێت کاک حامیدو کاک تۆفیق و زۆری تریان، من کەئومێدێکی ترم هەبوو ئەم هەڵوێستەم زۆر پێ ناخۆش بوو توانجم لێدەدان ئەوانیش ئەیانوت ماوەیەك ئەڕۆین و پاشان دەگەڕێینەوە، ئیتر کۆششەکەی من بێ سود بوو، لەوکاتانەی بەهەزاران کەس لەبەردەم (تەجنید)ی هەڵەبجە لەسەر جادەی عەنەب کۆبونەوە پۆلیسێك بدارێکەوە هەمویانی راپێچ دەکرد بۆ ناو زیلی عەسکەری، ئەم دیمەنە ئازاری زۆر ئەدام و کاک (عبدالخالق هەورامی)م بینی پێم ووت.. کاک عبدالخالق بۆچی قسە بۆ ئەو خەڵکە ناکەن تانەبنە سەربازو لەبری ئەوە شۆڕش دەست پێ بکاتەوە، کاک عبدالخالق یش سەیرێکی ئە ولاولای کردوو بەهێمنیەك ووتی.. نافەرموی بۆ ماڵەوە لەخزمەتتام، منیش وتم.. ماڵەوەی چی و من چی دەڵێم! بۆیە بەم وەڵام دانەوەیە کاک عبدالخالق وتی.. کاکە گیان من خواحافیز ئەڕۆم بەجێی هێشتم، بەڵام من دڵنیابوم لەکاک عبدالخالق وەدەمزانی ئەو سەرقاڵی رێکخستن بوو، بۆیە متمانەم پێی هەبوو ئەوەم لادرکاند، کاک عبدالخالق تێکۆشەرێکی دێرینی گەلەکەمانەو لەکۆتایی چلەکانەوە لەگەڵ پارتی بوو، لەدوای ساڵی 1964 لەگەڵ پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، بەدرێژایی ژیانی خەباتی خۆی چەندین لێپرسراوێتی جیاجیای بینیوە، وەپیاوێکی تێکۆشەرو لەخۆ بوردوی ناو شۆڕشە، ئێستا ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانە، ئەوە بوو برادەران رۆیشتن، لەپاشانیشدا چەند کۆبونەوەیەك کرا، لەهەڵەبجەو شوێنەکانی تریش، ئەو ماڵانەی کۆبونەوەکانی تیا ئەکرا ماڵی (کاک علی میرزا کریم) لەهەڵەبجەو لەماڵی (کاک حامید بەشارەتی) لەئەحمەد ئاوا، من تەواو سەبرم برابوو بریارم دا بەبێ ئاگاداری کۆمەڵە بچمە دەرەوە، هەر ئەوکاتیش بوو کاک حامید لەسەربازی هەڵهاتبوو چووم بۆلای بۆ گوندی (تەپی سەفا) لەوێ شاردوبیانەوە لەترسی گرتن، کەچوم بینیم وا لەژورێکی زۆر تاریکدایە لەماڵی کاک مارفی مام عوسمان دەست بەجێ بەتراکتۆرێك گواستمەوە بۆ گوندی (گولە خانە)و هێنام بۆ ماڵی خۆمان شاردمەوە لەو دەمەدا رۆژێك کاک حامید دەچێتە ناو پەڵەیەك گوڵە بەرۆژە تاکەس پێی نەزانێ، کات هاوین بوو جامانەیەکی لەمل ئاڵاندبوو، منداڵی گوند بینوبیان کەوتبونە دوای بەشێتە، شێتە راویان نابوو بەجۆرێك تا ئێوارە بە بەرەد بەدوایەوە بون ئەو منداڵانەش (محمد حاجی حسن و عمری حاجی عبدالله) بوو پیاوێك بەناوی حمە ئەمینی علی خەریکی ئاودانی زەراعەت بوو کاک حامید هاواری بۆ کرد بوو کەفریای کەوێ ئەویش مناڵەکانی لەکۆڵ کردبۆوە، ئیتر تەواو تامەزرۆی هەڵگیرسانەوەو بانگی شۆڕشی نوێ بوین، بریاردرا مەفرەزەکەمان دەست بەکاربێت و ئەمەش ببێتە سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمان .

رۆژی 1976/6/27 کۆبونەوەیەکمان سازادو بڕیاری چارەنوس سازی دەست لەملی شاخ و پێشمەرگایەتیمان دا لەپاش کۆبوونەوەکە ناوی نهێنی و جێگای دیاری کراوم لەلایەن کاک تۆفیقەوە بۆ دیاری کراو هەروەها ئاگاداری کاک علی شیعەیان بۆ هێنام ئەو رۆژە کاک عەلی شاوەیس و کاک حکمەتی‌مەلاعلی یا مەلاعارف لەماڵمان بوون کاک توفیقیش لەوێ بوو ئەوان دووسێ کادری کۆنی پارتی بوون هەندێ مناقەشەیان لەگەڵ کاک توفیق کرد ناوی نهێنیەکەمان (بەرد) بوو وەئاگاداری کاک حامیدیش کرابۆوە کەتازە گەڕابۆوە بۆ هەڵەبجە ، شەوی 26-1976/6/27 لەنزیك باخێك لای گوندی (تەپی سەفا) بەرەو روی (گردی گۆ) دا دەست نیشان کرابوو بۆیەك گرتنمان.. من ئەو ئێوارەیە دوا ماڵ ئاوایم لەماڵەوە کردو کاک رەووف خەلیفە سەعید بۆ بەڕێ

کردنم لەگەڵم هات چونکە بڕیار بوو ئەو دوای ئێمە بێت بۆ ئەوە خەڵك زۆر شك نەكات کەئێمە بەجارێك ڕۆیشتوین، من زۆرم بەلاوە ئاسایی بوو، بەڵام ئەندامانی خێزانەکەمان زۆر ناڕەحەت بوون و هەموویان دەگریان، پێشتر چەند جارێك بوو بەتەنیا جەولەم بۆ گوندەکانی لای خۆمان کردبوو بەڵام شەوانە دوای جەولەکان دەگەڕامەو، بەڵام ئەمجارە چونکە چونەکەم یەکجارەکیەو چارەنوس سازەو ڕەنگە دژواریش بێتە ڕێگام چونکە ڕێگای هات و نەهات بوو، کۆڵێك نان و ناوساجی و لەگەڵ پێداویستی تر بۆ ئامادەکردم، خەڵکی گوندەکەی خۆمان پێشتر کاك حامید یان لە ماڵی ئێمە بینی بوو هەستان بەشتێك کردبوو کەدەمانەوێ بڕەو بەشۆڕشێکی نوێ بدەین، هەردووکمان پێکەوە بەچەکەوە بەڕێ کەوتین بەرەو ئەو جێگایەی کەدیاریمان کردبوو، لەوێش زۆر ماینەوە کەسی لێ نەبوو چونکە برادەران ترسابوون هێشتا منیان نەدەناسی و نەك ئەمەش پیلان بێ بۆ کەشف بوونی ئەوان، بڕیاربوو کاك ڕەووف چەند ڕۆژێك بەدوای مندا پەیوندیمان پێوە بکات، من بۆ ئەوەی شکم لێ نەکەن ئەچمە دەرەوە لەئاواییا وام ڕاگەیاند، کە ئەچم بۆ بەغداو نەخۆشم نەشتەرگەری گورچیلەم ئەکەم، کاك (شێخ علی شێخ حسین) ئەو کات بەڕێوەبەری ناحیەی (خورماڵ) بوو بەویشم وتبوو کەگوایە نەخۆشم، هەروەها داوای دەراسەشم کردبوو بۆ دورینەوەی گەنمەکانمان ئەوە بوو بۆی جی بەجێ کردم، کاتێك من لەشارەزوور چەکی پێشمەرگایەتیم لەشان بوو، دەراسەکان دروێنەیان ئەکرد بۆمان، کاك ڕەووف دوای ئێمە بە (11) ڕۆژ گەڕایەوە لامان جێگاکەشمان (هەرمێلە)ی سورێن لای (بانی شار)بوو، دوای گەڕانەوەی کاك ڕەووف بەیەك کاتژمێر کاك(شەوکەتی حاجی مشیر) گەیشتە جێگای دیاری کراو کاك حامیدیش بەدوای کاك شێخ علی و ئەواندا گەڕانەوە بەرەو هەڵەبجە، من و کاك شەوکەت هەر لەوێ بووین، ڕۆژ بۆوە بەوگەرمایە بەجل و بەرگی خاکیەوە، یەکی دوو دەست جلمان لەبەر کردبوو وامان دانا ئیتر نەچینەوە ئاوایی، بەکاك شەوکەتم ووت.. ئێمە خۆمان گورگە کردووە (گورکە) مانای گورگێك ئەگەر کەتنێکی نابێتەوە بییەوێ خۆی بپارێزێ خۆی لەگۆشەیەك حەشارئەدات، بۆیە وابڕیامان دا هەر بەوشێوەیە نەمێنینەوە بەڵکو خۆمان بگەیەنینە سەرجادە لەوێ چەکەکانمان شاردەوە لەچاخانەکەی زەڵم هەندێ نان و سەمون و ساردی بخۆین،چوینە چاخانەکەی (فەتاح) بۆ نیوەڕۆش داوەتی ماڵی کاك (عبدول حاجی عبداللە) لەگوندی (تەپە سەرقولە) بووین تائێوارە لەوێ ماینەوە پاشانیش گەڕاینەوە بۆ گوندی (کوڵکنی فەقێ کەرەم) هەر سەر لەبەیانی ڕۆیشتین بۆ سەرجادە لای گوندی کوڵکنی فەقێ کەرەم بۆ گردی گۆ، لەڕێگای ئۆتۆمبیلێکی سەربازی بەلاماندا تێپەڕی، کاك شەوکەت ووتی.. ئەگەر ئەزانن ئێمە ئێستا بەچییەوە سەرقاڵین و خەریکی چین.. کاك شەوکەت لەدوای منەوە بوو ئاورم دایەوە بینیم پێدەکەنێ، ووتم چیە بۆ پێدەکەنی، ووتی پشتت هەمووی چەوریەو ڕۆنی ناوساجی پیا ڕژاوە، منیش سەیری ئەوم کردو پێم ووت براگیان تۆیش وەکو منت لێهاتووە خەمت نەبێ، هەندێك خەڵکی تەپی سەفاو کوڵکنی ووتیان ئەمانە چیە بەسەریانەوە ئێمە دەمانویست نمان ناسن، بەڵام باش بوو نەیانناسین، کەیەکێکیان ووتی سەیری ئەمانە دەکەیت دەڵێت (مەلا مستەفا) ماوە...، کات ژمێر (10)ی شەوی 27–6/28 گەیشتینە جێگای دیاری کراو وادیاربوو برادەرانی ترمان چوبونە (عەنەب) لەهەڵەبجە بۆ ماڵی خوشکی کاك (شێخ علی) لەوێشەوە بۆ گوندی (تەپی سەفا) نەیانتوانی بوو بگەنە لامان بەناچاری لەگەوەرێکی ماڵی (مەلا مارف گامێش تەپەیی) یان ماڵی کاك (محمد عوسمان) بوو لەگوندی تەپی سەفا خۆیان شاردبۆوە ئیتر کێچ و گەرما گاڵەی پێ کردبوون، کاتێکیش بەڕێ کەوتبوون بەناو ڕانەمەڕی کوێخای گونددا هاتبوون، کاك (عبدول محمد) شوانی ماڵی کاك (شێخ نجم الدین) بوو کردبووی بەهەرا بەسەریانداو ئەوانیش ڕایان کردبوو زۆریان بۆ هاتبو، دکتۆر ڕەزایش نەیدەتوانی ڕابکا، بۆیە بە دەمانچە دوو فیشەکی تەقاند بوو بەسەریاندا بۆ ئەوەی وازیان لێ بهێنن،

هەرکە گەیشتنە لامان لەجیاتی مەرحەبا کاك شەوکەت پێ ووت.. ئەو تەقانەتان بۆ کرد؟ شێخ علی ووتی.. ئاشکرا ببوینو دوامان کەوتن ئێمەیش ناچار بۆ ئەوەی وازمان لێ بێنن تەقەمان کرد،دکتۆر رەزا ووتی.. ناچاربووین بۆ ئەوەی نەمانگرن، کاك شەوکەت بەتوڕەییەوە ووتی..ئێوە لە گوندەکەی ئێمە تەقەدەکەن، بۆ رۆژی دوایی تر رژێم دێت هەموویان لەسێدارە دەدات هەروەها کاك شەوکەت وتی ئێوە دەڕۆنە ناو دێ بەمن بڵێن چونکە من شاەزام بۆ لەخۆتانەوە دەڕۆن، ئەوکاتەش وابوو دووفیشەکیان بگرتایە سزاکەی (20) ساڵ زیندانی بوو، ئیتر ئەوان لەسەر ئەو تەقانە بوو بەشەڕیان، کاك شەوکەت دەستی دایە چەك چووە گیانی کاك شێخ عەلی، من تا ئەو دەمە باشم نەئەناسین تەنیا لەرێگای رێکخستنەوە نەبێت، ئێمە ئەو کاتە بریتی بووبن لە (کاك حامیدو کاك شێخ عەلیو کاك عەلی شیعەو دکتۆر رەزاو کاك تۆفیقو کاك شەوکەتو من)بوین واتە (7) کەس، چوین بۆلای پردی زەڵم پاشان بۆ گوڵەخانە لەبەردەم ماڵی ئێمەدا لەناو باخەکەمان دانیشتین، منیش ئەوەی پێویستمان بوو هێنام، کاك عەلی شیعە ووتی.. ئێرە چەکی تیا شاردراوەتەوە، راستی دەکرد پێشتر من هەندێ چەکم تیا شاردبۆوە، شەویش بوو باش یەکمان نەدەناسیەوە، برادەران وتیان بچینە کوێ؟ منیش ووتم خەڵکی ئەم ناوە دەناسمو ئەگەر بشزانن من لێرەم ئیخباری ناکەن، رۆژی 1977/6/28 گەیشتینە سیانی هەموویان پێیان لەناوپیلاوەکانە تلۆقەی کردبوو برینداررببون، بەتایبەتی کاك حامید، بەهەرحاڵ بوو گەیاندمانە سیانیو لەنێوان گوندی (عامورەو بانی شارو میری سور)دا، سورێن چیایەکی بەرزو سەختە لەهەندێ جێگاوە (2700)م لەدەریاوە بەرزە، لەئاوی ئەحمەد ئاواو زەڵم چیای هەورامانوسورێن لەیەك جیادەکاتەوە، دامێنی سورێن و هەورامان وشارەزوورو بۆلای پێنجوێنو دۆڵی رەشانو بوزانو کانی مانگا، سورێن کۆتایی پێ دێنێ، لەنێوان توتمانو تازەدێو کانی سێفیدا، چیای سورێن هەندێ جێگای دارستانەو هەندێ جێگای زۆر سەختە داری لێ ناڕوێت، گوندەکانی ناوچیاو دامێنی سورێن بریتین لەم گوندانە (ئیلان پێ، شیرەمەڕ، بانی شار، عامورە، میری سوور، گەچێنە، دەرەگەلان، چنارە، کانی ئاسکان، ریشێن، نەوێ، بانی بنۆك، جۆمەرەسی، بورێ دەری سەروو، بۆری دەری خوارو، سیامێوە) (کە سیامێوە کە 900ساڵ گوندەو پایتەختی میرنشینی ئەردەڵانیەکان بووە، یان خورماڵ بووە، خورماڵیش لەنێوان چیای سورێنو هەورامان دایە، کۆنترین ناحیەی ناوچەکەیە، ناوی کۆنی گوڵ عەنبەر) بووە پێش هەڵەبجەش خورماڵ قەزا بووە، بەردەبەلی سەرو، بەردەبەلی خوارو، تازەدێ، قاینجە، وڵەسمت، ئوج تەپە، بەرکە ورگان، بەرکە ورگان سەربازگەیەکی گەورەی لێ بووسالی 1987 دەستمان بەسەردا گرت)، خرنوك، زەنگە سەر، توتاڤچ، کۆلیتانی سەروو، کۆلیتانی خوارو، چەوتان(برنجی ئەم دێیە بەناوبانگە)، تەراتەوەن، توتمانی سەرون توتمانی خواوو، تازەدێی کانی سێف، کوری گەپڵە، سێ ماڵە، کانی سپیلکەی دۆڵە سوور، کورەمیو، کانی سێفی لای توتمان، ) ئەوگوندانەش زۆری لەسەر بەخێو کردنی ئاژەڵو چنینی مازوو ولاغ داری دەژین، کشتوکاڵو دانەێڵەی گەنم جۆ دەکەن، هەروەها نیسكو نۆكوگەنمە شامی بە بەرهەم دەهێنن، جگە لەتوتن ومەرەزەولۆکەو باخی رەزو...هتد، سەرچاوەی ئاوی باشو کانیاو هەیە، لەزستان بەفروبارانی زۆر دەبارێ، بەزۆری لەزۆر جێگای سورێن بەفری تازەی لێ دەبارێتەوە وتا بەفری ساڵی پێشوو دەمێنێتەوە، لەکاتی کۆندا سود لەچاڵە بەفرەکان وەرگیراوە کەئەو کاتانە لەهاویندا پێویستیان پێ ی هەبووەو ساردی نەبووە، لە دامێنی دا ئاوی گەورەو ئاوی چەقانو چەوتانو دۆڵی عەرەب سواری لای سیامێوەو چەمی نەوێ و ئاوی گەورەی ریشێن کەدوو ئاونوسەرچاوەکەشی وەکو باسی ئەکەن لەزرێباری مەریوانەو لەگەڵ ئاوی شەڵمەوە یەك دەگرنەوەو لەریشێن دەبنەوە بەیەك، لەوەرزی زستاندا ئاوی شەڵم زۆر گەرمەو ئاوی ریشێن زۆر ساردە بەرادەیەك ماسی ریشێن ئەگەر هاتوچووە ئاوی شەڵمەوە کوێر دەبێت بەهۆی گەرمی ئاوەکە، جگە لەوەی

ماسیەکانی ئاوی شەڵم بەشێکی زۆریان لەبنەڕەتدا خۆیان کوێرن، هەرەوەها ئاوی ریشنێنیش دەرژێتە ناو ئاوی تـوی سـیردەکان، لەگـەل ئـاوی زەڵمـدا یـەك دەگرنـەوە، لەشـیرەمەڕیش سەرچـاوەی شـیرەمەڕ هەیـە کەسـودی لێ وەردەگیرێ بۆ کشتوکاڵ لەشارەزوور، لـەدوای ئـەوەش لەگـەڵ ئـاوی تانجـەرۆ یـەك دەگرێتـەوە پێیـان دەوت (دوو ئـاوان)لای دەشـتی عـرەوان لای شـەمێران یـان تەنگـەی (سـید محمـد) ئـەو ئـاوە بـەرەو سـیروان دەڕوات، پێکـەوە سیروانیان دروسـت کـردووە لەدەربەندیخانـەوە بۆجەلـەولاو حـەمرین‌و..هتـد بـەڵام ئێسـتا ئاوەکـە لەگـەڵ دروسـت بـوونی بەنـداوی (سـد) دەربەنـدیخان لەسـەدەکە دەمێنێتـەوە، هـەر بـەرەو سـیروان دەڕوا، لەزەڵمیـشەوە بەهـەمان شێوە دەچێتە ناو ئاوی دەربەندیخانەوەو دەشتی عارەوان، ئێمە کەچوینە (سیانی) یەکـەم کـەسمان بینـی نـاوی (فەرەج سعید) کوێخای بانی شار بوو، پیـاوێکی ناسـراوی ئـەو ناوەیـە هـەروەها چـەندین شـوانی مـەڕو مـاڵات‌و کەسانی ترمان بینی، کاك فەرەج منی ناسی لەدوای هەرەس یەکـەم جـارە خـەڵکی کـورد بەچەکەوە دەبینـێ دژی رژێم، بۆیە واقی ورمابوو نەیدەزانی ئێمە بۆ لێرەین یـان ئـەم کۆمەڵـە خەڵکـە چـۆن یـەکیان گرتـووە، بێجگـە لـەمن کاك شەوکەت‌و کاك علی شیعەو کاك دکتۆر رەزاشـی ناسـی، ویـستی بچـێ نانمـان بـۆ بینـێ، پێمـان ووت هـەموو شـتێکمان پـێیـە، منـیش چـوومە لایـەوەو بەسـوکی پـێم ووت.. ئێمـە پێـشمەرگەین‌و شـۆڕش دەکەینـەوە، ئـەبێ ئێوەش هاوکاریمـان بکـەن، ئـەم قسانەی زۆر پـێ خـۆش بـوو، بـەڵام ترسیـشی هـەبوو، کـاك فـەرەج ووتـی.. ئێـوە لەکوێ ئەبن تا پێویستیتان بۆ بهێنم، منـیش ووتـم.. هـەر لـەم نـاوەوە تـا دەرەکـۆرەو هەرمێلـەو ئـەو دەووبـەرەین، کـەرۆژبۆوە مـن (شـێخ علـی)م بینـی، ئـەوانی کـەم دەناسـی، ئەوشـەوەش کەلەگوڵەخانـەوە هـاتین کـاك (رۆسـتەم حبیب) کەناومان نابوو (بورهان) لەگەڵمانـدا هـات‌و بـوین بـە (8)کـەس، ئەمانـە بـوین (علـی احمـد شـیعە کەبـەعلی شیعە ناسرابوو خۆی شیعە نەبوو، بۆیە وایان پـێ دەووت چونکە لەبنەڕەتدا ئێرانی بوو لەشۆڕشـی ئەیلولـەوە وا ناوی دەرکردبوو، (محمود عبدالرحمان) ناسراوبوو بە (خولە کەشکۆڵ) نازنـاوی شـێخ عـەلی بـوو، (سـعید سـوور) نازناوی دکتۆر رەزا بوو) (شـەوکەت حـاجی مشیر) نازنـاوی مـەلا نـوری بـوو، پێـشتریش هـەر ئـەو نـاوەی هـەبوو، (توفق رحیم) نازناوی کامەران بوو، (حامید حاجی خالید) نازناوی دلێـر بـوو، منـیش کـەناوی نهێنـیم عزیـز بـوو بۆیە هەر بەعزیز مایەوە، دوای (11) رۆژی تر کاك محمد صابریش گەیشتە لامان ناوی نرا حمـە جـزا، بۆیـە ئـەو شەوە سەرکەوتین بۆ (هەرمێلە) لەوێمانەوە تاسبەی ئێوارە، منالان‌و شوانی گوندەکە دەهاتن بـۆ لامـان، یـەکێ لەو منداڵانەی هەمیشە سـەری لێ دەدایـن خـەڵکی گونـدی بـانی شـاربوو نـاوی ئـەڵلا کـەرەم حمـە صـاڵح رۆسـتەم) بوو، وەبانی شار حەقیان بەسەر مانەوە بوو، تەنیا مەفرەزەیەکی پارتیزانی چەکداری لەسەرانسەری کوردستاندا لـەو کاتـەدا ئێمـەبووین کەدەسـت پێکـی شۆڕشـی تـازەو مەشـخەڵی داگیرسـاوی دژ بەتاریکـستانی زۆرداری رژێـم بوین، دەنگو باسمان بەناو ئەو خەڵکە تینوەدا بلاو دەبۆوە، خەڵك کەباسی ئێمەیان دەکرد هەریەکمانیان دەکرد بـە (10)کـەس‌و زیـاتر، هـەر لـە (هەرمێلـە)دوو کـەس بـەناوی مـەلاتوفیق‌و ئەحمـەد صـالح خورشیدقاچاغ چێتـی چەکیان دەکرد، بـەهۆی ناسـراوی منـەوە هاتنـە لامـان، سـەیریان کـردین‌و چـەکی ئـەوان باشـتر بـوو، مـن‌و کـاك شەوکەت‌و کاك شێخ علی کلاشینکۆفمان پـێ بوو، کاك علـی شـیعەو کـاك حامیـد برنـەویان پـێ بـوو، کـاك دکتـۆر رەزا دەمانچەیەکی پێ بوو، ئەمە هەموو چەکی ئێمە بوو، لەشـەوی 1976/6/30 (دەرەکـۆرە) لەناویانـدا هـەرمن شـارەزا بـووم ئـەویش بـەرۆژ نـەك بەشـەو، لـەدەرکۆرە چـوینە (سـڵتان) پاشـان چـوینە (مەریاوەکـە)و لەوناوەشـدا بیرمـان لەچـەك پەیـدا کـردن دەکـردەوە چـونکە رۆژانـە هـەواڵی خـەڵکیمان پـێ دەگەیـشت کـەداوایان دەکـرد بـبن بەپێشمەرگە، بـەڵام ئێمـە خۆمـان ئاشـکرا نـەدەکرد لەبەرئـەوەی نەچـەك هـەبوو نەپێداویـستی تـەواو بـوو، مـەلا توفیق‌و ئەحمەد هاتن بۆلامان چەند پرسیارێکیان لەمن کرد حەزیان دەکرد زانیاریان لەسەر شۆڕشی تازە هەبێ،

بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی هاوکاری دەرەوە، بەڵام تەنیا شتێك کەمن پێم وتن ئەوەبوو کەوتم.. مام جەلالیش لەگەڵ ئەم شۆڕشەیە، هەرچەندە برادەران ئەوشیان پێ ناخۆش بوو ناوی مام جەلال یان هەرکسێکی تر بهێنرێ، ووتیان ئەی دکتۆر چۆن پەیدا ئەکەن، وتمان.. ئەوە دکتۆرە، وتیان ئەوە سەعە سورە برین پێچە، ساڵی 1979یش کاتێ شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەرکەوتبوو، شێخ عوسمان نەقشبەندی، پیاوێکی باش بوو داوەتی کردین کەچوین بەرێکەوت دەروێشی لێ بوو، هەروها میوانی لوبنانی هەبوو، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ کاك سالارو برادەرانی ئێمە کردو یەکێك لەهەواڵ نێرەکان ووتی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرکردایەتی (جەلال تاڵەبانی) کاك سالاریش دەست بەجێ لەکابرا توڕوبوو شریتی کابرای شۆردەوە ، کاك ئەحمەدو مەلاتوفیق پرسیاریان زیاتر دەکرد دەربارەی دکتۆرو نەخۆشخانە پرسیارەکەشیان ئەوەبوو، سەعە سور موزەمیدە، ئەوە تەنیا بۆ برینداریکی سوك وەکو دەستو قاچ باشە، وتم.. وایە، پاشان ووتیان.. باشە ئەگەر گوللەیەك بەرسکی یەکێك یان شوێنێکی خەتەری گرت چی لێ دەکەن؟ ووتم.. ئەوە ئەگەر نەشمرێ‌خۆمان دەیکوژین بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر دەستی دوژمنو سودی لێ وەربگرن، ئەوان لەسەری پێ دایان بەسەری خۆیاندا، ناهەقیشیان نەبوو، ئێمەش چوینە (چنارە) لەوێوە بۆ (گەچێنە) لەپشتی (بانی بنۆك) تا ئەو دەمەش بانی بنۆك پۆلیسی تیابوو، بەڵام کەهەواڵی ئێمەیان بیست هەڵهاتبوون، بۆیان چۆڵ کردبوین، ئێوارەش چوینە بانی بنۆكو پاشان چوینە باخەکەی (حاجی محمد موراد) لەو رۆژانەدا کابرایەکی تەوێڵەیی بەناوی (علی مولود) هاتو پێش ئەوەی بگاتە جێ من نەم دەناسی برادەران زۆریان باس کردو بەشانو باڵایاندا هەڵدا، لە (7) کەسەکەی شۆڕشی ئەیلولەوە لەگەڵ (شێخ حمه ئەمین شێخ عبدالله)دا بووە، من یەك دووجار دیبوم پێشمەرگەی (شێخ سعیدی موفتی) بوو علی مولود لەشەڕو شتدا نەبوو ترسنۆك بوو، بەڵام برادەران ئەوەندەیان باس کرد، سۆزم جوڵبۆی، شەوی 10-11-/1976/7لەپشتی جۆمەرەسیەوە بەڕێ کەوتین بۆکانی حەفید لەڕێگا کاك حامید پەکی کەوت جێ ما منیش ناچار بەدیاریەوە مامەوە سێ جار تەڵاقی خوارد نەڕوات لەسەر بەردێکی گەورە دانیشت منیش هەرچی هەوڵم دا لەگەڵی فایدەی نەبوو وەجەماعەتیش منیان بەجێ هێشت بەرەو کانی حەفید بۆیە منیش بەرەو جەماعەت رۆیشتمو کاك حامیدم بەجێ هێشت دوای کەمێك کاك حامید بانگی منی کردو ئەویش هات لەسەرسورێنەوە چوینە کانی حەڤی لەوێ لەکانی حەڤی کاك کەریمی حاجی‌مرادمان توش بوو خەریکی کۆکردنەوەی لۆو گرزە بووهات بۆ لامان بۆ سەر ئاوەکە، نیازمان بوو لەنێوان کانی سێڤو تازەدێ‌دا کەمین دابنێین، هەندی چەکمان دەست بکەوێت، لەبنکەی پۆلیسی کانی سێڤ (کەریم حاجی مراد) هەتا بڵێیت خزمەت گوزارو باش بوو، لەسەر کانی حەڤی لەسورێن داینایین ئەو هەندێ شوێنی شارەزا کردینو ئەو جێگایانە پێیان دەوت (کۆڵیتی سەید عەتا) سەید عەتا ناوێك هەبووە لەکۆندا لەحکومەتی عێراقو ئێران قاچاخ بووە، پێیان وتون چەتە، هەروەها چەتەی خولە پیزەش ماوەیەك هەبوون، دژی حکومەتی بوون هەروەها ناوبانگی زۆریان هەبووەو حکومەتیان هەراسان کردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیو کوردایەتی نەبوون پێیان وتون چەتە، کام جێگاش سەختو دژوار بوایە لەوێ دەژیان، لەو ناوەوە بەدوربوین سەیری پۆلیسەکانمان ئەکرد ئێوارەبوو، من حەرەسیاتم دانا، ئێمە ئەو (8) کەسە بووین (شێخ عەلی) بەرپرسی یەکەمان بوو، لەڕوی سیاسی‌یەوە وەلەرووی عەسکەریەوە کاك علی شیعە بوو، دکتۆر رەزایش دوای ئەو بەرپرسمان بوو، کاك حامیدو کامەران بوو کاك علی شیعە فەرماندەی مەفرەزەی هەمووومان بوو لەرووی عەسکەریەوە، تەنیا ئەو بەرپرس بوو، هەموومان بەشێخ علی‌یشەوە هەر پێشمەرگە بووین، کەناوی حەرەسیاتم نوسی، علی مولودم یەکەم کەس دانا بۆ حەرەسی ئێوارە ئەو برادەرانە چەکیان نەئەدایە، ئەویش پێ‌ی ناخۆش بوو، حەرەسی بێ

چەك بێت ! بۆیە منیش چەكەكەی خۆمم دایەو لە دوای سەعاتێك بانگمان كرد نەبوو، دیاربوو هەڵهاتبوو، یەكەم كەس لەشۆڕشی نوێدا (علی مولود) بوو چەكی لەشۆڕش فڕاندو تەسلیم بەرژێم بۆوە، ئیتر ئێمەش ئەو چالاكیەی بەنیاز بوین بیكەین بۆمان نەكرا، چونكە ئەو كەڕۆیشتەوە خۆی تەسلیمی هەمان بنكەی پۆلیس كردەوەو بێگومان شكمان هەبوو كە تەسلیم بەومەركەزە بۆتەوەو هەواڵی داوە كەئێمە دەچینە سەریان یان كەمین دادەنێین بۆیان، بەنائومێدی گەڕاینەوە، شێخ عەلی چەكەكەی خۆی دا بەمن چونكە من لەسەر متمانەی ئەوان چەكەكەم دا بەعلی مولود، جگەلەوەی چەكمان بۆ نەگیراو لە (5-6) چەكە چەكێكمان تیا چوو، علی مولود بەچەكەكەوە خۆی تەسلیم بەرژێم كردەوە، گەڕاینەوە لای (جۆرەسی) پاشان بۆ لای چنارەو تاگەیشتینە دەرەكۆرە واتا یەكەم كەس كەخیانەتی لەشۆڕشی نوێ كرد چەكی بردەوە بۆ ڕژێم علی مولود بوو...، ڕۆژی 1976/7/17ئەمجارە بڕیارماندا خۆمان ئاشكرا بكەین، لەوكاتەوە كەعلی مولود وەبە هۆی ئەو خیانەتەوە كەكردبووی، بۆشەوی 17-18-/7/چوینەگوندی ڕیشێنو خەڵكی گوندەكەمان كۆكردەوەو شێخ علی قسەی بۆ كردنو بارودۆخی شۆڕشی بۆ باس كردن بەناوی كۆمەڵەوە یابەرەی ڕزگاری قسەمان دەكرد لەو دەمانەشدا یەكەم بڵاوكراوەی (الشرارە) كەبەدەستو خەت نوسرابوو باسی یەكێتی دەكرد گەیشتە دەستمان..، (علی مولود) خوشكەزای حاجی عەولی تەوێڵەیی بوو ئەو كەفیلی بوو، ئێمەش لەرێگای (محمد رشید گوڵیی)وە داوای پارەی چەكەكەمان كرد كە تائێستاش هەر (130)دیناری نەداینێ، پاشان چوینە گوندی مەلاوەیسەو لەگەڵ خەڵكی هەمان گوندیشدا كۆبونەوەمان سازدا من لەماڵی حاجی خالید بووم بەپەلە هێلكەو ڕۆنیان بۆ كردم یەك پارووم مابوو كاك حامید هاتو ووتی بۆ تۆ دانیشتوی نان ئەخۆی بەبرادەرانی ووت لەسەر ئەو هێلكەو ڕۆنە محاسەبەیان كردم، پاشان لەنزیك گوڵەخانە چوینە بێستانێكەوە زۆر دەمێك بو لەشوتیو سەوزە دابڕابوین، هەریەكەمان پەلاماری شوتیەكمان داو شێخ علی ووتی.. ها، چیە خۆ ئەمە شۆڕشی ئەیلول نیە ماڵی خەڵكی بخۆنو شوتی لێ مەكەنەوە بایەك شوتی بۆ هەموومان بێو ئەشبێ نرخەكەی كە (250)فلسە ئەبێ بدرێت بۆخاوەنەكەی بەجێ بهێڵن، بەڵام منیش ووتم.. پێویست ناكات چونكە ئەم شوێنە زراعەتی ئێمەیە، ئیتر نازانم پارەكەی بۆ بەجێ هێشت یان نا، من دوو شوتیم لەلایەك هەڵگرتو ئەوانیش سەرو شوتی چوینە لای چەمی زەڵم، لەرۆژانی 18-7/19بۆ زیاتر دەنگ دانەوەمان دەچوین بەو گوندیانەمان دەووت.. بڕۆن خەبەر بەرنو بەڕژێم بڵێن پێشمەرگە هاتووە، ئێوارەیەكیان چوینە (تەپە تۆڵكە)و خەڵكمان كۆكردەوە، ئەوەشەوەی سەرەی من بوو بۆ نان هەڵگرتن هەروەها دەبوایە سەگیشم ڕاونایە بۆ ئەوەی دەنگی سەگ وەڕ بێتو ئەو (8-9) كەسە بەزۆرتریان بزانیایە، ئەو ڕۆژە لەنێوان تەپەكوڕەو خێڵی حەمەدا بوین لەناوچاوگو ئاووتوركدا، ئافرەت هاتبون بۆ گەڵامێو كردنەوە، شەو مێشولە زۆری ئەزێت داین، ئافرەتەكان چوبونە سەردارەكەو بەردیان دەگرتە توركەكە كەئێمە لەژێریا خۆمان حەشاردابوو، شەوەكەشی هورەو مێشولە زۆری ئازاردابوین، دەستم بەدەمو چاومدا دەهێنا دەبو بەخوێن، لەبەر مێشولە جەماعەت خەویان لێ نەكوتبوو بەیانیش ئافرتەكانو منداڵەكان ڕێگایان نەدەدا بخەوین، ئیشی ئێمەش وابوو دەبو بەرۆژ پشوو بدەینو بەشەو بەپیادە بگەڕێین شەو بڕیارمان دابوو كەدەبێ تەپە كوڕەو خێڵی حمەو دەرەشیشی خوارو زەمەقی سەرو هەموی بگەڕێین و خەڵكی ئەو گوندانە كۆبكەینەوەو قسەیان بۆ بكەین، خۆشمان دوور بخەینەوە بۆ ئەوەی دوژمن پێمان نەزانێ، ئەو نانەی من هەڵم گرتبوو مولكی هەمومان بوو بۆیە بەتەنیا بۆ كەس نەبو بیخوا دەبوایە خۆمان واپیشان بدەین زۆرین بۆ ئەمەش بێجگە لەسەگ ڕاونان لەماڵان بەسەتڵو جام ئاومان دەهێناو دەمانوت بۆ برادەرانمانەو دەمانبردو لەدەرەوە دەمانڕشت، سەتڵەكانمان دەبردەوە بەخاڵیو سوپاسمان دەكردن یان نانی (5-6)گوندمان كۆكردەوەو بەشی

(7–8)کەسمان هەڵدەگرت و پاشماوەکەیمان لەجێگایەکی تر دەشاردەوە، یان لەڕێگا دەرۆیشتین بۆ شێواندنی دوژمن زۆر جار پێڵاوەکانمان بەپشتا دەئەنا بۆ ئەوەی وا بزانن بەپێچەوانەوە رۆیشتوین یا شوێن پێکەمان دیار بوایە بەگەڵادار جێگای خۆمان تێك ئەدا بۆئەوەی شوێن پێمان هەڵنەکەن، لەسەر مەسەلەی شۆڕشیش قسەمان بۆ دەکردن و باسمان لەهەڵەکانی شۆڕشی ئەیلول دەکرد، خەڵکەکە نائومێد ببون لەگەڵ رژێم پەیوەندی دەبەست، تا سێ جار ئاگادار دەکرایەوە بەردەوام بوایە دەکوژرا، خەڵکەکە نائومێد بوبون بەڵام ئەوەندەیان حەز دەکرد پێشمەرگە دروست بۆتەوە لەخۆشیا ئاو لەچاویان دەهات، بەڵام کارەساتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول وا رەنگی دابۆوە ئەو خەڵکە بەچاوێکی نائومێدیەوە سەیری هەوڵەکانیان دەکردو دەیانوت.. ئێمە هەر لەگەڵ حکومەتین و (مەلا مستەفا) هیچی بۆ نەکرا تازە کورد هیچ بەهیچ ناکات حکومەت خوای سەر زەمینە، لەپاش هەر کۆوبنەوەیەك لەگەڵ خەڵکی لادێکاندا خۆمان داوامان دەکرد لێیان کەبچن هەواڵ بەرن بۆ رژێم، کوێخاکان و (جمعیە فلاحیە) کۆمەڵەی جوتیاران ئەوان پەیوەندیان بەرژێمەوە هەبوو، ئەوان بەپەلە خۆیان دەگەیاندە نزیکترین خاڵی دوژمن بۆ ئەوەی ئیخباری ئێمە بکەن، جارێکیان لەگوندێك بەکوێخایەکم ووت.. برۆ هەواڵ بەرە بڵێ پێشمەرگە لێرە بووە زۆر بەپەلە بو ووتی هەر ئێستا برۆم.. ئیتر لەپەلە پەلدا پێڵاوەکانی منی لەپێ کردبوو، کە منیش پێلاوەکانی ئەوم لەپێ کرد بەپێمەوە نەدەچوو، پێڵاویش یەکیك بوو لەکێشەکانم کەبەپێمانی نەدەکرد، کوڕێك تەنزیمان بوو لەگوندی دەرەشیش ناوی (فرج گۆج) بوو وابزانم دوای بووبەپێشمەرگەو شەهید بوو، هەروەها کاك محمد حاجی صابرمان لەگەڵ دا بوو لەگەڵ کاك رەووف ، لەزەمەقی سەرو کوڕێکی لێ بوو ناوی (فەیزوڵڵا) بوو پەیوەندی لەگەڵ رژێم هەبوو، ئەویشمان ئامۆژگاری کرد، وادیاربوو دێیەکە لەیەك دڵنیا نەبوون خەڵکی گوندەکە دەترسان نزیك هەڵەبجە بوینەوەو چوینە ناو هەندێ تەماتە لەحمەوەغان وتم.. باهەندێ تەماتە بهێنم بەڵام برادەران وتیان نابێ هەرچۆنێك بێت هەندێ تەماتەم هێنا چونکە من بەرۆژوبوم و هیچمان پێ نەبوو، بەرێ کەوتین عەلی شیعە ووتی.. لەزەمەقی سەرەوە وەبۆ پریس لەنزیك هەسەن ئاواوەوە وتی هاورێ کامەران بکەوە پێشەوە تۆ شارەزای بامن تۆزێ بخەوم، کاك کامەرانیش وتی بۆمن فارغۆنی قیتارم جاکاك علی یەکێك لەپێشەوەی بوایە ئەو لەدوایەوە لەڕێگا لای نەئەداو بەدوایدا دەرۆیشت و بەپێوە پرخەی خەوی بوو یەك سەعات لەڕێگا خەوتبو خەبەری بۆوە کەوتە پێشەوە، چوینە پریسی سەروو شێخ علی و کاك حامید مانەوە لەماڵی محمد رشید دەوێش عبداللە لەپریس ئێمە بەرێکەوتین لەکانی حەملی نزیك هانە سوورە مەتارەکانمان پڕ کرد لەئاو چووین (3–4) سەعات بۆ کانی مسەلیە لەلای بلانبۆ، رۆژ گەیشتینە کانیەکە بەڵام وشکی کردبوو دڵۆپ دڵۆپ ئاو ئەهاتە خوارەوە، کاك رەووف کەچاوی بەئاوەکە کەوت ئیتر تەواو پەکی کەوتبو بەکاك محمد حاجی صابرم ووت.. ئەی تۆ وەزعت چۆنە ووتی.. ئەوەی تەلاقی بێت لەئێستاوە پەشیمانم، کاك محمد حاجی صابر من بومە هۆی چونە دەرەوەی دەنا نەئەهاتە دەرەوە، بەڵام من ئەوەندە لای خەڵکی ناوچەکە باسم کردبوو کەئەویشمان لەگەڵدایە، ئیتر بەناچاری بەشێکی لەبەر خاتری کورد، بەشێکی لەبەرخاتری ئێمەوبەشێکی لەترسی ئەوەی نەوەکو ئاشکرابێت هەرهەموومان حەزمان ئەکرد کەکاك محمد بێتە دەرەوە، چونکە لەرێکخستن توانای هەیەو خەڵکی ناوچەکە سقەیان پێی هەبوو کەسێکی بەتواناو قسەخۆش بوو هەمیشە لەگەڵ هەموو برادەران تەبابوو هەموو کات پێکەوە بووین، رۆژی 1976/7/24 لەناو دەوەنەکان جێگامان بۆ خۆمان چاك کردو قوتویەکی گۆشتی بەتاڵمان دۆزیەوە خستمانە بەر دڵۆپەکە هەندێك کاروانچی هاتن لەئاوەکەیان خوادرەوەو کەچی قوتوەکەشیان فریدایە لایەکەوە نزیك بونەوەو یەکێکیان ووتی.. ئەرێ پێشتر وەکو بڵێت کۆمەڵە کەسێك هاتبێتن بۆ ئێرە،( ئەیژن جەماعەت پەیدا بوگە سۆ لای سورێن)، یەکێکیان وتی هاکە لەم ناوەش سەریان هەڵدا،

مـن و تۆفیـق نزیکـی یـەك بـووین لـەناو دەونەکانـەوە توفیـق وتـی لەبەرئـەوەی قسەی کـابرا بێتـەدی ئێـستا هەڵدەستمەوەو خۆم ئاشکرا ئەکەم، ئەوە بوو قسەی هەرزەکارانەیان زۆرکرد باسی کچێکیان کرد لـەگردەناوێ لای مۆردین کەوتیان دوو حەفتەیە شویی کردووەو ناوی نەفیە بوو ئێمە لەژێر گلاخۆمان شاردبۆوە، شەویش بەرەو کانی حەمل لای هانەسورە گەڕاینەوە کوڕێك بەناوی (نورەدین) هەندێك ناوساجی و نانی بۆ هێنـاین بۆ سەرشاخ و ئەوەش هاوکاریەکی باش بوو خەڵکی پریس بوو، لەوێوە گەڕاینەوە بۆ لای چەمی زەڵم و تەپە تۆڵکەو بۆ بەیانیەکەشی (حمە کریم)ناوێك نانی بۆ هێنـاین، بۆ رۆژی 1976/7/26 و بۆیـەك مـانگ دەبـوو فرۆکـەی هـەلی کۆپتەر بەئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوە پۆل پۆل، گەڕاینـەوە شارەزوورو فریا نەکەوتین چووینە گورگەچیا لەماڵی کاك احمد مستەفا، چونکە فرۆکەکانی رژێم بەزۆری لەسەر کانیەکانی رەنگین و هانە ئەحمەدو هەرمێلـەی قەویلەو زۆر جاریش لەچەمەکان و گوندەکان، بەڵام ئێمە ئەوەندە بەرێگاوە دەرۆیشتین ئەوان نەدەگەیشتنە ئێمە یا لەجێگایەك دەماینەوە کەگومانی تێدا نەبێ و دوژمن هەستمان پێ نەکات، شەوی 27–1976/7/28 چووینە پردی زەڵم و لەوێشەوە بۆ تەپە زێرینـە، خەڵکمان کۆکردەوەو قسەمان بۆ کردن، سـەرەی منیش بوو بۆ سـەگ راونان و گەڕان بەناو دێ دا هەر جارەی لەکۆڵانێکەوە دەرۆیشتم جارێك بەشـەلە شـەل و جارێکی تـر بەئاسایی و جارێکیش بەکۆڵەپشتەوە بۆ ئەوەی هەرجارەی بەیەکێکم بزانن و قەرەباڵغی دروست ببێ، گەڕامەوە سەرجادەکەو لای دوکانی حاجی صالح و کاك توفیق یش هاتـە لای مـن، شێخ علی قسەی بۆ جەماوەری گوندەکـە دەکـرد، لەتەواوبونـدا بـوو ئۆتۆمبیلێك هـات و سەرنشینەکانی تەسجیلیان لێ دەداو گوێیـان لـەگۆرانی دەگـرت، ئێمـەش وامـان دەزانـی ئەمانـە بـۆ گەشـت و گـوزار هـاتون لەئەحمـەد ئـاواوە لەسـەر خـۆ دەهـاتن، منـیش لەچاڵیکدا بـووم بەتەنیشت جادەقیرەکەوە، کاك تۆفیق لەناو بەرمیلەکانی ئەو ناوەبوو کەنزیك بونەوە من نیازم نـەبوو تەقـەیان لێ بکەین و وتم بابڕۆن، کاك علی شیعە بەمنی ووت دەچمە ئەو دوکانە بۆ جگەرە کڕین و ئێستا دێمەوە لـەو کاتـەی چوەلای دوکانەکـە کـەلایتی ئۆتمبیلەکـە ئێـی داو چەکەکەیـشانی دەرکـەوت ئۆتۆمبیلەکـەش بەپەلـە وەسـتاو لەبەردەمی مندا شۆفێرەکەی دەرگاکەی کردەوەو ووتی ئەو زەلامە چەکی پێ بوو، ئۆتۆمبیلەکە موسەلەحە بوو رەشاش برینێکی لەسەر بوو، شوفێرەکەی پێیەکی لەسەر ئەرزوو پێیەکی لەناو ئۆتۆمبیلەکە بوو وا بزانم نـاوی نەوزادبوو من دەستم کرد بەتەقەکرن لێیان لایتی ئۆتۆمبیلەکەو هەردوو تایەی لای سائیق بەرکـەوتن بەرەشاش برێنێکەیـشەوە لای پـشتەوەلای سـائیق بەرکـەوت مـن هەرسـی فیـشەکەکەم دا لەسـەیارەکە ئینجـا مـەخزەنی تفەنگەکەم گۆڕی، ئەوان ئوتومبیلەکەیان ئیش پێکردو لەسەر ویل رۆیشتن، 100 مـەتر زیـاتر دوور کەوتنـەوە کـاك توفیـق هەنـدێ تەقـەی لێکـردو منـیش مـەخزەنێکی تـرم پێوەنـاو دوور کەوتنـەوە (2)کیلۆمـەتر زیـاتر.. وادیاربوو بریندارو کوژراویان هەبوو ئەوەش یەکەم فیشەکی پێشمەرگەی‌شۆڕشی نوێ بوو لەدژی رژێمی عێراق تەقێنرابوو، خەڵکی ئەوناوەش زۆر ترسان ئێمـەش بەرەو گردی قازی دەپەڕینەوە لەسەرجادەی قیر کاك عـەلی شیعە وتـی پەلـە بکەن و زوو بڕۆین و مەوەستن، دکتۆر رەزا تەمەڵ بوو ووتـی: لـە ناوەڕاستی جادەی قیرەکـەدا چوارمشقی دانیشت و وتـی، مـن نایـەم هەرچـی هەوڵمانـدا لەگـەڵیا سـوودی نـەبوو دەیـوت ئێـوە پەلـە دەکـەن بابکوژرێم ووتمان کاك عەلی.. کاك دکتۆر رەزا نایـەت و ئەڵێت من سینم کردەوە (سین کردن بۆ ماین و هێستر بەکار دێت واتا مانی گرتووە) بۆ رێگاکردن ئەگەر نا ئەڵێ ناتوانم.. کاك عەلی وتی دکتۆر رەزا ئەوە چیە وتـی سینم کردووە.. وتی ئێمە بەدیار تۆوە دانیشین هەموو ئەکوژرێین سوێندی خواردوو هـەر ئێستا لەپێشەوەش رانەکەیت دەتکوژین و ئێمەش بۆی دەردەچین، بەهەرحاڵ هەڵمانسان و رای کرد لەپێشمانەوە تا چووینە (گێڵەك) ئەوشەوە کاك شەوکەتمان لەگەڵ نەبوو چونکە ئێوارەکەی لەبەشارەتی سەروو لـەماڵی کاك حمە تاهیربوو نان و

شتی بۆهێنابوین بۆ جێگا خەرمانێك بۆ خواروی گوندەکە لەگەڵ سێ چوار کاڵەکی چاك کەئێستاش لەبیرمە..
کاك شەوکەت هاتو بانگی کردم وتی هەندێ ئیشی تایبەتیم هەیە وتی لەناو هەموویانە تەنها سیقەم بە تۆهەیە بەراستی من ئەو وەزعەم پێ ناکرێ تەحەمولم نەماوەو من ئەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە ئەگەر حکومەت پێ ی نەزانیم ئەچمەوە سەر ئیشو کاری خۆم وەئەگەر حکومەوتیش پێ زانیبوم ئەوە تۆ بنێرە بەدوامە من دێمەوە، منیش پێم ناخۆش بوو کاك شەوکەت بەجێمان بێڵێتو بڕواتەوە بۆیە لای برادەرانیتر بەناوی ئیجازەوە داوای کردبوو کەبڕواتەوە سەردانی ماڵەوە بکات بەڵام هەر ئەو دوور کەوتەوە شێخ عەلی بەمنی وت بەخوا شەوکەت تەسلیم ئەبێتەوە لەکۆڵمان بێتەوە باشە تا زەرەرێکی لێ نەداوین..دوایی چوینە گێڵەك نانمان لەگەڵ خۆمان برد دوایی چوینە شیرەمەڕ گوندەکەمان کۆکردەوەو دوایی شێخ علی قسەی بۆ کردن، خەڵکی شیرەمەڕ زۆریان سەر بە حزبی شیوعی بوون ئەو کاتەش شیوعیش لەگەڵ عێراق جەبهەی هەبوو بۆیە خەبەرەکان زوو ئەگەیشتە عێراق لای ئەوانەوە.. بۆیە لای ئەوان ئەمانوت وەڵا کاك شەوکەتی حاجی مشیرمان لەگەڵدایەو ئیجازەیە بۆ ئەوەی خەبەرەکە زووبگاتە حکومەت بۆ رۆژی دوایی دوو مسەلەحە شورتەی بۆ دەرچوو بەفەلاکەت دەربازبوو ئیتر ئەو محاوەلەی ئەکرد بگاتەوەلای ئێمە.. دوای (9)رۆژ ناردم بەدوایدا براهیم نارد، بەڵام کاك شێخ علیو برادەران وتیان وازی لێ بێنە با زۆر هیلاك بێتو نەیەتەوە، ئەو شەوە فەتاحی حاجی علی محمد (600) فیشەکی بڕنەوی داینێو پێشتریش کاك شێخ عارفی تاوێرەیی (500) فیشەکی روسی دابوینێ.. بەڵام من لای برادەران باسم نەکرد کەکاك شەوکەت بۆ تەسلیم بونەوە رۆیشتووە.. کەهاتەوە لە (هەرمێلە)ی‌بانی شاربوین لەیەکەم بەیاننامەی ئەو کاتەشدا نووسراوە یەکەم تەقەی شۆڕشی نوێ یا شۆڕش حوزەیرانی 1976 بوو لەشەوی 27–1976/7/28 لەنێوان سەید صادقو هەڵەبجە لای تەپەرێزینە کرا، دوای ئەوەی زیاتر دوژمن بەدوایدا دەگەراو رۆیشتنە لای (دەرەی مەڕ)و (سەرگەت)و ئەو ناوە لەدەرەی مەڕ ئەحمەدکوێخا رەحیم زۆر منال بوو لەرۆژی جەژن هاتە لامانو خۆراكو چێشتی بۆدەهێناینو هەموو کات سەری لێ ئەدداینو لای ئاژەڵ بوو ئەو زۆری خزمەت کردینو ماڵی کوێخا رەحیم ئەویش درێغیان نەکرد.

مانگی هەشت بوو رۆژێکیان لەو کاتەدا هەندێك ناونیشانیان بۆ ناردبووین کەچەند مەفرەزەیەکی تر پێك هێنراون لەناوچەکانی تر ناوێ نهێنیان (قامشلیو دیاربەکرو نەوڕۆز...هتد) بوو لەوانەش کاك ئەنوەری مەجید سوڵتانو جەماڵی عەلیباپیر.. احمد فتح الله بزووتنەوە بوو.. شیروان شێروەندیو کاك تاهیری حاجی عزیزو مامۆستا عمری ئاوەکەڵە دوایش کاك محمد موریاسیو کاك رەوف بەگو کاك رۆستەم مستەفا بەگو لەقەرەداغ کاك ئازادی سەگرمەو (محمد غریب)و کاك گۆران تلەزەیتیو کاك ئاواتو کاك سیروانو سالار جافو چەندینی تر، ئەمانە مەفرەزەیان بوو، ئێمەش پەیتاپەیتا پتر دەبووینو خەڵکانی تر پەیوەندیان پێوەدەکردین دەبوون بەپێشمەرگە.. هەر لەوکاتانەشدا ئێمە دەمانویست هەرچی مەڕو شتی رژێم هەبوو دەستیان بەسەرا بگرینو هەوڵماندا بەڵام کاك شێخ عەلی رێگای پێ نەدەداینو ئەیوت ئەوانە ماڵی شۆڕشەو دوایی بۆ خۆمان ئەبێت کەشەوی واهەبوو دەیان کیلۆمەتر بەرێگا ئەرۆیشتینوشوێن پێیەکمان نەبو لەکوردستاندا.. تا لە ئاکامیشدا مەفرەزەیەك لەکاك حامیدو کاك شەوکەتو کاك شێخ علیو چەند پێشمەرگە چوونە لای (هاوارو تەوێڵە) کاك عەلی شیعە فەرماندەی مەفرەزە بوو منیش لە مانگی (9)دابووم بە جێگری کاك علی بەڵام نەیاندەوێرا ئاشکرای بکەنو ئەوا رۆیشتن ئێمەش دەستمان کرد بەسووتاندنی کتێبە عەرەبیەکانی قوتابخانەکان لەگوندەکانی ئەوانیش دا سەپێنرابوون بەسەریاندا کە بەعەرەبی بخوێنن.. پاشان چووین خۆمان زۆر نەبووین هەندێکیشمان لەگەڵ خۆمان برد لەوانە کاك عومەر حاجی فتاحو کاك محمد حاجی صاڵح گەچێنەو محمد علی قادر قاینجە..

چووینە گردە نازیێ (600) سەر مەڕمان هێناو ئەو شەوە بردمانە ئەشکەوتی هەوارامیو هەموو بیناکانی گردەنازیێشمان سوتاند، ناردمان کاك عمری حاجی حمە کەوەی سیانو هات.. هەرسەرە مەڕی بە (10) دینار بۆ فرۆشتینو سەرجەمیان (6) هەزار دینار کە ئەو دەم زۆر زۆر بوو ئەم پارەیە بۆ شۆڕش هەر لەوێدا نزیکەی 20 پارچە چەکی هەمە جۆرمان پێ کڕی تا ئەوکاتەش چەك هەرزان بوو یەك کلاشینکۆف بە (80) دینار بوو، بڕنەوێکی تازە بە (45) دینار، دەمانچەیەکی چواردەخۆر بە (60)دینار.. جگەلەوەی یارمەتی پێشمەرگەکانو ئەو خەڵکەش لەگەڵمان بوون دامان بەو شێوەیەش پێشمەرگە هەر لەزیادبوون بوو.. کەئەم چالاکییەمان کردبوو برادەرانمان لەهەورامان پێیان زانیبوو بەڵام ئەوان هیچیان بۆ نەکرابوو تا ئەو کاتەش بۆیە بە پەلە گەڕانەوە بۆلای ئێمە لەڕێگاش چەند کەسێکیان لەگەڵ خۆیان هێنا کەئێمە چەکداریان بکەین تا ئەوانیش گەیشتن من کرام بەفەرماندەی مەفرەزە جگەلە مەفەرزەکەی کاك علی نزیکەی 30پیشمەرگە (حمەکۆڵنەدەرو خالید حاجی محمد)یش هاتبوونە دەرەوە.. لەگەڕانەوەدا لە قاینجە لەماڵی محمد رشید حاجی سعید کە پێش تریش لەگەڵماندا بوو، شەو دەوریان گیرابوو هەندێکیان بەدیلی گیرانو بەبێ چەك (حمە رشید)یشیان لەگەڵ بوو، کاك شەوکەتو کاك حامیدو کاك توفیق وعەریف محمود، ئەگەر چی شەو بو.. بەشەڕێکی زۆر قارەمانانە دەرچووبون.. فاتیحی شێخ حەیدەر کە تازەهاتبوو هەر ئەو شەوە پەیوەندی پێ کردبووین بریندارببوو.. ئەوکاتەش ئەبوو بریندار نەکەوێتە چنگی دوژمن..(فاتیح) کوڕێکی رۆشنبیرو شاعیرو ئازاو چاونەترس بوو تابڵێی کوڕێکی باش بوو.. لەشۆڕشی ئەیلولیشدا فاتیح لەلقەکەی ئەحمەد شەریف فەرماندەبوو.. فاتیح کۆمەڵە بوو رومانەیەکی خستە ناو (منەزەمە)ی حزبی بەعس لە هەڵەبجە.. ئەو شەوەی ئێمەش تەقەمان لەسیروانو سید صادقو خورماڵ کردبوو هەر ئەوشەوەش کاك حامید وەکو ئەمرێکی شۆڕش فاتیح کە بریندارببوو خۆی شەهیدی ئەکات بۆ ئەوەی بەبریندارى نەکەوێتە دەست دوژمن.. هەرئەو شەوە سی جوندی کوژرابوو..عەریف محمود کلاشنکۆڤ رەئیس عورەفاکەی هێنابوو بەڵام ئەوانە کەتازە هاتبون نەیانتوانی دەربچن لەماڵەکە لەگەڵ کاك حمە رشید مابونەوە لەماڵەکە کەئەمانە بوون (حمەی حمە فرەج، هشام رشید، وەهاب حاجی عوسمانی زەڵمی، حمە رەشید کەخاوەن ماڵ بوو) دوای لەموسڵ ئیعدام کران، بەڵام کاك شەوکەتو کاك حامیدو کاك توفیقو عەریف محمود بەشەڕ دەرچوبونو زۆر بەنارەحەتی.. ئێمە ئەو شەوە لەسەر قوچی بەردەبەل خوتبوین.. کاك شەوکەت بەرەو چنارە هاتبوو ئێمەش لەسەر قوچی بەردەبەل سەیرمان دەکرد نەمانزانی ئەوان چوونەتە ئەوێ تاکاك شەوکەت بەتەنها هاتبووە چنارەو نامەی ناردوو چووین بەدوایدا زۆر بەنارەحەت دەرچووبوون.. ئەویش یەکەم کۆمەڵ بوو بگیرێنو بۆ سێدارە برانو سەرجەمیان لەسێدارە دران لەموسڵ. دوای 2رۆژ شێخ عەلیو ئەوانیش هاتنەوە ئێمەیان بینی بوو کەسەرجەم رێكو پێكو پۆشتەو بەرداخو چاویان چوبووە پشتی سەریان کاك عەلی شاماریشیان لەگەڵ بوو.. ئەوانیش هەرچی هەوڵیان دابوو لەگەڵ کاك شێخ عەلی چالاکیەکی وابکەن بۆیان نەکرابوو.. ئێمەش پارەی چەکمان دانیێو وتیان پارەشمان ئەویێ بۆ ئەو خێزانانەی کەبەند کراون تابۆیان بنێرین، هەر خێزانی وابزانم (100)دیناری بۆ رەوانەکرا لەوێش پارەیان نەدابوو بەخێزانەکانی ئێمە.. منو کاك شەوکەتو شەهید رەووف وتبویان ئەمە رێکخستن ناردوویەتی واتە کاك شێخ عەلی وای راسپاردبوون بۆیە پێیان نەدابوون.. ئالەو کاتانەشدا شەهید عەلی عەسکەریو شەهیدئارام پێکەوە نامەیەکی هاوبەشو بەجیاجیاشیان بۆرەوانەکردین.. بەناوی خۆشمانو کەرتی (3)ی هەوارمان هێشتا مەفرەزەیەك بووین.. عوسمان قادر منەوەرو مامۆستا عمری ئاوەکەڵەو کاك شیروان شیروەندی وکاك تاهیری حاجی عزیز ومحمد سعید ناوێك لەگەڵ کاك سیروان (فەیسەڵ تاڵەبانی) کەدوایی کرابوو بەفەرماندەی هەرێمی (5) قەرەداغ تازە دوو موختاریان

لەحاجی مامەندو چنارەو ئەو ناوە کوشتبوو.. سیروانیش کەهاتبوو نامەیەکیان بۆ نوسیبوو بۆ پارەو بۆئەوان بینێرین.. ئێمە هەر لەوێ بووین‌و ئەوانیش زۆر روتەڵە بوون یارمەتی خۆیانماندا لەچنارەی سورێن کاك سیروانیش تفەنگەکەی باش نەبوو،هەرلەوێ تفەنگێکمان بە 130دینار بۆ کڕی‌و هەریەکەش 50دینارمان پێدان وەك یارمەتیدان بۆخۆیان‌و نزیکەی 2700 دیناریشمان بۆ کاك ئارام‌و کاك عەلی رەوانەکرد، کەئەم مەبلەغەش زۆر بوو بۆ ئەوکات، ئەوان گەڕانەوەو هەموو شۆڕش داوای پارەی لەئێمە دەکرد، بەڵام کاك شیروان شیروەندی کەئێمەی بینی وەزعمان باشەو پێشمەرگەش لێرە ژیانی باشترە ئەو لەلامان مایەوە بەوحسابەی کەکۆمەڵەیەو ئێمە وامان زانی ئەوان ناردوویانە بۆ چاودێری ئێمەو ئەوانیش وایان دەزانی ئێمە دڵمان خۆشکردووەو رازیمان کردوە کەلەگەڵمان بمێنیتەوە کاك شیروان ئەو کاتە لەگەڵ مەفرەزەی ستار سەعید خەلەف رابەری سیاسی بوو، دوای ئەوەش لەبانی بنۆك ، لەمانگی 12ی ساڵی 1976دا کۆبوینەوەو خۆمان رێکخستەوە 3 مەفرەزە پێك هێنرا لەئەشکەوتی سیرەکان.. مەفرەزەیەك بۆ کاك عەلی شیعەو مەفرەزەی دووەم بۆ کاك شەوکەت بەناوی مەفرەزەی سیروان، مەفرەزەی سێیەم بۆ من بەناوی مەفرەزەی سورێن، مەفرەزەی 4ی هەورامانیش بۆ کاك حامید، هەر مەفرەزەی 18پێشمەرگە بوو بەقەد یەك، کاك رەووف خەلیفە سەعید کەپێشتریش رابەری سیاسی هەورامان‌و شارەزوور بوو.. بوبە رابەری سیاسی مەفرەزەی کاك حامیدی حاجی خالید بەو ناوەی من‌و کاك رەوف خزمین‌و پێکەوە نەبین..کاك شیروان بوو بەرابەری سیاسی مەفرەزەی کاك شەوکەت حاجی مشیر، کاك محمد حاجی صابر رابەری سیاسی مەفرەزەکەی من بوو،کاك عەلی شامار بەرابەری سیاسی مەفرەزەکەی هەورامان، ئیتر لەو رۆژەوە هەریەکە کەوتینە جەولەو ئیش کردنی بەردەوام.. جارێکی دی بەکۆمەڵ هەمویانم برد بۆ گوندی قەدەفەری لەمانگی یەکی 1977دا (600) مەڕی کەشمان هێنا بۆ هەمان جێگا لەقەدەفەری کەچووین رێگایان نەگرت مەڕەکان، گوێ ی مەڕێکم لەت‌و کردو خوێنەکەیمدا بەدەمیانەوەو لەوێشەوە بە راکردن هاتن.. مەڕەکانیش بەدوامانـدا رایان کرد، لەمیری سوورەوە رفێنران بۆ ئەشکەوتی هەورامی، جەیش بەدواماندااهات، بەڵام نەی دۆزینەوەوە گەڕایەوە، ئەم جارەش بەرەو پشتی چنارە رۆیشتین پاشان فرۆشتمان، بەلام ئەم جارە بەگرانتر هەردوو دانەی بە 25 دینار.. یارمەتی پێشمەرگەمان لێداو چەکمان پێکڕی، هەروەها بۆ ئەوخێزانانەی کەبەند کرابوون پارەمان نارد، بەڵام بەهەمان جاری پێشووش بەرخێزانی ئێمە نەکەوت یارمەتیەکە، ئەوانەی کەسەرەتاش ببون بەپێشمەرگە خێزان‌و کەس‌وکاریان دەست بەسەر بوو رەوانەی خوارووی عێراق کرابوون.. بۆیە زۆرکەس تەسلیم بووەوە.. کەڕانە مەڕەکەشمان برد هەندێکی مابوو نەفرۆشرابوو، جگە لەو هەموو یارمەتیانەی ئەوانیش، ئەو شەوە کاك حامیدو کاك شێخ عەلی‌و کاك شیروان‌و کاك رەووف لە (بەردەبەل) بوون ئەو ماوەیە رژێمی عێراق خۆی لێمان لائەدا.. ئێمەببووین بە 70–80کەس‌و شارەزاو پڕ چەك بووین لەسنوورەکەدا.. شەوێك جەیش هاتبووە سەریان‌و ئەوانیش کەپێیان زانیبوو تەقەیان لێنەکردبوو بەرەو بانی بنۆك هاتبون تادەمەو بەیان دوای بوبەتەقە، ئێمەش مەڕەکانمان ناردەوە بۆ سەروتر لای رێگای ئەشکەوتی دوملّی لەرێگای کانی کاکەوەیسەوە منیش بەرەو تەقەکە رۆیشتم سەیرم کرد رۆژ بووەوەو سەرباز گەیشتە رووی بانی بنۆك‌و کانی قایرەخان، منیش بەرەو ئەشکەوتی بانی بنۆك‌و پشتی سیرەکان رۆیشتم لەدیوی گەچینەوە بەرەو ئەشکەوتی پشتی بانوك رۆیشتم هەرچی هاوانیان تەقاند نەگەڕامەوە، چاوم لەپێشمەرگە بوو بانگم کردن کاك شیروان (2)پێشمەرگەی لەگەڵ بوو وتم مەیەن‌و تەقە بکەن لای خۆتانەوە تەقەیان کردبوو منیش رۆیشتم.. خالید خولە سوور ئەوکات لای بزن شوان بوو مناڵ بوو کەمن گەیشتمە لایان کاك علی مەلاوەیسەیی‌و حمەی مام دێوانە لەوێ بوون علی درداشێکی پێ بوو حمەش سەمینۆفێکی پێ بوو

كاك شەوكەت و عەبەساوەرو عبدولی سەعید بەگ مەرەکانیان بەرەو کانی کاکەوەیس برد بۆسەر حدود منیش گەیشتمە لایان جێگیربووین و هێرشەکەی دوژمنامن راگردو بوو بەشەڕی جەبهەیی بەڵام ئێمە ئەشکەوتی سەر سیرەکانمان جێ نەهێشت پێشمەرگەیش وردە وردە کەهەڵهاتبوو کۆدەبونەوە کاك شیروان و حمەی مامە دێوانە خەویان ئەهات.. ئەوکاك خالید زۆر مناڵ بوو لای بزن بوو وتی حەزدەکەم منیش تەقە بکەم بەڵام لەبەرئەوەی مناڵ بوو ترسان گولە بەری بکەوێ و بریندارببێت وتمان جارێ دانیشە بەڵام زۆر داوای کرد دوای وتمان وەرە لێرەوە تەقە بکە سمینۆفێکمان دایە دەستی و تەقەی پێکرد کەبینینمان تەقەکانی زۆر باش بوو وەزۆر بەوریایی تەقەی ئەکرد.. خولە سوور باوکی خالید بوو پێیان ئەوت خاڵە، محمد مەلا توفیق سیامێوەیی چووە ناو عەسکەریەکەوەو گیرا لەقوچی بەردەبەل.. ئێوارەش من و مام والی حاجیعارف و شێخ محمود (خوولەسور) و کەریم ئیبراهیم بەگ و عەریف محمودی ئەوانم برد بۆ لای خوارەوەو چەمی نەوێ لەوێش هاوان و رەشاش تەقەیان دەکرد. ئێمەش بەرامبەر بووین و سەنگەری هەردوولا گیرابوو، بەڵام ئەو شەوە دوژمن لەوێ بمانایەوە بۆبەیانی ئێمە یان دەشکاند من چوومە خوارەوە لەناوەڕاستی هێزەکەوە لێمان دان و هێرشمان بۆیان کرد، هەرچەندە لەدەشتێك دا بووین وەسێ مەخزەنمان بەدەمی ریگاوە دەتەقاندوئەوانمان هەڵکەند.. من و مام والی و کەریم ئیبراهیم بەگ و شێخ محمود هجومان کردو عەریف محمود لەدواوە هێزی دوژمنیان دایە بەرتەقە هەتا ئێمە بگەین، تائەو کاتەش بۆیەکم جار بوو 13سەعات شەڕ بکرێت و دوژمنی تیادا بشکێ و عەریف جومعە ناوێك کوژراو لە ناوەڕاستی هیزەکەی دوژمنەوە لێماندا، لەپێشەوە شکاو بەسەرئێمەدا هاتەوەو وەئەم هەموەش هەرچی تەقەیان دەکرد نەیان دەزانی چۆن خۆیان لادەن و لەدواشەوە پێشمەرگە کەوتە سەریان بەرەو لای ئێمەو هەر لەوێ هاوانێك و دوربینێکمان گرت و بەدویاندا رۆیشتین و تانێوان نەوێ و بەردەبەل، چووینە بەردەبەل بۆماڵی حاجی مارف لەو شەڕەشدا دەسکەوتمان هەبوو کەکوژراوی دوژمن هەبوو.. ئێمەش گەڕاینەوەو ئەوانیش بۆ رۆژی دوایی هاتبوونەوەو تەرمی کوژراوو بریندارەکانیان بردبووەوە، ئەوەش ئەوەندەی تر ورەی خەڵك و پێشمەرگەی بەرزکردەوە.. دوای ئەوەش کۆبووینەوەو هەریەکە ئیشی خۆی دەست پێکردەوە، دوای ماوەیەك مەفرەزەکەی من زۆر زیادی کرد ببووین بە 40،30پێشمەرگە، کاك حامیدو کاك رەوف چوونە ناوچەی تاوگۆزی و لەوێشەوە بۆلایشەمێران مفەوەزی (بنکەی پۆلیسی ئەویان) کوشت و لەگەڵ کاك غەفور دەرەشیشی و کاك فەرەج تریفەیی و ئەوانیان لەگەڵ بوو، ئێمەش بەهەلمان زانی، لە 1977/2/19چووینە لایسەید صادق و گامێش تەپە (11)تراکتۆری کارگەی شەکری سلێمانی لەو ناوە ئیشیان دەکرد هێنامانن، بەیانی زووبوو (6)پێشمەرگە بووین (1)محمد شێرەمەڕی 2–عەلی شەریف کانی ئاسکانی 3–صالح قادر 4–عەلی مەلا وەیسی 5–مام والی حاجی عارف 6–خۆشم.. شەویش لەماڵی شەهید توفیق پارەزانی بووین لەگردە نازێ و بۆ بەیانی هەر بەتاریکی چووینە جێگاکەیان، تاهاتن سەعات 8یا9بوو هێنامانە عەلیاواو ریشێن و میری سوور ئەوانم نارد بۆ سەر شاخەکەی پشتی میری سوورو لای قۆچی لاجارو، خۆشم لەگەڵ سایەقەکاندا گازو رۆنمان بەتاڵ دەکردو تایەکانیشی هەوامان تێدا نەهێشت... نامەیەکم بۆ کاك شیروان و برادەران نووسی کەلەبەردەبەل یاجۆمەرەسی بوون وەبەعوسمان بانی شاریدا ناردم، تیایدا نوسیبووم شتێکی وام کردووە ئەو کاتە عوسمان عەشائیربوو، بەڵام گەلێك هاوکاری دەکردین نامەکەی برد بۆ جێگای دیاریکراو، هەر لەوکاتانەشدا هەلیکۆپتەرەکان دەهاتن بۆ ناوچەکەو جەیشی دادەبزاند، تا سەعات دووی‌پاش نیوەڕۆ، هەرچی سوپای رژێم بوو بەدرێژایی کانی ئاسکان–دەرەگولان– ریشێن–میری سوور– مەلا وەیسە– قولخوردو عەلیاوا دایبەزاند کەکاك حمەی حاجی صابیرلە ریشێن بوو لەگەڵ خۆمان بردم بۆ میری سوور.. حمە عەلی حاجی حمە شەریفی گێڵدەرەیی کەپێشتریش

ناوەکەیمان لابوو خراپەی دەکرد لە هەڵەبجە بوو، بەئۆتۆمبیلێکی لاندگرۆزەری مۆدێل تازەی 1977ئەویش لەگەڵ جەیشە کە هاتبوو بەدوای تراکتۆرەکانەو ئێمەش ئاگرمان لەدوو تراکتۆر بەردابوو، دووکەڵەکەی بەرزبۆوە، تەیارەی ڕژێمم بینی و ئەوانیش بە ئوتۆمبیل گەیشتنە لای دووکەڵەکە، وایان زانی بوو ئێمە ڕۆیشتووین من تەنها 150مەترێك دوور کەوتبوومەوە لە دووکەڵەکە.. بینیمان چاکەتەکانیان داکەندوودایان بەسەر دەرگاکانی ئۆتۆمبیلەکەو لەنزیکەوە سەیری تراکتۆرەکانیان دەکرد.. تراکتۆرەکانیش مۆدێل 75بوون و لەجۆری فۆرگاسن—فیاتی دەبڵ ئەکسل- داوای ئامێری هەوایان کردو بۆیان هێنان.. لەو کاتانەدا بوو ئێمەش دەستمان لێ کردنەوەو تەقەمان لێ کردن، لە 1976/10/22 لەپشت دەرەی مەڕ لای هەورامان سەربەناحیەی خورماڵ بووین، دکتۆر ڕەزا برین پێچ بوو بەڵام هەرلەوکاتەوە کادری ناو شۆڕش و ئیشی دەکرد لەساڵی 1970وە لەرێکخستنی کۆمەڵە بوو، شێخ کریم باخەکۆن وەعدی پێدابوو چەکێکی بڕنەو بداتێ بۆ شۆڕش پێش ئەوەی بێتە دەرەوە، لە 9/29دا چووە باخە کۆن ئەو کاتە چەکێك زۆر بوو بۆ شۆڕش، لەساڵی 1976داو لەدوای ئەوەی ڕژێم چەکی کۆدەکردەوە وەکاك شێخ کریم پیاوێکی نیشتمان پەروەرو باش بوو دەیویست هەر چۆن بێت خزمەتی کورد بکات خێزانەکەشی هەروا.. یەکێ لەکوڕەکانی هۆشیار ئەو شەوە دەگەڕێنەوە لەخوێندن کەلەخورماڵ دەبێت بۆ باخەکۆن، باخە کۆن مەرقەدی شێخ حسام الدین تێدایەو جێگایەکی موبارەکە کوڕەکەی دەڵێت بە د. ڕەزا تۆ ئێرانیت یاچەتەی لەو ڕژێمە یاخیت و من تۆ دەبەم بۆ خورماڵ تەسلیم بەرژێمت دەکەم هەرچی هاوار دەکات و تووڕە دەبێت بەگیری دێنێت و فایدەی نابێت و تەنگی پێ هەڵدەچنێ.. د.ڕەزا ناچار دەمانچەی لێ دەردێنێت و قسەی پێ دەڵێت و لەبەر براوباوکی و عەزیەتی نادات.. هەرچۆنێ بێ لەدەستیان دەرچووبوو، باوکی ویەکێ لەبراکانی کەلەرێکخستنەکانی حزب ئیشیان دەکردو پشتیوانیان لەدکتۆر ڕەزا کردبوو، شێخ کریم لەبەرئەوەی کوڕەکەی ئیخباری نەکات نەیوێرابوو چەکەکە بدات بەدکتۆر ڕەزا، ڕۆژی جەژنی قوربان بوو دکتۆر ڕەزا لەجیاتی جەژنە پیرۆزە تووشی ئەوە بوو، د. ڕەزا خاوو خلیچك بوو لەرۆیشتندا لەوێ بەسەرنەکەوتویی گەڕایەوە.. ئێمەش شەوی ڕابوردوو گیسکێکمان کڕی لەشوانەکان لەشەوی 1976/9/21 بەحەوت دینار هەرچەندە سوودمان لەگۆشتەکەی وەرنەگرت هەمووی ڕەش و ناخۆش لەئاگرەکەدا بوو، بەڵام بۆ ئێمە هەر بەش بوو.. ئێمە گەڕابووینەوەقەڵای سۆڵێ نێوان دەرەی مەڕو سەرچاوەی زەڵم لەئەشکەوت و ڕێگاکە چاوەڕوانی ئەوانمان کرد، کاك دکتۆر ڕەزا لەخواروی دەرەی مەڕ بلوزێکی بە سەرجلەکانیدا کردبووجامانەکەی بەسەر شانیدا دابوو بە ڕێگاداهات زۆر بێ تاقەتانە، ئێمە (150)مەترێك لەسەروە چاوەڕێی بووین کابرایەکیش بەتەورێکی بچووك یا تەورزینێکەوە لەناو باخەکەدا بوو هەر چاوی لەدکتۆر ڕەزا بوو هێشتا نەگەیشتبووە ئەو کابرایە بەتەورەکەوە هاتە نزیك ڕێگاکە لەپەنای دیواری کەڵەکە بەردی ڕەزەکەو ڕێگاکەوە دەهات بانگی کرد هۆ کابرا تۆ چیت د. ڕەزا جوابی دایەوەو وتی: سەلام و عەلەیکوم خاڵە گیان ماندوو نەبیت و چۆنی کابرا جوابی نەدایەوەو وتی.. وەرە بزانم تۆ چیت وتی قوربان ڕێبوارم و دەڕۆم، کابرا وتی ئەوە کەی ڕێگایە تۆش لەدزو جەردانەی کەشەوی پێشوو وەکو چەقەڵ بزنێکیان لێرە خواردووە.. هەرچەند دکتۆر ڕەزا هەوڵیدا، کابرا وتی بکەوە ڕێ بۆ خورماڵ بۆ ئەوەی تەسلیم بە ڕژێمت بکەم هەرچی پاڕایەوە فائیدەی نەبوو کابرا تەنگی پێ هەڵچنی و بەگیری هێنابوو ئەویش دەمانچەی لێ دەرهێناو دووسێ قسەی پێ وت کابرا (99٪)گەڕایەوە دواوەو زۆر پاڕایەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت. دکتۆر ڕەزا جامانەکەی دانا لەپەنای دیوارەکەو بەکابرای وت بڕۆ تریێ بێنەو تێیکە کابراش لەترسا دەڕۆیشت بەپەلەو بەباوەش تریێی بۆ دەهێنا لەترساندا دوایی وتی خاڵە گیان زۆر سوپاس خوا حافیزوجارێکی کە شتی وانەکەیت و سەرکەوتەوە لای ئێمە، لەمانگی 1976/12داشەوێك چوینە

گوندی گوڵپ...گوڵپ گوندێکی گەوەی (500) ماڵی بوو رژێم خەڵکی زۆری لێ کردبوو بەبەعسی و جوتیارانیان لەبەعسیەکان دروست کردبوو، محمود خوا مراد ناوێك و فەتاح (نایب زابت) بوو حمەخان پێیان دەوت قولۆرە ئەوانە دەوری خراپیان هەبوو لەگوندەکە، شەو چوینە گوڵپ بۆ ماڵی کوێخاو خەڵکمان لەمزگەوت کۆکردەوەو قسەیان بۆ کرا لەسەر شۆڕشی نوویێو نەسیحەتی مەحمودوئەوان کران، بڕیارێکمان هەبوو تاسێ جار نەسیحەتی بکەین دوای ئەوە سزای بدەین، دوای ئەوە هەرچی شت و فایلی بەعس بوو لای جوتیاران سوتاندمان و تەلەفزیۆنێکیان هەبوو ناردمان بۆ باخەکۆن بۆ ماڵی محەمەد سۆفی عەلی و لەوێ دامان ناو دوایی ناردمانە ماڵی کوێخا سادق لەزەڵم وابزانم کاك مەحمودی حاجی ئەمین بردبووی، بەڵام مەحمود هەرچەند جار گیراو لەساڵی 1980 دا بووبەمەسئولی جەیشی شەعبی وتەدریبی ئەدا لەخورماڵ بەکلاشنکۆفی تەدریب یەکێکان گولەی تێدابوو بەری کەوت وکوژراو ئەو بەڵایە لەکوڵ گوڵپ بووەوە، پێمان وت بەو نیشانەیەی کەمعاونی ئەمنی هەڵەبجە بەناوی (عبدالرزاق)وە دەعوەت کردوە قەلێکی سورت بۆسەربڕی رۆژی هەینی 1976/7/19..کەمەعلوماتەکە راست بوو بێ هۆش کەوت لەترساندا، لەمانگی 1976/8لەقەڵا سوڵێ بوین لەنێوان دەرەی مەڕو زەڵم لەشاخی هەورامان جەژنی قوربان بوو هیچمان نەبوو ئەحمەد کوێخا رەحیمی دەرەی مەر مەشکەیەك دۆو کۆڵێك کولێرەی چەورو مەنجەڵی برنجی سوور بۆ هێنایین، ئەحمەد منالێ بوو تەمەنی (7-8) ساڵان ئەبوو زۆرجار نانی بۆ دەهێنایین بەڵام دوو رۆژ بوو دیار نەبوو پێش جەژن بوو ئێمەش سەیری ئەو کانی و ئاوەمان ئەکرد کەهی ماڵی کوێخا رەحیم بوو کەئەحمەد هەموو جارێ دەهاتە سەری گوێدرێژێکی پێ بوو گوێدرێژەکەی لای کانیەکە بەستەوە چاومان لێ بوو هەندێ شتی داگرت و بردیە لای کانی و ئاوەکەو هاتە پەنای کانیەکەو بانگی کرد ئێمەش زانیمان و هاتینە خوارەوە ئیتر کەهاتینە لای هەربرادەرێ وەعدی پێ ئەدا ئەگەر رزگاری بێ ئەوە وات بۆ دەکەین و حەقی ئەوەیە پەیکەری ئاڵتونت بۆ بکرێت، ئەحمەد داوای لێ بوردنی کرد لەبەرئەوەی دوو رۆژ دواکەوتووە تاقەناعەتی بەدایکی کردووە تائەو نان و شتەمان بۆ بێنێ نزیکەی چەندرۆژێك بوو نانی وامان نەخواردبوو کەبوژاینەوە وتمان بۆ شەرێك نەکەین ئەو شەوە بڕیاری شەڕمان داو چوینە ئەحمەد ئاوا بۆ سەر ئاوەکە لەناو گوندەوە جۆگایەك بەباخەکاندا دێتە خوارەوە بەسەر جۆگەی ئاوەکەدا رۆشتین گەیشتین کوڕێك کاك عەلی دەناسی و رێگامان پیشان دان و وادیار بوو لەناو باخەکەو ئەو جێگایە بوو کە خەڵکی لێ کۆدەبونەوە بۆسەیران چایخانەو کەبابخانەو گازینۆی لێ بوو ئەو کوڕە ناوی جەوهەر بوو، کورە وادیار بوو پۆلیس و هێزی دیبوو زۆر ترسا هەر ئەوە بوو گیانی دەرنەدەچوو کوڕەکە بەکاك عەلی ووت ئەگەر لەگەڵتان بێم دەمرم کاك علی لێی تووڕەبوو وتی بڕۆ خۆی دەربازکردو ئێمەش بوین بەدوو بەشەوە، کاك شێخ علی و دکتۆر رەزاو یەکی دووکەسی کەشمان لەتاشەڵی نێوان ئەحمەد ئاواو خورماڵ دا بەجێ هێشت و من و کاك علی شیعەو کاك شەوکەت و کاك حامیدچوینە ناوخەڵکەکە بەڵام خۆمان ئاشکرا نەکردبوو لەپەنای دیواروتەلان وباخەکەدا سەیرمان کرد لەدووری (15)مەترەوە خەڵکێکی زۆر بەکراسی سپیەوە مێزی رازاندۆتەوە بەڵام.. خەبەرمان نەبوو ئەوانە کێن (4)پۆلیسی حەرەسیش پیاسەیان دەکرد لەسەر جادەو پردەکەی بن پڵگ مەخفەرێکی پۆلیس لەوێ هەبوو، ئێمە هەموومان مەخفەرەکەمان دەست نیشان کردبوو ئەو تەقەیە وەکو شتێکی ئیعلامی بوو چونکە خەڵکی هەموو کوردستان لەبەغدادیشەوە دەهاتە ئەحمەدئاواو دەنگ و باسی دەبردەوە چوار

پۆلیسمان کرد بەدەست نیشانی خۆمان لەگەڵ مەرکەزەکەش کە پۆلیسەکان لە سەرپردەکەدا بوون وەتەقەمان دەست پێکرد... لەهەموو لایەکەوە کارەبا کوژایەوەو هاوارو گریان و قیژەی ئافرەت و منالێ وسەر لێ تێکچوونی

هەزاران خێزان کەبۆسەیران هاتبوون ئەوانە هەمووی بووە شتێکی گرنگو ئێمەش دوایی هەریەك دووسێ مەغزەنمان تەقاندو کشاینەوە بۆ لای برادەرانو ئەوانمان لەگەڵ خۆمان برد بەپشتی خورماڵدا بەرێگەی خەندەکە بەرێی ئیلان پێ چووین لەوێوە چووینە چاوگی شیرەمەڕ، کاك عەلی عبدالکریم نادری هەواسی لەسەر خەرمان بوو (55) سەیارە بەلایتەوە لەسەر خۆی بەرەو خورماڵو ئەحمەدائاوا بەرێ کەوتبوون زۆرمان لاسەیر بوو یا کەسێکی گەورەمان کوشتووە یاکەسێکی مەسئوول لە ئەحمەدئاوا بووە هاتوون بەدوایدا، بۆرۆژی 8/9 لەچەمی زەڵم بووین لای کولکنی تەیارەی هەلیکۆپتەر هاتو هەرئەوەندەبوو خۆی بەناو توتڕكو دارەکاندا نەدەکرد زۆر گەڕاوچوونە کانی رەنگینی سوورێن دابەزینو چوونە لای هانا ئەحمەدەو هەرمێلە زیاتر لە (22)هەلیکۆپتەر بوو، هەرهەمان رۆژ دۆستو رێکخستنەکانمان هاتن بۆ لامان وتیان ئێوە بۆ ئێمە تان ئاگادار نەکردەوە تا مەعلوماتتان پێ بدەین محافڤو پیاوانی رژێم مان دەست نیشان دەکرد بۆتان بۆ ئەوەی عەمەلیاتەکە زیاتر گەورەتر بوایەچەند جارێ دووبارەیان کردەوە کاك علی شیعەش گەیشتە تینیو وتی عەیب ناکەن ئەو فشەفشە بەسەرمان دەکەن دە رۆژە نانی رەقیش نیە بیخۆین ئەگەر نانو دۆکەی ئەحمەدی کوێخا رەحیم نەبوایە ئەوە شمان پێ دەکرا... ئەوانەی لەنێوان ئێمەو پۆلیسەکان لەوبەر ئاوەکە کەتەنها چەمی زەڵم لەخواری پردەکەوە لەبن پەڵك بەینمان بوو کەچەند مەترێك بوو محافڤی سلێمانی بووەو هەموو زابت ئەمنو معاون ئەمنەکانو قائد فرقەی دەعوەت کردوە، پۆلیسەکان دوانیان کوژرا کەحەرەسی ئەوان بوو.. ئەگەر بمان زانیایە ئەوە محافڤو پیاوانی حکومەتن لەوێ دەگیران یا دەکوژران، بەڵام ئەوەش دەنگێکی گەورەی دایەوە، خەڵکی سەرانسەری عێراقی لێ بوو رژێم خۆشیان ترسێکی گەورەیان لێ نیشتبوو چاوەڕێی شتێکی وا نەبوون رووبدات ئەوە لەباتی رادیۆو تەلەفزیۆن جێگەی وا بۆ ئەو عەمەلیاتەنەی سەرەتای شۆرش باش بوو، لە 1977/7/11 لەگەڵ شەهید عوسمان کاکەرەشو حەسەن زەنگی سەریو حەسەن عەلی حمەلاوو (12)پێشمەرگە چووینە لای باخەکۆن بۆ گوندی گەچێنەو دوایی چوینە گوڵپ، مەحمود رەشید گوڵپی کەخزمی حاجی عەولی بوو ناردمان بۆ تەوێڵە بەدوای حاجی عەولێدا لەسەر بردنی چەکی شەخسی من لە لایەن عەلی مەولودی تەوێڵەییەوە چونکە ئەوکەفیلی بوو خوشکەزای حاجی عەولێ بوو داوای پارەی چەکەکەمان لێ کردبوو لەباتی ئەوە حاجی عەولێ تەوێڵەی کەفیلیعەلی مەولود بوو وەبەکەفالەت بەرماندا تا پارەکە دەنێرێت وابزانم تا ئێستاش (130)دیناری لاماوە، علی مولود یەکەم کەس بو کەخیانەتی کرد لەشۆڕشی نوێدا کەئێمە (6) چەکمان هەبوو ئەویەکێ لەو چەکانەی بردو تەسلیم بەرژێمی کردەوە کەئەویش چەکی من بوو، ئەوکات چەك زۆر کەم بوو ئەگەر دووسێ کەس شەهید نەبوایە بەئاسانی چەکێك دەست ناکەوێت وەتەنها من بووم رەدی ئەو کەسانەم ئەدایەوە کەخیانەتیان ئەکردو چەکی شۆڕشیان تەسلیم بەرژێم ئەکردەوە پارەی چەکەکانم لەخۆیان یان لەکەسوکاریان ئەسەندەوە وەسنورێکمان بۆ دیارەدی چەك بردنەوە دانا، هەتا لەساڵی 1977لەدوای مانگی (5)خەڵکێکی زۆر لەعشائیرو پێشمەرگە تەسلیم بەرژێم بوەوە زۆر لەمەسئولەکانی ئەوکاتە باوەریان بەخۆیان وشۆڕش نەمابوو ئیجرائاتی چەکیان نەدەکرد کەئەوەش وای کرد چەکێکی زۆر تەسلیم بەرژێم بکرێتەوە وەزۆر لەمەسئولەکان یەکی دوو کەسو سێ کەسیان لەگەڵدامابوو، بۆنمونە لەسنوری هەورامان و شارەزوور کاك شەوکەت (5) کەسی لەگەڵ مابوو، کاك عەلی شیعە (5) کەسی لەگەڵ مابوو، کاك شیروان (1) کەسی لەگەڵ مابوو ئەویش لەبەر ئەوەی کەسیان لەگەڵ نەمابوو ئەوانیش رۆیشتن بۆ شلێر بۆ لای کاك ملازم تاهیرو کاك رەوف بەگو ئەو برادەرانەی لەشلێر بوون جەولەیان دەکرد، دوای چەند مانگ لەناو مەسئولەکاندا تەنها من بەدوای ئەوەدا دەگەڕام هەرکەسێ غەدر لەشۆڕش بکات تۆڵەی لێ بکەینەوە ، هەر کەسێ چەکی شۆڕشی دەبرد..

ئەوکاتە چەك ئاسان نەبوو... تاچەکێ پەیدا دەکرا بەچەرمەسەری..داواکردن لەکەسانی دڵسۆز، من بڕیارم دابو هەر کەسێ چەکی شۆڕش بەرێ ئەگەر دووچەکی پێ نەکڕین ئەوە چەکەکەی خۆی هەرپێ دەکڕین، ئەوە وای کرد کەکەس بەئاسانی نەتوانێ چەکی سنوری دەسەلاتی ئێمە بەرێت و کاری خراپ ئەنجام نەدەن، بۆیە هیچ کەسێك نەیتوانی چەکی ئێمە بەرێتەوە وەئەوکەسانەی کەتوانایان نەبوو چەکەکانیان دادەناو خۆیان تەسلیم دەکردەوە بێ چەك، ماوەیەك رژێم بێ چەك کەسی قبوڵ نەدەکرد تەسلیم ببێتەوە بەڵام ئەوانەی لای ئێمە توانایان نەدەما دەچون خۆیان چەکیان دەکڕی و پێی تەسلیم دەبونەوەو چەکی ئێمەیان نەدەبرد، لەکۆتایی 1978 دا کاك نەوشیروان پێی وتین لەدوای هەکاریەوە پێشتریش رای وابوو وتی.. ئەو کەسانەی داوای پارە یان لێ دەکەن بۆ شۆڕش ئەگەر پارە نەدەن دەیانکوژین چونکە شۆرش بۆئەو خەڵکە دەکەین و پێویستە ئەوانیش پارە بدەن یادەبێت واز لەشۆرش بهێنین..یادەبێت پارە بدەن دەبوو خۆیان بیدەن ئەگەر نا بەزۆر ئەگەر نەیاندا دەیانکوژین، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر حسابی کورد دەوڵەمەند بوون، یەکێ لەوانە برایمی حەمە خۆشە خۆی بەجەلالی دەزانی (50)پارچەچەکی ئێمەی لابووە ساڵی 1970 داوای لێبکەنەوە چونکە ئێمە خوێن ئەدەین خەڵکیش ئەبێ پارەبدات، کەلەرۆژی 1977/12/25 لەسەرکردایەتیەوە ئەگەڕاینەوە کاك مستەفا چاوڕش و کاك عوسمانی قادر منەوەرو کاك نەبەزی بۆ ئەومەبەستە راسپارد، ئەگەر (50)هەزار دیناری نەدا بیکوژن ئەوەبوو ئەویش (10) هەزار دیناری دا ئەوکاتە، چونکە وادیاربوو پێشتر کێشەی لەگەڵ برایمی حمە خورشید هەبوو چونکە لە 11ی ئازاری 1970کەس و کاری برایمی ناردبوو کەڕوومانە بخەنە نا وسانویەی کچان لەسلێمانی کەبووە هۆی کوشتنی چەند کەسێك وادیاربوو ئیعترافیان لەسەر کاك نەوشیروان کردبوو ئەویش رای کرد بۆ بەغداو دوایش لەرێگای حکومەتی عێراقەوە چووە دەرەوە دوای ئەوەی ماوەیەك لەناوخزمەکانی لەناوگردان خۆی شاردبۆوەو خەریکی دەواجن بوو دوایی کاك مستەفا چاوڕەش و کاك نەبەزو کاك عوسمان قادر منەوەر داوای پارەکەیان لێ کردبوو هەمووی نەدابوو لەبەر ئەوە کوشتیان لەسەر بڕیاری کاك نەوشیروان هەرئەوجارەش رەئیس عورەفا غەریبیان کوشت پارەیان کۆکردەوەو چەند کەسێکی کەش تەقەی لێ کراو کوژرا، لەجەمشیریش لەهەولێر (53)هەزار دنیاریان لی سەندو پاشان هەڕەشەی کوشتنی لێکراو پارەیەکی زۆر کۆکرایەوە، ئێمە لە1977/7/12 چوینە دەرەی مەڕ لەچایخانەکە بووین، دەرەی مەڕ 200ماڵ دەبوون لەتەنگیەکدابوون ئەم بەرو ئەوبەری چیاکە ساف وجێگای نەبوو رێگایەکی لەسەروی گوندەکەوەو رێگایەکی لەخوارەوی گوندەکەوە رێگایەکی بۆلای زەڵم سەردەکەوت وپەنای شیوەکە یان تەنگەکە پانایی70مەتر دەبوو درێژایی گوندەکە 2کیلۆمەتر دەبوو دەرەی مەڕو هانای دن و سەرگەت نزیکی بوون گوندەکان لەناوچەی هەورامان بوون، لەچایخانەکە لای مزگەوتەکە بووین خەبەریان لێدابووین لەهەردووبەرەوەو لەسەرەوە عەسکەری سەرکەوت بۆمان خەبەریان داینێ لەسەرەوە عەسکەری دەیەوێ قاپی یاریگای سەرەوەتان لای ماڵی سەید نیزام و ئەوناوەتان لێ بگرێت وەیا بچن لای وەنە ناو (وەنە) هەورامی بەداری قەزوان دەڵێن سەر رێگای کەرەجاڵە، کەرەجاڵ جێگاو رێگایەکی وشکەو تەنها کانییەکی لێیە هەندێ باخی لێیە، هەرچەندە لەم دوایەدا باخی هەبوو مامۆستا قانع جارێك رێی کەوتبووە ئەوێ زۆر شوێنێکی ناخۆش بووە سێ چوار هەناری وشك و هەنجیری خراپ و باخێکی خراپ و مێشولەشی زور بوو بۆیە لەشیعرەکەیدا دەڵێت:

بەهەشت شوینێکە هەروەك کەرەجاڵ

دووبن هەنارو بنێ سێفە تاڵ

ئەمە کۆپلەیەکە لە کەڕەجاڵ وتویەتی..

سێف یان سێو بەلەهجەی هەورامیو شارزوورە، عەسکەریەو جاش لەمبەرو ئەوبەری چیاکەوە تەقەیان لەئێمە دەکرد وەکو ئەوەی ئەوان لەسەربان بنو ئێمە لەخوارەوە، ئێمەش لەخوارەوە تەقەمان لەوان دەکرد نەمان دەهێشت زۆر موسەیتر بن بەسەرماندا ، ئێمە عەیبمان لێ دەهات لەناو گوندەکە رابکەین بەڵام هەنگاوی مەعقوڵمان دەنا بەراکردن رەوابوو، بەڵام سەریان دەرکردبوو لێیان دەدان ئەو رۆژە تا تاریکی کرد شەڕبوو لەپشتی دەرەی مەڕ بەهاوان زۆریان لێ داین شەو سارد بوو زوقمو هەوریش کردیەوە کەم کەم بەفر لەچیاکە دەباری گەڕاینەوە بۆ ئەو پێنج شەش ماڵەی سەروو گوندی دەرەی مەڕ ماڵەکانی سەید نزام... بەڵام لەخوارەوە لای گوندەکەوە سەرکوتین وەکەچوین زانیمان ماڵەکانیان هەمووچۆڵ کردووەو جاشەکانی سالەخەیاتو تۆفیقی رەعنا لەگەڵیان بوون ئێمە زۆر ماندوو بووین سەعات 10شەو بوو من بەتەمام بووم تەقەیان لێ بکەین پێشمەرگەکان ووتیان.. ئەگەر کەسێ برینداربێت دەرناچێت ئێمە لەئێوارەوە شەڕ دەکەین یا بابڕۆینە جێگایەکی کە، تابەیانی گەڕاینەوە بۆلای رەزەکانی نێوان دەرەی مەڕو هانە نەوا لەئەشەوتەکانماینەوە لەپشتی هانەی نەوە لەئەشکەوتەکان کەپێشتر مەرو بزنی لێ بوو ئاگرمان کردەوە تابەیانی، زوو دەرچووین بۆ بەرامبەری هانە نەوە کەبەفرو زوقم باریبوو بۆیەکەم جار بوو پێڵاوەکەم خزاو قاچم لێك ترازاو ئازارم زۆربوو، قیادەمۆقەتەش لەوناوە بوون.. بەڵام لەگەڵ کاك شێخ جەلال گوڵپ دۆستایەتیمان هەبوو تەقەشیان لەئێمە نەدەکرد لەمن نەدەترسان میوانداریان کردین لەگەچێنە هەرچەندە حسێن حاجی حامید گوڵپی بوو رەئیس عورەفا حسێن ئەو رای کردبووبۆ شتی گوندی گەچێنە من چوومە خانەباخ یاکۆخی ماڵ رەوفی حاجی عەلی لەگەچێنەو پاشان بۆگوندەکەو پیاوێکیان هینا قاچی گرتمەوە، لەرۆژی 1977/7/13تا دوورۆژ نەمتوانی دەربچم لەوخانووەو خۆمان شاردەوەو ماڵی هونەرمەند یان گۆرانی بێژی بەناوبانگ عوسمان کەیمنەیی بووین ، لەرۆژی 1977/7/15 لەپەنای رەبایەکانەوە چوینە گوندە نارنجە لەلای برنجۆی درە لەوێوە چوین بۆ دێکۆن لەماڵ مەحمود حاجی ئەحمەد شەریف وارانی ئیسراحەتمان کردودوایی چوینە تازەدێو چەمی زەڵمو کوڵکنی لەمانگی 5ی ساڵی 1977دا هێزێکی گەورەی دوژمن هاتە ناوچەکە لە 5/18 داهەموو ناوچەکانی داگیر کردبوو کەژمارەیان (45)هەزار سەربازی عێراقیو سەدان هەلیکۆپتەرو جاش هاتبوونە ناوچەکەو بەدوای پێشمەرگەدا دەگەران، لەرۆژی 1980/6/24 لەگوندی مەلالەکانەوە بۆ دەرەشێرو بۆ شێرەی خواروو مێرگە سەر گەڕاینەوە شێرەی خواروو جارێکی تر بەیانی بوو بۆنانی بەیانی تەوزیع بووین حاجی یەك لەگەڵ خێزانەکەی لەبانی جەڵەیەك یان لەسەر بانی بەردەم خانووەکەی دانیشتبوو وتمان حاجی بێینە سەرەوە بۆ نانخواردن ژنەکەی ووتی.. فەرموون منو کاك سامان گەرمیانی چوینە پێشەوە دەبوو بڕۆینە ژورەوەو حاجی بەپەلە هات بۆ قاپیەکە تائێمە کەوتینە پشت دیوارەکە دارێکی گەورە لەپشتی قاپیەکەبوو کردی بەدیوارەکەداو دایخست، لەلادێ وابوو قایم کردنی قاپی چەن جۆر شت بەکار دەهێنن کیلۆنو قوفڵ وچۆڵە پێچین ودیوارەکە کونێکی لەکاتی دروست کردندا بۆ دەهێڵنەوە پێی دەڵێن قاپیەکە داخە یا لەهەورامان دەڵێن درکە ژێنە یەعنی دایخەو دیارە ئیتر ناکرێتەوە، کابرا کەبەپەلە دایسختو منیش گەیشتمە سەریو کردمەوە بەزمەی تفەنگەکەم بەڵام من نانم نەخواردو حەزم کرد دانیشم چونکە زۆری پێ ناخۆش بوو وتی بۆ واز لەو خەڵکە ناهێنن وتمان خاڵە بۆ ئێوەی دەکەین ،وتی ئەگەر بۆ منی دەکەن هەر لەم رۆوە نامەوێتو ئێوەش واز لەو خەڵکە بێنن، کاك سامان نانی خواردو من نانم نەخوارد هەر بۆ ئەوە کابرا زۆری پێ ناخۆش بوو. لەساڵی 1979لەئۆردوگای شانەدەری خۆپیشاندانێك دژی رژێم کراو چەند جارێك مەلایەك هەبو ناوی مەلا قادر بوو دەمانچەیەکی دایم بەشاراوەیی پێ بوو زۆر دژی ژێم بوو لەپێش خەڵکەکەوە دژی رژێم قسەی دەکرد یەکەمجار بوو مەلایەکی سەرسپی دژی

رژێم و هاوکاری جەماوەر بۆ راپەڕین بکات هەموو خەڵك و مەلاکانی کەش دەیانگوت مەلا شێتەو عەقڵی تێك چووە، هەموو ئەو خەڵکەی موزاهەرەی کردبوو کەس کەسی نەدەناسی گەڕابونەوە شوێنی خۆیان و قوتابیەکی سەر بەرێکخستنی حزبی سۆسیالیست بەناوی حەیدەر حەمە نەجم شەهید بوو کەدوایی رێکخراوی شەهید حەیدەر بەناوی ئەوەوە بوو، لەگوندی عەلیاوای شارەزوور هاتە لام و وتی کاکە باوەڕ بکەن من لەپێناوی گەلەکەمدا ئەوە دەکەم ئێستا هەموو کەس بەمن دەڵێن شێت و بەو کەسانەیش مەعاش لەرژێم وەردەگرن دەڵێن عاقڵ.. وتی باوەڕ بکە ئێستە ئێوە زۆرن و کەس ناوێرێ بەئاشکرا بەڵام ئێوەش ئەگەر وەکو من تەنیا بوونایە دژی رژێم دەکوتنە دواتان بەشێتە شێتە...هەر لەساڵی 1977دا لەودۆڵ پەمو گەیشتینە کاك مولازم جەمال مەندەلاوی لەقەرەداغ بوو (77)کەس بیری لەدەرەوە نەدەکردەوە من و کاك شەوکەتی حاجی مشیرو کاك شیروان شیروەندی بووین، وتمان کاك جەمال بۆ دەچیتە دەرەوە کاك جەمال وتی ناتوانم تەعامول لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بکەم داڵکی... لەخانەقین بەدایك دەڵێن (داڵك)، لەماڵی باوکیدا پاتەی لاستیك نییەسی بیکاتە پای لەم چیایە داوای پۆتین لەمن دەکات لەداخی ئەوە ئەبێ بڕۆم، لەساڵی 1978لەکاتێکدا جادە بۆ ناوگردان دەڕۆیشت چووینە ناوگردان و گامێش تەپە لەرێگادا هەندێك خۆڵ بەشۆفەڵ کۆکرابۆوەو ئێمەش چوین پاڵمان پێوەداو ئیسراحەتمان کرد هەندێك شۆفڵ و بلدۆزەر لەلای وەستابوون کەبەرۆژ ئیشیان دەکرد چوارکەس بووین و زۆر قسەمان نەکرد پاشان چووینە گامێش تەپە ماڵی حەمە رەشید حاجی محمود کەپیاوێکی باش و خزمەت گوزار بوو لەشەستەکاندا شیوعی بوو ئەمین لەیلانی زۆری ئەزیەت ئەدان و چەند جارێك چووە سەریان و جارێك لەئەمین لەیلانییان دا کەلەو کاتەدا کارێکی گەورە بوو بۆیان، کاك حەمە رەشید ووتی: ئەگەر بۆ ناوگردان دەچن ئەوە چادرێك هەڵدراوە (5-6)جوندی تێدایەو حەرەسی ئەو شۆفڵ و شتانەن ئاگاتان لێ ی بێت تێنەپەڕن بەسەریاندا.. وەڵڵا پاڵمان پێوەدابوو ئیسراحەتمان کردبوو وادیاربوو ئەوان خەوتبوون، لە 1977/7/25دا بوو لەپشتی بانی شار بووین هەندێکمان لەمەڕنارو لای مەردالْ (مەر) بەلەهەجەی هەورامی یەعنی ئەشکەوت.. حەیوانمان سەر بڕیبوو لە پڕ (25) هەلیکۆپتەر هات بێ وەستان دابزی و تەقەی لێ کردین و پێشمەرگەیەکمان بەناوی کاکەبرا ناردبوو بۆ دۆ وشت، ئەویش وەکو ئەو خەڵکەی گوندەکە بردیان بۆ خواروی بانی شار ئەو رۆژە بەریان نەدابوون ئێستایش چاوەڕێ ی دۆکە ئەکەین بۆمان بهێنێ، شەوێك لەساڵی 1978دا حەمەی حاجی ئەحمەدی قادر تازە دێ تەسلیم بوەوە دنیا پایز بوو باران بوو دامان لەقاپی وتیان کەس لەماڵ نیەو ئێمەیش دەمانزانی لەماڵە دەمانەوێت رێگامان پیشان بدات و ئەویش تازە تەسلیم ببوەوە دەترسا قیادەی موەقەتە بچنە سەری ئا ئێمە بۆگرتنی بچین، سەر سەکۆی بەرماڵیان هەندێك تۆزو خۆڵی لەسەربوو کۆنکەرێت بوو ساف بوو نمە بارانێك لێی دابوو کاك شیروان شێروەندی خزاو چەکەکەی دای لەزەوی بەسەرچیمەنتۆکەدا ئەویش وای زانیبوو میلی چەکی لێهاتۆتەوە بەهەموو هێزی هاواری کرد بۆخاتری خوا تەقەمەکەن وا هاتمە دەرەوە دەنگی هات یەکەمجار هەرچی لێفەو دۆشەك هەبوو بە سەریاندا دابوو هاواری دەکرد بەحاڵ نوزەی دەهات.. رۆژێك لە مالوان بووین پێشمەرگەیەکمان هەبوو ناوی (عەبەی خولان) بوو خەڵکی بەرزنجە بوو .. وتی مام حەمە رەشید لەمالوان بۆدەڵێن مانگای مالوان.. وتی عەبە گیان چۆن لەشاربازێر یەکێ بەگوێدرێژ بڕوات بۆ شار یا جێگایەك دەڵێ بەکەری دەڕۆم بۆ شار بەکەری دەڕۆم بۆ رەزی بۆ کەژی، لام سەیر بوو کابرایەکی عەشائیری ئەو جوابەی کتوپڕ پێ بوو، هەندێك ناوو لەهجەی عەشائیر جیاجیا هەبوون هەریەکە شتێکی تایبەتی خۆی هەبوو هەندێ ناوچە هەبوون ناوەکانی لەیەك دەچوون، شارەزوور، شاربازێر، شلێر، شینەکایەتی، شارەزوور لەشاری زەور یاشاری زۆرەوە هاتووە یا شاری زوحاکەوە هاتووە، زۆر روایەتی لەسەرە لەباسی شارەزوورو شارەزوورییەکان،

شێخ ئەمین حسام الدین لەوە بەدوایش کاك عبدالرقیب یوسف لەسەر زوحاك‌و گوندی نەوێی بناری سورێن نووسیویەتی‌و زۆر باسی لەسەر شارەزوور لەکۆنەوە لەشێخ ئەمین شارەزووری‌و زۆری لەو بابەتانەو ئیماراتی شارەزوور لەکۆنەوە کە لەنێوان هەولێرو هەمەدان و پایتەختی لەکەرکوك بووە زۆر باسی دەکرێ وەکو بەکرێ سوورو گردی بەکرئاوا لەشارەزوور کەئێستا ئاساری کۆنی لێ دۆزراوەتەوە، جێگا کۆنەکانی شارەزوور.. گولٚ عەنبەر (خورماڵی ئێستا) و نەوێ وسیامێوە لەوجێگایانەن زۆر کۆنن لەمێژوی کورد دا، (سیامێوە) بۆ (900) ساڵ پێش ئێستاو نەوێ بۆ (2600) ساڵ پێش ئێستاو گوڵ عەنبەر دەگەرێتەوە بۆ پێش ئیسلام، وەلەسەرکەوتنی ئیسلامیش عبداللەی کوری عومەر مزگەوتێکی لەخورماڵ کردۆتەوە لەدوای ساڵی 1988 حکومەتی عێراق تێکی دا، بەڵام دوای راپەرین جارێکی تر دروست کرایەوە، خورماڵ وە نیگڵ لەکوردستانی ئێران و چەندجێگای کە لەدوای هاتنی ئیسلام و قورعانەکەی نیگڵە بەناو بانگە و نیگڵ یاموێ گولٚ لەناوی گوڵەوە یاتۆی گوڵەوە هاتووە واتا گوڵێکی تازە هاتوە، گوندێکی گەورەیە و مێژوی کۆنەو قورعانێکی لێ یە لەپێستی ئاسك نوسراوەتەوە بەخەتی عوسمانی کوری عەفان و لەزەمانی ئەو دابوو قورئانەکە ئێستاش هەرماوەو زۆر خەڵك دەچنە زیارەت و تائێستا چەند دزراوەو بەقسەی خەڵکی ناوچەکە بەڵام هەر گەراوەتەوە یان هێناویانەتەوە، لەم ساڵانەی دواییدا لەهەشتاکان جارێکی کەیش دزراوەو بردویانەتە سنووری سۆڤێتی پێشوو یابەندەر ئەنزەلی لەسەر سنوری روسیا دۆزرایەوە هێناویانەتوە بۆ نۆگڵ.. پێشوازی گەرمی خەڵکی ناوچەکەو چەندین حەیوانیان لەرێگادا سەربری لەبەردۆزینەوەی قورئانەکە.. لەگوندی ئێلان پێش پارچەیەك ئاسن هەیە پێی دەڵێن (پۆلا بەندەکە) هەرژنێك نارەحەت بوایە لەسەر منداڵ بۆیان ئەهێنا رزگاری ئەبوو، خورماڵ ئاودارو ئاوێکی گۆگردی هەیە بەناوی گەنجان ئاوی مزگەوت‌و ئاوی‌گەراوەکە واتا ئاوی گۆگرد بۆئالۆشی‌و نەخۆشی‌پێست بەکاردێت ئاوی گەراوەکە لەزستاندا زۆر گەرمەو بێ گەرم کردن خەڵکی خۆی پێ دەشۆرێت، گەراوەکە لەبەرئەوەی‌سودی هەیە بۆ خەڵك پێی دەڵێن خێراوەکە، لەم دواییەشدا مامۆستا مەلابەهادین بیارەیی‌لەو مزگەوتە بووەو پاشان مامۆستا مەلا محمدی مەلا بەهادین و ئێستایش کاك صح الدینی کوری ئەمینی عامی یەکگرتووی ئیسلامیە لەکوردستان، بیارەو تەوێڵەیش خانەقای گەورەی هەبووە وەکو شێخ عوسمانی سراجەدین لەتەوێڵە خەلیفەی یەکەمی مەولانا خالیدی شارەزووری بووە، شێخ حسام الدین‌و شێخ علائەدین و شێخ عومەری زیادەدین وچەندین مامۆستاو خەڵکی باشیان پێ گەیاندووەو چەندین کەسایەتی‌و موردیان بووە وەکو ئەحمەد پرسی‌و مەولەوی‌و سەدانی تر لەو دوایەنەشدا مامۆستا مەلاکریم بیارە کەدەورێکی گەورەی بووە لەرۆشنبیری پەروەردەی زانایانی ئاینی لەو سنوورە زۆریش کێشەی بۆدروست کراوەو تاچۆتەوە بەغداو نیشتەجێ بووە، بەرێز شێخ عوسمانی بیار پیاوی هەڵکەوتوی بەتواناو شارەزاو خاوەن مەنتیق‌و زۆر کەباسی دەکرا نزیکەی نۆ(9)ملیۆن مورید یاصۆفی هەبووە لەهەموو قەومە جیاجیاکان دا ،بەرێز شێخ عوسمانی بیارە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ خەڵکی جۆربەجۆری دنیادا هەبووەو من چەند جار زیارەتم کردووە لەکاتی پێشمەرگایەتیدا، هەوڵی دا لەنێوان ئێمەو قیادە موقەتەشدا چارەسەری کێشەکان بکەین‌و ئێمە ئامادەیی خۆمان بۆ پیشاندا، چەند جێگای کەیش وەکو شێخ محەمەد تەرەتەوەن‌و سەید سادق‌و حاجی عبداللە‌و مەحمودی سەرەواڵەوو نێرگزجارو تاوگۆزی‌و شێخانی سەر سیروان‌و میری سوورو شێخ محەمەدە سور بووەو دوایی بووە بەمیری سوور، گوڵە خانەیش خوشکی میری سوور بووە، گوڵخاتوون بووەو ئەویش کەسانێکی رۆژانی چوارشەممە چوونەتە سەری وشێخ محمد سور یامیری سووریش مەرقەدەکەی لەناوگوندەکەیەو هەرکەسێ شێت دەبوو دەبرایە سەری‌و شەوێك بە زنجیر دەبەسترایەوە لەمەرقەد چاك دەبۆوە زۆرکەس بووە بە

دەستو قاچ بەستراوی بردوویانەو بەپێی خۆی گەڕاوەتەوە دەبوو حەیوانێك بەرن بۆسەربڕین لەسەر میری سوور خەڵکی ئەو ناوەو ڕێبوار سوودی لەو خێرە وەرگرتایە لەپشتیەوە سوڵتان ساق هەیە، سوڵتان ئیسحاق کەجێگای نەزرگان ماوەتەوەو سەید محەمەدی سیانیش هەیە هەر لەوسنوورە، شارەزوور دەشتێکی بەپیتو بەرەکەتەو زۆرجار بەسێ جار زراعەتی لێ دەکرێت گەنمو پاشان توتنو پاشان شێلموچەوەنەرو شتی کەیش، هاتنی ئاوەکەی دەربەندیخان بۆ شارەزوور زۆری لەنگیو چەمی تانجەرۆو زەڵمو سیروان لەدەشتی عارەوانو یاشەمێرانەوە لەبن چیای زمناکۆوە بۆ تونی باوە عەمرە قەترەو نزیك باوەنورو کەلارو جەلەولاوە بۆ جەبل حەمرین یامە نسوریە، شارەزوورو هەورامان نزیکی (350) گوندەو قەڵەباڵغەو ناحیەکانی سیروان خورماڵ، سەید سادق، عەرەبەت، بیارە ئێستایش هەڵەبجەی تازەو زەڕایەنو شانەدەریو وەچەند جێگایەکیدیکەی هاتۆتە سەر، چیای زمناکۆ لەخواروو بالأمبۆو شنرویێو لەجوبی شەرقو هەورامان لەشەڕق سوورێن لە شیمالی شەڕق.. قەرەداغ لەغەرب.. کوڕە کاژاو سورچك لەجنوبی غەرب چیای سوورێن، یەکەم مەڵبەندی شۆڕشی نوویێ یان حوزەیرانمان بوو، سورێنو چەمی زەڵمولەهەورامان لەسەرەوە ئێلان پیێو رەنگین جیای دەکاتەوەو لەدیوی ئێران بەدرێژایی سنوورەکانی درزلی دۆڵە ناووسیاناو ئەسکۆڵێو کانی کەوەو پیرانو پیرانە کۆنو کانی چنارو دۆڵی بی جیای دەکاتەوە.. لەدیوی عێراق یا شیمالی سورێن توتمانی سەروو خواروو کوڕی گەپڵەو چەمی رەشانو بۆزان جیای دەکاتەوە بۆ کانیمانگا، کانی مانگا لەشۆڕشی ئەیلوول مەلا ئەحمەد ناوێکی لیێ بووە پێشمەرگەیەك بەناوی عارف عبد محمد.. تازە سەمینۆف هاتبوو ئەوێش پۆلیس بوو هاتووەتە ناوشۆڕش میلی سەمینۆفی لێ رادەکێشیێو دەڵێت کێی، دەڵێت مەلامانگای کانیئەحمەدم، سەرچاوەکانی بچووكو ئاوەکانی جێگا سەختەکانیچیای سورێن (2600)پیێ بەرزە لەهەندیێ جێگاو زۆر سەختە لە هەندیێ جێگای تر، جێگاسەختەکانی لەرەنگینو بۆ چادر سەوز دەست پێدەکات کەئەو ناوچەیە قەت بۆ دوژمن نەگیراوەو هەتا ئەسکەندەری گەورە یا مەقدوسی هاتووە نەیتوانیوە سورێن داگیر بکات، بانی شار یەکێکە لەو جێگە سەختانەی کەکاتی خۆی نصراللە بەگی لیێ بووە هەرکەسیێلەرژێمەکان قاچخ بووە وتویانە بڕۆ بانی شار واتا قوڵتەو بانی شار، قوڵتە تەیرێکە بەبازدان دەڕوات واتا بازێکی قوڵتە بدە دەگەیتە بانیشار، کانیەکانی وشکەناو، کانی رەنگین ئاوی ساردوو دووکانی هەیە یەکێکیان ناوی خاڵۆسانە ، رەنگین کوێستانەو هاوین جێگەی هەواری هانەی قوڵبوونەوە داری هەیەو ئاوەکەی زۆرەو شارەزوور لەبەردەستی دایە، کانی مەردالێ ئەشکەوتێکی گەورەیەو لەشارەزوورو قەدەفەریەوە دیارەو ئاوی تێدایەو بەگوریس سەردەکەوێت بۆی لەناوەوە گەورەیە، مەردالێ ئەویش سەختەودوژمن قەت نەیتوانیوە بیگاتیێ، کانی هانە ئەحمەد ئەویش زۆر سەختەو بەئاسانی هەموو کەس پیێ ی ناگا، کانی هەرمێلەو سیانیو کانی مرانو تاقە دارەکەی ملەی بانیشارو کانی نەیجەکولەو کانی دڵیاو کانی هانەدەرەو، (هانە.. بەلەهجەی هەورامی کانیە)، کانی هەرمێلەو کانی چنارەو بیرەکەی هەرمێلەی قەویلەو کانی دالأنیو کانی هەیانو کانی هەورامیوکانی دەرەکۆرەو کانی سیێ کوچکانو کانی مەنجەرو کانی کاکەوەیسو کانی توفیق بەگو کانی قایلە خانی لای دەرەگولأنو کانی گەچێنەو کانی حەیفی (لە مارەوە هاتووە) کانی ماری حەیفی کانی حمە مراد چاوش کانی سەرسیامێوەو کانی کۆڵێتەو کانی شێخ عەتاو کانی سێفی کۆنو کانی کەچەڵو کانی رێگای تازەدیێو کولیتانو کانی شەخەڵە زۆربەی ژیانی پێشمەرگایەتیمان لەو سەرکانیانە بووەو کانی مەریاوەکەو کانی کەیش هەبوو بەهاراو پێش بوو لەزۆر جێگاو دوای بەهار وشکی دەکرد زۆرجار لەسەر ئەوکانیانە بووین کانی قەڵاو زۆرکاتی تر، لەسەرەتای شۆڕش زۆرجار خەڵکی شارەزای ناوچەکە کەدەکەوتنە پێش عەسکەریەو پێشتر دەچوونە سەر ئەو کانیانە بەدوای پێشمەرگەدا

بەهەلیکۆپتەر، شەڕی بانی بنۆك و شەڕی میری سوور دووشەڕی گەورە بوون کەدوژمن ترسا بەئاسانی روو لەسوورێن نەکات و سوورێن بوو بەبارەگای دائیمی حزبی سوسیالیست و لە سالّی هەشتاکانەوە هەموو بەرەی جود لەو مەقەڕانە بوون و ئێستا زۆربەی ئەو کانیانە باسمان کرد مەقەڕی حزبی سۆسیالیستی لێ یە، هەرکەسێ سوورێنی بەدەستەوە بێت هەموو شارەزوور لەژێر چاودێری ئەودا دەبێت جارێك لەسالّی 1976دا مانگی هەشت بوو من و کاك عەلی شیعەو کاك حامیدو کاك شەوکەت و دکتۆر رەزاو کاك رەووف و کاك محمد حاجی سابیر بووین پێکەوە چووین بۆ سەر کانیهانە ئەحمەدەو لەدەرەکۆرەوە ئاومان برد بەمەتارەکان و بەرێکەوتین، من لەسالّی 1963دا چووم بۆڕاو لەگەلّ باوکم و کاك حاجی عبدالله‌وحەمەرەشید عەبدولی بانی شار ئەو کاتە من منالّ بووم چوبووم لەگەلّیاندا هەر بەفکر جێگاکەم دەزانی و لە خوارترەوە چووین کاك عەلی شیعە ناوی قادر بوو لەشۆڕشدا بانگم کرد کاك قادر وەلامی دایەوەو چیاکەی ئەوبەر ووتم ئاوەکەت دۆزیوە وتی ئاوەکەت دۆزیوە وامزانی کاك قادرە وتم ئاوەکەم بخۆمەوە واتێگەیشتم ئەو کانی دۆزیوەتەوە منیش هەندێك ئیحتیاتم کردبوو بۆ ئاو لەکاتی پێویستدا ئاوەکەم خواردەوەو دوای نیوسەعات کاك علی بانگی منی کرد وتی ئاوەکە لەکوێیە زۆر ماندووبووم کەئاوەکەی نەدۆزیەوە ئەوەندەی کەیش هیلاك بووم و بانگم کرد لەسەرەوەیە ئاوەکەی دۆزیبووەوەو دلّی خۆش بووهەموویان جێمابوون، من 20مەترێك هەورازم مابوو کاك علی مەتارەکەی پڕکردبوولەئاو هات بەدەمی منەوە ئاوی بۆ هێنام زۆرم تینووبوو..زۆر دلّخۆش بووم و هاتوو وتی جەماعەت چیان لێهات وتم نەهاتوون وتی خۆئەوان هەمیشە بەتۆیان ئەوت بەنازو نیعمەت بەخێوکراوە بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشیە ناگرێت وتی من تواناو ئیمکانیەت و مقاوەمەی تۆدەزانم..جارجار ئێوارە دەی کردم بەحەرەس کەسم هەلّنەدەستاند تابەیانی رۆژ دەبۆوە تەنها من لەناویاندا هەمیشە لەگەلّ ئەو حەوت هەشت کەسە رێك بووم و هەمووی لەماندووبون و ناخۆشیەوە لەیەك عاجز دەبوون بەلام هەردوای چەند سەعاتێك ئاشت دەبوونەوە، رۆژێك کاك علی شیعە بەکاك حامیدی ووت لەورێگاوە مەڕۆ لەم لاوە بڕۆ کاك حامید سووربوو لەسەر قسەی خۆی.. ووتی ئەگەر بەو رێگاوە بڕۆیت یەك سەلّیەت پێوە دەنێم، کاك حامیدیش ووتی منیش یەك سەلّیەو سەیری لولەکەی کرد بڕنەوەو وتی یەك فیشەکت پێوەدەنێم و هەردووکیان دەستیان کرد بەپێکەنین و کۆتایی هات، رۆژێك کاك حامید لەپشتی دەرەی مەڕ بەحەربە چالّمان لەزەویەکە دەکرد بەقەدەر خۆمان هەم بۆ قایمی و هەم بۆسەرما چونکە هیچ نەبوو لەزەویەکەدا بەخۆمانیدا بدەین.. بەردێك بەر بووەوە تا لای کاك حامید دای لەمەتارە ئاوەکەی کاك حامید هەندێکی لێ قوپاندو کاك حامید جنێوی زۆری بەکاك تۆفیق داو دوای یەك سەعات کاك توفیق ووتی کاك حامید دایکم بەلەزەت بوو نمەکی کوێرت بکات چەند جار چای بۆ تێکردویت وەکو کوڕی خۆی سەیری کردوی کاك حامید وازی هێنابوو کاك توفیق هەر وازی لێ نەدەهێنا واتە هەموو شتەکان بەبرایانە دەڕۆیشت.. لەسەرەتادا بڕیار درابوو هەرکەسێ سێ جار ئاگادار کرایەوەو وازی لەدوژمنایەتی کوردو شۆڕش نەهێنا ئەوە سزای کوشتنی بەسەردا بدرێت، شەوێك دوو کەس رژێم ناردبوونی ئەو شەوە من لەشارەزوور بووم لەهەموو ناوچەیەکەش یەك مەرفرەزە بووین بەناوی مەفرەزەی هەورامان وشارەزوورەوە بەلام هەموو یا زۆربەی کوردستان لەشلێرو شارباژێرەوە دەگەڕاین، مەحمود گەرمیانی لەرێگای برادەرێکمان بەناوی نەسرەدین حاجی صدیق مەلاوەیسەوە هاتبوو بۆدەرەوە ئەو شەوە ئەحمەد شێخ عارف جۆمەرەسی هاتبۆوە لایان پێیان وتبوو تۆ نەقلّ بوویت بۆمەفرەزەی هەورامان دوای یەك سەعات هاتبوونەوە بە ئەحمەد محەمەدنادر کۆلّەڕەشی دوانزەئیمامی سەروو وتبویان تۆ نەقلّی بۆ مەفرەزەی هەورامان وادیار بوو محمود گەرمیانی گوێی لەقسەکان ئەوان ببوو بۆیە ترسا بوو سرەی ئەویش بێت بۆ مەفرەزەی هەورامان ناوی نهێنیەکەی فتاح بوو، لەدلّی

خۆیدا سرەی ئەوەو ئەوان كوژراون‌و هەرچی گەڕابوو پێڵاوەكانی نەدۆزیبۆوە بیكاتە پێی وە بەپێی پەتیش توانای راكردنی نەببوو وتبوی ئەمانە راست دەڵێن خەڵكی دەكوژن بڕیاری وابوو هەربڵێن تۆ نەقڵی بۆ مەفرەزەی هەورامان جنێویان بداتیّ‌و لەدەستیان هەڵ بێت چەند توانی بێتە دواوەو بیكوژن باشترە وتی گەڕانەوە تا دەمەو بەیان هەرچاوەڕیّ بوو عەریف محمود بەفتاح بڵێت هەڵسە تۆ نەقڵی، ناوی نرابوو فتاح لەمانگی 9ساڵی 1978داكوڕێك بەناوی ئومێد هاتە لامان لەرەزڵەی شارباژێر ببێت بەپێشمەرگە دوای تەحقیق ئێمە نەمانكرد بەپێشمەرگە وادیاربوو حەزی لەكچێك كردبوو دەیوست بەو رێگایە دەستی بكەوێت‌و دوای دوو رۆژ ئێمە ئیزنماندا‌و گەیشتبووە لای كاك مستەفا چاوڕەش لەویّ لێیان دابوو وتبویان بۆ كوشتنی كیّ هاتوویت‌و دوایی كوشتیان، هەندێك لەبرادەران دەچوون لەخەڵكیان دەدا بەتایبەتی ئەوانەی ئەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی كەزۆر منداڵ بوون، بەزۆر لێیان دەدان بۆ ئەوەی بڵێن بۆ كوشتنی كاك مەلا بەختیار هاتووین دەبێت واش بڵێت یا كاك جەمال عەلی باپیر یا كاك سیروان تالەبانی دووبارە بەوە خەڵكی زۆریان دەكوشت كەهەندێكیان موستەحەق نەبوون، من بەدرێژایی شۆڕش (3) كەس خۆیان هاتن وتیان حكومەت داوای لیّ كردوین بەهەرچۆنێك بێت دەست بوەشێنین‌و یەكێكیان زەهری هێنابوو یەك دەمانچەی هێنابوو یەك چەكی هێنابوو بەڵام برادەران زۆر حەزیان دەكرد بڵێن ئێمە زۆر گرنگین بۆیە رژێم واهەوڵی خەڵك ناردنمان بۆ ئەدات‌و واشیان پیّ خۆش بوو بڵێن خەڵكیان كوشتووە لەناو زۆر مەسئولیندا هەبوو.. رۆژێك شێخ عەلی‌و برادەران باسی ئەوەیان كرد حەمە شەمێرانی حەقی كوشتنی هەیە منیش پێم ووتن بۆ..ووتیان دەیەوێت ببێت بەجاش ووتم ئێستا بەئاسانی دەتوانین رەشەی صالح كەلە 1963وە جاشە بیكوژین ئەگەر موستەحەق بێت رەشە موستەحەقە، حەمەشەمێرانی 14ساڵ پێشمەرگایەتی كردووە، ووتیان رەشە هەر جاشە لەوەی زیاتر لەدەست نایەت بەڵام حەمە شەمێرانی ببێتە جاش تەئسیری زیاترەو لەوانەیشە لەدواڕۆژدا ببێتە دوژمنمان لەگەڵ قیادەمۆقەتە.. قیادەی كۆمەڵە بەگشتی و كاك نەوشیروان بەتایبەتی هەوڵی دەدا دوژمن‌و ناحەزەكانی ئەوكەسانەی كەئیشیان پێكردووەو خەڵكیان پیّ كوشتووەو پێویستیان پێیەنەماوە وەكو وریا سورو زۆری كە بەكوشتن لەناوی بەرن، نوری حەمە عەلی‌و صدیق ئەفنی‌و تالیب رۆستەم‌و عومەر ئاوەكەڵەیی‌و عەبدوڵاسوورو كاكە سوری قوریتانی‌و مام ئاراس‌و (10) پێشمەرگەو عزیز حەمەصالح‌و هەندێكیش لەكاتی شەڕدا لەدژی رژێم لەدواوە دەكوژرا وەكو ئیسماعیل گەورەدیّ‌و دلێر جاف‌و هیتروو ستاری سەعید خەلەف‌و بلەی حەمە خۆشە، لەوبارەیەوە چەند كەسێكی كەیش لەترساهەڵاتن بۆ بەغداد یادەرەوەو داوای پارەیان لیّ دەكراو یا هەڕەشەی كوشتنیان لیّ دەكرا لەناو كۆمەڵەو یەكێتیدا.. سەرەتا كاك مەلا بەختیار باوەڕی بەتەسفیەی جەسەدی هەبوو، مەجید هەیبەیی‌و جەماعەتی قادری حەمەصالح لەكانی ژنان‌و تەنانەت حەرەسەكەی خۆی سەلام كەخەڵقی خانەقین بوو كاك مەلا بەختیار كوشتنی، لەقەرداغیش زیاتر لە (97) كەس لەماوەی دووساڵدا واتە 1977-1978دا لەو سنوورە كوژران بەبیّ مەحكەمە، بەڵام دوای ئەوان كاتێك مەركەزی حوكم كەوتە ژێر دەستی كاك نەوشیروان بەشێوەیەكی فراوانتر دەستی پێكرد دەیوت ئەگەر داوای پارەتان كرد لەهەركەس نەیدا بیكوژن.. نامەیەكی سەركردایەتی ناوخۆی لەسلێمانیەوە لەساڵی 1978تەوە بۆ من هاتووە دەڵێت داوای پارەمان كردووە لەعیرفان حەمەی فەرەجە فەنی پارەی نەداوە بۆیە بەپەلە هەموو شۆفڵ‌و گەڵاپە كاردەكەن لەلای كانی پانكەی شارەزوور زێرینجۆ وقاڵجۆ غەسالەیان هەیە بیان سوتێنە بۆ ئەوەی بترسێت‌و پارەمان بداتیّ من ئەو كارەم نەكردوو وتم ئەوە غەڵەتە داوای لیّ دەكەین دەتوانین بیانگرین تاپارەكە دەهێنێت نەك سوتاندن پێی رازی نەبون‌و ئێمەش نەمانكرد، من باوەڕم وابوو كوشتن چارەسەر نیە نە چارەی دەكات هەوڵی چاك كرد یان سجن

بدەین بۆ ئەوخەڵکانەی پەشیمان ببێتەوە باشترە نەك کوشتن، کوشتنی ئینسان زۆر ئاسان نیەو مەگەرکەسێك زەرەری لەمیللەتەکەو لەشۆڕش زۆر گەیاندبێت، ئەگینا مندالێك دێتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی ئەتوانیت نەیکەیت بەپێشمەرگەو نەیکوژیت، بۆ نمونە شەهید حەمە رەش چووبوو بۆ پێشمەرگایەتی بۆقەرداغ.. شەهید سیروان و برادەرانی قەرەداغ خەریك بوو بیکوژن، لەدەستیان هەڵهاتبوو هاتە لای ئێمە لەسورێن نیشانی خۆی ووت و ناسیمان کەلای شێخانی کربچەنەوە هاتووەو کردمان بەپێشمەرگەو کوڕێکی باشی لێ دەرچوو لەشەڕ بەشداربوو دوایش کەزانیان سالی بەرێ کرد لەپێشمەرگایەتی مایەوە دڵخۆشیان کردبوو بۆ قەرەداغ و منیش بەنارنجۆك ئەندازەیەکەوە نەقلم کردەوە بۆ قەرەداغ و بوو بەسەرتیپی سەگرمەو کوڕێکی ئازاو لێهاتووی وای لێ دەرچوو لەئەنفالەکانیش دەوری هەبوو لەمانەوەی لەو ناوچانەدا لەبیرەوەریەکانی خۆیدا ئەوەی نوسیوەتەوەو لەکەرتی یا مەفرەزەی عومەر قاینجەیی بوو، شەهید بوو دوایش ئەویادەی بۆ کرایەوەو ئەو کوڕەی لێ دروست بوو.. بۆیە کوشتنی چارەسەر نەبوو خۆ حەمە رەش بکوژرایە ئەو شۆڕشگێڕەی لێ دەرنەدەچوو برادەرکانم رەئیان وابوو لەهەرگوندێکی شارەزوورو هەورامان و سورێن کەسێك بکوژین بۆ ئەوەی خەڵك بترسێت من دژی ئەوەبووم هەندێك لەبرادەران لەدوای تۆڵەی کۆندا دەگەڕان من هەوڵم ئەدا ئەو شتە نەکەن لەوانە کوشتنی حمە رەشید دەروێش عەبدوڵا لەپیرسی سەروو کوشتنی مستەفا کۆکۆی و براوباوکی لەکۆخەکەی مامە لەتیف لەسەر چەمی سیروان لای تەوەنەوەل، کوشتنی تاریق حاجی خوارەحم لەتەپە گوڵاوی یا لە لامەرکەزی لەسەر دوژمنایەتی کۆنی کاك شەوکەت و کاك حامید لەگەڵ ئەوە کوشتنی کوێخاتوفیق لەهەڵەبجە، ئەمانە جگە لەمەسائلی عەشائیری کەلەپەنای شۆڕشدا دەکرا شتێکی کەی لەسەر نەبوو، وەسەدان کاری تریش کەنزیکی کوشتنی دەکردوە، ئەوە کارێکی وای کرد کەخەڵکی ناوچەکان هاوکاری ئەو مەسئولانە نەکەن، وەئەگەر چەند سەعاتێك لەهەرجێگایەك بونایە جەیش و جاش دەهاتە سەریان، ئێمە کەمەشغولی لێدانی حکومەتی عێراق بوین ئیشەکانمان غەریب نەبوو ئیخبار نەدەکراین و وەخەڵکی زۆریشمان لێ کۆدەبۆوە.. ئەوانە کاك شێخ علی مەسئولیان بوو بڕیاری لەدەست ئەوبوو هەندێکیان وەتەقەیش لەچەند کەسێکی کەیش کراو کوشتنی چەند کەسێك لەلایەن مەحمود گەرمانی وعومەری قالە قوڵباخ تەسلیم بوونەوە بەرژێم کەبەپارە فایق مامۆیان لەمحمود خانی شارەزوور کوشت.. کوشتنی سێ ئەحمەد ناو بەبێ تەحقیق بەناوی ئەحمەد خەیاتەوە هەرجارە بەهەڵە یەکێکیان دەکوشت سێیان کوژرا هێشتا ئەحمەدە ئەسڵەکە هەر بەرنەکەوت.. کێشەی شێخەکانی توتمان و کوشتنی شێخ عوسمان ناوێك بەلام رژێم هەولی ئەدا گومان لەناو ئێمە دروست بکات لەرێگای حمە کۆڵنەدەرەوەو فایق حاجی ئەحمەدی مستەفای نەگریس لەخورماڵ کەمەسئولی مونەزەمەی بەعس بوو وەکو پێشتر باسم کردبوو کەلیژنەی دەستە چەکدارەکان نامەیان ناردبوو من چەك بکەن یابمکوژن.. بەلام تۆفیق رەحیم نامەکەی بەشێوەیەك لەشێوەکان نیشانی منی دا بۆ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت ئەوبرادەرانەی شار بەهەڵەدا چوون کەم یازۆربەی پێشمەرگەکان لەگەڵ من بوون و دووهەم لەسنووری ناوچەی دەوروبەردا دەژیان کەجەماوەرەکە بەبۆنەی منەوە هاوکاریان دەکردو یا ئەوبرادەرانەی لەمنەوە نزیك بوون نەك منیان بۆ چەك نەدەکرا بەڵکو ئەگەر منیان لەگەڵ نەبوایە ئەوان کەسێکی وایان نەدەماو رووت دەبوونەوە، هەرچەندە ئەوە چەند جارێك بەبیانووی ئەوەی کەرتەکەی من زۆرەو دەبێت دابەش بکرێت بەسەر کەرتەکانی کاك حامید وکاك شەوکەت و بارەگای قیادەدا یاکەرتی سێداو مەفرەزەکانیش دابەش بکرێن من بەهەموی رازی بووم، لەدوای دوومانگ من دەبوومەوە بە 50تا 60کەس و زیاتریش، دوا جار وتیان تۆ وەرە بۆ هەورامان نەچووم و وتیان باشە باجەماعەت بێت و تۆ لێرەبە هەموو پێشمەرگە لەگەڵ من مانەوەو شێخ علی توڕەبوو لەبانی شار:

چەکەکەت دانیّ و بڕۆرەوە، منیش پێم ووت: من چەك دانانێم من پێشمەرگەم و ئێوە دەتوانن دانیشن و پێشمەرگایەتی نەکەن.. دوایی تۆفیق و برادەران هاتن منیان ئاشت کردەوەو واتێگەیشتبوون من رەد فعلم دەبێت بەڵام من لام ئاسایی بوو ئەوشتانە زۆر لام گرنگ نەبوو تا ئەوان هاتنەوە ئێمە دەیان پێشمەرگەو دەسکەوتمان بۆ شۆڕش پەیداکردوو دوایش شەهید علی شیعە رژێم دەرمانی ناردبوو دابویانیّ ماوەیەکی زۆر چاوی نەی دەبینی لەگەڵێنە لەماڵی کاك حاجی صالح و کوڕەکانی دەیان شاردوەو تاجارێك چووەوە پاشان بەناو سەردانەوە ناردیان بۆسەفرەو زەروون ئەوکات کاك عەلی و کاك ئارام لەویّ بوون، کاك ئارام ناوی (شاسوار جلال)بوو کاك بەکری حاجی سەفەریش ناویان نابوو سەردارو کاك نەجمەدین عزیز ناوی سالاربوو کاك ملازم عومەر ناوی رەنجبەربوو کاك حکمت محمد کریم ناوی ملا بەختیار بوو کاك خولەی جگەریش ناوی نەبەزبوو حامید حاجی خالید ناوی دلێربوو کاك شەوکەت مەلانوری و شەهید رەووف حمە رەشید وکاك صالح عوسمان کاك شێروان وکاك نەوشیروان و لەجیهازدا زۆرجار مولودو مستەفا ناوی جیاجیا ناو شۆڕش بوو، (مام جەلال)یش ساڵی 1977 لەدوای ئێمە گەڕابۆوە ئەوانیش هەریەکە لەشوێنێکەوە هاتبوونەوە ناوی (حمە وەیس) بوو، کاك علی و برادەران و کاك رەسول و دکتۆر محمود هەموویان ببون بەمەفرەزەیەك و عەبەی مەلای گۆرانی بێژوو هونەرمەندیان کردبوو بەئامر مەفرەزەی خۆیان و حەرەسیاتیان دانابوو مام جەلال رادیۆی لەندەن بەشی ئینگلیزی کردبووەوە عەبدولای مەلا ووتی حەمە وەیس رادیۆکە بکوژێنەوە، ناڵێن ئەم پێشمەرگەیە لەکوێوە فێری ئەم ئینگلیزیە بووە لەدەوری شنۆو گوندەکانی شێخان و بۆلای زێوەو ماشکان تاگەڕابوونەوە خانویان بۆ نەکرابوو چووبونە خانوەکانی قیادەموەقەتە کەئێمە لەگەڵ کاك نەوشیراون و کاك عومەر چووین و دەرمانکردن و راومان نابوو خانووەکان خانوی فازل جەلال بوو (عادل) ملازم ستاریش جارجار لەویّ دەبوو ملازم ستار سەرەتا کۆمەڵەبوو لەگەورەدیّ، کاك علی عەسکەری قسەی پیّ کردبوو لەسەر ئەوە چووبووە ناو قیادە موەقەتەوە، ئەو خانوانە بوو بەمەکتەبی سیاسی مام جەلال و کاك عەلی لەویّ دەوامیان دەکرد، کاك ئازاد هەورامی (عادل) لەبەگەکانی لهۆنی هەورامان لەهۆن بوون و ئامۆزاو کەس و کاری لەخانەگای پاوەی ئێران بوون پیاوێکی شارەزاو لێهاتووبوو گورج و گۆڵ بوو بەڵام تەمەن و جسمی یارمەتی نەئەدا وەکو مەسئولێکی ناوچەکە لەناو عەشایەرو گوندو خەڵك دا ناوو مەسولیاتی هەبێت، سەیری ئەوەیان دەکردو چەند تەمەنی هەیە چاویان بۆ ئەوە دەگێرا کەتەمەنی لە 40ساڵ سەرو ژوور بێت لەش و لاریشی یامەتی دەدا بۆ مەسئول سایکۆلۆژیەت و کوردەواری وایە لەکوردستاندا ،تائەوەمان کرد هێزی کەشمان بۆهات، بەڵام شێخ عەلی وکۆمەڵێك لەکادرەکان چون بۆلای مەریاوەکەو ئەشکەوتی هەورامی و وتبویان ئێمە سەرکردەین و دەبێت دووربین لەشەڕەوە، هەروەها وتبوویان ئێمە کاکڵەی شۆرشین.. ئەگەر تیاچین ئەوا شۆڕش نامێنیّ.. هێزەکەی دوژمن زۆر بوو ئێمە شەڕمان دەست پێکردبوو هێزەکانی لای کاك شەوکەت و کاك شێروان و کاك رەووف هاتن و شەڕ لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکرد لەمەنجەروبانی هەواودەرە گولان و رێشێن و میری سوورو کانی میران دوای دووکاتژمێر من چومە خوارەوەو لەهەموو لایەکیشەوە هێرش دەستی پیّ کرد، دووژمن شکا زۆر خراپ لەپشتی چاوگی ریشێنەوە من و محەمەد شیرەمەڕی کەوتینە ناو سوپای رژێم بەڵام سوپامان شکاند زۆر خراپ.. تەرمیان لیّ بەجیّ ما کاك رەووف خەلیفە سەعیدو ئەوان گەیشتنە لامان شەهید حمە ئەمین خلیفە قادرو کاك حمە رەشید علی شەریف و کریم ابراهیم بەگ و صالح مامەقالەودەیان کادری تر بەشداریان لەو شەڕەدا کرد.. دوژمن 7 کوژراوی بەجیّ هێشت.. جگە لەوەی چەند کوژراوێکی تریشی بردەوە هەروەها ئوتومبیلێکی لاند گرۆزەری بەجیّ هێشت وعەلی حاجی حمە شەریف کەملاحق زراعی سەیدصادق بوو بەبریندراری کەوتە دەستمان ئەگەرچی تاریکی کردبوو،

بەلام بەدوای سوپاکەدا رۆیشتین و تا لەریشێنیش چونە دەرەوە... چەك و فیشەکێکی زۆرمان دەستکەوت لەوشەڕەدا.. خەڵکی گوندی ریشێنیان هەموو پیاوەکانیان لەماڵەوە سجن کردبوو کەئێمە چووینە گوندەکە وتمان پێشمەرگەین و جەیشەکە شکاوە وەرنەدەروە بەلام خەڵکی باوەڕیان نەدەکرد وایان دەزانی هەر جەیش لەوێ ماوە دوایی کاك رەووف بەسواری گوێ درێژیك عەلی حاجی شەریف کەڕانی بریندار بووبوو ناردیەوە بۆسەید صادق.. ئەو شەڕەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆشۆڕش و ورەی جەماوەرو پێشمەرگەی بەرزکردەوەو هەربۆیە خەڵکمان لێ کۆدەبۆوە، لەوشەڕەدا دوو پێشمەرگەمان بریندار بوو (حەسەن کوڕپەو سالار کەناسراوبوو بەشێرکۆ) هەردووکیانیش دەستیان بەرکەوتبوو هەرلەوکاتەدا دەمانویست چارەسەریان بکەین کەچۆن تیماریان بکەین چوینە گوندی چنارە بەدۆشاوی تەماتە تیمارمان کردن لەماڵی کوێخا عوسمان لەچنارە.. هەرهەمان رۆژی شەڕەکە 1977/2/19چاومان لەجێبێك بوو ئەرۆیشت بۆ بانی شار شەو خەبەریان بۆ هێناین کە ئەو جێبە خەستەخانە بووە لەگەڵ داوو دەرمانە هێنابویان بۆ بانی شار.. بانی شار لەژێر دەسەلاتی ئێمە دا بوو بریندارەکانمان نارد بۆ بانی شار بۆچارەسەرکردن وەلەوێ مانەوە تاچاك بوونەوە، هەموو چوینە بانی شاروئەم سەرکەوتنەش بووە مایەی زیاتر بڕوابەخۆبوون و رێگای خەباتی بۆ ئاواڵە کردین.. هەرلەوێ لیژنەیەك پێك هێنرا بۆ سەرپەرشتی کردن و فرۆشتنی کەرەستەی تراکتۆرەکان بۆ شۆڕش، کەبریتی بوون لە دکتۆر رەزاو، حمە رەشیدی علی شەریف و حمە رشید مرواری.. ئێمەش برادەرانمان بەجێ هێشت وادیاربوو لەکەرەسەکان بایی 10تا12هەزار دینار فرۆشرابوو.. دوای ئەوەش کاك سالار سەرێکی لەوناوە داو ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی خۆش بوو بۆ پێشمەرگەش باش بوو جگەلەوەش زۆر لەتراکتۆرکان خەڵك بردی.. پاش چۆڵ کردنی میری سوور سێ تراکتۆرمان لەچاڵەگەنمەکانی میری سوور دۆزییەوە کەمام والی حاجی عارف و حاجی رەزا لەوێ شاردبویانەوە تائێستاش پارچەی تراکتۆرو سەیارە لەوێ ماوە...،رۆژی 1977/2/27لەگوندی گردە ناوێ من و کاك رەووف لەماڵێکدا بووین لای باڵانبۆ بەفر دەباری، خاوەن ماڵەکە هەرژنەکەی لەوێ بوو، پێی وتین پیاوێکی پێشمەرگە لەدەروەیە ئەلێت مۆڵەت هەیە بێمە ژوورەوە ووتمان بابفەرمێت کەبینیمان هاتە ژوورەوەو قاتێ شاڵی لەبەربوو برنەوێکی پێ بوو تاقم و قەدی فیشەکی بەستبوو جامانەشی دابوو بەبناگوێداو هاتە ژوورەوە بەگەرمی بەخێرهاتنمان کردو ووتی..ئۆخەی ئەمجارەش پێشمەرگەم بینی و هاتمەوە ناو پێشمەرگە من یەکسەر ووتم تۆ کاك نادر هەورامیت ووتی بەرێ وەلا ئەوم.. کاغەزی کاك جەمیل مەلا مەستەفای کۆکۆیم پێیە بۆکاك شێخ علی، ئێمەش زۆرمان پێ خۆش بوو کەهاتۆتەوە کاك نادر پێشتر فەرماندەی قوەی سیروان بوو.. باسی ئەوەشی بۆ کردین کەچۆن لە(ئاراك) رایکردووەو لەئێرانەوە بەقاچاغی و تفەنگەکەی لای برازایەکی لای بیارە شاردۆتەوە ئەوەیش بۆ لای کورد هاتووە ئەیوت ئێران ناخۆشە.. لەپاشان دەرکەوت ساواك بەرێی کردبوو، قسەکانی وانەبوو کەئەی گێڕایەوە، پاشان چووە لای شێخ عەلی و کاك سالاریش لەوێ بوو لە مۆدرێن.. بەیانیەکەی کاك نادرمان بردوو چوینە مۆدرێن و لەو کاتەشدا عینایەت حمە صالح تەنها چەکداری پارتە کارتۆنیەکەی عزیز عەقراوی بوو، لەهەڵەبجە لای حمەی حاجی عەلی مایجان و ئەحمەدی سەید محمود بوو کلاشینکۆفێك و دەمانچەیەکی هێنابوو بۆ ناو شۆڕش و کەئەمەش بۆ یەکەمجار بوو چەکی حکومەت بفڕێندرێ و بگاتە لامان.. بوو بەتەقە لەوکاتەدا کاك نادروعینایەت پێکەوە گەیشتنە مۆردێن و چنار عینایەتیش وای دەزانی لەخۆشی ئەودایە تەقەکان، کاك نادر وای دەزانی لەخۆشی خۆیدا تەقەدەکەن... بەلام لەراستیدا تەقە بۆ هەردووکیان بوو بەلام زیاتر بۆکاك نادر بوو چونکە پیاوێکی ناسراوی ناوچەکە بوو لەساڵی 1962 وە پێشمەرگەبوو لەعەریفی جەیشەوە گەیشتبووە ئامر قوەیی.. کاك داوای دەکرد کە تەقە نەکەن و تاماوم مەمنونی ئەو رێزەی ئێوەم

هەرگیز لەیادم ناچێ کاك سالاریش بەوبۆنەیەوەچوار پێنج مەڕی سەر بڕیو حفلەیەکی سازکرد لەچنار عەبدوڵای مەلای هونەرمەندیش بۆ کردین بەئاهەنگێکی خۆش عەبدوڵای مەلا دەنگی زۆر خۆش بوو لەگەڵ دەنگی حسن زیرەك زۆر فەرقی نیە، وەکوڕی مەلا ئەحمەدی قازی پێنجوێنیە.. پاشان لەگەڵ کاك سالاروبرادەران چووین بۆ گوندی نەیجێلەو لەو پێگەو کۆساواو هاوارو تاوێرە لەمزگەوتی گوندەکە بووین کابرایەك هاتو وتی دەبم بەپێشمەرگە.. منیش پێم وت ئیشت چیە. هەندێ پرسیارم لێکرد، کێ دەناسیو کێن کەسو کارتە تابێ بەکەفیلت وتی: من گاوانی ئەو گوندەم. گاوانی بۆ گاورەشە وڵاغ دەوترێت.. نەباوکم هەیەو نەبراو نەخزم جگە لەدایکێکی پیر نەبێو ئێوارانیش لەماڵان نان کۆدەکەمەوە بۆ خۆمان ، منیش پێم ووت تۆ بەکاری ئێمە نایەیت یادەبێ کەسێك بێتە کەفیلت.. کاك سالار هاتو وتمان ئەو برادەرە هاتووە ببێت بەپێشمەرگە، بەڵام ئەڵێت کەسم نیەو کەسیش ناناسم.. ئەویش بەهەمان شێوە لێی پرسیو دیسانەوە وتی.. من گاوانو کەسیش ناناسمو کەسم نیە.. کاك سالاریش وتی.. ئەوە بکەن بەپێشمەرگە، منیش بەکاك سالارم وت. نایناسین.. وتی ئەمە پێشمەرگەیەو پاکەو خەڵکێکی زەحمەتکێشە ئێمە وێڵی ئەو گاوانو شوانو بێ باوكو دایكو بێ کەسو کارەین، ئەوانە موڵکی کۆمەڵەو مارکسیەتن.. هەرچیم وت بێ سود بوو وتمان چەکمان نیە خۆی نارنجۆکێکی پێ بوو وتی من ئەم نرنجۆکەی خۆمم بەسەو من هەر نانتان بۆ هەڵدەگرم بەس بمکەن بەپێشمەرگە لەگەڵ خۆتان، دوای گەشتەکەمان لەگەڵ برادەران کاك سالارو محمودی حمە خەجەو فایق حاجی فرحان گەڕاینەوە بۆ سورێنو رۆژێك لەگوندی نەوێ بووین خەڵکی گوندەکەش سەرقاڵی کشتوکاڵ بوون چوینە ماڵی حەسەن بەگو نەهاتن بەپێشوازیمانەوە.. کاك سالاریش تووڕەبوو قسەی پێ وتنونانی نەخواردو چوو بۆ مزگەوتو منیش لەگەڵیهەڵسامو چووین بۆ مزگەوتو وتی.. بمزانیایە کورد وایە هەرگیز شۆڕشم بۆ نەدەکرد، کاك سالار ئەیویست لەماوەیەکی کەمدا خەڵکی بیناسنو حسابی بۆ بکەن وەکو مام جەلالو عەلی عەسکەریو تاهیری عەلی والی، کاك عەلیو کاك تاهیر کەناسراوبوون هەرئەوەش بوو لەشلێردا بون لەشاویسی موریاسی دابوو (شاویس بزووتنەوەبوو) کاك سالار کۆمەڵەبوو پێیان وتبوو کە کاك سالار ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیەو دەبێت ئاشت بکرێتەوە حمەی حزب لەسەر شاویس قسەی بەکاك سالار وتبوو کاك سالاریش ئەیوت تا رەخنە لەخۆیان نەگرن من قبوڵی ناکەم حمەی حزبیش ئەیوت من رەخنە لەخۆم ناگرم کاك تاهیریش ئەیوت ئەبێ لەبرخاتری کاك سالار رەخنە لەخۆت بگری هەموویان حمەی حزبیان بەگیرهێنا.. حمەی حزبیش جافێکی کەلەرەقە قسە ناچوبەمێشکیا ئەیوت بەکەلامی خوا نایگرم.. نایگرم.. نایگرم.. دوایی ناچار پێیان گرتو ئەیوت ئەوە گرتم سالار بووی بەپاشا، ئیتر هەردوکیان ئاشت بونەوە.. بەهەرحاڵ لەمزگەوت پەتاتەی سوورو دۆشاویان هێناو خواردمان.. هەر ئەو رۆژەو لەمزگەوتەکەدا ژن بەژنی تێدا تەڵاق ئەدرا (ژنی صابری غەزان لەزەنگی سەر) لەگەڵ یەکێکی نەوێیە.. کاك سالاردەیوت بۆ کاتی خۆی مام جەلال لەپێشمەرگەی ئەدا منیش با لێی بدەم خۆ منیش ئەندامی مەکتەبی سیاسیم ئەیویست بەماوەیەکی کەم وەکو مام جەلال هەڵسوکەوت بکاتو لەناو خەڵکدا حسابی بۆبکرێت وکاك فایەقی حاجی فرحان خەڵکی بێوەك بوو لەشارباژێر کۆمەڵێ خزمی عەشائیری خۆی لەگەڵدا بوو بوو بەپێشمەرگە لەگەڵ کاك ملازم تاهیردا کاتێ هێرشی جەیش هات لەساڵی 1977مانگی پێنج ئەوان تحەمولیان نەکردو چونەوە دۆڵی گڵاڵ بۆ تسلیم بونەوە.. خاڵۆ حمەی شاویس ئەویش هەر چوچانی بوو ناردوبیان بۆ لای کوێخا رەحیمە خولە لەبەرزنجە یامۆڕیاس.. کاك حمەیش ئەوانی بردبوو نزیکەی 12کەس دەبوون لەنێوان میرمامو سلێمانە کونێکی لێ بوو کردبونیە ناوکونەکەوە ئەوناوەش هەموو جەیشی عێراقی گرتبووی لەبەرئەوە نەیاندۆزێتەوە بەردێکی گەورەی لەسەرکونەکە دانابوو خۆی

ڕۆیشتبوەوە لەبیری چوبوو کەئەوانی لەوێ داناوە دوای دووڕۆژ ئەکەوێتە بیری تائەڕوات خەبەر ئەدات بەموختارو بەحکومەت ئەگەڕێتەوە سێ ڕۆژی پێ ئەچێ دوای لەگەڵ موختار وزابتێکدا دەڕۆن بۆ شوێنەکەو دەیدۆزنەوەو ئەڵێ لەژێر ئەم بەردەیە بەسێ چوار کەس بەردەکە لائەدەن سەیر ئەکەن هەموویان بەحاڵ نوزەیان دەردێ لەبرساو لەتینووە چونکە ئەوسێ ڕۆژە هەرچی محاوەلەیان کردبوو بەردەکەیان بۆ لانەچووبو.. کەئەیانبەن بۆ لای ئامر هەمویان ڕەنگیان تیانیە وهەموویان ڕەنگیان زەرد بووە ئامر ئەڵی ئەمانەن ئەیانەوێ ئێمە بڕوخێنن بیانێرنەوە بۆ ماڵیخۆیان خوا ئەکات هەریکی تۆپێکیان هەڵ ئەگرت دژمان.. ئیتر لەوێشەوە بەرەو سیامێوە کاك سالار لەگەڵ کاك فایەق گەڕایەوە وەمنیش گەڕامەوە بۆ شارەزوور لەوێ کۆیان کردینەوە منو کاك سەرکەوتو کاك حامید بووین بەفەرماندەی کەرت وە کاك عەلی شیعەش نەخۆش کەوتبوو دەرمانیان پێدابوو، بەڵام کاك شەوکەتو کاك علی بیریان لەوە دەکردەوە کەئەو زستانە لەو شاخەدا بمێننەوە، زەحمەتەو بەهیلاك دەچین، چوینە ماڵی سید نیزام لەدەرەی مەڕو ئەویشیان ناردبوو لەگەڵ نامەیەك بۆ ماڵی بەرێز شێخ عوسمانی نەقشبەندی لەدوورۆ بەهۆی خزمایەتی کاك شەوکەت لەگەڵ کاك شێخ عوسمان تاپەنایان بدات تابەهار، ئیتر چووبونە ئەوێ ئەوانیش وتبوویان تا ساواك نەزانێ ناتوانین ڕێگاتان بدەین، لێرەن لەبەر ئەوەی تووشی موشکیلە نەبن.. بۆیە ئەوانیش نەیان ئەوێرا خۆیان تەسلیم بەساواك بکەن لەسەر ئەوە گەڕانەوە بۆکوردستانی عێراق.. دووجار ناردیان بۆلای من کەم بگەڕێنەوە بۆ لامان بەڵام کاك شێخ علیو دکتۆر ڕەزا ئەیانووت وازیان لێ بێنە با لەکوڵمان ببنەوە باهیلاك بن چونکە ئەوانە ڕوخاون بەڵام دوای 20ڕۆژ من ناردم بەدوایاندا هێنامانەوە بۆ دەرەکۆرەوسوڵتانی ساق لەسورێن، ڕۆژی 1977/2/20کۆبوونەوە بوو سەرلەنوێ بۆخۆ ڕێکخستنەوە لەئەشکەوتی سیرەکانی بانی بنۆك، بۆ دابەشکردنەوەی هێزەکانمان هەرچوارمان لەوکۆبونەوەیەدا کراین بەفەرماندەی مەفرەزە کەمن لەهەر هەموویان زیاتر بووم، هەردوو ماگ جارێکیش دابەشیان دەکردینەوە، بۆ دوو ڕۆژ دوای ئەو بەرواری لە1977/2/22کۆبوینەوە هێندەی نەمابوو پارچەپارچەبینو ئینشقاقمان تێ بکەوێت، کاك عەلی شیعەو کاك شەوکەوتو کاك شیروان بەجیاو کاك شێخ عەلیو عەلیشامارو مامۆستا سەرکەوت بەجیا.. لەوکۆبونەوەیە من نەبوومایە شێخ علیو علی شامارو مامۆستا سەرکەوتیان دەکوشت کاك محمد حاجی سابیریش لەوێ بوو، بەعومەر قالە گوڵباخو عەریف محمود کریم برایم بەگو ئەوانیان وتبوو تەقەیان لێ بکەنو بیانکوژن بەڵام من نەم هێشت ئەو وەزعە لەخرنوك رویدا ناویان نا کارەساتی خڕنوك بۆ کاك شێروانو کاك علی شیعەو کاك شەوکەت جیابوونەوەو بوون بەبزووتنەوە نامەیان بۆ کاك علی عەسکەری نووسی بۆ شارباژێر دوایی شێخ علی نامەی نووسی بۆ کاك ئارام.. ئێمە شەو گەڕاینەوە بۆ خڕنوك ئەوان بەرەو شارباژێر ڕۆیشتن قوەتەکەی ئێمە مایەوە لەگەڵیان کاك ڕەووف، کاك حەمە شیرە مەڕی، کاك حەمەی حاجی سابریش لەوێ بوو ئەوە لەنەتیجەی دوای شەری میری سوور لەبانی شار کرا ئەوکات سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێنابوو، کاك شێخ علی زۆر غرورانە قسەی کرد ئەیووت ئێمە ئەوانەین کەپێیان ئەووتین سەرچەورەکای ناوبازاڕو پیان ئەوتین چەقۆکێشەکانی بەر سینەماکان ئێستا خاوەنی ئەو هێزەین کەعیراقمان بەگیر هێناوە وەقسەی بەمەلامستەفاو پارتی زۆر ووت ئینجا هاتە سەر کاك علی عەسکەریو عومەردەبابەو کاك تاهیری علی والی ئەیوت ئەوانە قیادەی کۆنن نایەڵین بێنەوە ناوشۆڕش ئەو سەرکردە ژەنگاویانە شوڕشەکەمان لێ تێك ئەدەن ئینجا هاتە سەر مام جەلال.. خولە سوور لەوێ بوو پێشمەرگەبوو لەگەڵمان بەڵام لەدڵا پارتی خۆش دەویست بەڵام لەوکاتە لەوناوچانە نەبوو خۆیشی پیاوێکی ئازابوو وشارەزابوو بۆیە کەگەیشتە مام جەلال نەك لەسەر مام جەلال لەسەر ئەوەی زۆر قسەی بەپارتی ووت هاتە

جواب ووتی باشە کاك شێخ علی تۆ ماڵی مستەفاو پارتیيت نەهێشت ئەمجا هاتیتە سەر كاك علی عەسكەری و كاك تاهیرو كاك عومەر دەبابەت شۆڕدەوە بەوانیشەوە نەوەستایت هاتیتە سەر مام جەلال ئەیباشە كێ قیادەی كوردە ئەگەر تۆ قیادەی كورد بیت لەگەڵ ئەو مناڵەدا (مەبەستی ئەو مناڵە كاك ئازاد هەورامی) بوو یاوابزانن ئەم خەڵكە كۆبوەتەوە لەبەر خاتری تۆو سەركردايەتی بۆین كۆبوەتەوە (بۆین گوندێكە لەجێگایەكی سەختە لەنێوان گریانەو ڕێشاوو لای ناوچەی هاوار) لەوێ دەورەی كادیریمان هەبوو كاك ئازاد هەورامی كردبوويەوە گۆڤارێكیش هەبوو بەناوی (هەڵمەت یا هەڵۆی سوور) دەردەچوو قیادەی بۆین مەبەستی ئەو گوندەبوو.. ئیتر ئەو كۆبونەوە بو بەسەرەتای تێكچونی هێزەكەمان و دروست بوونی قیادەی مۆقەتە لەوناوچانە هەرئەورۆژە كاك شێخ علی قسەی بەئەحمەدی صالح خورشیدو مەلا تۆفیق زۆر وت كەهەردووكیان پێشمەرگەبوون لەگەڵمان هەر چەك و فیشەكیش بوو ئەوان ئەیان كڕی بۆمان یان پەیدایان دەكرد بۆیە نەتیجەی ئەو غرورییەی كاك شێخ علی وای كرد نەك هەر هێزەكەی تەفروتونا بوو خۆشی لەخڕنوك لەكاتێكدا لولەی تفەنگیان تێ كردبوو تەقەی لێ بكەن لەبەردەمی كاك شەوكەت و كاك علی و كاك شێرواندا زەعیف بوو هەرلەومانگەدا شەڕی میری سوور تازەكرابوو كاك شێخ علی هێزەكانیشی بەهی خۆی و كۆمەڵە دەزانی، لەوكاتەشدا ستاری سەعید خەڵەف ببوو بەقیادەی موەقەتە وە كاك نادریش بەتەنها لەگەڵ (شەهید بەكری) برای مەلاعومەری بانی بنۆكدا بوو چوبوونە شاربازێر بۆلای كاك علی عەسكەری و لەوێ چووبونە لای دكتۆر كەمال كەركوكی و چەك و یارمەتیان وەرگرتبوو دوابەدوای ئەوەش عومەر قالە گوڵباخ وچەند كەسێكی تر چوونە ناو (قیادەی موەقەتە)وكاك شەوكەت و كاشیروان و كاك علی شیعە نامەیان بۆ كاك علی عەسكەری ناردو وەزعەكەیان بۆ باس كردبوو، ئەویش وەڵامی نامەكەی دابۆوەو بۆمنیشی نووسیبوو، لەرۆژی 1977/3/22 نازانم لەخڕنوك بووین بڕیاریان دابوو شێخ علی و مامۆستا سەركەوت و علی شامار بكوژن لەوكۆبونەوەیەدا كا ك شەوكەت و كاك شیروان و كاك علی قسەیان بەكاك شێخ علی وت، وتیان وائێمە ئەچینە ناوبزووتنەوە.. عەریف محەمەدو كریم بەگ و كۆمەڵێكیان دانابوو زۆر هەوڵیان دا لەگەڵ من لێیان دووربكەومەوەو تەقەیان لێ بكەن، من نەم هێشت ئەوان لەرێگا عەریف مەحمودو ئەحمەد مەلا صالح و كۆمەڵێكیان چووبوونە ناو قیادەمۆقەتەوە هاتنەوە ناوچەكەی ئێمە كاك رەوف و كا شیروانمان نارد بۆلای كاك ئارام و ملازم عومەر... وابزانم كاك محەمەدی حاجی سابیریش بووتائەوەكرا، لە1977/5/18 هێرشی گەورەی حكومەتی‌عێراق بۆسەرمان دەستی پێكردوو ئێمە ئەورۆژە لەكانی ئاسكان بووین و بەرەو چنارەو ئەشكەوتی هەورامی و ئەو ناوە بەتۆپ لێیان داین و زیاتر لە 25هەلیكۆپتەرو هەزاران سەربازو سەدان تانك بەتۆپ و تەقەكردن كوێرانە كەوتنە بۆردومان كردنی ناوچەكان، لەدوورەوە ئێمەشیان دەبینی و تەقەیان دەكرد بەشێوەیەكی بەربلاو، چیای سوورێن سەختەو ئێمەش زیانمان نەبوو، بەڵام لەناوچەكانی كە زیان زۆرببوو.. بەجارێك(10)تانك لەپانتایی هەریەكەی 100مەتر بەدەشتایەدا دەگەڕان وئەوناوەیان دەپشكنی بەدوای شتومەك و پێشمەرگەدا دەگەڕان.. ئێمە هەوڵمان دا.. كەلەناوچەكانی كەش ئەوشێوە هێرشە دەستی پێكردوو هەر لەسنوری بادینانەوە تا گەرمیان و سنوری بەمۆ پێش ئەوەش شۆڕش بەهێز بوو لەزۆر ناوچەكانی كوردستان بارەگا كرایەوەو عەشائیر بەكۆمەڵ دەهاتنە ریزی شۆڕشەوە لەناوچەكانی شاربازێر، هەرلەشاربازێر قیادەی موەقەتە خەڵكیان كۆدەكردەوەو لەسنوری دزڵیش كاك نادر هەورامی و پاشان مەلا عومەر لەسەر سنوور لەدۆڵی دزڵی بارەگایان داناو دەست كرا بەهات و چۆ هێزی زۆری دوژمن زۆر دەبۆوەو سەرچیاكانیان تەنی، هەندێك ئازووقەوشتی كەمان پێ بوو وەك فەردەیەك برنج و هتد... پێشمەرگەیەكمان هەبوو ناوی قادر محەمەد بوو لەئەشكەوت هەورامییەوە بەكۆڵ فەردەیەك برنجی هەڵگرتبوو

تاسەرسورێن‌و لای تەنگەی شارەزوور، ئیتر هیچمان نەبوو جگە لەمەنجەڵێك چاوەڕێی گەڕانەوەی سووپاكە بووین سەیرمان كرد نەگوند نەدەشت‌و بەرزایی نەمابوو كەڕەبایەو سووپاو فڕۆكەو هەلیكۆپتەری پێ نەگات، تاهەموو ئەو دەشتەی گرتەوە ئەو پێشمەرگەو خێزانانەی لەبانی شاربوون لەگەڵ ئەوانەی لای كانیەكەش بوون لەدەرەی مەڕو ئەوناوە بەرەو لای ئێمە هاتن هەندێك شتمان پێ بوو ئێمە ..تابووین بە 40 كەسێك‌و كاك رەوف‌و كاك محەمەد حاجی سابیرو كاك شیروان‌و ئەوانەش لەوێ بوون‌و نان‌و شتمان لێ بڕاو هیچمان نەبوو. لەئێرانیشەوە كاتی شاە بوو رێگایان نەئەدا كە هاتووچۆ بكەین جگە لەقیادەی موەقەتە كەهاتوچۆی ناوئێرانیان دەكرد بۆ هیچ لایەنێك نەبوو بچێتە ئەودیوو.. وابزانم هەرلەوكاتەدابوو (شوكری الحدیپی) كرابووە بە بەرپرسی فەیلەقی یەك‌و سەركوتكردنی شۆڕش‌و كاولكردنی كوردستانی پێ سپێردرابوو.. هەرئەوبوو بەفڕۆكە لەبەغداوە بۆبارەگای فەیلەقی یەك بۆكەركوك هێنایان‌و (ئیسماعیل تاگر النعیمی)یش لە 1977/3/1 ئەویش بەفڕۆكە گەیاندبوویانە فەیلەقی یەك لەكەركوك‌و كرا بەبەرپرسی فەیلەقی یەك لەجێگای (شوكری الحدیپی) دیسانەوە بۆسەركوت كردنی خەڵكی بێ دیفاعی كوردستان.. رژێم خۆشیان بڕوایان وابوو كە درێغیان نەكرد لەوگوندانەش دەگەڕان بەهەلیكۆپتەر بۆ بچووكترین شت ئەگەر پێویستی كردباو هێزیان بۆ دەهێنا، كاتێ بوو هەمیشە 25هەلیكۆپتەر بەئاسمانەوە بوو، لەرۆژانی 20-5/21 زۆر بێ خۆراكیمان چەشت‌و بەفریش بوو.. ناوچەكەمان ساردبوو.. كاك حامیدو ئەوان لەبەری ناوچەی هاواربوون بەرەو سنووری ئێران‌و كاك شەوكەت محەممەد رەشیدو علی شەریفی لەگەڵ دابوو بۆبەرەو شارەزوور لای گوندی گێزە بەناوی شوانەوە خۆیان قوتاركردبوو، قیادەی مۆقەتەش لەسەر سنوور بەرەو قولایی ناوئێران‌و بۆدۆڵی قەڵخانی‌و ئەو دۆڵانە هەڵهاتبوون ئێمەش كاك رەوف‌و كاك محەمەد حاجی سابیرو مەحمود گەرمیانی ومام والی‌و كاك شیروان‌و دوایش كاك علی شیعەو ئەوانی تر هاتن‌و ئەو دووتاسێ رۆژە بەكری حاجی صالح گەچێنەیی‌و عوسمان وتیان ئەم خەڵكە وەزعیان زۆر خراپە لەبرسا منیش پێم ووتن بەڵكو بچن دووكەڵەكێوی بكوژن.. ئەوان وتیان كەڵەكێوی سێ چوار سەعاتمان پێ ئەچێ بەڵام ئەتوانین ورچ بكوژین دوو ورچ هەیە شارەزان‌و نزیكیان ئەخەینەوەو ئەیان كوژین لەدوای نیوسەعات دوو ورچیان كوشتبوو چوون هێنایان‌و گۆشتەكەیان برژاند زیاتر لە200 كیلۆ گۆشتی هەبوو خۆم رۆیشتم پارچە پارچەم كرد دەستیان كردە خواردنی ئەگەر ئەو گۆشتە نەبوایە برسێتی زۆریانی پەك خستبوو، ئەو دوورۆژە هەرهەموویان خوارد بەڵام من نەمخوارد لای ئەوانیش نەم وت كە نەمخواردووە.. ئێمەش شەوێكان ناردمان بۆ ئارد لەدۆڵە ناو پێیان زانی بوو لەترسی ئەوەی خەبەریان لێ نەدەن هەڵهاتن‌و برادەران تەنها 10كیلۆ ئاردیان هێنابوو دوای ئەوەش كاك عمری حاجی محەمەد كەخزمی كاك حاجی صالح گەچێنەی كە خزمەتگوزاری پیشمەرگەبوو هەمیشە لەگەچێنەی سورێن لای ئێمەش درێغی نەدەكرد بۆ خزمەتی پێشمەرگە.. شەوێ دووفەردە ئاردو دووفەردە شەكرو تەنەكەیە ڕۆن وفەردەیەك برنج‌و دوو بارنان‌و ئەوشتانەی بۆ هێناین.. ئاردو شەكرمان لەمەنجەڵدا تیكەڵ كردوو كردمانە ئاردەواو حەلوا هەرپێشمەرگەیەك بەشی خۆیمان بۆ دەكردە سەر نانێك‌و ئەو ژەمە نانە هەندێك حەساینەوە.. ئاوولەئێمەوە دووربوو بەفرمان ئەتوانەوە بەگشتی هەندێ ئاویشمان پەیداكرد لەكانی دڵیاوی سوورێن ئەو 10كیلۆئاردەی كەهێنابوویان من كردم بەهەویرو شێلام لای بەردێكی تەنك ئاگرمان كردەوەو دەستم كرد بەنان كردن هەرپێشمەرگەی كولێرەیەكم دایەو زیاتر تا ئەو ئازووقەیە هات لەو كاتەدا خەڵكی گوندەكانیش هەندیك هەڵهاتبوون‌و وایان دەزانی وەكو جاران رۆژێكەو دووان سووپای رژێم دەكشێتە دواوە ئەوانیش دەگەڕێنەوە گوندەكەی خۆیان، ئەوانەی لەگوندی عامورە 14كەس بوون هاتبوون، خەڵكی عامورەش هەموویان بالابەرزو كەتەن هەموویان گەنج بوون بەڵام

بەقەبارە گەورە ئەوانیش سێ رۆژ لەو نزیکانەی لایئێمەو (هانە ئەحمەد) مانەوە لەبرسان دا وەزعیان تەواو تێك چووبوو یەکێکیان بەناوی حمە مولود گەیشتە لامان چاوی بەقوڵایدا رۆیشتبوو رووخسای بەتەواوی پەشۆکابوو زۆر بەزەحمەت تێی گەیاندین بەئیشارەت کەبرسیەتی منیش کولێرەم دروست دەکرد هەرکە گەیشتە لای من یەکسەر پاڵی لێ دایەوەو بەمەحمودی حاجی محەمەد ئەمینم ووت کولێرەی بەرێ وتی ناتوانم بیخۆم، هەموو پارچە پارچە دەیبڕی ودەیکرد بەدەمیەوە دوای ئەوەش توانی هەڵسێتەوەو دانیشتو پێشمان ووت ئەو 13 دانەی تر لەکولێرە بەرە بۆ هاورێکانت تادەگەنەوەو خۆتان تەسلیم دەکەنەوە.. ووتی ناتوانم بڕۆمو برسیمە کولێرەیەکی دایەو خواردیو سەیرێکی هەوارزەکەی کردوو ووتی.. ئەوەش بەکولێرەیەکی تر سەردەکەوم ئەگەر نا هێزی ئەوەم نیە سەربکەوم هەرچۆنێ بوو بەرێمان کرد بەڵام دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو رۆیشتەوە،کۆمەڵێك ناو لەناوی من دەچوو دەگیرانو دوایی لێدانێکی زۆر لەبرادەران، لەعامورەش کاك رەحیم محمد عبدالرحمن لەسەر من گیرا کەپێشتر چووبوومەماڵیان.. ئەمانە (سەنەدیان)دا بوو کەقسەم لەگەڵ نەکەن، گوندەکەیان بەسەربازوڕەبایە ئابلووقە درابوو من چوومە سەردانی..بەئیشارەت قسەی دەکرد، دوایی بۆم دەرکەوت کە سوێندیان داوە قسە نەکات لەگەڵ مندا، لەوناوەش قیادە موەقەتە کەوتبوونە ئەو ناوە ئەوان وەزعیان باش بوو لەدزڵیودەوروبەریجگە لەوەی ماڵوخێزانەکانیان هەر لەوێ بوو، ئێمەش لەو شاخەکە مانەوە بێ جێگاوهەرئەوە دەمانە بوو قەناعەتیان بە ئەحمەد صالح خورشیدو حەمەی رەمەزانو محمد کۆڵنەدەرو مەلا تۆفیقو ئەوانە کردبوو کەبچنە ناویان.. کەریم بانی شاریو چەند ماڵێکی تر ووتیان ئێمە ناچینە لای قیادە موەقەتەو ماڵەکانمان دەگەرێنین لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا.. ئەوەش ئاسان نەبوو پێمان ووتن برۆن تەسلیم بنەوە لەبەر ئەو هۆیانە رۆیشتن ئێمەش بەرێکەوتین...محمدامین خلیفە قادر بەدەم رێگاوەجاروبار شیعری دەووت بکانی پونگەڵەو بۆشەوەکەی گەیشتینە کانیەکەو لەوێ ماینەوە، شێخ ئەحمەد کانی کەوەی لای ئەسکۆڵ نانی بۆهێنایینو لەدیوی ئێرانیش لەلای پیرانو چووینە چادر سەوز هەر زوو لەسەر سنوورەوە بۆکانی حەیفی جێگایەکی سارد بوو بەگیا کەپرێکمان کرد لەبەرباران بارین، لە 5/28گەیشتینە ئەو ناوەو ناردمان لەگوندەکانی ئەو ناوە ئازوقەیان بۆ هێناین ووردە ووردە کۆبووینەوە کاك شەوکەتیش لەشارەزوورەوە نامەیەکی نوسیبو بۆکاك تاهیر بۆ شلێر کەئاگای لەمەفرەزەکەی خۆی نەماوە دوای ئەو ماوەیە گەڕایەوە لامان بۆکانی حەیفی، نامەیەکمان بۆ هات لەشلێرەوە.. دیاربوو ئەو برادەرانەی لەوێ پاڵەپەستۆیان لەسەر نەبوو لەنامەکەدا وتبوویان دێنە سەردانتان ئەویش لەنەتیجەی ئەوە کاتی خۆی نامەکەی ئێمەش بۆ کاك ئارام... ووڵامی نامەکەش لەلایەن کاك علیو کاك شەوکەتو کاك شیروان درایەوە، کاك رەوفو کاك محمد حاجی سابیرو کاك شیروان بە دوای بزووتنەوەو کۆمەڵەدا چوون، هەرئەو کاتەش وەڵامی هاتەوە نامەکە لەبزووتنەوە (کاك تاهیرو کاك رەوف بەگو کاك ئەنوەرو کاك ئەحمەد چەقژیو ئەوان بوون.. لەکۆمەڵەش کاك سالارو کاك محمد موریاسیو عەریف عومەرو کاك نەبەزیش بەتەنها حیمایەی کاك سالار بوو). بزووتنەوە نزیکەی 80کەس بوون، کۆمەڵەش کەلەگەڵ کاك سالار بوون نزیکەی 40کەکەسێك دەبوون، هەر لەوێ ململانێ دەستی پیکرد و کاك شیروان هەر لەشلێرو لەوێ وە ببوو بەبزووتنەوەو لە برادەرانی ئێمە منو کاك حامیدو کاك رەوف و کاك حمەی حاجی سابیر ماینەوە. تۆفیقیش تەسلیم بەرژێم بوەوەو بوو بەجاش، مەفرەزەی دەکرد لەگەڵ صالح خەیات.. شێخ عەلیش چوو بۆلای هەورامان، ئەو حمە رەشیدەی دەرویش عبداللە یش خەڵکی پریس کەزۆر خزمەتی دەکردین بەتوجهی کاك حامیدو کاك شێخ علیو کاك شیروان کوشتیان ئامۆزای توفیق بوو کەگوایە ئەو توفیقی تەسلیم کردۆتەوە بەلای منەوە ناحەقیەکی گەورە بوو چونکە ناوبراو زۆری خزمەت کردبووین، پێشتر جگە

لەوەی دەمان شاردەوە، رۆژێکیان...پێی دەووت لە (پریسی سەروو)لای کانی ژنانە بوو پێیان ئەوت سەربەڵخ خۆمان حەشاردابوو تا نەبینرێن تائێوارە بەو شێوەیە ماینەوە.. ژنانمان نەدەبینی جۆرەها قسەی هەرزەکارانەو سووکیان دەوتەوە تا ئەو کاتەش من وام دەزانی ژنان باسی هیچ ناکەن کەپیاوان لایان نەبێت هەرچی هەبێت دەیڵێین! منیش ئەمەم زۆر لاسەیربوو، ئێمەش 8کەس بووین.. کوڕێك ناوی نامیق بوو گۆرانی دەوت وادیاربوو لەو رەزو باغەدا (مەوعیدی) هەبوو لەپڕ کەوتە ناوشەش حەوت زەلامی زەبەلاح، راکشابوین کاك توفیق دەیناسیو بە ئیشارەت پێی ووت گۆرانیەکەت مەبڕەو لەگەڵ قسەکانیدا لای سەیربوو کە ئێمەی بینی بەچەکەوە بەپەلە رۆیشت.. لەپاش ماوەیەك لای خۆمان بوو بەپێشمەرگە.. (محمد رەشید دەیشاردینەوە لەماڵی خۆیان و جلو بەرگی بۆ دەشۆردین بەتایبەتی بۆ شێخ عەلیو کاك حامید دوایش لەپاداشتە کوشتیانو لەسەر ئەوەش کۆمەڵێك خەڵك کوژران کەبو بەدوژمنایەتی یەکی گەورە هەر لەو کاتانەدا محمد تاوێرەیمان لەگەڵ بوو کاك سالار دەیووت: ئەو گاوانە مولکی کۆمەڵەیەو پێکەوە بووین لەمزگەوتی بانی بنۆك خەوتووینو هەر ئەوشەوە، مانگەشەو بووئەویش حەرەس بوو تەقەیەك کراو ئێمەش چوینە دەرەوە لێم پرسی چیە ووتی زەلامێکم بینی.. ووتم لەکوێ... ووتی ئالەو ناوە.. تێگەیشتم کەسێبەرەکەی خۆیەتی و لێ ی هەڵەبووە .. ووتم تەقەت لەکوێ کرد ئەیوت بۆئێرە کەمنیش سەیرم کرد بەلایت مانگە شەویش بوو گوللەکەی لەدیوارێك داوەو سێبەری خۆی بووە تفەنگێکی دارداشی فاقە شێت لەسیامێوە گرتبومان لەبەرئەوەی تەقەی لەخزمو کەسیخۆی کردبوو ئەو تفەنگەم دابوو بەحمەتاوێرەیی بۆ بەیانیش تفەنگەکەم لێ وەرگرتو ناردمەوە بۆلای ئەو برادەرانە، کاك سالار لەوێ نەبوو، چووە لای کاك شێخ علیو لەگەڵ مەفرەزەیەك ناردیانە خوارەوە بۆ شارەزوور بۆلای خێڵی حەمە بوو چووە تەسلیم بوەوە، سوپاشیهێنابووە سەریان (2)پێشمەرگە شەهید کران، لەگەڵ خالیدی برای کەریم بەگ بەبریندار گیرا، کەریم بەگیش هەر توفیق گرتی دوای ئەوەش لەسێدارەدران و پێشتریش ببوو بەقیادەی موەقەتە، کەریم زۆر حەزیدەکرد بێتە دەرەوە، من چووم بەدوایداجێگای بۆ دیاری بکەموبگاتە لامان هەر ئەو سەعاتە لەگەڵمان هاتو خێزانەکەشی زۆری پێ ناخۆش بوو دەستی کرد بەهاوارو سکاڵاو هەرچی هەوڵی لەگەڵدا سوودی نەبوو دەستی کرد بەگریانو هاوار.. منیش بەپەلە رۆیشتم بۆ ئەوەی لەگەڵ من نەیەت لەدەستی خێزانەکەی خۆی راتەکاندوو هات، پێم ناخۆش بوو چونکە هەمیشە وایان دەزانی من بردوومەو بەکوشتم داوە، خێزانەکەی کاك محمد حاجی سابیرو کاك رەوفو کاك حامیدو کاك شەوکەت هەموو ئەمانە رقیان لەمن دەبووەوە لە سەرئەوەی تێگەیشتبوون کە من هێناومەتە دەرەوە، ئەگەرنا چارەنووسی وای لێ نەدهات، حەمەی تاوێریی خەڵکێکی چەوساوەو زەحمەتکێش بوو لەگەڵ ئەوەش بوو بەجاشێکی زۆر خراپ لەسەر ناقیلە دەگەڕا بەدوای پێشمەرگە،.. ئەوەی رۆژێ لەرۆژان نانێکی دابوو بەپێشمەرگە وەهەرچی دۆستی پێشمەرگەبوو دای بەگرت لەسەرەتای هاتنە دەرەوەماندا نصرالدین صدیق لەمەلاوەیسەو کاك محسن مەلا محمد ئەمین و کاك حەمەی حمە صالح لەسید صادق ئەمانە لە سەید صادق جوتیاری هەرەوەزی بوون ناردم بەدوایانداو پێش ئەوەی بگەن هەموویان گیران.. هەروەها محمودی فتاحو حاجی محمد پایەدر ئەوانە سەر بەکۆمەڵە بوون یاخود سەر بەشۆرش بوون لەهەڵەبجەوە هەندێکیشیان گیرا هەر لەوشارە، ئەوانەی حەمە تاوێرەیی بەگرتی دابوون وابزانم ئەنوەری برای کاك شێخ علی لەسجن کەبەتەعزیب کوشتیان سەریان لەت لەت کردبوو خوێ و مێرولەیان تێ ئەکرد، هەروەها چەند کەسێکی تریش بەو شێوەیە لەسێدارە دران لەهەڵەبجە، واتە حەمەی تاوێرەیی بوو بە بەڵاو کەوتە گرتنی خەڵكو جەماوەری شۆڕشگێڕی ناوچەکە.. ئەمە ئەوکەسەیە کەکاك سالار وتی مولکی کۆمەڵەیە . (لەکاتی بەرەی جوددا ساڵانی 83-84 لەئەحمەد ئاوابوو ئەوکات بەرەی

جود هەبوو بینیمان‌و یەکێك بەگەرمی هاتە لای منەوەو چاك‌و چۆنی لەگەڵ کردم‌و مەفرەزەیەك بوون‌ولەپێش 10-15کەسەوە بوو بەچەکەوە منیش وەڵامی سەلامەکەم دایەوە.. پێی ووتم من ناناسی.. منیش ووتم نەخێر.. ووتی من حەمە تاوێرەیم، منیش یەکسەر وەکو فلیم قسەکانی کاك سالارو کردەوەکانی ناومزگەوتەکەو تەقەکردن لە سێبەرەکەی خۆی‌و لەسێدارەکانی خالیدو وەستا ئەنوەرو گەلێك شتی ترم هاتەوەپێش چاو، زۆرم پێ ناخۆش بوو..منیش پێم ووت لەبیرتە تەقەت لەسێبەرەکەی خۆی کرد.. ناوبراو فەرماندەی کەرتی پارتی بوو، بەرپرس بوو لە 10-15پێشمەرگە، منیش لە بەرچاوی ئەواندا بەهیچ شێوەیەك مجامەلەم نەکرد لەگەڵیدا.. وابزانم دوای ئەوەش تەسلیم ببوەوە بەڕژێم، قیادەی موەقەتە هەرچی لێ ی کۆدەبۆوە خەڵکی خراپ‌و جاش‌و دزو جەردەو ئەوشتانە بوون بەڵام ئەوان لایان گرنگ نەبوو هەرکەس خەڵکی لای یەکێتی بکوشتایە بەچالاکی بۆیان حیساب دەکرد...کۆبوونەوەیەك کرا، من باوەڕم بەکۆمەڵەو کردارە کانیان نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی لاواز بوون هەوڵم ئەدا جێیان نەهێڵم.. دوای چەندین کۆبوونەوە بڕیاردرا چەند کەرتێك دروست بکەینەوە لە سەربناغەی بزووتنەوەو کۆمەڵە هەر وەکو لە شوێنە جیاجیاکاندا کاری هاوبەشی دەکرا ئەمانەش شتێکی خراپ نەبوو، کاك حامید پێشمەرگەی نەهێنابوو، یەکەم لەبەرئەوەی ڕێگاکە سەخت بوو دووەم لەبەر بزووتنەوە نەی بینیٚ کەئەوان هێزیان هەبوو پەردەو پۆشاخ بوون، جگە لەکاریگەریشیان بۆسەر بەرپرسە ناسراوەکانیان وکو تاهیری عەلی والی‌و کاك عەل عەسکەری‌وئەنوەری مەجید سوڵتان زۆری کەهەبوون تەنها کاك غەفوور دەروێشیشی‌و حەمەی رەمەزان‌و یەك دووکەسی کە کە حەمەی رەمەزان‌و هەر لەوسەفەرەدا چووە ناپارتی‌و قیادە مووەقەتەش پێیان ووتبوون ئەو چوار کەسە واتە مەبەستیان لەکاك حامیدو کاك شەوکەت‌و کاك علی‌وشیعەو من بوو هەریەکەو لەلایەك بین‌وهەر کەسێکیش هاتە لامان نابێت لەبەر ئەوەی ئێمە کەرت بووین،لەگەڵ ئەوەشدا کاك علی نزیکەی حەوت کەس دەبوون، کاك شەوکەتیش دوانزە کەس، هەروەها کاك حامید سێ تاچوار کەسی لەگەڵ بوو، لەهەورامان خۆشم 18کەسم لەگەڵدا بوو، ئەوەندە کەس مابووینەوە، من بارەگام بردە کانی سێفی کۆن ئەم برادەرانەشم لەگەڵدابوون کاك ڕەوف و کاك حەمەی حاجی سابیرو مام والی‌و حەمە شیرەمەڕی‌و کۆمەڵێکی تر، کاك شەوکەت‌و کاك شێروان‌و کاك عەلی هەرسێکیان پێکەوە بوون‌و ئێمەش کەرتێك بوین‌و من فەرماندەی کەرت بووم دەستمان کرد بەبرەودان بەچالاکی کردن تا 1977/9/27چەندین چالاکیمان بەئەنجام گەیاند، لەرۆژی 17ی تەمووز ئەو ساڵەدا کەیادی حزبی بەعس بوو لەگردی لامەرکەزی تەقەمان لە ئۆتۆمیلێکی سوپا کرد،ئیتر لەو کاتەوە لەسەر ئەو گردە رەبایەیان دانا کە هەتا ئێستاش بەکاردەهێنرێ‌و هەرچەکداری بەسەرەوەیە جارێکی کەش چووینە سەرئەو رەبایەیەو تەقەمان لێکرد، بەڵام من تیایدا برینداربووم لەشەوی 29-1979/12/30باڵێکم شکا... زۆر لەکەرەسەو پێداوێستی چادرمان هێناو جێگاکانمان باشتر بوو، هەر لەوماوەیەدا هێزەکانی رژێممان ئازار دەدا لەبەرامبەریشدا کاك علی ئەوان هەر لەکانی سێف دووتاسیٚ کەسیان کوشت بۆ ترساندنی خەڵکی ئەو ناوە بەناوی ئەحمەد خەیات وەسیٚ ئەحمەدیان کوشتبو لێیان تێك چوبوو وەشێخ عوسمانیشیان لەتوتمان کوشتبوو، بەمەش خەڵکی دەترساو، ئەمەش نارێکی دروست کردو کۆمەڵێکیان چوونە ناو قیادە موەقەتەو کاك عەلی شیعە دوو کەس لەگەڵی مایەوە کاك شەوکەتیش چوارتا پێنج کەس کاك شێروان یەك پێشمەرگەو ئەوان هەمویان هێزەکەیان هەڵوەشایەوەو بەرەو دەشتی شلێر ڕۆیشتن بۆ لای کاك تاهیرو ئەوانی تر، کاتێك کاك سالارو کاك تاهیر هاتن وا دیاربوو کاك سالار گرەوی لەسەر سەعاتێك کردبوو لەگەڵ مامۆستا عمری ئاوەکەڵە لەسەر تەنەکەیەك دۆو خواردبویەوەو کاك سالاریش دۆڕاندبووی سەعاتەکە.. لەگردی لامەرکەزی تەقەمان لە ئۆتۆمبیلێکی سوپا کرد ئیتر لەو کاتەوە کانی

سێفی کۆن ئاوەکەی زۆر ساردبوو کاك سالار ووتی: هەر کەسێك یەك دەقیقە دەستی تیا بهێڵێتەوە سێ مەفرەزەی دەدەمێ، منیش سێ دەقیقە دەستم تیا هێشتەوە لەوەش هەردۆڕاندی، بەڵام من مەفرەزەکانم لێ وەرنەگرت، کاك رەووف بوو بەبەرپرسی هەموو ڕێکخستن لەسنوری شارەزوورو ئەو ناوە جگەلەوەی کەرتێکی بۆ دروستکرا، کەرتێکیش بۆ حەمە شێرەمەڕی، کەرتێکی کە بۆ عومەرقاینەجی و ئەو کاتەش شەهید محمد رەشی شێخ عبدالکریم لەقەرەداغ لەبەر ئەوەی خزمی شێخ محمد شێخ عبدالکریم بوو، نەیان دەکرد بەپێشمەرگەو خەریك بوو بیکوژن و هەڵاتبوو بۆ لای ئێمە، منیش کەناسیم کردم بە پێشمەرگەو لەکەرتی عمر قاینەجی دامان ناو رەشاشێکی ئۆتۆماتیکیمان هەبوو هەڵی گرت و لەسەر جادەی شانەدەری کەمینێکیان داناو حەمەرەش چەکێکی گرت لەلای ئێمە بوو دوایی چووە بۆ سەردان بۆلای کەسوکاری بۆ سەنگاو، هەروەها چەندجارێکیش راپۆرتیان لەسەر ئەنارد بۆمان کەبیگرین یان دەری بکەین هەروەهاماوەیەکیش مایەوەو بەچەکەوە سەری لەکەس و کاری دایەوەو لەپاش ئەوەش زانیان کوڕێکی باشەو دڵخۆشیان دایەوە بۆ ئەوەی بڕواتەوە قەرەداغ و نزك بێتەوە لەو ناوچانە ئەویش هات و داوای گواستنەوەی کرد، ئێمەش لەسەر داوای خۆی گواستمانەوە بۆ ئەوێ کەلەدواییدا بوو بەو پێشمەرگە قارەمانەو باشەی کەلەبیر ناکرێت وپاشان شەهید بوو کەئەوکات کاك سیروان دووسێ جار خەریك بوو بیکوژێ، ئێمە (80) پێشمەرگە بووین وەموسەیتربووین بەسەر تەواوی ناوچەکان منیش چوم بۆ ناوچەی شلێر بۆ هەواڵ پرسینی سەرکردایەتی و مام جەلال چونکە پێشتر بێ خەبەربووین و جارجاریش هەواڵمان بۆ دەهات لەشارەکانەوە نامە.. بەڵام ئێمە هەر لەسەر باوەڕبوون بەخۆمان دەجوڵاینەوە، ستاری سەعید خەڵەف و عەلی چوارتایی و عەبدول مەلیك ئەوانە لەگەڵ نادر هەورامی و مەلاعومەر قیادە موەقەتە بوون و لەشلێریش میرزا سابیرو خدری رەشە بەخری و وە لەقەرەداغیش تەحسین شاوەیس و قالەفەرج کەلەپاشاندا محمد غفور ئاغجەلریان شەهید کردو تەسلیم بەرژێم بوونەوە (محمد غفور بەرپرسی عەسکەری و سیاسی بزووتنەوە بوو لەسنوری کەرکوك).بۆیە منیش (15)پێشمەرگە لەوانە شەهید حەمە حەسەن دەرەدوێنێ و شەهید جەمال ناوگردانی و شەهید عوسمان کاکەرەش و چەند پێشمەرگەیەکی باشم بردوو چوومە شلێر ئەو کاتەش کاك فەریدون محمد صاڵح تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، لەرۆژی 1977/9/24 لەگەڵ عوسمان ناوێك کاك عمری قالە پێیان تەنزیمی کاك بەکر بوو هێشتا چەکیان پێ نەبوو ئەوان شارەزایان کردین لەچەمی رەشان بوزان و سێ کۆڵە هەوارەکان مجموعەیە ماڵی چوچانی لێ بوو، لەوێوە بەڕێ کەوتین شەو بۆ بەردەم بناوە سوتەو بەناو هەرگینە رۆیشتین. شەوی 28–1977/9/29پاشان بۆ دەرەگورکان و گۆواوا لەم ئاوابییەدا کوێخایەك هەبوو ناوی کوێخا رەحیم بوو پیاوێکی تا بڵێی باش بوو هەڵوێستی کوردانەی ئەم کوێخایە لەیادناکرێت هەربۆیە رژێم لە سێدارەی دا.. ئێمە لەوێ دوای پشویەکی باش چووینە چیاکەو سەرکانیەك لەنێوان نەرزنەو کوواوە ئەو گوندە مەبەستم (کواوا)یەن ئەوانە ئەو رۆژە ئێمە ماینەوە لەلای ئەوکانی و دارستانە لەنێوان بلالەو کواوا رانەمەڕێکی لێ بوو خاوەن مەڕەکان شیخێکی خەڵکی نەرزەلەبوو ئەورۆژە خزمتێکی زۆری کردین و مەڕێکی لەدێکە بۆسەربڕین بەبرنجەوە نیوەڕۆ بۆی هێناین بۆلای ئاوو کانیەکە وە زۆر خزمەتی کرین، کەچووینە (سەربراڵە) پیاوێکی باڵا بەرزو سوورکاری قەڵەوی لێ بوو ناوی حاجی ئەحمەد بوو گەلێك رێزی نواندوو ئەیویست خزمەتمان بکات لەوێشەوە بەرەو (سوراو سەرسوراو) وەپەرینەوە چووینە دەشتی (شلێر)و چوینە گوندی وێنە یەکەم ماڵمان بینی سووتابوو ماڵی عمری حمە رەش ناوێك بوو وتیان بووە بەجاش ماڵەکەی لەناوگوندەکە سوتابوو ئێمە چووین تازە میرزا سابیرو خدرو شەفە کەچەڵ کەقیادەی موەقەتە بوون هەموو تەسلیم بوونەوەو لەوێش هەموو گوندەکە تاڵان کرابوو ماڵی ئەو کەسانە تاڵان دەکرا کەتەسلم دەبونەوە بەڕژێم

هەرچی سەروەت و سامانیان هەیە تالآن دەکرا..پێشمەرگەی ئەو ناوەش وەزعیان باش بوو پۆشتەو پەرداغ بوو..کەچووینە گوندی دارۆخان گوندی حەمەرەشید خانی بانەیە، محمد رەشید خانی بانە پیاویکی بەتواناو دەست رۆیشتوو بوو یەکێك بوو لە سەرکردە جەنەڕاڵەکانی کۆماری مهاباد لەدیوی عێراق و ئێران حکومڕانی کردووە خاوەن دیوەخان و دەسەلآت بووە لەناوچەکەیانە.. ئێمەش کەچوین ئەوان لەنێو باخێکدا دانیشتبوون کاك تاهیر علی والی بەرپرسیان بوو بەڵام لەوێ نەبوو، کاك رەوف بەگ فەرماندەی کەرت بوو بەڵام جێگری کاك تاهیر بوو لەهەرێمەکە، کاك ئەحمەد چەقۆی فەرماندەی کەرت بوو کاك رۆستەم جێگری بوو کاك مەلا نەجم بەرپرسی سیاسی بزوتنەوە بوو، مەلا نەجم قاینجەیی پیاوێکی قسەخۆش و شارەزاو بەدەم و لوتف بوون جارێکیان لەگوندی چاش لەتەعزێیەکدا مەلایەك قسەدەکات و دەڵێ لەودونیا هەریەکە حەفتا حۆری پێ دەدرێ حۆرییەکانیش سەریان لەئاسمان و قاچیان لەزەوی دەبێ مەلا نەجم یش ووتی: مامۆستا ئەچم ماچێکی دەکەم و دەگەرێمەوە لەوەلاوە خەڵك تێی بەربەبێ...جارێکی کەش مەلایەك دەڵێت لەرۆژی حەشر ژن و پیاو هەموی تێکەڵە مەلا نەجم یش ووتی مامۆستا من بۆ رۆژێکی وادەگەڕێم.

مەلاکەش پێ ی دەڵێت هەی مەلعون هەموو لەو دونیا چاویان دەپەڕێتە تۆقی سەریان مەلا نەجم وتی مامۆستا من بەگاوڵکێ دەڕۆم بەڵکو بیانبینم... بزووتنەوە مەلا هەژار، دلێر جاف، محمودی مارف ئەحمەد برنەیی و محمودی عزت کاکل و زۆری کەشی تێدابوو، بلآم هێزی بزووتنەوە لەشلێر محمود زەردۆیی و احمد زەردۆی و رەشەی کەچەو ئەوانە هەموو بزووتنەوە بوون کەنزیکەی (150)کەس دەبوون، لەوێ میوانداریان کردین کاك رۆستەم تازە لە برینداریێتی چاك ببوەو وەکاك بەکر هەر زوو خۆی بەهەژارو بەبێ دەسەلآت تێگەیاند، بزووتنەوەش بەدەسەلآت و دەوڵەمەندوراو رووت و شتی وا لەقەلەم دەدا.. هەر لەوێ بۆیەکەمجار کاك ئەنوەری سەعید بەگ و کاك بەختیارم بینی کاك ئەنوەر رقیان لێ بوو بەڵام پیاوێکی نەرم و نیان و هەست ناسك و رۆشنبیرو دڵسۆز بوو ناویان نابوو هەڤاڵ درندە کاك بەختیار مفەوەزی شورتە بوو پیاوێکی زۆر دڵ ناسك بو،.. هەر لەوشاخەدا نیوەڕۆ دەعوەتی مەلا نجم و کاك رۆستەم بووین لەسمایل ئاوا، کاك رەوف بەرپرسی هەموو هێزەکەی ئێمە بوو واتە هەرسێ کەرتەکەمان ئەو رۆژە بۆ ئێوارە دەعوەتی کاك بەختیاری مەجید خان بووین کاك جەلالی حاجی حسێن کەڵوشی لەوێ بوو.. کاك جەلال پاسۆکیان درووست کردبوو، کاك بەختیار نزیکەی (15)چەکداری لەگەڵ بوو ئەویش هەر لەگەڵ پاسۆك بوو.. ئەو کاتێك هەموو کوردستان بەو شێوەیە بوو.(1)

کاك تاهیر عەلی والی بەرپرسی بوو لەچەمی گەڵەوێ‌لەسەر دەشت بۆ قەڵادزەو زێی بچووك و بەرەو سلێمانی و هەورامان و هەڵەبجەو قەرەداغیش بەرپرسی بوو، کاك مولازم عومەریش جێگری بوو ناوی مولازم رەنجبەر بوو وارێکەوتبون کەمەسئولی یەکەم بزوتنەوە بێت مەسئولی دووەم کۆمەڵە بێت یان بەپێچەوانوە ئەو کاتەش هەر پەنجابەپەنجابووە.. هەرێمی (6)تالیب رۆستەم بوو.. هەرێمی (8)سەعیدی گچکە لەدەشتی هەولێرو خۆشناوەتی بوو وابزانم کاك (مەلا بەختیار) لەوێ بوو بەڵام ئەوان پێکەوە نەگونجان دکتۆر خالید لەچۆمان و حاجی هۆمەران تاگرتك دروست بوو ئیجا لای برادۆست و خواکورك و دەشتی بەرازگربوو.. واتە کاك تاهیرو تالیب رۆستەم و سەعدی گچکەو دکتۆر خالید بزووتنەوەو کۆمەڵەبوون پێکەوە ، لەرۆژی 1978/4/15من و مامۆستا تالیب رۆستەم لەسەر هەڵسوکەوتی نابەجێی هەندێك لەمەسئولەکانی کۆمەڵە ئیستقالەمان دا.. وازمان لەکۆمەڵە هێنان تەنها هێزێك لەبەردەم بزووتنەوە کۆسب بوو من و تالیب رۆستەم بوین، پێشمەرگەی قەرەداغیش هەبوو بەڵام ئەوان دوور بوون.. کاك ئارام چووبووبۆ قەرەداغ کۆمەڵەو بزووتنەوە دژی یەك بوون قیادە موەقەتەش هاتە سەری.. کاك علی و کاك ئارام سەرپەرشتی هەموو شۆڕشیان دەکرد بەکردەوە لەکوردستاندا،

کێشەی قیادەی موەقەتە زیادی بکردایە بزووتنەوەو کۆمەڵە باش دەبوون ئەوان کەم بوایە ئەم زیادی ئەکرد کۆبوونەوەیەك لە سوورەبان لەنێوان قیادەی موەقەتەو یەکێتیدا کرا یابزووتنەوەو کۆمەڵە عبدالملك و ستار سەعید خەڵەف و عادل (کاك فازل جەلال)..کاك ملازم ستار یەکەم جار کۆمەڵەبوو بەڵام لەگەورەدێ کاك علی لەناو دێیەکەدا قسەی ناشرینی پێ وت و شکاندبووی هەربۆیە لە سەرئەوە چووە ناوقیادەی موەقەتەوە نامەی بۆ من کەئەو زوڵمی لێکراوە ئەو دەمەی کەتەسلیم بوەوە ئەونامەی بۆمن رەوانەکرد، قیادەی موەقەتەش لەناویەکدا کۆك نەبوون، برایەکی شەفەکەچەڵیان کوشتبوو لای شەخەڵ مارین لەناویەکدا ملازم ستارو عبدالملك وئەواوپاشان عەلی چوارتایی بریندارکراو شتی زۆریش روی دالەشلێر، شەوی 1-1977/10/2بەیانیەکەی چووینە سیرسان، من پەیوەندیم لەگەڵ بەرپرسانی بزوتنەوە باش بوو.. رێك بووین خۆشمان لەگەڵ کۆمەڵە باش بووین کۆمەڵەش گومانیان هەبوو منیش توند نەبووم.. جەولەی دۆڵی شلێرمان کردو لەگوندەکان.. سابیری ئەحمەد مینەرەنان کەخۆی سەرکاری ئاغاکان بوو پاشان هەندێك لەو موڵکانەی دەست بەسەراگرتبوو لەساڵی 1967دا ئەوکات مەلامستەفا بارزانی چوو بۆ شلێرو پاشان بۆساوجی ئێران حوشکی میرزا سابیر، بەڵام کوڕی مەلا مستەفا سابیریان لەگەڵ مەلا مستەفا چووبۆماڵی میرزاسابیرو حەزی لەکچەکەی کردبوو، پاشان خواستی هەرچەندە مشکیلەیەك لەسەر ئەو کچە هەبوو لەگەڵ ماڵی کاك بەکر حاجی سەفەر پێشتر بەتەمای بوون.. ئەوکێشانەی هەر مابوو کاك بەکر بەرقەوە دەیروانیە قیادەی موەقەتەوماڵی مەلا مستەفا دژی ئاغاکان بوو، بەڵام خەڵکی پێنجوێن هەموو بیروباوەرێکیان هەبێ پێش هەموو شت هەموویان هەر پێنجوێنین بەهەر شێوەیەك بێت پێنجوێنیان لاگرنگ بوو، بەیەکەوە هەمووئیشیان رادەپەڕاند هەر بۆیە بوونە کۆمەڵەو دوایش هەموویان بون بەئالای شۆڕش و.. یان دۆستیان بوون ئێمەش جەولەمان لەگەڵ کردن چوینە ماڵی محمد صدیق خان ئەم زاتە جاف و رۆغزایی بوو خۆی لەماڵ نەبوو درەنگ هاتەوە ...محمد صدیق خان پیاوێکی ووشك بوو ئەیوت گۆران لەئەصلاْ لەتیرەی کیسەڵە کەسی بە مرۆڤ نەدەزانی جگە لەجاف نەبێت، حمە صدیق خانیش یەکێك بووە لەئامر هێزەکانی کۆماری مهاباد ئەگەر یەکێك جاف نەبوایە.. من سەری ماڵی.. محمود خانم ئەدا لەنەرمەڵاس.. ئێمەش لەگوندەکان جەولەمان ئەکرد هەواڵیان زانیبوو کەمن (جاف)م دەهات بۆلام و دەیان بردمەوەلای خۆیان من وەکو جافیەکەی ئەوان نەبووم، لەجەولەکەمان بەرەو (شێوەگوێزان) چوینە ماڵی حمە ئەمین ئاغای قادرئاغا کەبرای حەمە رەشید خانی‌بانە بوو پیاوێکی باش بووە یەکێك بوو لەئامر هێزە بەدسەڵاتەکانی کۆماری مهاباد.. کاك بەختیاریش هاوڕێ مان بوولەکۆمەڵەو بزووتنەوە جارجار لەگەڵماندا دەهات بۆ جەولە، رۆژێك کاك جەلالی حاجی حسێن وئەوبرادەرانە داوای کۆبونەوەیان لێکردین من و کاك شەوکەت و کاك شێروان و کاك بەختیارو کاك علی شیعە کۆبوینەوە کاك جەلالی حاجی حسێن وتی: ئێوە چی دەکەن وتمان نیازمان وایە سەردانی سنوری تورکیا بکەین و بزانین سەرکردایەتی و مام جەلال و شۆڕش هەواڵیان چی‌یەو هەروها بزانین چەك هەیە یان نە.. ئەوە زیاتر لەساڵێکە ئێمە هەروا خۆمان کارەکان دەبەین بەڕێوە کاك جەلال وتی.. براینە ئێمە لێرە خۆمان شۆڕشمان کردەوە کاك تاهیریش بگەڕێتەوە لەوێش شۆڕش هەرواکراوە ئێستا ئێمە هێزین لەناوچەکەداو کسیش نیە جگەلەو 10-12کەسەی بەکری حاجی سەفەر خۆمان سەرکردایەتیەك دائەنێین لەرێگا کاك بەختیارەوە پەیوەندی بەساواك وئێرانەوە دەکەین بۆ هاوکاری کردنمان و چارەسەرکردنی بریندارەکان و نەخۆشەکانمان چەکیش وەردەگرم ئێمەش هەروەکو ئەوان مرۆڤین، ئەوان چ ناوێکیان هەیە ئێمەش هەمانەو ئەزمونیشمان زیاترەو ئەبێ باوەڕمان بەخۆمان هەبێت ئێمە شۆڕشمان کردوە بۆ بگەڕێین بەدوای خەڵکەوە بیکەین بەقیادەی خۆمان کەباسی ئێرانی کرد ئەوەندە دژی ئێران بووین ئێمەش رامان هەروا بوو لەسەرەتای

شۆڕش کەلەماڵی شەهید ڕەوف لەگوندی قەدەفەری کۆبوینەوە.. ئێمەش وتمان بەئێمە ناکرێت.. وتی ئەوە نیە کراوە، ئێستا ئێوە بەدوای خەڵك دەگەڕێن بیکەن بەبەرپرسی خۆتان.. دەی وەرن خۆتان بەرپرس بن و چەك و پێشمەرگەو هەمووشتێك هەیەو دەزگاکان ڕێك دەخەینەوە.. ئێمەش ئەقڵمان قسەکانی نەی بڕی.. پاشان بەرەو هەرمێڵەو کۆنە وشەك و سیپاڵ و کەچەڵ و کانی خان ڕۆیشتین من هەوڵم ئەدا لەوناچەیە شەڕێك بکەین دژی ڕژێم چونکە لەزووەوە شەڕی گەورە لەوناوچەیە نەکرابوو، لەرۆژی 1977/10/23من و شەهید عوسمان کاکەڕەش و بەکری حەمە نەجم پرسیارمان کرد کەبنکەی پۆلیس لەکوێ هەیە، وتیان لەعەزەت ئاوا.. من وام زانی کەمەرکەزەکە بینایەکی گەورەیەو کۆنکرێت کراوە بەڵام لەراستیدا چەند خانوویەکی بچوك بوو بەقوڕ کرابوو چوینە پەنایەوەو لەجێگای کەمینەکانی ئەوان ئێمە دانیشتبووین ئێمەش نەمان زانیبوو کەهەموو ڕۆژێك سەعات چوار کەمین دێتەوە ئەوجێگایە بۆیە منیش بەبرادەرانم وت هەندێك دەخەوم تا سەعات پێنج لەوەو پاشانیش دەستی پێدەکەین و پێشمەرگانەش لەگەڵ خۆم بون ، بەکری حمە نجم لەپاڵم دا بوو لەلای سەرەوەی ئەو ناوەدا خوتبووم.. حەسەنی علی حمەلاو پێ وتم هەڵسە، وتم چیە.. وتی ئەها پۆلیس سەیرکە، منیش کەسەیرم کرد هەشت پۆلیس بەتانیان بەکۆڵەوە بووبنکەکە لەناو دارستاندا بوو لەنزیکەی 20 مەترەوە بەرەوڕوومان هاتن و هەرلەوێ تەقەمان لێ کردن وشەڕ لەهەموو لایەکەوە گەرم بوو لەدوای نیو سەعات کاك بەکری حاجی سەفەر لەپێشتر قاچێکی شکابوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زوو خۆی گەیاندە لای ئێمەو ئەوان هاتبوونە کانی خان و کاك شەوکەت و دلێر جاف و محمد نەگرەیی و پێشمەرگەی محمد ئەمین خەلیفە قادرو خالیدی خولەسوور ئەوانیش جلال حسێن و بەختیار مەجید خان و محمودی زلێخاو بەکر سیرەمێرگی هەموویان هاتن و کاك ڕۆستەم و کاك ڕەوف بەگیش گەیشت شەڕگەرم بوهاوانیان تەقاند سوپای ڕژێم لەگەرمکەوە هاتن بەهاواری شەڕەکەوە سوپاو پۆلیس کوشتاریان لێ هەبوو چەکمان گرت و (30)سەربازیش کوژران جگە لە (3)ئۆتۆمبێل تێشکێنراو ئێمە هێرشمان کردە سەریان دەمەو ئێوارەمەغریب بوو دونیا تاریکی کردبوو هەر زوو بوو بەچەند مەترێك لەنزیك ئۆتۆمبیلەکان تەقەمان لێ کرا منیش بەپێشمەرگەی خۆمان تێگەیشتبووم کەلەیك گۆڕابین، دوای دەست ڕێژێکی زۆر برانەوەی نەبوو کەزانی ئێمە پێشمەرگەین هێندەی تر نزیك بووینەوە تا ئەوەی گری چەکەکانیان لێی ئەدایین لای ئێمە حەمە حەسەن دەردەوێنی بریندرابوو... حمە حەسەن مرۆڤێکیلێهاتبوو بەهێز بوو لەگەڵ خزمانی توشی کێشەیەك هاتبوو کەلەپاشاندا هاتەدەروە بو بەپێشمەرگە لای من جارێکیان لەماڵی محمود خان لە (نەرمەلاس)بووین باسی بەهێزبوونیان کرد ئەویش دەستی دایە قالیەکی ماڵی محمود خان و بەدەستی لەتی کردوو ئەمەش بووە مایەی سەرسوڕمانی هەمووان ووتیان ئەو بچووکە هەیەوزۆر ئەستوور دەیخەینە ناو.. ئەوەشی کەرت کرد لەو شەڕەدا گولەیەك بەربڕبڕەی پشتی و سکی کەوتبوو برینداریەکەی هێندە سەخت بوو چارەسەرکردنی ئاسان نەبوو، حەمە حەسەن لەو شەڕەدا پێمان نەزانی بوو کەبریندارە تاخۆی وتی: لێمی داوەو جێم مەهێڵن.. شەهید عوسمان کاکە ڕەشیش بەکۆڵی گرتبوو هێنامانە جێگایەکی ئەمن و ئاسایش تر پاشان بۆ سەر سنوری بانەو هەرچی هەوڵماندا ئێران لێی وەرنەگرتین بۆ چارەسەرکردنی ئاگاداری (ئەمنیەمان)کردو هەندێکیش جەندرمەی کورد لەوێ بوون و ئەهاتن حەمەحەسەنیان بینی دەگریان بەڵام ساواك ڕەزامەندینیشان نەدا بۆچارەسەرکردنەکەی حەمە حەسەن..بەختیار مەجدی خان و کاك جەلال هەوڵیان دار ڕەوانەی بکەن.. پێشتریش من پێم وتن ئەگەر بریندارمان هەبێ ئێران لێمان وەرئەگرێ. کاك بەختیارو کاك جلال وتیان لەسەر ئێمە بەڵام ئەو ڕۆژە تائێوارە شەهید حەمە حەسەن گیانی لەدەست داو لەگوندی کەچەڵ وهەر لەوە ناوە ناشتمان ئەو شەڕەش بەشەڕێکی

گەورە مەزەندەكرا لەسنوورەكە خەڵكی ناوچەكەو تەنانەت رژێمیش ئاگادار بووەوە كەشەڕەكە ئێمە كردومانە... شەهید حەمەحەسەنماڵەكەی لەكانی سێوی سورێن بوو، هەروەها ماڵی زۆربەی پێشمەرگەكانی لێ بوو ئەو گوندە وەهەندێكیش لەقیادەی موەقەتە هاتبوونە كانی شەخەڵی نێوان كانی سێف وپیرانی كۆن لای ئەشكەوتە جنۆكاوی،منیش نامەیەكم بۆ كاك رەوف و برادەران نووسی و پێشمەرگەكان جگەلە بەكری حەمە نەجم و حەسەنی علی حەمەلاو حەسەن زبە هەموویانمان ناردەوە بۆ سورێن و شارەزوور، كاك شەوكەت و مەلا هەژارو جەباری عەلی عەوێزو من و عەبدوڵای مەلای هونەرمەندی لەگەڵ بوو، كاك شیروان وحمە حزب بوو هەمومان (11) كەس بوین ئێمە هەرسێ كەسمان چەكدار بووین و هەموومان (6)چەكمان پێ بوو، ووتمان بەنیازین بچین و بكەوینە رێگا بۆلای مام جەلال و برادەران بزانین سەركردایەتی هەیە یانە.. بۆیە بڕیارمان دابوو كەبچین وتما سەفەر بەلكەو هەردەچین. رۆژی 1977/10/25 لەپشتی ئەحمەد ئاواو سیاگوێزە وەبەڕێ كەوتین بۆلای چەم پاراو نێوان بلەكی و سەرسنووردا.. چووینە لای پشتی بلەكی، لەسەر سنوورو سوركێو پشتی شیوە كەڵدا.. چوینە كۆخێك لەنێوان چەم پاراو بلەكێ لەماڵێك لاماندا بوو بۆ ئەوەی ئیسراحەت بكەین ماڵەكە ئێرانی بوو خاوەن ماڵەكە تاچایەكی داینێ كچێكی عازەبی هەبوو ناردی بۆمەركەزەكە ئیخباری كردین بەلام ئێمە زوو هەڵساین و رۆیشتین وەبۆیەكەم جاربوو چوبوینە ئەو ناوچەیە بەسەر شاخی سوركێوو دەرۆیشتین لەسەر سنوری عێراق و ئێراندا وەشەو چووینە گوندێكی ئێران ناوی كەوەڵە بوو لای تاژەبان..رۆژی 1977/10/27چووینە موسەك جگەلەو گوندەی تاژەبان دەكردەوەو بەناو پاسگاو ئەمنیەدا، رۆژی 10/28چووینە گوندی دووی چومان.. پێشتریش بەهەر شێوەیەك بوو ئیعازیان داینێ پاسگاكە لای سنوور بمێنینەوە، لەدەرچوونمان تووشی هەندێ پێشمەرگە بووین و پێمانیان وت ئێوەكێن ووتمان یەكێتین، ووتیان خۆتان كێن و وتمان فلان و فلان كەس لەوێش عبدالملك بەرپرسیان بوو هاتن بۆ پێشوازیمان و زۆر بەگەرمیەوە پێی ووتین: نیوەرۆ نابێ برۆن لای من میوانن.. هەرچی هەوڵماندا كەبچین باشترە، نەیهێشت..دووبزنیان سەربڕی و گۆشتیان برژاند.. كاك عبدالملك قسەی خۆش بوو بەئەسپ دەگەڕاو پارەی كۆدەكردەوەو خەڵكی دەگرت و لە هەمان كاتیشدا خەڵكی ناوچەكەو زۆر كەسی ئەو ناوە لێ ی كۆدەبوونەوە، عبدالملك وتی:.. بابە دەچن بۆلای مام جەلال دووپەمپی گریستان دەداتێ مەبەستی كلاشنكۆفی یەك لاق بوو.. ئێمە كلاشنكۆفی یەك لاقی تازەمان بۆ هاتبوو عبدالملك ئەیوت من ئار.پی.جی و پارەو هەمووشتم هەیەو جگە لە 3 (بڕوانامەم هەیە ئەوان چییان هەیەو لەم قسانە بوو پێ ی وتین ئێوە ناگەن و دوورە.. وتمان هەر ئەڕۆین.. وادیاربوو ئەو ئاگای لێ بوو كەكەمین بۆ ملازم حەسەن خۆشناو دانرابوو، شەهید كرا.. وتی رێگا زۆرترسناكەو ناگەن بەئاسانی.. ئێمەش بڕیاری خۆمان دابوو.. ئەوان لەوێ نزیكەی 25كەس دەبوون.. وتی باشە ئێوەهەر ئەڕۆن پیاوێكم لایە دەچێت بۆلای (عادل فازل) لەنۆكان شارەزایەو لەگەڵتان دێت و دینێرم.. ناوی حاجی بەكر بوو پیربوو قیادە موەقەتە بوو هێندە گەمژە بوو خەڵكی دەوری شانەخسێ و ئەوناوە بوو وای دەزانی ئێمەش هەر قیادەموەقەتەین و بۆ حیمایەكردنی ئەو دانراوین..بۆشەو گەیشتینە شانەخسێ ونانمان خواردو،هەر لەوێ هەواڵی (جەمال عەلی باپیرو شەهید ئەحمە فتح الله)مان پرسی وتیان هەریەكەو 7كەسن و زۆر دەرناكەون و هەر لەوناوەن وەیەكێكمان نەبینی، كاك عبدالملیك ئەیوت ماو دووسێ كەژاوەی بۆ دروست كراوەو بەكەژاوە ئەیانگێراو لەسەر دووسێ دۆشەك دادەنیشت ئیتر بۆچی منیش وەهانەكەم وەتابیعەیەكی پێ بوو لەكوێ دادەنیشت بەیانێكی دەردەكرد.. ئەو حاجیە لەگەڵمان بوو جارجار ئەسپەكەی پێ دەگرتین و باسی مەلا مستەفاو پارتی و خۆی دەكرد بەڕێگاوە.. مەلا هەژاریش دەیوت ئەو پیاوە وادەزانێ عبدالملك ئێمەی بۆ

پاسەوانی کردنی ئەو ناردووە.. شەو چووینە گوندی دەشتیٚ و داوای شارەزامان کرد بۆسەر ئاوەکە تالێی بپەڕێنەوە یەکێك بانگی کرد.. هۆ.. هۆمەر وەرە لەگەڵیان بڕۆ منیش وامزانی هۆمەرە پیرەمێردەو وتم: پێویست ناکات مام هۆمەر بێت، هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو کوڕێکی گەنج هاتە خوارەوە.. منیش پێم وت تۆگوناهت چییە وتی بۆچی ووتم واناویان ناوی هۆمەر لەوێوە ڕۆیشتین لەئاوەکە بپەڕینەوە زۆر بەنارەحەتی چوینە بەری بێژیو بۆگوندی ئەشکان ورەشەکان و سنجۆیٚ و بێژێو بۆرۆژی دواتر لەماڵی مەحەمەد مەلا عەلی بووین پیاوێکی ناسراوی ناوچەکە بوو سەر بەحزبی دیموکرات بوو ئەوشەوە خزمەتێکی زۆریان کردین لەگوندی بیژێو. بۆ رۆژی دواتر(10/30) بەڕیٚ کەوتین چووینە گوندی ئەسپەنیز لەئەسپە نێزە چووینە ماڵی کوێخای گوندی ئێران ناوی حاجی عبداللە بوو خزمەتی کردینو بەیانیش هەڵساین.. ئەو کاتەش تازە جادە لیٚ دەدرا، لەناوچەکەوە بەسەر جادەیەکی واداو بەرەو بازگای قەلەڕەشە رۆیشتین، قەلەرەشە بارەگای جەندرمەی لیٚ بوو، 20مەتری لیٚ یانەوە دووربووین لەپشتی مەکەزەکەوە بەچەند مەترێك هیچ دەنگیان لەگەڵ نەکردین زەمانی شاە بوو، پاش نیو سەعات رەت بووین حەرەسەکانی بازگاکە بانگیان کردینو سەیرمان کرد جەندرمە بەو بەرو ئەوبەردا رادەکەن بەدوامانداو ئیست مان بۆدەکەن (ئیست)واتە راوەستە.. نزیك بوونەوەو دەستیان لەسەر پەلە پیتکەی تفەنگەکانیان بوو.. ئێمەش بڵاوەمان پیٚ کرد جەبار چووە بەرزاییەکەو دەمانچەی پیٚ بوو کابرایەك لەوان نەیزانی چەکی پێیە چوو بیگرێتو چەکەکەی لیٚ سەنیٚ بەڵام جەبار دەمانچەیەکی بچوکی 7تیری لەسەر بەرپرسەکەیان داناو پیٚ ی وت چەکەکەت دانەنێت دەتکوژم.. ئەویش کشایەوە دواوەوو.. وتمان دەچینە سەر سنوورو قسەمەکەنو ئێمە دەڕۆینو.. وتیان دەستوورمان پیٚ نیە، قسەتان لەگەڵ بکەینو دەستوریش نیە برۆن، وتمان خۆسەیری یەکتر ناکەین،کاك شیروان وتی کەکەسمان قسە نەکەین ئێمە دەڕۆین.. پاشان ئێمەش بەڕیٚ کەوتین ئەوان، چەکەکانیان بەدەستەوە بوو وامان زانی تەقەناکەنو چاوەڕوانی هێزی تر دەکەن کەبگاتە لایان.. ئێمەش بەڕیٚ کەوتین وتمان بکەونە دواشمان تەقەتان لیٚ دەکەین وادیاربوو یەکەمجار بەقیادە موەقەتەیان زانی بووین، دوای کەزانیان ویستیان هێزیان بۆ بێتو دەورمان بگرنو تەحقیقمان لەگەڵ بکەن کەبۆچی چووینەتە ئەوناوە.. ئەوشێوْنە کوێستان بوو پێیان ئەوت بازێر لەنێوان باوزیٚو قەلەڕەشەدا بوو. هەر لەوناوە تووشی رەسول باوزیٚو عەلی باوزیٚ بوین.. رەسولٚ قاچێکی نەبوو سواری ماین بوو خوێن بەجلەکانیەوەو گیانیدا ووشك ببووە لەسەر سنووریتورکیاوە لای مام جەلالو ئەوان تازەهاتبووەوەو دڵنیای کردین کەسەرکردایەتی لەوێیەو چەك هاتووە، بەڵام ملازم حەسەنو (9)پێشمەرگە شەهید ببوون، 9-10دۆشکەو چەکیتروو پارەو هەرچی پێیان بوو گیراوە.. لەناو شەهیدەکانیش یەکێکیان ناوی باهیر ئەحمەد بوو ئامۆزای کاك تاهیرو یەکێکیان برازای رەسولٚ باوزیٚ بوو (لە 1977/10/13) ئەو پێشمەرگانە لەناوچەی شەمزینان لای بەردە رەشە کەوتبوونە کەمینەوە، ئەمەش ناوەکانیانە:-

1-ملازم حەسەن

2-باهیر ئەحمەد میرەدێی

3-کەمال محمد ماوەتی

4-نەجات نوری

5-عەلی هومەر (برازای کاك رەسول شەل)

6-خدر ئەحمەد مقداد

7-میکائیل کەرکوکی

جگە لەچوار بریندار کەیەکێکیان کاك مستەفا کۆخی بوو ئەوانیکەش دۆشکەو پارەو چەکیان پێ بوو هەمووی گیرا ،ئێمەش لەوێوە چووینە سەرچاوەی هەڵشۆو جێگای قاچاخچیو بازاڕبوو، بازێریان پێ دەوت، یان پێ ی ئەڵێن کوخ لەهەوارمانیش پێی دەڵین کێل ئەو خانووەیە لەناو باخو یا تەنهاماڵێك دەیکەنەوە بۆ سەر کشتوکاڵ.. وتیان لێرە هەلیکۆپتەر لە تالیب رۆستەمو کۆمەڵێك پێشمەرگەی داوەویەکێکی لەگەڵ بوو ناوی سالار بریندار بوون پێ ئەچوو ئەو سالارە خەڵکی سەرگەڵوو ئەو ناوە بێت تالبیش خۆی بریندار کردبوو. رۆژی 11/1گەشتینە نۆکان لە پێشا کاك فازل جلال (عادل) قیادە موەقەتە بوو بینیمان لەبن دارێکدا لەنۆکان دانیشتبوو حەیوانە کێویەکیان کوشتبوو لەسەر پێستەکەی دانیشتوو میوانداریان کردینو رێزیان گرتینو لەدورەوە دەیانناسین مولازم ستاریش بارەگای لەسەرەوە بوو هات بۆ بەخێر هاتنمانوشەویش بۆلای کاك تالیب چووین لەگۆڕشێر.. هەر لەڕێگا تووشی ئافرەتێك بووین سواری وولاغ بوو لەگەڵ حەمەیحاجی سعید کەوتە قسەکردن وتی لای ئێوە رادوو هەیە، حەمەش ووتی.. بەڵێ لای ئێمەش زۆرەو من 7خوشکم هەیە هەر حەوتی رەدوو کەوتوونو ئێستا خۆشم بەدوایان دا دەگەڕێم، لەسنوری مەنگوڕایەتی لەسنوری عێراقو ئێران رەدوو هەیە رەدویش شێوەی زۆرە ئەگەر کچ بوو ئاسانترە، کەمارە بڕابێ لەوەئاسانترە کەژنی بێوەژن یان بێ مێرد، ئەوەش لەهەموو قۆناغەکان روودەدات هەتا ئەگەر کچ زۆر مایەوەو رەدوو نەکەوێت بەتوانجەوە پێ ی دەڵێن ئەگەر باش بوایەیت رەدوو دەکەوتیت یارەدوویان ئەکردیت واتە شانازی پێوە دەکەن ئەم دابو نەریتە لای ئەوان وەئەمەش لەکۆنەوە بۆیان ماوەتەوە چی کوڕو کچە یان ژنو پیاوکە ئەگەر رێکەوتن ئەوا دەچنە ماڵی کوێخا یاڕیش سپیو لەوێوە ئیتر دەبن بەژنو مێردی باوەڕ پێکراو، لەشێنێ دوو کوێخای لێ بوو (کوێخا خدرو کوێخا عبدالله) هەردووکیان پیاوی باش بوونو خزمەتگوزارو دڵسۆزو ئاشتی خوازبوون بەتەنگ کێشەو گیروگرفتەکانەوە بوون لەنێوان دووتیرە کیشەیەك رووی بدایە ئاشتیان دەکردنەوە.. یان ژنو ژنخوازی ئەکرا ئەوان رایان دەپەڕاند لەسەر دەستی ئەوان هەموو شت حەڵاڵ کرابوو..کوێخا خدریش پەیوەندی لەگەڵ عەشائیری هەردوولا (عێراقو ئێران) هەبوو کوێخا محمد مەلا شەریفو کوێخا بایزو کوێخاعەلیو زۆری کەش پێشمەرگەبوون، رەسول حاجی شێخەو زۆری کە دابەش ببون هەندێکیان سەر بەیەکێتیو هەندێکیان سەربەپارتی بوون حەزیان دەکرد لەهەردوولا دۆست بنو کێشەلە ناچەوکەش ڕوونەدات، تالیب رۆستەم پیاوێکی بە ئیدارەبوو بۆ ناوچەکەو زۆریش ژمارەی لەیەکێتیکۆکردبۆوە لە کویخاکانیش.. شەهید عبدالله سوورو ئەوانیش هەر لەو ناوە بوون، شێنێش تەنها گوندی کوردستانە چەند جار هێرشی بۆکراوەو نەگیراوەو نەسووتاوە جگە لە 2-3ماڵێك نەبێت هەرمایەوەو خەڵکەکەی پیاوانەوخۆڕاگربوون دوژمنیش لەچەندین هێرشدا نەیتوانی دەستی بگاتە شێنێ، لەرێگابووینو چووینە گوندی (تویژەڵە) لەماڵی باوکیحاجی حاجی ئیبراهیمو پاشان بۆلای کاك تالیب... بۆرۆژی 1977/11/12دا دوو کەسێ شارەزایان لەگەڵ ناردین کاك تالیب بۆبێ دەلانو گوندەکانی ئێران چو ئێمەش هەروا لەرێگای بێ دەلان یەکێك لەودوانەی لەگەڵمان بوون ناوی حەسەن بوو تەسلیم بۆوەوە کاك خدرمایەوە لەگەڵمانو پیاوانە لەگەڵمان هات بۆ ئالی رەشو زەویان، ئێوارە بوو گەیشتینە گوندی زەویان لەناو قەندیل..کاك خدر ئالا وتی.. بچینە ماڵی کاك علی بایز لەکوێخایان بوو، لەوگوندە ئێمەش بەکاك شەوکەتمان وت بەرپرسی لە دێیەکە قسەبکە ئێمەش 11کس بووین زۆر بووین 2-3بەرپرس بووین کەڕووبەڕوی هەرکەسێك دەبووینەوە دەیانوت کێ بەرپرستانە ئێمەش دەمانوت کاك شەوکەتو کاك شەوکەتیش دەیوت فەرموون وا من مەسئولم، وردە بارانیش دەباری چووینە بەردەرگایەك لەوگوندە بەکاك شەوکەتمان وت: فەرموو یەکسەر ژنێك گەیشتە لای دەرگای حەوشەکە وتی.. کەسمان لەماڵ نیەو نابێ کەس

بێته ئێره، کاك شەوکەت وتی ئەگەر بچنه ژوورەوه تا پیاو دێتەوه قەیچێکه ژنەکه وتی لەوەلاْ بێیته ژوورەوه ناوشانت بەرخەنجەران ئەدەم! ئەم ئافرەتەمان زۆر لاسەیربوو بەهێمنی گەڕاینەو وتمان بەراستی ئەو ژنه موهیم وقارەمانه.. مەلا هەژاریش وتی..ئینسان ژنی وای هەبێت...دوایی کاك عەلی بایز گەڕایەوه زۆر ڕێزی بەرزی نواندو حەیوانێکیسەربڕی بۆمان، زۆریش خزمەتی کردین‌و ئەوشەوەی لەماڵیان بووین دوای دەرکەوت که 10 ڕۆژبوو ئەو ژنه کوڕی عەلی بایز بەرادوو هێنابووی دووکچی ئەو ماڵەش بەهەمان شێوه ڕەدووکەوتبوون، مەلا هەژاریش وتی..جابۆیه خەریك بوو به خەنجەر بمانکوژێ (ئەگەر با لەو کونەوه بڕوات ئەوەش بۆ جێگای کەش ڕەدوو دەکەوێ)... دەستوری ئەو ناوچەیه وایه، بەڵام لەجێگای که خەڵکی لەسەر دەکوژرێت لەوماڵه تەسجیلکیان هێنا بۆمان داوای شریتیان کرد وتی.. مەگەر شریتی مەلا عەبدوڵڵای داڵەوانتان بۆبهێنم زۆر خەماوی‌وخۆشه ئێمەش خۆمان هەر غەم بووین، برادەران پرسیاریان کردو وتی.. مەلا عبدالله بەیانی هەڵساوه ژنەکەیی‌و دووخوشکی ڕەدوو کەوتوون.. ئەویش کەس نەبووه بەیانیان ئاگری بۆبکاتەوەو ماڵی چۆڵ بووەو لەسەر ماڵی چۆڵ حەیرانێکی وتووه ئێستا نانی بەئاودەکات... ئەوەندەی که خەفەت چووه سەر خەفەتەکانمان دوای ئەوەش چووینه جێگایەکی تر لەقەندیل ئێستا لەبیرم نەماوه ناوی چی‌یه لەدەوری دۆڵه ناوو ئەو ناوه بوو بایز ئاغای عەباس ئاغای ئاکۆیان لەوێ بوو نزیکەی 600 کەسی لەگەڵدابوو وەقەندیل بەفرگرتبووی ئەوانیش لەژێرچادری ساردو سەرماو لەژێر فشاری هێرشی عێراق هەڵهاتبوون بەرەو سنووری ئێران ...هاتنی زستان‌و ساردی‌و سەرمایی بێ ئەندازه تەنگیان پێ هەڵچنیبوو پێ دەچوو بڕیاری تەسلیم بوونەوەیان دابێت... بایز ئاغا وتی من بۆ پێشمەرگایەتی هاتووم نامەیەکی مەکتەبی سیاسی یامام جەلالی پیشان داین ووتی: نووسیویەتی ئەوه قیادەی موەقەته جەسەن خۆشناوی شەهید کردوەو ئێوەش ڕێگایان مەدەن‌و منیش ئەبێ شەڕ بکەم مەگەر جەوهەر ئاغای ئامۆزام بکوژم... ڕۆژی 1977/11/3بوو لای ئەویشەوه ئەوڕۆژه بەڕێ کەوتین بەرەو لای (بادیناوێ)و شەوەکەی پەڕینەوه بۆلای بنه مەجەو چوینه ماڵی کوێخای گوندەکه ناوی کوێخاعەولابوو دوای چوینه زێوو کۆنه لاجان‌و لای گەس گەسەوه..ئەو ڕۆژه چوینه دۆڵەکەی پشتی کۆنەلاجان..بۆئێوارەی دوایی چوینه گوندی قیس قەپان‌و پایگایەکیشمان لای گوندەکه بوو چووینه ماڵی ئاغای گوندەکه ناوی ڕەسوڵ ئاغابوو خزمەتێکی زۆری کردین بەڵام پیاوێکی باش نەبوو! سەربەحکومەتی شاه بوو دوایش بەڕێ کەوتین بۆگوندی داڵاوان ماڵی کاك علی بایزم هاتەوه یاد.. شەو چووینه ماڵی خاڵێکی فاخیرحەمەئاغای مێرگەسووری‌و وێنەی فاخیرو جەوهەر لەماڵەکەیان بوو کەلەپاشاندا زانیان ئێمه پارتی نین‌و قسەیان کردوو زۆریان خزمەت کردین...شەوی 3-1977/11/4چووینه گوندی (ماشکان)و بۆ زێوکه کەلەزێوکەش چووینه ماڵی مەلا محمد هێشتا زووبوو دوو مەلای لێ بوو، خەڵکی گوندەکه بوون مەلامحمدو مەلا ئەبوبەکر هەردووکیان دوو پیاوی زۆر باش بوون، ئەو ڕۆژەی 1977/11/4لەمیوانی ئەوان بووین‌و بۆڕۆژی 1977/11/5 کاك محمد خوشکەزایەکی خۆی لەگەڵ ناردین، هەر لەوێوه هەواڵی گوندی (بێ سۆك)مان دەپرسی گوندی بێ سۆك زۆر دوور بوو لەزێوەکەوه بۆبەرەو (شنۆ)بەڕێ کەوتین محمدی پیره وتی (محمد پیره شارەزاکەمان بوو)ئەتانبەمه ماڵی برادەرێکم‌و ئێوه لەوێ بن خۆشم ئۆتۆمبیلتان بۆ دەهێنم تاسەر کێله شین بەئۆتومبیل دەتان بەم، ئێمەش پێمان خۆش بوو... باشه بەڵام هەندێك میوەو جگەرەشمان بۆ بهێنن.. ئەو کاتەش (50)دینار زۆر بوو پێمان دابوو ئەو ڕۆیشت‌و ئێمەش 7-8سەعات بەڕێگا گەیشتینه گوندی (قەڵاتەرەش)پرسیارمان کرد پیاوێکی زۆر باشی لێ بوو ناوی کوێخا(ئیبراهیم)بوو. یەکێکی لەگەڵ ناردین محەمەدی پیره پەنی پێ دابووین لەهەر کەسێکمان دەپرسی کەس وەڵامی نەدادەیەو ەەنیان دەناسی چووینه گوندی قەراتێ لەوێشەوه پرسیارمان کرد لەماڵێك دوو دەرگای

گەورەیان هەبوو دوو تراکتۆرو چەکیان هەبوو، پیاوێکی قەڵەوی ریش سپی بوو کەلەبەری ماڵدا راوەستابوو ئێمەش سڵاومان کرد لەوەش نەدەچوو زۆر باش سەلامەکەی سەندبێتەوە، پرسیاری ئەو ماڵەمان لێکرد.. پێکەونیو وتی ئەوە شوانی منە لەم دێیە پیاو هەبێت دیوەخانی هەبێت منو نەش بێت هەرئێمە.. ئێمەش لامان داو چووینە ماڵیان دانیشتینو حەرەسمان داناو کابراش هاتە ژوورەوە وەبەشێوەیەك زۆر خراپ سەیری دەکردینو وتی ئێوە چین.. وتمان کاك شەوکەوت فەرموو کا شەوکەت یش وتی ئێمە کوردینو عێراقین لێمان قەوماوەو بەڵکو جەنابتان کوردنو هاوکاریمان بکەنو رێگامان پیشان بدەیتو شارەزایەك بۆ گوندی (میراوە) کەلە بێ سووکەوە (5)سەعات رێگادوورە.. ژاژکێکی بۆ دانایین دەیووت 7رۆژە گۆرەویت لەپێیەو لەناو باتەی لاسیك لەپێتایە گۆرەویشی دانەکەندو بەناوقوڕدا چۆن گۆرەوی بۆن دەکات..بەشێوەیەکیش بۆنی ژاژگێکە دەهات کابرا هاتە سەرچۆكو وتی بەراستی کوردی عێراق رەوشتی کوردی ئێرانیشیان خراپ کردووەو شەڕی براکوژی خۆیان بۆ ئێمە دەهێنن.. حکومەت خوای سەرزەوییەو ئێوە بەگژیدا دەچن!بەسیەتی شورەیی ناکەن رەشوەو بەرتیلیان ناو ناوە هەدیە... راکردنتان ناوناوە ئینسحاب درۆتان ناوناوە سیاسەتوخەڵکی ئەکوژنو ناوی دەنێن شۆڕشگێڕو ئاژاوەتان ناوە ناوە شۆڕش بۆ میللەتو ئێمە، حاشا هیچمان ناوێتو لەکۆڵمان ببنەوە، ئێوەش هەر ئێستا نان بخۆنو بڕۆن تاخەبەرم لێ نەداون...لەو چەند رۆژەدا یەکێکتان خۆی کوشت کوڕێکی خانەقینی بوو ناوی داود بوو (ئەمنیەو چریك) دەوری دابوو لەگەڵ گوندی شێخان لای شنۆ کۆمەڵێك 10-12کەسدا هەر لەگوندێکی ئەو نزیکانە خۆی کوشتبوو لەبەر چاوی ئێرانیەکان بەشەرتێك تەسلیم بەوان نەبێت.. کابراش زۆری بەسەرمان خوڕیو بەکوڕەکانی هەر ئەمانە رۆیشتن ئاگاداری سەرگروبان یان رەئیسی پایەگاکە بکەنەوە.. سەبرم نەماو وتم، تۆ ناوت چیە هەروا وردە وردەش ژاژگێکە بۆناویە ناخۆشەکەشم دەخوارد وتی رەسول ئاغا.. وتم رەسول ئاغا.. ئێمە لێمان قەوماوە ئێمە پێشمەرگەی کوردستانین... ئێمە شۆڕش دەکەینو پیاوی وەك تۆ بەرهەمی دەخوات.. ئێمە ئێستا حاکمو بریاردەرین ئێستا ئەتوانین لێرەدا تۆ بکوژین نەلەکەس ئەترسین نەکەسیش مەحکەمەمان دەکات، ئێمە زۆر بێ منەتین لەتۆشو نانەکەشت، دۆکەشت!! ئێستاش تراکتۆرمان بۆ دەهێنیو بەئارەزووی خۆمان دەیبەین تۆش هەرچی بکەیت بەرپرسیو هەر چەکێکیشمان دەردەچێ بۆت یان لەوێ کوڕانی خۆت لەگەڵمان دێنو دەیانکوژین هەروەها پێم ووت.. کابرا دەنگ هەبووسبەینێش خۆر دەکەوێت ئێوە ئاگاداری پایەگاکە بکەن لەبیرت نەچێ هەر دەگەڕێینەوە بۆت... ئیتر تراکتۆری هێناو 2کوڕی لەگەڵمان هات تاقەلاَتەرەشو ئەوانمان مۆڵەتدا تابچنەوەو خۆشمان چووینە ئەوێ لەماڵی کوێخا لەوێ خەوتن تادەمەو بەیان هێشتا تاریك بوو کوێخا بەسواری ماینێك لە گەڵمان هات تانزیك گوندی (میراوی شنۆ) لەسەر رێگای کێلەشین، ئەومان گەڕانەوە بەڵام نیشانێکی داینێ بۆکوێخا مولودیمیراوا.. کوێخا ابراهیم پیاوێکی باش بوو.. بەرەبەیانی 1977/11/6چوین گوندی میراوا لەپایەگاکەوە نزیك بووین لەگوندەکەش زەماوەند دەکراو رەئیسی پایگاکەش دەعوەت کرابوو، ئێمەش بەترسەوە هەواڵی ماڵی کوێخا مولودمان پرسی کوێخای گوندەکە بوو لەوێش وتمان کوێخا براهیمی قەلاَتەرەش ناردووینی.. زۆر بەگەرمی هاتە پێشوازیمانو دوو کرێکاری هەبوو قوڕکاری بۆ دەکرد.. کرێکارەکان پێیان وتین.. ئێوە ناترسن لە رەئیسی پایەگاو جاندرمیری لەئاوایی دایە.. بەبرادەرانم وت ئێوە سەرکەون لەپێشەوە تا من قسەیان بۆ دەکەم.. وتم نەخێر ئێمە بەدەستوری حکومەت لێرەینو بۆ ئەوەی شکمان لێنەکەن.. ئەگەر پێویست دەکات ئیستا ئەچم بۆلای پایەگاکە بادەستورتان بداتیو شارەزامان لەگەڵ بنێرن کەزانیان من بەبێ منەتەوە وام وت ..ووتیان ناپێویست ناکاتو کوێخاش گوێ ی لەم قسانەبوو وتی.. ئەوەی نایەوێتو ئێوە ئیش بۆ من دەکەن، ئەوان

بەڕێ بکەن هەر ئیشی منە ئەوەش زۆر پیاوانە هەندێك نانیان هێناو بەڕێ کەوتین تادوور دەوتینەوەهەنگاوی ماقوڵمان دەنا هەنگاوەکانمان بەراکردن دەژمێردرا.. سەعات 8ی سەرلەبەیانی بوو لەوێش هەر چاوەڕێی حەمەی پیرەین‌و وتمان لەرێگای سەیارەوە بابڕۆین ئەوەك کابرا سەیارە بهێنیٚ‌و بەوانیشمان وت.. لەوانەیە سەیارەبێت بۆ ئێمەو سەربکەوین..کابراش وتی10-14سەیارەی ماشێنی سەربازی لەسەرجادەکەن ئەوەك کەمین بن، بالەڕێگای شەخسیەوە بتان بەم تێگەیشتین کەحەمەی پیرە لەجیاتی پاکەت‌و میوە سوپای ئێرانی بۆ هێناوین.. حەمەی پیرە کەلەپاشاندا هاتبوون بۆ سۆراغی خۆی شاردبووەوە دوایش ئێمە سەرکەوتین بۆ سەر کێلەشین کە بەردێك‌و هەندێك شتی لیٚ هەڵکەنرابوو سنووری ئێران-عێراق جیای دەکاتەوەو بەڕووی برادۆست‌و بەرووی شنۆدا.. هەندێکی بەئیسراحەت‌و پاشان برادەرە شارەزاکانمان ناردەوەو زۆر سوپاسمان کردن‌و هەندێك پارەمان دانیٚ‌و ئەوان گەڕانەوە، ئێمەش بەدۆڵی (سالاری)یدا شۆڕبووینەوە بۆ دۆڵی خڕێنەو سالاریەو چووینە گوندی حاجی عبداللە کەخزمی ماڵی شێخ رەشید لۆلان بوو. چووینە دیوەخانێك ژنەکانیان پەرچەمیان لەسەر بوو دەم‌و چاویان داپۆشی بوو هەموو ژوورەکە لاکێشەو درێژبوو لباوی تێدابوو.. لباد لەبەرە گن ئەکرێت بەرەگنیش هی برخە هەلاج بەکەوان شی ئەکاتەوە بەژیٚ لیٚی ئەدا.. ژیٚ لەریخۆڵەی حەیوان دروست دەکریٚ بەچەکەکە لیٚی ئەدا.. چکەکەش لەدار دروست ئەکریٚ پاشان بەرگنەکە بەشی کراوەیی لەناو چیخە دەیسونەوە ئەوکاتە لباوەکە رەك و کوڵەباڵ‌و کەچەی لیٚ دروست دەکرێت.. خەڵکەکەش زۆریان بەتەمەن بوون.. سڵاومان کرد یەکێك لەوان بەهەزار حاڵ سڵاوەکەی سەندەوە.. هەرهەموویان جگەرەی سیغار یان لەفیان دەکێشا دوکەڵی ژورەکەش نەدەچووە دەرەوە.. کەس لەبەرمان هەڵنەسا جگە لەیەك دوو کەس نەبێت بەخێر هاتنیان کردین! کەس دەنگی‌نەکردو وتمان جێگایەکمان دەوێت بۆ شەو لیٚ ی بخەوین وتیان بچنە ئەو ژورەو با پیشانتان بدەن شارەزایەك لەگەڵمان هات کەچووینە ژوورەکە ژووری گەوڕی بزن بوو پڕ بوو لەسەنیرو شیاکەو پیسی ئاژەڵ‌و بزن تەبەقی لێدابوو کەپژمین هەموو ئەو ناوەیان دەکرد بەچڵم..ئیتر نازانم ئێمە بەچی تییگەیشتبون دوو خرتی شەل لەژوورەکەدا بوو بەستبویانەوە شاخیان یەکی نیو مەتر دەبوو.. کاك شەوکەت توورە بو وتی ئێوە هەمووتان جاشن‌و دەستی مەلا مستەفا خۆش بێت، هەمووتانی کوشت‌ودەربەدەری کردن‌و راوی لای بەعسی نان.. هەرئەوەندەی پیٚ نەچوو لەهەموولایەکەوە چەکدارمان لیٚ کۆبووەوەو وتیان ئێوە وتووتانە جاشن، منیش وتم نەخێر ئێمە وامان نەوتووە، وتیان بەڵیٚ بەرپرسەکەتان وای وتووەو منیش چوومە پێشەوەو پێم وتن: وتویەتی خۆئێمە جاش نین بۆ جێمان ناکەنەوە.. بەهەرحاڵ ئەو شەوە لەویٚ ماینەوە بەیانی لای ماڵی مەلاوە بەڕیٚ کەوتین بۆ ئێوارەش گەیشتینە گوندی (بیٚ سوك)... شەوی 7-8/11/1977لای کاك ئەحمەد فەقیٚ رەش‌و برادەران بووین لەهەرێمی (9)ی باڵەکایەتی... رۆژی 8/11/1977چووینە گوندی گلانگەردی‌و شێخان‌و گوندی جورجان.. مام جەلال‌و کاك علی عەسکەری‌و کاك خالیدو کاك نەوشیروان‌و کاك سالارو کاك رەسول‌و کاك دکتۆر محمودو کاك قادر جەباری‌و کاك ملازم عمر هەموو ئەو کاتە لەویٚ بوون لەماڵی خدری مەلابون، کاك رەسول‌و کاك دکتۆر تازە لەسوریاوە گەڕابوونەوە لەوکاتەشدا مفاوەزات بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەرێگەی حاجی محمدی شێخ رەشید لۆلانەوە.. ئەوکات کاك عەلی سەردانی بەغدای کردبوو سیٚ رۆژ مابوەوە وەزیری ناوخۆو عدنان خیراللە‌و صدام حسێنی بینیبوو لەسەر ئەوەی نەگەیشتبوونە ئەنجام صدام حسێن وتبووی دێهاتی سەر سنورەکان هەموی چۆڵ دەکەین لەبەر شریتی ئەمنی، ئێمەش لەماڵی سۆفی حەسەن ناوێك خانویەکمان گرتبوو من‌و کاك شیروان وەپێشمەرگە لەگەڵمان بوو خۆمان شتمان دەکڕی لەویٚ بووین، چەند رۆژێك بوو وادیار بوو لەرۆژەکانی پێش ئێمەدا مفاوەزات بوو لەنێوان هەردوولا کاك عەلی عەسکەری چووبوو بۆ بەغداو بەرپرسەکانی

عێراقی و صدام حوسێنی بینی بوو نەگەیشتبوونە ئاکامێك و لەسەر ئەوەش (حاجی محمدلۆلان) لەلایەن حکومەتەوە ئاگادار کرابوو ئەو ناوە لە پێشمەرگە چۆڵ بکرێ یاحکومەت دێت وگوندەکان دەسوتێنێ.. ئەوانیش بەئێمەیان وت دووربکەوینەوە..یەك قۆناغمان گواستەوە بۆدیوی تورکیا لەرێگا حکومەت و تەیارەی هەلیکۆپتەر هاتە سەرمان لەچەمی نێوان تورکیاو عێراق یانێوان جورجان و ماسی رۆدا چەند پێشمەرگەیەك برینداربوو لەوانە: نەوزادی حاجی عبدالرحمن خەڵکی سلێمانی بوو لەهەرێمی (3)کەلەپاشاندا شەهیدبوو، لەوێشەو پەرینەوە بەرەو چیاوهەورازەدا چووینە گوندەکانی توریکا، یاکوردستانی تورکیا لەناوچەی سنوری هەر (3)لادا (تورکیا، عێراق، ئێران) لەلای شەمزینان کەقەزایەکی ئەو وولاتەیە، گوندەکانی گارەو ماسی ڕوو گلیشمەو ئەو ناوەش قەرەقوڵ ویارەبایەی لەبەر وەرزی زستان و ساردی ناوچەکەو بەفری زۆرو برسێتی و رێگا لەزستاندا دەکشانەوە دواوەو لەهاوین دەهاتنەوە ناوچەکە.. ئێمە چووینە گوندی ماسی رو بە رێکەوت چووینە ماڵی حاجی مەجید کەپیاوێکی بەتەمەن 65ساڵ بوو.. پیاوێکی باش و دڵسۆزو خزمەتگوزاربوو.. حەمە عەرەب کوڕی حاجی مەجید بوو کوڕێکی گەنج و دڵسۆز بوو لەگەڵمان ئیشی دەکردو هاوکاری دەکردین.. زۆرجار بۆلای نۆکان دەهات و ئەو ماوەیە هەر لەگەڵماندا بوو هەربۆیەش ناویان نابوو حەمە عەرەب زۆرهاتوچۆی عێراقی دەکردو رەنگ ئەسمەر بوو، لای تورکیاش عەرەب مەقبوڵ نیەو بەنەتەوەیەکی خراپی دەزانن لەفەرهەنگی تورکیدا وەکو دوژمن سەیری کراوە.. ئەوەش هەر لەکۆنەوە واهاتووە لەنێوان ئەمەوی و عەباسی و تاعوسمانیش دا لەتورکیا و عێراق هەرماوە.. دیوەخانێکی گەورەیان هەبوو پۆشتەو پەرداخ بوو دیوەخان ژووری میوان و لەوگوندانە لەگەڵ ژووری ناو ماڵ جیاوازە وبەتەنهایە یا بەرامبەری ماڵە یابەتەنیشتەوە، میوان دەتوانێ زیاتر ئازاد بێت و لەوحاڵەتەشدا ئیسراحەتی تەواو وەردەگرێت... ئێمە چووینە ئەو گوندە...ئێمەش کەچوین کاك ملازم تاهیروکاك حاجی حاجی ابراهیم بوون لەسەر هەندێ هەڵسوکەوت کاك عوسمانی قادر منەوەرو کاك حاجی و برادەرانیان لەگوندەکە عاجزکردبوو ئەوانیش چووبونە پشتی گوندەکە... هەموو مەڕی لێ بوو گەوڕ یا گەلەخان یا جێگای مەڕوو مالاتی ووردە لەدوری گوند بوون بە 100 مەترێك زیاتریش ئەوەش شتێکی باش بوو، پاك و خاوێنی ناوچەکەو ناوگوندەکەی دەپاراست.. چەند رۆژێك لەوێ بووین و زۆریان خزمەت دەکردین بەرۆژ دەچووینە پشتی گوندەکە بۆ ئەوەی ئەگەر جەندرمەی تورکی هاتن ئێمە نەبینن.. جارجارەش سەیارەیەك یا تەنکەرێك پێ دەچوو بۆشتی قاچاخ بێتە ئەو ناوە هەتا بەتراکتۆریش یاجادەی خۆڵی نێوان گوندەکان دڵمان پێدەکرایەوە ئەوەندە لەجادەو سەیارە دووربووین هەتا خەڵکی ئەو گوندانەش دەچوونە (گەوڕ یا شەمزینان وهەکاری و دیاربەکر) و دەگەڕانەوە پرسیارمان لێ دەکردن لەوەزعی شارو ئەوناوە.. دەستوری ناوچەکەش تایبەت بوو مزگەوتێکی زۆریان هەبوو منالی بچووك8-9ساڵیش نوێژی دەکرد باخ و شتیان هەبوو لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئافرەت زۆر مەجالی ئەوە نەدراوە یاهەتا بۆخوێندنیش کەم بوو، ئەوماڵەی لێ ی بوین بۆی باس کردین لەرۆژانی (شەممە)دا لە (گەوڕ)ژن یا کچ دەفرۆشن لەمەیدان ولەوێ دەیکڕن بەپارەیەك و هەرلەوێ ژمارەو ناونیشانی ماڵی کچەکە دەدەن بەو کەسەی دەیکڕێت و لەگەڵ خۆیدەیهێنیتەوە بۆ ئەوەی پرسی پێ بکەن، حاجی مەجید کەتەمەنی 65ساڵ بوو چاوێکیشی لەدەست دابوو کچێکی لەوانە کڕیبوو، تەمەنی 19ساڵ بوو، وەخۆی بۆی باس کردین و کاك شیروانمان لەگەڵ بوو باسی کرد، ئەوانی کەشم لەبیرنیە کێ بون لەگەڵمان ئەوکات.. کاتێکیش چووینەوە یەکەم شەو کاك قادر جەباری سێ سەعات قسەی بۆکردین لەدژی مەلامستەفاو هەرچی پێ بوولەقسەی خراپ بۆی باس کردین لەوەبارەیەوە هەروەها باسی لیژنەی تەحزیری کوردستانیان بۆ کردین کاك شمس الدین موفتیش لەوێ بوو. کاك دکتۆر محمود و کاك رەسول و دکتۆر خالیدو هەندێکی کەی

لەوبرادەرانە لەدەرەوە گەڕابوونەوە (ابو شوقي و ابو عمر) لەوێ بوون دوو هەروەهاکەسی کەش بوون ناوی پۆلای شێخ مارف بوو یەکێکی کەش لە (الجيش الشعبي لتحرير العراق) لەوێ بوو باسی جیشی شعبی کرا، کاك شیروان کەبینی دوو کەسن وتی وامزانیوە ئەو دۆڵە چادری تیادا هەڵدراوەو پڕە لەجەیش و مەعەسکەرات، بزووتنەوەو کۆمەڵەو سازمانی ئینقلابی ئێران، مەحمودو دکتۆر حسێن لەوێ بوون ماوەیەکیش بوو دەیان وت، ئەمریکا باشترە لەسۆڤیەت چونکە ئەمریکا لەگەڵ صین دا رێکە، زۆر توندرەوبوون، وەمحمود قیادەموەقەتە گرتیان و کوشتیان لەساڵی 1978دا لەهەکاری...ابو شەوقی سەرۆکی دوو حزبی عەرەب بوون بەناوی (حرکە الاشتراکیە العراقیە)وە (حزبي الاشتراكي عيراقي ناصري) ئەوانیش لەتجمعی وەتەنی عێراقی بوون کەشعاری روخاندنی عێراقیان هەڵگرتبوو.. تجمعی وەتەنی عێراقی لە حەوت حزب پێکهاتبوو بەیەکێتی‌شەوە.. لەچونیکاك علی عەسکەری بۆ بەغداد بۆ مفاوەزات زۆر ناڕەحەت بوون.. وەزعی ئیدارەی هێزەکەخراپ بوو.. ئەو پارەو چەکەی بۆیان هاتبوو 9 دۆشکەو پارەو چەکی وورد لەگەڵ مولازم حەسەن خۆشناو لەگوندی بەردەڕەشەی ناوتورکیا کەوتبوونە کەمینەوەو هەموو ئەو شتانەی پێیان بوو دەستی بەسەردا گیراوریگەی هاتوچۆیان لێ بڕابوو بەئاشکراو بەناو بادینان و زۆر جێگای‌تورکیادا. پێش ئێمەش لەدۆڵە کۆسە یادۆڵە گۆشتە بوون ئەوەندە کۆبوونەوە کرابوو نەگەیشتیبوونە ئاکامێك ئەو دۆڵە یان ناونابوو (دۆڵە فشە)، مام ئەحمەد کەپیاوێکی پیربوو خواردنی دروست ئەکرد بۆ برادەرانی (م.س) لەوناوە ئەوەندەچێشتی کردبوو چای لێ نابوو هەر کۆبونەوەش تەواو نەبووبوو.. هەر ئەمڕۆو سبەی لەقیادە موەقەتە دەدەن یان نە.. بارەگا دەکرێتەوە یان نە بەهیلاك چووبوو وتی: ئەم کۆبوونەوانە بۆ گیانی منە، ئەمەش دۆڵی کۆسە نیە–دۆڵی فشەیە–بۆیە ئەو دۆڵە ئەوناوەی بەسەردا دابڕابوو دۆڵە فشە لای دەشتی بەرازگرو دەریا سورو گەرەپێچ بوو– کێشە لەناو کۆمەڵەدا هەبوو من تا ئەوکاتەش هەر کۆمەڵە بەمیلاکی خۆی دەزانی و منیش لاریم لێ نەبوو، بەڵام باوەڕم بەرەفتارو کرداری سیاسەتی کۆمەڵە نەبوو، چونکە کۆمەڵە لەسەرەتاوە کێشەی تێدابوو، من مەسئوول نەبووم لەناو کۆمەڵەدا بەڵام ئاگام لەگیروگرفتەکان و هەموو جموجۆڵەکان هەبوو من زیاتر لەگەڵ ئەودا دۆست بووم، هەتا لەکاری رێکخستنیشدا.. لەکاتی شێخ شەهاب و برادەران کەچوونە دەرەوە بۆ ئێران کێشەیەك هەبوو لەگەڵ کاك ئیبراهیم خلیل کەناوی (د.ئەحمەد) بوو، وابزانم خەڵکی گوندی میرزا رۆستەم بوولای دوکان پیاوێکی بەتواناو شارەزاولێهاتوو بوو ئەوکات، لەساڵی 1976 و پێشتریش رای وابوو کۆمەڵەئەبێت سیاسەتێکی هەبێت لەگەڵ خەڵکی کوردستان نامۆنەبێت، لەرووی ناوەکەشەوە هەمان راوبۆچوونی هەبوو، ئەیوت کۆمەڵەی مارکسی لینین قورسەو خەڵکی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ ناکەن، ئەگەر بکرێت بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لەدوای چەندساڵێك ئەو ناوەی لێ نرا..بیروراکەی ئەو راست بوو، لەسەر ئەوە کێشەیەك دروست بوو، بڕیاری تەجمید یا دەرکردنی د. ئەحمەدیان دابوو بەڵام زۆری لەوانەی رێکخستن هەمووی کەم بوو ئەو کاتەپەیوەندییان بەوەوە هەبوو، رۆنیۆیەك هەبوو لای ئەوبوو.. توانای رێکخستنی هەبوو خاوەن فیکرو پیاوێکی بەتاڵ نەبوو دوای چەند ئیهانەش هەوڵیان ئەدا لای رژێمەوە بگیرێت هەتا کۆمەڵێکی تر ئەو هەوڵیان دابوو.. نزیکەی 70کەس گیراو زۆریان سەربە ئەوبوون یابۆچوونی ئەویان پێ باشتر بوو یەکێك لەوانە عەبدولی حاجی حسن ناسرابوو، ئەویش چەند جارێك لگەڵ من بەنامە هەوڵیدا منیش فکرەکەم پێ باش بوو لەسنووری هەڵەبجە کاری بۆ کردبوون ئەوانی دی مامۆستا سەرکەوت و شەهید عمری محەمەد صالح و تاحەدێکیش تۆفیق پشتیوانیانی پێ باش بوو،لەسەر ئەوە هەردووکیان هەڕەشەیان لێ دەکرا (2–3)لەو کادرانە بەناوی هیدایەت و مەریوان و ئەوەوە لەلایەن کۆمەڵەوە کوژران لەنزیك (ئیمامی زامن) لەدەریاچەی دەربەندیخان خستیانە ناو ئاوەکەوە...پاشان

لەساڵی 1977 د.ئەحمەد بۆشاییەکی بۆدەسکەوت و هاتە دەرەوە، شەهید عومەر حەمە صالح بەشارەتی کەباوکی لەشەڕی پردی زەڵم ساڵی 1963شەهید ببو خۆشی کوڕێکی دڵسۆزو گورج و گوڵ و چاپوك و لێهاتووئازابوو، هەمیشە باسی ئەوەی دەکرد ئێوە شەهید بن بەکوڕەکانتان دەڵێن باوکتان شەهیدە، بەڵام من کوڕەکەم دەڵێت باوك و باپیرم لەسەر کورد شەهید بووە.. (9)کەسی لەگەڵ بوو لەگەڵ ئیبراهیم خەلیل رێکەوت لەگەڵ ئەودابوو کۆمەڵە یان (کۆمەڵە ،مارکسی، لینین)زۆر نارەحەت بوون لەوە دەترسان خەڵکی کەش بڕواتە لایان رۆژنامەیەکیشیان دەرکرد بەناوی (ئاڵای سوور)لەو ماویەدا کاك ئازاد هەورامی دەورەیەکی لە (بۆین)لە مەکتەبەکەدا کردبۆوە لەسەر مێژووی مارکسیەت و دەوری سۆسیالست و کۆمنیست مەشاعیەی سەرەتایی (قەنانە)ئەوەی لە رووی سلبیەوە زەرەریدا بەدەرەبەگایەتی و تا سۆسیالیزم و شیوعیەت و لەودەورەیەدا بۆ خۆشکردنی زەمینە هێرشی زۆر لەسەر خواو قورئان و ئیسلام کرا کەزۆر لەوانەی دورەکە نەیاندەتوانی ئەوانە قبوڵ بکەن بەرۆژ بوو ئەوەش رەنگی دایەوە کێشەی 1977/3/22لەخڕنوك دروست بێت و کێشە لەبانی شاریش، ئەو کێشەیە گەورەتر بوو زۆر لەپێشمەرگەش بڕواتە لای قیادەموەقتە، لە 1977/2/20کۆمەڵە تووشی شەلەل بێت گۆڤارێك بەناوی (ئاڵای سوور) چاپ کراو (1–2)ژمارەی لێ دەرکراو رێکخراوی هەڵۆ سەرپەرشتی دەکرد، جاربەجاریش نامەی سەرکردایەتی.. دەستە چەکدارەکان و جارجارەش نامەی مام جەلال بەناوی جوتیارەوە هاتبوو، کاك سالار پیشانی خەڵکی دەدا کەمام جەلال کۆمەڵەیە (الشرارە)یش دوابەدوای ئەوە بەدەستوخەت بڵاودەکرایەوە، ئێمە نوسخەمان بۆهاتبوو مامۆستا عەزیز بۆی هینابووین، سەرکردایەتی بڵاوکراوی دەردەکرد، لەوێشەوە زەمینە خۆش بوو بۆ دکتۆر ئەحمەدو کۆمەڵەی رەنجدەران لەمانگی 1977/7دا لە وشکوڵ لای نێوان تۆەقوت و بێ سەڵمێن ئیخباری کران و سوپای بەعس و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر شۆڕبوەوە سەریان، دوای 7سەعات شەڕ (7)کەس شەهید بوون هەر (7)کەسەکەیان بەدکتۆر ئەحمەد وعمری حمە صالح و علی مراوەلیوەشەهید بوون و وەکۆتایی بەو رێکخراوە هات و لەسەر ئەوە پۆلیسێك هاتبووە دەرەوە بەناوی الله وەیسی کۆکۆیی بوو، یاناوێکی لەوبابەتە بوو.. کاك حامید وەکو خزم بەرگری لە عومەر ئەکردو ئەوە لەجیاتی ئەوکارە کوشتیانەوە، منیش رەئم وایە کەکۆمەڵەی مارکسی لینینی هەوڵی ئەدا بەهەر شێوەیەك بێت دکتۆر ئەحمەدوئەو مەفرەزەیە تیا بچن.. چونکە لەوکاتە حکومەتی عێراق هەموو ناوچەکانی داگیرکردبوو بەڵام زۆربەی بۆچوون وابوو کۆمەڵە هەوڵی داوەو لەڕێگای کەسانێك لەنێوان کۆمەڵەو حکومەتدا واتە لەسەرەوە بووەو هەواڵی هەردوولای گەیاندووە.. چونکە لەهیچ بڵاوکراوەی بەیانێکی کۆمەڵەدا تا ئێستاش ناوی ابراهیم خلیل (د.ئەحمەد) نەهاتووە ئەو (7)کەسەش کەتیاچوون زۆر گرنگی پێ نەدراوە ئەوەش کارەساتێکی گەورەبوو لەورۆژەدا کەئەو کادرانە تیابچن.. لەوێوە هەواڵەکە لەبڵاوکراوەی کۆمەڵەو ئەوانەدا تاماوەیەك هەر باسی لێ نەدەکرا.. کۆمەڵە لەسنووری هەڵەبجە پێیان خۆش بوو کەلەکۆڵیان بووەتەوە، هەر لەوسنوورەشدا لەکاتی دەرچوونی ئێمەدا مستەفا عبداللە کۆکۆیی بەهۆی دوژمنایەتیەوە لە ناوچنارو مودرین قاچاغ ببوو، 2–3کەس لەگەڵیدا پەیوەندی لەگەڵ کرابوو، چونکە کۆکۆییەکان کۆن سەر بەجەلالی بوون و لە (64)یش حسێن عارف کەسەرلق بوو لەسەر شەڕی جەلالی ئەوش مەلایی بووکە کوژرابوو ئەو نەوڕۆڵی بوو.. کێشە لەنێوان نەورۆڵی و کۆکۆیدا هەبوو پاشان مەجید مەلا حامیدو خالید حاجی فەرەج و چەندکەسێك لەکۆکۆیی کوژران، محمد مرادخان و چەند کەسێکیش لەنەورۆڵی کوژران..ئەوە هەر مابوەوە کاتێکیش جەلالی نەماو بەیاننامەی ئازار دەرچوو کۆکۆییەکان ماوەیەك گلۆڵەیان کەوتبووە لێژیبەڵام شەڕەدستی پێ کردەوە ساڵی 1974 کۆکۆییەکان ئیتر بوژانەوە.. کۆکۆیی عەشیرەتێکن کەوتووەتە لای پشتی هەڵەبجەوە یاخوارووی رۆژهەڵاتی هەڵەبجەو ئەوناوە

سەرووچاوەو گرناویو مۆردێنو چناروباوە کۆچەك.. نەورۆڵیش چنارو چەند گوندیکە وەکۆکۆیی لەشەمێرانیش هەبوون..کۆکۆیی کەم بوون بەڵام پیاوی ئازاو شارەزایان لێ هەڵکەوتبوو، محمد کوێخا کەریم سەرلقی جەلالی بوو، کوژراو خالیدی حاجی فەرەجو مجید مەلا حامیدو قادر کۆکۆیی پاشانیش مەحمودی حاجی فەرەجو جەمیل مەلا مستەفاو مستەفا کۆکۆییو خەڵکی بەتواناو لێ هاتوویان زۆربوو.. نەورۆڵی زۆر بوون بەڵام لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتای 1963وە بەکۆمەڵ چەکیان بۆ عێراق هەڵگرت لەدژی پێشمەرگە.. شۆڕشیش دژیان بوو شەمێرانیەکانیش هەر دژیان بوون.. پاشان کوشتی حەمە شەمێرانیو کاك کریم عەدوڵای خاسە لەشەمێرانی لەلایەن نەورۆڵیەوە لەکاتی ئاشتی یا بێ چەکی ئەواندابوو، چونکە نەورۆڵی نەبەکۆکۆییو نەبەشەمێرانی نەدەوێران لەشەڕی چەکداریدا خۆیان لێ دەپاراستن... هەتا لەشەستەکان مەحمودی مرادخان کوژرا کەسی نەورۆڵی نەیانتوانی تۆڵەی بکەنەوە تافاتمە چوو تۆڵەی کوڕەکەی کردەوەو مەجیدی مەلا حامیدی کوشت لەناو هەڵەبجەدا لە 1969.,. ئێمە چوینە ئەو ناوچەیەی سازان لەکۆستاوابووین لەسەرچەمی سیروان لەماڵی حاجی عوسمان کوێخا عەشیرەتی کلاشی.. کلاشی لەئێرانو عێراق هەیەو کاك حامید سەربەیەکێ لەو کلاشیانە بوو واتا هۆزی یارەویس کەمەحمودی یارەویس ریش سپی و سەرۆکیان بووە ، وەکەشکۆڵەکەی محمودی یارەویس بەناوبانگە پێ دەچێ لەگەڵ کشلاشیەکان ببنەوە بەیەك کەکلاشیەکان لەناوچەی جوانڕۆ بۆ نوکتەش دەیان وت بەکاك حامیدو ئەوان ئێوە پۆتینن. ئەوکات پۆتین بۆ پێشمەرگە پێلاوێکی باش بوو بۆ چیاو هاتوچۆ، مستەفا متمانەی بەکاك حامیدو نەورۆڵیەکان نەبوو، کاك حامید لەسەر نەورۆڵی ماڵ بوو هەر چەندە لەئەسلا بەشێکە لەکلاشی، وەکاك حاجی خالید پیاوێکی بەتواناو خزمەت گوزارو ناسراوی ناوچەکەیەو پرس پێکراو قسە رۆیشتبوو، نەورۆڵیەکانیش بەزۆریان بەڕای گشتیو قسەکردنوراوەرگرتنی ئەوکارەیان دەکرد.. کۆکۆییەکانیش بەهۆی شەڕەوە بەتایبەتی لەلایەن باڵی (م.س)وە توشی دوژمنایەتی بوبوونو نەورۆڵیەکانیش زیاتر گوێرایەڵی مامۆستاکانی هەڵەبجە بوون.. بۆیە مامۆستایانیان لەشۆڕشی ئەیلول لەماوەت گرتبوو چونکە مامۆستایانی هەلچەبجە دەورێکی باشیان هەبوە لەوناچەیە.. بەڵام مستەفا متمانەی بەمن هەبوو دوای بوو بەپێشمەرگەو فەرماندەی کەرت بەڵام بگوێ ی کاك شێخ عەلیو کاك حامیدی نەدەکرد چونکەشەهید فەرەج تریفەییو نەورۆلیەکان هەمیشە
لەپارێزدابوون بۆی بەڵام بەئاشکرا نەیان دەوێرا چونکە فەرەج لەبەرئەوەی نەورۆڵی بوو کاك حامیدوئەوان دەوری زیاتریان پێ ئەدا بۆیە مستەفاش متمانەی پێ نەدەکردن هەوڵیان ئەدا مستەفا بخەنە ژێر دەست فەرەجو ئەویش نەك هەرقبوڵی نەدەکرد بەڵکو هەر باوەڕی پێ نەبوو ئەگەر لەبەر شۆڕش نەبوایە تەقەشیان لەیەك دەکرد مستەفا لەگەڵ نوری برایو کەسو کارەکەی دوور کەوتنەوە لەکاتی هێرشی 1977/5/18 حکومەت بۆ ئەوناوچەیە ئەویش لەسەر چەمیسیروان لەگەڵ باوکیو نوری برای لەکێل یاخود کۆخی مام لەتیف یامامە لەتە لای تەوەنەوەل لەسەر چەمی سیروان لەخەودا چوونە سەریان، هەرسێکیان کوشتن گوایە دوژمن چووەتەوە سەریانو دوژمنەکانی خۆیان بوون.. بەڵام لەوناوچەیە کاك شێخ علیو کاك حامیدو فەرەجو کاك غەفور دەرەڕەشیش کەفەرماندەی مەفرەزەوپاشان کەرت بوو ئەوان چوبونە سەریان بەڵام کاك غەفور پیاوێکی قسە خۆشو ئازاو لێهاتوو بوو بەڵام کۆمەڵە دژی بوو...لەساڵی 1981لەنێوان ناوگردانو بێرەشکەدا قیادەی موەقەتە کوشتیو شەریفی خاڵە قیادەموەقەتە بوو کوژرا.. تفەنگەکەی نوری برای مستەفا کەگولەیەك بەر قۆناغەکی کەوتبوو کون بوو دوای ئەو چەکە لەکەرتەکانی هەورامان بوو هەرئەوەش بوو دەری خست کوشتنەکەی هەرچەندە قادر کۆکۆیی سۆراغی دەکرد لەگەڵ جەمیل مەلا مستەفا بەڵام هەر سۆراغی نەبوو..قادر کۆکۆیی

پێشمەرگەی کۆن‌و پیاوێکی ئازاو لێ هاتوو بوو لەسەرەتای شۆڕشیدا بەهۆی کاك حامید حاجی خالیدەوە دوو بڕنەوەی وەسەتی پێشکەش بەشۆڕش کرد، لەوکاتەدا زۆر گرنگ بوو بۆ شۆڕش.. کاك قادر لە 1996لەسەید صادق لەشەڕێکدا بەرامبەر بەبزووتنەوەی ئیسلامی شەهید کرا کێشەیەکی کەی کۆمەڵەش هەبوو لەگەڵ تەهاباراوی (مامۆستا عومەر) وئەبو شهاب (احسان نجم) لەکاتی گیرانی شێخ شەهاب‌و ئەو کۆمەڵەیەی لەگەڵ بوون کاك فریدوون‌و علی بچکۆل‌و کاك ئاسۆو کا عمری سەید علی‌و چەند کەسێکی تر.. دڵسۆزانی کۆمەڵە لەلای لەدەرەوەو لەرێگای رێکخراوەکان‌و لەرێگای شیوعیەکان‌و یا لەرێگای فەلەستینەوە هەوڵ درا بۆ بەردانی تا اعدام نەکرێت.. لە کوردستانیش کاك ئەبو شەهاب بەهۆی خزمایەتیەوە لەگەڵ شێخ ستار ئەوکاتە لەوەزارەتی عێراقی‌و لەحزبە کارتۆنیەکانیش هەولی بۆ دابون بۆ بەردانیان، بەڵام هیچی بۆ نەکرابوو لەسەر ئەوە گومانیان لە ئەبو شهاب هەبوو هەتا مۆرەکەی تەسلیم کردەوەو بۆئەوانەش ئەمری گرتن‌و کەشف بوو لەمەفرەزەسەرەتاییەکان هاتبووە دەرەوە وەکو بەرپرس ئەبو شەهاب بەرپرس بوو مامۆستا تەها باراوی‌و من هەر لەشۆڕش وارێکەوت نەمدی، ئەویش بەرپرسی بوو ئاگامان لێ بوو، کاك ئەبو شەهاب بڕنەوی پێ دەبێت یا کاك تەها خۆیان بەبەرپرسی شۆڕش دەزانی..بەڵام هاورێکانی متمانەیان پێ نەدەبەخشی حەرەسیاتی بۆ دابنێن وهەتادەرزی تفەنگکەیان دەرکردبوون مامۆستا تەها باراوی دوای ماوەیەك شکی کردو لەسەر ئەوە وازی هێنا بەڵام ئەبو شەهاب هەر خۆی بەردەوام بوو.. کاك تەها باراوی من نەمدیبوو لەپێشمەرگایەتیدا بەڵام کۆمەڵە لەدژی قسەیان دەکردو تۆمەتی گیرانی کا شەهاب‌و ئەوانیان دەدایە پاڵ کاك تەهاو کا ئەبو شەهاب دژی بزوتنەوەش قسەی دەکردوو، بزووتنەوەش حەزیان پێ نەدەکرد بەتایبەتی کاك عەلی عەسکەری، بەڵام ووردە ووردە مەسئولیاتیان لێ سەندەوە، ئەبو شەهاب پیاوێکی شارەزاو بەتواناو لەقسە شاەزاو قەناعەتی هەیەو بۆچونی زۆر باشی هەیە.. سەبرو تەحەمولی تارادەیەك باشە بەڵام لەڕووی کردارەوە عەمەلی نیەو ئیدارەشی کەمە لەسەر ئەوەی قسەشی رەقەو زۆر کەسی لەگەڵدا نەدەگونجاو ئیدارەیان نەدەکردو کەس لەگەڵی نەدەژیا.لەچونی ئەو خەڵکەی بەرەو لای تورکیا لەساڵی 1977کاك ئەبو شەهابیش یەکێك بوو لەوانە بەڵام لەناو کۆمەڵەو باڵەکانی‌ولەناوبزووتنەوە بەتایبەتی کاك عەلی‌و لای مام جلال‌و سەکردایەتی کۆمەڵەی دەرەوە وایان لێکردوو جێگای لەهیچ لایەك نەدەبووەوە هەتا پارەی جگەرەشیان نەئەدایە، لەهەرکوێدا کەسێك باری کەوتە لێژی ئەوەندەی کە قورسی دەکەن لەسەری، ئەبو شەهاب گیراو بەندکراو لێشدرا، بەتایبەتی محمودو دکتۆر حسێن کەمەسئولی سازمانی ئینقلابی ئێران بوون.. کۆمەڵە ئەبو شەهابیان بەسجنی دابوە دەستی ئەوان هەموو شەوێك تەعزیب ئەدرا، هەر باش بوو لەسێدارە نەدرا دوایی دەرکەوت کەمۆرەکە تەسلیم نەکراوەو لەسلێمانیە.. بەڵام ئەبو شەهاب لەعینادیە قسەی دەکرد تاکارگەیشتە ئەوەی لەناوی بەرن ئیتر مۆرەکەی هێنایەوە.. من یەك دووجار لەوێ بینیم بەربوو لەوە پێش هەر لەدوورەوە دەمناسی ئەوەی کرا قسەی خێرم بۆکردو دوای بوو بەمارەکەی شێخ هۆمەر پێچا بەملما دەربارەی (مارەکەی شێخ هۆمەریش دەگێڕنەوە کەمارێك لەناوئاگردا لەحاڵەتی سوتاندا بووەشێخ هۆمەریش لەوێوە تێپەڕدەبێت‌و دەیبینێ ئەویش عەساکەی بۆدرێژ ئەکاو مارەکە رزگار ئەکات‌و مارەکە لەملی ئەئاڵێ‌و دەم دەهێنێتە لای سەری‌و دەڵێت بدەم بەسەر لوتتەوە یازمانت دەربکە، پێوەی بدەم هەردووکی ناسکەو بەهەرکامیانەوەبدات ئەیکوژێ)..ﷲ کاك ابو شەهابیش لە ساڵی 1980بووە بەبەرپرسی لقی سلێمانی وەبووە بەمارەکەی شێخ هۆمەر بۆ من لەگەڵ کاك ئاسۆ وەکاك شاهۆو دکتۆر قادرو مامۆستا پشکۆو مەلا یاسینی حسن موانی‌و لەوانەش ئەوەی دوای نەمانی کاك ئارام ئەبو شەهاب رزگاری بوو هاتەوە سەرکاری خۆی.. کێشەیەکی کەش هەبوو لەنێوان کاك سالارو کاك مەلا بەختیار لە لایەك‌و کاك

نەوشیروان و ئەو برادەرانەی کۆمەڵە کە دەرەوەی وڵات گەڕابونەوە کوردستان لەلایەکی کەوە ئەمانەش واکاک ئارامیان تێ گەیاندبوو کە مام جەلال پشتیوانی لەنەوشیروان دەکات وئەو دەبێتە سکرتێری کۆمەڵەو کاک ئارام لابدەن، ئەوەش کاک ئارام هەوڵی ئەدا لەقەرداغ بنکەی خۆی بەهێز بکات و هەتا نامەیەکی دژی کاک بەکری حاجی سەفەرو نووسیبوو لەبەر ئەوەش کاک بەکر محاولەی دەکرد بەرەو لای مام جەلال و کاک نەوشیروان بڕوات کەنامەکە بەناوی سەردارەوە نوسراوە کاک ئارام چەند جارێك نامەی بۆ من نارد کەئێمە هەر لەجێگای خۆمان بین و گوێ رایەڵین بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە... کۆمەڵەو بزووتنەوە بەرنامەی یەکێتی نیشتمانیان قبوڵ کردبوو هەرچەندە کۆمەڵەو بزووتنەوە بەرنامەی یەکێتی نیشتمانیان قبوڵ کردبوو هەرچەندە کۆمەڵە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی جیاوازیەکی وایان نەبوو چونکە زۆر لەدامەزرێنەرانی یەکێتی لەقیادەی کۆمەڵە بوون (م.س) دامەزرابوو مام جەلال بووە سکرتێر.. یەکێك لەوانەی پێ ی خۆش بوو مام جەلال بکرێتەوە بەسکرتێری هەردوو باڵی بزووتنەوەو کۆمەڵە، کاک ملازم تاهیری علی والی بوو لای من چەند جارێك باسی کردووە ودەیوت ئێمە راستە ئەوە زیاتر لەیەك ساڵە سەرکردایەتی شۆڕش دەکەین بەڵام ئێمە دوژمنانمان رژێمی بەعس و هەموو ئەو قوەتەیە.. وەلەولاشەوە قیادەی موەقەتە مەلا مستەفا ماوە، شۆڕشیش پیاوێکی ناسراو بەتوانای ناوچەیی و جیهانی دەوێت و لێرە نەئێمە وەکو بزووتنەوە دەتوانین قەناعەتیشم وایە نەکۆمەڵە بتوانێ ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆو کاک ئارام پیاوێکی لەسەر خۆو بەتواناو خاوەن ئیمکانیەتی خۆیەتی، بەڵام کاک ئارام قیادەی هەموو کوردی پێ ناکرێت ئەگەر ناسراوتر نەبێت.. کاک عەلی عەسکەری ناسراوە ئێستا وەزعی کوردستان ئەو رایگرتووە بەڵام وەك مام جەلال نابێت من ئێستا لێرەم رێکترین کەس لەهەردوو تەیارەکە من و کاک ملازم عومەرین بەڵام بۆمان ناکرێت کاک سالار لەگەل پێشمەرگە شەڕدەکات و ئەڵێت بۆ مام جەلال لەپێشمەرگە دەدا.. منیش لێ ی ئەدەم خۆی دەڵێت من بەرپرسم لەبەر ئەوەی شۆڕش بەرنامەی نیەو بەو هەموو تێزو ئەنتی تێزە بەئێمە کۆناکرێتەوە بەڵام کەمام جەلال هاتەوە ئیتر ئێمە ئیسراحەت دەکەین و تەسلیم بەوی دەکەین و ئێمەش پێشمەرگە دەبین هەرواش بوو وەکو باسیان دەکرد دوایش خۆی باسی کردو کاک رەسول و برادەران هەمیشە سەرودڵیان دەگرت.. لەیەکەم کۆبوونەوە کەلە 1977/8/30 لەدۆڵە فشە کرابوو، کاک نەوشیروان نەلەسەرکردایەتی کۆمەڵەبووەو نەباوەڕی بەکۆمەڵەش بوو. بەڵام بەزۆر کردیان کە کاک ئارام شەهید بوو مام جەلالیش وای پێ چاك بوو نەیدەویست کەسێك دابنرێ لەجیاتی ئەو جگە لەکاك نەوشیروان.. مەکتەبی سیاسی دامەزرابوو کاک سالارو کاک ئارام کەکاک ئارام خۆی لەوێ نەبوو کرابوون بە (م.س) و برادەرانیش وتبوویان براگەورەیەکیش پێویستە هەبێت.. کاک تاهیر وتبووی جگەلەمام جەلال کێ هەیەو با مام جەلال براگەورەبێت، هەمویان سەیری یەکیان کردبوو لەبەر جێ بوو چونکە کەس بەتەمای سکرتێری یەکێتی باوەڕناکەم هەبوبێت مام جەلالیش وتبوی.. براگەورە هەر بەقسەنابێت دەبێت بنوسرێت، کاک تاهیر وتبوی بەبێ نوسین سکرتێری یەکێتیت هەموویان رەئیان دابوو لەسەر ئەوە وە دەیانووت کاک تاهیر تۆ نەبویتایە کەلەخۆتەوە مام جەلالیش کردووە بەسکرتێر نەدەبوو، دەیوت من ئێستاش رام وایە ئەو دەتوانێ سکرتێری بکات.. هەندێك لەبرادەرانی دەرەوە بەمام جەلالیشەوە پێیان خۆش بوو کاک نەوشیروان بکرێت بە (م.س) و سکرتێری کۆمەڵە، هەر ئەو کێشەیەش بوو کاک ئارام نەیدەویست بێتە سەرکردایەتی و پێ ی رازی نەبوو بە (م.س) دەیووت ئەوە رەئی خۆیانە وە من ئیش بۆ کۆمەڵە دەکەم، مام جەلال لەدڵەوە پێ ی ناخۆش بوو، کاک ئارام سەری لێ نەداوەو یاحسابێك بۆ سەرکردایەتی ناکاو بەڵام باسی نەدەکرد ئەوکات کاک نەوشیروان لەگەڵ کۆمەڵەو لەگەڵ بزووتنەوەش کێشەی هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ شەهید دکتۆر خالید لەیەکێ لەکۆبوونەوەکاندا کاک خالید بەکاك

نەوشیروانی وتبوو لەدۆڵەفشە ئەگەر بمزانیبایە ئاشووبە دەنێیتەوە نەم دەهێشت بێیتەوە بۆ کوردستان لەکوێوە هاتووی دەتنێرمەوە بۆ ئەوێ.. کاک نەوشیروان بەکاک خالیدی وتبوو ئیمە نەبواین تۆ ئێستاش هەر لەشەماعیە دەبوویت، کاک خالید ئەوکات کە نەفی کرابوو لەخەستەخانەیەکی شەماعی حکومەت دایمەزراند بوو ئیشی دەکرد... هەر لەوێدا مام جەلال دەکەوێتە نێوانیان کپیان دەکاتەوە جگە لەوەش حەساسیەتێك لەنێوان ئەوانەی لەدەرەوە هاتبوونەو ئەوەی لەناوەوە بوو زیاتر لەیەك ساڵ شۆڕش هەبوو، ئەوانەی لەکوردستان بوون وایان دەزانی ئەوانەی دەرەوە جێگایان پێ لێژ دەکەن و بەسەریان زاڵ دەبن و ئەوەش لەدەرەوە بۆخۆیان بەقیادەی شۆڕش و ئەوەی ناوەوەش بەقسەی ئەوان شۆڕشیان کردووەو پێویستە گوێ رایەڵ بن لەسەر ئەوانە مام جەلالیش موراعاتیی دەکردوو هەوڵی ئەدا ئەوانەی دەرەوە قەناعەت پێ بکات تاماوەیەکی زۆر.. یاوابکەن ئەوانەی دەرەوە قەناعەت پێ بکات تاماوەیەکی زۆر.. یاوابکەن ئەوانەی ناوەوە پرسی پێ بکەن کەبەتایبەتی ئەو کێشەیەی لەناوکۆمەڵەدا هەبوو.. کاک خالید رێزی مام جەلالی زۆر دەگرت، جگەلەویش بەهەمان شێوە بۆ کاک عەلی عەسکەری ئیتر گوێی بۆ کەس نەدەگرت مەسئولیەتەکانیش بەو شێوەیە دابەش کران کاک سالار بەرپرسی رێکخستن و ئەندامی م.س یەکێتی و کاک علی عەسکەری بەرپرسی هەموو هێزی پێشمەرگەو ئەندامی م.س یەکێتی بوو کاک رەسوڵ بەرپرسی ئیدارەو دارایی و ئەندامی م.س بوو، مام جەلال سکرتێری گشتی بوو ئەوکات خەتی گشتیش هەبوو کاک دکتۆر کەمال خۆشناو لەبنەوە کۆمەڵە بوو کاک عومەر شێخ مووس لەدەرەوە بوو، کاک دکتۆر فوئاد مەعصوم لەدەرەوە بوو، کاک کەمال خۆشناو گەڕابۆوەو کاک سامان و کاک عادل لەدەرەوە هاتبوونەوە کاک مستەفا چاوڕەش هاتبووە، دوای کاک نەبەزو کاک عوسمان پێیان غەدر بوو کاک مستەفا تازە هاتبوەوە وەکوئەوانیش حسابی بۆ بکرێت کەچی ئەوان لەژیانێکی خۆشدا ئەوێیان بەجێ هێشتبوو گەڕابوونەوە لەئەوروپاوە بۆکوردستان کەچی پێیان تەنگ بوو هەندێ کەس.. بەڵام کاک نەوشیروان لەدابەش کردنی هەرێمەکان بوو بەفەرماندەی هەرێمی 3ی شارباژێر. .پێش گەڕانەوەی مام جەلال کاک تاهیر عەلی والی بەگ بەرپرسی هەرێمی یەك بوو لەزێ ی بچوك کەلەسەردەشتەوە دەڕوات و دەرژێتە دەربەندی رانیە تابەرەو هەوارامان و بەمۆلێ ی بەرپرسی بوو تا خانەقین.. کاک مولازم عومەریش جێگری بوو، کاک سەعدی عزیز بەرپرسی هەولێربوو وابزانم کاک تالیب رۆستەم لەپشدەرو بتوێن و کاک دکتۆر خالید لەباڵەکایەتی و گرتك و رۆستەمو تابردۆست و سەرسنووری تورکیا هەرێمی (9)بوو کاک شێخ حسێن لەبادنیان هەرێمی 10بوو دوای پێکهێنانی تازەی تەشکیلاتی 1978مەلا بەختیار هەرێمی یەك و شەهید رەوف بەگ هەرێمی دوو کاک نەوشیروان هەرێمی سێ و حەمەی مام سەلام هەرێمی چوارو کاک ملازم عومەرهەرێمی پێنج، کاک ئەنوەر مەجید سوڵتان هەرێمی قەڵاسێوکەوکۆیە.. کاک تالیب رۆستەم هەرێمی شەش کاک ئەحمەد فەقێ رەش هەرێمی (9)وسەعدی عزیز هەرێمی (8)وکاک شێخ حسێنیش لەهەرێمی (10)بوو.. کاک مەلا بەختیار لەگەڵ من هەندێك و لەگەڵ کاک شەوکەت زۆر ئەو لەگەڵمان نەدەگونجا، بۆیە نەیتوانی ئیش و کارەکانی هەرێمی یەك راپەڕێنی ساڵی (1978).
ئیتر من و کاک شەوکەت بووین بەلیژنەی هەرێم پاشان لەتەممووزی 1978من بووم بەفەرماندەی هەرێمی یەك پێشتریش کاک حامید جێگری هەرێمی مەلا بەختیار بوو.. کاک حامید لەهەکاری گیراو پاشان کاک رەوف بوو بەجێگری هەرێمی یەك.. لەسالی 1979 کاک نەوشیروان ئامر هەرێمی سێ بوو پاشان کاک شێخ علی بوو بەئامر هەرێمی سێ دوای ئەویش عوسمانی قادر منەوەر بوو بەئامر هەرێمی سێ.. چونکە کاک نەوشیروان مەسئولیاتی وای نەبوو تا دوای هەکاری کەزۆربەی قیادەکان تیاچوون یاشەهید بوون یاگیران کەس نەما بووە هۆی دروست بونی بۆشایی لەقیادەدا ئیتر ئەویش بوو بەندامی (م.س) چوکە پێش ئەوەش کاک مەلا بەختیارو

كاك سالار كەلەسەرەتای شۆڕشەوە عەمەلیەن لەگەڵ پێشمەرگە بوون خۆیان بەخەتی شەهید ئارام ئەزانی بۆیە قبوڵیان نەدەکرد کاك نەوشیروان ببێت بەئەندامی (م.س)بەتایبەتی کاك سالار، کێشەش لەنێوان خاڵە سەید کاکەو کاك سەعددا هەبوو، ئەوکات خۆشناوەتی دەشتی هەولێر بوو بە دوو هەرێم، کاك سەید کاکە لەخۆشناوەتی دایان نابوو بەڵام داوای دەشتی هەولێری ئەکرد کاك سەعدیش قبوڵی نەدەکرد.. ئێمە لە سنووری تورکیا هەر ماینەوە چاوەڕێی چەکمان دەکردو کاك نەوشیروان پیّ ی خۆش نەبوو کەببوو بەفەرماندەی هەرێم.... مام جەلال کاك نەوشیروانی خۆش دەویست‌و پشتیوانی لیّ دەکرد..دەیانویست ئەو بەعەمەلی لەسەر ساحەکە بێت، ماوەیەك بۆ ئەوەی شارەزایی پێشمەرگەو بۆڵەی ئەوەش نەمێنیّ لەرێگاوە هاتووەو بووە بەرپرس یاماوەیەك لەناو جەماوەرو پێشمەرگەدا بێت ئەوکاتەش هەرچی لەشەڕنەبوایە زۆر لەناو پێشمەرگەو رێکخستنیشدا حسابی بۆنەدەکرا، لەکۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی رۆژێك کاك سالارو رۆژێك کاك مەلابەختیار عاجز دەبوون وەنەدەچوونە کۆبوونەوە نازیان دەکرد کاك علی عەسکەری رۆڵی تایبەتی‌و دەسەڵاتی دووەم کەسی یەکێتی بوو دوای دەرچوونی کاك رەسوڵ لەیەکێتی‌و بۆ ئیشی بزووتنەوە ، لەساڵی 1977کاك تاهیربوو بەئەندامی م.س یەکێتی.. کێشەش لەنێوان بزووتنەوەوکۆمەڵەدا هەبوو من لەناو بزووتنەوەدا کادیرەکانیان زۆریان هاوڕیّ‌و ناسراو بوون.. سەردانم دەکردن..سەردانیان دەکردم‌و کۆمەڵەش پێیان ناخۆش بوو،کاك علی‌و کاك خالید زیاتر رێزی منیان دەگرت و لەچونی هەکاریدا هێزی کاك خالید لە 1978/4/17 لەگۆرەشێر بەریّ کەوتن  کاك حامید جێگری هەریم  بوو..دووسیّ رۆژبوو کاك علی شیعە فەرماندەی کەرت بوو کاك علی شیعە ببێت بەفەرماندەی هەرێم لە 1978کەکرا بە فەرماندەی کەرت ئەویش وازی هێنا کاك حامیدیش کەئەوکات دەیووت کۆمەڵە منیان کرد بەجێگری هەرێم.. منیش لەرۆژی 1978/4/15لەگەڵ تالیب رۆستەم پێکەوە هەردووکمان وازمان هێنا لەکۆمەڵە لەبەر ئەوەی منیان دانەنا بە ئامر هەرێم..لەولاش بزووتنەوە زۆر حەزیان دەکرد چونکە من خەڵکی زۆر لێم کۆدەبوەوە لەشارەزوور. لەکۆمەڵەش دیاردەیەکی‌سەیر هەبوو هەرکەس بهاتایە دەیان کرد بەبەرپرس بەڵام ئێمەیان ئیهمال کردبوو، منیش ئەمەم زۆرلا گرنگ نەبوو گوێیشم پیّ نەئەدا.. چونکە خۆم، خۆمم دەناسی‌و لەخۆم توانای خۆم .. لەناوسەرکردایەتیدا جگە لەمام جەلال کەسم لەخۆم بەزیاتر نەدەزانی.. لەبوارەجیاجیاکاندا، بەڵام ئەوان رایان وانەبوو لەسەر من وایان دەزانی تەنها (ئار.بی.جی)، دەتەقێنم‌و ئاگام لەکاری سیاسی‌و ئەو هەموو تەکەتوولانە کەدەکرێت نیە.. هی واش هەبوو سەربازی بۆ نەدەکراو فیراری دەکرد نامەی خزمی مسئولێکی دەهێناو دەیان کرد بەمەسئول یا بەئەندامی سەرکردایەتی.. هەندێك لەئەندامانی کۆمەڵە یا لەشار دەهاتن تەمای ئەوە نەبوون ببنە کادیر یافەرەماندەی مەفرەزە تا لەپڕدەبوونە سەرکردایەتی بەبیّ ئەوەی کەس بزانیّ مەسئولیاتی شاری چی بووە، مامۆستا جەعفەر کاك (فازل سەید کریم)هاتبوو بۆ سەرەوە دوای کارەساتی هەکاری کاك نەوشیروان کردی بەئەندامی مەکتەبی سیاسی، مامۆستا جەعفەر رۆژێك هات بۆ لای ئێمەو لە 1978/7/15بەپێکەنینەوە دەیوت ئێستا ئەگەر لەقەرەداغ بزانن بووم بەئەندامی م.س لایان سەیر دەبێت من لەگەرمیان پێم دەڵێن جافری کادر ئەمڕۆ بووم بە (م.س)و ئیتر لەگەڵ مام جەلال کۆدەبمەوە، من هاتووم بۆدەورەیەك یاشارەزاییەك وەرگرم بۆکاری‌رێکخستن یائەندامی ناوچەو ئەگەڕێمەوە ئێستا بووم بە (م.س).. خۆشی باوەڕی نەدەکرد، بەڵام مامۆستا جەعفەر برای شەهید بوو جگەلەوەی خۆشی نووسەر بوو وەکەم قسەش بوو بەڵام پیاوێکی بەتاڵ نەبوولە سیاسەت، وەمامۆستا عزیز کاك ملازم عومەر کردی بەمەسئول‌و زۆری کەش لەوانە.. ئێمە کەلەسنووری هەڵەبجە بووین کەسێك نەبوو لەسەرکردایەتی باسی بکات یان بمانباتە ناو کۆبوونەوەکان بە تایبەتی شێخ علی، خولە کەشکۆڵ هیچی لەوان

کەمترنەبوو. دوای بەهەزار ئەملاو ئەولا کردییان بەفەرماندەی هەرێمی (3) لەجێگای کاک نەوشیروان.. کاک شەوکەت‌وکاک حامید هەرچەندە کاک حامید هەندێك فشقیاتی دەکرد گوایە ئەو شتانە خراپە..کاک محمد حاجی صابرو کاک رەوف و زۆری کەش بەڵام زیادە بوو کە فەرماندەی کەرت بووم کەرتەکەی خۆم کردبوو بە (3)کەرت، زیاتر لە (100)پێشمەرگەم لەگەڵ بوو کەئەندامی م.س یاسەرکردایەتی نەیدەتوانی دوو پێشمەرگە بۆ حیمایەی خۆشی کۆبکاتەوە ئەگەر بەناوی خزمەت کردنەوە بووایە، کاک علی شیعە یەکەم فەرماندەی شۆڕش بوو لەسەرانسەری کوردستانداو لەشۆڕشی ئەیلولیش کۆن سەرلق بوو هیچیان بۆ نەکرد، مامۆستا عومەری ئاوەکەلی پیاویکی ئازاو بەتواناو لێهاتوو بوو، بەڵام لەسەرەوە کەس بەرگری لێ نەدەکرد یاخەڵکی ناوشار دژی بوون ئو گەنجانەی کۆمەڵەو ئەوانەی دەرەوەش خۆشیان ئەویست بەڵام هەندێك لەمەسئولەکان دژی بون تاتەسلیمیان کردەوە!.. تالیب رۆستەم پیاوێکیبەتواناو ئازاوئیداری بوو لەسەرەتای شۆڕشدا تەنها ئەو سەفەری سوریای کردبوو یەکەم بەیانی یەکێتیو الشرارەو (12)هەزاردیناری هێنابوو لەسوریا، 2500دیناری گەیشتە سنووری ئێمە لەهەڵەبجەو شارەزوور، هەرێمەکەی کاک تالیب، لەهەمووی زۆرتر بوو ناوچەکەی حەساس بوو لەوێ بریندارببوو، پیاوێکی دەست رۆیشتوبوو قسەو ختابی بۆ جەماوەر دەدا..لەسەفەری هەکاری بەشداربوو.. بۆچوونی ئەو لەهەموو برادەران جیاوازتربوو، ئەو رای وابوو لەدیوی عێراقەوە بێنو لەدۆڵی خواکورکەوەبڕۆین.. ئەوەشی لای من باس کردو راست بوو بۆچوونەکانی لەکۆبونەوەیەکدا لەناوچەی (ژیرکی)چەند رۆژێك پێش شەڕەکە وتی کاک علی ئەم چوونە هەڵەیە بۆ تورکیا.. کاک عەلیش وتی تۆنایزانی..تالیب ووتی من نەیزانم، کەس نایزانێ– کاک عەلی وتی: سەگەکوێری وەکوتۆچی دەزانێ.. لەوەش زیاتری نەوت.. کاک شێخ حسێنو کاک خالیدو کاک تاهیروسەید کاکە وەزعەکەیان هێمن کردەوە، ئەورۆژە بەدواوە کاک تالیب رەئی گۆڕا.. تالیب لەگەڵ من لەرۆژی 1978/4/15ئیستقالەی لەکۆمەڵە کرد. بەڵام ئەو جگە لەوە کێشەی هەبووکەنەکرابوو بەسەرکردایەتی کۆمەڵە کەلەهەموویان موستەحەقتربوو دژایەتی ترقیادەی موەقەتەو بزووتنەوەشی لەسەر کۆمەڵە کردبوو، هەر ئەویش بوو کەبەرگری لەکۆمەڵە دەکرد کاتێکیش وازی هێنا لەکۆمەڵە کاک علی ئەیویست تۆڵەی پێشوتری لێ بکاتەوە کەدژیان بووە چونکە کۆمەڵە ئیتر دیفاعی لێ ناکردو لەکۆمەڵە نەمابوو وەنەبووە بزووتنەوەش ئەوەی بزووتنەوەو کۆمەڵەش نەبووایە حاڵیشڕبوو.. منیش هەروا بوم بەڵام کاک خالیدو کاک علیو کاک تاهیر هەمیشە لەبۆچوونو قسەکانم پشتیوانیان دەکرد بەتایبەتی لەسەفەری هەکاریش، کاک تالیب دوای ئەوە دڵی شکاو لەناو هێزەکەیدا کەهێزەکەی چەند کەسێك بوو لەوانە :شەهید شێخ شەعبانو چەندین کەسێکی تر، بەڵام (30)کەسێك لەهێزەکەو محمد وەتمانو شێێیەکان کەهەر پێشمەرگایەتیان تەنها لەشێنێو دەوروبەری پێ دەکرا، لەرێگای (کۆنە لاجانوخانە)خۆیان شاردەوەو گەڕابوونەوە بۆ شێنێ.. ئێمەش وامان زانی ئێران گرتوونی لەپاشان بۆمان دەرکەوت گەڕاونەتەوە. هێزەکەی کاک علی گەیشتبووە ئێمە لە 1977/5/12، (159)کەس دیارنەمابوون کەئەنوەری مەجید سوڵتانو کاک جەمال حەمەی خواکەرەم لەگیراوەکانی ئێران بوون.. ئەو کێشانەش هەبوو، کاک دلێری سەید مەجید مەسئوولی یا رابەری سیاسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو واتە کاک عەلیمەسئوولی عەسکەریو کاک دلێریش مەسئوولیسیاسی، بەڵام تائەوکاتە کاک ملازم عومەر سەرپرشتی پێشمەرگەیکۆمەڵەی دەکردو مشکیلەی لەگەڵ کەس نەبوو پیاوێکی لەسەرخۆو دڵناسك بوو.. کاک ئازاد هەورامیش هەرلەوێ بوو ئەوەی لەماڵان تەوزیع نەبواین نەمان بوو، من هەریەك جار یادووجار (مام جەلال)م بینیو ئتر نەم بینییەوە،هەوڵم دا زۆر لەمەسئولەکان ببینمو قسەیان لەگەڵ بکەم لەرادەی هوشیاریو بەرنامەی کارو بۆچوونیان لێ تێبگەم، بەم

شێوەیە لەزۆریان گەیشتم، بەڵام ئەوان لەمن تێ نەدەگەیشتن یان بەعەشائیریان دەزانیم.. لە 1978/4/17کاك خالیدو منوکاك حامیدو کاعلی شیعەی بانگ کردوو منیان کرد بەبەرپرسی رەتلێك بەناوی رەتلی (5)پێنج... لەسەرەتای شۆڕش و مەفرەزە سەرەتاییەکانیش دووچاری کێشەی زۆریان کردم لەرێگای حەمە کوڵنەدەرەوە کەگوایە من پەیوەندیم لەگەڵ حکومەت هەیە.. دەرکەوت هەمووی بەپێچەوانەوە بوو، برادەران چاودێریان دەکردم قسەیان لای من نەدەکرد.. رۆژێکیان لەبانی بنۆك یاچنارە بووین کاك تۆفیق کەلەرێگای فایەق حاجی احمد مچەوە خۆیان حازر کردبوو بێتە دەرەوە دەرکەوت جاسووس بوون، دەستی کردبەگیرفانیداو نامەیەکی بەئەنقەست خستیە خوارەوەو منیش دەستم بۆ بردوو پێی وتم توخوا مەیخوێنەوە.. منیش وەکو هەموو کوردێك عینادبوومو خوێندمەوە سەیرم کرد کاغەزەکە لە (4)لاپەڕە پێك هاتبوو لەلیژنەی دەستە چەکدارەکان لەسلێمانیو رێکخراوی هەڵۆ هاتبوو کەمن چەك بکەنو ئەگەر دەستم کردەوە بم کوژن، تەشکیلاتی تازە دەکەین لە76 لە بانی شار بەمنیان وت.. تۆوەرەوە بۆناوچەی هەورامانو هاوار منیش وتم.. نایەمو لەوناوەش نابم ئەوەش یەکەم جاربوو سەرپێچی بکەم لەبڕیاری شۆڕش لەگوندی بانی‌شار لای خەستەخانەکە.. لە سەرکاغەزەکەش وتیان.. تۆ وەرە ئیتر وەکو کاك علی شیعە بچێتە ئەوێ.. وە 25پێشمەرگە بووین هەرکەس دێتە لای تۆو هەرکەس دەچێتەلای کاك علی ئەوە تۆلێرەبەو کاك علیو کاك شێخ علیو کاك تۆفیق بۆهەورامان (5)کەس چووە لای کاك علی 20 کەس هاتە لای من لەوانە حەمە رەشید علی شەریفو عبداللە ساوەرو ساڵح مامە قالەو عەزە چکەو وەیەکێکی کەش بوو کەلای کاك علی مانەوە 20پێشمەرگەش هاتە لای من.. وتیان دەبێت خزم پێکەوە نەبێت کاك رەوفو مام والی حەمەی دێوانەو ئەوانە دێنێتە لاوەو باقی بۆ تەوزیع کردن ئەمجار هەموویان هاتنەوە لای منو بەزۆر کاك رەوفیان بردە لای کاك حامید کرا بەرابەڕی سیاسی ناوچەی نەرۆڵیو تاوەگۆزیو بەناوی‌محەمەد رشید دوای کاك علی یان بەو ناوە جێ هێشتو بۆ چادێری‌کردنی من لەبانی بنۆك.. من وتم کەس مەسئوولم نیە شێخ علی وتی تۆ چەك دانێو بڕۆ ئیستقالە بکەو.. تەسلیم بەرەوە لەبانی شارەوە، وتم من کەسو کارم بەجێ هێشتووەو من هاتووم بۆ کوردایەتیو شۆڕشو.. دەمەوێ شۆڕش بکەم من ناڕۆمەوە تۆ دەتوانی بڕۆیتەوە.. من لەئێستاوە ئێوە بەمەسئولی خۆم نازانمو وامن دەڕۆم ئیتر تۆفیق هاتو ئاشتی کردمەوەو بەنا بەدڵ خوا حافیزیمان لێیان کردو منیش چووم چالاکیم کردو تا ئەوان هاتنەوە لامان.. ئێمە هێزمان دروست کردبوو4–5مەفەرزەم دروست کردبوو کەئەوانیش هاتنەوە ناویان ناین کەرتی 3ی موزەلی.. چونکە چەکی باشمان پێ بوو، ئەوناوچەیەشمان دەپاراست، زۆری کاریگەری ئێمەبوو لەسورێنەوە چەندجار دەیان ناردم بۆ جێگای ترسناك بۆ ئەوەی لەوێ بکوژرێمو دەیانووت لە کوڵمان بۆوە وەئەگەر سەرکەوتوش بوومایە دەیان وت وەکوحەماڵ ئیشەکەمان پێ کردووە، بەڵام من هەر لەسەرخۆ کاری خۆمم رادەپەڕاند، واشم دەکرد ئەوان نەزانن من واهەست ئەکەم کەئەوان دژی منن، هەر ئەو کاتانەش بوو پێش ئەوەی ئەوان بێنەوە ئێمە (600)مەڕمان لەگردە نازێوە هێناو کەفرۆشتمانوچەکمان پێ کڕی کەئەوەش چالاکییەکی گرنگی ئەو کاتەبوو لەروی سیاسیو عەسکەریو ئابوورییەوە، جارێکیان لای کاك رەوف نەیان زانی بوو ئامۆزامە کاك ئەبو شەهابو کاك ئاسۆی شێخ نوری وتبویان ئەوە ناردوومانە بۆ هەولێر لەساڵی (1981)ئەگەر خوای کردوو کوژراو نەهاتەوە ئەوە تۆ دەکەین بەفەرماندەی هەرێم لەجێگای ئەو ئەگەر هاتیشەوە هەر پشتیوانی تۆ دەکەین، بەڵام لە 95٪نایەیتەوە، واتە مسۆگەریان کردبوو ئەگەر لەشەڕ نەکوژرێم خۆیان هەر بمکوژن.. دووجار لەسەریەك 1977و 1978بۆ تورکیاو هەکاری هەرهەمان قسەیان کردبوو، بەڵام من خوا یارمەتی دەدامو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵم بوون جگە لەخەڵکی ناوچەکانیش.. وەلەکەمینەکەی‌چێوەی

خۆشنایەتیش چەند جارێك لەگەڵ كاك مەلابەختیار قسەم كرد وتم رێگاكە هیچی تیانیە.. كاك مەلا بەختیار وتی هیچی لێنیەو وەرە كاك سامان گەرمیانی ئاگاداربوو كەهاتم كەوتمە كەمینەكەو كاك مەلابەختیار لەجیاتی ئەوەی بڵێ بابەرەو كەمینەكەو تەقەكە بڕۆین و وتبوی بەرەو كۆدەڵە بڕۆن كۆدەڵە بەپێچەوانەی ئەو جێگایەوە بوو كەئێمەی لێ بوین.. كاك سامان گەرمیانی وتبوی ئەوان كەوتونەتە كەمینەوە بۆ جێیان بهێڵین بابچین بەدەنگیانەوە كاك سامان گەیشتە لامان لەشەڕەكە.. من و كاك شیروان لەماڵی سۆفی حەسەن لەجۆرجان وكاك علی عەسكەری و كاك تاهیرو كاك تاهیرو كاك نەوشیروان و كاك شێخ جواد بەدەری و كاك شەوكەت حاجی مشیرو كاك قادر جەباری ومەلا هەژارو حمەی حزب لەماڵی كاك خدری مەلا بون جارجاریش مام جەلال لەوێ بوو.. خدری مەلا دووژنی هەبووئەو برادەرانەش لەماڵی ئەوان بون ژنەكان دەیانوت دەبێ هەموو رۆژێك داربهێنن و ئیش بكەن بۆ نان كردن، ژنەكەی كاك خدر دەیوت: هەركەس دارنەهێنێ نانی نادەمێ، باران دەستی پێ كردبوو لەوناوچەیە دەبێت ئازوقەی مانگی 11 تامانگی 5 بخەن چونكە ئەو ناوچەیە لەهەر لایەكەوە بە 5سەعات ناگەنە جادەو جادەی سەرگڵی..كاتی گەرماو خۆشی هەواكەیسازگارە لەزستان و پایزو بەهار باران و بەفروبەستەڵەك هەموو رێگاكان دەگرێت، لە ناوچەی برادۆست خەڵكەكەی كەم دەرامەت بوو مەڕداری و مازو گەڵادارو لەسەردار دەژیان.. میوە شیان هەبوو بەڵام بەرێژیەكی كەم رەزو باخ و كشتوكاڵیان دەكرد وەك تەماتەو باینجان و خەیارو سەوزەو شتی زۆر بەكەمی هەر مەڕوبزنیان هەبوو زیاتر كاری قاچاخچێتیان دەكرد بەولاغ بۆ فەردەیەك ئارد تادەگەیشت ئەگەر لە هەولێر بەسێ دینار بوویێت بۆلای ئەوان بە نۆدینار دەگەیشت.. بەیانیەك ساردبوو چووم سەرم لێدان.. من میوان بووم ژنەش وتبووی ئەو دووژوورمان بۆ ماڵە بدەن كێ دەزانێ.. مەلاهەژاریش ووتی من و شێخ جوادو حمەی حزب و كاك قادرو كاك شەوكەت بۆ بەردەستی و تاسە قوڕ هەڵگرتن و لەكاتی بەفرباریندا ئەم كارە ئاسان نیە هەوا زۆر ساردەو ئەوانیش كارەكەیان ئەنجام دابوو، هەرلەو ماڵە بوون و چاوەڕوانی مفاوەزات وچاوەڕوانی هاتنی چەك بوون.. رۆژێك كاك شەوكەتی حاجی مشیریان ناردبوو بۆ دارهێنان، كاك شەوكەت كوڵە باڵی لەبەر بوو بەپشتێنەكەی خۆی كۆڵێك داری جوانی وەكوو شارەزا بەستبوو هێنابووی نانی خۆی حەڵاڵ كردبوو، كاك قادرجەباری چوو بوو دارێكی رزیوی هێنابوو ژنەكەش كردبووی بەژێر ساجەكەیداو دووكەڵی كردبوو.. ژنەكەش تووڕەببوو، بانگی كردبوو وتبووی ئەو دارە بەرەوە جێگاكەی خۆی هی تەلانە هێناوتە ئاگر ناگرێت بڕۆ داری سپی باشم بۆ بهێنە كە ئاگر بگرێ دنیا سارد بوو بەفرەو سەرەتای پایزەو بەو چیایەدا هەڵگەڕان زەحمەتە.. دەیویست كەقەناعەتی پێ بكات كە دارەكە نەباتەوە دەچێت داری كەبهێنێ.. ژنەكەش هەر ووتی: نابێت بیبەرەوە جێگای خۆی، ئەوكات دارەكە بهێنە.. هەروا چەند كەس لەماڵەوە بوون.. وەدەبوو رۆژانە داربهێنن،شێخ جوادیش هەقە بوو هەرتەقەیەك بهاتبا جنیوێكی فرێ دەدا.. كاك علی عەسكەریش جاربەجار نووكتەی دەگێڕایەوە.. بەیانیەك سەرم لێدان دەبینم لەژوورەوە دەنگ دەهات سەیرم كرد هەر كاك نەوشیروان لەژوورەوەیە حمە حزب بوو لە (م.س)كاك خدری مەلاو كاك شێخ جواد 2-3كەس بوون چونكە پارەش لای ئەو برادەرانە نەمابو هیچ نەگەیشتبوو تاك خالیدو برادەران یان كاك دكتۆر كەمال بوو پارەی هێنا لەگەڵ وەجبەیەك چەك.. پارەكەش دۆلارو مارك بوو، من بەشی هەورامانم وەرگرت 100دۆلار بە 32تومەنی ئێرانیم گۆڕیەوە100مارك بە 28تومەن ئەوكات لەمانگی 1978/8/1دا حمەی حزب پێی ووتین وەڵڵا ژنەكەی خدر ئێستا ناویم لەبیر نیە بەكاك نەوشیروانی ووتوە ئەوە چیە خۆتت مەشغول كردووەو ناچیت ئیشێك بكەیت یادار بهێنی هەڵسە بۆ دارهێنان كاك نەوشیروانیش وتبووی نووسینم هەیەو مەشغوڵم و مەجالم نییە ژنەش هەرزۆری لێ كردبوو.. كاك نەوشیروان یش وتبووی من نان ناخۆم و ناچم ژنەكەش وتبووی نیوەڕۆش لەوان

زۆرتر دەخۆیت دەبێت بڕۆیت بۆ دارهێنان، دکتۆر خدریش لەماڵی خدری مەلا بوو لەگەڵ کاک شەوکەت و ئەوان..کاک ملازم تاهیریش لەماڵێکی لەوبەری ماڵی خدرەوە بوو شەهید دکتۆر رەزا لای کاک ئازاد هەورامی وئەوان بوو، مامۆستا عزیز لای کاک ملازم عومەربوو، وەزعەکان ناخۆش بوو، شەوێك چووینە مەلایان گوندی چوارماڵ لەنێوان گلانی گردی و کەنی رەشدا من و کاک شیروان وکاك هەژارو حسن علی مەلاو بەکری حمە نجم و هەموومان 9کەس بووین، بەفر دەباری ئێوارەش تاریکی کرد گەیشتینە گوندەکە بەمەسئولەکەم ووت بایەکێك بێت لەماڵەکان تەوزیعمان بکا.. کابرا ووتی‌ئێمە چوارماڵین هەرماڵی دووکەس، ووتم ئێمەش 9کەسین جەبار عەلی عەوێزو عەبەی مەلام لەگەڵدا بوو عەبەی مەلاکوڕی مەلا حمە گەورەی پێنجوێنی بوو لە سلێمانی دەژیاو هونەرمەندێکی‌باش و دەنگ خۆش بوو لەگەڵ حەسەن زیرەك جیا نەدەکرانەوە وەشیعریشی هەبوو بەمناڵی باوەژنی ژەهری دەرخوارد دابوو، بۆیە تووشی نەخۆشی بوبوو دوای دەیان نەشتەرگەری چاك بووەوە بوو بەپێشمەرگەو سەرەتا خۆی بەکۆمەڵە دەزانی پاشان بووبزووتنەوە تاشەهیدبوو.

لەرۆژی 1977/5/10لەدۆڵی سالاریەو خرێنە بەفرۆکەی‌عێراقی شەهید بوو محمود زەردۆیی و ئەنوەری سەعید بەگ و کاك تاهیرو چەند پێشمەرگەی کە بریندار‌بوون، دوایی تەوزیع بوون هەرماڵی (2)پێشمەرگەی بۆچوو بوو، من بۆخۆم جێگام نەماو کابراش رۆیشت و برادەرانیش وایان زانیبوو لەگەڵ ئەو کابرایەدام لەو ماڵەی کاك شیروانی لێ بوو لەنزیکیانەوە گەوڕێکی مەڕیان هەبوو چۆڵەپێچەن، (چۆڵە پێچەن) دووداره لەمبەرو ئەوبەری قاپیەکەوە دەبەسترێ.. چەپەری هەبوو بۆیە ئەو دوودارە ئەبەستن کەس بە ئاسانی نەچێتە ژوورەوە..، پاسارەکەی کورت بوو لە ئاستی دەرگاکەوە دەچویتە ناوەوەو باشتر بوو من خۆم دایە نێوان پاسارەکەو بەفریش دەیدا بە دەم و چاوم و ریشم زۆر بوو چوومە ئاستی دەرگاکە دیاربوو ئەویش جێگای سەگی ماڵەکە بوو بۆ پاسی مەڕەکانیان، ئەو کاتەش سەگەکەیان هاتە نێوان هەردوو پێمەوە بۆ ئەو شوێنەش هەردووکمان پێویستیمان بەو جێگایە هەبوو سەگەکە سەرەتا حەزەری هەبوو دوای زانی منیش لێم قەوماوە چاوپۆشی کردوو هاتە نێوان قاچم و تا ماوەیەك هەر حەزەری دەکرد بەڵام زانی منیش وەکو ئەو لێ‌قەوماوم دڵنیا بوو خەوت بەڵام نانیشم نەخواردبوو، بۆیە هەندێك سەیری یەکترمان کرد کەسمان وورتەی لێوە نەدەهات پێم بەرز دەکردەوەو دام دەنا بۆ ئەوەی قاچم نەیبەستێ لەسەرما، ئەو شەوەش جێگام لەو سەگە بەسزمانەش تێك داو نەم هێشت بخەوێت بۆ دەیان جاتریش سەگەکەم لەخەو دەکرد چونکە کاتێك لە نێوان قاچەکانی من پاڵ کەوتبوو قاچم دەجولاند خەبەری دەبۆوە، بەیانیش رۆژ بۆوە کاك شیروان هاتە دەرەوە بۆ دەست بەئاو گەیاندن بە منی ووت ئەوە بۆ زوو هەڵساویت کە سەیری کردم، پێی ووتم: ئەوە چۆنە وا زوو هەستاوی منیش ئەمجارەش سەرم کردوو قسەم نەکرد.. کە سەیری کردم دەم و چاوم هەمووی زوقم و بەفر گرتبووی گەڕایەوە لام و ووتی: لەکەیەوە لەوێ ی، منیش ووتم لە ئێوارەوە وام لێرە.. ئێوارەش کابرا بە بەر چاوی منەوە نانی خواردوو بە منی نەووت کە نان بخۆم کاك شیروان دەیویست بەوە دڵی من خۆش کات من ئەو شەوەش لە ئێوارەوە تا بەیانی وەستابووم بێ‌نان و ئاو جگە لە سەرماو بەفربارین، مەگەر هەر خۆم بزانم چەند ئازارم چەشت، کاك شیروان ووتی: بۆ نەچوویتە ماڵێك.. منیش ووتم کەس پێم نەڵی یان لەگەڵ برادەرانم نەبێت چۆن ئەڕۆم هەر بەیانی زوو گەڕاینەوە (جورجان) و گلانگەری و شێخان بۆ جارێکی کە بۆ دیوی تورکیاو گلیشمەو ماسی رۆو گارەو لە شەوی 25/24 ی مانگی 12 وتیان چەك هاتووە و کاك دکتۆر خالید هێناویەتی بەگلابە لای شەمزینان تومەزو گلابەکە هەورازەو سەرناکەێت رێگاکەشی قووڕ بوو بارەگایەکی لێوە نزیك بوو ئەو شەوەش لە دوو لاوە پێشمەرگە رۆیشتین بۆ هێنانی چەکەکان و چونە لای زیاتر لە دوو سەعات بە پیادە گەیشتینە لای

ئۆتۆمبیلەکە کاك (صلاح) کە کوردی تورکیا بوو وە لە دوایشدا وا بزانم لە ناڕوەراست یان کۆتایی هەشتاکان لە سێدارە درا یان کوژرا لە تورکیا. ئەم کاك صەلاحە کوڕێکی بەتوانا بوو، بەهزاد ناوێکیش کە برادەری صلاح بوو کاتێك لە ئۆتۆمبیلەکە نزیك بوونەوە ئاردو ماعکەرۆنی لەسەر بوو دایان گرت و دایان بە هەندێك کەس لەو ناوەو بۆ سایەقەکەش لەو ئاردو مەعکەرۆنی یان دایە لە نزیك بونەوە بەشان چەکەکانی برانە گلیشمە یان گارە بەم شێوە بوو (250) کلاشینکۆف مچلی و یەك لاق دوو دەستکی و چەند رەشاشی دیکتارۆف و چەند هاوانێکی بێ قاعیدەو ساجی نەبوو وا بزانم (11) هاوەن بو، 25 ئار. بی. جی ژمارە (7) و (250) گوللە ئار. بی. جی 45 هەزار فیشەك و بری هەزار مەخزەنی کلاشینکۆف و 50 لوغمی تانك و بەڵام کەبسولی لەگەڵ نەبوو وە کۆمەڵێك پارەی مارك و دۆلار هاتبوو، ئەو چەکانەی کە بە من دران (12) کلاشینکۆفی یەك لاق یەك کلاشینکۆف دوو دەسك یەك رەشاشی دیکتارۆف سێ (3) ئار. بی. جی 600 فیشەك کلاشینکۆف و یەك هاوەنی 60 ملم و یەك لوغمی تانکم هێنایەوە لەگەڵ 36 گوللە ئار. بی. جیدا هەر دوانزە بۆ یەك ئار. بی. جی، لەوێش دوو ئەسپ و بارگیریان بۆ کڕیم وە یەك ولاغ بەکرێ گرتمان هەموو بارەکەی ئێمە کردمان بە سێ بار لە ماسی رۆوە بارمان کرد هاتینە جورجان و پەلەمان دەکرد کە پێش بەفر بارین لەو ناوەچە ترسناکانە دەربچین. هەر ئەو کاتەش من گەیشتم، حکومەتی عیراقی بەهۆی حاجی محمدی شێخ رەشید لۆلانەوە ناردبووی بزانێ شۆڕش چی دەوێ وا دیار بوو دەیانویست لەو وەزعە تێبگەن، لەوێش زۆرلەکادیرو پێشمەرگە حەزی دەکرد کەمفاوەزات بێتو کابرایەك کەهاتوچۆی لای حاجی محەمەدی بۆیەکێتی دەکرد ناوی حاجی شەریف بوو وای لێهاتبوو هەموو پێشمەرگە حاجی شەریفی دەناسی و من خۆم نەمدیبوو بەڵام لەدورەوە دەهات دەمزانی حاجی شەریفە..حاجی شەریف بەسواری ولاغ دەهات و تەنانەت وەختی واش هەبوو هەرسوارێك بهاتایە لێیان دەبوو بەحاجی شەریف یان ولاغێکی بەتاڵ دەهات بەهێستره ماین زەلامەکان سەریان دەهێنایە دەرەوەو دەیان ووت (مفە)حەیاتەکە هات... لەرۆژی 3-6/11/1977کاك علی عەسکەری هەربەجلی کوردی وبەپاتەی لاستیكو جامانەوە چوو بۆ کەرکوكو بەغدا لەبەغدا سێ هەلیکۆپتەر هاتبوونو هەندێك ئازووقەو خواردینان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بەو شێوەیەش کاك عەلی سێ‌رۆژی پێ چوو بوو، عدنان خیراللهو پاشان صدام حوسێنی دیبوو کەلەپاشاندا بەمام جەلالی ووت: صدام ویستوویەتی لەسەرمان نەنوسێ، وەکاك علی نامیلکەییەکی بچووکیشی لەگەڵ خۆیا هێنابوو، وادیاربوو لەسەر گواستنەوەی سنوورەکان نەگەیشتبوونە ئاکامێكو ئەویش وتبووی بابگەڕێمەوە لەگەڵ مام جەلال دا قسە بکەین.. کەهاتەوە ئیتر نەچۆوەو پاشان حاجی محەمەد لەلای عێراقەوە ئاگاداری کردینەوە کەناوچەکە چۆڵ بکەین (واتە پێشمەرگە ناوچەکە چۆڵ بکات) یا گلەیی نەکەن ئەگەر عەشیرەتەکەی کەوتە بەرهێرشو پەلامارو زیانیان هەبوو، لەسەر ئەوەش کۆمەڵەو بزووتنەوەکێشەیان هەبوو.. کۆمەڵە دەیوت دەبێ ملازم عومەر بڕوا بۆ بەغدا، ملازم عومەر حەقیقەتەو وەك نوێنەری بزووتنەوەش بڕوات، وادیاربوو بڕیاردرابوو کاك علی عەسکەری بڕوات ئیتر دڵنیابوون لە (مفە)حەیاتەکە، ئەوەی من لێ ی بەئاگابووم ئەبو شوقیو ئەبو عمرو کاك رەسوڵ لەکۆمەڵەش کاك د. رەزا (سەعید سوور) رازی نەبوو بەو هەنگاوە..

کاتێ ئەو شیعرەی نووسیبوو لەسەری موحاسەبە کراو هەر لەو کاتەشدا بڕیاردا هەموو سەرکردایەتی بگەڕێتەوە، بۆ دەوری شێنێو ناوزەنگو ئەو ناوەو لەبەر دوری جێگاو ساردی زستانو نەبوونی ئازووقەو پارەو شتی لەو بابەتە تابەهار... بیرێکی لێ بکریتەوە.. حاجی محمد لۆلان ئاگاداری مام جەلالو هێزەکەی کردەوە ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەنو عێراق پەلاماری ئەدات..ئێمەش چووینە گوندەکانی دیوی تورکیاوە.. کەس نەبوو لەوانە شیخ حسێن یەزیدیو حەسەن نەمۆ جێگری بوو سولاقە مەسیحی بوو ئامر کەرت بوو.. مام عەلۆ محمودی

حاجی حسێن و زۆری ترلەوبابەتە بوو.. محمودی حاجی حسێن لەهارونیەکانی سەر سنوری سوریا..عێراق بوون، سولاقە پێیان دەووت سولاقە کلاشینکۆفەکەی یەکلاقە ئەویش سوعبەتی نەدەزانی ئەیووت بەڵێ و سەیرێکی قۆناغی تفەنگەکەی دەکردو دوایی لەرۆژی 1978/6/2 بەدیل گیراو قیادە موەقەتە کوشتیان، بەلام پێشتر جارێکی کە گیرابوو وەدەیووت ئەم جارە بم گرن دەمکوژن راستی کرد گرتیان و کوشتیان. ئێمە بەرێکەوتین لەرۆژی 1978/12/1لەجورجان و بێ سۆك و بۆشێنێ چووینە ماڵی مەلای گوندەکە بۆ سەرکێلەشێن چووین کەمە کەمە بەفر دەباری و ساردی کرد دنیا، وەپاشان لەنیوەڕۆوە باران دەباری بەرێکەوتین بۆچەمی گادەری بەرەو شنۆ باران و بەفرو ئاویش بوو زیاتر لە (120)لەو ئاوەمان داوە، لەو کاتەشدا د.رەزا شیعرێکی نوسیبوو تیایدا وتبووی دەتان بینم لەسەر جادەی قیر دەتانبینم لەشۆفرلێت دا لەناوبازاڕ تۆ لەگەڵ.... دەتان بینم، ئێمە ئەم کەسانە بووین کاك نەوشیروان فەرماندەی هەرێمی سێ و کاك ملازم عومەر فەرماندەی هەرێمی پێنج، کاك عوسمان قادر منەوەر و کاك مستەفا چاوەڕەشو شەهید ئاسۆی دەلاك وماموستا عزیز محمودو دکتۆر رزا، ماموستا سەلام عەبدولا کەئێستا پارتیەو وابزانم عبدالقادر هەڵەدنی و عبدالقادر ناوێکی کەش ئەم عبدالقادری دووەمە وابزانم لەپاشان یەکێتی کوشتیان نازناوی پێیان دەووت (عبدالقادری بچوك) حاجی محمودی گەورە دێ وکاك شەوکەت حاجی مشیرو کاك شیروان نەهاتنەوە بەونیازەی بە ئۆتۆمبیل بێنەوە ئەو رێگا دوورەیان پێ نابڕێت، ئێمەش بەچەمی گادەری گەڕاینەوە ئەو رۆژەش کەوتینە ڕێ نزیکەی 45 کەسێك دەبووین لەناوچەی گادر ئەوەندەمان دابوو لەئاوی چەمەکەو هەربەپیلاوەوە لەسەروەش لێزمەی باران بوو بەخوڕ هاتە دەهاتەخوارەوە ئاوی چەمەکەش تەواو ماندوی کردبووین. زۆربەی برادەرانمان پەیکیان کەوت و لەناوچەمەکەدا مابنەوە، ئەوبارانەش کەدەباری لەسەرەوە لەژێرەوەش هەراسانی کردبووین سەرماو جارجارەش بەفر تێی دەکرد تەواو پەرێشان بوبووین هەرچی داری چەمەکەبوو تەڕبوو لەگەڵ بارانەکەدا نەدەکرا ئاگر بکەینەوە دارێکی وردە هەیە پێی دەڵێن تەڕێنە یان وەکو بەلالوك یان بەرێکی سووری ووردی هەیە وەکو بەلالوك... ئەو درەختە زۆر جوان ئەسووتا کە ئەویش حاجی مەحمودی گەورە دێ نەبوایە نەبارمان بۆ باردەکرا نەدەمانتوانی ئاگریش بکەینەوە حاجی محمود ئاگری دەکردەوەو کاك ملازم عومەریش دەیووت بەراستی حاجی محمود بەتوانایەو ئاگری بەزۆرکردۆتەوەو دارەتەڕەکەش وەکو بەنزین ئاگری دەگرت، ئەو شەوە نەماتوانی بڕۆین هەرلەوکاتەشدا بورهان کەپێش تر باسم کردبوو یەکەم مەفرەزە لەگەڵمان بوو چووبووە مەفرەزەکەی بەڕێز مام جەلال کەمنیش ناردبووم کاتی خۆی، بەلام ئەو تەحەمولی نەکردو گەڕایەوە ئەوشەوەش وەزعێکی خراپمان بەسەر هات جگەلەوەی سەرما هەراسانیکردبووین ئیتر بەوشێوەیە بۆ رۆژی دوایی بەڕێ کەوتین..

لە 1977/12/2 کەنزیك ئەوە بووینەوە بۆلای گوندی رەشان و میراواو ماڵێ کوێخا مولود لای شنۆ خۆمان دواخست و دامەزراین لەگوندی میراواو لەوێش کاك عوسمان قادر منەوەرو وابزانم کاك مستەفا چاوڕش یان ماموستا سەلام بوو ئیتر نازانم کامیان بوو ووتینا قاچمان ئازاری هەیەوە ناتوانین بەپیادە ڕێ بکەین بەنهێنی لە شنۆوە دەچینە بانەوە لەوێوە دەچینەوە شلێر تائێوە دێنەوەو کاك شەوکەتیش بەبارێکیچەکەوە بەهەمان شێوە من لەو کاتەدا رێگاکەم هەڵبژارد جگە لەوەی بارم بێ بوو نەك بەناو رژێمی شادا بڕۆم و کێشەم بۆدروست بێت ئێمە بەیانی زوو بارمان کردوو بەفریش دەباری کەوتینە رێگا بۆ زێویکەو ماشکان بۆ ئێوارە درەنگ گەیشتینە زێوکە ئەم جارەش چوومەوە ماڵێ مەلا محمەدی زێوکەو شەولەوێ مابنەوە هەرلەوێش ئیسرحەتمان کرد ولاخەیکانی ئێمەش ئیسراحەتیان کرد، شەو بەڕێ کەوتین 4-12لەزێوکەوە بۆماشکان و سلێ و دلاوان و قیس و

قیس قەپان‌و زێوکە لای کۆنە لاجان‌و زۆریش ماندووبووین‌و شەوڕۆژێك بەڕێوەبووین بڕیارمان دا هەرچۆنێك بێت شەو لەوێ بمێنینەوە. چوینە چەند ماڵێك‌و پێمان وتن ئەگەر خەبەرمان لێ بدەن ئەرتەش‌و جاندرمیری‌و چریك بێنە سەرمان ئێمەش لەناو ماڵەكان شەڕدەكەین، تا هەموومان تیادەچین، ووتینا زۆرباشەو ئەمەش بڕیاری هەموومان بوو بۆچوونە هەرماڵێك بڵێن ئەگەر بێنە سەرمان ئێمە هەر لەماڵەوە تەقە ئەكەین لەبەرئەوە كەس نەچێ خەبەر بدات چونكە ماڵ‌و منالی خۆی تیائەچێت..

بۆرۆژەكەی چووین ماڵی كاك مارف ئاغا ناوێك ئەو رۆژە لەگوندی زێوە بووین ئەمیش ریش سپی‌و ئاغای گوندەكە بوو، زۆریان خزمەت كردین وادیار بوو بڵباس بوو ئەو ئاغایە، بەڵام چەند كەسێكمان گرت‌و وڵاخەكانمنادانێ تائێوارە بچنە كونە مشكە لای گوێزیلەو دەشتی مرداوی تا ئێمەش بەئتۆمبێل یا تراكتۆر چەك‌و شتەكان ببەین، ئەو رۆژەش ئێمە خۆمان نەكردووە، نەوەك بێنە سەرمان، چەك‌و گولەكانیشمان ئامادەكردبوو بشارینەوە یا بەكۆمەڵ بیبەین، ئێوارەش دوای مەغریب تاریكی كردوو تراكتۆرێكی زەردی عەرەبانەی چوار تایە ئێمەش هەموو بارەكانمان لێ باركردوو جگەلەوانەی بێ چەك ناردبوومان لەگەڵ وڵاغەكاندا، ئێمەش (36)كەس بووین، شەویش سواری تراكتۆربووین چادری تراكتۆرەكەمان دا بەسەر خۆماندا، تەنها منیش بەدوای سەرم دەرهێنایە دەرەوە بۆچاودێری كردن بۆ خۆئامادەكردن لەهەر ئەگەرێكی مەترسیداردا كەبێتە سەر رێگامان‌و تەقەیان لێ بكەین لەلای گەزگەزو كەوپەڕەو لەسەر جادەی خۆڵ‌و دوایی جادەی قیر بەرێ كەوتین‌و لەپێچەكانی ئاڵتوندا جێبێكی عەسكەری كەوتە پێشەوەو دوایش كەوتە دواوەو جارێكی تر كەوتنەوە پێشمانەوە وەستان‌و رایانگرتین، ئێمەش وتمان یاندەیانكوژین یان دەیانگرین‌و لەگەڵ خۆمان دەیانبەین‌و دوایی بەریان ئەدەین، لەپێش تراكۆركە شەوە نازانم كاك نەوشیروان یان كاك عومەر بوو لەسەر چەمەلەغی تراكتۆرەكە دانیشت بوو قسەیان لەگەڵ ئەو برادەرانە كردوو هاتنە دواوە بۆلای ئێمە،منش پێم ووتن ئێمە پێشمەرگەین‌و رێگامان لێ تێك چووەو دەڕۆین، وتیان باشە لای ئێمە ئیسراحەت بكەن‌و پاشان بڕۆن.. ژێر چاردرەكەش دەجوڵا هەمووی پێشمەرگەبوو ترسان‌و رۆیشتن بەو نیازەش ئێمەش بەدوایاندا بڕۆین بەڵام هەردوولا خواحافیزیمان لەیەك كردو بۆئەوەی لەكۆڵ یەكتر ببینەوە، ئەوان كەوتنە پێش‌و گەیشتینە گوێزیلەی لای میراواو لاماندا. بۆبەیانی كەرۆژبووەوە بەكۆڵ‌و بەشان هەرچی هەبوو بەپەلە بۆماڵی حاجی عومەر كوێخای گوێزیلە بردمان، دوای نان‌و چاخواردنیش گوێدرێژو هێسترمان پەیداكرد، تابەپەلە بارەگاكانمان دووربخەینەوە لەجادەوەو بەرەو كونەمشكە رۆیشتین پێش ئەوەی ئێمە بگەین وڵاخەكانمان گەیشتبوون، بێ پشوو بۆنیوەڕۆ گەیشتینە كونەمشكان لەوێش نانی نیوەڕۆخوراو دیسانەوە وڵاخەكان ئامادەكران‌و بارمان باركردو بەڕێكەوتین بەرەوە دەشتی مرداوێ‌و مام كاواو داودئاواو مەفرەزەیەك ئاسۆی دەلاك‌و دووسێ پێشمەرگەو لەدویانەوە بووم، چووین تا ڕێگا تاقی بكەینەوە بەناو گوندی مام كاواو داددادەوە تێپەڕین بۆ بەرامبەری ناوزەنگ لەشێنێ‌و نۆكان‌و گۆڕە شێرو دەورو پشتی. سەعات چواری دوای نیوەڕۆ لەدارستانە چڕەكەدا كۆمەڵێك چەكدار دەركەوتن دووكەسیان سواری هێستر بووبوون‌و لای ئێمەش لەپێشەوە ئاسۆ دەلاك تێی خوڕین پێی ووتن كێن یەكسەر ئەوان بڵاوەیان كرد ئێمەش وامان زانی كەمینەو ئاسۆی دەلاكیش تەقەی كردوو بوو بەتەقەكردن‌و كوژراوێك‌و بریندارێك بەجێما، خۆشیان هەڵهاتن كەلەپاشاندا ووتیان جەوهەر ئاغاو علی كوردەبوون ئەوەش بوو بەیەكەم تەقەی شەڕی براكوژی لەسۆران لەدوای شەهید شهید بوونی ملازم حسن خۆشناو، وایان زانی بوو ئەوهێزە بۆ پاككردنەوەی قیادەی موەقەتە هاتووە هەرچەند ئێمە بەرنامەی شەڕمان نەبوو تانەگەینەوە ناوچەكانی خۆمان بەڵام قیادەی موەقەتە خۆی حازر كردبوو بۆ شەڕ ئەوەش بڕیاربوو

کەئەوزستانە قیادە موەقەتـە لەناوچـەی سـۆران نـەهێڵین چـونکەئەوان لەبانـدینان ڕێگـەیان بەئێمـە نەئـەدا، کەچووینە گۆڕەشێر ئەوکاتـە بارەگـای قیادەموەقەتـە لـەنۆکان و شـێنێ خانویـان کردبـوو بارەگاشـیان هـەبوو یەکێتی‌یش لەگۆڕەشێرو ئەوناوەبوو، کەگەیشتینە شێنێ هەموو کوێخاو ریش سپیەکانیان هاتن کەشەڕ نەبێت چوونکە خەڵکی شێنێ زۆریان قیادەموەقەتە بوون و هەرێمی شەش و ئەوانەی لەوێ بوون زویربوون لەیەکێتی، گوایە بۆئێمە خەبەرمان نەداوە بڕیاری شەڕدراوەو ئەوانیش وایاندەزانی تێپەڕ دەبین و قیادەموەقەتەش هەرلەوێ دەبێ ئێمە بۆئەوەخۆمان ئامادەنەکردبوو ئەوکاتـەش کەخەڵکی دەهاتن بۆتکاکردن ئێمـە شێلگیربووین ووتمان دەبێ قیادەموەقەتـە لێرەنـەبن، شـەویش قیادەموەقەتـە هـەڵهاتبوون بـۆ لای کـانی زەردو ئـەوانیش چـووبوون لەخـەڵکی ئـەوناوەیان هێنـابوو خـەڵکی‌یان نـاردوو تەسـلیم بوونـەوە بارەگاکـانیش شـەهید عەبـدوڵا سـوورو کۆمەڵێکمان بۆ نارد لەکاتی تەقەکانی لای مام کاوە یەکەم کەس بەدەنگمانەوە هات، شەهید عەبدوڵا سوور لەگەڵ کوێخا قادرو کوێخا بایز.. چەند رۆژێك لەوێ ماینەوە تاقیادە موەقەتە لەوناوە کۆتایی پێهات و بەفرێکی زۆریش باری بوو دنیا زۆر ساردبوو، ئەوکاتە لەشێنێ بووین کەلەپاشان لەدوو تاسێ کەسمان دا لەوانەش یکێکیان ناوی شێخۆ بوو ئەوکات ملازم عمر بوو بە مەسئولی عەسکەری بوو شێخۆیان خستە حەوزێکەوە بەوسەرمایە. بڕیارمان دا لەرێگای لای بەرقڵشیەوە بڕۆین کەوتین ڕێگا زۆر ماندووبووین دنیاش تاریك بوو هەورە تریشقە باوو بروسکە بوو تانیوەشەو نەگەیشتینە لای نوێ و بەناو چەمێکی‌ئاودا رۆیشتین شەو بوو ناشارەزابووین لەوانەبوو لای سەید ئەحمەدو کانی شینکە رۆژمان لێ بێتەوە شارەزاکەمان ووتی لێرە بڕناکەین و رۆژمان لێ دەبێتەوە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ شێنێ دوای ئەو هەموو ماندووبوونە گەڕاینەوە بۆ شێنێ و رۆژی دواتر چەند ولاخدارێکی شێنێی بەخاکەنازەوە کەدەکەس (10)کەس دەبوون هاتن بۆشکاندنی ڕێگاو ئەو بەفرە زۆرەی شکاندو حاجی محمودی گەوەرێ دێشم لەگەڵدا بوو، من توانایەکی باشم هەبوو لەماندوبوون و هەرگیز هەستم بەماندوبوون نەدەکردو تاکو کێشەی ناوبزووتنەوەی کوردی دروست بوو ئیتر لەوەوە هەستم بەشەکەت بوون و مانـدوبوون دەکـرد. مـن لەشـێنێوە تـا توژەڵـە بەفرەکـەم ئەشـکاندو بـەرێ کـەوتین بەوشـێوەیە جگەلـە هێـستر دووبارگیرانەکانی خۆمان کۆمەڵێ هێستر وبارگیری ترمان گرت ئیتر بارکرا.. ئێمـەش وەك خـەڵکی لای شارەزوور بارکردنی ولاخ زۆر زەحمەتە لامان ولاخەکانیش یا (قاتر، بارگیر، ئەسپ) هەریەکەو شتێکی تایەبەتی‌خۆی هەیە گوێدرێـژ (کـەر) قـاتر یـا هێـستر لەگوێدرێـژ یـا نێرەکـەر چاك دەکرێـت لەسـەر مـاین واتـە موتوربـە یـان پێوەنـد دەکرێت.. کەر لەماین دەکێشین هێستر دێتە بوون.. هێستر لەکەر گەورەتروو لەماین بچووکترە، لەهەردووکیان بەهێزترەو چەمووشەو جووتەئەدات، گورگ بەهەموو شت دوێرێت کەچی بەهێستر ناوێرێت. رەوەماینیش (20)ماین و یەك هێستر تێدابێت هیچ گەلی گورگێك ناتوانێ زیان و زەربەیان لێ بدات و گورگیش لەجووتەو پەلاماری هێستر دەترسێت، لەبەندێکی کوردیشدا هاتووە دەڵێت (بەهێستر یان وت باوکت کێیە..؟ ووتبوی خاڵم ئەسپە!( چونکە دایکی ماینەو باوکی کەرە،ئەسپیش لەدوای (18)مانگ دیگیرێت بۆ فێرکردنی سواری و زینی لێ بکرێت، زین لەقایش و قەڵتاغ و دارو بزمار دروست دەکرێت رەشمەی ماین و لغاو بۆسواری و راگرتن و کەڵ پووسی لەچەنەو دەمی دەخرێت.. قۆشکین لەژێر کلکیەوە پەتی ساتووکە لەسەر پاشەڵ و ئاوزەنگ لەئاسن و قاچی تێ دەکا، شەیالەی ئاوزەنگ و تەنگە لەژێرسکی و بەرۆکی و لەپشتیشەوە ژێر زین لەسەر پشتی ماین بەلبادو سەرزین یان نەرمە زین لەسەر قەڵتاغ و قەڵتاغە کۆن.. ئەمانەش بۆ پۆشتەکردنی ماین بوو.. سەرکەلەی ماین و هێسترو ئەسپ باری لێنرا پێی دوترێت بارگیرو جارجارەش دەیخەسێنن، پێی دەڵێن بارگیر یان یەختە. کەریش بۆبارو رەشمەش دەکرێ و هێستریش لغاو دەکرێت، کەری لەیلان بەناوبانگە. لەکوردەواری

خۆماندا بەپیرەژن یان ژنێك زۆر قسەبکات پێی دەوترێت قەڵتاغە کۆن..! ئەوانەی 7-8مێردیان کردبێت... ماکەری ئابلاخ و مانگای مالوان و چەڵتوکی چەوتان و شووتی قەدەفەری و مامزی گەرمیان ئەمانە هەمیشە وان لەسەر زارو زمانی خەڵکی کوردەواری لای خۆمان کەجاروبار بۆ قسە گێرانەوە تێهەکێشی دەکەن. ئیتر ئێمەش لەپشتی یاخود لەتوژەڵەوە سەرکەوتین بۆسەر چیای لای هەڵشۆ.. بەڵام لەو کاتەشدا بەفرو زریان ڕێگەی لێ هەڵە کردین، هێندەی نەمابوو تیابچین و بمرین. بەفربارینەکەش ووردەووردە بەفر بوو لەپاڵەوە رەشابەیەکی توند لێی دەداین.. ئەسپکانیش سات ناساتێ دەکەوتن لەتاو سەرماو ماندوبوونیان دەینا حیلاند هەروەك زمان زانێك هاواریان دەکرد. هێستری واهەبوو تل دەبۆوەو خاوەنەکەشی دەگریاو خۆی دەدایە بەرهێسترەکە، لەوانەبوو خۆی بکوژێ! پێمان ووت هەرچی زەرەر بکەن بۆتان قەرەبوو دەکەینەوە.. یەکێك لەوڵاخدارەکان زۆر ئازابوو دەیووت یا شێخە سوور پەلاماری ئەسپەکانی دەداو بەرزی دەکردنەوە وەلەئەسپەکانیش بەهێز تر بوو پێشمەرگەکانیش بۆ ئەم مەرگە ساتە دەگریان و فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە بۆ ئەو سەرما و سۆلە وئەو دیمەنە سەیرو سەمەرانەی دەهاتە ڕێگامان دەستەکانمان گوێی نەدەکرد تەواو هیلاك و ماندوو بوین زۆر لەو پێشمەرگانەی لەگەلمان بوون خەریك بوو تیا دەچوون منیش زۆر لام گرنگ نەبوو چونکە بەرگەی سەرما و سۆلە و ئازارم دەگرت لەوێشەوە شۆربوینەوە بۆ سەر چەمی ئاوە سپی لای بێگلاس .. هێشتا مابوو بگەینێ ئەوانەی لەگەلمان بوون شارەزاکان وتیان : ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بکێشێ لێرە بین لەوانەشە رەق بینەوە بۆ مردن .. ئەوەشیان وت بەناچاری ئەبێبارەکان لێرە بخەین بۆ بەیانیش خۆشی کردەوە دێینەوە دووی بارەکان ..هەندێك برادەران رایان وابوو ئەگەر ولاغ دارەکان ئیزن بدەین لەوانەیە بارێك لە چەکەکان بەرن ...کەبەراستی ئەوان ئەیانتوانی ئەوە بکەن بەلام شتی وانەدەبوو ..بارەکانیشمان بە کۆمەل خست و هەندێکیش دوور بو بە نایلۆن دامان پۆشی جێگاکەیشمان دیاری کرد نەوەك بەفر زۆر بباریێ و نەیبینینەوە .. رۆیشتین و بەجێمان هێشت .. ولاغەکانیش بەبەتالی مانەوە لەوێوە بەرەو بێگلاس کە ئەو ناوەش (سەربازگە -معسكر)ی لێبوو لەدورەوە چاومان لە2-3 ئاگر بوو ..ویستمان ویستمان بۆی بڕۆین وتیان مەرۆن جیشی لێ یە بۆیە ئێمەش بەدوای ئاشێك دەگەراین ..ئاشی ئاوێك لەو ناوە بوو بەئاردوو گەنم و جۆ , دانەوێلەی دەهاری - بەئاو بەرداشەکان هەلدەسورێنێ ئاشگێر یەکی ئاوە چووینە ئاشەکەو هێندە ماندوو بووین یەکسەر ئاشەوان ساوەرێکی بۆ لێناین ,کەزۆر خۆش و بەتام بوو ئیتر نەمانزانی برسێتی بوو یان ماندووبونمان کە ئەو ژەمە خواردنەمان زۆر لاخۆش بوو .. چامان خواردەوەو تادەمەدرەنگی بەیانی لەوێ ماینەوە من و کاك ملازم عمر و کاك نەوشیروان و شەهید دکتۆر رەزا و شەهید مامۆستا عەزیز ئەو شەوە لەئاشەکەبووین کەچوار دەورمان رەبایە بوو .. لەبەرئەوەی رەبیەکان نەمان بینن هێشتا زوو بوو دەرچوین بۆلای بارەکان و چوینە لایان و بارمان کردن و بەرەو سەرچاوەی هلشۆ بەرێ کەوتین سەرچاوەی هەلشۆ سەر ئاوێکی زۆرەو چەندین کانی وئاوی لەم بەرو ئەوبەری دارگوێزەکانی ئەو چەمە گرتۆتە خۆ ئەوە شوێنەش جێکای بازرگانی و هاتوچۆی ولاغ و هێنان و بردنی باری بازرگانی بوو ..وابرانم و بێورانەوە و سەردەشتەوە بۆ قەلادزە زۆری ژیانی خەلکی ئەو ناوچەیە لەسەر ئەو بازرگانیە بچوکە بوو .

ئێمەش بەدەم ڕێگاوە بەرەو دنیایەکی کە دەچوین . ئاووهەوایەکی خۆشو کانی و چەمێکی سازگارو چیا و قەدپالی درەوشاوە و سروشتێکی زۆر جوان لەو ناوە هەڵکەوتوە 2 سەعات ڕێگاش درێژ بوو ئەم بەرو ئەوبەری ڕێگاکەمان کوخی لێبوو مالی لێیەو گوندەکەش لەدوو جێگان و لەنێو دۆلێکدا کۆبەنەتەوە بەودۆلە درێژەدا ,ئێمە 50 پێشمەرگە دەبوین جگە لەوەی بارەکانمان لە20 ولاغ بار کردبوو . بارانێکی زۆری بەهێزیش دەباری

ئەو رۆژە دەبوو بۆ شەوەکەی لەزۆر جێگا بپەرینەوە , هەر ئێوارە بوو لەهەلشۆ دەرچووین و دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ چووینە دارەشمانە و شارەزامان جەلالی مینە بەگ و پێشمەرگەی لای قەلادزەمان لەگەل خۆمان بردو لەدارەشمانە نانی ئێوارەمان خوارد و بۆ دەشتێ و نورەدین ,لەدوهەمیان هەندێك وەستاین و پشویەکمان داو دواتر بەرێ کەوتین بۆ سەر ئاوەکە هەرچۆنێ بوو پەرینەوە بەفریش بووبرادەرانیش هەمووی ماندوو بون بەتایبەتی ئەوانەی خەلکی شار بوون خۆیان دا بەزەوی دا لەگوندی بێ ترخە کاك نەوشیروان و حاجی مەحمودی گەورە دێ و عبدالقادر هەلەدنی و من بۆ گوندی سەرتەنگ چوین کە بەراستی جێگایەکی سەخت بوو .. شەریش بوایە دەمانتوانی بەرگری بکەین ئەو گوندەش هەر سەر تەنگ نەبوو بەلکو لەوێ دلتەنگ بوین .ز بۆیان گێراینەوە کەلەبەهاری 1977 شەر بوە لەگوندەکەیان و هەندێکیان لێکوژرابوو لەسەر ئەوەش هاتبون خەلکی گوندەکانیان گرتبوو ئەگەر 17 کەس بوون یا27 کەس لەگوندەکەیان پیاویان تیا نەهێشتبوو , سەرەرای ئەوەش کەئێمە چووینە گوندەکەیان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردین لەلایەن ژنەکانیانەوە میواندariان کردینوزۆریش خزمەتیان کردین لەمزگەوتی گوندەکەش کۆبوینەوە و چاوەرێ ی ئەو هێزەی خۆمان دەکرد کەپەراگەندە و بەجێ مابوون شەو .. ئەوانیش لەپاشان هاتنە مزگەوتەکە مامۆستا عەزیز محمود هاتە ئەو مالەی کەئێمەی لێبووین داوای هێلکەی کرد کەبیکەن بە هێلکەو رۆن بۆی ئامادەکرا ..منیش پێم ووت مامۆستا وەرە دانیشە لامان ..وام زانی ئەو هێلکەو رۆنە بۆ خۆیەتی کەچی ووتی: وەللا من نانم خواردوە بۆ خۆم نی یە بەلکو بۆ حەیوانەکە مەبەستی هێسترەکەی بوو . ئەوەش یەکەمجار بوو کەهێلکەو رۆن بدرێت بەهێستر کەمن ئاگام لێ بوبێ تا ئەو کات , منیش ووتم ئەمە بۆچی یە وتی : ئەوەش بۆ(کا) و گزرەی دەبێت .. گزرە گیایەکی تەرەو دەبریت و ووشك و گیرە دەکرێت ئەوەش پێی دەلێن گزرە, بۆ وولاخ و ئاژەل لەکا باشترە ... مامۆستا عەزیزوتی کەچۆن ئێمە بە خواردنی باش بەهێز دەبین و ووزەمان پێ دەبەخشێ ولاخیش بەهەمان شێوە هەروایە.. لەمزگەوتی گوندەکە کۆبووینەوە مامۆستا عزیز محمودوکاك (ملازم عمر) لەسەر بارکردنی هێسترەکان بووە هەریان.. مامۆستا عزیز لەوێ ووتی من دەچمەوەسلێمانیو پشوو دەدەم ئیتر نیوەشەرێك روویداو دوای ئەوە مامۆستا سلام عبدالله چەندجارێك بەسووکی باسی لادێی دەکرد کەئەوەش باش نەبوو قسە بەلادێ کردن. مامۆستا عزیزیش هەروابوو.. دکتۆر رەزا گەیشتە تینیو لەلادێ ژیابوو.یالەبەر منو هەندێکی کەبوو یاهەرئەو قسەی پێ ناخۆش بوو شتێکی شارو لادێی جیادەکردەوەو بەسووك باسکردنی لادێ شتێکی ناشرین بوو، دکتۆر رەزاش ووتی تۆ عەیب ناکەیت لادێ لادێ تە لادێ هەموو کوردن لادێ پێشمەرگەنو خزمەتی پێشمەرگە دەکەن تۆ ئەمرۆ لەلادێ تەوزیع بوویتو نانت خواردووەو تۆش شاریت هێلکەو رۆن دەدرێت بەهێستر.. ئەمجار کاك ملازم عمر بوو بەناو بژیوانیانو کاك دکتۆر رەزا بەجەماعەتی ووت.. کاك نەوشیروان لادێیەو خەلکی ناوگردان ئێستا مامو ئامۆزاکانی هەمووان لەناوگردان لەشارەزووری لای سەید صادق مالی ئامۆزاکانیشی هەر لەوێن کاك دکتۆر رەزاش ئەوقسانەی منو هەندێ شتی خۆشی باسکرد. کاك نەوشیروان خۆی حەزی نەئەکرد کەس بیزانێ خەلکی شارەزوورە یا کەسو کاری لەشارەزوورن.. زیاتر وای پیشاندەدا دانیشتوی ناوشاری سلێمانیەوە ئەوەش لەبەر دوومەسەلە بەلام لەکاتی شەری سۆسیالیستو یەکێتیو چۆل کردنی لەناوچەی شارەزوور لەلایەن هێزەکانیانو حاکمیەتی ناوچەکە لەژێر رکێفی دەسەلاتی حزبی سۆسیالیست بوو لەسالی 1982. ئەوەش یەکێتی هەراسان کردبوو لەکاتی گفتوگۆی یەکێتیو عێراقیشدا لەسالی 1984کاك نەوشیروان زۆربەی گوندەکانی شارەزوور دەگەراو مالی عەشایرو کوێخاکان دەگەرا بەتایبەتی کەدەیگووت پشتیوانی لەیەکێتی بکەنو هاوکاری بکەن هەرهیچیش نەبێ لەبەر من

کەلەعەشیرتی (شاتری)م لەئێڵی (جاف)م، بەزمانی ئەوانیش قسەی دەکردو بەناو عەشیرەتی شاتری‌و بەتایبەتی خۆی بەشاتری‌و خەڵکی ناوگردان‌و لەجاف بەگشتی هەولێکی زۆری داو هەندێك خەڵکی کۆکردەوەو لەناوچەکەو بەتایبەتی شارەزوور. کاك نەوشیروان لەوکاتەدا خۆی لەجاف جافترو لەشاتری شاتری تر دەزانی.. شارەزوور مەڵبەندێکی گرنگی حزبی سۆسیالیستەو حزبی سۆسیالیست لەدوای ئەم هەموو کێشانەش هەمیشە دەسەڵاتی تەواوی هەبووە، (518)شەهیدی چیای هەیە لە 15ساڵی خەباتی شاخ دا جگە لەدوای راپەڕین لەدوای گوندی سەرهەنگ یەك رۆژ بەرێکەوتین بەرەوە گوندی زەروون چیاو هەورازی هەڵدێرو باران‌و بەفر لەبن چیا. کەیەك لەولاغەکان یابارگیرەکانی ئێمە پەکی کەوت لەوهەورازەدا بە (24)گوللەی ئار.بی.جی‌یەوە هەندێك شتی پێوەبوو ئەسپێکیش بوو لەبەردووری رێگاو برسێتی پەکی کەوت، بارەکەی مان بارکرد بەسەر ولاخی یەکیَ لەگەڵمان هاتبوو (12)گوللەو تایەکی لەبارەکە مایەوە. هیچ نەبوو هەڵگیریَ، ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ من بوون پروزەو نق‌و جقیان لیَ بڕابوو، لەرێگادا هێندە هیلاك بووبوون، گوللەکانم بەکۆڵی خۆم هەڵگرت. هەرچەندە قورسیش بوو.. شوێنەکەش هەورازبوو، بەلام 12گوللە لەوکاتەدا بەپارەش دەست نەدەکەوت–بۆیە لەماوەی سیَ سەعات یازیاتر بوو بەکۆڵم هەڵم گرت بۆ(زەروون)، لەو هەوارزەش رزگارمان بوو، ئەوانەش لەدوایدا سودمان لیَ ورگرت لەهەڵەبجەو شارەزوور. جگەلەوە تفەنگێك‌و (12) مەخزەنیشم پیَ بوو.. شەوی 24–1977/12/25 چووینە گوندی (زەروون–زەردن) لەسەریانەوە زاڵ بوو چیایەکی سەخت‌و بەرزو شاخی گۆجاری پیَ دەڵێن گوندەکە، خانوەکانیان پڕەو لەسەر یەك بوو گوندەکەش لەنزیکەی 200تا250ماڵ دەبوو، مزگەوتێکی گەورەیان هەبوو، ئەوشەوەی لەیَ لەزەروون ماینەوە.. من نەم توانی بچمەمزگەوت‌و هەر لەماڵێك مامەوە، لەو چیایەدا زۆر بەزەحمەت سەرکەوتین کاك جەلالی کوێخا عبدلله چۆخماخی فرماندەی کەرت‌و حمەی مام سەلام فەرماندەی هەرێمی (4) کاك کمال فەرماندەی کەرت لەگەڵم بوون.. ناوچەکەش لەڕووی ئاسایشەوە مەترسی تێدابوو بەدرێژایی رۆیشتنی ئێمەش خەڵکی ئەوبارو چەکەتازەو هاتنەی ئێمەی دەبینی‌و کاك نەوشیروانیش ئەوە یەکەم جار بوو بچێتە ئەوناوچەیە نەدەگەیشتە (50) چەك بەلام دەنگوباسێکی یەکجار بەرفراوان‌و بەرامبەر ئەوەی لای ئێمە بوو بلاوبۆوە کەلەڕووی سەرکەندە یا خەندەکەوە، بۆدوای نیوەڕۆ سەعات یەك گەیشتینە گوندی گەورە دیَ 1977/12/25لەکوێستانەکانەوە دابەزین کەگەیشتینە گەورەدیَ چووینە مزگەوتی گوندەکەو هەرلەویَ کاك ئیسماعیل گەورەدێی کەکورێکی باش بوو بۆخۆیشی بەبزووتنەوە دەزانی یاخود دۆستی بزووتنەوەبوو. هات بەدەمانەوەو لەگەڵ هەندێك پێشمەرگەداو نانمان خواردو پشوویەکمان دا. بۆشەویش شارەزامان لەگەڵ هاتوو کاك نەوشیروان وابزانم لەگەورەدیَ مایەوەو دواکەت. من گەیشتمە چۆخماخ‌و کانی مێو مالومەو لەلای کاك جەلالی کوێخا عەدولا شەو لای ئەوان ماینەوەو کاك شێخ صدیق لەویَ بوو بۆرۆژی دواتر کاك حاجی چاوشین بۆشارەزایی لەگەڵ مان هات‌و چووینە سنگرو مێولاکەو قەیوانی خواروو سەروو لەسەروویان پێشمەرگەیەکی لیَ بوو کاك فتاح کەیەکیَ لەپێشمەرگەکۆن‌و ئازاکان بوو وابزانم لەپارێزگای سلێمانی لەگەڵ سۆران تۆفیق هەورامی دا بەشداربوو لەتەقەکردنی محافزی سلێمانی بۆشەو لەویَ ماینەوە رۆژی دواتریش لەقەویوانوە بۆ غەمزە (3) ولاخمان پیَ بوو دوایش رێگا خۆش بوون کردمان بەدوو ولاخەکەی خۆمان‌و چووینە بەرامبەر خەمزە، کۆمەڵێك چەکدار لە 1977/12/26 ئەحمەد ناوێك لای ئێمە بوو هاواری لیَ کردن‌و ئێمەش دامەزراین ئەوان وادیاربوو منیان ناسیبوو هاتن – کاك محێدین چەخماخ‌و گوروون‌و کۆمەڵێك پێشمەرگەبوون ئەوانیش لەگەڵمان هاتن لەباخەکانیش گەیشتین بەسەر کانیەك لای خەمزەو بارەکانمان خست‌و پێشمەرگەمان لادانا چونکە هەمیشە هەلیکۆپتەر لەسەر خەمزە دەسوڕایەوەو داش دەبەزی، لەوێش دووبرادەری باشی لیَ بوو

کەیەکێکیان کاك ئیسماعیل ئەوی تریان ناوی کاك حامید بوو چووینە لایان خزمەتیان کردینو ئێوارەش تاریك داهات شەوی 12/29/28لە خەمزە دەرچووین حاجیش زۆر شارەزابوو چووینە قوڵەرەش لەوێش نانو چامان خواردو ماڵێك دوانی لێ بوو، تاریك بوو بوو چوینە سەربانێكو وامان زانی جێگای خەرمانە بۆ گەنم بەکاردێت جێگایەکی بۆ دیاری دەکرێتو هەڵئەخرێت، ئاوەژێ دەکرێت، واتە ئەو جێگایەی بۆ تەڕدەکەنو دەکوتنەوە تا جێگایەکی باشی هەبێت و گەنمەکەش پیس نەبێ، لەخەمزەوەبۆ ئەزمڕو پاشان لەو ناوەش چیاکانی ئەو ناوە بەڕەبایە تەنرابوو، لەجادەی سلێمانی ماوەت یاچوارتا پەڕینەوە بەرامبەر چوارتاو قەڵاچوالانو چووینە سیتەكو گورگە یەرو بۆ بزینانو شوکیو کانیە زەردو، ئەگەرچی هێشتا ڕۆژنەبۆوە لەناو گوندی شوکێ ئێمە بەناو ماڵەکاندا تێدپەڕین بەچەمەکەداو لەسەری ماڵەکاندا گرێگی ئاگر چوبوە ئاسمانەوە کو ئەوەی باڕووتێ بسوتێنێت گورد دامرێتەوە وادیاربوو جەیش ئەو ناوەی گتبوو کەخەریك بوو ڕۆژ دەبوەوە ئەوە ئیشارەت بوو بۆئەوەی عەسکەریە کە بێتە خوارەوە بۆناو گوندەکە چونکە ئەو کاتە جەیش کەدەهات بۆ ناودێهاتەکانهەر سەعات دووی شەو سەرشاخەکانو چواردەوری دەگرت بێ ئەوەی بێتە ناو گوندەکەوە تا ڕۆژ دەبوەوە لەهەموو لایەکەوە دەهاتە ناوگوندەکەوە بەڵام چۆن بوو ئێمە دەربازبووینو بەرەو شاخی گەڵی ڕۆیشتین..، ئیمە لەناو گوندەکەدابوینو خۆمان دەپاراست ئەو چەکانە بەسەرلامەتی بگەیەنینەوەناوچەکەمان، چونکە بەچوونی ئەو بڕە چەکە کاریگەری سیاسیو مەعنەویو لەو کاتەشدا چەك ئەوەندە زۆر نەبوو بۆ ئێمە، ئمانە چالاکییەکی گەورە بوو لەوێوە بارمان بار کرد بەرەو باراو تومەز جەیش بۆ ئەوە ناوە هاتووەو ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کەگەیشتنو ئیتر هەموو لایەك بێنەو ناو گوندەکەوە، بەڵام ئێمە بەرێکەوت دەرچووینو بەیانی زو گەیشتینە بەرامبەری حاجی مامەند واتە سەر چیایەکە لەکاژاوەوە بۆگەڵی دەڕواتو لەوێ حاجی چاوشین ووتی لێرە زستانی ڕابردوو زیاتر لە 100سەد سەربازی عێراقی ڕەق بوەوەو مردنو خەڵکی چەکەکانیانی کۆکردەوەو ئێوارەیەك فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەر دایانی بەزاندبوونو بەجێی هێشتبوون، لەکاتی زستاندا خەڵکی ناوچەکە ئیتر ترسیان نەئەما ئەگەرشتێ بوایا دەیانوت جەنەڕاڵبەفر لەوێیە بەیانی زوو بوو بەتەمایئەوە بوو تەواوی ناوچەکەی پشکنی بەدوای پێشمەرگەدا بەفرو باران هەبوو هەموو ئەوناوەی تێك داو لەهەموو ئەو وەزعە ئاڵۆزەیەك پێشمەرگە لەگەڵ کاك ئەنوەری مەجید سوڵتان شەهید بەە، لەگەڵی چووینە گوندی حاجی مامەند پشوویەکمان دا وادیاربوو هەواڵی ئێمە گەیشتبوو.. کەلە 1977/12/29گەیشتبوونە ئەوگوندەو پاشان بۆ دۆستەدەرە لەرێگادا کاك جەلالی حاجی حسێو کاك بەکری حاجی سەفەرو پێشمەرگەی خۆمان تووش بوونو هاتن بەدەممانەوە چوینە ڕەزەڵە، چووینە ماڵی حاجی ڕەشید... شەهید ڕەووف بەگو محمودی عزیز کاکلو ئەوانیش هاتن بۆ لامانو پێش چەك هێنانو بۆ یەکەمجار بوو چەك بێتە ئەو ناوچەیەو کوردستانەوە بۆی تەوژمێکی بەناوچەکەو پێشمەرگەدا.. ئەو شەوەی لەوێ ماینەوە لەرەزەڵە لەگەڕانەوەی سەفەرەکەمان وەزعی ناوچەکەو سەرکردایەتیو هاتنەوەی ئێمەو متمانەی زیاتر پێشمەرگەو بەرپرس بەسەرکردایەتی چونکە تائەو کاتەش هەواڵی سەرکردایەتی کەس نەیدەزانیهەرکەسێکیش دەڕۆیشت نەدەگەڕایەوە، من لە 1977/10/25لەشلێر دەرچووم لە 1977/12/29گەیشتمەوە ڕەزەڵە، کەئەوەش پەلەترین کاری شۆڕش بوو بۆ ڕۆیشتن گەڕانەوەم.. دوومانگ زیاترەوە نزیك سێ دەبوو لەسوورێنەوە دەرچووبووین بۆ، لەشەوی 29-1977/12/30چووینە کۆڵیتانو دۆڵە چەوتو بۆ چەوتانو لەسەر بەڵخە لەماڵی کاك عومەربوین.. لەسەعات (4)ی ئێوارە دەرچووینو لەبەر ڕێگاش نەوەستاین تاکۆلیتان دوایی چووینە ماڵی کوێخا قادری کۆلیتان، کوێخاقادر لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان 1976بۆیەکەمجار بوو پێشمەرگەی شۆڕشی حوزەیرانی بینیبوو،

حاجی شاسواریش هەر لەو گوندە بوو پیاوێکی خزمەت گوزاربوو بەڵام کێشەی نێوان کوێخا قادر زمانزان و شارەزاو قەناعەتی بەخەڵك دەهێنا، وەزۆر کەسیش لایەنگری بوو، رۆژێك جەمال بەردەبەلی کادیری بزووتنەوە زۆری لێ دابوو منیش زۆرم پێ ناخۆش بوو لەگەڵ کاك شەوکەت و ئەو برادەرانە بوو، جەمال گەنج بوو زۆر لەدنیا نەگەیشتبوو ئەو کاتە رۆژێکیان بەمەلانجم قاینجەیی‌وتبوو مەلا نەجم ئێوەش لەشۆڕشی‌ئەیلولدا تەعدای زۆرتان کردبوو، هێلکەو رۆنی زۆرتان بەژنان دەکردوو پیاوەکەتان بەناوی ئیشەوە دەنارده ئەملاو ئەولا مەلانجم یش پێی و: وەلاهی جەمال گیان راست ئەکەیت دایکیشت هێلکەو رۆنی باشی بۆ دەکردم، هەر لەو گوندەبوو کۆمەڵێك لەوانە مەلا نجم یش بوون بەقیادەی موەقەتە بۆئەوکاتە عمری قالە گوڵباخ و (10)کەسێکی تر لکۆلیتان بوون، بەڵام ئەوان هاوڕێ و برادەرمان بوون، هەوالی منیان زانی بوو کەهاتووینەتەوە، هاتن بۆلامان بۆبەخێر هاتنەوە هەواڵیشمانبزانن دوای قسەکانیئەوان من لەسەر قیاد موەقەتەو سەفەرەکەمان و هەست کردنی ئەوان بەراستییەکان و بۆنی قسەکانیش بەرەو شەڕ دەڕۆیشت مەلا نجم دوای چەند رۆژێك تەسلیمی رژێم ببووەوە دەستیکردەوە بەمقاوەلاتی خۆی، بەڵام دۆستیئێمەبوو، عومەری قالە گوڵباخ لە 1978/3/27 بۆکانی سێف بەڕێ کەوتین بارەگای ئێمەو کاك روفو کاك حەمەشیرە مەڕی و برادەرانی ئێمە لەوێ بوون کاك نادر هەورامی و کاك مەلا عومەرو ئەوانیش هەر لەوسنوورە بوون لەپشتی کانی سف لای کانی شەخەڵە لەچیاکەدا بارەگایەکیان دروست کردبوو بۆ تەنگ پێ هەڵچنینی ئێمە، ئێمەش زۆر بووین لەوێ جەولەمان دەکرد ئەوان هەر لەبارەگاکەیاندا زۆر.

نەدەجولانەوە لەسەر ملەکە چیایەکی بەرزە لەنێوان کانی سێف و کۆلێتار و تازە دێ و سیامێوە و خەرنوك و نەوێ و کەچەڵی پێشمەرگەیەك بۆ خۆشی سەلەیەك تەقەی کرد ، لەخوارەوەش برادەرانی خۆمان زانییان لەهەموو لایەکەوە بوو بەتەقە و بەهەورازەکەدا شۆڕ بووینەوە بۆ ناوگوندەکە .. بارەگای ئێمە لەناو گوندەکەدا بوو چوینە خوارەوە برادەرانی خۆمان و خەڵکی گوندەکەش هاتن بەدەممانەوە ئەوە نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ قیادە موەقەتە و تەوژمێك بوو بۆ یەکێتی لەناوچەکەدا ، ئێمەش لەناو هێزەکەمان ( ئار بی جی ) و چەکمان دابەش کرد و یەکەم ئار بی جی لە ڕەبایەی پردی ( زەڵم ) ی پێ درا ، دوای یەکەم تەقەی شۆڕشی نوێ لەکوردستان لەتەپە زێڕینە و هێنانی ڕەبایە بۆ پردی زەڵم هەمیشە مەفرەزەی بۆ دەهات بەو ئار بی جی‌یەی کە هێنابومان سەنگەری دوژمنی پێ لەق کرا ، هەر بۆیە حکومەت ڕەبایەی بردە سەر گردی (گۆ) . لە 25 / 1 / 1987 ئەو ڕەبایەیە لەوێ مایەوە لەلایەن پێشمەرگەوە دەستی بەسەردا گیرا ، دوای ئەوەش دانرایەوە تاڕۆژی 7 / 3 / 1991 ئێستاش هەر ڕەبایەیەو لایەنێکی کوردی تیادایە لەو ماوەیەشدا چەندین چالاکی و سەردانی چەندین ناوچەمان کرد جگە لەسازدانی کۆڕو کۆبونەوەی گوندەکان ، خێزان و منالەکانم کە لە 11/30/ 1976 تا 30 / 1/ 1978 دەست بەسەر بوون بۆ ماوەی (15) مانگ لەشاری ناسریەی خواری عێراق ، دواتر ئازادکران ، بەڵام من هەر نەمدیبون بڕیاریش بوو بیان بینم .. ڕۆژی 24 / 3 / 1978 خێزانەکەم و هەردو کچەکەم ، (عەتیە) کەشەش ساڵان بوو ، ( کوێستان ) (2) ساڵان بوو سوپای ڕژێم سەرجادەی گرتبوو ، هەر بەو بۆنەیەوە مەجالم نەبوو بیان بینم ، ئەوانیش بڕیار بوو بێن بۆ میری سوور ، بەڵام نەیانتوانیبوو .. نامەیەکم بۆ هات بەپەلە بگەمە شلێر و کۆبوونەوە هەیە و سەفەری تورکیا و هێنانی چەك هەیە .. ئێمە لەشارباژێڕ چوینە لایان بەڵام لە ڕۆژی 1978/1/19 لەسیامێوە بووین کاك ڕەوف بەگ و کاك ئەنوەری مەجید سوڵتان و کاك ڕەوفی خەلیفە سەعید و کاك شەوکەتی حاجی مشیر ئێوارە کاتێك بوو کاك عبدالخالق هەورامی بەکوێخا قادری کۆلێتان دا لە سەید سادقەوە نامەیەکی بۆ ناردوم بەدەمیش پێی وتبوو : کە بەیانی هێرشتان دەکرێتە سەر .. کاك

عبدالخالق ئەوکاتە مراقیب بوو ، لەئەشغال و ڕێگە و بان .. نووسیبوی تەنکەری بەنزینی هەلیکۆپتەرەکان ئەم ئێوارەیە گەیشتنە سەید صادق بە نهێنی و بردیانە سەربازگەکەوە هێرشتان بۆ دەکرێ .. بەڵام ئێوە وریا بن ، منیش دوای نان خواردن ئاگادارم کردن کە هێرشمان بۆ دەکرێ زۆریان باوەڕیان نەدەکرد ، کاك ئەنوەر ووتی : ئەمە بڵێت هێرش دەکرێت ڕاستە چونکە من هەمیشە دەمووت هیچ نییە ، بەئیهمالیەوە گوێم پێ نەدەدا . ئێوارە بەڕێ کەوتین بۆ خرنوك نێوان چەوتان و خرنوك کە نیو سەعاتە ، بەنیو سەعاتیش بۆ خرنوك و بۆ کوێستانی سەروو نیو سەعات .. هەر هەموی سەعات و نیوێك ڕێگا بوو بەڵام ئەو شەوە ئەوەندە تاریك بوو خەڵك نیشتبووە سەر زەوی چەند جارێك وام زانی چاوم نابینێ یان دەستم نەدەبینی و ئاوڕم دایە دواوە بزانم ئەوەی دوای منیش ، دەرکەوت ئەویش منی نەدەبینی ، ئەو کات لەڕێگادا زانیم هەمویان وەکو منیان لێ هاتووە دەستم دەبرد بۆ چاوی خۆم دەستم نەدەبینی تا دەمەو بەیانی وابوو ، بەڕاستی شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو ئەو ڕێگا کورتەمان بڕی و سەرچیاکان بەرەو ئاسۆی ڕۆشن دەڕۆیشتن . هەندێکمان دابەش بووین و هەندێکمان مابوون ، هەوڵمدا بەرەو سەرەوە کەس نەڕۆیشت منیش برادەرەکانی خۆم بردە مزگەوتێ لەسەروی گوندەکەوە بۆ ئەوەی ئەگەر شتێك ڕوویدا بۆ زیاتر بە تۆکمە کردنی جێگاکەمان بەهێزکرد ، لەو کاتانەشدا خەریکی ڕاکشان بوین لە کۆڵێتانی سەروو لەماڵی کاك ئەحمەد بووین ئاگر لەسەر چیا بەرزەکەی نێوان کۆڵێتان و تەڕاتوەن کرایەوە ، ئەوەش گومانی تێدا نەما کەجەیش ناوچەکەی داگیر کردووە ئیتر پێویستی نەدەکرد بانگی کەس بکەم ، هەموو بەپەلە ملیان نا بەرەو دۆڵەکەی سەرووی کۆڵێتان ڕۆیشتن ڕووە و کەچەڵی، ئەم بەرو ئەو بەری چیای کەچەڵی و قوتەی قایەکە جێگایەکی بەرزە هەرچی هاوارم کرد کەهێزەکە دامەزرێت و شەڕ بکەین لەجێگا سەخت و قایمەکان هەموو هەڵکشان بۆ سەر کەچەڵی و سەرووی کانی سێف، ئێمەش لەشان و بەردەکەی پشتی ماڵەکانی گوندەکە دامەزراین ، تا ئەوەمان کرد ڕۆژ تەواو ڕوناك بوو ، ئەسپەکەمان لەناو دارەکان بەستەوە .. ئەوەی لەگەڵ من مایەوە نزیکەی (35) کەس بوون لەوانەی لای خۆم کاك ڕەوف و شەهید عوسمان کاکە ڕەش بەدرێژایی جێگاکە پێشمەرگەیان دامەزراند و من لەسەر بەرزاییەك بووم (10) پێشمەرگەم نارد بۆ دوو بەرزایی ، یەکێکیان پشتی کۆڵێتان نێوان کولێتان و خەرنوك یاپشتی زەنگی سەر ، بەسەر چەوتاندا دایڕوانی و ئەوی کەش بۆ خوارووی کەچەڵی ، عەلی خدر و حەمە شیرەمەڕی بوون سێ تا چوار مەتریان مابوو بگەنە سەر لووتکەکە ، ئەو جێگایە وەکو ڕەبایە زاڵە و دۆڵەکەش هەمووی ڕووت بوو ، من سەیرم دەکردن دوژمن زوو دەگات یا ئەوان کاتێك یەك سەرباز بەخودەوە ئاربیجیەکی بە دەستەوە بوو هاتە سەروو ئەمانیش 3-4 مەتر لەژێردەمی ئەودا بەرەوە بوون هیچیان یەکیان نەدەدی من و شەهید عوسمان خۆمان ئامادەکرد ئەگەر سەربازەکە پێی زانی زوو سەلەیە تەقەی لێ بکەین .. پێشمەرگە و سەرباز تێك هەڵبژان بەڵام سەرباز هەر گەیشت 3-4 بەردی دانا و چووە ناوی و ڕووی چەکەکەی بەرەو لای ئێمە دانا .. بەیەکیان زانی ئەو تەقەی کردوو ترسان یەکسەر لەوێوە بەدواوە ئەویش بەئاسانی کشایەوە بۆ 250 مەتر ئێمەش تەقەمان لەو کرد و بێدەنگمان کرد .. سێ سەربازی کەش گەیشتن و بوو بە تەقە گەیشتە جێگای نادیار و بەرەو هێزەکەی پشتی ئێمە .. نەیتوانی بەرەو ئێمە بێن تادوایی شەڕ گەرم بوو لەسەعات (5)ی سەر لەبەیانی ، تاسەعات (3 )ی ئێوارە درێژەی کێشا و هەلیکۆپتەرەکان زۆریان ئازار داین . ئێمە نەمان هێشت هێزی پیادە سەرکەوێت و هەرچی داوایان لەهەلیکۆپتەرەکان دەکرد کە لە ئێمە بدات ئەوان چاویان لەهێزە زۆرەکەبوو لەسەر بەفری چیای کەچەڵی دیار بوو .. بۆیەکەم جار ئاربیجی ژمارە حەوتمان دژی هەلیکۆپتەر بەکارهێنا لەسەرووەوە مەحمود مارف خەڵکی ئەحمەد بڕنەوبوو دوو ئار بیجی لێدابوون هەلیکۆپتەرێکی پێکراو بەپەلەکشانەوە دواوە بەرەو

سەربازگەی سەید صادق لەوێ نیشتنەوە ، مەحمود مارف دوای ئەوە لەشەڕێکدا ڕانێکی شکا و قاچێکی بڕایەوە ، هەر ئەو ڕۆژەش فرۆکەکان لەکانی سێفیان دا لەبارەگای کاك نادر هەورامی و دوای چەند ڕۆژێك هەواڵمان پێ گەیشت کە چاککراونەتەوە کاك مەلا عومەری بانی بنۆك کە ئەوکاتە قیادە موەقەتە بوو ، بارەگای ئەوو کاك نادر هەورامی لەسەر شاخەکەی پشتی کانی سێف بوون ، دوو پێشمەرگەیان شەهید بوو لەئێمەش ئەحمەد مەحمود شەهید بوو کەلەگەڵ کاك شەوکەت بوو ، بزوتنەوە دوو پێشمەرگەی لێ بریندار بوو لەمەفرەزەی کاك ئەنوەری مەجید سوڵتان و کاك ڕەوف بەگ ، یەکێکیان ناوی حەمەڕەشی و ئەوی تریان ناوی لەتیف بوو هەموو لەشیان بریندار ببو ، بەهەموو ئەو لێپرسراوو خەڵکەوە نەیانتوانی جێگایەکی بۆ دابین بکەن و بەبێ تەداوی دوایی ڕۆیشتین و بردمانن بۆ ماڵی عبدالله حاجی کریم ڕیشێنی بۆ (8) ڕۆژ دوایی بۆ میری سوور ناردمانە ماڵی کاك حاجی سەعید عامورە کە پیاوێکی باش و خزمەت گوزار و ناسیاوی ناوچەکە بوو لەوێش خۆیان تەداویان دەکرد و دوای 45 ڕۆژ چاك بوونەوە و نارمان هێنایانەوە ئەو کوڕانەش خەڵکی وێڵەدەرە و ئەو ناوە بوون ، نازانم ئێستا ماون یان نەو .. دوای ئەوەش هەواڵمان بۆهات کاك خالید سەردانی لای کانی سێف یان کردوەو قیادە مۆقەتەش لەو ناوە نەمابوو .. سوپا هاتبوو بارەگاکانی کانی سێف زووتر راگوێزرابوو ، چونکە ئەوێ مەڵبەندی پێشمەرگە بوو هەر لە 1976/9/22 وە .. قایمقامی پێنجوێن خەڵکی ناوچەکەی کۆکردبۆوە و باسی ئەوەی بۆ کردبوون کەکەس نابێ پێشمەرگە ببینێ و بیان باتەوە ، ئەمەش هەرگیز نابێ شتیوا ڕوویدات وەهەروەها ووتبووی بڵاو کردنەوەی پێشمەرگە ئەسڵی نییە و باوەڕ بەقسەیان مەکەن و ئەگەر هات و هاتن بۆ ئێرە هەواڵمان بدەنێ لەدوای نیو سەعات گەڕانەوە ، لە گەڵ کاك رەوف و(30) پێشمەرگە کەمینمان بۆ دانان بەڵام شارەزا نەبوون هەر بۆیە وایان بەسەر هات لەگەڵ ئەوەی دووسەعات نەمانهێشت لەناو قوڕو شەڕدا ئابڵوقە درابوون تائێوارە بەو شێوەیە و سوپا بەهانایانەوە هات لەقایە و کانی مانگا فریایان کەوتن و دەرباز بوون هەندێ نارنجۆکیان گرتە یەك لەگەڵ کاك ڕەوف دا ،لەگەڵ بریندارەکانی شەڕی کەچەڵی لە سیامێوە کە لەوکاتەدا هێزێکی قیادە موەقەتەش هەرچەندە شەڕمان نەبوو بەڵام لەلایەن قیادە موەقەتەوە کانی سێفی کۆن و کۆڵیتەکانی سەید عەتاوە تەقەکرابوو کاك ئەنوەری مەجید سوڵتان قسەی زۆری پێ ووتبوون بەکاك نادرو ئەوان کەوا دوژمن لەهەردوو لای داوە و ئەوان لەئێمە دەدەن ، خۆ دوژمن بۆ ئێمە هاتبوو ، قیادەی موەقەتەش تووش بوو . منیش سەرم دا لە شارەزوور و بناری سوورێن و میری سوور و ئەشکەوتی هەزار ئەستونمان بەسەر کردەوە ، هەزار ئەستوون لەناوەوە (19) ژووره جێگای تۆکمەیەو بارەگای ئێمە بوو .. ماوەیەکیش حیزبی شیوعی تێدا بوو ، کاتێك کاك نەوشیروان گیرا بوو ئەو شەوە لەو ئەشکەوتە کاك کاوەی شێخ لەتیف و بەهاوکاری حیزبی شیوعی کەبردیانە لای خۆیان بەمەبەستی دەعوەت کردن و لەوێوە بەرەڵایان کردبوو .. هەروەها سەری باوەکە کەکاتێك لەمەریوان بووین کەئەو شەوەی ماوتسی تۆنگ مرد ئێوارەکەی من جیا بوومەوە لێیان ئەوان هەر نەیان دەهێشت لەیەك دابڕاین و نان وشت پەیدا بکەین ، من دڵنیا بووم لە خەڵکی ناوچەکە هاوکاریمان دەکەن نەك ئیخباریمان بکەن ، زیاتر لەیەك سەعات ڕێگام بەجێ هێشت نزیکەی 3-4 سەعات نەگەڕامەوە چوومە سەرکانی و ئاوی چنارە خەڵکی ئەو ناوچەیەش پێیان خۆش بوو کە پێشمەرگە هەیە ، کاك فایەق هاتە لام و دوای دانیشتنێك ووتی : بابڕۆینە ماڵەوە باهەندێك نانت بۆ بهێنم ، هەر خۆی ڕۆیشت بۆی هێنام ، نانێکی باش و زۆرم خوارد، نازانم من ماوەیەك بوو هەر نانی ڕەقمان دەخوارد لەبەرچاوی من نانەکەی جوان بوو ، لەگەڵ سێ تەماتەدا ، تەماتەکان زۆر گەورە بوون ، هێنام و گەڕامەوە بەرەو هەزار ئەستون و میریاوەکە ، وادیار بوو کاك ڕەوف و مام والی حاجی عارف چاودێری منیان دەکرد نەوەك

تووشی شتێك بێم ، لەڕۆژی 1977/9/9 بوو ماوتسی تۆنگ مردبوو درەنگی کردبوو کە گەڕامەوە بەتوندی موحاسەبەیان کردم وتیان : دەبێ لیژنەیەك بگیرێت بۆ موحاسەبەکردنت ، کاك حامید و بورهان و د.ڕەزاش بەرپرسی لیژنەکە و لێکۆڵینەوەکە بوون لەمن ، هەر ئەوکاتەش لەڕادیۆ وڕاگەیاندنەکان هەواڵی مردنی ماوتسی تۆنگ بڵاو کرایەوە ، ئەو کات هەموو چەپەکان ووتەکانی ماویان دەخوێندەوە ، خۆم چەند جار دەمخوێندەوە ، کاك شێخ عەلی خۆی عاجز کردبوو بەهۆی مردنی ماو ، دەیوت زیان لەکورد کەوتوە ، ئەوەش لەوە وە هاتووە کە بناغەی کۆمەڵە لەسەر بنچینەی ماوی بووە ، بەهۆی کاریگەری مام جەلال و کۆمەڵێك لەئێرانیەکان لەکۆتایی شەستەکاندا و کۆمەڵەش حزبی شیوعی بەلادەر دەزانێ و لەزۆر کۆبونەوەکانیشدا مام جەلال دەیوت : ( کۆمەڵەی مارکسی و لینینی ) و بیروباوەڕەکانی ماوی لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکاندا بڵاو دەکردەوە . دکتۆر ڕەزا و کاك عەلی شیعە و کاك ڕەوف کۆمەڵە بوون و کاك محەمەدی حاجی سابیر لەشارەزوور بوون ، ئەو شەوەش تازە گەڕابوونەوە حەمەی مام دێوانەشیهاتبووبۆ پێشمەرگایتی بەتانیەکی لول کردبوو بە بەدارێکەوە و کردبووی بە شانیا و ئەمەی پێخۆشبوو کەئەوەش بوو کاك محەمەدی حاجی سابیر رووی کردە ئێمە ووتی : ئەمڕۆ کاك جەلال بۆ پێشمەرگایەتی هاتووە ، داینیشاند ، برادەرانیش عاجز بوون یەك پاکەتی جگەرەمان هەبوو ، کاك شێخ عەلی ووتی من خەفەتم هەیە و جگەرە دادەگیرسێنم بەبەردەوامی وتمان : هەموان وەکو تۆ عاجزین ، کاك شێخ عەلی مژی لەجگەرەکەی دەدا و تانیوەی جگەرەکە وازی لێ نەدەهێنا ، گوایە ئەو بەرپرسە و خەفەتی زیاترە دەبێ جگەرە زیاتر بکێشێ ، یان مژەکەی ئەو قوڵتر بێ ، د.ڕەزا وتی .. شێخ ئێمە کۆمەڵەین و خەفەت بۆ ماو دەخۆین و باجگەرەکەش بەر ئێمەش بکەوێ ، کاك حامیدی حاجی خالید بۆ ئەوەی زیاتر کۆمەڵە باوەڕی پێ بکات ، چونکە واباس دەکرا کە کاك حامید دەرەبەگە و کوێخایە دەیەوێت بەم ڕوداوە خۆی نزیك بکاتەوە و ویستوویەتی زیاتر لەناو کۆمەڵەدا خۆی خۆشەویست بکات دەیدایە قوڵپی گریان زیاتر بەم کردارەی سەرنجی برادەرەکانی ڕاکێشا .. ئەو کاتە دنیا تاریك بوو چاومان لەیەك نەبوو لەبن چیایەك داین لەناو دوو تاسێ بەردی گەورەدا دانیشتبووین کاك حامید بەکوڵ دەگریا و ئەوانیش ئەوەندەی کە خۆیان عاجز و تەعزییە بار کردبوو ، لەم هەرەیەدا من دەستم کرد بەنا خواردن ، وام لەخەیاڵدا بوو کە من هەر موحاسەبە دەکرێم ئیتر بۆ نانەکەم نەخۆم ، من و کاك حامید بەردێ لەنێوانمانا بوو ، دەستی ڕاکێشام هەستم کرد کاك حامید بوو ، سەیرم کرد بەدەم گریانەوە داوای نان و تەماتەی دەکرد ، ئەو دەیزانی من نان دەخۆم ، تەماتەش لەوشاخە گرنگ بوو تەماتەیەك و دوو سێ نانم خستە دەستیەوە و دوای سەعاتێك بەمنیان ووت : دکتۆر ڕەزا و کاك بورهان و کاك حامید هەڵیان ساندم و چوار پێنج مەترێك دووریان خستمەوە بەبێ چەك وتیان دانیشە ، دکتۆرڕەزا ووتی : جارێ نان و تەماتەکە بخەرە ئێرە زۆری حەز لەتەماتە دەکرد ، منیش وتم : ئەوە نانە بەڵام تەماتە نەماوە هەریەك تەماتە بوو ئەویش کاك حامید خواردی ، جارێکی تر تەئکیدی کردەوە دیسانەوەش پێم ووت : بەڵێ کاك حامید خواردی لەبرسا زۆر ناڕەحەت بوو ، بەکاك حامیدم ووت : تەماتە و نانەکەم داوە بەتۆ ، دکتۆر ڕەزا پێی ووت : هەی کولاك واش هاتووی کە موحاسەبە بکرێی ئەی کۆلاکی ببی بەکوڕی مارکسیش باوەڕت پێناکەم ، هەروەها وتی : حەقە تۆ موحاسەبە بکرێی نەك عەزیز ئیتر بەمە کاك حامید تووشی کێشەیەك بوو منیان لەبیر کرد ڕۆژی دوایی چوینە مەنجەر خۆمان شاردەوە تائێوارە لەماڵی مام والی عوسمان بووین ئێوارەکەی کاك محەمەدی حاجی سابیر بردینی بۆ ئەشکەوتی لای خوارووی گردی ( بەوش ) ، ئەویش لەنێوان ( دەردەگولان ) و ( قاینەجە ) دایە لەسەر ڕێگا بوو ڕۆژەکەی بڕیار بو مامە ڕەشەی کاکە وەیسی بێتە لامان ناوی نهێنیەکەمان ( فەیزە) بوو چاوەڕێمان کرد بەڵام نەهات یان شوێنەکەی نەزانیبوو یان ڕێگەکە

شارەزانەبوو ، بەڵام ئێمە چوینە کانی ئاسکان و لەوێ دوو سێ کەسمان گرت کە هاوکاری دەوڵتیان دەکرد و هەواڵیان بۆ دەناردن تا بە فرۆکە بێنە سەرمان ( کەریمی حەمە بەیخان و حەمەی عبدالصمد ) پاش ئامۆژگاریمان بۆیان بەرمان دان و کۆبونەوەیەکیشمان بەکانی ئاسکان کرد ، ڕۆژی دوایی 25/ 1978/3 لەسیامێوەوە بۆ خڕنوك و چەوتان و کۆڵیتانی سەروو هەواڵمان بۆ هات کە ناوچەکەمان قیادە موەقەتەی تیایە ، کاك عومەری قالە گوڵباخ مان تووش بوو پێی ووتین کە قیادە موەقەتە دێنە ئەو ناوە ئێمەش خۆمان نەگرتوو دوای هاتنەوە هەر ئەو ڕۆژەش چووین ، نزیکەی (40) کەسی لێ بوو ، من چووم بۆ ماڵی کوێخا قادر (10) کەسیان لەوێ بوون هەر کە من گەیشتم حەرەسەکان منیان دەناسی و تەقەیان نەکردوو تفەنگەکانیان لێ وەرگرتن و حەرەس نەما و چوینە ژوورەوە و تامن چووم کاك ڕەوف کۆمەڵێك پێشمەرگە و کاك حامید چەکیانی کردبوو ، حوسەینی خەلیفەشیبان تیادا بوو کەس نەکوژرا هەندێ لەوانە گیرابوون ببونە پێشمەرگە و یەکێك لەوانیش ساڵحی مامە قالە بوو زۆری تریان بەڵام ڕێبوار قارەمانی دابووی لەحسێن عەلی پێشمەرگەی لای کاك حامید بوو من زۆرم پێ ناخۆش بوو لەسەر ئەوە موحاسەبەمان کرد گیراوەکان و خۆمان بەرەو لای دۆڵە چەوت و چنارەی لای شەخسەکەی نارین و سیپار و چەمەرگە و بۆ سیاگوێز و ئەو ناوە لەوێش کاك خالید بەگەیشتنمان کۆبونەوەی پێکردین قسەی زۆری بەقیادە موەقەتە کردوو دەربارەی وەزعی سیاسی کورد دوا بۆمان ، کاك خالید بێ ئاگا بوو لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەی نێوان بزوتنەوە و لیژنەی تەحزیری دا کەکاك قادر جەباری هێنای بیخوێنێتەوە دوای قسەکانی کاك خالیدیش ووتی :

نابێ بیخوێنیتەوە ، ئەویش دەیوت دەیخوێنمەوە و دیموکراتیە ، ئیتر کاك خالید بانگی حەمە سووری کرد کە ئەو بەیانەی لێ وەرگرێت تا نەیخوێنێتەوە وە تا حەمە سوور ( صدیق کوێخا گە ) هات کاك خالید خۆی بەیانەکەی لەدەستی کاك قادر جەباری وەرگرت، کاك قادر پەڵمە گریان بوو هاواری ئەکرد ئەی خەڵکینە ئەی هاوار ئەمە کەی دیموکراتیە ڕێگا نادەن بەیان بخوێنمەوە .. کاك خالید پێی ناخۆش بوو کەئەو لەوێ نەبوو ئەو بەیانە لەبەینی بزوتنەوەی لیژنەی تەحزییە دەرچوو بوو .. هەر ئەو کاتە کاك دکتۆر مەحمود و کاك ڕەسوڵ هەوڵی ئەوەیان ئەدا پێکەوە یەك هەڵوێستیان هەبێ لەسەر دروست بوونی یەك حیزب ئەو کاتە کاك خالید دژی ئەوەبوو دکتۆر مەحمود و لیژنەی تەحزیری بێنە ناو سۆسیالیستەوە هەر بۆیە بۆ بەیانە هاوبەشەکەش پێی ناخۆش بوو وە نەیهێڵا ئەو بەیانەی نەتیجەی هەبێ کاتێك کە کاك خالید لەهەکاری تیاچوو ئەو هەوڵە سەری گرت .. لەوێدا هەندێك لەوانەی دانیشتبوون پێیان ناخۆش بوو برادەران کاك جەلالی حاجی حسێن و هەندێکی کە لەوێ بوون .. کاك قادر باڵێکی بەدەستی کاك خالیدەوە بوو هاواری دەکرد بەو شێوەیە دوریان دەخستەوە ..

ئێمەش (300) پێشمەرگە دەبووین لەوێدا کۆبووینەوە لەشاربازێڕ لەگوندی سیاگوێز دوای با سەرێك لە شاربازێڕ بدەین ،لە 1978/4/5 چوینە بناری سورکێو قوسیامەینە و چەمەك و شەخەڵ مارین و دەشتی خەرمان لەوێ چوینە ماڵی پیاوێك بەناوی مام تالیب لەشۆڕشی ئەیلول دا سەرپەل بوو لای کاك تاهیر ، بەو شێوەیە کاك مولازم تاهیر و کاك ڕەوف و کاك ئەنوەری مەجید سوڵتان و کاك ئەنوەری سەعید بەگ و کاك بەختیاری سەعید بەگ ( ئامۆزاری کاك تاهیری عەلی والی ) بوون ئەم هێزە زۆری پەڕینەوە لە چەمی گۆوە سوور لەنێوان پاڕەزان وسوێرە ومکڵ لە ئەو ناوە بوو ، هێندەی نەبرد لەگەڵ پەڕینەوەدا شڵپەی ئاوەکەدا ڕامی چەکاند و سەرسام بووم ، ئاوڕم دایەوە دواوە پردەکە نەماوە تومەز پردەکە دار بووە و هەڵگەڕاوەتەوە .. پێشمەرگەیەکیش لەو بەرەوە بانگی منی کرد و ووتی ، نەگەڕێیتە دواوە نەیەیت پردەکە ڕوخا .. منیش پێم ووت : ئەی کاك بەختیار لەکوێیە پێی ووتم : نازانم ، بەم شێوەیە شڵژاین و زۆر بانگمان کرد ، وتمان دیارە کەوتۆتە خوارەوە ، تابەیانی

ڕۆژ بووەوە گەڕاین پێشمەرگەیەکیش چووە ئاوەکەوە ، تاڕۆژ بۆوە مەلەوان هات و لەژێر کاچەکەدا واتە چوبووە بن کاچەوە و زۆر سەخت بووە ناو ئاوەکە هەمووی تاشەبەرد بوو لەیمەنێکی دژواری ڕێگەی هات و نەهاتی پێشمەرگایەتیدا ئەو ڕۆژە گەلێك ناخۆش بوو بەتایبەتی کەکاك بەختیار کوڕێکی باش و بیّ دەنگ و ڕۆشنبیری بنەماڵەکەی بوو ، مفەوەزی پۆلیس بوو هەر ئەو ڕۆژەش تەرمە پیرۆزەکەیمان بردەوە و لەدەرەمیان ناشتمان و تائێوارە گەڕاینەوە لای حاجی مامەند وئەو ناوە، ئەم بنەماڵە شوڕشگێڕە بەهۆی شۆڕشەوە کەسێکی وایان نەما و قوربانیەکانیان هەمیشە جێگای شانازییە بۆ نەوەکانی داهاتوو کەشەهیدەکانیان ئەمانەن (شەهید ملازم تاهیر و شەهید ڕەوف بەگ لەهەکاری شەهید بوو ، شەهید ملازم عوسمان لەقەندیل لەبەفرا خنکا ، شەهید مامۆستا کامەرانی سەعید والی هەر لەبەفرا خنکا لە 2 / 12 / 1982 لەگەڵ شەهید ملازم تاهیردا ، شەهید أنور سەعید والی لەگوندی داری قەلانی شارەزوور بەدەستی جاشەکانی زەڕایەن شەهید بوو ، شەهید بایر أحمد والی لەگوندی بەردەڕەشی ناوچەی شەمزینان لەتورکیا قیادەی موەقەتە شەهیدی کرد لەساڵی 1977 ، شەهید ڕەوف بەگ لەکارەساتی هەکاری شەهید بوو ساڵی 1978 ، شەهید تاریق و شەماڵ لەنێوان گوندی بێسەلمێن و توەقوت لەشارەزور بەدەستی یەکێتی شەهید بوون ، شەهید ڕۆستەم مستەفا بەگ لەگوندی تەپە سەرقوڵی شارەزوور بەدەستی جاشەکانی هەڵەبجە شەهید بوو) ئەمانە هەموویان سۆسیالیست بوون لەناو پارتیشدا کۆمەڵێك کەس و کاریان شەهید بوون لەوانە قادر حەمە صاڵح و عزیز حەمەصالح هەر لەو بنەماڵەیە ، دوای جەولە و چەند ڕۆژێك هەموو بەرەو سیاگوێز و چەم پاراو لەسەر سورکێوی پشتی شیوەکەڵ و بارێ ی گەورە و بارێ ی بچوك و موسەك و دووچۆمان و غەفار و شانەخسێ و مەروێ و گرگاشە و لەڕێگاش تەقەی زۆرمان لەڕەبایەکانی گومە و سوورەبانی لای دوو چۆمان کردوو تەقەشمان زۆر لێکرا ، چووینە دەشتێ و سەر ئاوەکە و حەبلیان دانا بوو سمێك و یەکەیەکەش لەئاوەکە و لەبەرزاییەکەی بەری دەشتیەوە لەگرگاشەوە بۆ بەری ئەشکان و هەرزن دەیان بەست و بەردەبوینەوە بەدوو تاسێ سانیە ئەتدا بەوبەردا و لەهەر جێگایەکی بدایە پڕبەپڕ دەیبڕیەوە ئەویش هەروەکو کاری پێشمەرگایەتیە کە خەتەر بوو بەری ملی حسێن فەیلی کەوت و بریندارى کرد .. حسێن فەیلی ئەو کاتە ئەندامی سەرکردایەتی قیادەی موەقەتەبوو وەلای ئێمە دیل بوو خەڵکەش هەموو پەڕینەوە بەدکتۆر خالید و شێخ حسێنیشەوە .. تەنها شێخ عەلی سەمینۆفی هەبوو حاجی مامەندی ئەویش ووتی : بمکوژن ناوێرم بپەڕمەوە ، بۆیە قسەی زۆریان پیّ ووت و ووتی : دەمرم لەوێوە بپەڕمەوە ، شەهید حەمەمین خەلیفە قادر و تاهیری حاجی عەزیز قسەیان پیّ ووت .. شێخ عەلی سەمینۆف بەمنی ووت ئەگەر تۆ بپەڕیتەوە و نەبڕێ ئەوە منیش دەپەڕمەوە .. منیش پەڕیمەوە بەڵام ئەو ووتی ناوێرم بپەڕمەوە ئەگەر بپەڕمەوە لەسەر سیمەکە دڵم ئەوەستێ .. ووتی هەموو شتێکم قبوڵە هەرچیم پیّئەڵێن بڵێن بەڵام غیرەتی ئەوەم نیّیە بپەڕمەوە .. شەهید تاهیری حاجی عەزیز و شەهید حەمە أمین خەلیفە قادر کۆمەڵێ قسەیان پیّ ووت .. ووتی هەمویم قبوڵە بەس ناپەڕمەوە .. ویستیان چەکەکەی لیّ بسەننەوەو دەری بکەن هاواری کرد بۆ من ووتی ئەگەرچەکەکەشم لیّ بسەننەوە ئەمرم و خۆم ئەکەمە ناو ئاوەکەوە منیش بانگم کرد وتم وازی لیّ بهێنن و بابگەڕێتەوە تائێمە گەڕاینەوە ئەو تەسلیمی حکومەت ببوەوە، جارێکی تر بەهەمان شێوە ئەو وەزعە روی دا لەچەمی سیروان دەپەڕینەوە بۆ بەری ژاڵە و گوندەکانی بەری ئێران لای سیروان بەرامبەری نەیجەڵەو قوڵی متکان یا لای هەزار پەست و لمە و پێگە و سازان بەپشتوێن منیان بەستەوە لەبەر ئەوە ئاوەکە لەوناوە بەری تەسکە بەڵام زۆر قووڵ و سەریعە ، لەم بەر و ئەو بەرەوە تاپەڕینەوە لە سیروان ، لەو ڕاستە (15) مەتر پانە بڵام قوڵی بۆ ئاوەکە (25) مەتر بەرزە من و یەك دوو کەس پەڕینەوە بەپشتێنەکان لەوبەریشەوە کابرایەك هاتبوو بۆ

دارگوریسێکی پێ بوو گوریسەکەمان لەکابرا سەندوو هەمومان پەڕینەوە ئاوی سیروان لەو شوێنە سنوری ئێران عێراق ئەکاتەوە ، لەوێش پەڕینەوە بەهۆی حەبیب و فەتاح ئەو پێشمەرگانەی لایان بووین ، عەلی خدرمان لەگەڵ بوو ئەویش ترسا و ووتی : ناتوانم بپەڕمەوە زۆرمان بۆ هێنا و ووتی من دەڵێم : دەگەڕێمەوە بۆ دوواوە ، یان ئێوە چاوم ببەستن و بم پەڕێننەوە .. ئیتر چاویان بەست ئەوەش وەکو ئەوە وابابوو خۆی بخەڵتێنێ کە ( زۆر جار بۆ وڵاخ بەکار دەهێنرێ ) بەو شێوەیە پەڕیەوە لەئاوەکە و ئاوڕی نەدایەوە دواوە ووتی با لانەکەمەوە کەمن لەو ئاوە پەڕیومەتەوە دوای سوێم ئەبێتەوە . ئیتر ئێمە دابەش بووین لەسەر گوندەکانی ئەو ناوچەیە و پشوویەکمان دا بۆ ڕۆژی دوایی چوینە ئەسپە نێزە و قەلە ڕەشە و لەوێ بەپاس و مینیبۆس چووین بۆ بیوران سەروو لەنێوان قاسمە ڕەش و سەردەشتە .. کەچوینە پایگای قەلە ڕەشە ئەوەم وەبیر هاتەوە کە ساڵی 1977 ئەو پایگایە ڕێگەی نەدابن بچینە ئێرانەوە بەڵام ئەو کات موزاهەرە لەئێران دەستی پێ کردو نەیانوێرا قسەمان لەگەڵ بکەن .. لەوێش چووینە بنە خەڵەف تاریکی کردبوو ، دوو کەس بەلۆکسێکی نەوتیەوە لەناو ئاوایی دەگەڕان هاتنە لای من و عەلی خدریش وەستابوو لەگەڵمان ووتیان وڵاغدارێکتان نەدیوە ، ئەو کاتەش وڵاغدار زۆر بوو ، عەلی خدریش ووتی بالێرەوە ڕۆیشت پێی وتەوە چی لێ هات ژنێکی لەپشتەوە نەبوو .. عەلی خدریش ووتی چی بووە . یەك لەدوو کەسەکە ووتی ژنەکەمیان ڕەدوو کردووە ، عەلی خدر ووتی ڕەدوو چیە ؟ کابراش ووتی : هەڵیانگرتووە . عەلی خدر درێژەی بە قسەکەی خۆی داو ووتی : خۆ بۆ قەل ناگەڕێیت بە لۆکسەوە بڕۆ ڕێگەی لێ بگرە ، کابراش بەساردیەوە وەڵامی عەلی خدری دایەوە و ووتی : تازە بەیانی دەچم ئا لەو کاتانەش دا بوو هەواڵ هاتبوو شەڕ لە دەشتیوی لای قەڵادزە لەنێوان دارەشمانە و نورالدین دا بووە و نزیکەی (19) پێشمەرگە شەهید کراوە یەکێك لە شەهیدەکان شەهید سەعدی گچکە بوو ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش بوو فەرماندەی هەرێمی (8) ی دەشتی هەولێریش بوو .. زیانێکی زۆریش لەدوژمن کەوتووە و 3 هەلیکۆپتەر کوتۆتە خوارەوە و سەعدی گچکە فەرماندەی هێزەکە بووە و شەهید ببو، بەشەهید بوونی ئەو فەرماندەیە زیانێکی گەورە لەشۆڕش کەوت بەتایبەتی لەبزوتنەوە ، برادەرانی ئێمەش شەڕەکەیان لا گرنگ نەبوو .. پرسیاریان دەکرد هەلیکۆپتەر بەچی کەوتۆتە خوارەوە ئایا ئەو چەکەمان بۆ هاتووە لەدوورەوە هەلیکۆپتەر بخاتە خوارەوە چونکە هەلیکۆپتەر ئەوەندە زیانی گەیاندبوو بەپێشمەرگە و ئێمەش دژەکەیمان نەبوو ، کەدەبێ چی بێ وائەو فڕۆکانەی خستووە خوارەوە لای ئێمەش هەلیکۆپتەر کە بهاتایە خەریك بوو بەقولاپ هەڵمانکێشێ ئێمەش لەترسی گیانی خۆمان بەئاربیجی و کلاشنکۆف و دەمانچە تەقەمان لێ دەکرد برادەران و شەهید ڕۆستەم گرنگ نەبوو گرنگ ئەوەبوو بەچ چەکێك کەوتووە .. کەدەرکەوت ئاربیجی کاریگەرە و هەلیکۆپتەر لێی ئەترسێ .. لەمانگی 2 ی ساڵی 1978 بۆ یەکەم جار ئاربیجی مان بەکار هێنا لەکەچەڵی پشتی کۆڵیتان و خڕنوك .. لەوەش بیرمان دەکردەوە چۆن کەوتۆتە خوارەوە یان چەکی باش پەیدا کراوە ، چونکە هەلیکۆپتەر زۆر ئازاری ئێمەی پێشمەرگەی ئەدا .. ڕۆژی وابوو حەوت پێشمەرگە بووین 20 هەلیکۆپتەر ئەهاتە سەرمان هەر پێشمەرگەیەکیشمان 2–3 هەلیکۆپتەری بەر دەکەوت شەڕ لەگەڵ مان و نەماندا ، لەڕۆژی 1978/3/8 لەکاتی پەڕینەوەدا ئەوانیش بۆ سەرکردایەتی و دانانی پلان بۆ ناردنی هێز و چەك هێنان وەکو ئێمە دەهاتن و ئەوان هەردووکیان شەهید سەعدی گچکە و خاڵە سەید کاکە ئەندامانی سەرکردایەتی بوون لەیەکێتی و بزوتنەوە ، نزیکەی 100 سەربازو ئەفسەر کوژران و بریندار بوون جگە لە خستنە خوارەوەی 3 هەلیکۆپتەر و یەکێکیان هەتا ماوەیەکیش لای سەربازگەکەی قەڵادزە بوو ، زیانی ئێشمەرگەش ئەوانە بوون :

1) سەعدی عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە و یەکێتی بوو فەرمانەدەی هەرێمی 8 ی دەشتی هەولێر بوو ..
2) فاروق صدیق
3) فەرەج قادر
4) فەریق هەمزە
5) شاهێن عزالدین
6) تاهیر جلیل
7) جەبار اسماعیل
8) عوسمان باوە
9) سامی عوبێد
10) صباح جەمیل
11) احمد محەمەد امین
12) احمد محەمەد
13) عزیز باپیر ، وەچەندینی تری کەهەموویان خەڵکی هەولێر بوون و چەند پێشمەرگەیەکیش بەدیل گیران (1) کەمال واحید کەریم (2) حەسەن عبدالرحمن (3) جەعفەر ئەسوەد (4) جەعفەر محەمەد ، ئەمانیش هەموویان خەڵکی کۆیە بوون جگە لەیەکێکیان خەڵکی کەرکوك بوو .. پاش چەند مانگێك و لەمانگی 6 ی ئەو ساڵەدا لەشاری موصل لەسێدارە دران .. هەر لەو شەڕەدا زۆربەی زۆری هێزەکانی دوژمن بەشدار بوون لەوانە : ( عمید الرکن حازم هادی . قائد فرقە الموصل ، أرشد زێباری – محافظ السلیمانی هاوکاریان بوو ) ( لگیف الدباغ قائد الفرقه ، لوا الرکن سعد الدین عزیز و عمید الرکن صباح فخری و هەرچی هێزی هەولێر و وموصل و سلێمانی و کۆیە و کەرکوك هەبوو هەموویان لەسەر کۆکردبوونەوە و قائد فیلق گایە نعیمی بەرپرسی لەناوبردنی شۆڕشی کورد بوو لەناو ڕژێمەوە دیاری کرابوو ) . ئێمە لەو ڕۆژەی دوایی لەبنە خەڵەف و ڕووە و کانیە زەردو وە پشتی قاسمە ڕەش و بەری قەڵادزەدا گەیشتینە نۆکان ئەو بارەگایانەی کەزستان قیادەموەقەتەی تیادا بوو ( مام جەلال و کاك عەلی ) تێدا بوون کرابوونە (م . س ). هەندێکی تر لەخانوەکان کاك دکتۆر مەحمودو کاك عەدنان موفتی و ئەوانی تێدا بوو ، لەبەردەم ئەوانیشدا چادرێکی بەربلاوی بازنەی فراوان هەڵدرابووە وە کە بکرێت بەناوەندی کۆمەڵە و کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە لەوێ دەکرا .. کاك نەوشیروان سەرپەرشتی دەکرد و جار جارەش کاك مەلا بەختیار سەرپەرشتی دەکرد ، کاك ئازاد هەورامیش .. ئێمە بەڕێ کەوتین لە قۆڵی گیسکان لەماڵی کاك شێخ عەبدوڵڵا باوکی کاك شێخ عومەر ئەو کاتیش هەر خۆی تەنها بوو ، ناویان نابوو سەر لەشکری دووی پارتی لەوێ هەواڵمان پێ گەیشت کەکاك ئارام شەهید بووە کاك نەوشیروان و ئەوانەی دەرەوە زۆریان پێناخۆش نە بوو .. چونکە ئارام تا ئەو کاتە ڕای جیاواز بوو نەیدەویست کۆمەڵە بەو خەستیە لەگەڵ بزوتنەوەدا بێت و برابەش و هاوبەش بن .. جگە لەوەی حەزی بەهاتنەوەی مام جەلال و ئەوانەی کۆن جەلالی بوون نە دەکردوو ، دژی سەرانی بزوتنەوە بوو ، بەتایبەتی کاك تاهیر و کاك خالید و کاك عەلی هەتا لەناو کۆمەڵەش هەرکەس نزیکی ئەوان بووایە حەزی لەچارەی نەدەکرد .. بەڵام مەترسی قیادەی موەقەتەی لا زیاتر بوو بۆیە هەندێك ڕێکەوتن و بەرنامەی هاوبەشی لەگەڵ کاك عەلی عەسکەریدا دانا بوو و ڕێگەی نەئەدا یەك پێشمەرگەی بزوتنەوە بڕواتە قەرەداغ .. دووکەسی هەبوون هەمیشە گومانیانی لێ بوو لەژێر

چاودێریدا بوون ، سالار جاف بەناچاری قەرەداغی بەجێ هێشت و گۆران ئەویش شەهید بوو، جارێکیان کاک قادر جەباری و کاک شەوکەتی حاجی موشیر سەردانی قەرەداغیان کرد لەساڵی 1977 ، ئەوە بوو هەر لە سۆڵە ئاگاداریان کردن کە نابێت بێنە قەرەداغ ، ئەگەر بۆ سەردانیش هاتن ئەوا بنێرن با کەس و کارتان بێتە ئەوێ مەبەستیان سۆڵە بوو وە نابێ جەولە بکەن و کوشتن و بڕین و هەموو شتێك هەر لەقەرەداغ دەکرا ، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە کاک ئارام دانرابوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ، بەڵام تا شەهید بوونی نەهات بۆ هیچ جێگایەك و لەوێ شەهید کرا .. هەتا نامەی بۆ کاک بەکری حاجی سەفەری نووسی بوو هەر لەسەر ئەوەی تەبا بوو لەگەڵ (م . س) یەکێتی ئەگەر چی واش تەبا نەبوون ، کاک ئازاد هەورامی و کاک مەلا بەختیار بەلای کاک ئارام دا دایان شکاند بوو کاک سالاریش بۆ ڕاگرتنی وەزعەکە هەوڵی ئەدا ، جارجاریش باسی کاک ئارامی دەکرد لەوە ئەترسان مام جەلال کاک نەوشیروان بکات بە بەدیلی کاک ئارام .. کاک سالار خۆی لەهەموویان زیاتر بەموستەحەق تر دەزانی بەڵام دەیوت من قیادەی عەمەلی شۆڕشم لەدەرەوە واتا لەکوردستان نەوەك لەدەرەوەی وڵات ، کاک شێخ عەلی کە لەگەڵ کاک ئازاد نزیك بوو ، ئەویش کاک ئارامی پێ باش بوو ، بەڵام لەگەڵ سالار نزیك بوو خۆی بەتەنیا بەوە دەزانی یەکەم مەفرەزەی بوژاندنەوەی کۆمەڵەی شۆڕشی نوێ ئەوبووە ، هەرچەندە ڕێگایان نەدا بێتە پێش لە زۆریشیان موستەحەق تر بوو بەڵام هێزی لەگەڵ خۆی بدیایە بەگوێی کەسی نەدەکرد . زۆر لەدژی بڕیاری بزوتنەوە بوو لەقیادە موەقەتە زیاتر ڕقی لێیان بوو ، هەمیشە ئەیوت ئەمانە ( کۆمینتاقن – جیلبانجنگ ) ن ئەمەش بۆ هەرەس پێهێنان ، لەڕاستیدا ماندوو بوو ، بەڵام مامەڵەی لەگەڵ پێشمەرگە و جەماوەر سەرکەوتوو نەبوو ، لە کۆبوونەوەی بانی شاردا قسەی بە مام جەلال و کاک عەلی و کاک خالید و کاک تاهیر و کاک عومەر دەبابە دەکرد ئەیوت ئەوانە ڕزیون و نابێت بێنەوە و ببنە مێردەزمە لەسەر کورد و شۆڕش .. لەسەر ئەوەش ئەو هێزە باشەی تێکدا .. چونکە ئەوانەی کوردستان نەناسرابوون بەوەش زۆربەی پێشمەرگە ڕاگیرابوو کە مام جەلال سەرکردەی بزافی کوردیە و کاک عەلی و کاک تاهیر و کاک عومەر دەبابە و کاک ڕەسوڵ و ئەوانە بەرپرسن لەشۆڕشدا ، ئێمە گەیشتینە نۆکان لەلایەن مام جەلال کاک عەلی و د.خالید و سەید کاکە و کاک د.مەحمود وحاجی حاجی برایم و کاک نەوشیروان و کاک تاهیر .. هتد پێشوازیمان لێکرا . بەگەیشتنمان بارەگامان لەشێنێ دانا و لەماڵی کوێخا عبداللە بووین ، من 50 پێشمەرگەم برد بۆ هەکاری و کاک عەلی شیعە و کاک حامیدیش پێشمەرگەیان هێنا بوو ، نزیکەی 25 کەسێك دەبوو بۆ ئێوارەکەی داوەتی مام جەلال بووین هەر لەنۆکان ، کاک عەلی و کاک خالید و کاک ئەنوەر و کاک تاهیر و کاک سەید کاکە و کاک ڕەوف بەگ و منیش لەداوەتەکە بووین ، مام جەلال زیاتر موجامەلە و ڕوی ئەدایە برادەرانی بزوتنەوە و هەتا لەگۆشت دابەش کردنەکەشدا برادەرانی کۆمەڵە دەیانوت : با مارکسیانە بەشی بکەین مام جەلالیش ووتی : بابۆ ئێوە مارکسیانە بێ ، کاک تاهیر و کاک ئەنوەر وتیان ئێمە مارکسی نین ، مام جەلالیش وتی بەشی هەرە زۆری بۆ ئێوە بێ چونکە برادەران لەبەشی خۆیان ڕازین لەپاش داوەتەکە و هەر ئەو شەوەش قسە کرا و ، لەدوای ئەوە کۆبونەوەی کادرەکانی کۆمەڵە دەستی پێکرد ، کە نزیکەی 10 ڕۆژی خایاند من بەشدار بووم ، کاک تالیب ڕۆستەم بەشداری کردوو کاک جەمال عەلی باپیر و زۆری کەش ... هتد لەو کۆبونەوەشدا بۆ چوونەکانم زۆری بەهەڵە دەزانی قیادەی موەقەتە هێشتا مابوو بەڵام بزوتنەوەیان بەقیادەی موەقەتەی دووەم دادەنا و ئەیان ووت : ئەوانە ئێستا پێویستیان پێیانە چونکە بەرپرسەکانی کۆمەڵە نەناسراون ، ئێستاش جەماوەر لەعەلی عەسکەری و تاهیر عەلی والی و دکتۆر خالید و عومەر دەبابە و ... هتد ، لەوانە کۆ دەبوونەوە ئەوانەش هەندێکیان ڕەسوڵ مامەند و تاهیری عەلی والی لە پارتی دور کەوتوونەتەوە

سوودیان لێ وەربگرین و هەوڵ بدەین بزووتنەوە با دووباڵ بێ .. باڵی مارکسی کاک عەلی و کاک خالید ، و باڵە ڕاستیەکەش کاک تاهیر عەلی والی و ڕەسوڵ مامەند کەبەفیتی عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی دەیانەوێت شەڕی قیادە موەقەتە نەکەن و کە دوژمنی کورد و یەکێتیـیە ، بۆیە هەر چۆن بێ دەبێت ڕابگیرێت ، بەو شێوەیەش کۆمەڵە ناڕازی بوون ئەوان بەرپرسی هێزیان نیـیە ، بەتایبەتی ئەو هێزەی دەچێتە بادینان و ئەیانوت ئەو هێزە زۆربەی زۆری بزوتنەوەیە ئەگەر تووشی شەڕ بوون لەگەڵ قیادە موەقەتە ئەوا زۆر باشە و ئەوان بەرپرسن و شەڕ دەکەن و دەگلێن بەشەڕەوە ، ئەگەر نەش بوو ئەوا بەگەڕانەوە یان لەکۆبونەوەیەکدا بڕیارەکە ئەدەین , جگە لەوەش ڕایەکانی کاک نەوشیروان بۆ خزمەتی کۆمەڵە هێمن و لەسەر خۆ بوو ، کۆمەڵە توند ڕەوەکان لای منیش سکالآیان دەکرد کە کاک نەوشیروان زۆر کۆمەڵە نیە و لەژێر کاریگەری مام جەلال دایە و بەرگری ناکات و کادرەکانی کۆمەڵە تەجمید دەکات ، بەبڕیارێ دوای بزوتنەوە منیش پێم ووت کاک نەوشیروان هێشتا خاترتان دەگیرێت ئەگەر نا ئەوەشی پێی باش نیـیە ، چونکە پێشتر و دواتریش کۆمەڵە پێیان وابوو کەهەر کەس لەگەڵیان بێت و هەرچی بکات حەلآلە بۆی .. وەئەگەر لەگەڵیان نەمێنیت هەرچی چاکەش بکات هەر خراپە .. ئەوەش لەزۆر جیگا تاقی کراوەتەوە ، لەگەڵ بزوتنەوە بوایە بەهەموو شێوەیەك دژی بوون کە دەبوو بەکۆمەڵەش ئەوا قارەمانێك بوو بۆ خۆی .. لەو ڕووەوە دەیان نمونەی زیندوو هەن لەوانە مەلا یاسین کادری بزوتنەوە بوو بە سیخوڕی باسی لێوە دەکرا ، کە بوو بەکۆمەڵە یا لەباڵەکەی دوای بزوتنەوە بەدۆستی یەکێتیـیان دەزانی و ئیتر بووە باشترین کادر .. لەخۆشمەوە تا تالیب ڕۆستەم و دەیان کەسی تر ... هتد .

سەرجەم بەرپرسەکانی کۆمەڵە ئەوەی کاری ڕێکخستن و ئەوەش کاری پێشمەرگایەتی پێ درا .. جگە لەمن و کاک شەوکەت و کاک ڕەوف لەشارەزوور و هەورامان تا بەمۆ و پێنجوێن هەر ئێمەی لێ بووین و زیاتر پێشمەرگەی کۆن و چالاك زۆر لەشەڕەکاندا بوون ، مام جەلال شەو لەدوای ئیش و کاری خۆی دەهات و موحازەرەی پێ دەدایـن بەسەر شۆڕش و کورد و کاری داهاتوو وە ناردنی هێز بۆ چەك و شێوەی ڕەفتاری لەگەڵ بزوتنەوە و زۆری تر .. مام جەلال هەوڵی دەدا قەناعەت بەکۆمەڵە بکات لەگەڵ بزوتنەوە پێکەوە بژین و کار بکەن و ئەمەش سوودی کۆمەڵەی تیادایە تا بزوتنەوە ، چونکە بزوتنەوە جگە لەئەزموونی خۆ بەخۆیی .. بەلآم کۆمەڵە پـێی ناکرێ بەوشێوەیە ، مام جەلال هەمیشە لەقسەکانیدا کاک عەلی وکاک خالیدی جیا دەکردەوە بەمارکسی دەزانین و دەیناسـانن بەکۆمەڵە .. کە ڕەسوڵ بەباڵی ڕاست و هەتا لەژێرکاریگەری قیادە موەقەتەدایە فەرمان لەسەرکردایەتی ناو شاری بزوتنەوە وە وەردەگرێ ، بەلآم مام جەلال دەیویست هەرچۆن بێت کۆمەڵە کە تازە و توند ڕەو بوون خاویان بکاتەوە هەتا لەنامەیەکدا بۆ کاک سالار دەڵێت من باوەڕم بەخەباتی ئێوە زیاترە و لەسەر ماندوو بوونی ئێوە حساب دەکەم ئەگەر هەندێك پێشمەرگەی کۆمەڵە باش بن بۆ پاراستنی خۆم بۆم بنێرن بۆ حیمایە ، کاک سالاریش کەتەنگەتاویان بکردایە کە گوایە مام جەلال بزوتنەوەیە ، بەپەلە و یەکسەر نامەکەی مام جەلالی دەردەهێنا و دەیخوێندەوە کەبەناوی جوتیارەوە نووسیبووی .. من یەکێك بووم لەوانەی باوەڕم وابوو کە مام جەلال دەتوانێ سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی بکات .. بەتایبەتی دوای هەرەس و ئەو هەموو تێز و ئەنتی تێزە کۆبکاتەوە وە لەمەنجەڵێکدا و یالەناو یەکێتی دا و شەخصی من زۆر باوەڕم پێی بوو و ئێستاش باوەڕم پێیەتی وەکو کەسایەتیەکی تێکۆشەر و بەتوانای کورد و ئەو بۆ شاییەی کە بەو پڕکراوەتەوە بەئاسانی بەکەس پڕ ناکرێتەوە و ئەوەش واقیعە . پێشمەرگە هاتبوون و کۆکرابوونەوە کاتێکیش لە شەڕ بوین بەرامبەر بەیەکێتی هەر هەمان رام هەبووە هەتا زۆر لە برادەرەکانمان هەمیشە موراعاتی منیان لەوەدا دەکرد لەسەرکردایەتی بزوتنەوەدا لەو ماوەیەدا من زۆرم لەبەرپرسەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوە هەڵسەنگاندوەو ڕادەی

ووشیاری و شارەزایی و لێهاتوویان مان گەڵاڵە کردوو شتێك لێیان تێ گەیشتم ، لە 15/نیسانی / 1978 ئیستیقالەم دا بەبێ ئەوەی کێشەم هەبێت بە پێچەوانەشەوە زۆر ڕێزیان دەگرتم و زۆربەیان هەوڵیان دەداو ،لە 4/17 ئیستیقالەکەم قبوڵ کرا ، بەڵام هەر سەردانی چادرەکەم دەکردوکەمن دەچووم بێ دەنگی یەك ناو چادرەکەی دادەگرت و وایان دەزانی دەبمە بزوتنەوە .. کاك خالید و کاك تاهیر و کاك عەلی موجامەلەی زۆریان دەکردم بۆ ئەوەی ببمە بزوتنەوە ، بەڵام هەریەکەمان لەبۆچونێکەوە بوو .. کە منیش وازم هێنا لە بەرژەوەندی خۆم و لەو دوو ساڵەشدا هەرچی چالاکی کرابوو زۆربەی من کردبووم و پێشمەرگەیشم زۆر کۆکردبۆوە و دۆست و دوژمن بۆ ئەوە حسابێکی تایبەتی دەکرد و لەو ناوەندەشدا زۆرم لا گرنگ نەبوو کە ڕاپۆرت بنووسم دژی ئەو برادەرانە و لەبازنەیەکدا بمێنمەوە وەك ئەوان .. هەرچی بوایا لەبەرامبەر روبەڕووی پێشمەرگە بەئاشکرا دەموت و باسم دەکرد بێ پێچ و پەنا و لەسەر خۆ بووم لە مامەڵە کردنمدا لەئەرك و کار و بڕیارەکانمدا ، کاك تاهیر و ئەوانیش بەهۆی ئەوەی لەناوچەیەك بووین دەیناسیم .. بەڵام کۆمەڵە ئەو پەیوەندییەیان بەشتێکی کە دەزانی کە من سەرم لێدەدان .. مامۆستا عزیز جارێکیان پێی ووتم : کاکە گیان خۆ لەکۆمەڵە ئیستیقالەت داوە نەك لەبرادەرایەتی .. ئەبێت سەرمان لێ بدەی .. بەو شێوەیە من ئیستیقالەم داو نەبووم بەبزوتنەوەش .. هەندێك لە بزووتنەوە وایان دەزانی کە لەکۆمەڵە نەماوم ئیتر ئەوان حەقی ئەوەم لێ بکەنەوە ، کە من پێشتر کۆمەڵە بووم و پێیان وابوو ڕێگری کاری ئەوان بووم ، ئەوەش هەر بەهەڵەدا چووبوون و کۆمەڵەش نەیان دەوێرا پاڵەپەستۆ بکەنە سەرم نەوەك بچمە لای بزوتنەوە .. لەهەمان کاتیشدا حەزیان وابوو کەتەسلیم بە عێراق ببمەوە بەمەرجێك نەچمە لای بزوتنەوە .. کاك مەلا بەختیار نامەیەکی لە 28 / 12 / 1980 دا بۆی نووسیوم و دەڵێت ( تۆ دەبێت یا بچیتە ئێران یا تەسلیم بەڕژێم ببیتەوە وەیا تەسلیم بەیەکێتی ئیتر کامیان هەڵدەبژێریت خۆت سەر پشك بە ) . ئەوەش لەکاتێکدا من یەکێتی بووم و ئەویش بەنیازی وەرگرتنی هەرێمی یەك بوو کە ببێت بەفەرماندەی ، هێزێکی 300 کەسی کۆکردەوە کەبێنە سەرم لەحاجی مامەندە و پاڕەزان .. منیش ئەو کات وەڵامم دایەوە وەکو لەوکاتەدا ، مامۆستا تالیب ڕۆستەم یش ئیستیقالەی دا لەکۆمەڵە و بەڵام لەسەر ئەوە بوو کە نەکرابوو بە سەرکردایەتی کۆمەڵە کەبەڕاستی ئەو لەزۆریان موستەحەق تر بوو لەو کاتەدا نەیان کرد بەسەرکرادایەتی ، بەڵام مایەوە .. منیش خەتی گشتی منی بەمیلاکی خۆی دەزانی و بەڵام من ووتم : لەگەڵ ( مام جەلال ) م و دوایش بیر لەهەڵبژاردنی ڕێکخستن یان شتێکی تر دەکەمەوە ، من خۆم بزوتنەوەم پێ باشتر بوو بەڵام ئەوانیش ئەوەندە کێشەیان هەبوو ئەوەش بەمن نەدەکرا بکەومە ئەو ململانێیەوە و خۆم دوور گرت و هەموو لاش ڕێزیان دەگرتم ، هەر لەو ماوەیشدا بوو کاك ڕەسولم بینی و هاتبوو بۆ سەردان .. دژی مام جەلال و کۆمەڵە قسەی دەکرد ئەیوت ئەوان دەیانەوێت دوو شەڕی قیادە موەقەتە و بزوتنەوە بکەن بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مام جەلال زەحمەتە و ئێمەش هەر خەتی سێیەم دەبین ، هەروەها دەیوت : کاك د کتۆر مەحمودیش بۆ ئەوەو هەمان مەبەست کار دەکا و دەیوت ئێمە و لیژنەی تەحزیری لەیەکەوە نزیکین تا ئێمە و کۆمەڵە و باسی ئەو بەیانە هاوبەشەی کرد کە دەرکرابوو لەزستانی رابردوو ، کاك خالید کارێکی باشی نەکردووە کە نەیهێشتووە کاك قادر ئەو بەیانە بخوێنێتەوە .. منیش سەرم لەهەموو لایەك دەدا و ئەوانیش پێیان خۆش بوو کە ئیستیقالەم داوە ، هەر ئەوەش بوو زیاتر پێیان دادەگرت کە من بۆ سنوری تورکیا بڕۆم چونکە زۆریان ئەوەی ساڵی ڕابردوو ڕۆیشتبوو واتە 1978 نەیان دەناردن ، بەڵام من لام ئاسان بوو وام دەزانی بۆ ئاهەنگ و شایی دەڕۆم چونکە باوەڕم بەخۆم بوو ، ئەو کاتە بزوتنەوە وەکو ڕێکخستن هەمووی لەگەڵ کاك ڕەسوڵ بوو .. کاك ڕەسولیش ئیستیقالەی کرد لەیەکێتی و خۆی تەرخان کرد بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوە هەتا بڵێی دژی مام

جەلال و کۆمەڵە بوو . مام جەلالیش حەزی لێ نەبوو بڕیاری ئەوەش درا هێزەکان بەدوو پۆست بڕۆن پۆستی یەکەم لە گەڵ کاک خالید .. پۆستی دووەم مام جەلال و کاک عەلی و کاک تاهیر و هەموو هێزەکە و کاک دکتۆر مەحمود ..هەر ئەو کاتەش کاک ڕەسوڵ بڕیاری دا کە ئەو نەیەت و هەر لەو سنووره بەناوی مەکتەبی ڕێکخستن و بزوتنەوه وه دەمێنێتەوه و کاک مولازم تاهیریش خرایە جێگاکەی و بوو بەئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی و سەرکردایەتی بزوتنەوه و ئەندامی مەکتەبی عەسکەریش ، لەڕۆژی 1978/4/17 سەعات 10 ی سەر لەبەیانی هێزەکەمان لە ( گۆڕه شێر ) ەوه بەڕێ کەوت و بۆ تورکیا ( 410) پێشمەرگە بووین نیوەی بەبێ چەك و نیوەی بەچەکەوه .. کاک خالید بەرپرسی هێزەکە بوو .. ئەم هێزەش دابەش کرا بەسەر پێنج ڕەتڵ بەم شێوەیەی خوارەوه :-

1- ڕەتڵی یەکەم شێخ حسێن سەرپەرشتی دەکرد .

2- ڕەتڵی دووەم شەهید ڕەوف بەگ سەرپەرشتی دەکرد .

3- ڕتڵی سێیەم شێخ عەلی کەشکۆڵ سەرپەرشتی دەکرد .

4- ڕەتڵی چوارەم شێخ جواد سەرپەرشتی دەکرد .

5- ڕەتڵی پێنجەم من بووم سەرپەرشتیم دەکرد .

یەکەم پێشمەرگەش کە بەڕێ کەوت بۆ شارەزایی خالید وەرەتێیی گەرچی کوڕێکی لاواز بوو بەڵام زۆر بەتوانا بوو ڕۆڵی خۆی لەو کاروانەدا بینی بۆ بەڕێ کردنمان . ئەو کاتە فەرماندەی کەرت بووم ، بەڵام کەرتەکەی من 50 کەسم هێنا و 70 کەسم بەجێهێشت و حەمە شیرمەڕی فەرماندەی کەرت بوو ، عومەر قاینەجەیی جێگری کەرت بوو ، کاک ڕەوف سەرپەرشتی هەمووی دەکردو کاروباری ڕێکخستنیشی لەئەستۆ بوو بەڵام خۆمان بەبێ برادەرانیش هەر کەرت بووم وەکو کابرای ئاغا بەخەڵکی ووتبوو ئەگەر من بەئاغا بزانن و نەزانن ئەوه من هەر خۆم بەئاغا و ئێوەش بەڕەعیەتی خۆم ئەزانم .. منیش تەشکیلاتی تەواوم کردبوو بۆ هەرێمێك ، بەکردەوەش هەر وابو جگە لەهێزەکەی خۆم کاك حامید و کاك عەلی شیعە و ئەوانیش لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەی تردا مقۆمقۆیان بوو ئەوانیش هەر لەگەڵ ڕەتڵەکەی من بوون ، کاك تاهیر حاجیعەزیز لە سەرەتاوه پێکەوه بووین بۆشەوەکەی چووینە کونە مشکە .. لەکونە مشکە دابەش بووین بۆ نان خواردن دواتر بەرپرسی پایگا هاتبووبۆ ئەوێ بەرێکەوت هاتە ئەوماڵەی کە ئێمەی لێ بووین حەرسی ئەو ماڵەی ئێمەی لێ بووین پێی ووتم : سەربازێکی ئێرانی هاتووه .. ئە وه بوو هاتە ژوورەوه و ڕووی پرسیاری لە من کرد ووتی : تۆمەسئولی ، منیش ووتم : نەخێر .. جیهازێکی بێتەلی ( هۆکی تۆکی ) م پێ بوویەکسەر پەیوەندیم بە کاك خالیدەوه کرد، ئاگادارم کردەوه و پێی وتم کەنەڵێم دکتۆر خالیدمان لەگەڵدایە و بڵێم من مەسئولی ئەم هێزەم .. بۆیە لەسەر بڕیاری کاك خالید من قسەم لەگەڵ کردن و ئاگادارم کردنەوه کە نیازمان وایە بڕۆین بۆ دیوی عێراق و سەرما و سۆڵە و بەفر مەودای پێ نەدایین تا بەئاسانی بگەڕێینەوه و بۆیە ڕێمان کەوتۆتە ئێرە .. ئەوان ڕۆیشتن و پاشان ئێمەش سەرکەوتین بۆ زەویان و ئالاڕەش خواروتر بۆ ڕۆژی دواتر و ئێوارەکەی چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد درەنگ دابێت و دابەزینە دەشتی لاجان و لەو گوندانە نان بخۆین و شەویش بەڕێ بکەوین بەرپرسی پۆلیسی خانە و جاندارمیری بەهێزێکی زۆرەوه هاتنە ئەو ناوچەیە بە 15 ئۆتۆمبێلی جێب قیادەیان پێ بوو ، هاتن بۆ لای ئێمە و وتیان دەمانەوێ بەرپرسەکەتان ببینین ، کاك خالید و برادەرانیش داوایان لەمن کرد کە بڕۆم و بیان بینم و قسەیان لەگەڵدا بکەم ، ئەگەر نیازیشیان خراپ بوو ئەوه لێیان بدەین ، بەڵام بەقسەی خۆش لەگەڵیان بین تا دەرباز ئەبین من چومە خوارەوه و شەهید محەمەد ئەمین خەلیفە قادر و شەهید تاهیری حاجی عەزیز و شەهید

عبدالله سوور و (5) پێشمەرگەی لای خۆمم بردو چووین ، زیاتر لە دوو سەعات قسە کردن ئەوان دەیانوت هەر ئێستا دەبێ بچنەوە دیوی عێراق منیش دەمویست کات بەسەر ببەم دوای ئەوان ڕۆشتن و ناچار بوون بەرپرسەکەیان بەمنی ووت : برام ئێستا ئێمە شاە دەزانێ هاتووین ، ئێوە لەبەرچاوی ئێمە بڵێن باشە و سەرئەکەوین و هەڵسن و دووسێ دەقیقە بڕۆن دوای ئێمە تاریکی کرد وەرنە خوارەوە ، من لەدواییدا وتم باشە و ئێمە ئەڕۆین هێزەکەمان لەهەموو لایەکەوە هەڵسایەوە 410 کەس بووین لەبەرچاوی ئەوان بوو بەدووسێ هەزار کەس لەسەرچیاوبەفروبەرزایی دا ئەوان بەپەلە ڕۆیشتن و وتیان خواحافیز .. ئێمەش بەرە سەروتاریکی کرد و بەرە وجادەی بادی ناوێ و بنە مجە و گەز گەز و گوندەکانی ئەو ناوە بەڕێ کەوتین و تاریکی کرد لەپردێك پەڕینەوە پردی بادیناوێ و ساڵی پێشویش ئەو ناوە شارەزا بووم .. ئێمەش ڕەتڵی پێنجەم بووین بەڵام بەکردەوە ڕەتڵی یەکەم بووین و لەپێش هێزەکەوە کاك تاهیری حاجی عەزیز فیشەکی لەدەست دەرچوو بوو ، لەسەر پردەکەش پەڕینەوە و چووینە گوندەکە و من چوومەماڵی حاجی عبدالله لە ( بادیناوێ ) و برادەرانی تر بۆ سەعات 6.30 ی ئێوارە دابەش بوون .. کاك تاهیر حاجی عەزیز و شەهید عبدالله سوور لەسەر دابەش بوونی ماڵان بوو بەشەڕیان خەڵکی سلێمانی بۆ پشتیوانی لەیەکتر چوونە پاڵ شەهید تاهیرحاجیعەزیز و ئەوەش لەوێ بۆ خەڵکی ڕانیە و پشدەر پشتیوانیان لەشەهید عبداللە سوور کرد تا من بەهانایانەوە چووم و وە بڵاوەم پێ کردن و هەریەکەیانم برد بۆ ماڵێك ، ئیتر لەوێش دەرچووین وتاڕۆژ بووەوە لەزێوە و کۆنەلاجان سەرکەوتین و بۆ دۆڵ و ئەشکەوتی سەرەوە لەوێ بووین نانمان کۆکردبۆوە تاپێ ی بژین .. سەر لەبەیانیەکەی کاك خالید کۆبونەوەیەکی پێ کردین لەسەر جەولەکە و ڕێگاڕۆیشتن .. وەئێران بەباشی دەیزانی کە ئەو قوەتەی ئێمە بەڕێ دەکەون چونکە ساواك چەند جارێك خەڵکی ناردبوو بۆلای سەرکردایەتی یەکێتی کە ئێران چاو پۆشی ئەکات ئەمانە بەسەیارە بەناو ئێراندا بڕۆن تالای کێلە شین ئەمەش زۆریان حەزیان دەکرد کەبەسەیارە بڕۆن نەك بەپێ .. پێ ی دەچوو سەرکردایەتی یەکێتی سەرێکی بۆ لەقاندبن ئەوانەی کە هاتوو چۆیان دەکرد سەر بەساواك بوون مینە کوپە و ڕەسوڵی برای مینە کوپە و بەیجان جندی ئەمانە هەموو زانیارییەکانیان ئەبرد بۆ ساواك و ساواکیش مراقبەی دەکرد بزانێ کەی بەڕێ دەکەوین چونکە ئەوکاتە لەسەر ڕێکەوتنی جەزائیر تەنسیق هەبوو لەنێوان عێراق و ئێراندا ، هەروەها عێراق و تورکیادا وەزابتە عێراقیەکان دەچوونە دیوی ئێران و دیوی تورکیا کۆبونەوەی هاوبەشیان لەحاجی عمران و خانەش ئەکرد بۆیە زۆر بەوردی چاودێری هێزەکانیان دەکرد چونکە ئێران و شاە یەکێتییان بەهێزێکی تازە و خەتەر دەزانی لەسەرخۆیان بەتایبەتی لەسەر ئەوەی وەکو هێزێکی مارکسی لینینی ناوی بڵاوببوە وە .. دوای نیوەڕۆش بەڕێ کەوتین بۆ سەر چیای قەندیل و دۆڵێکی دوور درێژی نەبڕاوە تا یەك سەعات ڕۆژی مابوو گەیشتینە سەر دیلمان .. ئەم سەفەرە ڕێگای هات و نەهات بوو بۆ ئێمەش نەهات ، یەکێتی ئەو کاتە ئێران دژی بوو ، عێراق دژی بوو ، قیادەی موەقەتەش هێزێکی وایان نەبوو بەڵام لەدیوی ئێران قیادەموەقەتە ساواك پشتیوانی لێ دەکرد و لەڕێگای شنۆوە حەمید ئەفەنی و ملازم یونس ئەو ڕۆژەی سەفەری یەکەم من گەیشتمە میراوە حەمیدە فەنی بەولاخ و و بەتەنها لەگەڵ یەك کەسی شارەزا پارەی بردبوە وە ئەو دیو لەکەرەج و گەڕابوەوە و کاك نادر هەورامی وکاك مەلا عومەری بانی بنۆك لەدزڵییەوە کاك قادری حەمەصالح لەناوچەی تاوەگۆزی و سەرپێلی زەهاب هاتوو چۆیان دەکرد بەناو ئێرانەوە ساواك هەموو تەسهیلاتێکی بۆیان دەکرد بەڵام پێشمەرگەی ئێمەیان بگرتایە تەسلیمی عێراقیان دەکردەوە هەروەکو چۆن پێشمەرگەیەکیان لەگوندی شێخانی لای نەوسود گرت لەسەرچەمی سیروان ناوی جەزابوو .. فەرماندراری پاوە تەسلیم بەقائیمقامی هەڵەبجەی کردەوە لەحدودی تەوێڵە پاشان اعدام کرا واتا ئێران بەو شێوەیە یارمەتی قیادە

موەقەتەی ئەداو بەو شێوەیەش دژی ئێمەبوو .. وەلەدوای هەکاری 1978/8/20 کاك مەلا بەختیار لەناوچەی تاوگۆزی جەولەی دەکرد لەگەڵ کەرتەکانی هەورامان لەگەڵ غەفور دەرەشیشی و أحمد گریانەیی لەگوندی کانی ژنانی ناوچەی تاوگۆزی لەنزیك قەڵب و گڵەجاڵ تووشی قوەتەکەی عەزیزی حەمە صالح ئەبن کە قیادە موەقەتە بوون نیوەڕۆ پێکەوە ئەبن لەگوندەکە نان ئەخۆن و ئیسراحەت ئەکەن کاك مەلا بەختیار و کاك عەزیزی حەمەصالح هەر پێکەوەش تەوزیع ئەبن لەیەك ماڵ .. کاك مەلابەختیار بەمەسئولەکانی قوەتەکەی خۆیان ئەڵێ ئەمە فرسەتە با ئێمە ئەمانە بکوژین لەتۆڵەی هەکاری هەرچی ئەکەن فرسەتیان نابێت بیانگرن و چەکیان بکەن بۆیە قەرار ئەدەن ئەو شەوو ڕۆژە لەگەڵیان بن تا هێمن ئەبنەوە لەبەر ئەوە قیادە موەقەتەکان تاوگۆزی بوون تەوەقعی ئەوەیان نەدەکرد لەناو خزمانی خۆیانا هیچیان پێ بکرێت .. بۆیە کاك مەلا بەختیار و ئەوان بڕیاریان دا لەشەوی 20-8/21/ کەشەو پێکەوە بخەون و لەوێ لێیان دەن بۆیە ئێوارەکەی عزیز دووبزنی کڕیبوو بۆیان و دەعوەتی کردبوون قەناعەتیان بەعزیز کردبوو کەشەو لەگەڵ کاك مەلا بەختیار و غەفوور دەرەشیشی و أحمد گریانەیی پێکەوە بخەون بەجیا وەباقی قوەتەکەی هەردوولا پێکەوە بخەوێ شەو سەعات (11) کاوە مەخموری مەسئولی قوەتەکەی کاك مەلا بەختیار بوو ، پێشمەرگە هەموو ئامادە ئەکەن کە لەیەك کاتدا لێیان دەن نهێنیەکەیان ئەوە بێت کاك مەلا بەختیار و عزیز و ئەوان مناقەشە بکەن کاك مەلا بەختیار لەمناقەشە دەنگ هەڵبڕێ و بڵێ بەگوڕی شەهید ئارام لەگەڵ دەنگی مەلا بەختیار ئەوان تەقە بکەن لەوانەی کە خەوتوون .. ئەمانیش غەفوور و أحمد باوەش چەك بکەن لەکاتی دیاری کراودا ئەبێ بەتەقە و ئەمانیش باوەش ئەکەن بە عزیز و ئەیگرن و عزیز و حمایەکەی ئەگرن و (8) کەسیان ئەکوژرێ و لەناوپێشمەرگەکانیشا واتا قیادە موەقەتەکان یەکێکیان بەرناکەوێ بەناوی حەمە بۆینی ئەویش بەدیل ئەگیرێ .. یەکێك لەکادرەکانی کۆمەڵە پێی نالێن شتی وا هەیە ئەو لەناو قیادە موەقەتاندا خەوتبوو ئەویش ڕانێکی بەرئەکەوێ و لەمردن ڕزگاری ئەبێ ئەویش کەماوە ناوی کاك حەمە ئاوات خەڵکی عەبابەیلێ ئێستا لەسوید ئەژی و مەسئولی حزبی زەحمەتکێشانە لەسوید کە ئەو قاچەی شکاوە و تاکو ئێستا هەر پێوەی دیارە واتا کوشتنی بەکۆمەڵ لەکاتی دەعوەت و لەخەوی شیرینە کاك مەلا بەختیار ئەنجامی دا کە پێشتریش لەدەوری کۆیە مجید هەیبەیی و یەکێکی تری بەهەمان شێوە کوشتبوو .. عزیزیان سجن کرد و دوای ماوەیەکیش قیادە موەقەتە کەلەدزلی لەناوئێران ئەژیان بەهاوکاری ئێرانی شاە چوونە سەر مەقەڕەکانی ئەحمەد گریانەیی و غەفور دەرەشیشی لەشاخی پەروینی نێوان شۆشمێ ودەرەتفێ لەنزیك تەوێڵە شەڕ دەستی پێ کرد أحمد گریانەیی شەهید بوو ئەوانیش عزیزی حمە صالح و حیمایەکەیان هێنابووبۆ ناوچەی گریانە شەو لەدەسی عەزیزی حاجە عەواڵی وغەفوور و ئەوان هەڵهاتبوو قیادەی موەقەتەش لەتۆڵەی مەلا بەختیار ئەوەیان کردبوو، شەهید بوونی أحمد گریانەیی بووە هۆی هەڵوەشاندنی بەشێك لە قوەتەکە کە دوو ئامر مفرەزەیان هەبوو هەردووکیان تەسلیم بونەوە کاك دڵسۆزی ڕەئیس و عزیزی حاجی عەولی .. لەساڵی 1980 عزیزی حمە صالح ماوەیەك لەسەر پەیمانی کاك حامید و کاك شەوکەت چووە ناو یەکێتی بەڵام باوەڕیان پێ نەدەکرد و لەگوندی چنارەی پاڕەزان ئەو کاتە کاك مولازم عمر مەسئولی هێز بوو عزیز کە کردوبیان بەئامر کەرت لای خۆیان کوشتیان لەتۆڵەی ئەوەشدا کەس و کارەکەی برایەکی مامۆستا شاهۆیان لەنزیك زەمەقی کوشت لەسەر ئەوە مامۆستا شاهۆ بەنامەی کاك مەلا بەختیارکەمینیان دانا بۆ دوو پێشمەرگەی ئێمە کە خزمی عزیز بوون لەنزیك تووە قوت تاریق و شەماڵیان شەهید کرد لەسەر ئەوە ئێمەش کاك جمیل هەورامی (10) پێشمەرگەی ئەوانمان گرت جارێکی تر شەڕ لەبەینی ئێمە و یەکێتی دەستی پێ کرد واتا لەسەر شتی شەخسی کە مامۆستا شاهۆ و کاك مەلا بەختیار دەست

پێشخەری بوون کەشەڕ لەشارباژێر و جافەتی و کۆیە و دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی و شەڕی نێرەگین و هەموو کوردستان دەستی پێ کرد کەدەیان کەس لەو شەڕانەدا شەهید بوو لەهەردوولا لەسەر ئەو مەسەلە شەخسیە ، ئێمە دەرچووین چەك بهێنین ڕێگای هاتوچۆ بکەینەوە وشێخ حسێن لەگەڵ هێزێکی زیاتردا لەزاخۆوە لەسەر سنوور بارەگای بۆ بکرێتەوە لەسنوری سوریا و بادینان و برادۆست ئەم شوێنانە ببەستێتەوە بە یەکەوە و هەرچی چەك و پێویستی هات لەسوریاوە دەست بەدەست لەمەترسی قیادەی موەقەتە بپەڕێزین .. ئەگەر قیادەی موەقەتە شەڕ نەکات ئێمەش شەڕ نەکەین وەئەگەر ئەوانیش شەڕیان کردو هاتنە سەر ڕێگامان لەو سنوورە پاکیان بکەینەوە کە زۆریش ئاسان بوو ، چونکە هێزی یەکێتی هێزێکی گەورە و دووساڵ بوو بەرگەی ئەو هەموو هێرشەی ڕژێمی کرتبوو .. لەوێشەوە بەوەجبە چەك بێت .. مانەوەی بەشێك لەهێزەکەی لای دۆڵە فشە یاخواکوڕك بۆ جێگاوڕێگا ت سەرکردایەتی و وەجبەی دووەم دێت یان دیسانەوە مام جەلالیش دێت و( م.س )لەوێ ئەبێت و ئەویش ئەبێتە جێگای سەرکردایەتیشۆڕش و (م.س) لەسەر سێ گۆشەی ( ئێران ، عێراق ، تورکیا ) و هاتوچۆش بەناو تورکیادا لەڕێگای بەهزاد و حەمە عەرەب و صلاحەوە دەکرا و شارەزای کەش پەیدا ببو ئەمانە هاوکارمان بون بەبەردەوامی کاك دکتۆر کەمال خۆشناو چەند جارێك هاتوچۆی کرد و چەکی دەهێنا لەتورکیاوە لای بێت شباب و لای جولە مێرگ ئەو ناوچەیە گرنگیکی تایبەتی خۆی هەبوو .. هەموو ناوچەکەی پێوە دەبەست سۆران و بادینانی پێکەوە گرێ دەدا و هاتوچۆی چەك لەسوریا بۆ پێشمەرگە و بنکە لەبادینان کە پارتی بەئەمارەتی خۆیان دەزانی .. بە ڕەسمیش قیادەی موەقەتە و پارتی دەکرا لەو ناوە و سنووری ئێران نزیك بێتەوە بۆ کاری پێویست لەڕێگای قاچاغ چیەوە ئازووقە دەهێنرێ یا لەڕەواندوز و هەولێرەوە یا مێرگە سوور یا شەمزینان و گارە و گلش شوێنێکی دوورە و ڕژێم بەئاسانی نەدەگەیشتێ جادەی لەسەر نەبوو بۆ هەر لایەك بە 7-8 سەعات ئەتوانرا لەعێراق و ئێران و تورکیاوە ئازوقە و شتتی بۆ بێت .. بڕیار بوو لە 5/5 /1978 هێزی دووهەم کاك عەلی عەسکەری بگاتە لامان ، هێزەکانی پێشمەرگە لەزاخۆوە تاخانەقین تێکەڵ بوون و لەهەموو لایەکەوە پێشمەرگە هاتبوون و کۆکرابوونەوە ، ئێمە لەشەوی 19-1978/4/20 بەسەر دیلمان و شیوەکاندا دابەزین و لەڕێگاش تووشی قاچاغ چی و ووڵاخ دار بووین سەرەتا ئەسڵەمینەوە دواییش ئاشکرا بووین منیش بەڕێ کەوتم .. من و شێخ حسێن و دکتۆر خالید و چەند کەسێك لەبەرپرسەکان چووینە سەر بەرزاییەکی بەرەو دەشتایی ئازادی و ڕایات و هەڵگورد و ئەو ناوە دیاربوون کە سەیری دەورو پشتی خۆمان کرد بەڕەبایە کۆنەکانی عێراقیدا لەبەر سەرماش ، چۆڵی کردبوو هەر چوار دەورمان لوغم بوو نەمان دەزانی چۆن دەتەقێتەوە .. هەریەك لەجێگای خۆمان وەستاین و کوڕێك ناوی مەلا صدیق بوو لەگەڵ شێخ حسێن دا بوو هات و هەموویانی هەڵگرتەوە و خستیە ناو خورج لەسەر ووڵاخ لەسەر پشتی ولاخەکەی داناو پێی ووتین ئێوە بەدوای یەکدا هێزەکە بەڕێ بکەن .. لەڕێگاشدا دکتۆر خالید لە محەمەد ئەمین کە پێشمەرگە بوو لەگەڵ کاك عەلی شیعە لەسەر ئەوەی لەڕیزەکە دەرچوو بوو لەبەردەم گەز گەز دا لەنزیك حاجی ئۆمەران ناردیان دووشارەزا لەحاجی ئومەران هاتن و کەوتنە پێشمان تا ڕایات لەڕایاتیش پشوویەکمان دا ومن لەماڵی مەلا یا حاجی مەلا شێخ محەمەد بووم و پرسیاری لێ کردم و ووتی : ئەگەر کاك دکتۆر خالید تان لەگەڵە بابیبینم .. منیش ووتم لەگەڵمان نییە .. کەچوومە دەرەوە بەکاك خالیدم ووت : کەشتێکی وابووە ووتی : ئەوە شێخ محەمەد بەنیازە حەز دەکات بێتە دەرەوە .. منیش چووم پێم ووت و هات بۆ لای یان ئەم چوو بۆ لای ، لەڕۆژی 4/20/ 1978 چووینە گوندی مامە خەلان کەکۆن بەندیخانەبووە ئەوەی شارەزا بوو باسی ئەوەیان دەکرد کە ئێرە بەندیخانە بووە و ماڵی محەمەد ئاغای مێرگە سوور و فاخیر هەمووی لێرە بوون لەڕۆژی ئاشبەتاڵەکەدا

کوشتیانن کەلەسەرەمەرگی شۆڕش بوون هەر خەڵکیان کوشتووە .. خالید ئاژاگەی بەرپرسی بەندیخانەکە بووە و مـن ئاگـام لەوانـە نـەبوو ، دوای نیـوەڕۆ چـوینە گونـدێکی کـۆن لـەنێوان خـەلان و ڕایـات نـاوی ناوەنـدە بـوو سەرکەوتین بەپشتی ڕایات بۆ گوندە ژوور و بارەگای کەرتێکی هەرێمی 9 ی شەهید ئەحمەد فەقێ ڕەشی لـەوێ بـوو .. حـاجی کـەریم و ئەحمەدسووراو ئەحمـەد کەشـخە خۆیـان لـەوێ بـوون و لـەوێش نەوەسـتاین بەهـەڵگورد یاحەسارۆستدا هەڵگەڕاین و بەرامبـەر چۆمان دیـار بـوو بـۆ دەمـەو مـەغریب درەنـگ چووینە بـەردەم گرتك و ( مەرکـەزی حـەرەس حـدود ) ی لێبـوو تەقـەیان لێ کـردین .. پێشمەرگەیەکیش خـەڵکی ( وەڵـەسمت ) بـوو نـاوی گـەرمی پیـا ڕژابـوو لەسـەرمادا قاچـی سـووتا و زۆر ئـازاری چێشت نـاوی غـەریب بـوو .. ئـیتر ئێمـە لەوکاتـەدا تەقەمان نەکردو چووینە خوارەوە بۆ ئاشەکەی نێوان ڕۆست و گوندەکانی خـوارەوە بـەرەو بێشە وگـەرووی عومـەر ئاغـا ، لـەوێش کـاك ئەحمـەد فـەقێ ڕەش لـەڕۆژی 4/21 دوای نیـوەڕۆ پێشوازی لێ کـردین و هـەرێمەکـەی نزیکەی 80 کەس لەوێ بوون ، بەڵام زۆری بێ چەك بوون ئیتر ئەو لەوێ خانە خوێ بوو .. ڕۆیشتین بۆڕۆست و دابەش بووین ( ڕۆست ) گوندێکی گـەورەی چـوار سـەد مـاڵی بـوو ، جێگایـەکی خـۆش و ئـاودار و بـاخی میوەی زۆری هـەبوو ، یـەکێك بـوو لـەجێگا گرنگـەکانی کوردسـتان .. ئێمـەش لـەماڵێك بـووین کاسـێتی گـۆرانی کـاوێس ئاغای بۆ لێ دەداین و باسـی شـۆڕشـی شـێخ مـەحمودی دەکـرد تـاو ناتـاوێ ژنـی ماڵەکـە بـۆی شـی دەکردینـەوە ، بەیانی زوو دەرچووین بەرەو برادۆست و بە جادەیەکی خاکی پێیان دەوت : بـۆ بلـە دەڕوات .. ئێمـە ڕۆیـشتین و هەنـدێکش لەهێزەکـەی کـاك ئەحمـەدمان لەگـەڵ هـات ، زۆری بـۆ شـارەزایی ئـەوڕۆژە لەئەحمـەد ئـاواوە (4–5) گوندی بچکۆلەش لەودیوی ڕۆسـت و سـەردەکەوتین هـەبوو دەیـان ووت حەمیـد فەنـدی زۆری لێرەیـە و دەدوانـزە چەکداریکن ، وڵاخمان پێ بوو لەبەر ئەوەش لەجیاتی بێ سیم بۆ هەریەك دەکرد واتـە بـەڕێز مەسئولی لـە دوواوە دەیوت : دانیشن یان بڕۆن یان لەفلان ڕێگاوە بڕۆن بەو شێوەیە قسەکە دەگەیشتە پێشەوە زۆر جار پێشمەرگە تاقـەتی نـەبوو بیگەیـەنێ و دەیـان ووت جیهازیـشمان پـێ نیـە و دەوری جیهـازیش دەبیـنن ، زۆر بەزەحمـەت گەیشتینە بیرکمە و خۆمان دادەنەواند تا مەرکەز و پۆلیس نەمان بینن و تا بەهەر حاڵ گەیشتینە گونـدی بیرکمـە و ماڵی حاجی عبدالله خزمی ماڵی شێخ ڕەشید لۆلانی یا کوڕی بوو یا بـرای حـاجی محەمـەد مـن و کـاك دکتـۆر خالید و یەك دوو کەسی تر لەوێ بووین ئێوارەکەی پێشمەرگەیەکیش شـەو تەقەیان کردبوو ، ناوی سـەرکەوت بوو وابزانم ئێستا پارتیە، ئەو کات کاك شێخ عەلی لە جێی کاك نەوشیروان بـوو بەفەرمانـدەی هـەرێمی سـێ ، تا ئەو کاتەش کاك نەوشیروان ناحەزەکانی لەکۆمەڵە و لەبزوتنـەوە ڕێگایـان نەئـەدا بچێتە ( م.س ) ی یەکێتیـیـەوە بەڵام مام جەلال هەوڵی ئەدا قەناعەتیان پێ بکات یا ووتو وێژیان لەگەڵدا ئەکات تا شەهید بوونی کاك ئارام ئیتر لە 1978/1/31 و دوای ئەوە کاك نەوشیروان بەماوەیەك کۆبوونەوەکانی دەست پـێ کـرد لـە (نۆکـان) بـوو ، بـوو بە( م.س ) کاك سالار و کاك نەوشیروان کۆمەڵە بوون کاك عەلی و کـاك تـاهر بزووتنـەوە بـوون ، بـەڵام وابـزانم هـەر ئەو جارە ئەو چوارە کۆبوونەوەیان پێکەوە کرد هـەتا دوای شـەهید بـوونی کـاك ئـارام کـاك مـەلا بـەختیار و کـاك سـالار ڕازی نـەبوون کـاك نەوشـیروان ببێتـە ئەنـدامی ( م.س ) بـەڵکو دەیانویـست کـاك ئـازاد هـەورامی ببێـت بەئەندامی ( م . س ) ، بۆ هەکاری کاك عەلی و کاك تاهیر ڕۆیی و بە سەریدا هات و دوای ئەوەش کاك قادر عەزیز لەسەر داوای مام جەلال بوو بەئەندامی ( م.س ) مام جەلال ڕەئی وابوو کە کاك قادر ئـەگونجێ لـەناو برادەرانا ، کاك قادریش هـەر زوو کێشەی دروسـت بـوو لەگـەڵ م.س و لەگـەڵ مـام جـەلال و هـەروا مایـەوە تـا جیابوونـەوەی لەبیرمە لەگوندێك بوین بڕیار درابوو کە زوو دەربچین لەو گوندە من و کاك خالید کە خەوتبووین لەگەڵ جەوهەری برای و وابزانم کاك شێخ عەلی یا کاك ڕەوف بـەگ لـەوێ بـوون و لەدەوروبـەری سـەعات 12ی شـەو بەفرێکی زۆر

باری دنیا شەو بوو سایەقە و سارد بوو ، پێشمەرگەیەکی پاسەوانی کاك خالید لەو کاتەدا حەرەس بوو ناوی عەلی بوو خەڵکی کۆیە بوو دەنگی شەش حەوت تەقە هات و هاتینە دەرەوە عەلیش هاواری کردوو بەئیشارەت وەکو لاڵ قسەی بۆ دەکرا تومەز پێکراوە و فیشەکی تەقەکانیش بەر میزەڵدانی و سکی کەوتبوو هەرچی گەڕاین نەمانزانی کێ بوو تەقەکانی کردبوو ، دوای ماوەیەك عەلی گیانی سپارد ، لەوێش بڕیاردرا تەرمەکەی لەوێوە لە ڕێگای ئەو ماڵەی لێی بووین بیشارینەوە و بینێژین ، ئەمەش ئەقڵ نەیدەبڕی کەلەو مەرکەزەوە پۆلیس هاتبێت و تەقەی کردبێت ، چونکە هەر لەپەنای مەرکەزەکەوە تا دەگەیشتە ئەو ماڵەی ئێمەی لێ بووین هەمووی پێشمەرگە لێی دابەش ببو ، تەنانەت باڵندەش بە ئاسانی لێی دەرنەئەچوو ئەو کەمین و دابەش بوونە ، هەتا کاك عوسمان قادر منەوەر و کاك نەبەز تەوزیع ببون لەماڵێك لەپەنای مەرکەزەکەدا .. کاتێ لەشارباژێڕ بوون ململانێی یەکتریان دەکرد ، لەسەر فەرماندەیی هەرێمی 3 ، عوسمان خۆی بەشایستە تر دەزانی و ئەیوت لەیەکەم مەفرەزەوە من فەرماندەی مەفرەزەم ، کاك هەژار و جوتیار ( کاك فواد ڕەش و کاك صباح یاسین ) کادرێکی شارەزاو لێهاتو بەتاونا بوو ، ڕابەری سیاسی بوو ، سەرەتاش دەبوو قسەبکرێت بۆ گوندەکان بۆیە شەوێك لە گردەدێ و نۆدێ و ئەوانە قسە دەکەن بۆ جەماوەری گوندەکان ، دوایی قسەکان کاك فوئاد .. ئەڵێ : ئەوا کاك عوسمان وەکو بەرپرسی عەسکەری قسەتان بۆ دەکات .. لەو کاتەشدا هیچ نابێت باسی لێوە بکات و ئەڵێت ئەو دار و درەختە مەبڕن و کوردستان بەدارەوە جوانە .. وادیار بوو ئەو کاتە پێشمەرگە لە جێگای وادابوو گەڵاداری بەخۆی دائەپۆشی ئەوەندە داری پێویست بوو . شەوی دواتر دەچنە چنگیان کاك فوئاد باسی دارەکەش دەکات و دەڵێت ئەوە کاك عوسمانیش قسەتان بۆ دەکات .. کاك عوسمانیش دەڵێت : کوڕی باش هەر دارەکەم هەبوو باسی بکەم تۆش باسی دارەکەت کرد و ئیتر من باسی چیان بۆ بکەم ! دیسانەوە جارێکی تر کاك فوئاد دەڕوات بۆ ئیجازە دەڵێت کاك عوسمان ئەوە کاك صباحی برام لەجیاتی خۆم ڕابەری سیاسیە هەتا دێمەوە : ( کاك صباح) لێرە دەبێت ، ئەڵێ باشە من گوناهم چیە دوو ڕابەری سیاسیان بۆ داناوم ئەوکاتە مەسئولی عەسکەری زۆر دژی کادری سیاسی بوو بۆیە کاك عوسمانیش بەغەدری ئەزانی کەلێی کراوە ئەڵێ من گوناهم چیە دوو ڕابەری سیاسیتان بۆ داناوم ، شتی واهەیە ، کاك هەژار و کاك جوتیار برابوون و پێکەوە دوو سەعات زیاتر پیاسەیان دەکرد چونکە دوو براش هەروا تاقەتیان نیە زۆر شت باس بکەن ، ئەوکاتە کاك عوسمان و کاك نەبەز و کاك مستەفا هەرسێکیان لیژنەی کەرت بوون لەشارباژێڕ بەڵام هەرسێکیان دژی یەك بوون لەسەر کەرتەکە .. کاك عوسمان بزوتنەوە بوو خۆی بە موستەحەق دەزانی چونکە لەکۆنەوە هەر لەشارباژێڕ بوو کاك نەبەزیش کۆمەڵە بوو ئەویش خۆی بە موستەحەق دەزانی کاك مستەفا تازە لەدەرەوە هاتبووەوە ئەویش خۆی بەموستەحەق دەزانی هەرسێکیان ڕەفیق بوون .. ڕۆژێك کاك هەژار و کاك جوتیار پێکەوە پیاسە ئەکەن .. کاك عوسمان دەڵێت مستەفا .. نەبەز .. ڕۆڵە وەرن باپێکەوە پیاسەیەك بکەین لەداخی ئەو دوو برایە کە نەمدیوە دووبرا پێکەوە ئەوەندە قسەبکەن ئەوە لەدژی ئێمە هەردووکیان سێ سەعاتە پیاسەئەکەن .. کاك نەبەزیش بریندار بوو لەشەڕی دۆڵی جافایەتی و لەگەڕەدێ ، خۆی بەفەرماندەی کەرت دەزانی کاك مستەفاش لەدەرەوە گەڕابوە وە و ئەویش خۆی بەموستەحەق دەزانی لەبەر ئەوەش کەسیان نەبن ، خۆی ، عوسمان لەمستەفا موستەحەق تر بوو ، لەبەر ئەوە بزووتنەوە بوو نەیان دەکرد و ئەویان دەکرد کاك مستەفا و کاك نەبەزیش ( مەحمودی جگەر ) ناکەن و کاك شێخ عەلی ( خولە کەشکۆڵ ) یان کرد بەئامر هەرێم بەڵام بۆ سەفەری هەکاری کاك عوسمان و کاك نەبەزیان نارد بۆ هەکاری چونکە ، کاك مستەفایان بەمولکی کۆمەڵە ئەزانی نەتیجەش هەروا دەرچوو بۆیە کاك مستەفایان لەشارباژێڕ بەجێ هێشت و کاك شێخ عەلی موباشەرەی نەکرد لەهەرێمەکەی و

بردیان بۆ هەکاری ، بۆ ئەوە تا ئەو دوو سێ مانگە ئەگەڕێنەوە کاك مستەفا جێگر ببێ و قەناعەت بەو پێشمەرگانەش بکات کە ئەو مەسئولیان بێت ئەویش هەروا دەرچوو .. هەر بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە هەوڵ بدات جێگای خۆی بکاتەوە لەناوچەکە و لەناوپێشمەرگەدا شێخ عەلیش دەیوت ئەوەی بزوتنەوە بێت سەرکوتی بکەن لە هەرێمەکەدا هەر ئەو شەوە تەقەمان لێکرا لەبیرکمە، هەرکەس دەیویست لەخۆی دوور بخاتەوە یان لەهەرێمەکەی دەیانوت لەوانەیە هەر پێشمەرگە تەقەی کردبێت لەحەرەسەکەی دکتۆر خالید یەکێکیش دەیوت لەوانەیە پۆلیس بێت و شەو خۆی شاردۆتەوە .. بەڵام من و کاك دکتۆر خالید پێکەوە لەماڵی حاجی عبداللە دانیشتبووین بەسەعاتێ دوای شەهید بوونی عەلی .. کاك شێخ عەلی هات بۆ لامان و بەهەلی زانی و بەکاك خالیدی ووت : من گومانم لە سێ پێشمەرگەی هەرێمەکەی خۆم هەیە ، کەیەکێکیان ناوی سەرکەوت بوو ئەو دوانەکەی کەم لەبیر نییە ، چون و چەکیان کردن و فەحسی چەکەکانیان کردن ئەوان نەبوون و بەردران .. وادیاربوو ئەو ڕۆژە سەرکەوت تەقەیەکی کردبوو بەچەکەکەی و دەیویست سوود لەوە وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش لەوێ نەمێنن .. ئەوەش بوو بەهۆی دڵشکانی ئەو پێشمەرگانە و زۆربەی هەرێمی (3) ، من زۆرم لا سەیر بوو کاك شێخ هات مشکیلە بۆ خۆی و هەرێمەکە دروست بکات بۆیە دوایی تێیان گەیاندم کە مەوزوعەکە چۆیە .. لەشەوی 21-1978/4/22 علی شەهیدبوو لەگوندی بیرکمەی برادۆست لەنزیك لۆلان ..

لەرۆژی 22/ 4/ 1978 بەرێ کەوتین بەدرێژیی دۆڵی لیتان بۆ دۆڵی لای شوشان و کەندەکەوە و شووشانی خواروو .. من ئەو شەوەی 22-4/23 لەگوندێك بووم ناوی گورە سێو بوو ، هەر ئەو ڕۆژە تەیارە هاتە سەرمان و بەڵام بێزیان بووین و چەند جارێکیش تەقەی لێ کردین .. بۆ ڕۆژی 23/ 4 چووینە گوندەکانی ملایان و گلان گەردی و جورجان و شێخان لەو ناوە دابەش بووین .. من چوومەوە بەرەو ماڵی خانە خۆیی ساڵی پار لە (سۆفی حەسەن) کە نزیکەی دوومانگ لەوێ بووم بەمنیان دەوت حاجی عبداللە ، من و برادەرەکانمان بە بەگەرمی سڵاومان کرد .. ئەویش هەوجاری چاك دەکردوو سەری هەڵبڕی و وتی ها ئەوە ماینە .. هەموو موجامەلەکەی ئەوە بوو ، ئەو هەموو شەڕو هەرایەو خەڵك تیاچووە من ماوم . هەپەی دەتاشی .. جوود کەکۆن و ئێستاش لەهەندێك ناوچەدا بەگا و هێستر و کەریش لەگەرمیان و لای کفری و کەلار جووتی پێ دەکەن ، ئەوەی جووتی پێ دەکرد دووگا و گوێرەکە نێر و پارێنە بەسێ ساڵ دەبێە گا بۆ جووت کردن بکەیت بەچوار ساڵیدا ئیتر بۆ جووت دەست دەدات و دەبێت بیخەسێنێت بۆ ئەوەی هەم دڵی دەمرێت و بەدوای مانگادا ناڕوات بەهێز دەبێت بۆ جووت کردن . لەگەرمیانیش هەر لە دوای دەڕۆن ، گەنم لەمانگی ئابەوە جووت دەست پێ دەکات ، بەڵام لەناوچە کوێستانیەکان یاشارەزوور و زۆر جێگای کەتاباران پەڵە نەدات و ببارێت ئەوە جوود ناکرێت .. گا جووت لەکۆندا گەلێك جێگای ڕێز بوو بۆ جوتیار بەتایبەتی .. جوتیاریش بەو کەسە دەڵێن کە هەڵدەسێ بۆ ئیشی جوتیاری لەدانەوێڵەوە تا دەگاتە کشتوکاڵی لە سەر ملی گاکە نیلە یا نێڵە بەو نێڵە 4 کونی تێدایە و داری بلاکۆك یا هەرداریێك گەرم و دەیچەمێننەوە هیلالی لەناو نیلەکەوە دەری دەکەن بۆ ملی گاکە و لەخوارەوە بەبەنێکی قایم پێی دەڵێن بەن کە ئەمەش دەیبەستن لێی و یا نەوك لەنیلەکە و لەکەلەمەشی دەگرن بۆ ئەوەی ملی گاکە ئازار نەدات لەناوەڕاستی نیلەکەدا داریەك هەر بەنیلەکەوە یە بەرزە بۆ جیاکردنەوەی حەبل یاگوریسێکی قایم زیاتر بەکار دێت ، نیلە و لێژان بەربەیەکەوە دەبەستێتەوە و وێژان بەر بەسەر داریکەوە دەیچەمێنن ، لایەکی دەیبەستنەوە بەبزمار لە یەکی ئەدەن کە جیا نەبێتەوە .. دارەکەی کەمیلی ئەستوورە بەرگە بگرێت و گا و هێسترەکە یا هێسترەکە یا چەند جار دەیبەستنەوە بەیەکەوە لەناوەڕاستی وێژان بەرەکە پێی دەڵێن پاڵەوانە و وێژەکان دابەش دەکرێن لەسەر هەردوو دیوی نیلەکە ئەگەر گایەکیان لاواز بوو تاکێك

دەخەنەوە سەر ملی گا بەهێزەکە بۆ ئەوەی بەرامبەر بێتەوە ، ئەوەی مژان و ویژان بەرەکەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە گا ئینجە یە گا ئینجە هەپە بچووکە بەڵام کەمێك خوارە بۆ ئەوەی دەرنەچێت مژان لەگەڵ ( هێرق یا هێش یا هەوجار ) هەرسێکی پێ دەڵێن بۆ چاکردنی ماین یا نێرە کەر بەکار دێت کە ئەڵێن نێرەکەر هێرق بووە .. یا ئامادەیە ! ئەوەی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە هەپە یە مژان و هێش کونی تێدەکرێت 20 سانتیمەتر درێژی و (5) سانتیمەتر پانە بەقەدەر هەپەکە لە ژێرەوە لێی ئەدەن لەجیاتی شفت وشتی وا بەکاردێت ، ئەگەر پڕاو پڕ نەبێت بەرکۆڵەی لەدار و لاسیکی بۆ دادەنێن لەجیاتی واشەر بەرکۆڵە و لەسەرەوە بەلوجە لەباتی پیم چمکی لێدەدەن تا نەکەوێت . هەپە و بە رکۆڵە و مژان بەلوجە و گانجینە هیشی و دەستەکەوشە و بەد دارەو ماین لەپشتەوە لەهەوجارەکەی دەدەن دەستی پێوە دەگرن و پێی دەڵێن دەستەکەوشە یا کەوشی دەست ! جێگای دەستی بۆ کراوە کەوشەکەش زوانەی هەیە و وەکو ژمارەی حەوتی لێ دێت زیاتر (7) ئینگلیزی، گاسنی بازنەیی هەیە و بۆ ئەوە لە زوانەی هێشکە دەرنەچێت و ئەگەر کول بوو یان لە دوای ئیش کردن چووە کار.. بەرینیا دەکرێتەوە واتە لووتکەی تیژو یا ئاسنی زیادەی تیژی بۆ دادەنێن، بەڵام بە تەورو پاچ و شتی کە دەڵێن دەمە زەردی دەکەنەوە بەو دەڵێن بەرنیابە تەنیا ئەوانە لەگەڵ زەلامە جووتیارەکەدا چی پێ دەکرێت، جا ئەوە بە کەرو گاو هێستر.. بۆ کەرو هێستر شێوەی نیلەکە دەگۆڕدرێت ئەوەش بۆ جووت سوودی لێوەرگیراوە. ئێستاش تراکتۆر بۆ هەمان مەبەست لە زۆر ناوچە سوودی لێوەردەگیرێت بۆ چیاو بەردەڵان و ڕێگای ناخۆش یان هێڵ دەکێشن، زیاتر لەکاتی تۆودان دا سەرگاو خوان هەیە، قسەیان بەکێ بوەتایە لە کوردەواریدا دەیان ووت: دەمی بەقەد سەرگاو خوانێك دەبێت. زەویەك کە نەکێڵا بێت پێی دەڵێن بورە.. دوای بورە وەردی دەدەنەوە، وەرد دەبرن دای دەچێنن یا شیفی دەبڕن شەر لە شیڤ نەك لە خەرمان واتە هەر لە کاتی دەست پێ کردن قسەبکرێت نەك لە کاتی حاسڵات واتە پێ گەیشت، گەنم و جۆ زەرات و (گەنمەشامی) نیسك و (هەرزن) خۆشزە... کەتان و پاقلەو زۆر شتی کە دەکرێت لە کشتوکاڵیش لۆکە . (پەمو) و گوڵەبەڕۆژە و شووتی و تەماتەو ترێ گەرجی هەموو شتەکانی کە، کە گەنم پێگەیشت دەڵێن سەوز بوە یان شین بووە و یا قەسڵ قەرسیلیش باران بە باران زەوی ئاو دەدەن.. دەڵێن : ئاوە ئاوێژە زوو پێی دەگات بۆ کار و بەرخ و مەڕی ئاوس پێی دەڵێن قەسیل بەرز بوو بەگەنم دەڵێن خشت بووە، دانە گوڵی کردووە یا لە گوڵ کردندا یە ئەگەر ساڵی باران بێت ژەنگ لێی دەدات و دەکەوێت و زەرەری لێ دەکەوێت و ئەگەر کاتی گوڵ کردن هەوری سپی پڕ بێت لە ئاسمان ئەوا تووشی نەخۆشی و گوڵەکەی دەپووکێتەوە گەنمەکەی ئەگەر کەم باران بێت بە تایبەتی لە گەرمیانەکان ئەوا نابێت یان ڕێژەی کەم دەبێت ئەگەر ناوەند بێت ئەوا باش دەبێت ئەگەر باران زۆربێت ئەوا لە گەرمیانەکان گەنم باش دەبێت، هەرساڵێك گەنم باش نەبێت دەڵێن: ساڵی نەهاتە . یان ساڵی نەهاتەکە لە کۆندا زیاتر ئەگەر باش بوو ئەڵێن ساڵەکەی هاتە و مادام نان هەبێت هەموو شت هەیە و جوتیار بەرچاوی تێر و ڕوون ئەبێت، گەنم پێ گەیشت دەڵێن وەختی دورینە بەدەوریا دروێنە لەکاتی دەرودا کۆڵێکیش دەکرێت تا 15 کەس و گۆرانی خۆی هەیە لەگەڵ گەنمەکە و درەوەکەدا دەگونجێ وەبەداس و دەسکەوانی هەیە دەیان کەنە دەست بۆ ئەوەی دەست بریندار نەبێت .. پڕی پێنج پەنجەکەی پێیان دەوت : پڕی دەست .. بۆچی وای پێ دەڵێن ؟! سواڵە ، چەند سواڵەیەك ملۆ و چەند ملۆیەك دەبێتە کۆڵێك .. کۆڵ کێش دەکەن .. کێشە بەکۆڵ بۆسەر شارا چەند کۆڵێك دەبێتە شارایەك و چەند شارا دەکێشن هەر کێشەی دەوێت و پێی دەڵێن : خەرمان ( شەڕ لەشیف نەك لەخەرمان ) خەرمان یا لەجێگای بووە قایم و ڕەق بێت ، زەوییەکەی یا ئاو پژە ئاوی دەدرێت و دەی کشێن دەکرێت پاشان گێرە دەکرێت و کێشە و گێرە ناخۆشە لەکوردەواریدا دەوترێت : تووشی گێر و کێشە بووم یا بۆ خۆت

تووشی گێر و کێشه دەکەیت .. گێره بە 3 گا تا دەگاته 10 گا دەکرێت ، ماین و کەر و هێستریش بەکار دەهێنرێت .. بۆ گێره دەبێت گای بنه و سەر پەڕ هەردووکیان فێر کرابن و شارەزا بن بەتایبەتی گای بنه .. دەتوانێی گێره تێك بدات و گێرەکه بشێوێنێ .. گای بنه دەبێت بەهێز و شارەزا و گای سەرپەڕ بەقاچ و کوڵ و خێرا بێت .. دەور دەداتەوە بەگوریس هەموویان دەبەستن بەیەکەوە نابێت گوریس توند بێت .. دەبێت یەکێ شارەزا بەبەستێ و سەرەتا قرچە شێکی و پاشان ووردە کوت و تا گەنم و کا لەیەك جیا دەبێتەوە هەرچی هەیه لەژێر سەری گای بنەدایه ، پاشان دەیکەن بەتارم بەسیلکه و شەن کۆی دەکەنەوە چەند کاسه شەن .. کاسه شەن زیاتر بۆ کاتی سوور بوون گەنم بەکار دێت 4 پەنجەی هەیه بەڵام شەن شەش پەنجەی هەیه .. تارم و دەوست و بەدرێژی داری بارکی بۆ دا دەکوتن .. داری باریکی دار تارم زیاتر دوای نێره و شەو دەکرێت هیواش هەیه پەلەیەتی ڕەشەباش بوو یا لەهەر لایەکی با هات ئەو شەنی خۆی دەکات .. لەکوردەواریدا بۆ کەسێکی زرووفی(کاتی) بەکار دەهێنرێ .. لە هەر کوێ وە باهات لەوێوە شەن ئەکات .. کە جیا دەبێتەوە دەبێته تارم و گەنم دەبێته سوری خەرمانەکه و دەکرێ سەرکوتەڵ یا سەر کوزەرەکەی دەگرن و دوایش دەیکوتنەوە ، یا بەدار و مێکوت ، چونکه گەنمی پێوە ماوە یا گەنمی گا جووت هەڵی دەگرن دوای ئەوە پێوانەی دەکەن یائەگەر ئەو ڕۆژە هەڵی نەگرن و خاوەن مڵك یا سەرکار دەهات دیاری دەکرد خۆڵی ناو ئاگردانی یا خۆڵەکەوە یا خۆڵەمێش لەدەوی پێیان دەوت شقڵی لێ داوە ، یا مۆری کردوە دەست کاری بکرایه دەیزانی ژمارەی دەست پێ دەکرا .. یەك ، یەك هەر خوایه و دوو باسی نەدەکرا ، چوار یاری نەبێ دەبێ وادەست پێ دەکرا و دەکرایه مۆر لەبەن دروست دەکرێت لەجەواڵ لەمووی بزن دروست دەکرێت یاگونی یا گیوونوو .. بەدارێکی دڕکاوی لەکوێستانەکان هەیه پێی دەڵێن گوینی و کتیرەی لێ دەکرێت ، گەنم دوای تەتەڵە بێژینگ دەکرێت ، تەتەڵە بەسینی بێژینگ بەدار و چەرم و کونی تێدایه و گۆتەیەکی کوردەواری خۆمان هەیه دەڵێت : (( بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت )) . کوتەڵ بەکەسێك لەکۆنه کە دەمرد ڕەسمی ئەو کەسه لەدار بۆیان درووست دەکرد و جلەکانیان لەبەر دەکردوو سواری ماینیان دەکرد و لەچلەیدا دەیان گێڕاو پێیان دەوت کۆتەڵیان بۆ کردووە بە سەر گوزەرەی گەنمیش ئەڵێن کۆتەڵ دەڵێن مروەر لێی ئەدات ..مەرزەش شرا لێ ئەدات ئەگەر هەور گەرما بوو پێی دەڵێن بۆق یا گرە گەرما بۆق بە قورپۆق دەڵێن .. گەنم و مەرەزە و دانەوێڵە بە گشتی بژار دەکرێت .. بژار زۆری بەدەست یا بەداس دەکرێت .. بژار ئەوە یە لەڕیشەوە دەردێ .. پاچەکوڵەش بۆ کشتوکاڵ بەکار دێت ، توتن و پەموو شتی کە .. کاکەی دەکرێتە کایەن یا کادان کە هی خۆت نەبوو کایەن هی خۆت بوو .. یەکێك زۆر بخوات وای پێ دەڵێن ، ئەو چەند ڕۆژەش لە دۆڵیخواکوڕك بووین و داوایان لەمن کرد بۆ گوندێك ( کە ناویم لەبیر نەماوە) لەوێوە کانی ڕەش و دەشتی بەراز گر دیار بوو لەبەر ئەوەی ترسی هێرشی عێراق هەبوو ئێمە ئەو هێزە تەنها ئەو شەهیدەمان هەبوو ، ئەو چەند ڕۆژە حەساینەوە لەو گوندانە وچاوەڕێ ی هێزی دووەم مان دەکردو زۆر بەپەرۆشەوە بووین هەواڵمان نەدەزانی پەیوەندی نەبوو، لەڕۆژی 1978/5/11 چاومان لێ بوو فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بەرەو ناوچەی سالاری‌یە و خڕێنە دەڕۆیشت ، ئێمەش ووتمان پێ دەچێت هێزەکە هاتبێت بۆیە فڕۆکە هاتووەتە ئەو ناوە و بەئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕایەوە .. لەڕۆژی 1978/5/12 هێزەکە بەپەراگەندەیی گەیشتە لامان .. ئێمەش نانمان بۆیان ئامادە کردبوو کە هێزەکەش هات زۆر ماندوو بوون .. لە هێزێکی شکاو و ڕوخاو دەچوون ، لەپشتی جورجان و ئەو ناوە بە ماندووی لێ کەوتبوون و و تبویان هەوڵ بدەین هێزەکە بکەوێتە ڕێگا .. هێزە ماندوەکەش بۆ ناو تورکیا چوو بوو بۆ پشوو دانیان .. لە ڕۆژی 1978/5/12 ئەو هێزەی کە پێشتر باسمان کرد گەیشتە لامان کە لە ڕۆژی 5/1 لەقەندیلەوە بەڕێ کەوتبوون کە

پێشتر بەنیاز بوون بە ئۆتۆمبیل لەئێرانەوە تا نزیك كێلە شین بێن ، بۆ ئەوەش هەوڵێكی زۆریان دا لەگەڵ بێجان جندی و مینە كوپەیی خەڵكی زێوەی لای كۆنە لاجان ساواك بوو لەگەڵ براكەیدا ، هەرچی هەواڵیّ بوایە دەیانگەیاندە ئێران و ساواك ، ئێرانیش هێزەكانی خۆی هێنابووە ئەو ناوە بەهۆی ڕێكەوتنەكەی جەزائیرەوە لیژنەیەكی هاوبەشی ( عێراق – توركیا ) ش هەبوو بۆیە فڕۆكەی عێراق و ئێران و توركیا دەهاتنە سەرمان و سوپای عێراق و ئێران جەندرمەی توركیش دەهاتنە سەرمان ، هێزەكان ماندووبوون كاك عەلی و كاك تاهیر و كاك ملازم عومەر و تالیب ڕۆستەم و شێخ جواد وابزانم كاك ئازاد هەورامیشیان لەگەڵدا بوو . لە پشتی خانە ماندوو ببوون لەلای زێوە و ماشكان شێنیەكان و محەمەد وەتمان و هەموویان خۆیان لەهێزەكە شاردبۆوە گەڕابوونەوە بۆ شێنێ و نەچووبوون بۆ ئەویّ .. هێزی سێیەمیش مام جەلال و ئەوان لەو دۆڵەی تیابوون لای قەندیل و لای جەڵدیان و شوێنەكانی كەش هەندێك پێشمەرگە چووبوون بۆ نان هێنان ، ئەوانیش ئێران گرتنی ، لەوانە ( كاك ئەنوەری مەجید سوڵتان و كاك جەمالی حەمەی خواكەرەم پێنجوێنی)، لەكێلە شین لەو چیایە ڕەشماڵێك پڕ بوو لەئازووقە هێزەكە زۆر هیلاك دەبێت لەوە دەچیّ تیا بچن ئەیانەویّ بگەڕێنەوە بۆیە ڕێگەیان ئەكەوێتە ئەو ڕەشماڵە .. كاتێك ئەو هەموو ئازوقەیە دەبینن ڕۆن و ئارد و شەكر لەویّ ئەحەسێنەوە و دیسانەوە تەماح دەیانگریّ و دیسانەوە درێژە بەڕێگەكەیان دەدەن .. لەوە ئەچیّ ئێران خۆی ئەو ئازووقەیەی لەویّ دانابیّ چونكە تاقە ڕەشماڵێك لەو شوێنە چۆڵە كە ئەو هەموو ئازووقەیەی بۆ چی‌یە كەبەشی ( 500) كەس بكات و هێشتا لێی ماوەتەوە لەبەر ئەوەش ئێران دایناۆیّ بۆ ئەوەی هێزەكە زیاتر بڕوات و بەرنامەكەی عێراق و ئێران و توركیا تێك نەچیّ .. چونكە لەمانگی چوار و پێنج مەڕ و ماڵات لەو ناوچەیە ناژیّ چونكە هەمووی بەفرە وە ئەو هەموو ئازووقەیە هی شوانێك نەبووە، لەوێوە سەركەوتبوون بەسەر كێلە شین بۆ دۆڵی خڕێنە و سالاری كە تازە لە سوپای ئێران و تۆپ باران ڕزگاریان ببو .. لەسەر كێلە شین یش پێشمەرگە لەبرسا و سەرمادا مردبوون و بەجیّ مابوون و هەر گەیشتوونە خڕێنەش لەڕۆژی 4/11 زیاتر لە 20 هەلیكۆپتەری عێراقی ڕێك چوو بووە سەریان و لەبەرزاییەكانیشدا سوپا دابەزیبوو بۆیان و فڕۆكەكانیش بۆردومانی دۆڵەكەیان كردبوو كە لەپاشاندا هێرشیان بۆ كردبوون هەلیكۆپتەریش هەراسانیانی كردبوون .. پێشمەرگەش ماندوو ببوو لەبرسان و كەم خەوی و لەسەرمایە ڕزگار ببون و گەیشتبوونە جێگای تەرو لەبەفر دەرباز ببون هەر لەناو دۆڵەكەدا و سەر لەبەیانی وایان بەسەردا هاتبوو فڕۆكە و سەرباز بۆیان دابەزی بوو كەنەیان زانیبوو فڕۆكە لێی داون كاك ملازم تاهیر بریندار ببوو ، كاك ئەنوەری سەعید بەگ هەموو گیانی پڕابوو هەر لەوێدا دابویان بەماڵێك و خزمەتیان كردبوو لای خۆیان شاردبویانەوە تاچاك ببوەوە و لەوەشدا ڕزگار ببوو لەمردن گەڕابوەوە پاش ساڵێك .. شەهید مەحمود زەردویی بریندا ببوو شێخ شەعبان شەهید ببوو كە لەگەڵ مامۆستا تالیب ڕۆستەم بوو ئەو كاك ( عبداللەی مەلا) هونەرمەند و دەنگ خۆش بوو ، كوڕی مەلا پێنجوێنی مەلا ئەحمەد شاعیری قازی پیچنجوێن بوو .. كاك عبداللە شەهید بوو لەو ڕووداوەدا .. شێخ كامل سەركانیش بریندار ببوو .. جگە لەوەی هەندێكیان تەسلیم بەعێراق بوو بونەوە .. شێخ كامل پیاوێكی ناسراوی ناوچەی شارباژێڕ بوو بەبیروباوەڕ پارتی بوو .. بەڵام لەبەر ئەوەی خزمی كاك عەلی بوو لەبەر ئەوە بوو بوون بەیەكێتی و ئەو بارودۆخەش هاتە پێشەوە ڕۆیشتەوە و تەسلیم بووەوە بەڕژێم .. هەرچی لەپاش ماوەی هێزەكە بوو لەگەڵ بریندارەكاندا گەیشتن و ئەم هێزە ماندووە هێشتا نەحەسابوونەوە لە 5/13 /1978 جارێكی كە هێزی عێراق هاتە سەرمان و بە هەلیكۆپتەر لەهەموو لایەكەو لێیان داین و زیاتر لە 22 هەلیكۆپتەر بوون .. ئێمەش لەو گوندە بووین لە بەرزاییەكەدا بەرامبەر بەجورجان یا ڕۆژئاوای جورجان بەدرێژایی ئەو ڕۆژە فڕۆكەی هەلیكۆپتەر لێی داین ، هێزەكە بەرەو

گوندەکانی گارە و ماسی ڕۆو گلی شمەی تورکیا بەڕێ کەوت کە پێشتر بڕیار بوو بڕۆیشتنایە ئەو ناوچەیە بڕیار بدەن ئەو ڕۆژەش نەوزادی حاجی عبدالرحمن خەڵکی سلێمانی بوو ماڵیان لەچوارباغ بوو شەهید بوو ، لە هەرێمی 3 لەسەر ئاوەکەی نێوان تورکیا و عێراق لەسەر چیاکەی پشتی جورجان نێوان جورجان و ماسی ڕۆ بووین لەهەموو لایەکەوە فڕۆکە هاتە سەرمان و لێمانی دا و لەخوارەوەش سوپا بەپیادە هەڵدەگرێت و گوێم لێ بوو کاك عەلی شیعە دەنگی دەهات و جنێوی ئەدا –بانگم کرد و لێم پرسی چی ڕوی داوە .. توومەزە کۆمەڵێك کادری لای چەمی ڕێزان و قەلاسێوکە کە وابزانم مامۆستا سەلام عبدالله ش بوو موناقەشەیان بوو لەسەر سۆڤێت و ئەمریکا .. کاك عەلی نزیکیان دەبێت و وادەزانێ سوپایان گەیشتۆتە سەروو بەدەمیانەوە دەڕوات تومەزە جێگاکەیان قایمە و لەوەش نەترساون جێگایشیان کەشف بێت کاك عەلی ووتبوی ئەوە چیە .. کاك بێستونیش پێی ووتبوو وەزعەکە ئاڵۆزە لەنێوان سۆڤێت و ئەمریکا لەوەش دەچێت شەڕ دروست ببێت و وەك شەڕی جیهانی .. کاك (عەلی ) ش پێی ووتبوون خوای دەکرد هەر ئێستا شەڕی جیهانی دروست دەبوو .. ووتبوویان بۆچی .. تیا ئەچیت ووتبووی بۆچی من لەشەڕی جیهانیدام ئەوە شەڕە بۆ کورد .. ئەوەشەڕی جیهانی نیە تورکیا و ئێران و عێراق هاتوونەتە سەرم ئیتر بۆچی بۆ شەڕی جیهانی بۆ هەموو دنیا نەبێت ، جا ئەوەش لەسەر موناقەشەی مارکسی‌یە توند ڕەوەکان بوو، لە 1978 سەرکردایەتیش لەئەوانە لە نۆکان ئەوەندە کۆبوونەوە کرابوو زۆری لەسەر کرێکار و ئیش کردن لەعێراقدا بوو هەر نەگەیشتبوونە ئاکامێك تا لەپڕ عێراق بەیاننامەیەکی دەرکرد و موچەی زیاد کردوو کرێکار کارەکەی بوو بە 8 سەعات و هەموو کۆبوونەوەکان نەگەیشتبوونە ئەنجام و هەڵوەشایەوە ، لەو کۆبوونەوانە هێندا ماندوو بوون بەیانیەکی کاك مەلا ناصح بەکاك تاهیر دەڵێت بەیانیت باش ، کاك تاهیریش تێ ناگا و دەڵێت : ماندووم ناتوانم بێم بۆ کۆبوونەوە .. مامۆستا دیسانەوە ئەڵێت : بەیانیت باش .. کاك تاهیر ئەڵێت من کۆبوونەوەی بێ ئەنجامم پێ ناکرێ تۆ لەجیاتی منیش بڕۆ بۆ کۆبوونەوە .. ئەڵێت بابەگیان ، ئەڵێم بەیانیت باش هەر مەیە بۆ کۆبوونەوە ، ئێمەش لەناو دۆڵەکەدا بووین پێشمەرگەیەك لەگەڵ کاك حامیددا چوو ووتی : سەرەوەمان لێگیراوە زۆر ترساین .. هەمووی تیا دەچووین منیش تفەنگەکەم بەرز کردەوە و تەقەبکەم سەیرم کرد ئەوەی ئەو ووتی داروبەرد بوو لەێی بوو بوو بە چەك و عەسکەری ڕۆژیش بوو .. ئەو پێشمەرگەیە ناوی صالح میرزا بوو خەڵکی ناوگردان بوو ، بۆیە کاتێك هەوڵیان دا کە هێزەکە هەمووی بەڕێ کەوتبوو هەر ئێمە مابووین .. ئێمەش بەرەو چیایەکی بەفراوی بەڕێ کەوتین ، لەڕۆژی 1978/5/14 هێزەکان لە5/13 هەموویان بەڕێ کەوتوون و ئێمەش بۆ پاراستنی هێزەکە مابوینەوە درەنگ هەواڵیان داینێ و ئێمەش بۆ ئەو شەوە ماینەوە سوپاش کە گەڕایەوە بۆ خواری ئێمە .. بۆ ڕۆژی 5/14 هەر لەوێ بووین و بەڕێ کەوتین بۆ سەر چیاکەی نێوان جورجان و کانی بەرەش لەوێ بووین لەئاستی سەروی دۆڵە کوشتە یا کۆسە یافشە .. هەورازێکی زۆر بەرز بوو .. بەفریش باری بوو بەستبووی جێگای پێدانان نەبوو بەحەربەی سەمینۆف لێم دەدا بەزۆریش بەحاڵ جێگای لووتی حەربەکەی دیاری دەکرد من لە پێشەوە بەحەربەی سەمینۆف جێگام دیاری دەکرد بە پێش دەمکوتایەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ هەموان هەبێت بەدوای مندا دەهاتن – نۆ سەعاتمان پێ چوو تا سەرکەوتین و ڕێگامان چاك کرد هەورازەکەش کە خۆی هەر بە (2–3) سەعات کۆتایی پێ دەهات لەوێش دەبوو بەئاسانی بڕۆی 3–4 مەترمان مابوو لەهەورازەکە ڕزگارمان بێت پێشمەرگەیەکمان بەناوی (ابراهیم) ەوە برای ئەنوەری عەرەبانچی لەسەید صادق قاچی لەبەفرەکە خلسکا لەپەنای مندا بەکاك عەلی شیعەی ووت : بمگرە کاك عەلی خۆی لادا و ئەگەر بەری کاك عەلی بکەوتایە ئەویشی لەگەڵ خۆی دەبرد .. ابراهیم ووتی توخوا بمگرن و بەیا الله یا الله دوای کەمێ: ناما و بەدەم بەر

بوونەوە دەیوت برا ڕۆ باوکە ڕۆ دەنگی بەرز کردەوە و ڕۆیشت .. ئێمەش بە دووربین سەیرمان دەکرد و بەقەدەر هەڵمات دیار بوو لە نا بەفرەکەدا .. بەڵام لە خوارەوەش جەیش بەرەو ئەو جێگایە دەهات کە ئێمە چۆڵمان کردبوو .. فڕۆکەی هەلیکۆپتەریش دەگەڕان بەناوچەکەدا و تەقەیان دەکرد .. منیش مامەوە و سەیری ابراهیمم دەکرد و تا گەیشتە ئەو جێگایەی چاڵ و بەفر نەما ، وەستایەوە لە گەڵ وە ستایەوە هەڵسایەوە .. منیش دڵنیا بووم کە ماوە ، ئەویش لەترسی گیانی خۆی با سارد نەبێتەوە و پەکی نەکەوێت ، یەکسەر نەوەستا و هاتەوەسەر جێگاکەی ئێمە نزیکەی 100 کەسێکی پێدا تێپەڕیبوو جێگاکەش باش بوو هاتەوە لامان و بەدوو سەعات زیاتر گەیشتەوە لامان – کەپێشتر ئێمە بە 9 سەعات بڕیبوومان ابراهیم لەترسی گیانی خۆی و دیسان کە ڕێگاش باش بوو بۆ دووەم جاری بوو .. بووە هاندەرێ بۆ بەیەك گەیشتنەوەمان پێی .. بەڵام هێشتا دوومەتری مابوو بگاتە من و کاك حامید وابزانم چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و گریا و کەوت و پێست بەدەم وچاوی و سەر و ڕوومەتیو قاچی و دەستی نینۆکەکانی نەمابوو ، واتە هەموو لەشی وەکو ئەوە بوو پێستەکەت لێ کردبێتەوە ، لەو کاتەشدا هەندێك بەناو بەفردا بەکۆڵ بردمان و پاشان هێسترێکمان پەیدا کرد بۆی لەوێ دابەزین بۆ چەمەکە چونکە ڕەشایی دیار بوو ئەو ناوە هەمووی بەفر بوو .. قیادە موەقەتەش کە لەبارەگاکانی ساڵی پێشووی ئێمەدا بوون لەدۆڵە فشە وایان زانی بوو ئێمە بۆ ئەوان دەڕۆین و لەوێ ڕایان کردبوو دۆشکەکەیان کەوتبووە ئاوی دەریای سوور و یەکێکیشیان خنکا بوو ، ئێمەش بەدرێژایی ڕۆژی 1978/4/14 لەڕێگا ڕۆیشتین تاگەیشتینەوە پشتی ماسی ڕۆ .. هێزەکەی خۆمان وایان زانی بوو ئێمە قیادە موەقەتەین و پشتیان دەگرین .. شەهید عبدالله سوور و کۆمەڵێك پێشمەرگە هاتن بۆ ڕێگامان خەڵکی ماسی ڕۆ منیان ناسیبوو .. محەمەد عەرەبی حاجی مجید و ئەوان گەڕاینەوە لایان لەوێش قیادە موەقەتە ناوچەکەی چۆڵ کردبوو بۆ ئێوارە گەیشتینە لایان ، لەنێوان ماسی ڕۆ و ( گەلشێمە ) دا بووین لەناو دارستانەکەدا و لە 15 / 4 / 1978 (19) سەر مەڕیان کڕی و سەریا بڕی بۆ هێزەکە .. هێزەکەش زۆر بوو یەکی یەك شیش و دوو شیش گۆشتی بەرکەوت ئەو چەند ڕۆژە هێزەکە بوژایەوە و ئیسراحەتی کرد و چەندین کۆبونەوەش کرا کۆبوونەوەکان تەئکیدی لەوە ئەکرد کە ئێمە لەسەر ڕێگای سنووری عێراق تورکیاوە بڕۆین .. بەڵام کاك عەلی پێی دائەگرت کە ئێمە خۆمان لە قیادە موەقەتە لادەین و شەڕ نەکەین و بەناو تورکیادا بڕۆین .. حزبێکیش لەوێ بوو ناوی دەدەقەدە بوو کە صلاح پێشتر لەو حزبەدا بوو وازی هێنا بوو حافزیش یەکێك بوو لەمەسئولەکانی ئەو حزبە واتە دەدەقەدە .. قائیمقامی شەمزینانیش بوو .. ئەم حزبە زۆر قسەیان کردوو گوایە خەڵکیان زۆر لەگەڵدایە و لە عەشائیر و ناوچەکە بەڵام هیچ عەشایەریان لەگەڵ نەبوو هەتا بیان ناسن .. خەڵکی ناوچەکە وەکو قاچاخچی دەیان ناسی نەوەك وەکو حزبی سیاسی چونکە ئەوان ئەو چەکانەی کە بۆ یەکێتی دەهات ئەوان دەیانفرۆشت لەگوندەکان دەیانوت گیراوە خەڵکیش وای دەزانی قاچاخچی چەکن .. ئەوە یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە قەناعەتیان کرد بەکاك عەلی کە لەناو تورکیاوە بڕۆین .. وە ئێمە پێمان وابوو ئەو حزبە پەیوەندی یان لەگەڵ قیادە موەقەتە و میتی تورکیش هەیە چونکە ڕۆژێك کابرایەکی وڵاخدار نانی بۆ ئێمە ئەهێنا یەکێك لەوانەی دەدەقەدەی بینی کە چەکی لە خۆی بەستبوو لەگەڵ ئێمە .. کابرا خۆی شاردەوە لەپەنای دارو شتەکان بەمنی ووت با ئەو کابرایە نەمبینێ منیش لێم پرسی بۆ ووتی ئەوە دوێنێ شەو لەناو قیادە موەقەتەکان بینیومە هەر بەو چەکەوە هەموویشی چەکی یەکێتی بوو پێیان .. وەهۆیەکی ئەوە بوو کە کاك عەلی هەر سوور بوو لەناو تورکیاوە بڕوات و خۆی بپارێزێ لەشەڕی قیادە موەقەتە ئەو ڕۆژەش حاجی صالح ناوێك خەڵکی شێخان لای شنۆ بوو پیاوێکی کامڵ و قەڵەو بوو ناردبوویان بۆ لای کاك عەلی کە لەلایەن کاك ادریس بارزانییەوە هاتبوو

کەئەوان شەڕی یەکێتی ناکەن، ئەگەر ئەمان نەیکەن و یەك دوو کەسیشیان ناردبوو ، حاجی عبدالرحمن یان ناردبوو کە ئەوان شەڕ ناکەن و ئەمانیش نەچنەسەریان .. پێشتریش کاك عەلی و کاك خالید و مام جەلال نامەیان بۆ ماڵی مەلا مستەفا نووسیبوو هەر یەکە بۆ یەکێکیان بۆ شێخ محەمەد خالید و بۆ دایکی کاك مەسعود بۆ کاك عەلی عبدالله .. بەلاّم ئەوان هەر خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شەڕ و هاوکاری لەگەڵ ئێرانی شاە و ساواك و لەگەڵ میتی تورکیاو لەگەڵ ئیستیخباراتی عێراق هاوبەش بوون .. رەئی جیاجیا لەناو هێزەکە و بەرپرسەکان هەبوو .. کاك تالیب رۆستەم و هەندێك رەئیان وابوو تا ئەو رۆژانەش .. هێزی پەراگەندە و سەید کاکە و ئەوان گەیشتن سەید کاکە خۆی لەهێزە زۆرەکە دوور خستبوەوە و دوایی هات و خۆی گەڕایەوە و نەهاتەوە لەگەڵ هێزەکەدا خۆی دواخست لەناوچەی برادۆست تائێمە گەیشتینە سنووری تورکیا . وەرەئیشی وابوو هێزەکە لەدیوی عێراقەوە بروات و بەشێکی هێزەکە لەوێ بمێنێتەوە و 100 کەس بەڕێ بکات و کاك شێخ حسێن دەیوت ئێوە نەیەن من هەر دەڕۆم ئێوە بادینانتان ناوێت و هەر دەڕۆم ئەگەریش تیا چووم .. کاك عەلیش دەیوت ئێمە خۆمان لەشەڕی قیادە موەقەتە لا دەدەین شەڕ نەبێت شەڕ مەسلەحەت نیە و ئەگەر بچینە قولاّیی تورکیاوە تووشی شەڕ نابین و ئەوان هاوکاریمان دەکەن واتا حزبی دەدەقەدە بۆ دەربازبوون و شارەزایی ، بەلاّم من ڕەئم وابوو ئێمە لەسەر سنووری عێراق تورکیاوە بڕۆین وەخۆمان لەشەڕ لادەین و هەرچی هاتە ڕێگامان دیفاع لەخۆمان دەکەین و ڕێگەی خۆمان دەکەینەوە .. بەلاّم بڕیاری کۆتاییش لای کاك عەلی بوو .. سامی عبدالرحمن جار جار خەڵکی ئەنارد بۆ لای کاك عەلی کەئەوان شەڕ ناکەن .. ئەم هۆیانە وای کرد کە کاك عەلی سوور بێت لەسەر رەئی خۆی بەناو قەولاّیی تورکیادا هێزەکە بڕوات .. سوور بوونی شێخ حسینی یەزدیش ئەویش تەئسیری لەسەر کاك عەلی هەبوو .. لەڕۆژەکانی 16و17و18 هەر کۆبوونەوە و پشوو دان بوو هێزەکەش بوژایەوە و بڕیار درابوو کە کاك تاهیر و سەید کاکە بنێرێن بۆ سوریا چونکە کاك تاهیر بریندار‌بوو سەید کاکەش نەخۆش بوو .. ئەوەش نەکرا و لەڕۆژانەدا قیادەموەقەتە خەڵکیان دەنارد و دەنگ و باس کۆبکاتەوە و لەو لاشەوە لەگەڵ عەشائیری کوردی تورکیا و ماجید بەگ و شێخ موس و عەشیرەتەکانی ژێرکی ڕێکار لەناوچەی ئۆلودەرەو شەڵماغ و شەمزینان و گەورە جوڵە مێرگ و بیت شباب و سنووری هەکاری بەتەواوی .. ئەو کاتە هەوڵیان ئەدا و کاك عەلیش بڕیاری دابوو شەڕی قیادەموەقەتە نەکات تا نەیەنە سەرمان ئەوشەرە نەکەین، ئەو چەند ڕۆژە لەنێوان گلێشمە و گارە و ماسی ڕۆ پشویەکی باشمان دا و پێشمەرگەش حەسایەوە ، بەلاّم هێزی دووەم تاگەیشتن 159 کەسی دیار نەمابوون و شەهید و تەسلیم بوونەوە و گیراویان هەبوو لەلایەن ئێرانەوە .. وەشێنێیەکان گەڕابوونەوە بۆ شێنێ کەکاك محەمەد وەتمان مەسئولیان بوو خۆیان شاردبۆوە لەدەوری خانە .. کۆبوونەوەی بەرفراوانی سەرکردایەتی لەوێ بوو لەگەڵ بەرپرسەکانی ڕەتڵەکان و زۆری خایاند هەندێك لەبرادەران ڕایان وابوو لەو ناوچەیە هێزێك بمێنێتەوە وەهێزەکە بەدوو سێ بەش بەڕێ بکەوێ .. بەلاّم کاك عەلی ڕێگای ئەوەی نەئەدا لەکۆبونەوەیەکدا کە کاك عەلی قسەیکرد وە دکتۆر خالیدیش قسەی کرد وە کاك ملازم عومەریش قسەی کرد .. کاك عەلی عەسکەری ووتی من هاتوومەتە دەرەوە گۆچانێکم پێ بووە ئێستا خاوەنی ئەو هێزەین ئەو دەوڵەتانە ئەیانەوێ شەڕمان پێ بفرۆشن بەلاّم خەیاڵیان خاوە ئێمە بەو هێزە ئەتوانین شەڕی هەرسێ دەوڵەتەکە بکەین .. محەمەد ئەمین خەلیفە قادر و حەمە نەرەیی و کاك حامید و کاك عەلی شیعە و ئەوانە بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ سەرکردایەتی کەکاك حامید بەکاك دکتۆر خالیدی وتبوو ئەوانە ئەیانەوێ بگەڕێنەوە کە بانگیان کردن و محاسەبە کران و بلاّوەیان پێ کرا بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە .. بەمنیان ووت کە ئەو هێزە تیا ئەچێت بابگەڕێینەوە لەوێ خەباتی خۆمان لەکوردستان بکەین .. منیش ووتم : ئەم گەڕانەوەیە عەیبە و من ناگەڕێمەوە و کارم

بەئێوەوە نیە .. کاک حامید بەبرادەرانی وتبوو باشە دەگەڕێینەوە بەڵام بەکاک خالیدیشی ووتبوو ئەوانە دەگەڕێنەوە لەوانە هندێکیان گیرا کەسێکیان کەناوی ابراهیم بوو خەڵکی زەلانی شارباژێڕ بوو پۆلیس بوو هاتبووە دەرەوە لەژێر لێداندا گەیشتە حاڵی مردن . لەڕۆژی 18 / 4 کۆبوونەوە بوو نامەیەکیان نووسی بۆ مەکتەبی سیاسی و مام جەلال .. کاک خالید و کاک عەلی ئیمزایان کرد لەگەڵ کاک تاهیردا .. سەید کاکەش ووتی منیش ئیمزای دەکەم ! ئەوانیش هەندێك سەیری یەکتریان دەکرد و قسەیان نەکردوو کاک تالیب تازە ئیستیقالەی لە کۆمەڵە کردبوو ووتی : بەرەئی من ئەم مەسیرە و ئەم قیادە تەقلیدیە سەرکەوتوو نابێت و ئەمەش هەڵەیە ، ئەم ڕۆیشتنەش بەناو قووڵایی تورکیادا هەڵەکان زەقتر دەکات ! کاک عەلی پێی ووت : تۆ لێی نازانی .. تالبیش ووتی من دەزانم نەك قیادەی تەقلیدی .. کاک عەلیش پێی ووتەوە : سەگە کوێر لەوە زیاتر قسەمەکە ، ئیتر کاک خالید و کاک تاهیر و شێخ حسین وەزعەکەیان هێمن کردەوە ، کاک عەلی و شێخ حسین سوور بوون لەسەر درێژەدان بەڕێگاکەمان لەسنووری تورکیا ڕۆژانە هەواڵەکانیان لەڕێگای حزبی دەدەقەدەوە دەگەیشتە قیادەی موەقەتە و تورکیا ! کابرایەك هات (17) نانی پێ بوو منیش هەمووم لێ کڕی بە (9) دینار و خۆی شاردەوە .. ووتم ئەوە چیە .. ئەو پیاوە چەکی پێیە ، چاکەت و پانتۆڵێکی لەپێدابوو ، درێژەی بەقسەکانی داو ووتی : دوێنێ شەو لەلای قیادەموەقەتە بووەو منیش کاروان چیم لەوێ بینی .. ئێمەش بەکاك خالید و کاک عەلی مان ووت : بەڵام ئەوان قەناعەتی خۆیان لا مەبەست بوو ، بەتایبەتی کاک عەلی دەیوت : من بەگۆچانێکەوە هاتومەتە دەرەوە بۆ شاخ .. ئێستا خاوەنی ئەو هێزەبم شەڕی هەر چوار دەوڵەت دەکەم !! ئازووقەشمان نەمابوو .. شارەزا نەبووین ، خەڵکی ناوچەکەمان لەگەڵ نەبوو ، ئێران و تورکیا بەهەواڵی جوڵانەوەی ئێمەیان دەزانی بەو حاڵە دژوارەوە لەبەرواری 1978/4/19 لەگوندی ماسی ڕۆوە بەرێ کەوتین بەرەو ناوچەی گەورە بەچیاکاندا و بەناو ڕێگای دوور و گوندی 5 ماڵ و شەش ماڵ و هەریەکەش نێوانیان 7 – 10 سەعات بوو هەر لەچیاو هەوراز و نشێو زۆر جێگای سەختمان بڕی و ، هێزەکەشمان گەورە بوو .. بەڵام لەوێش بڵاوەمان پێ کردبوو 800 کەس مابوینەوە ، پێشمەرگەش تەواو ماندوو ببوو پێڵاوی لەپێدا نەمابوو .. هێزێکی برسی .. بێ ئازووقە .. بێ جل و پێڵاو .. بێ پارە .. ناشارەزا لەبەر بێ پارەیی دەمانچەکانیان فرۆشت سوودی نەبوو .. لەگوندە کانیش نانیان پێ نەدەداین .. بەفیشەك و چەك نەبێت ، چەکێکی سەمینۆف بە 250 دیناری عێراقی لێیان دەکڕین کە ئەوکات زۆر بوو .. کلاشینکۆف بە 300 دینار زیاتر بوو ، کە ئەمانەش پارەیەکی خەیاڵی بوو بۆ ئەو سەردەمە ، مەڕێك بە (3) دینار بوو ، مریشکێك بە 200 فلس بوو هێندە هەرزان بوو ، هەمووشیان بەفیشەك پێ دەفرۆشتین و پێشمەرگەش ئەوەندە برسی بوو لەحەیبەتا دەگەڕان بۆ دەنکە جۆی ناو تەرسی وڵاخیان دەخواردو پەلاماری بەردیان دابوو وایان زانیبوو پارچە نانە .. پێی دەچوو بەتەوجی ئەو شتانە بەئێمە بدەن بۆ ئەوەی ئێمە فیشەکمان کەم ببێتەوە .. لەو دەشت و دەقەرەدا گژوگیایان دەخوارد .. هەرچی پێشمەرگەی خەڵکی لادێکان بوو گیایان دەخوارد بەڵام ئەوانەی خەڵکی شاربوو گیاکانیان نەدەناسی و لولیان دەخوارد و دەرشانەوە و پەکیان دەکەوت ، ناوچەکە هێندە سەخت بوو هەمووی هەوراز بوو پێشمەرگەش ئەگەر شوێنێکی لێژیان دەست بکەوتایە زۆر گرنگ بوو بەلایانەوە . تاگەیشتنە ناوچەی گەوری تورکیاو شەمزینانمان بەجێ هێشت وچوینە گوندی نەهری یە لەڕۆژی 1978/5/21 ،نەهری گوندێکی گەورە و مێژوویی بوو بەڵام دوو ماڵی لێ مابوو ، پیاوێکی پیری لێ بوو بەهەلم زانی و لێی چوومە پێشەوە تا هەندێك پرسیاری لێ بکەم .. ئەوە بوو زۆر شتی بۆ باس کردم .. کابراش ووتی : نزیکەی 10 ساڵ دەبێ ئەم گوندە بەقەد شارۆچکەیەك دەبوو بەر لە 100 ساڵ پێش ئێستا بەڵام ئێستا وای دەبینن !

ئاسەوارەکانی مابوو کە گوندێکی زۆر گەورە بوو .. نەهرییەش گوندی شێخ عبدالقادری نەهرییە خاوەنی شۆڕشی کورد لەتورکیا وەپردێکی کۆنی لێ بوو لەسەر ڕووباری نەهریّ .. بەرەو گوندی بەردەڕەش سەرکەوتین خەڵکی ئەو گوندانە وەکو بڵێی ( دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە ) خۆیان دەشاردەوە ئێمەش چووینە ئەو جێگایەی کە مولازم (حەسن خۆشناو) باهیر ئەحمەد بەگی ئامۆزای کاک تاهیری لێ شەهید کرابوو ، لەگەڵ (5) پێشمەرگە داو بردنی 9 دۆشکە و هەرچی پارە و هەندێك کلاشینکۆف و هەموو پێڵاو و جلەکانیان لەدۆڵەکەدا کەوتبوو ساڵێ پێش ئەوە شەهید کرابوون بەشێوەیەکی دڕندانە .. ئێمەش دەچووینە هەر ناوچەیەك دەیانوت جەماعەتی عەلی عەسکەرین .. کاك عەلی دەناسرا لەسەرانسەری کوردستاندا و تورکیاشدا کاك عەلی شیعە و ئەحمەد سەلیم بەرپرسی ئازووقە ببوو بە شەڕیان لەڕێگا .

پشووماندا بەڵام یەکەمجار بەڕێ کەوتین کە (29) سەعات نەوەستاین و لەڕێگا مامۆستا سەلام عبداللە زۆر ماندو ببوو ، دەیوت : کاك عەلی دەڵێت ڕاوەستن .. هەموو هێزەکەش ڕاوەستا، ڕاوەستانی هێزێکی گەورە بەڕۆژێك نەئەکەوتە ڕێ .. ( زەردە ) کە فەرماندەی مەفرەزەی دەستەکەی کاك عەلی بوو هەرچی پێشمەرگە هەبوو بەگشتی ڕقیان لێی بوو .. پێشمەرگەش گەلێك ڕقیان لەحیمایەی بەرپرسەکان دەبێتەوە ، لەبەراز خراپتر سەیری دەکەن ئەوانیش لەداخی دڵی خۆیان بەسەر پێشمەرگەکان پۆز لێ ئەدەن گوایە لەبەرپرسەکانەوە نزیکن و جیاوازترن لەپێشمەرگەکانی تر ! کاتی واش هەیە فەرماندەیەکی مەفرەزە یاپێشمەرگەی حیمایە ڕێگا لەهێزێك یا ئەندامی سەرکردایەتیش دەگرێت .. ( زەردە ) لەپێشەوە بوو جارجار کاك عەلی دەیوت : کێ لەو ڕێگا ناخۆشەوە ڕۆیشتووە ئەوانیش بەکاك عەلی یان دەوت : ( زەردە ) ئەڵێ لەوێوە دەڕۆین ، کاك عەلیش دەیوت زەردە ....... خواردوە .. یەکسەر دەم بەدەم و قسەبەقسە دەیانگەیاندە پێشەوەتا دەگەیشتەوە بە ( زەردە ) کە لەدواوە وتراوە ( زەردە ) ....... خواردووە ، ئەمەش بە دوو دەقە دەگەیشتە پێشەوە لەسەر ئەوەی پێشمەرگەکان ڕقیان لە ( زەردە ) بوو . بەسەلامەتی قسەکەیان دەگەیاند .. تاگەیشتینە ناوچەی ژێرکی لە 27 / 5 / 1978 لەڕێگا 250 پێشمەرگەمان لێ بڕ ببو واتە دابڕابوون لێمان ، پێمان نەزانیبوو چەمێکی قووڵ بوو ئەم بەر و ئەو بەری شاخ بوو لەناوچەی قەزای گەڤەر .. دوو پێشمەرگەی کەش دابڕا بوون و چووبون چەکەکانیان فرۆشتبوو یەکی بە 250 دینار ، لەو پێشمەرگانەش یەکێکیان ( عبدالقادری مامۆستا مەلا عوسمان هەڵبجەیی بوو کە پێشتر قیادە موەقەتە بووە عبدالقادر حمایەی شێخ عەلی بوو ناوی نهێنی سۆران بوو ) شێخ عەلی ووتی ئەرێ سۆران دیار نیە بەهۆی ئەوە وە زانیمان کە (250) کەسمان دیار نیە و لەهێزەکە بڕبوونە .. کاتێ ڕێمان دەکرد مامۆستا سەلام عبداللە ناو بەناو کە ماندوو ئەبوو هەر لەخۆیەوە دەیوت ڕاوەستن ، کاك عەلی دەڵێت ڕاوەستن .. ئەو دەم ئەو وای دەوت هەموو لا ڕادەوەستان و ئەمەش شیرازەی جەولەکەمانی دەپچڕاند ، چونکە لەڕاوەستاندا پێشمەرگە هێندە ماندوو بوو بۆ حەوانەوەی دەخەوت و بەئاسانی هەڵنەدەسایەوە بەتایبەتی شەوڕۆژێکی دەخایاند .. هۆی دابڕانی هێزەکە دەگەڕێتەوە بۆ تەمەڵی مامۆستا سەلام کە هەموو جار دەیوت ڕاوەستن .. زۆربەی ئەو هێز و بارەی کە پێیان بوو بەسەر وولاخەوە بوو ، چەند کیلۆمەترێك لەدوامانەوە بوون ، هێندە درێژ بوو قافڵەکەمان وەك بڵێی ئەم ڕێگایە چەند ساڵێکە ڕێگایە !

ئێمەش دەبوو لەم ناوچەیەوە بڕۆین بۆ ماسی ڕۆ و گارە بۆ شەمزینان و گەوەڕ و جولە مێرگ و چەلی و ئۆڵودەرەی لای ژێرك و هەموو ئەو هێزە دەوەستاین و لەیەك دوولادا .. یا لەسەر چەمێکی لای چوونە ناو قولایی تورکیا ، ئەمەش هەڵەیەکی تر بوو بۆ هێزەکە .. هاتنی حاجی صالح لە شنۆ بۆ لای برادەران لەسەرئەوەی شەڕ بکرێت یان نا ، پیلانی عێراق و ئێران و – عێراق و تورکیا و ئەفسەری عێراقی لەهەردوو

دیویش لەگەڵ ئێران و تورکیا بەدوامانەوە بوون .. لە ڕۆژی 16 / 4 ئەو نامەیەیان نووسیبوو ، برادەران بۆ سوریا و بۆ سەرکردایەتی و دوای موناقەشەیەکی زۆر کاک عەلی عەسکەری و کاک تالیب ڕۆستەم تێک چوون، کاک عەلی قسەیەکی زۆری بەکاک تالیب ووت لەسەر ڕەئیەکانی خۆی ، بەڵام لەپاشتر دەرکەوت کە کاک تالیب رۆستەم ڕاستی کرد کە ڕەئی زۆربەی زۆری پێشمەرگەی دەزانی .. هەر لەو کاتەدا نامیق ناوێک برای ڕەفیق وریاوەیی جێگری کەرت بوو لەهەرێمی دووی شلێر کە کاک ڕەوف بەگ فەرماندەی بوو ، 10-12 کەسی بردوو چووە ناو قیادەی موەقەتەوە ، ئەوەش هەندێك هەواڵی دابوونێ ! وریاوا لای شلێرە وابزانم وە دوو وریاوا هەیە ، یەکێکی لای شارباژێرە .. کۆمەڵە کردیان بەهەرا دەیانوت (10) کەس لەحمایەکانی کاک تاهیر رایان کردووە بۆ ناو قیادە موەقەتە ، هێزەکە زۆر چووبوونە قولایی یا کوردی ئەوێ و عەشیرەتەکانی بەهۆی میت و پارتییەوە کە ئەو کات کاک سامی لەناو تورکیا دەژیا و هاوکاری لەگەڵ میت هەبوو بۆ هاتووچۆش (9) ڕۆژ گەیشتە دۆڵێ بەدوورو درێژی ئەو بەر و ئەوبەری چیا بوو لای گوندی (بازێ) لەوێ بڵاوەمان کرد لەسەر چەمێك ، هەتا حەرەسمان نەبوو ، .. نانیش نەبوو ، برسێتی و تینوێتی و سەرما و سۆڵە ئەمانە هەمووی پەرێشانی کردبووین پێشمەرگەش ماندوێتی پێوە دیار بوو، لە 17 / تا 29 / 5 / 1978 هیچ کەسێك ئیسراحەتی نەبوو ، دوو ڕۆژ لەوێ ئیسراحەتمان کرد یا کەمتر .. من هەندێك پێشمەرگەم نارد بۆ نان هێنان .. لەوێ نەیان دابوو پێیان پێشمەرگەش خەریك بوولە برسا بمرن ، ناردم ووتم بڕۆن ئەگەر نانیان پێ فرۆشتن ئەوە شتێکی باشە ئەگەرپێشیان نەدان ئەوا هەندێك ئاردو گەنم بهێنن .. ئەوان ڕۆیشتن نانیان هێنا و هاتنەوە ، خەڵکی ئەو ناوەش لەسەر ڕێنمایی قیادە موەقەتە و عەشیرەتەکان نانیان پێ نەئەدان !! مەگەر بە بڕێ فیشەك و چەك نەبێت .. ناوەناوەش 2-3 کەس هاتبوون سکاڵایان هەبوو کە گوایا پێشمەرگە زۆری لێ کردبوون بۆ نان هێنان .. ئێمەش سەرقاڵی ئەوە نەبووین موحاسەبەی پێشمەرگە بکەین یا بانگیان بکەین ، 2-3 پێشمەرگە لای شەهید حەمە ئەمین خەلیفە قادر چوو بوون بۆ هێنانەوەی هێسترەکەیان کەبەر ببوو .. بانگیان کردن ، وە لەوکاتەشدا کۆمەڵێك چەکدار لەسەر چیاکەی بەرامبەر بە (بازیە ) یان بینی بوو دەمەو عەسر بوو سەعات 3 ی دوای نیوەڕۆ، لە1978/6/1 لە (بازێ)ش و لەو کاتەدا با و بەفر و سەرما و باران هەموو دەستی پێ کردبوو زۆر سارد بوو ، پێشمەرگە هەڵکشان بۆیان و ئیتر موحاسەبەکردنی ئەو پێشمەرگانەمان وەلاوە نا، لەو لاشەوە بەرامبەر دامەزران و لەو ناوچەیەش سنووری عەشیرەتەکان چیایە و ئاوی گەورەی تێدایە و بەپرد یا گوریس و ئەوە نەبێت ناتوانرێ بە ئاسانی مرۆڤ بپەڕێتەوە ، یەکەم تەقەش لەو سنوورەدا ( سەربەست ) ملازم صالح بێداوی ناوێك کردی ،( عومەر عوسمان ) مولازم عەلی پارتی بوو لەگوندێکی بچووك بوون پردێکی لێ بوو لەسەر ئاوێك .. کاك حامید حاجی خالید لەوێ بوو ، ئێمەش چووین بەهاوکارییانەوە ، ئەوان لەوێ شکان و هەڵهاتن و هەندێك هۆکی تۆکی کۆنمان پێ بوو ، قسەمان پێ کرد لەو دەمەشدا شەڕ گەرم بوو شەوی بەسەردا هات ، ڕۆژی 6/2 شەڕ لەهەموو لایەکەوە دەستی پێ کردەوە ، قادر ئاغا و عوسمان قادر منەوەر و نەبەزی جگەر لەچیایەکی بەرز بوون قیادەموەقەتەش بەرزاییەکیان گرتبوو .. شەهید عبداللە سوور خدری مەلا باڵیان لەو قوڵە بوون لەڕۆژ هەڵاتی بازێ وە هێرشمان بۆیان کرد بۆ پشتیوانی شەهید عبداللە و هاوڕێکانی ، تاگەیشتینە عبداللە سوور و بەئاربیجی لێ ی دابوون و (9) کەس لەهێزی بەرامبەر کوژرابوو بەمەلائەمین بەرزانیەوە کە بەرپرسیان بوو، دوو کەسیان بەدیل گیران کەیەکێکیان ناوی حەسەن بوو کوڕی (شێخ موس بوو سەرەك عەشیرەت ) بوو بەم شێوەیە ئێمە لەشەڕەکەدا بەسەریانا زاڵ بووین ، بەڵام دوای نیوەڕۆ برسێتی و تینوێتیو عەشایەری ناوچەکەش لەهەموو لایەکەوە بەوڵاخ و سوار دەبون و بەرزاییەکانیان لێمان دەگرت و ئێمەش بەپیادە

ڕێمان دەکرد .. قیادە موەقەتە خۆیان کەم بوون نزیکەی 250 کەس یا کەمتر بوون نزیکەی 5–6 هەزار کەسی ناوچەکەمان لەسەر کۆبۆوە و هەموو گوندەکان و پردەکان و سەر ئاوەکانیان لێ گرتین و ڕوومان دەکردە هەر گوندێك لەبرسان تەقەمان لێ دەکرا ! بەڕاستی هێزەکەمان لەو ناوەندەدا شڵەژابوو ئەگەر چی گیانی بەرگریمان بڵند تر بوو لەئاست ئەو ڕووداوانە .. منیش بەجیهاز قسەم لەگەڵ کاك عەلی دەکرد و ووتم هێزەکان بەرەکوێ بەرین کاك عەلی ووتی نازانم وتم وەزعی شەڕ لای ئێوەوە چۆنە وتی خوارەحم بکا .. من زانیم کاك عەلی وورەی لەدەست داوە و وەزعەکە زۆر خراپە قسەم لەگەڵ کاك خالیدکرد وادیار بوو زۆربەی بەرپرسی ڕەتڵەکان خۆیان شاردبۆوە کاك خالید داوای لەمن کرد سەرپەرشتی هەموو ڕەتڵەکانی ئەو جەبهەیە بکەم ، محەمەد نگرەی بریندار بوو سولاقە بەرپرسێك بوو بریندار بوو (2) پێشمەرگەی قادر ئاغا شەهید ببون و هاواریان دەکرد کە فریایان بکەوین .. منیش ( شەهید حەمە ئەمین خەلیفە قادر و شەهید تاهیری حاجی عەزیز و شەهید مەحمود زەدۆیی و کاك ڕەفیق پارەزانی و 30 کەسێکم ) ناردە سەرەوە و ووتم بڕۆن ئێستا من بەدواتانا دێم هەر ئەو کاتەش بانگی منیان کرد لەلایەکی ترەوە کۆبوونەوە هەیە .. کە چووم لەگەڵ کاك تاهیر کۆبوینەوە ، کاك مولازم عمروسەیدکاکە و زۆری تر .. من تائەو کات سەید کاکەم نەدەناسی ، قسەیان هێنابوو گوایا کۆمەڵێك لەبەرپرسەکانی ڕەتڵەکان ئەڵێن شەڕمان پێ ناکرێ و شەهیدمان هەیە ئەو ڕۆژە خدری مەلا شەهید بوو ، لەو کاتەشدا حسین فەیلی کە ئەندامی سەرکردایەتی قیادەی موەقەتەبوو مەسئولی سلێمانی و کەرکوك بوو، لە 1978/3/27 لەگوندی کۆڵیتانی سەروو لەشەڕێکدا گرتبوومان .. پێش ئەوەی بچینە گوندی بەردەڕەش شوێنی شەهید حسن خۆشناو و هاوڕێکانی لەکوێستانەکە خەریك بوو حسێن فەیلی بکوژن لەوێ من نەم هێشت لەبەر ئەوە حسین فەیلی من گرتبووم وەمن هەمیشە دژی دیل کوشتن بووم لای کاك شێخ حسین بەرزی سجن بووئەوکات .. هەر ئەو ڕۆژە قیادەی موەقەتەیەکی تر گیرا بوو لەوناوچەیە کە ڕۆیشتم سەیر ئەکەم حسین فەیلی و کوڕێکی گەنج بەربونەتە یەك بەلێدان کوڕەگەنجەکە زۆر بەتوندی لەحسین فەیلی ئەدا .. حسین فەیلی هەر ئەهات و ئەڕۆیشت ئەیوت باوك باوکم من شەڕناکەم بەلەهجەی خانەقینی قسەی دەکرد .. ووتم کاك حسین ئەوە چیە ئەو حاڵەتە ووتی کاك محەمەد فریام کەوە ووتی ئەم کوڕەش هەر پارتیە گیراوە پێمان ئەڵێن ئەبێ هەردووکتان بەیەکەوە شەڕ بکەن ئەنا ئەمان کوژن .. من نەئەیناسم نەئەمناسێ نەپێشتر شەڕم بووە لەگەڵیا ئێ من شەڕی چی بکەم لەگەڵیا ئەوەتا ئەو لەمن دەدا ڕقی لەمنە نازانم بۆ من چووم کاك حسێنم لەدەستیان وەرگرت و ناردم بۆ جێگایەکی تر .. کەمنیش ڕۆشتم بۆلایان لەهەمووڵایەوە شەڕ بوو سەیر ئەکەم هەموویان داوا لە کاك تاهیر ئەکەن کاك مولازم عومەر و کاك سەید کاکە کەوا کاك تاهیر لەگەڵ جەماعەتێك و حسێن فەیلیش ببات و بڕوات بۆ مفاوەزات لەگەڵ قیادەی موەقەتە کاك تاهیر ووتی من شتی واناکەم منیش ووتم چیە مەوزوعەکە .. کەباسیان کرد ووتیان شەڕ ناکرێ و بامفاوەزاتیان لەگەڵ بکەین وادیار بووقسەیان لەگەڵ کاك عەلی دا کردبوو پێشتر ، من زۆرم پێ ناخۆش بوو ئەم پێشنیارە کرابوو ، بەدرێژایی‌هاتنی من بۆ ئەو برادەرانە قسەم دەکرد کاتێ لەسەر سنوری عێراق وتورکیا بوین پێم وابوو لەسنور یا لەپێشا بچینەوە بارەگا کۆنەکان و ئەگەر قیادەی موەقەتەی لێ بوو دەریان بکەین ، ئەوکات بۆ چەك بڕۆین یان بەرپرسێتی منیان پێ کەم بوو، یا زۆر ئەقڵیان بەقسەکانم نەیدەبڕی ، من لەو کاتەدا پێم وتن : لەبیرتانە ئەوە نزیکەی دوومانگە قسەتان لەگەڵ دەکەم وقیادە موەقەتەش خۆیان نامەکەیان ناردەوە داوای چاو پێکەوتنیان کرد ئێوەش هەموو ئەوانەتان ڕەت کردەوە .. ئێستا دەتانەوێت جامانەکانتان بئاڵێننە لولەی تفەنگەکانتان و تەسلیم بن ، لەو کاتەشدا شەڕە ئاربیجی بوو لەهەموو لایەکەوە پێم ووتن وەفدی چی دەنێرن ! ووتم هەرکەسێ شتی‌وابکات تەقەی لێ دەکەم وەکوقیادە

موەقەتەکان .. پێشتر کاك تاهیر ڕازی نەبوو شتی وابکرێت منیان بۆیە بانگ کردبوو کە قەناعەت بەکاك تاهیر بکەم ، هەر لەو کاتەشدا سەید کاکە ووتی : من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم و دەبێت شەڕ بکەین بەڕاستی ئەو مەوقیفەی خاڵە سەید کاکە هەڵوێستێکی پڕ شەهامەت و ئازایەتی بوو لە و حاڵەتەدا کە لەهەموو لایەکەوە ئاگر باران بوو هەر لەبەر چاوی ئەوان بەجیهاز لەگەڵ کاك خالید قسەم کرد ووتم شتێکی واهەیە تۆ ئاگاداریت ووتی .. ئەوەی شتی وائەکات و ئەیلێت زمانی بڕە وە مەجالی هیچیش مەدە بەو شێوەیە و ئینجا مەسئولەکان هەموویان ڕوویان کردە من و سەید کاکە و ووتیان ئێوە ناتانەوێ مفاوەزات بکرێ و ئەوەندە ئازان کوڕی خەڵك بۆ بەکوشت ئەدەن فەرموو خۆتان هجوم بکەن .. منیش هەندێ قسەی توندم پێ ووتن سەید کاکە زۆر ئازایانە ووتی ئێمە هجوم ئەکەین ئێوە لەدوامانەوە وەرن ئەمجا پێکەوە دوو بە دوو لەداخی قسەکانی ئەوان هێرشمان کردو شەڕمان کردەوە جگە لە ڕەفیق پارەزانی کەس نەهات لەدوامانەوە ، کەس نەبوو تەقەشمان زۆر لەسەر بوو قیادە موەقەتەش لەو ناوچەیە چوونە دواوە ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای هێزەکەی خۆمان بەڵام توانیمان هەندێك بەفرمان هێنا و گەڕاینەوە لایان ئەو بەفرە ووزەیەکی دا بە زۆربەی پێشمەرگە چونکە زۆر تینویان بوو .. من داوام لەکاك خالید کرد هێزەکە بەرەولای قادر ئاغا وعوسمان بڕوات و لەوێشەوە بەرەو سنووری عێراق و لەوێ بڕیارێکی کەی لێ بدەین ، کاك خالید ووتی زۆر پێم باشە لەگەڵ برادەران قسە بکەن و ئێستا جوابەکەیم لێ بگێڕەوە ، هەر بە جیهاز کاك شێخ حسێنم ئاگادار کردەوە و هات و کاك ملازم عومەریش لەوێ بوو ، کاك تاهیروسەید کاکە و زۆری تریش هاتن .. شێخ حسێن ووتی : ئێوە ناتانەوێت بەرەو لای ئێمە بێن بۆ بادینان ئێوەش بەرەو سنووری عێراق – تورکیا بڕۆن من ناگەڕێمەوە و هەر دەڕۆم بەرەو بیت شباب و لەوێوە نزیکە بۆ پەڕینەوە بۆ هێنانی چەك دکتۆر کەمال لەوناوەیە و کاك سالار لەوناوەیەو بەهەموومان هەرچیمان کرد نەگەیشتینە قەناعەت – کاك خالید بەجیهاز ووتی :چار نیە ئێستا چی بڵێین ئەگەر ئەو بڕواو تیا بچێ کارێکی عەیبە بۆ شۆڕش و ئێمە با تاریك بکات بەرەو لای ئێمە وەرن .. من چوومە سەرەوە بۆ لای شەهید حەمە ئەمین و شەهید تاهیر و شەهید مەحمود زۆردۆیی و ڕەفیق و کۆمەڵێك کەلەوێ بوون لەنزیکەی 20 مەترێکدا شەڕبوو لەوانیش دەست ڕاست هەبوو لەئێمەش مەحمود زەردۆییدەستی زۆرراست بوو بەقسە گوێمان لەیەکتر بووعەریف یاسین ناوێك مەسئولی هێزەکەی پارتی بوو ئەوان زۆر بوون ئێمەش (40) کەسێك لەوێدا بووین ئەوە جگە لەهێزەکانی تر ، لەدۆڵێکدا بوو ، من و حەمەئەمین خەلیفە قادر و تاهیری حاجی عەزیز و مەحمود زەردۆیی وەستا بووین ، درا لەشەهیدحەمە ئەمین . لەسەعات 4.30 ی ڕۆژی 1978/6/2 لەسەر بەرزاییەکی زۆر بەرز پشتی گوندی بازێی سەر بە جۆلەمێرد لەکوردستانی تورکیا شەهید حەمە ئەمین پێ ی ووتین : وا داویەتی لەدڵم و هەر ئەو ئەسەفەم هەیە ئەو کورد کوژانە منیان کوشت و شۆڕش ئاگای لە شاهۆ و کەیخان بێت کە هەردووکیان منالّی شەهید حەمە ئەمین خەلیفە قادر بوون و خۆشی گەنجێکی هەڵکەوتوو شاعیرێکی باش بوو ، جگە لەوەی نیشتمان پەروەرێکی ڕاستەقینە بوو ئازاولێهاتوو وە فەرماندەی کەرت بوو ، لەئێرانیش ئیدریس بارزانی داوای لێ کردبوو بگەڕێتەوە بۆ دروست کردنی قیادەی موەقەتە لەگەڵ مەلا عەلی زمناکۆ و محەمەدی حاجی عبدالله ی ڕانیەیی کە ناویان نابوو محەمەد سیاسی ، فیشەکێکی بڕنەو لێی دابوو ،منیش دڵ خۆشیم دەدایەوە وپێم ووت هیچ نیە ..پێ ی وتمەوە : چۆن هیچ نیە دەستی کرد بەناو برینەکەی دا و لەسەر دڵی پارچەیەك گۆشتی دەرهێنا ، زۆر بەجەرگ بوو ، لەوکاتانەشدا شەڕ گەرم بوو، ئێمەش هێرشمان بۆ کردن و ئەوان شکان و دوور کەوتنەوە لەوێدا .. شیعرێکی حەمە ئەمین کە پێشتر ووتبووی کەوتەوە بیرم ، حەمە ئەمین خەلیفە قادر کۆزە ڕەقەیی خەڵکی سلێمانی بوو ، تیلەکۆیی بوو لەعەشیرەتدا شیعرەکەم لەبیر نەماوە ئێستا بەڵام

ئـەو ڕۆژە جلـی بـادینی لەبـەر بـوو شـاڵە خـەت خەتـەکان بـەبرادەرانمم ووت بـڕۆن دارێـك بـبڕن بـۆ ئـەوەی ( دارەمـەیتی ) بـۆ بکـەین ، حەمـە شـارەزووریم نـارد وخۆشـم دارێکـم بـڕی .. شـەهیدی نـەمر لـە پیاهەڵـدانی شیعرەکەیدا وادەڵـێ ، (کەئەگـەر کـوژرام لەجێگایـەکی بـەرزی بادینـان ولەلوتکەیـەکی بـەرز باجلـەکانم شـاڵی زلخۆیی بادینانی بێت کفنم یا داری تەرمەکەم لە دار گوێزی کوێستان بێت) ، ئەمـەش کۆپلەیـەکی بـوو بـەبیرم هاتەوە ، تەرمەکەی شەهید بەدارەتەرم هەڵنەگیرا و قورس بوو خۆشی کەسێکی بەخۆوە بـوو بۆیـە منـیش ووتم : لـەدواوە قاچـی بـەرز بکەنـەوە و خـۆم تەرمەکـەیم هـەڵگرت بـەکۆڵ تـا لـەو جێگـا سـەختە هێنامـە خـوارەوە کـە بەرزاییەکەی (5) مەتر دەبوو ، پـێ ی ووتین دامنیشێنن بێ سوودە من هـەر دەمـرم ، بۆچـی زەحمـەت دەکێشن لەوکاتەشـدا زۆر غـەمی ئـەوەی بـوو کـەمن زەحمـەت دەدا بـەهێنان و بردنـی بـەکۆڵم ، کـە مـن بەئـەرکی سـەرشـانم دەزانی .. هێنامە تەختاییەك وداروتەرمەکەیان بۆ کردومنیشیان بانگ کرد کە کۆبوونـەوە هەیـە کـە چووشم کاك تاهیر و کاك مولازم عومەر بوون ووتیان بڕیارمان داوە ڕەتڵی ئێوە لـە دواوە بێـت کـاك مـولازم عومـەر پـێ ی ووتم جیهازەکان کۆ دەکەیتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی نـەبێت بـەڵام خـۆت دوا کـەس بـە نـەوەك ئەوانـە خۆیـان بدزنـەوە و تەسلیم ببن وحسێن فەیلی بەرن، کۆمەڵێك عەریف و پۆلیس بوون خەڵکی شارباژێڕ بوون هەوڵی خۆ دزینـەوەیان ئەدا و منیش ووتم : من هەندێك لەهێزەکەمان لەسەر ئەو بەرزاییـەی لای پـشت (بازیـە) یـەه .. ووتیـان ئـەوە کـاك عوسمان و کاك نەبەز دەنێرین و با ئەوان بێنە خوارەوە بەئەوانیشیان ووت : کـە ئـەو کاتـەی دنیـا تاریـك داهـات بێنە خوارەوە و برادەرانی ترسەرکەون وهێزەکەی لای ئێمەش بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنرێ ، ئێمەش زۆر دوور نەکەوتینەوە شوێنەکانی عوسمان و نەبەزیان گرت ، لەوێش چەکەکانیان شۆڕ کردەوە و تەقەیان لەئێمە دەکرد ، ئێمـەش شـەهید حەمـە ئـەمین و شـەهید محەمـەد نگرەیمـان لەگـەل خۆمـان هێنـا تانزیـك گوندەکـە و ئـیتر پـەکمان کـەوت و شـەهید حەمـە ئـەمین پـێ دەچـوو تـەواو بـوو بێـت جامانەکـەیم لەسـەری داداو بـەجێمان هێـشت و هێزەکـەشمان کـە تاریـك بـوو دابـەزی بەچەمێکی بـەردەم بـازێ دا و هـەر گەیـشتینە چەمەکە هێنـدە تینـو بـووین هـەموویان پـەلاماری ئاویـان ئـەدا و ئاویـان ئـەخواردەوە لەسـەر چیاکانەوە بانگیـان دەکـرد کـاك تـاهیر و کـاك سـەیدکاکە وەرن و تەسـلیم بـن مەکەونـە دوای عـەلی عەسـکەری و دکتـۆر خالیـدی خـائین ! لـەدوورەوە دەنگیـان دەهاتە بەرگوێمان .. لەپێشەوەش بەشێکی هێزەکە تووشی چەند تەقەیەکی کەم هات و ئیتر دابڕان و ڕەت بـوون و لـەناو گۆلە مـەرەزەکانی گونـدی بازێدا منیش چوومە پێشەوە و سـەیر دەکـەم دابـڕاون و بـەکاك جـەمال عـەلی باپیرم ووت ، ئەوە چیـیە وەسـتاون ؟ ووتـی دابـڕاوین ، پێم ووتـەوە کـێ لێرەیـە ووتـی : وەڵڵا تالیب ڕۆسـتەم و قادرئاغـاو سـەید کاکـە وکوێخـا قادروعبداللـە سـوور و شـێخ جـواد وجبارجمیـل و ئەوانـە ، کـە منـیش چـووم دانیـشتبوون ووتیـان تەقەیـە ، پێم ووتـن خـۆ نابـێ تابـەیادیلێرە دابنیـشین مـن شـارەزام وەرن بەدوامانـدا .. شارەزایش نەبووم بەڵام بەڕۆژ دیقەتی شوێنەکانم دابوو .. ناوی نهێنی شەویش ( سەید ئەنوەر ) بوو ئەو شـەوە 1978/6/3-2 من شارەزا نەبووم ملی دۆڵەکەمان گرت وکەزۆر بیرم کردبوەوە بەرەوڕووی سنووری عێراق بـوو ، هێزەکەشمان زۆر بووزیاتر لە (250) کەس بوو هەر لەوێ وادیار بوو کاك عەلی عەسکەری دابڕا بوولەهـەر دوولا و بە تەنها خۆی و یەك پێشمەرگە و کاك تاهیر و کۆمەڵێکی کەیان هەر لەو دۆڵەدا و کاك خالیدوعەلی شیعە و کاك حامید و شێخ عەلی و جەوهەری برای دکتۆر خالید و شێخ حسێن و کاك مـولازم عومـەر و کـاك ئـازاد هـەورامیو ڕەوف بەگ و هێزەکەی کەش ڕۆیشتبوون بەرەو بیت الشباب . ئێمـە لەدۆڵەکـەوە ڕۆیـشتین تـا ڕۆژ بـوەوە دەمـەو بەیانی پێیان دەوتت زومەکان .. ڕەشماڵەکان یا دەوارەکان بە ئەسپیان دەوت دەوار ، بەکاك ڕەفیـق م ووت بـڕۆن لەو ماڵانە هەندێك نان کۆبکەنەوە و بیهێنن لەگەڵ عومـەر قاینـەجـەیی هـەر لـەو کاتـەدا هێـشتاچەند مـەترێك دوور

نەکەوتنەوە لەگەرووی دۆڵەکەدا لە دەوارەکانەوە لێمانیان خوڕی منیش بەهێزەکەم ووت دەستی ڕاست بگرن وسەرکەون بۆسەرچیاکە .. منیش دەمویست لەدرێژی دۆڵەکە شەڕ نەبێت چەند جارێك دەموت ئێوە کێن .. ئێوەکێن بۆ ئەوەی تەقە زوو دەست پێ نەکا .. ئەوانەی توانای سەرکەوتنیان هەبوو شەهید مەحمود زەردۆیی و شەهید عبداللە سوور و شەهید تاهیری حاجی عزیز و شەهید جەمالی عەلی باپیر ئەمانە زوو بەرزاییەکانیان گرت پێ ی دەچوو هێزەکەی قیادە موەقەتە کەم بێت بەلام هێزەکەی ئێمە هێزێکی ماندوو شکاو بوو .. یەکێ لەدواوە بوو وای زانی من نهێنیەکەم لەبیرچووە هاواری کرد ووتی(سەید ئەنوەر ) زانیان هی ئەوان نیيە و ئیتر تەقەیان لێ کردین لەهەر چوارلاوە دایان گرتین وهێزەکەش سەرکەوت ئەوان (40) کەسێك دەبوون و هەڵهاتن و ڕۆیشتنە دواوە ، هەر لەوێدا یەك شەهیدو4 بریندارمان هەبوو .. یەکێ لەو بریندارانە وەکو ناوی نهێنیەکە ناوی ( سەیدئەنوەر) بووبریندار بوو ، وابزانم خەڵکی کۆیەیاڕانیە بوو ئەوی تریش ناوی کەریم بوو .. سەرکەوتن وچیاکەش بەرزو سەخت بوو لەدواوە کەوتنە تەقەکردن لێمان ، هۆمەر ئاغا بانگی کردن و ووتی :من تەسلیم دەبم .. زۆریان برسی بوو ئەوانی زیاتر هاندا و هۆمەر ئاغاو 8 کەس تەسلیم بوون ( هۆمەر ئاغاخەڵکی پشدەرە ولەئاغاکانی میراودەلیيە ) کە ئەو تەسلیم بوو ئەوجا بانگی منیان دەکرد و جنێویان بەمن دەدا چونکە ئێمە تەقەمان لەو هێزە دەکردوو هەتا لەوانەی خۆشمان کە تەسلیم دەبوون .. لەدواشمانەوە سەید کاکە سواری هێسترێکی بچووك بوو 16 کەسی لەگەڵد ابوو 8 کەسیان چەکیان پێ بوو ، لە چوونە ناو ڕەشماڵەکان نان بخۆن هەر لەوێ عەشایەرەکان چەکیان کردن و لە 8 کەسەکەیان ئەدا و کە داوای چەکەکەیان ئەکرد یان ئەبێ پارەکەی بدەن ئێوە فرۆشتوتانە و ئیتر لەوێ ئەوان دەست بەسەر گیران ودوای ئەو شەڕە بەڕێگا لەبازێ دوورکەوتینەوە لەسەر چیاکەش بەفر بوو ، هەندێك ئاردمان پێ بوو دامان بەپێشمەرگە و تێکەڵی بەفریان دەکرد تابیێتە هەویروبیخۆین ، هەر لەسەر ئەو چیایەدا حەرەسەکەمان ناوی (صدیق ) بوو خەڵکی تازەدێی خورماڵ بوو ، هەڵهاتبوو بۆ ناو قیادە موەقەتە .. کاتی خۆی لە 3/27 لەکۆلیتان گیرابوو( خالید هۆرتێ ) مان خستە پێشەوە بۆ بەفر شکاندن بەڕێ کەوتین بەرەو ڕووی عێراق بەتەقدیر شوێنەکانمان دیاری ئەکرد .. ئێوارەکەشی لە 2-3 گوندەوە تەقەیان لێ کردین عبداللە سوور سەرچیاکەی لەوان گرت لەگەڵ تاهیری حاجی عزیزومەحمود زەردۆیی و جەمالی عەلی باپیر و مەحمودی حەمە تاتەدا منیش تەقەم دەکرد لەسەر قادر ئاغا 22 کەس بوون و خۆیان دابوە بن کاچوبەردێکەوە بۆ ئەوەی بەجێ نەمێنن بەلام زۆر ماندوو شەکەت بوون تەقەش هەبوو .. بانگی منی کرد و ووتی : ئێوە بڕۆن و ئێمە ماندووین ناتوانین بێین .. منیش تێگەیشتم دەیانەوێ خۆیان تەسلیم بکەن .. لەشێوەکەی خوارەوەش شەهید محەمەد شاسوار هەر بانگی دەکرد لێمان ، ناوی نەدەبردین دەیوت هۆخزمی هەڵبجەیی بەجێمان مەهێڵن مەبەستی من بوو نەیدەویست ناوم بهێنێ چونکە لە بەینی ئێمە و قیادەموەقەتەکاندا بوو .. منیش لەسەریان زۆر وەستام و نەهاتن ئیتر ئەوانیش بەو شێوەیە گیران لەو شیوەدا ، شەو بەڕێ کەوتین کاك جەلالی حەمەی محە و محمودی حەمە تاتە و سەرکەوت لای ماڵێك خەویان لێ کەوتبوو پێم ووتن هەڵسن بابڕۆین وتوویان پەکمان کەوتووە و دوایش خاوەن ماڵەکە چەکیانی کردبوو ! ئێمە ئەو شەوەی بەڕێگاوە بووین و بەیانی زوو بووکە چوینە گوندەکانی عەشیرەتی ڕێکان لەسەر سنووری عێراق و تورکیا لەناوچەی (بەرواری بالا ) بوو پێش من تالیب ڕۆستەم و شێخ جواد جامانەی سوریان لەسەریان بەستبوو خۆیان کردبوو بە قیادەی موەقەتە بۆ ئەوەی نانیان بدەنێ .. کە ئێمەش چوین پیاوی گوندەکە لای ئەوان دانیشتبوون سێ چوار ژن نانی بۆ دەکردن کەئێمەیان بینی خەڵکی گوندەکە ڕایان کرد و ووتیان جەلالی هات مامۆستا تالیب و ئەوان چێیان ناخۆش بوو ووتیان بۆچی سەعاتێك درەنگتر نەهاتبوون خەریك بوو

خزمەتمان بکەن ، لێمان تێك دان و هەموو ماڵەكان نانیان دەكرد هەموو نانەكەمان كۆكردەوە و دەوری گوندەكەشمان گرت .. دوای ئیسراحەت بەڕێكەوتین بۆ سنوری توركیا – عێراق ، لەرۆژی 6/5 ڕەبایەی عێراقی دەركەوت  وادیار بوو بڕیاریان دابوو تەسلیم ببنەوە و كاك تالیبیش دەوری ئەساسی هەبوو .. كاك تالیب كاك دارای كوێخا عبداللەی ناردبوو بۆ ڕەبایەكان كە 200 كەسن و نیازیان هەیە تەسلیم ببنەوەوعەفو بكرێن ، ئەوانیش پێیان ووتبوونن باشە بۆ تەسلیم بوونەوە ، بەڵام ئەمڕۆ درەنگە و بۆ سبەینێ وەرن و با 10 كەس بێتە پێشەوە چونكە ئێوە زۆرن ئەبێ بڕیاری قیادە وەربگرین .. كاك داراش لەڕەبایەكانەوە گەڕایەوە جامانەیەكی سووری لەسەر بوو زۆر بەئاسایی دەچووە ڕەبایەكە و دەهاتەوە .. من لەگەڵ ڕەتڵەكەی خۆمان قسەم دەكردو كاك جەمال عەلی باپیر ووتی خۆ ئەوانە بڕیاری تەسلیم بوونەوەیان داوە ، تۆچی ئەكەیت ، منیش وتم كاك جەمال من تەسلیم نابمەوە ، تالیب و كوێخا قادرو شەهید عبدالله سوورو شەهید تاهیری حاجی عەزیزو شێخ جوادو جەبار جمیل یش هەوڵی ئەداو پەشیمانم بكەنەوە و پێیان دەوتم كە تیا دەچم و چاكتر وایە لەگەڵ ئەوان بم و دەیان وت تیا ئەچیت و لەگەڵ ئێمە وەرە لەوێوە سەر دەكەوینەوە بۆ قەندیل ، ئەوان ئەمەیان زۆر لا ئاسان بوو ، وا دیار بوو جاری كەش تەسلیم بوو بوونەوە ، منیش داوام لەوان كرد تەسلیم نەبنەوە منیش ووتم : دەتان گەیەنمەوە برادۆست و قەندیل  قیادە موەقەتەش لەوێ هاتبوو كوێخا قادر ووتی ئەگەر تیا نەچین ئەوا تەسلیم نابمەوە ، منیش ووتم : كەفالەتی كەس ناكەم لە 100٪ ئیتر قسە زۆر كراو تالیب ترسا ئێمە دەربچین بۆیە ئەو نكۆڵی بوو ئەوان هەر سەیری ڕەبایەكانیان دەكرد  تالیب لای ئێمە گریا ووتی : ئەو قیادە تەقلیدیەیە چی بەسەر هێناین بەمنی ووت ئەگەر تۆیش نەیەیتەوە خۆم ئەكوژم تۆ تیا ئەچیت بەڵام دڵنیا بوون لەوەی من هەر ئەڕۆمەوە لەو كاتەدا جەماعەتی خۆمانم كۆكردەوە زۆریش دڵم نارەحەت بوو لەوكاتەدا پێم ووتن ئێوەش بڕۆنەوە لەگەڵ تالیب ڕۆستەم تەسلیم ببنەوە چونكە زۆرماندوو بوون هەموویان قاچیان ئاوسابوو چاویان ئاوسابوو بەڵام ڕەفیق پارەزانی ووتی من ناڕۆمەوە لەگەڵ تۆ دەبم .. ووتم لە 99٪ تیا ئەچین یەك احتمال هەیە دەرچین وتی 100٪ یش تیا بچم هەر دێم لەو كاتەدا شەهید محمود زەردۆیش هات وتی ئەڵێن تۆ تەسلیم نابیتەوە وتم : بۆ تەسلیم ئەبمەوە .. بۆ بوتڵێ خوێنیش تەسلیمی كەسنابم .. ووتی منیش ئەمێنمەوە  لەگەڵ تۆدا بووین بەسێ كەس دوای حمە ڕەش گرێزەییش هات و بووین بەچوار كاك تاهیر حاجی عزیز هات خواحافیزم لێ بكا هەندێ سەیری كردم و دڵی پڕ بوو هەموومان گریان قوڕگی گرتبووین دوای خواحافیزی چەند مەترێك ڕۆیشت و گەڕایەوە و ووتی خۆمن لەتۆ زیاتر نیم ئەمێنمەوە لەگەڵتا .. كاك جمال عەلی باپیریش جارێكی تر هاتەوە بۆ لام و ووتی چی ئەكەیت ووتم من نە تەسلیمی عێراق ئەبم نە ئێران و تەسلیمی قیادە موەقەتە ئەبم دوایی ڕۆیشت لەگەڵ كۆمەڵێك كادر خەڵكی قەڵاسێو كە بوون ناوی هاوڕێ بێستوون م لەبیرە ئەوان خەریك بوو قەناعەت بەكاك جمال بكەن و بیبەنەو ئەیانوت ئینسان بۆ پاراستنی خۆی ئەبێ هەموو شت بكات، ستالین لەگەڵ هێتلەر ئیتیفاقی كردوە .. هتد .. ئێستا چی تیایە ئەچین لەدهۆك پارچەیە وەرەقە وەرئەگرین و ئەچین بۆ لای برادەران .. كاك جمال هاتەوە بۆ لای من ووتی ئەو شوێنە زۆر خەتەرە ئەبێ لە ڕووباری شین ببپەڕینەوە و ئەبێ لەڕووباری پان بپەڕینەوە ئەبێ لە دەریای سوور و گەرە پێچ بپەڕینەوە كە سێ ئاوی گەورەیە كەیەكەمیان زێی گەورە دروست ئەكات زێی كەڵەكی یاسین ئاغا .. من وتم هەر ئەڕۆم ئەگەر 100٪ یش تیا بچم .. وتی دەباشە ئەگەر لەسەر ئاوەكە ئەگەر تێیان خوڕین ئەڵێین هاتووین تەسلین ئەبین .. ووتم لەسەر پردەكەش تێمان بخوڕن من تەقە ئەكەم تا ئەمكوژن هەندێك وەستا و ووتی بەخوا بكوژرێم هەر دێم لەو كاتەشدا شێخ جوادی بێ دەری خۆی بە ئامۆزای كاك عەلی دادەنا وتی بابا من كاك عەلی ئامۆزای خۆمە دەیناسم ئێستا

لەگەڵ دکتۆر خالید گەیشتوونەتە سوریاو ئێمەیان تووشی ئەم وەزعە کرد ئەوان هەر بۆماڵی خۆیان ئەچونەوە بۆ سوریا ئێمەشیان هێنا .. جانتاکەی کاک عەلی عەسکەری بەحمایەکەی خۆی بووخزمی بوو پیاوێکی بچکۆلە بو شێخ جواد جانتاکەی لێ سەند بەلەقە جانتاکەی شکاند ئیتر منیش ڕۆیشتم هەرچی کاغەزی تیادابوو لێمان وەرگرت و سوتانمان بۆ ئەوەی تەسلیمی حکومەتی نەکامۆرەکەی مەکتەبی عەسکەریشمان هێنایەوە هەر لەوێ تالیب رۆستەم ووتی باشە منیش نامەیەك دەنووسم بۆ مام جەلال بە دوو سێ دێڕ لەسەر کاغەزێکی بچکۆلە بۆمام جەلالی نووسیبوو کە چیان بەسەر هاتووە و باسی من و کاك جەمالیشی کردبوو کە لە 99٪ ئیحتیمالی دەرچونیان نیە بەڵام من هەر ئەم نامەیە دەنوسم وەهەندێك گلەیی لە مەسئولین کردبوو منیش برادەرانی خۆمانم کۆکردەوە و پێم وتن : ئێوەش بڕۆنەوەو تفەنگەکانیشتان بەرنەوەو تەسلیمی بکەن و پارەکەی بگەڕێننەوە .. ئەو کاتە چەك بە 200 دیناری عێراقی بوو کە پارەیەکی زۆر بوو ئەوکات، ئەوەی ئێمە نوری کۆیی و عومەر قابنجەیی و عوسمان عەلی و عەلی خدرو هەندێکی کەش، (180) کەس بووین (172) کەسمان بڕیاری تەسلیم بوونەوەیان دابوو.. کۆمەڵێك کادری لای قەلا سێوکەمان لەگەڵ بوون، کۆمەڵە بوون و چون و لە پێشا باسی ماوتسی تۆنگیان دەکردوله ئەو ڕۆژەدا ڕۆژگاریان گۆڕیوەو لەوانە بوون کە دەیانوت مارکسیش ڕەئی وابووە کە مرۆڤ خۆی لە هەلومەرجی نالەباردا هەوڵ بدات دەربازبێت، وەنەشیان دەوت لەگەڵ فرۆتیسکی کراوە ئەوە یا لەگەڵ لینین ئەڵمان کردوویەتی و ستالین و هیتلەریش ئەمەیان کردووە هەر کات وەزعەکە لەبار بووە وە.. لێرە لە دهۆکەوە دەچین و لە هەولێرو ڕانیەوە سەردەکەوینەوە.. منیش گوێم بۆ قسەکانی ئەوان و تالیب نەگرت، برادەرانیش دەیان ووت بەجێت ناهێڵین.. هەموویان قاچیان ئاوسا بوو ماندوو بوون و تەواو شەکەت ببوون، قەناعەتم کرد بەڵام ڕەفیق پارەزانی پێی ووتم من بزانم هەر ئێستا دەکوژرێم دێمەوە لەگەڵتان، فەردە نان و مەخزەنی فیشەکی تەواوی بۆ هەردوکمان ئامادە کرد، ئەوەندە باوەڕمان بەخۆمان هەبوو، دوو جار ووتمان با ئەم هێزە چەك بکەین و چەکەکانیان ببەینەوە، دوایش ووتمان چەکمان بۆ هەڵناگیرێ، بۆچیمانە لەو قسانەدا بووین، دوو پێشمەرگەکەش بە کری سوری خەڵکی لای ئالانە بوو، کوڕێکی کەش ناوی محەمەد، خۆی ئاواتی ناو نابوو واتە خەڵکی گەردێی لای گەورە دێ بوو، بەو شێوەیە لە ئێوارەی 5 – 6/6/ 1978 لە بەرواری باڵاوە لەسەر سنووری تورکیا عێراق لە هێزەکە جیا بووینەوەو پێمان ووتن ئیخبارمان مەکەن بەرەو گوندی یەك ماڵەی کوردستانی عێراق هاتین و هەر لەو ناوچەیە بەڕێ کەوتین و بەو هێزەمان ووت: کە ئیخباریمان نەکەن لە پاشاندا خۆیان پێ نەگیرابوو کردبوویان، شێخ جواد لەو کاتەدا ئێمە ووتمان ئەگەڕێینەوە بۆ سەرکردایەتی ووتی: کاکە بۆ ئەڕۆنەوە ئێستا هێزی قیادەی موەقەتە چووەتە سەر مام جەلال و ئەوان ،کاك عەلی و کاك خالید ماڵەکانیان لە سوریایەو خۆیان دەرباز کردووە بۆ سوریا و با ئێمەش تیا نەچین و بگەڕێنەوە خۆمان تەسلیم بکەینەوە، ئێمەش کە نزیکەی سەعات 5 ی ئێوارە بەڕێ کەوتین و ئەوانیش سەیریان دەکردین و دەسەڵاتیان بوایە تەقەیان لێ دەکردین بەڵام ئەوەندە ڕووخابوون ئێمە دەمانتوانی هەموویان چەك بکەین، لە ڕۆژی 6/3/ 1978 کاك عەلی و کاك تاهیرو ئەوان گیرابون هەندێکیان حسێن فەیلیان بردبوو خۆیان تەسلیم کردبوو، هێزەکەی کەش لەگەڵ کاك خالید 170 کەس دەبوون بۆلای (بیت الشباب) ڕۆیشتبوون و دوای خۆکۆکردنەوەیان کاك کەمال خۆشناو (90) پارچە چەکی بۆ هێنابوون و پارەو نان و (12) هەزاری بۆ هێنابووین و، ئەوانیش نەیان کردبوو بەرەو لای ئێمە بگەڕێنەوە ئێمەش ئەگەر کاك عەلی وکاك تاهیر و کاك خالیدمان لەگەڵ بوایە، هەر لەو ناوچەیە دەماینەوەو دەمان توانی بە ئاسانی ڕێگای زاخۆو چیای بێ خێرو لە چیای سپییەوە ڕێگای سووریا بکەینەوەو قیادەی موەقەتەش لەو سنووره نەهێڵین، بەڵام کاك خالیدو ئەوانیش

لە چەند شەڕێکداو ڕەؤوف بەگ و جەوهەری برای کاک خالید شەهید دەبن، جگە لە چەند پێشمەرگەیەکی تر ئێمە دڵنیابووین لە کاک خالید تا بڵێی پیاوێکی ئازاو دلێرو قارەمان بوو، بەهرەمەند بوو لە زۆر بواردا شارەزا بوو، جگە لەوەی دیسپلینی ڕێکخستنی باش بوو، دیسانەوە ئەوانیش بە قسەی دەدەقەدەوە فریویان خواردبوو تا ڕۆژی 19 / 6 / 1978 هەموو هێزەکەیان کۆتایی پێ هاتبوو بە گیران و کوژراو، کاک خالیدیان گرت لەگەڵ شێخ حسێن و کاک مولازم عومەرو کاک ئازاد هەورامی و کاک عەلی شیعەو کاک حامیدو کاک شێخ عەلی، لە بەراواری 3 / 6 یش کاک عەلی و کاک تاهیرو عوسمانی قالە منەوەرو نەبەزو.....هتد، ئەمانەش گیران،

لە 4/ 6/ 1978 ئۆمەر ئاغا تەسلیم بوو پاشان کردیان بە پێشمەرگەی قیادە موەقەتە، لای خۆیان و دوایش ناردیانەوە لای سەردەشت و پایگای بەردە پان لە دەوری بێوران... لە 4/6/ 1978 سەید کاکە گیراو قادر ئاغاش گیرا بەڵام هەریەك لە ناوچەی جیاجیاو دوور لەیەك، جگە لە سەید کاکەو ئۆمەراغا یەك سەعات نێوانمان هەبوو، ئەوان کە دوور بوون لەیەك و مەحمودی حمە تاتەو جەلالی حمەی مەحە. ئەو هێزەش تەسلیم ببۆوەوە کە تالیب رۆستەم و جەبار جەمیل و شێخ جوادو کۆمەڵێك کادیری تری کۆمەڵەو زۆری کەش بوون واتە بە گشتی لەو 800 کەسە تەنها 8 کەس ماینەوە بە چەکەکانی خۆمان دەرچووین، 172 کەسمان تەسلیم بووەوە:

1- تاهیری حاجی عەزیز.

2- مەحمود زەردۆیی.

3- ڕەفیق پارەزانی.

4-حەمە ڕەش گرێژەیی.

5- جەمالی عەلی باپیر.

6- بەکرە سوور - خەڵکی لای ئالانەیە.

7- ئاوات گەڕە دێیی لای گەورە دێ.

8- محەمەدی حاجی مەحمود.

هەشت کەس بەو جۆرە ماینەوەو سێ کەسیش چەکەکانیان فرۆشتبوو بە پارەکەی گەیشتنە سووریا کە ئەمانە بوون. (حسین مجید کۆکۆیی، دارا عبدالقادر، حمەی هاواری)، ڕۆژی 6 / 6 هەشت هەلیکۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی گوندی یەك ماڵە و ئەو ناوە ئێمەش لە پشتی یەك ماڵەوە سەیرمان ئەکردو چاومان لێ بوو پێش ئەوەی هەلیکۆبتەرەکان بنشنەوە چەکەکانیان پێ دانان لەلایەکەوە لای بەرواری باڵا کەخەڵك بەکۆمەڵ دەرۆیشتن بۆلای ئەو شوێنەی کەفرۆکەکان لێ ی نشتنەوە، چواریان بە ئاسمانەوە چواریان نیشتنەوە، ئەو خەڵکانەیان لێ کۆبووەو باریان کردن بۆ بامەرنی و هەر دەچوون و دەهاتن، بەو شێوەیە 40 دەقەی پێ چوو، لەو سنوورەوە لای یەك ماڵەوە بە 40 دەقەدە چوونە بامەرنی و دەگەڕانەوە، لە دوو فڕۆکەش سەرجەم چەکەکانیان هەڵگرتبوو، نزیکەی 130 چەکیان بردو بار کران، لەوێوە بۆ دهۆك و موسڵ و پاشان بۆ هەولێرو دواتر هەریەکەو بۆ سنووری خۆی و ناردیانەوە بۆ سلێمانی و ناوچەکانی کەش و هەندێك پارەشیان دابوونێ و هانیان دابوون !

ئێمە شەوی 6- 1978/6/7 چووینە یەك ماڵە، لەو ماڵە دانیشتبووین بۆ نان خواردن ئەو ماڵەش چێشت دۆکولڵاویان کولیویان لێنابوو (کۆڵ گیای کوێستانە) کۆڵ و کاشمەو کنێرەو قارچك یا کارك و زۆری کە گیای کوێستان بوو، ئەوەی لادێ و کوێستانیەکان بوو دەیانناسی و دەیانخوارد، زۆر گیای کەش بوو گوڵە ڕونەو بەرزە لێکك و هەزیلەو بەرەزاو ئەوانە لە جێگای سەخت دا دەبن و بە ئاسانی دەستی نایگاتێ و بەنەوشەو گوڵە شلێرو سوورە هەڵاڵەو روسقەو هازە پلەکەو گلکی ژێر زەوی و کناولەو کنگر سبون کە دەکرێتە صابوون و گوین

و دەکرێت بە کەتیرەو کۆکلاش و زۆری کەش، لەو ماڵەدا کاتی نان خواردن ئێمە (4 چوارمان) حەرەس بووین و چوارمان نانی دەخوارد وا بزانم تەشتێك بو یا لگانێك 4 – 5 جاریان تێکردو یەکی 10 – 15 چامان خواردەوە زۆر ماندوو بووین کوڕێك لە تەمەنی 17 – 18 ساڵی ناوی محمەمەد بوو کوڕی ئەو ماڵە بوو، ئەگەرچی گوندەکە ماڵی کەم لێ بوو ئەو کوڕە لە شانەدەری.. شارەزوور ئەو ڕۆژە گەڕابوەوە ئێمەش ئەمەمان لا سەیر بوو، گەلێك پرسیارمان لێ کردوو هەواڵی سەید صادق و شارەزوور و سلێمانی مان لەوە وەرگرت.. کوڕەکەش پێی وتین: من کاری مقاوەلات دەکەم لە دروست کردنی ئۆردووگای شانەدەری منیش لای حەمە مۆریاسی ئیش دەکەم، ئەو مقاولە، پێشتر ئێمە کە لەو ناوە بووین نەماندەهێشت هەروا بە ئاسانی ئۆردوگا دروست بکەن و ووتمان پێشمەرگەی لێیە، ڕێگەتان نادەن ئەو ئۆردوگایە درووست بکەن؟ وەڵامی داینەوە کە پێشمەرگەی لێیە بەڵام کەمەو دەڵێن هەموویان ڕۆیشتوون بۆ تورکیا و چەك بهێنن و ڕێگا نەدەن گوندەکان بار بکەن لەگەڵ عەلی عەسکەری هەموویان ڕۆیشتوون، ئێمەش لە دڵی خۆماندا وتمان بەڵێ وایە، ئەوەیشی هەمان بوو نامانە سەری هەشت کەس لە هێزەکەمان ماینەتەوەو دەمانەوێ بگەڕێینەوە لای خۆمان، بۆیە ئێمەش هەندێك سوردمان لەو کوڕە وەرگرت و دوای نان خواردن شارەزایەکی لەگەڵ ناردین، ئێمەش بۆ ئەوەی دەربچین پرسیاری ناوچەکانی ئەو ناوەو گوندەکانیم دەکرد کە لە پێشمان بوون، ئەویش دەیوت زۆربەی دۆڵەکان کەوتوونەتە ئەو ناوچەیە، وەك دۆڵی بالیسان، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی نازەنین، دۆڵی سماقووڵی، کە ئەمەی دواهەمینیان حکومەتی لێ بوو. دۆڵی بالیسانیش عەشائیری ناوچەکە یا قیادەی موەقەتەی لێ بوو، دۆڵی نازەنین بەشەو هەردوولای بۆ دەهات، منیش ئەوەی ناوەڕاستم هەڵبژارد چونکە شەو گرنگ نەبوو، ئەو شەوەش شارەزاکەمان بردینیە ناو ڕەبایەکان و گەیشتینە سەر دیوارو خۆڵی ڕەبیەکە کاك رفیق یش پشتێنەکەی توند گرتبوو کە ڕانەکات شارەزاکەمان، کەمینی ڕەبایەش هەبوون کاك ڕەفیق کەوتە لێدانی لەسەرو ملی و گەڕایەوە منیش پێم ووت چییە ووتی: بۆ ناو ڕەبایەمان دەبات تا سەعات 3ی بەرەبەیان کابرامان بردوو پاشان پێمان ووت: خۆمان شارەزاین تۆ بگەڕێوە بۆ شوێنی خۆت، ئێمەش دوای ماوەك ڕۆیشتین و خۆمان شاردەوە، کە نەمان دەزانی ئەو شوێنە کوێیە کە ئێمەش پێمان وابوو ئەو شوێنە لای ڕۆژهەڵاتە سێبەرمان کردبوو بۆی تا کاتێکیش هەتاو هەڵهات ڕاستەوخۆ لێی داین و تا جێگەمان گۆڕی ئەو ڕۆژەو تا ئێوارەش فڕۆکەمان لەسەر بوو ئیخباریان کردبووین هەواڵیان لێ دابووین کە پێمان وتبوون ئیخباریمان مەکەن بەڵام ناوچەکە چڕو پڕو دارستان بوو ئێمەش ئەو هەشت کەسە باوەڕمان بە خۆمان هەبوو، لە سەعات 6 تا 7ی ئێوارەی ئەو ڕۆژە دابەزین بۆ گوندێك لە دۆڵەکەدا بۆلای بەرواری کەوا ئێمەش زۆر ماندوو بووین لای بەرواری باڵاو بەرەو دۆڵی بێ داوو (چەمی جوو) کە لەوێ بەر بلاو بوو ناوچەیەکی بەرفراوانیشە، لەکاتی شەڕەکانیش هەلیکۆپتەری تورکیا بە دوامانـدا دەهات و بریندارو کوژراوی قیادە موەقەتەی لەگەڵ عەشائیرەکان کۆکردەوەو دەیگواستنەوە بۆ دیاربەکرو هەکاری، لەوێش بریندارەکانیان چارەسەر دەکرد، جگە لەوەی ئەفسەری عێراقیان لەگەڵ دابوو بریندارو تەرمەکانی پاشماوەی هێزەکانی ئێمەشیان دەبرد لەگەڵ خۆیان بەندیان دەکرد، لەوانە محمد نەگڕەیی کە دوای ساڵی 1979 بوو یا ساڵی 1980 چارەسەرکراو چاك بووەوەو گەڕایەوە، تەرمی کاك ڕەئوف بەگ لە سەرەتای هەشتاکان کاك عەلی باوکی کاك تایەر هێنایەوە، لەو ناوچەیەش زۆر کەس لە گیراوەکان قیادە موەقەتە فشاری هێنابووە سەریان کە دەبێت تەسلیم بە ڕژێم ببنەوە، کاك عوسمانی کاکە ڕەش و دوو سێ کەس زۆر نزیك ڕەبایە یەکەیان کردبوەوەو دڵنیا ببوون کە تەسلیم دەبنەوە، گەڕابوونەوەو عوسمانیش دوای ئەوەی تاریك دادێت. گەڕابوەوەو لە جێگایەکی کە هاتە دیوی ئێران و گەڕایەوە لامان لە برادۆستەوە بەڵام پێڵاوو سەعات و جل و بەرگیان لە پێشمەرگە

سەندبووەوە، عوسمانی قادر مونەوەرو نەبەز پێکەوە بوون لەوانە داوایان لێ کردبوون تەسلیم بە ڕژێم ببنـەوە، ئەگەر لای ئەوان نامێننـەوە بـەو شێوەیەش کـەس چـەکیان بۆ هـەڵناگرێت، جگـە لـە هۆمـەر ئاغا ئـەویش دوایـی هاتـەوە لای یـەکێتی، ئێمـەش لـە شـەوی 6/7 – 8 لـە بـرێ داوچـەم و جووڵـە ڕوبـاری شـین یـا ئاڤـە شـین شـارەزایەکمان هێنـاو لـە ترسـی ئـەوەی نـەڕوات و تاریک بـوو بـە پشتوێن بەستبوومان بـەو پێشمەرگەی کـە لـە دواوەی بـوو لەسـەر ئاوێـك کـە دەورووپـشتی دارسـتان بـوو دەیـان ووت ئـەو جێگایـە بارەگـای قیـادە موەقەتـەی لەسەرە ئێمەش پێش ئەوەی بگەین لەناو دارستانەکەوە هاژەیەك ڕووەو ئێمە هات و هەموو وەستاین و دەستمام لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانمان دانا لەگەڵ هاژەکەدا ڕووبـەڕووی ڕۆیشتین و کابرای شـارەزاش هـاواری کـرد ووتی: تەقە مەکەن سیخوڕە. ئێمەش وامـان زانـی سیخوڕ جاسووسـە، بـەڵام دوای ئـەوەش زانـیم سوچـەڕە نزیـك ئاوو پردە دارینەکە بووینەوەو.. دوو..دوو دامنان و پێم وتن ئەگـەر تێیـان خـوڕین مـن تەقە دەکـەم و ئێوەش لـە جێگای بەرزن و تەقە لە جێگای ئەوان بکەن، کابرای شارەزام خستە دوای خۆم و لەسـەر پردەکـەش کـە بـە داری نەرم لەسەر دوو داری ئەمبەرو ئەوبەری (12) مەتر درێژی بوو دروست کرابوو وەك تەیمان یان چەپەر، لـە تـووڵ دەکرێت و چوارگۆشـەو لـەدار، پاشـان کـە ڕۆیشتم هێشتا مـەترێکم نـەبڕیبوو پـێم لەسـەر دانـاو بـەم دیـوو دیـودا دارەکان دەکەوتن هەر ئەوەبوو بەرنەدەبوومەوە کە سەیری خوارەوەم دەکرد ئاوەکە لێڵ بوو لەبـەر چاویـشم دوور بوو هاژەی دەهات و چەند دەجووڵام ئەوەندە پردەکە ئەم دیوو دیوی دەکردو نەمـدەزانی چـی بکـەم و دەسـتیشم لەسەر تفەنگەکەم ئامادە بوو، کاك ڕەفیق لەسەر پردەکە بوو کاك جـەمال لـە دواوە بـوو، بـرادەرانیش جێگاکـەیان بەرز بوو نێوانمان هەبوو، کە من دەجووڵام کابرای شارەزا دەترسا بکـەوێت و ئـەو دەچـووە لای مـن و هـەروا بـە ناڕەحەتیـەك بـوو پەڕینـەوە ئەوبـەرو دەسـتم گەیشتە بـەر دووچیاکە، ئیتر باکم نـەبوو، وەنەشـم دەتـوانی بـانگی هاوڕێکـانم بکـەم لەبـەر مەترسـی جێگاکـە ئـەوانیش گوێیـان لێ نـەبوو، منـیش بـە کـابرای شـارەزام ووت: بـڕۆ بـە دوایاندا، ووتی: ئەکەومـە خـوارەوە، منـیش بـەردم بـۆ هەڵدا لـە تـاودا، تـا بگەنـە لای مـن بەهـەزار ناڕەحـەتی تـێم گەیاندن و ئەوانیش یەك یەك پەڕینەوەو زۆر بە زەحمەت یەك کفنیان زەرد کردبوو نەك لە ترسی قیادە، بەڵکو لـە ترسیجووڵاندنی دارەکەو هەر کەپەڕینەوە کابرای شارەزا ووتـی: دوای دوو سـەعات و نیـو دەگەنـە ناوچـەیەکی کە کە ناوی ڕوباری (پانە) ئەو ئاوەش لای ئامێدی یە کە یـەکیان دەگرتـەوە، دارو حـەبلی لەسـەرەو دوو تـا سێ ماڵی لەوبەرە پیاوێکی باشی لێیەو ناوی (یونس)ە بانگی بکەن دەتان پەڕێنێتـەوەو لـەو بـەرەوە دەچـنە بـەرزان و ئـەو سنووره، ئێمـەش مانـدوو بـووین، ئـەو شـەوە لامانـدا لـە ڕێگـاو کـاك ڕەفیـق بـوو بـە حـەرەس و لێـی خـەوتین بەیانی سەعات 10 ئێمەش هەڵساین و کاك ڕەفیق کترێـەك کـە نۆزدە دۆلکـە چـای دەگـرت لێـی نـابوو، هـەمووی خواردبوو، جاری دووەم لێی نایەوەو ئێمەی بەخەبەر هێنایەوەو چایەکی زۆرمان خواردەوە کە لـە ماندووبووندا چاو نان زۆر دەخورێت، کاتی خۆشی کە خەڵکی ئیشی دەکردکەرتوو یا دەرو وام دەزانـی چـا بەشـی نـەدەکردن، ئەو کاتە بیرم کردەوە لە ماندوو بووندا چا زۆر دەخورێتەوە، لە گوندەکانیش چایان زۆر دەداینـێ، لـە ڕۆژی 7 / 6 چووینە ئەو گوندانە ئێوارە بوو دەچوین بۆ زێوە کتری و قۆریـان دەگێڕا بەسـەر پیاڵەکانـدا نـەوەك پیاڵـەکان کۆبکەنەوەودووبارە چا بهێنن.. هەر یەك 20 چامان دەخواردەوە، خەڵکی ئەو ناوەش جامانەی سووریان لەسـەر بوو لە نێوان هەردوو ئاوەکەدا تا سەعات چواری ئێوارە ماینەوەو منیش وورده وورده ملی تووله ڕێگام گـرت و، ئەوانیش دوور بـە دوامـدا یـەك یـەك دێـن، جێگـای سمـی ماینم بینـی، ماین و هێـسترو کـەر یـەك سم دەبێـت نـاڵ بکرێت یا چوار ناڵی یا دوو دەست، ئیتر ئێمە بەو شێوەیە چووینە سەر ئاوەکە کە کابرای شارەزا پێیی ووتین. خۆمان هەوڵمان دا نەمانتوانی بەسەر دارەکە بپەڕینەوە کە ئاوەکەش تـەنها 15 مـەتر پـان بـوو، هەرچـی بانگمـان

کرد کاك یونس حاڵی نەدەبوو نەیدەزانی یان ئاگای لێ نەبوو، بەڵام ئەوە ڕێگای قاچاغ بوو، شەوانەش هاتوچۆی لێوە دەکرا، بە ڕۆژیش ڕەبیەکان ئەو شوێنەیان دەبینی، بەو شێوەیە کابرا ئاگای لە ئێمە نەبووە وە نەشهات بۆلامان.. تا کاك تاهیری حاجی عەزیز وتی: من ماوەیەك لە ژیانمدا وەستایی دیوار بووم و بە ئاسانی بەسەر دیواردا تێپەڕبووم با بزانم ناتوانم بەسەر ئەو دارەدا بپەڕمەوە.. ئیتر بەهەر حاڵ بە 2 – 3 جار پەڕییەوە بەڵام پەتەکە لەو بەر بەسترابوو 1 – 2 کەسی کەشی کردە ئەو بەرەوەو کابراش هات و بە گەرمی مەرحەبایی کردین و ووتی: ئێوە لە کوێ وە بۆ کوێ دەڕۆن، ئێمەش قسەمان نەکرد، بۆیە خۆی درێژەی بە قسەکانی داو ووتی: ئێوە جەماعەتی (عەلی عەسکەری و مام جەلال)ن شەڕ بووەو ئێوەش دابڕاون وا دیارە دەگەڕێنەوە سلێمانی ئێمەش ووتمان: ئێمە قیادە موەقەتەین و ئیتر قسەی نەکرد دیار بوو ئەقڵی نەیبڕیبوو ئیتر چووینە ماڵی خۆیان و نەیهێشت بڕۆین و داینان و نان و دۆکوڵێکی باشی داینێ.. ووتی لەگەڵتان دێم تا نزیك گوندی (شێوە) گوندێکی گەورەیەو هەمووی جاشەو بەڵام جاشەکان باشن، جگە لەسەرەك جاشەکە پیاوێکی پیری بە تەمەنەو ئێوەش ئەگەر بتوانن لە کاتی دەمەو مەغریبدا خۆتان بگەیەننە ماڵەکەی لە بەرزاییەکەیە لەم پەڕی گوندەکەوە وەکو ئەوە وایە هەمووتان گرتبێ. ئەو کات هاوکاریتان دەکات، ئەگەر پێیان زانین و تەقەیان کرد دەبێت لە پشتی گوندەکەوە بەرەو گوندی بناوێ بچن، چونکە زێوەش گوندێکی خراپە کابرای سەرەك جاش لای ئامێدیە ناوی چاوشینێکی پێوەبوو کانەبی یا کاڤم ناوێکی وابوو، ئێمەش بەو شێوەیە بەو توند و تیژی و خێراییە خۆمان گەیاندە دیواری ماڵەکەو تا ئێمەیان لەبەر دەرگا بینی من گەیشتمە ژووری دیوەخان نزیکەی 10 تا 12 کەسی جامانە سوور دانیشتبوون و چەکیان پێ بوو وە پیاوێکی بە تەمەن 65 تا 70 ساڵی بە کراسێکی شۆڕو سپییەوە دشداشەی عەرەبی و چاکەتێکی گەرمیانی و جامانەیەکی گەورەی سوورو یانزە تیرێکی ئینگلیزی دانابوو، ستارخانی کردبوە ملی و فیشەکدانی بەستبوو من و کاك جەمال و کاك تاهیر و مەحمود زەردۆیی چوینە ژوورەوە سلاومان لێ کردن و ووتمان هەڵمەسن ئەوانیش زۆربوون وا دیاربوون نیازیان خراپ بوو بۆیە پێمان ووتن لە جێی خۆتان دانیشن و ئێمە پێشمەرگەین و ڕێبوارین، ئێوە نان و خۆراکمان بدەنێ و دەڕۆین، ئەوانیش کەمێك خاوبوونەوەو بەڵام زۆر ترسان، لەوێش کەمماینەوە زۆر نەبوو نانمان خوردوو ئیتر چوار کە خۆمان هەشت کەس بووین دوای چەند پرسیارێکیان لێ کردین بەڵام کوێخاکەیان ووتی: پرسیاریان لێ مەکەن، نان و چایاین بدەنێ و ڕێگایان پیشان دەن ئەمانە لە جەماعەتی جەلالین و لەگەڵ عەلی عەسکەری بوون و تووشی شەڕبوون لەیەك دابڕاون و ئەمانیش ڕێگایان کەوتوەتە ئێرەو کوردن و بۆ کوەردایەتی هاتوون ئیتر نان خوراو بە کوڕەکانیشیدا لێی ڕانەدەبینین و خوشکە زایەکی هەبوو ناوی (ڕەشید) بوو پێی ووت: تۆ لەگەڵیان بڕۆ، ڕەشیدیش تا بڵێی کوڕێکی باش بوو هەر لەلای ماڵی خۆیان بووین و ووتی: لەناو گوندەوە بڕۆین یا دەرەوەی گوندەکە، چونکە لەناو گونەکەدا پڕە لەجاش منیش وتم لەکەناری گوندەکەوە بمان بە. دیاربوو گوندەکەیان دوورو درێژ بوو بۆئێمەش باش نەبوو، بەناو گوندەکەدا تێپەڕین بوشێوەیە بمانبینن کاك جەمالیش ووتی: لە کوێوە دەردەچین؟ منیش وتم.. لەناو گوندەکەوە هەمووی جاشن، ئەویش ووتی:ئەی ڕێگایەکی باریك شك نابات لە قەراغ گوندەکەوە منیش ووتم با، ئیتر نارەحەت بوو ماوەیەکی زۆر تەلان و باخچەو بەردەڵان بوو، کاك جەمال کەوتە بیرێکەوە تا چەند ساتێك هەر تەقەی دەهات پوشەکەی تۆزێ دەکرد، کاك جەمال وەرزشکار بوو هەر چۆنێ بوو لەناوبیرەکە خۆی گرتبووەو منیش گۆچانەکەم بۆ شۆڕکردەوەو دەستی پێوە گرت وهاتە سەرەوە بەڵام دەست و قاچی بریندار بوو کلاوەکەشی کەوتبووە خوارەوەو بەجێێ هێشت ئیتر درێژەمان بەرێگا داو بەو برادەراشمان ووت خۆمان شارەزایین و دەڕۆین، ئەویش ووتی مەچنە گوندی زێوکە هەمووی جاشەو

گوندێکی بناوی زۆر باشن ئێمەش بەحیساب لەرێگا لامان داوەو تا ڕۆژیش دەبێتەوە وە درەنگی کرد دەچینە گوندێك تومەز لەسەرە ڕێگایەکدا خەوتین و حەمە ڕەش حەرەس بوو خەوی لێ کەوتبوو کە چاوم کردەوە سەر لەبەیانی کەسێکی جامانە سور بەسەرەوەوا هاتۆتە سەر سەرم وەستاوە منیش هیچ خۆم تێك نەدا هاتە پێشترو ووتی: کاکە بۆ لەم سەرە ڕێگایە خەوتون منیش جاشم و هەموو گوندی ئێمە جاشەو ئێوەش دەبێ چی بن هەموو ئەو ناوەش قشڵەیە (ڕەبایە)ی عێراقیە !ئیتر منیش وادڵنیا بووم کەلەشوێنێکی مەترسی دارو بەوەشم زانی کەحەرەسەکەمان خەوی لێ کەوتووە یەکسەر هەر لە پەناوە خۆم تێك نەداو وەڵامم دایەوەو وتم ئێمەش جاشین و لە هەولێرەوە هاتین و ئێستا ئێستادەڕۆینە خوار بۆ بەرەو گوندی شێوێ وبەکارێك هاتووین و دەگەرێینەوە منیش بۆیە وام ووت تا نەزانێ ئێمە پێشمەرگەین وخەبەرمان لێ بدات دیسانەوە پێی وتم کاکە ئەگەر وایە بۆ بە ڕۆژ نایەن وپاشان بەشێوەتان دیارە لەو جل و بەرگەشتاندا دەرئەکەوێ کەجاش نین و ئێوە پێشمەرگەن و لە جەماعەتی عەلی عەسکەرین و بۆ سلێمانی دەڕۆنەوە ، ئەم کابرایە درێژەی بەقسەکانی داو ووتی : من کوردم وڕاستە جاشم بەڵام حەز بەزیانی ئێوە ناکەم و ئێستاش جاشەکانی کازم چاوشین دێتە سەرتان ئالەم قسانەمان دەکرد هەندێ لەبرادەران خەبەریان بۆوە و هەڵسان ، بەئیشارەت کردن پێم ووتن ئامادەبن کابراش هەستی بە جموجوڵی ئێمە کردو دوور کەوتەوە چەند مەترێك بەرەو دارستانێکی نزیك ئەو ناوە ، کە ئەو کشایەوە دواوە منیش برادەرانم هەڵساندوو بەڕاکردن دوور کەوتینەوە لەو ناوە بۆ ناو چڕە دارستان چووین لەنێوان زێوە و بناوێ لەناو دەوەنەکان خۆمان شاردەوە ، لەو ناوەش دوو سێ کەس گیایان دەبڕی بۆگزرە ، گزرەش گیایە و بەسەوزی دەبڕێت و ووشك دەبێت ، گیرە دەکرێت بە ڕەشکە یا جەواڵ دەیکێشن و پێی دەڵێن گزرە ، کاش دەبێت بیکوتن .. قەرەخەرمان ، بەسەوزی دەکرێت و ساوەریش هەر گەنمی کوڵێنراوە ، هەر گەنمە و ئەو لەزەتی زیاترە و ئەویش لەزەتی کەمترە ، لەبەرامبەر گوندەکە خۆمان شاردەوە و دانیشتین سەروماڵەکان ڕەبایە بوو ، خەڵکی ئەو گوندەش سەر بەرژێم نەبوون و باش بوون تەنها گومانیان لەیەك کەس هەبوو لە گوندەکە پێی دەچوو ئەویش ناوی (( ڕەشۆ )) بوو ناوی کوێخا جەمالی پێ ووتین دوای نیوەڕۆ سێ ئۆتۆمبیلی جاش و هەندێك پۆلیسی بۆ سەر گوندەکە و دوای نیو سەعات گەڕان پشکنین وادیار بوو بەئێمەیان زانی بوو ، پاشان بۆ سۆراغی ئێمە هاتبوون پاشان گەرابوونەوە ئیتر بەو شێوەیە خۆمان شاردەوە تا دەمەو تاریك بوو ناو گوندەکەش دیار بوو ڕانە مەڕ و گا و مانگاکانیان جگە لەحەپەی سەگ و قارەی مەر و قوڕەی مانگا و تەپوتۆزو شوانەکانیان ئاوازێکی گەورەیان بۆ گوندەکە خولقاند و ئێمەش بەهەلمان زانی و چووینە ناو گوندەکەوە و زوو دەست نیشانی ماڵی موختاری گوندەکەمان یا کوێخا جەمال کەئەمەش خەڵکی گوندەکە هەڵی دەبژێرن و نوێنەریان دەبێت لەراپەراندنی ئیش و کاری گوندەکەیان لای میری و یا هەر کۆمەڵێك بێت لەو ناوچەیەدا بن و مۆری هەیە و لەهەموو شت بەحەقی خۆی دەزانی و خۆی تێ هەڵدەقورتێنێ ! ئیتر ئێمەش چووینە ماڵی کوێخا و کاك جمالیش باسی مەلا مستەفا و شۆڕشی دەکرد و وای نیشان دا ئێمە پارتین و ئیسراحەت دەکەین کوێخاش ووتی : گوندەکە زۆر باشن بەڵام کابرایەکمان هەیە ناوی ڕەشۆیە دەترسین خەبەرمان لێ بدات ، بەڵام لەپاشان بۆمان دەرکەوت کە ڕەشۆ لەگەڵ کوێخا کێشەیان هەبوو کەکامیان کوێخا بن و کامیان زۆر ئیش بۆ رژێم دەکەن یان بۆ ئەو پایگایەی پشتی گوندەکەیان ، ئیتر لای کاك جەمال شکاتی کردوو منیش ووتم کاك جەمال بانان بخۆین و بڕۆین و پێی دەڵێین کە گەڕاینەوە بانگی دەکەین ، کاك جەمال وا دیار بوولەو کاتەدا دانیشتنەکەی پێ خۆش بوو کەوا دیارە کوردیش زۆر جار حەز بەقسەی خۆش دەکات ، دواتر وتیان با پێشمەرگەیەك بانگی بکات ، کاك ڕەفیق ڕۆیشت و هێنای و دانیشت لەسەر خۆی و وادیار بوو لەو ماڵە

مرتاح نەبوو ، ووتی : فەرموون ، کاك جەمالیش ووتی : ئێمە پێشمەرگەین و ئێوەش کوردن ، هەق نییە لەگەڵ دوژمنی کورد هاوکاری لەو بابەتانە بکەن ، کابراش ووتی : بەقسانی ئێوەبێت من کابرایەکی خراپم و ئێوەش لەسەر قسەی جەمال منتان بانگ کردووە ، بۆ محاسەبە ئەمیش خۆی کوێخایە و پیاوی میرییە و مووچەشی هەیە وامن دەچم بۆ قشڵە وخەبەر دەدەم و ئێوەش چ دەکەن بیکەن ، لەکەڵەکێك بەرد و دیوارێکی وشکی کەلەك خۆی هاویشتە خوارەوە و داروچنار بوو ئەو ناوەش یەکسەر پێششمەرگە خۆیان بۆ هەوڵدا ئەویش وتبوی ئیتر بەڕاستی ئەم سەرێشەیەمان لە خۆڕایی بۆخۆمان دروست کردوو ئێمە خواخوامان بوو نان بخۆین و بڕۆین و کەسیش پێمان نەزانێ و شەکەتی ڕێگا و بان وحاڵەتی دەرونیمان لە پاشماوەی هێزە پەڕاگەندەکەمان ئەوەندە ماوین بەدەستی خۆمان کێشەمان بۆ خۆمان درەست دەکرد ، ئیتر وەرە نان مەخۆ و هەندێك نان بخەرە گیرفان و بەپەلە دەرچۆ لەگوندو ڕەبایەکانی گوندەکەش لەسەرەوە بوو ، چوار پێنج دەقیقە نەدەبوو کاك جەمال پێی ووتم : بەخەڵکی گوندەکە کە باشارەزایەك بێت دوا ماڵی گوندەکە و ڕێگاکەمان پیشان بدات کە لەپەنای گوندەکەوە ئەو کابرایەی کەکاك جەمال پرسیاری لێدەکرد نەدەهاتودەگریا و دەی ووت ئێوە دەمکوژن بە زۆر و نیوە زۆر هەرچۆنێ بوو بردمان و لەڕێگا ڕانە مەڕ و شوانەکانی ئاگریان کردبۆوە جارجار لامان دەدا لای شوانەکان بۆ چاخواردنەوە ، کاك جەمال قسەی لەگەڵ کابرا دەکردو تائاشتی بکاتەوە و کە هێناومانە بەڕەزامەندی خۆی بینێرینەوە و کاك جەمالیش باسی شۆڕش و کوردایەتی وگەلێکی تری بەکابرا ووت ..
ئەویش لەترسی گیانی خۆی وەك ئەوە وابوو گوێزی بۆ بژمێری .

کابراش بەحسابی خۆی چیای شیرین یا ئەو دیوی چیای شیرینە کە دەمان بات بۆی ! کاك جەمالیش پێی ووت : خاڵە ڕۆژێکیش بوو لە گەڵ جەنابی بارزانی هاتینە ئەم ناوچەیە ... کابرایش نە هێنلی و نەبردی یەکسەر ووتی : وەڵا درۆ دەکەین و لەژیانا مەلامستەفا نەهاتووەتە ئێرەش تایبە تمەندە بۆ شێخ عوسمان و ڕێگای نەداوە بە مەلامستەفا لەم ناوچەیە بێ ... منیش بەکاك جەمالم ووت : باشە کاك جەمال ! ... ئەویش ووتی : ئا زۆرباشە تێگەیشتم کەئەمە دژی پارتی وماڵی مەلامستەفایە و , ئیتر کاك جەمال قسەکانی گۆڕی و دژی ماڵی مەلا مستەفا و پارتی , تا سەعات $2 - 3$ شەو ڕۆیشتین و ئەویشمان بە ڕێخستەوە و چووینە ناو دار و دەوەنێك و خۆمان شاردەوە و , ئەو ڕۆژەش فڕۆکە هاتە سەرمان وئێوارە چووینە گوندێکی ناوی زیوەکە بوو ... لەوێ وەچووینە ماڵێك $8 - 9$ کەسی جامانە سووری گەنج دانیشتبوون وا دیار بوو ماڵی سەرەك عەشیرەت یا ڕیش سپی گوندەکە بوو ... فەرموویان لێ کردین وچووین دانیشتین و بووین بەدوو بەشەوە و چوارمان حەرەس بووین و چوارمان دانیشتین ... نانیان بۆ هێنایین و ... دوای پرسیارو وەڵام هەوڵی ناوچەکەو وتیان ئەمە ناوچەی هەرکیانەو پاشان سنووری تورکیاو بۆ عێراقیش برادۆس وده

شتی برازگروە و دەریا سوور و گەرە پێچ بۆ ئێمەش مژدەیەکی خۆش بوو کەمێك نزیك دەبووینەوە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە تیا ناچین و دەرباز دەبین , لە گوندی دووەمیش پشوومان دا و پاشان دەرچووین لەگەڵ شارەزایەك تا سەعات 5 ی سەر لەبەیانی گەیشتینە جێگایەکی تەخت لەنێوان تورکیاو عێراق لەیەك جیادەکرایەوە .

سەرچەمی دەریا سوور و گەرە پێچ یان پێ دەوت و لەوێش چامان لێ ناو دارو دارستانی ئەو ناوە ... خەڵکیش ئیشیان دەکرد , لەسەرەوە سەیری ناوچەکەمان کرد .

10 / 6 / 1978 بوو , دڵنیا بووین قیادە موەقەتە لەوناوە نییە یا مەفرەزەی 5 – 6 کەسیان هەبێت , بەڵام ئاوی دەریای سوور هاتبوو داری لەگەڵ خۆی لەڕیشەوە دەرهێنابوو ... سەری ئاوەکە لەدارو دەوەندی ڕاپێچ دەدا ... پانایی ئاوەکەش 1000 مەتر دەبوو قووڵایی ئاوەکەش لەهەندێك جێگادا دوو مەتر و لە خێرایی ئاوەکە دەبوو چەپ و ڕاست لەو ئاوە بدرێت بۆ ئەوەی ڕاست ناتوانریت لێی بدرێت .

ئێمەش لەهەموومان کاك جەمال عەلی باپیرو کاك رەفیق پارەزانی مەلەی دەزانی ... کاك جەمالیش وتی : من چەکەکەم و یەك کەس دەتوانم بپەڕێنمەوە . کاك رەفیقیش ووتی ئەگەر باش بوەستن منیش 3 کەس دەپەڕێنمەوە ... ئیتر ڕێکەوتین و کاك جەمال و یەك کەس لەوبەر بن تائێمەش دەچین و ئەوان بچنە ئاوەکە و ئێمەش لەمبەر دەیان پارێزین تا دەپەڕنەوە ... من و کاك تاهیری حاجی عەزیز پێکەوە پەڕینەوە کاك رەفیق دوو دوو ئێمەی پەڕانەوەو چووینە گوندەکەو لەسەر ئاوەکە 4 – 5 ماڵ بوو , چووبوونە هەوارو چۆڵ بوو , ئێمەش پاش چاخواردنەوەیەك بەڕێ کەوتین , هەستمان کرد گەرمای هاوین فشاری بۆ هێناون تا بچنە دەرەوە .

بەڵام لەڕۆژی 1 / 6 لە نێوان هەرکێ و بارزانی یا هەرکی و چەم جۆدا چووینە جێگایەك و کابرایەك لەگەڵمان هاتبوون بەڕێمان خستەوە و وتمان ئیتر خۆمان شارەزاین کەئەویش ڕۆیشت 2 سەعات خۆمان بە ڕێگادا و ڕۆیشتین و گەیشتینە جێگایەك و و تمان لێرە بمێنینەوە ... لەناو 4 – 5 بەردی گەورەدا خۆمان بەئەرزدا داو بەیانیش کە ڕووناك بوەوە لە کازیوەی بەیانیدا هەر چوار دەوری دۆڵەکە ڕەبایە بوو منیش برادەرانم بەئاگا هێنایەوە و وتم ئەم دۆڵە چۆڵ نیەو چواردەورمان ڕەبایەیە ... کاك رەفیقیش یان کاك تاهیر بوو وتی : لەوەش خراپتر ئەوە مەعەسکەرەو نێوانمان هێندە نییەو لێمانەوە دیار بوون . ئەوەش لەسنووری ئامێدی بوو ... رای برادەران وابوو هەڵسین و لە 100٪ پێمان دەزانن و ئەو کاتەیش ئاسان نییە دەرچوون وەزیان بەخۆمان دەگەیەنین و یا لەیەك دادەبڕێین و لێرەش هەڵناسین و چۆن پاڵ کەوتووین و هەروا بمێننەوە , ئەگەریش ئەوان تا تێنەپەڕن پێمان نازانن ... ئەگەریش پەڕینەوە بەسەرماندا پێیان زانی و کەم بوون دەیانگرین , ئەگەریش زۆربوون دەیان کوژین و دەردەچین وتا دێن و تەرم کۆکردنەوە ئەوا ئێمە لە چیایەکدا دەکەوینە ئەودیو دەرباز دەبین ... واشمان بڕیار دا لەسەروومانەوە لە سەر چیاکەو لەناو رەزە ترێیەکدا خانوویەك دیار بوو ئەویشمان لێ بوو بوو بەرەبایە تا ئێوارە ئەو ڕۆژە هەر بەپاڵەوە لەوی ماینەوە بە ڕاکشاوی خۆمان حەشار دابوو تا ئاشکرا نەبین ... لەوەش خراپتر کانی ئاوی ئەو سەربازگەیە بە 10 مەتر لە ئێمەوە دوور بوو سەرباز دەهاتن بۆ ئاو هێنان بە دوو هێستریان دەبەی ئاسنیان پێ بوو پڕیان دەکرد بەو شێوەیە بو هێستر لەئێمە نزیك دەبوونەوە جاروبار سەربازەکانیش دەهاتن بۆ بردنەوەیان بۆلای ئاوەکە ... ئیتر بە ڕاستی

ئەو ڕۆژە لە حاڵەتێکی دژوارو پڕمەترسی بووین تا ئێوارە هات و بەسەلامەتی ڕزگارمان بوو , بەڵام ئەو ڕۆژەش لەهەموو ڕۆژەکان درێژتر بوو لامان

کە تاریکیش هات هەستمان کرد یەك لە خانوەکان دەنگی منداڵ و ئاژەڵ تێکەڵ بوو دەهاتە بەرگوێمان و وتمان تۆ بڵێیت ڕەبایەی میری هەبێت : کاك جەمالیش وتی : زۆرجار ئاژەڵ و مەڕدەهێنن بۆ عەسکەری و سەری نابڕن دەمێنێتەوە ... مەحمود زۆردۆیش وتی : ئەگەر ڕەبایەش بوو من دەچم و ئەگەر تەقەش بوو من بۆ ئەو دۆڵە دەچم و ئێوەش لێرەوە وەرنە ئەو دیو ... کە ڕۆیشت ماڵ دەرچوو ... ئێمەش کە چووین سڵاومان کردوو قسەمان لەگەڵ کردن ساحێب ماڵ کابرایەك بوو سەری سووڕمابوو کە ئێمەی بینی دەچووین بەرەو ڕووی , پێی وتین : فەرموون دانیشن ... ئیتر بەخێرهاتنی کردین و لە کوخێکدا کە لەناو باخێك بوو داینیشاندین و وتی : لە کوێوە بەرەو کوێ دەچن ؟ وتمان : لەو مەعەسکەرەوە هاتووین !. پێی وتین بەو ڕوخسارو ڕیش وجل وبەرگی ئێوە چڵکنەو ئێوە کەسی ئەو چیایەن و هی ئەو مەعەسکەرە نین , نانی پێ داین و ساوەر بوو ... زۆر خۆش و بەتام بوو ... زۆریش خزمەتی کردین و ئێمەش قەوانەکەمان بۆ لێداو دوای ئەوەی نانمان خواردو وتمان : ئێمە یەکێتین و ئەوبرادەرە کۆمەڵەیە واتا کاك جەمال وەئە برادەرەش زووتنەوەیە واتا کاك تاهیر ... ئەویش تەقەی سەری دەهات و هەر جەلالی دەزانی و جارجارەش عەلی عەسکەری وا دیار بوو کاك عەلی لە شۆڕشی ئەیلول لەو ناوچانە بوو .

ئێمەیش لە 11 – 6 گەیشتینە دەریا سورو گەرە پێچ و برادۆست و دەشتی بزار گرو گوندەکانی ... ئێوارەش چووینە هارونە و دوای پشوودان هەڵکشاین بۆ کەنەکەوەی گەورە ... دۆڵی لیتان لای لکان و لۆلان و بۆ بیرکمە و لە خوارەوەیش بۆ ئەحمەد ئاواو ئەچووینە ئەو ماڵانەی رۆست و یا هەوارەکانی بەرامبەر ڕۆست ...

بۆ ڕۆژی 14 / 6 / 1978 چووینە بارەگای قادرە سوور کە فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی 9 لای کاك ئەحمەد فەقێ رەش ... لەوێش حەساینەوە و پشوماندا .

لە ڕۆژی 15 / 6 هەر لەوی بووین و زۆر ماندوو بووین بۆ ڕۆژی 17 / 6 / 1978 لەڕۆستەوە بە چیای هەڵگورد ( حەسارۆست ) ە بۆگوندە ژوورو وبۆ رایات و شەو لە رایات پشوومانداو بەیانی چووینە خلان و لە ڕۆژی 18 / 6 بەڕێ کەوتین بۆ سەرچیاکەو بە ڕووی خانە ( پیلان شەهر ) لە ڕەشماڵی لاماندا لە راستی ( قیزقەپان ) . لە ڕەشماڵەکانیش وتیان : ئەمساڵ دەوڵەت ڕێگای نەدان بڕۆینە کوێستانەکانی سەرەوەو وتیان نان بە پێشمەرگەی یەکێتی ئەدەن ...تێگەیشتین ئەمە نەخشەی هەمە لایەنە بووەو لەبەردەم زێوەو چووینە گوندی گەز گەز و لای کەوپەڕو لەپشتەوە دەشتی لاجان بۆ بنەمەجەو بادی ناوێ و سەرکەوتین و پێیان وتین : مام جەلال ئەوان لە دۆڵە نیان بوون لەسەر ڕووی بادیناویەوە ... .

له ڕۆژی 19 / 6 /1978 گەیشتینە سەر چیاکەو کاك قادر خەبات کۆمەڵێك گیسکی دابووە بەو وتمان ئەوە چییە ؟ کاك قادریش ووتی : ئەوە لەلاو دۆست و خزمانە کۆم کردۆتەوە ... بۆ بارەگای ( م . س ) دەبەم ... کاك خەبات زۆری پێ خۆش بوو ... کاك قادر خەبات پێشمەرگەی کۆن و ئازاو لێ هاتو بوو دڵسۆزو ماندوو بوو ... پێشمەرگەی ئازای لەگەڵ بوو لە ڕۆیشتندا ماندوو نەدەبوو ... خدری مەلا مارف زۆری کە لەسەرەتای شۆڕش هەمیشە کێشەی هەبوو کە کەسی بە بەرپرسی خۆی قبوڵ نەبوو و ماوەیەکیش کاك عەلی ئاغایەك هەبوو دایان نابوو بە بەرپرسی هەرێمی حەوت ئەویشی قبووڵ نەکردو ئەویش بۆی نەکرابوو ... ماوەیەکیش لەگەڵ کاك سەید کەریم ڕەواندزی کێشەی هەبوو قبوولی نەبوو بەبەرپرسی هەرێم و دەیووت من کۆمەڵەم ... مام جەلالیش پێی دەووت : کام کۆمەڵە , کۆمەڵەی قازی محەمەد ئەوێت ... جارێك نامەیەکی بۆ مام جەلال نوسیبوو کە سەید کەریم ی پێ قبوڵنیە , مام جەلالیش بەیەك دێڕ وەلامی دابوەوە بۆ قادر خەبات ... کاك قاد خەبات هەموو ڕۆژێك دەچوو بۆ ئەو دەشت و دەرە و پێشمەرگە هەمیشە سەیری قەندیلیان دەکرد کەکەی کاك قادر خەبات ەرکەوێ و نان و شتیان بۆ بێنێ لە دۆڵی باڵایانەوە زۆر جار وڵاغێك یا زەلامێك دەرئەکەوت وامان ئەزانی کەکاك قادرەو نانی هێناوە ... واتە خۆی بۆ خۆی پێویکی ئازاو لێ هاتووە و ئەو لەگەڵمان هات و ڕێگای پیشان داین و چووینە دۆڵەکەی بەرامبەر گوندی دۆڵەنیاو لەناو بەردو دەوەن چادر هەڵدرابوە لەو کاتەشدا هەواڵێ گەیشتبووە برادەران و مام جە

لال و دکتۆر مەحمود و کاك جەلال حاجی حسین و کاك قادر جەباری و کاك نەوشیروان و چەند کەسێکی تر هەروەها وابزانم مامۆستا جەعفەر و کاك دانای ئەحمەد مجیدیش لەوێ بوون و زۆر بەگەرمیەوە هاتن و مام جەلالیش پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی کردین و زۆری پی خۆش بوو کە گەڕاوینەتەوە لەگەڵ گەیشتنمان کاك قادر خەبات ئەو ئێوارەیە بڕیاری دا هەموو بارەگاکان گۆشتیان هەبێت و نزیکەی 7 – 8 گیسك سەربڕا .

19 / 6 کە ئێمە گەیشتین هێزەکەی کاك خالیدیش هەر ئەو ڕۆژە لە نزیك سنووری تورکیاو لای هەکاری و جوولە مێرگ لەناوچەی گۆیان بەحساب ئەوان هاوکاری ئێمەئەکەن کۆتای پێ هاتبوو نە ئێمەش ونە ( مەکتەبی سیاسی 9 نەمان دەزانی پێیان . بەڵام ئێمە لەکاتی شەڕی ئێوارەی دووەم دا بانگیان دەکردین کە عەلی عەسکەری و مولازم تاهیر گیراون ... باوەڕمان نەدەکرد بەڵام ئێمە لەوە دڵنیابووین لەوەی هێزەکە تەفرو توونا بووە ... لەو کاتەشدا کە گەیشتین هەندێ پرسیاریان لێ کردین و بڕیارماندا بوو لە ڕێگا ... بۆ برادەران باسی نەکەین کە هێز تیا چووە ... وتمان دەڵێین ئێمە دابڕاوین لەوان , بەشەو , تالیب و ئەوانیش تەسلیم بوونەتەوە بەڕژێم , 2 – 3 جاری شمام جەلال قسەی لەگەڵ کردین و هەندێکمان پی وت : کاك نەوشیروانیش وتی کاکە بۆ قسەمان بۆ ناکەن ئێوە چۆن گەڕانەتەوە و قابیلە ئێمەیش بڕۆخێین و تەسلیم بینەوە یا ڕابکەین و ڕاستی چیەیە لەئێمەی مەشارنەوە ... ئێمەش من و کاك جەمال بە تەنها مەسەلەکانم بۆ ووردی بۆ باس کردن و کەتەنها کەسێك گەڕابووینەوە و ڕوداوی ڕۆژانەی نووسیبێتەوە من بووم کە ڕۆژانە دەمنووسی , کە باسم دەکرد پێیان

وتم به نوسینیش بۆمان بنووسەوه زۆر به ووردی ڕۆژانەی خۆمم نووسیبوو له ڕۆیشتنەوه تا گەرانەوه تەنانەت ڕەئیەکانی ناو کۆبوونەوەکانیش هەموویم نوسیبوو . 10 – 15 لاپەڕە بوو دام بە کاك نەوشیروان لەبەرکەمی پێشمەرگە لەقەرەداغەوه هاتن وابزانم کاك شێخ جەعفەر بوو , ئەو کاتیش مام ڕۆستەم بریندار بوو فەرماندەی کەرت بوو . ئیتر ئێمە هەر لەوێ بووین و هەموو سەرکردایەتی یەك ڕەشاشا و چەند ئار . بی . جی . یەکی هەبوو ... حاجی شێخەی زینوێ بەرپرسی حمایەی مام جەلال بوو ئەو کاتەش کاك رەسول لە زەلێ بوو , لە نۆکان و ئەو ناوەیش چادری لەناوزەنگ هڵدابوو و کەوتبوە نامە نوسین لەگەڵ سامیدا ... کاك رەسول نامەیەکی بۆ سامی ناردبوو ... سامیش وتبووی ( خلی علی رفه ( و... نەیخوێندبوه وه ەاتا لەسەر ئەو رەفەیە داینەو هیچی تر کاك رەسول لەوه زۆر دڵ گران بوو مام جەلالیش له ناردنی نامەی کاك رەسول له دوای هەکاری و نزیك بونەوەی لەگەل پارتی نارەحەت بوو ... بڕیاریان دا بۆ زستان سەرکردایەتی بێتەوه ناوزەنگ و نۆکان و شێنێ ... بۆیە بەچەند هێستریك سەرکردایەتیمان لە دۆڵە نیاوە بارکردو بە سەرکردایەتی پارتی لیژنەی ئامادەیی و سەرکردایەتی پاسۆك و سەرکردایەتی یەکێتی بەچەند ولاخێك بارمان کردو وئیزگەکەش لەوێ بوو , بارمان کرد لە هێستریك و هێسترەکەش دەکەوت لەبەرئەوەی پاڵە پەستۆی لەسەر نەبێت بۆ سەلامەتی گەیشتنی ئیستگەکە من لەچەند جێگایەکی سەخت دا خۆم بەکۆڵ هەڵم دەگرت و زۆر دڵم پێی خۆش بوو , هەر لەوێشەوه چەند کەسێك چوو بوو لە دۆڵە کۆکە چادریان هەڵدابوو, ئێمەش لەوێ ماوەیەك ماینەوه تا چادرو شوێنیان لە نۆکان و ناوزەنگ ئامادە بکرێت و ئێمەش بڕۆین ئەو ڕۆژەش تا شەو گەیشتینە دۆڵە کۆکەو کە لەوێ بارو بنەیان خست ئەو کاتە هەموو سەرکردایەتی یەك تابعەی هەبوو بۆ ئیشوکارەکانی شۆڕش کاك حمە سعید قەڵەو ئیشی پێ دەکرد ...

لە 5 / 7 /1978 بەڕێ کەوتین بۆ ناوچەی خۆمان , هەمووی دەوری 50 کەس بوون لەسەرکردایەتی ... منیش مام جەلال پێی وتم : تۆ لە ئێستاوه فەرماندەی هەرێمی یەکی . بەڵام کاك امید جێگربوو نەگەڕابووەوەو و گیرا بوو ەلهەکاری ... کاك شەوکەتیش هەر بەنیاز بوو ببێت فەرمانەدی هەرێمی یەك 1 دوای ماوەیەك کاك رەوف یان لە ڕۆژی 25 / 1 / 1979 کرد بە جێگری فەرماندەی هەرێمی یەك .

کاروباری‌سیاسی و سەربازی و ئیداری و هەرێمی‌یەکی ئەکرد کە گەورەترین هەرێم بوو ... لە دۆڵە کۆکەوه بۆ گۆڕەشیر ڕۆیشتین و لەناو زەنگ کاك رەسول و کاك جەلالی حاجی حسینی لێ بوو . لامانلادا هەندێ قسەمان کردوو نیوەڕۆش لایان بووین, کاك تایەر بزووتنەوه بوو لای کاك رەسول مایەوەو وتی : تا دوڕۆژی کە دێمەوه لاتان , فەرماندەی کەرت بوو لەهەرێمی یەك و کوڕێکی قارەمان و دڵسۆز و خۆنەویست بوو , پێشمەرگەیەکی دلێی سەرەتایەکان بوو ناوی نهێنی اروان بوو , بەڕێ کەوتین بۆ تۆژەڵە بەسەر یایەکەوه کە لە ناوچەی ئاوی سپی و سەرچاوەی هەڵشۆ و دارەشمانە ... کاك صابری ئەحمەد ڕۆستەمیشمان لەگەڵ بوو ڕۆیشتین بۆ حەوانەوه و تۆزێك بخەوین لاماندایە هەوارەکانی شێنێ و دوایی چوینە نورە الدین و پەڕینەوه

لەئاوەکەی لای قەڵادزێ چوینە گوندی بێ ترخە بەهەورازێکی زۆر سەختا سەرکەوتین بۆلیانە لەڕێگا دووسێ پێشمەرگە پەکی کەوت لەبەر توینێتی , دوای چووینە سەرچیا بەرزەکەی پشتی گەورە دێ هەواری لێ بوو هەواری گەورەدێ . کاک محمەدی مام سەلام ئامۆزایی کاک عەلی عەسکەری بوو ... فەرمادەی هەرێمی چواریش لەوێ بوو نیوەڕۆش داوەتی کردین . کاک جەمالیش کرابوو بە جێگری هەرێمی چوار , بەڵام هەر لەوێوە هەوڵی ئەوەی دەدا زەمینە خۆش بکرێت ئەوانەی بزوتنەوە کە کاک عەلی بەرگری لێدەکردن چیتر سنووریان بۆ داوبنێن بۆ ڕێکخستنیان کەئەوانە پێشتر لەپشتی کاک عەلی عەسکەری کاغەزی کۆمەڵەیان نە دەخوێندەوە , دوای نەمانی کاک عەلی ئەیانویست تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و زۆر لەکادرەکانی کۆمەڵە کارەساتی هەکاریان زۆر پێ ناخۆش نەبوو چونکە زۆربەی هێزەکە بزووتنەوە تیاچو بوو ئەیانوت کۆمینتاقی چیانچینگ گە دژی ماوتیسوتنگ بوو ... کاک مەلا بەختیاریش هاتو چەند جارێك ویستیان جەلالی کوێخا عەبدوڵلاو عبدالقادری هەڵەدنی عەبدولقادری بچوك و قادر چاوشین ئەوەی خۆی نەدا بەدەستەوە قادر چاوشین بوو . کاك بەکرو کاك مەلابەختیار هێزێکیان کۆکردەوە بۆ چەك کردنیارن و ئەوانیش لەوانیان کوشت و دەرچوون . کاك جەمال دوو پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو کەس لەگەڵی نەبوو لە دۆڵی جافایەتی و کادیرە عەسکەریەکانیش سکاڵاو گلەییان لێ دەکرد کەدەست دەخاتە ئیش و کاریان و ئێمەش چووینە گەورە دێ و چووینە مالومەو کانی میوەو شەویش لە چوحماح بووین , شێخ صدیق لەوێ بوو منیش پێشمەرگەی ئەو ناوەم هەمو دەناسی چووینە سنگرو میولاکەو کاك فەتاحیش لەوێ بوو . کاك فەتاح پێشمەرگەی کۆنەو لەوانە بوو تەقەیان لەپارێزگای سلیمانی کردبوو , ئەوان لەوێ بوون , کاك جەمالی عەلی باپیر و ئەوان لەگەڵمان هاتن تا خەمزەو لە خەمزەوە پەڕینەوە بۆ سیرەمێرگ و تەگەران و گەڕەدێ و نۆدێ و بۆ هەرمێلە و سوڕێڵە لای و هەوڵ و زەڵان لای دۆڵەتوو لای تەنکە بوار ڕۆیشتین و ئێوارە چووینە دۆل پەمۆ من و مەحمود زەردۆیی و ڕەفیق پارەزانی و حەمە ڕەشید گرێزەیی و کە پاشان کاك تایەریش بەدوای ئێمەدا شەویش هلتەوە , منیش کە لەمانگی دووبوو , بەڕ کەوتم , لەمانگی سی و چوارو پێنج و شەش تا بەرواری 14 / 7 / 1978 ئێمە چووینە ناوچەکانی شارباژێر و پشدەرو ڕانیە و بەرەو قەندیل و بادینان و ئەودیوی تورکیاو هەکاری و پاشان گەڕاینەوە من تا ئەو بەرواره خۆم نەشۆردبوو کە ئەمەش زۆری پێشمەرگە هەروابوو , تەنانەت من ئەو خوێنەی تکابوو بەجلەکانمەوە هی شەهید حەمە ئەمین خەلیفە قادرو شەهید محەمەد نگرەی هەر بە جلەکانمەوە مابووەوە . یەکەم مەفرەزەو ئەو پێشمەرگانەی لای خۆمان کە گە یشتنە م و برادەرانم بۆ پێشوازی کردنمان کاك شەوکەتی حاجی موشیر و مەحمود گەرمیانی و دلێر جاف و عومەری قادر گوڵەباخ ودەوری 15 پێشمەرگەی چاپووك و پاك و خاوێن و پوختەو هەموو ڕیشیان تاشیبوو تا ئەوەش کلاشی هەورامیشیان لەپێی دابوو , ئێمەش داماوو مەلوول لە ئێمەشیان پرسی گڕاستە پێشمەرگە تەسلیم بوەتەوە ؟ وتمان ئەوە ڕاست نیەو هیچ نیە ئەگەر چی زانیمان بەرکەوتووە , بەڵام بەوشێوەیە نیە .

ئێمــەش لــەوە دەترســاین وورەیــان ڕوخــێ , و هێندەشــی نەخایانــد مــەحمود گــەرمیانی و عومــەری قادرگوڵەباخ زەلامێکیان کوشت و تەسلیم وونەوە , کوژراوەکەش ناوی ( فایەق مامۆیی ) بوو کە لە نزیکی گوندی مەحمود کانی بوو لەلای زەڕایەن کە ئەشیان بەپارە کردبوو , ئەوکاتیش کە خواحافیزیم لەمام جەلال و دوایش لەکاک نەوشیروان کرد کاک نەوشیروان پێی وتم : کاکە گیان دەگەڕێنەوە ئەبێت مقاوەمە بکەن و خۆڕاگربن , ئەگەریش ئێوەش دەڕۆنەوەو تەسلیم دەبنەوە ئەوا پێمان بڵێن با ئێمەش ڕوو بکە ینە لایەکی کە ! بەڵام تکا دەکەین لە ئێوە ڕۆڵی خۆتان هەبێت . زۆریش نیوە پاڕانەوە بوو قسەکانی , منیش وەڵامم دایەوە و و تم : من ئەگەر تەسلیم بومایەتەوە خۆم دووچاری ئەم ناخۆشیەم نەدەکرد , لەدڵی خۆشمدا زۆرم لاسەیر بوو وتم : ئەو لە کوردستان نەبووە من بووم بە پێشمەرگەو لە800 پێشمەرگە کە هەموو تەسلیم بووەوە تەنها من هاتوومەتەوەئەو برادەرانەش دەزانن ئەگەر من نەبوومایە ئەوحەوت کەسەش نەدەهاتەوە خۆشم باوەڕم بەخۆم هەبوو بەتەنهاش بێت من شۆڕش و پێشمەرگایەتی بەقەدەر توانای خۆم درێژە پێ بدەم , منیش ووتم : خوا ئەکا ئەوان ناڕۆن و بەجێمان نایەڵن , منیش زۆرتر دڵم خۆش بوو بەقسەکانی کاک نەوشیروان و ووتم: خەمت نەبێ ناحەقی نەبوو , باوەڕیشی لاواز بووە تەسلیم بووەنوەش زۆر بوو بەو جۆرەش برادەرانمان بەجی هێشت هەر لەوێ , کاک نەوشیروان دەستی گرتبوو بە پشتێنەکەمەوە و لێم دەپاڕایەوە نەوەك جێیان بێڵم چونکە سیقەی بەکەس نەمابوو ئێوارەیەرك لە ( م . س ) هەمووومان چێشتی ساوەرمان هەبوو نیوەی تازە ساوەرەکەی تێکردبوو نیوەی تازە ئاوەکەی گەرم کردبوو نیوەی خەریك بوو ئەکولاّ مام جەلال بانگی مارفی کردبوو وتبوی مارف بۆ ئێوارە میوانمان هەیە چیت لێ ناوە ئەویش وتی و ەڵا مامەگیان مەنجەڵەکانیان بردووە پێشمەرگە ... مام جەلال لەگەل یەك دوو پێشمەرگە هات لەوسەرە وە چێشتەکایەن دەرتە سەر ئەرزەك هی وا هەبوو گونییەکە دائەخست بۆئەوەی نەڕژێتە سەر ئەرزەکە ... بەڵام گەیشتە مەنجەڵەکەی ئێمە سەیرێکی منی کرد وەکو یەکێ بڵێ تازە لە کارەساتی هەکاری گەڕاوەتەوە تەنها مەنجەڵەکەی ئێمەی نەڕشت کە ئەویش تەئسیرێکی ئیجابی چاکی لەئێمە کرد هەرلەو کاتەدا بوو حاجی شێخەی زینۆیی موشکیلەی هەبوو کە حیمایەی ( م . س ) بوو ئیتر دەریان کرد, ئەو شەوە لەگەڵ کاك شەوکەتی حاجی موشیرو برادەران چووینە گوێزە ڕەش و حەیوانێکی بۆ سەربڕین و زۆر بە گەرمیش بەخێرهاتنەوەی کردین و لەگەڵمان هات بۆ ڕەزەڵە و لەوێش مەفرەزەیەك هات بۆلامان مەفرەزەی سالار سەعید هۆڵە سم ی لەگەڵ برادەران کمال سافە و قالّی جۆیی و کاك جەلال کوڵکنی و تەهای مەلا حەمە ئەمین و ئەوانی کەم بیر نەماوە کە کی بوون لەچنارە , ئێمە گەیشتینە لای گوێزە کوێرەدا و لە دۆستە دەرەش یا قوڵگێسکان بوو کاك رووف گەیشتە لامان و ئەویش نزیکەی 20 پێشمەرگەی لەگەڵ بوو .

لەبوانە لە بیرم بێت شەوکەتی مام عبدالرحمانە سووری مۆریاسی و تایەر مۆریاسی و حەمە حاجی ئەحمەدی قادرو مامە رەشەی هەورامی و فایەق گەلاڵی و غەفور ناڵپارێزی کە شەهید بوو لە نێوان مەسەکان و

گردی شەریف دا بەدەستی جاشەکان هەر لەو شەرەدا چەند جاشێك کوژرا وەیەکەم جار بوو دەست لەجاش بووە شێنرێت , وەشەهید جەمال ناوگردانی و عوسمانی عەلی سۆفی قادر وهێندەم لەبیر رماوە .

ئێمەش بووین بە 30 کەسێك و ئەو ڕۆژەش عێراق گوندی دەرەمیان تەقاندەوە بەرواری 15 / 7 بوو دوو کەسیش لە ( شێخ المارین ) ەوە هاتن بۆلای من وتیان ئێمە خەڵکی ئاوزە ڕین و بەیانی گوندەکەمان بار ئەکەن و هەندێ چەکمان هەیە و هی خەڵکی گوندەکەیەو ئێمەش لێی بەرپرسین بۆیە حەز ەکەین لێمان بکڕن و با نەفەوتێ .

کەسەرجەم چەکەکانیان 52 پارچە چەك بوو هەر لە بڕنەو تا کلاشینکۆف ودەمانچە وکلاشینکۆفی مزەلی و سیخۆش ئەوکات ئەمانە کەم بوون تاقۆناغدارو بڕنەو بڕێن , منیش وتم : ئەمڕۆ گەڕاومەتەوە پارەبمان نییە چەك بکڕین پێیان ووتم کە بەرپرسی شۆڕش لەو ناوە زۆرن و لەهەموومیان دەناسین و دەماننناسن بەلام ئێمە بۆلای تۆ هاتووین و پارەمان ناوێت . ئێمە باردەکەن و ئەم چەکانەش ئەدەین بەتۆ و ئێوەشۆڕشی پێ دەکەن , ئێمەش چارەنووسمان نازانین بۆ کوێ دەڕواو , هەرکاتیش ئەگەر ئێمە ماین و ئێوەش مان ئەگەر داتانەوە پارەکەمان بدەنێ و متمانە مان بەتۆ هەیەو چەکەکان تەسلیم بەتۆ دەکەین .

ئێمەش حەمە شیرە مەڕیمان ناردوو هەر 52 پارچە چەکەکەی هێناو وابزانم کاك ڕەووف هەندێکی پارەی دانی وچەکەکانی لە ڕەزێکی ماڵی حاجی ڕەشید شاردمانەوە لە دوو تاسێ جێگاو لە ڕەزەڵە ( 20 ) دانەمان برد بۆلای سورێن ... منیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك کاك ڕەفیق و ئەکرەم قولورەسی و چەند کەسێکی تر چوومەوە بۆ شارەزوور بۆ سەردانی خزمان و کوس و کار لەشەوی 21 – 22 / 7 /1978 گەیشتمە ( گوڵە خانە ) و ڕۆژی 22 / 7 لەناو گوڵەبەڕۆژەکانی خوارووی گوندەکە مان خەوم لێ کەوتبوو دنیاش زۆر گەرم بوو کاك حەمە سەعید عەلی مەحمود هات و لەخەو هەڵیساندم بەمەبەستی سەردانم هاتبوو بۆ لام پێی وتم : چۆن خەوت لێ دەکەوێت لەسەر زەویەکە , منیش عارەقم کردبوو جلەکانم تەڕبوو لەوێش ڕۆیشتین لەسەر بەڵخەی نێوان بەربدەبەلەکەو ڕەزەڵە ... کاك عومەری کەچەیکە هەر بە زۆر جلەکانی لەبەر داماڵین و قاتێ جلی خۆی پێ دام و لەبەرم کرد .

قاتەکەش شین بوو , هەر ئەو ڕۆژەش بوو خێزانەکەم ومناڵەکانم هاتن بۆ لام کە لەبەندیخانە گیرابوون لە 1976 تا 22 / 7 / 1978 من نەم دیبوون پێش ئەوەش کە بچمە گوڵەخانە ەگەڵ مام والی حاجی عارف و دووسێ پێشمەرگە ئێوارەرکەی چووینە سەرگردەکەی تەپە گولاوی ڕۆژی 17 ی تەمووز بوو بەو بۆنەیەوە تەقەمان لە شۆفرلێتێکی عەسکەری کردوو زەرەرمان لێدا , ئیتر ڕۆژی 18 / 7 ڕەبایەیان هێنایە سەر ئەوگردەو لەشەوی 29 – 30 / 1 /1980 بریندار کرام لە شەڕێکدا لەسەر ئەو ڕەبایەیە . ئیتر تا 25 / 7 هەر لەو ناوە بووم و دەگەڕام کاك حەمە سەعید بووە پێشمەرگەو شەهید جەعفەر جەلالیش هات وشەهید عزەت کانی شێخی و کاك صالح پارەزانی و 5 – 6 کەسی ترو لە قالچوو زنجوو 2 – 3 میوانمان هات و حسن حسین و عەلی , تا 27 / 7

گەڕانەوە بۆ شارباژێر . 35 پێشمەرگەی بێ چەکم لەگەڵ هاتە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیەوە لە چەکەکانی سورێن 20 کەسمان چەکدار کردوو ئەوانیش بۆ شارباژێر لەوێ چەکمان دانێ و هەموو چەکدار بوون بەبێ چەکەوە حەفتا پێشمەرگەبووین وتە شکیلاتی تازەمان کردوو بارەگامان لەدەرە کۆڕەو سوڵتان دانایەوە و کەرتی حەمە شیرەمەڕی لەوێ بوو , من بۆ جەولە چووم بۆ شارەزوور 20 پێشمەرگەی تازە هاتبوون قیادە موەقەتەش چوو بوونە سەر ئەو بارەگایەی کە بەهاوبەش لەگەڵ کاک شەوکەت دامانناوبوو پێکەوەلە دەرە کۆڕەو سوڵتان کە کاک شەوکەت لەوی بوو منیش زۆر خەمم نەبوو , کاک ڕەووف لە سیامێوە بوو جەولەی دەکرد لە وابزانم 22 / 9 / 1978 بوو هەرچی هێزیان هەبوو لەئێرانەوە و لە دۆڵە ناو بوو لەلای دزڵی و لەوێ دایان لەبارەگاکەمان , فایەق گەلاڵی و تۆفیق حاجی مامەند شەهید بوون ودکتۆر رەزا بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجە بوو لەگەڵ چوارپێنج عەلی ناوو حسەن جبار عەلیان گرتبوو لەگەڵ خسین حەمول کە خزمی کاک شەوکەت بوو لە ڕۆژی 23 / 9 /1978 لەسەر ڕووی هانە ئەمەدەوە دکتۆر رەزاو حسین و یەکێ دیکەیان گولە باران کردبوو زۆر نامەردانە , ئیتر ئەوانەیان بە ناهەق شەهید کرد , دکتۆر رەزاش لە سنووری تورکیا بوو لە مانگی یەکی 1978 گەڕابووەوە تازەش ئەو ڕۆژە منداڵەکانی هاتبوون بۆلای , هەر لە منداڵەکاندی دابڕابوو گرتبوویان – ئەو ڕۆژەش من لە جادەم داو سەرکەوتمەوەو گوێم لەتەقە بوو من لەچەمی زەڵم و لە نێوان تەپە سەرقووڵەو تەپە زێڕینەدا بووم تا گەیشتین کار لەکار ترازابوو , لە گردە نازێ کاک شەوکەت کەس و کاری ئەوانەی گرتبوو کە یەکێك ناوی ئەحمەد فەتاحە سوور بوو بێ تاوان بوو ئەویش کوژرا قیادە موەقەتە کوشتیان وایانزانی پێشمەرگەیە , ئیتر ئێمەش داوی ئەوە بەڕاستی کەوتینە سۆراغ و گەڕان بە دوای قیادە موەقەتەو تا هەموو ناوچەکەمان لێ پاك کردنەوە و چۆڵمان کرد پێیان , دیسانەوە لە سەرکوتنی راپەڕینی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا لە ڕۆژی 21 / 3 / 1979 پاش ئەوەی قیادە موەقەتەمان لەناوچەی دزڵی و کانی خەیاران پاك کردەوەو ئەو ڕۆژەش هێزی ئێمە چوینە سەریان و بۆ لای هانە گرمەڵەو کەیمنە و بێواز هەڵهاتن دوای ئەوەش چوون بۆلای کرماشان و بۆلای ورمێ و زیوەو تادۆست بوون و ( جوود ) لە 28 / 12 /1980 دوای ئەوەش نەگەڕانەوە کوردس تان و لە سنووری ئێمەوە ئەو ماوەیە هەرێمی یەك بوو بە 12 کەرت و ئێمە چالاکی زۆرمان بوو هەرێمی یەك ئەوکاتە یەکەم هەرێمی کوردستان بوو بەڵام لەبەرئەوەی قەرەداغ بە موڵکی کۆمەڵەیان دەزانی ئەویان کرد بە هەرێمی یەك و ئێمەش بە دووەم هەرێم .

لە شەووی 20 – 21 / 3 / 1978 بزوتنەوە لەناوزەنگ و نۆکان و نۆژە لەوناوە پەڕینەوە بۆ بەری گۆڕە شیرو بێ دەلان و سەرکەندەو دەواری دۆڵە توو لەگەڵ لیژنەی تەحزیری و کاک دکتۆر محمودا تا ئەو کاتە کاک دکتۆر محمود لەگەڵ یەکێتی دا هیچ موشکیلەی نەبوو , کاک شیروان شیروەندی کە بزووتنەوە بوو چوو بوو بۆ سەردانی کاک شەوکەتی حاجی موشیر و لەبەردەم ماڵی مام جەلال لەناوزەنگ تێپەڕیبوو , مام جەلالیش کاک شیروانی بەکەسێکی شەڕخواز دەزانی و بۆ تێکدان و هاندانی بانگی کاک شیروانی کردبوو تا لەسەر بانی

خانووەکەی مام جەلال پیاسەبکەن کاك شیروانیش جاریکیان ئەمەی بۆ گێڕاینەوە کە گوایە مام جەلال پێی وتووە خێرە واهاتووی بۆ ئێرە ؟ ئەڵێ منیش ووتم خۆ مەمنوع نییە, دەست بەجێ لەوێ مام جەلال لێی دام و منیش پەلامارم دا تا پێشمەرگە هاتبوون کاك شیروانیان بەند کردبوو بزووتنەوەش کاك رەسوڵ وبرادەرانیش ئەوەشیان زیاتر بەئیهانەی بزووتنەوە دەزانی , بۆ ئەو مەبەستەش بزووتنەوە یاداشتێکی تێرو تەسەلیان داینێ لەسەر ئەو وەزعە کاك شیروان بەردەن لەسجن , هەرکەگەیشتم کاك شەوکەت بۆی باس کردم , لەو اکتەشدا بەریان دابوو , داوی ئەوەش یەکێتی نامەیەك یا یاداشتێك بوو نووسیبوویان من و کاك شەوکەت چووین بۆ لای بزووتنەوە کە قسەیان لەگەڵدا بکەین و متمانەیان پێمان بوو , پێشتر بزووتنەوە یاداشتێکی دوور و درێژیان بۆمن ناردبوو کە خۆم یەکلای بکەمەوە , واتە بڕۆمە لای ئەوان , وادیاربوو بۆ هەموو کەسیان ناردبوو و چووین کاك دکتۆر مەحمود کاکحاجی حاجی ئیبراهیم و کاك رەسول و کاك قادر جەباری و هەموو سەرکردایەتی بزووتنەوەو لیژنەی تەحزیری وابزانم پاسۆك لەوێ بوو .

زۆربەی هێزی هەولێرو خۆشناوەتیو رەواندوز و کۆیەو لەگەڵ ئەوان ڕۆیشتبوون , ئەو ئێوارەیە ئێمە گەیشتینە لایان وایان دەزانی ئێمەش بۆلای ئەوان ڕۆیشتووین بە یەکجاری – کۆمەڵێکی بەرپرسیان لەخوارەوە سەرکەوتنەوە لەوانەش سەید سەلیم رەواندوزی و (( بیخاڵ )) شینە بۆڵی و ئەحمەد خان و عبداللە بۆرو عبداللە سوورو سەید عبداللە سەر سوورو سەربازی ئەحمەد کۆیی و حەسەن وەرتێیی و دەیان بەرپرسی بە تواناو ناودارو ئازا لەوێ بوون , سەرکردایەتی بزووتنەوە قسەی خراپیان دەکردوو کاك دکتۆر دووسێ قسەی خراپی کرد ... ئیزگەکەی یەکێتیش تازە کرابووەوە بەناوی شۆڕشی عێراقەوە قسەی دەکرد کاك دکتۆر لەسەرئەوەی قسەی دەکردوو ئێمەش هەرچیمان ووت بێ سوود بوو , بەیانیش هەموو سەرکردایەتی لەدەوارەی گۆڕەشێر کۆبوونەوەو لە چادرێك قسەمان دەکرد , ئەوان خۆڵقی ئێمەیان دەکردو ئێمەش رەئیەکانمان هێنایەوە . نزیکەی 10 ڕۆژ ئێمە ئەمسەرو ئەوسەرمان دەکرد . محەمەدی وەتمان و عوسمانی قادر منەوەر ورەسولی حاجی شێخەو هەرچی شەڕێکی تر بوایە هێندەی تریان بۆدەهات لەناو یەکێتییەوە ... کاك دکتۆر مەحمود لیژنەی تەحزیری تائەواکتەش کێشەیان لەگەڵ یەکێتی نەبوو , منیش هاتمەوە بە ( مام جەلال ) م ووت ئەوان تازە ناگەڕێنەوە ناو یەکێتی .

دواڕۆژیش شەوکەتی حاجی موشیر پێی ووتم : تۆدەڕۆیتەوەو من نایەمەوە , منیش ووتم بۆ ... پێی وتمەوە من بزوتنەوەم هەموو هێزی پێشمەرگە لێرەیەو وەهەر لەهەرێمی 9 ی ئەحمەد فەقێ رەش و تادەگاتە هەرێمی 3 لەگەڵ ئەوانەو یەکێتیش هیچی پێ ناکرێ و ئەمانیش ئەمکەن بەئەندامی سصەرکردایەتی , ئیتر منیش زۆرم پی ناخۆش بوو لەگەڵ مندا 10 ڕۆژ پێکەوە هات و چۆ دەکەین , منیش پێم ووتەوە عەیبە کاك شەوکەت شتی وامەکە ! ئەویش ووتی : باعەیب بێت و نایەمەوە. منیش پێم ووت خراپە ئەم کارە ...ووتی با خراپ بێت ئەی تۆ بۆنایەیت منیش ووتم : کاك شەوکەت ئینتزاری ئەویش ووتی ئینتزاری یەعنی چی منیش

وتم یەعنی رارا لەهەر کویەوە بابێت ئەو شەنی خۆی دەکات ... وتی ئەگەر ئینتزاری بم وازو لێ دێنی وتم بەلێ وتی دەمن ئینتیزاریم و نایەمەوە خواحافیزت بێت , ئیتر منیش لەوە دلنیا بووم کە بێ سوودە هەوڵەکەم بۆیە وورده وورده گەڕامەوە و مام جەلالم بینی لەسەربانەکەی خۆی بوو کەتەنها دوومەترو نیوو بوو, درێژیەکەشی سێ مەتر بوو , منیش چووم بۆلای و وتی : شەوکەت کوا وتم : لەگەڵمان نەگەڕایەوە و بوو بە بزوتنەوە وتی خۆ تۆ نەبوویت وتم نەوەڵلا ! ناشبم , مام جەلالیش درێژەی بەقسەکانی دا , شەوکەتیش ئەبوایە شتی وای نەکردایە و بشگەڕێتەوە جارێکی تر وەری ناگرین و دووسێ قسەی خراپیشی پێ ووت ... ئەوەش وەزعێکی زۆر اخۆش بوو بەڵام مام جەلال ووتی : ئەوە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە دێنە دەرەەو و کاك عومەر دەبابەش لێرەیەو ئەوە نابێتە کێشە , ئیتر لای ( مام جەلال ) هەمیشە بەگەش بینیەوە سەیری مەسەلەکان دەکات ... بەهەر حاڵ کار واڕۆیشت کاك شەوکەت و کاك حاجی حاجی برایم وکاك ئەنوەری مەجید سوڵتان و کاك شیروان شیروەندی و کاك جەلالی حاجی حسێن و زۆری کەش نزیکەی 300 پێشمەرگە دەبوون کاك ڕەسوڵ خۆی هاتبووە مەرێوان و بەرپیانی کرد بۆلای شارەزوور و شارباژێرو ئەو ناوە بۆئەوەی من کێشەیان بۆ درووست نەکەم , یا کەسم لەگەڵ نەمێنێ ئەوانیش هاتبوون لە کۆلیتان و چەوتان و دۆڵە چەوت و ڕەزەڵە وحاجی مامەند و چنارەو گوێزە کوێرە وزەردۆیی و قۆچی قۆڵی گیسکەو پارەزان و گوێزە ڕەش قسەیان کردبوو منیش نزیکەی 100 پێشمەرگەم لەگەڵ بوو, نەشمەزانی ئەو هێزە هاتووە لەپشتی چنارەو ئەوناو چونکە هێزەکانمان هەموو کۆنەکردبووەوە و لەدەورمان گرتن و چەکمان لێ ڕاکێشان وتیان : ئێمە تەقەناکەین و ئێمەش وتمان ئێمە تەقەدەکەین و لەهەموو لایەکەوە دەوریان گیرا , پێیان وتین ئێوە چی دەڵێن بۆتان جێ بەیجێ دەکەین , تەنها شەڕنەبێ وتمان : ناوچەکە چۆڵ بکەن بەمنیان وت : کاکە تۆ لای خۆی دەبوو داوەتمان بکەی کەچی دەرمان دەکەی کاك ئەنوەریش ووتی من بکوژن بەڵام باکەس نەکوژرێ .

ئیتر بەوشێوەیە سەنگەر بەرامبەر گرتنەکەمان لەیەکتر سارد بۆوە , داوەتمان کردن بۆ ئێوارە , ئەوشەوەش دوو کەرتیان هاتنە لامان جەمالی مەلا عەلیو محمود زەردۆیی , کاك حاجی حاجی برایمیش بە منی ووت : تۆ دوو بزنت بۆ سەربرین کەچی دوو کەرت پێشمەرگەت بردین , ئەوان بۆ بەیانی ڕۆیشتن وئەوەی ئەوان ( رد فعل )یان نەبوو , کەئەوەش بووە هۆی ڕووخاندنی هێزەکەیان و دوای ئەوەش شەهید تایەری حاجی عەزیز و دلێر جاف و ئەحمەد قەویلەیی هەمووی گەڕانەوە کاك شەوکەت و حەوت پێشمەرگەمانەوە لەگەڵ ئەوان , چووینەوە بۆ بانە و بۆ گۆڕەشێر , تەواوی ناوچەکەم بۆ پاك کردنەوە سوێندم خوارد کاك شەوکەت نابێ بگەڕێتەوە ناوچەکە هاتا نەبێتەوە بەیەکێتی ... کاك شەوکەت ئەو کات ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست بوو تەواوی ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و کەس لەو ناوە نەما , بەڵام دوای ئەوە سەرەهاتە سەرمن و ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون کە دوای هەکاری گەڕابوونەوە و ئەم جێگایەمان پڕکردبووەوە , ئەو بۆشاییە سیاسی و عەسکەری و ڕێکخستن کە هەبوو دەبوو زیاتر پڕ بکرێتەوە .

کارەساتی هەکاری زۆر گەورەو قورس و جەرگ بڕ بوو , تەنها یەکێتی بوو ئەوبارە قورسە هەڵسێنێتەوە , بزووتنەوەو کۆمەڵە پاشان لەناو یەسکێتی هەڵوێستیان وەرگرت و ئەو بارەش هێندەی تری قورس کرد کە هاتبووە سەر شوێنەواری ئاشبەتاڵ و ئەو برینە گەورەیەی شوێنەواری ئاشبەتاڵی پڕکردبۆوە کە ئەویش کەم نەبوومنیش هەڵەکانی هەکاری دەگێڕمەوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوەمان :-

یەکەم : سەرکردایەتی کۆمەڵە و بزووتنەوە ناکۆك بوون لەڕووی فکری وبۆ چوون بەتایبەتی لەسەر عێراق کردنی شۆڕش ونەکردنی , بزووتنەوە دژی بە عێراق شۆڕش کردن بوو , چونکە باری قورسی هەڵگرتنی شۆڕش عێراق بێ ئەوەی هێزی لە ناوەراست و خوارووی عێراق هەب ێ و ئەوەندەش عێراق لێی دەئاڵۆزێت و کە بزانی تۆ بڕیاری ڕوخاندنی داوە , بزووتنەوەش دەیانووت , دەبێت تا ژوورەکەی سەدام حسین شەڕە دەمانچە بکەین ئ ەوەش ئیشی کورد نییەو ناکرێ .

دووەم .: سەرکردایەتی کۆمەڵەش لە دژی قیادەمەوقەتە و ئێران پشتیوانی سوریاو لیبیابو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە سووریاو پشتیوانی ئەوانەی لا گرنگ بوو , کەئەوەندەش شتێکی تاکتیکیە و دەبێ بکرێ تو لەژێر ئەو کاریگەریەدا بڕیاریان لەسەرئەوەدا کە یەکێتی ببێت بە ئەندام . ( التجمع الوگنی العراقی ) کە پاشان لەسەرئەوبنەمایە جەوقەد دروست کرا .

سێیەم : بەو جۆرەش ناتەبایی لەناو بزووتنەوەو کۆمەڵەش هەر یەك بەجیا کێشەی هەبوو .

چوارەم : حساب نەکردن بۆ کەش و هەواو کاتی بەڕێ کەوتن کە سەرماو بەفر بوو ئەو کوێستانە کە ئەمەش حسابی بۆ نەکرابوو .

پێنجەم : جگە لە دابین کردنی ئازووقەو شتوومەکی پێشمەرگە بۆ کاتی پێویست و بۆ ڕێگاو بانیان و هێزێکی واگەورە ڕێگایەیکی وا دژوارو درێژو پڕ لە مەترسی عێراق , ئێران , تورکیا , کەهەرسێ لا ڕێکەوتبوون لەسەر پتەوکردنی هێزەکان لەسەر سنوورەکانیان کە ڕێکەوتنی جەزائیر بۆی دابین کردبوو, ئەفسەرەکانی عێراق – ئێران پێکەوە لەناو خاکی ئێارن و سەر سنوورەکان چاودێری ووردی جموجۆڵی یەکێتییان دەکرد .

شەشەم : پڕو پاگەندەی قیادە موەقەتە , کە ئەوهێزانە مارکسین و دژی عێراق , ئێران , تورکیا , مەترسی گەورە ناوچەکە درووست دەکەن .

حەوتەم : ڕێکەوتنی ئەفسەرەکانی تورکیاو عێراق لەدیاربەکرو هەکاریدا و لەسەر سنوورەکان لەگەڵ دەوڵەتی تورك و عێراق لەفرقەی ( 4 ) لە موسڵ جگە لەپارە بڵاوکردنەوە لەناو عەشایەری تورکیاو ئامادەکردنیان دژی یەکێتی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە کە گوایە یەکێتی دژی عەشایەرو کوردەواری و ئیسلامە هاتوون ماڵی خەڵکی تورکیا تاڵان کەن بۆیە قیادەموەقەتە ووتبویان بیانکوژن و بیانگرن ماڵی بۆ ... ئێوەو سەری بۆ ئێمە کە تورکیاش یارمەتی ئەدان.

هەشتەم : دانەنانی بنکەیەکی پشتیوانی , بەتایبەتی ەناوچەی سی سنووری وەیا دۆڵە فشە تا پەیوەندی هەبێت لەگەڵ هێزی دووەم و هێزی سێیەم لەناوچەکانی دیکەی سلیمانی و کەرکوك و لهەولێر و دەشتی هەولێر کەئەوان چوونە ناو قولایی تورکیاوە دەست بڕینی هێزەکە لەجەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراق نەبوونی جەماوەر و دۆست و ڕێکخستن وناسراوی لەناوچەکەدا نەبوونی پەیوەن دی لا سلکیو سلکی و لەنێوان بەشەکانی کەی هێزەکەو خودی هێزەکەش کە دەبوو بەردەم قسە بەیەکتر بڵێن , لە دواوە تادەگەیشتە پێشەوە کە زۆر جاریش وەکو خۆی نەدەگە یشت , یان بە پێچەوانەوە قسە دەکرا , یا هەر قسەکان نەدەگەیشت .

نۆیەم : نەبوونی هێزەکە بە ( 50 ) کەسی و بەنێوان 5 تا 6 سەعات ڕێگا بەیەکەوە دوورو پەیوەندی لەسەر بەرنامەی ناوچەکەو ڕۆیشتن بە سنوورو پشوودان بەهێزەکەو دانانی پێویستی و کەرەسەی گواستنەوە بۆ هێزەکە ... یا ئامانجی هێزەکە بۆ جێگای دیاری کراو .

- نەزانینی هێزەکەو فەرماندەکانی کە بۆ خۆیی دەڕۆن و ئامانج لە ڕۆیشتنەکەیان و کەی دەگەن واتە وەکو ئەوە گوایە خواست بدەیتە دەست شەپۆلی ئاوو کە س نەزانێت بەرەو کوێت دەبات .

- فریو خواردن بەقسەی قیادە موەقەتە و تا ئامادەکردنی هێزی عەشایەرو ناوچەکەو نەبوونی بارەگایەك لە پێشەوە بۆ پارێزگاری کردنی هێزەکە کەدەچنە ئەو جێگایە ولەوێش ماندوو ئەبن ... لەڕاددە بەدەر باوەڕکردن بە قسەی بریقەدار ...دەدەقە دەکە خۆیان لەناو کوردستانی تورکیا نەکەسیان هەبوو لە گوندەکان بەڵکو نەشیان دەناسین و ئەوەشی بیناسیایە وەك قاچاخچی دەیناسی , نەك وەك حزبێکی سیاسی .

- سوربوون و پێداگرتنی فەرماندەکانی هێزەکە بێ ئەوەی بەرنامەیەکیان هەبێت و کاك شێخ حسێن پێی داگرت لەسەر ڕۆیشتن بۆ قولای تورکیا , ڕووگیری کاك خالید بوو , بێدەنگی کاك عەلی لە ڕۆژی یەکەم و دووهەم لەکاتی شەڕەکەدا هاوکاری نێوان سی دەوڵەت و ئاشکرا کردنی سەفەری هێزەکە ولەو کاتەشدا شوێن و ڕۆیشتن بۆ کەسانی ساواك و نێردراوی قیابدە بموەقەتەی وەکو (( مینە کوپە )) و ڕەسوڵی برای و بێجان جندی و چەندین کەسیش لەو بابەتە لەو دیوی عێراق و تورکیا و هەرەشە وگوڕەشەی یەکێتی لەوەی دێتە سەر ڕێگاو گەیشتنی هێزەکە و بۆ دۆڵە نیاو ... هێزەکە بۆ شەڕ یائاشتی یاخود لێدان و پێداگرتنی کاك عەلی لەنەچوونی بۆ دۆڵە فشەو لێنەدانی قیادە موەقەتە کەیەك هەڕەشەیان پێ نەدەکرا , بەڵکو لە هەلاتنیشدا کە چاویان بە هێزەکەی هەرێمی یەك کەوتبوو لە ئاوێکیان داو لێیان خنکا لە ئاوەکەداو دۆشکەو چەکیان بەجێ هێشت و نەیانتوانی بگەڕێنەوە سەری , ئەوەش نەکرا لەناو سنووری تورکیا عێراقە وە بەناو خاکی عێراق وتورکیا لەسەر سنوور بڕۆشتایە , دەستیان دەکرد بەپڕوپاگەندە بۆ هێزەکەی ئێمەو ئێمە یان لەبەرچاوی خەڵکی دواکەوتوو عەشایەری و کوردستانی کەئەمەش گەورەترین دژایەتی قیادەموەقەتە بوو بۆ لەناوچوونی هێزەکەمان , کە پێم وایە ئەم کارەساتە

نامیلکەیەکی تایبەتی دەوێت تایبەت بە چوون و تیاچوونی هێزەکە و ڕووداوەکانی و گەڕانەوەی ئێمەش ...

لادان لەبڕیارەکانی نۆکان و هندێك لەخۆبایبوونی سەرکردایەتی یەکێتیی بەتایبەتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە , عەسکەرییە , جەماوەریە , جگە لە سارێژبوونی شوێنە چاری قوڵی ئاشبەتاڵ و ئومێدێکی بەگەلی کوردو دۆستەکانی داو نائومێدی بە دوژمن و ناحەزانی کوردوو ئەۆمانەش دەوڵەتانی ناوچەکەی هەراسان کردبوو , هەر لەسەر ئەوبناغەیەش سەرکردایەتی یەکێتیی لەخۆ بایوونێکی لەخۆبینی , بەتایبەتیش لەبزووتەوەدا , وە ئەو سەرکردانەی کۆمەڵە کە لەمەفرەزە سەرەتاییەکان بوون , دەردەکەوت کەمەسئولیات بەخەڵکی لێهاتوو نادەن و لەسەر بنەمای خزمایەتیو خەڵکی گوندەکەم یا گەڕەکەکەم , شارەکەم , یا ناسراوەکەم پلەکانیان دابەش دەکرد , یالەدژی لایەنێکی کەوە لە پێشمەرگایەتییەوە یا لە کادیریەوە یەکسەر بۆ سەرکردایەت ( م . س ) و ڕێکخستنی ناوەندی کۆمەڵەو بزوتنەوە یا جێگای گرنگ و پڕکاریگەری پێ دەدا , کەبێ ئەزموونیش لەولاوە بابوەستێ کە ئەوانەش وای کرد توشی ئەوشکستە گەورە بێت .

کە بێگومان هێزێکی ك بوایە هەرگیز نەیدەتوانی ڕاست بێتەوە , بەڵام بەراستی پێشمەرگەی یەکێتی لەبزووتنەوە دەوریان هەبوو کە هەرچیان پێ بوترایە بی چەندوو چوون دەیان کرد , هەر ئەوەش توانی لەو بارە قورسە بارێك لەسەرشانی دابنێت و هەڵیسێنێتەوە و جارێکیش ئەوانەی لەدەستی قیادە موەقەتە دەرچوون یا بە زۆر تەسلیم بە عێراقیان دەکردنەوە , زوو دەگەیشتنەوە ڕیزەکانی پێشمەرگە و خۆیان ڕێك دەخستەوە و , ئەو گوندانەی ڕژێم رایدەگواستن بەشێك لە پارەکەی دەیاندا بەچەك و گڕو تامەزرۆیەکی نوێوە دەهاتنە ڕیزی شۆڕشی پێشمەرگە . ڕۆژانەش دەیان کەسی لاو و تێکۆشەر دەهاتنە ڕیزی شۆڕش و پێشمەرگە لە ڕێکخستن یا لە لقەکانی ناو یەکێتی , یەکێتیش بەهەمان شێوە بەردەوام بوو , سەرکردایەتی , هەر بەردەوام بوو لە خۆسازدانی نوێ , بەڵام لێرەش دوژمنانی کورد هەمیشە لە بۆسەدابوون بۆ تێکدان و کەم کردنەوەی ئەو ووزە هێزدارە.

ئەوەش بەشەهیدکردنی کاك عەلی عەسکەری و کاك دکتۆر خالید و کاك شێخ حسێن و نامەی جیا جیا بۆ کۆمەڵەو بزووتنەوە و هەڵوەشانەوەی یەکێتی هەروا بەدەوام بوون و توندو تیژی کۆمەڵە لە دژی بزوتنەوە بەتایبەتی دوای هەکاری , وەکو ئەوەی بڵێن بزووتنەوە سەرکردەکانی گیرابوون و شەهید کرابوون , بەردانی سەرکردەکانی کۆمەڵە گوایە ئەمانە و قیادە موەقەتە هەردوولا مارکسین لەو بابەتەو دابەشکردنی چەك و ئیمکانیات و مەسئولیەت و جیاوازی کردن و داشکان بە ی کۆمەڵەو دژی بزووتنەوە و نائومێدی بزووتنەوە لە چارەسەر کردرنی پەیوەندی نامەی کاك ڕەسول لەگەڵ قیادە موەقەتەوە دژی مام جەلال قسەیان بەئاشکراو هاندانی پێشمەرگە و کادیر لە دژی مام جەلال و ( رد فعل ) ی مام جەلال لەسەر کاك رسول و گیرانی شەهیدان عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی و گومانی بزووتنەوە لەوەی یەکێتی لەناوی بردوون یا بەشێوە یەك لە شێوەکان

بەگرتیان داوە . شتی بچوك و گەورەکردن و هاتنی حزبی شیوعی و هاوکاری یەکێتی و وەکو ئەوە وایە مۆسکۆ هاتبێتە دەرەوە بۆلای یەکێتی ... لە بزوتنەوە دەوری لیژنەی تەحزیری و خودی کاك دکتۆر لەگەڵ بزووتنەوە و پەڕینەوە بۆ هاندانیانبۆ جیا بوونەوەو درووست کردنی هێڵی سێ , کە یەکێتی ئەمەی بە مەترسی دەزانی , ئەوانیش هەموو بوو بە هۆی ئەوەی بڕیاری یا شەڕی نێوانیان دروست بێت پارتیش لەو نێوەندەداو لەو کاتەدا نەبوون لەو ناوچانەدا مەگەربەرۆژنامەی (( بێگانەش )) هەواڵی کوردستانیان بزانیبا سوودیان لەو دۆخە وەردەگرت , لەسەر ناوچەکەو پاشانیش شەڕو پێکدادان لەناوچەکانی خوارە وە بە تایبەتی هێزێکی یەکێتی لەبەری کۆسرەت بۆیەکەمجار پەلاماری هێزێکی بزووتنەوەی دا کە دوو پێشمەرگەی هەرێمی چوار لە ڕۆژەکانی مانگی چواری 1979 شەهید بوون , کە یەکێکیان سەلام عبداللە سەرگەڵووی بوو جگە لەوی تریان چەند پێشمەرگە یەکیش لەجەماعەتی سەرباز ئەحمەد فەرماندەی کەرت بوو لای بزووتنەوە پاشان لەشەڕێکی کەشدا , ئەوانەش وایکرد , فشارلەسەر بزووتنەوە دووست بێت , بزوتنەوە بەرەو عێراق و پاشان قیادەموەقەتە یا پاررتی بڕوات , وەهاتنی حیزبی شیوعی لەبەهاری ساڵی 1979 دا لەهەڵەبجە وشارەزوور , کاك تۆفیق ی حاجی و هاوڕ ێ ئەسعەد گامێش تەپەیی لە گوندی خڕنوك هاتنە لای من و داوای هاوکاریان کردوو ئێسمەش هەرچەندە ئاگام لەبڕیاری سەرکردایەتی نە بوو بەڵام وەك هێزێکی دژی عێراقن بە گەرمی پێشوازیمان لێ کردن و ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی هەندێك چەکیان بدەینێ و هەر کەسێکیان دەرچن ڕێگاو جێگایان بدەینێ تا دەگەنە لای خۆیان , من هەشت پارچە چەکم دانێ , هەرچەندە کاك شێخ عەلی یا مامۆستا سەرکەوت وەك ئەوەی خزمایەتیان هەبوو لەگەڵ هەندێك لەبرادەرانی حزبی شیوعی کە هەندێکیان بە هۆی کاك حەمە ئەمین فەتاحەوەهاتبوون هەتا دوو پێشمەرگەشمان دانێ بۆ شارەزایی و لەگەڵیان بێ , کاك لەتیفی حەمەی مەلا سابیر برادەرێکی کەش .

**بەشی یەکەم ... زنجیرەی دوو**

**لەمانگی کانوونی دووەم وشوباتی ساڵی 1979 سەردانی سەرکردایەتیم کرد لەسەر داوای ( م . س ) بۆ دانانی بەرنامەیەك لەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکەو هەرێمی یەمك و سوود وەرگرتن لەو بۆشاییەی لە ئێران دروست بوو بوو . کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەدەستیان هێنابوو ... ( شاە ) هەڵهاتبوو قیادەی موەقەتەش کوردی ئێران دژیان وەستابوون کە ئەوان هاوکاری ساواك و پێشتریش لە 1967 دا تەئسیرکردنە سەربزووتنەوەی کوردی لە ئێران و کوشتنی فایەق معینی و مەلا ئاوارەو قادر شەریف لە سلیمانی و ناردنی هێزی هاوبەشی لە دوای شۆڕشگێڕان... هاوکاری یەکێتی و بزووتنەوە و کۆمەڵە لە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ( شاە )ی ئێران و پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردولاو بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵە لە سنووری ئێمە بوون لە کۆڵیتان و پارێزگای سلیمانی , کە ساڵانی 1977 و 1978 پێشمەرگە بوون لەلامان ... لەوانەش کاك عبداللهی دارایی و لەمەریوان و کاك عوسمان ڕۆشنی تودەکە دوای اموەیەك بەسردان کاك عوسمان گەڕایەوە لای ئێرانی شاە و لەوێ گیرابوو ... دوای سەرکەوتنی شۆڕش بە ربوو لە ڕێگای ئەوانەوە پەیوەندیەکی دۆستانەی هەبوو , لە هێرشی 1977 کاك عبدالله بەنهێنی دەڕۆیشتەوە بۆ مەریوان بڵاو کراوەو هەرچی پێویست بوایە دەیهێنان ... کاك عوسمان ناوی بارام بوو لای ئێمە ... کاك عبدالله ناوی نهێنییەکەیم لەبیر نەماوە .. لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕشدا شیمام خومەینی لەپاریس بوو لەوی دەستی کرد با ئاگاداری و ڕۆژنامەنوسانیش ئەو ڕێنمایانە بۆ خەڵکە ئێران و هەموو مەلاکانی ئێران بڵاو دەکردەوە تا بڕژێنە سەرجادەو هەرلەو کاتەشدا وەفدی یەکێتی لەپاریس سەردانی ئیمام خومێنیان کردو کاك عادل موراد سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست لەو دیدارو کۆبوونەوەدا بەشدار بوو .**

**منو کاك شەوکەتی حاجی موشیریش لەسەرەتای شۆڕش و پێشتر هەندێك نامە گۆڕینەوەو هاتووچۆ لەنێوان ئێمەو ئەحمەدی موفتی زادە دا هەبوو کە ئەحمەد موفتی زادە مەلایەکی کوردی سونی شافعی شارەزایەکی باش بوو خەڵکی شاری سنەبوو . بەڵام کەم ئەزموونی سیاسی وتاکتیکی حزبی لەوانە بێ ئاگا و کاری پێ نەدەکرد ... لە وەڵامی نامەیەکیدا بۆی نووسیبووین و دەڵێت : ئێیمە ئێستا پێویستمان بە هاوکاری نییە و هەرکات پێویست بوو ئاگادارتان دەکەینەوە لە ڕێگای برایانەوە لە مەریوانەوە !...کە ئێمەش لە سیامێوە وە نامەکانمان دەنارد أحمد موفتی زادە لە زۆری شارەکان شورای ئینقلابی ئیسلامی دامەزراندو بۆ ئیدارەی شارەکان ... بۆنموونە لە مەریوان ئەمانە بوون : -**

- **شێخ عوسمان خالیدی**
- **حاجی حەمە صالح حەدەری**
- **ئەحمەدی نەسیمی**

- **بابەعەلی مهرپەروەر ( حەوت تاشی )**
- **رشید درەخشان**

**کە ئەمەی دوایی بوو بەسەرپەر شتی ئیش ویکارەکانی مەریوان هەر لە شارێك و بەوشێوەیە بە راپەڕینی تازەدا خەڵکی دڵی گەرم بوو ...**

**لەڕۆژی 20 / 2 / 1978 چوومە سەرکردایەتی داوایان کرد کە بەرنامەی داهاتوو دەربارەی قیادەموەقەتەو پاشماوەکانییان دانێین و منیش ئەو ماوەیە لەویٚ بووم لەناو زەنگ هەندیٚ هاوانی 120 ملم و 1 ڕەشاش الفا بوو چەکێکیش لای کاك مولازم عومەر بوو کاتی خۆ ی فەڵەستینیەکان بە دیاری دابویان بەیەکێتی ناوی چەکەکە ( ئێم سکس تی ) بوو یەکەم چەك بوو هاتبووە کوردستان تائەو کاتە چەکی وا نەبوو لەکوردستان ... چەکەکە هی کاك نەوشیروان مصگفی بوو پێیان وتبوون ئێوە بیبەن دوای گولەش دەنێرین بۆتان ... گولەی دەتەقاند و فیشەکی کلاشینکۆف بچووکتر بوو , نارنجۆکیشی دەتەقاند نزیکەی 150 تا 200 مەتر بەقەدەر هاوانێك کەمتر کاریگەری هەبوو زۆریش سووك بوو ... منیش ووتم ئەو چەکە چییە داتاننناوە ... ووتیان هەموو سەرکردایەتی ئەویەکەی هەیەو گولەو فیشەکی نیە ... منیش داوام کرد .. وتیان بافیشەك و گولە بێت ئەو کات دەتان دەینیٚ , من کەچاوم بەچەکەکە کەوت زانیم گولەی نارنجۆك ئەندازی ئەمریکی ئەخوات کە ئەوکات لە ئێران هەبوو ... وتم : ئەگەر گولە کەم پەیاکرد ... وتیان پەیا نابێت ئەبی فەڵەستینیەکان بۆمان بنێرن ...من تەئکیدم کردەوە و وتم گولەکەیم هەیە ...وتیان ئەگەر پەیدات کرد ئەدەینیٚ ... ئەوانیش نەیاندەزانی چ گوللەیەکی دەوێت و منیش هەر کە چاوم پی کەوت زانیم گولەی نارنجۆك ئەندازی ئەمریکی لە ئێران بۆی ئەبێت ... وتم ئێستا تاقی دەکەمەوە ... وتیان پیاتا دەتەقێتەوە و دەت کوژیٚ ... زۆر هەوڵیان دا کە ناکرێت ونابێت و ئەگەر کوشتمی ئەوە خۆم زەرەرم کردووەو ئەگەر نەی کوشتم چەکەکە دەبەم ... وتیان باشە بەڵام شیشێکی لیٚ ببەستە و لای دارێك داینیٚ و لەدوورەوە دەیتەقێنی ... منیش ئەوەم نەکردوو گەولەکەم تیٚ کردو هەموویان لێم دوور کەوتنەوەو تەقاندم ... دە نگێکی کەمی هەبوو ... کاتێکیش کەوتە سەرزەوی بەقەدەر هاوانێك دەنگی هەبوو تەقاندم بۆ پشتی زەڵیٚ , بەوشێوەیە سیٚ دانەم پی تەقاندوو بوو بە ماڵی خۆم , لەگەڵ مەفرەزەکەمدا گەڕامەوەبۆ مەریوان و کاك سالاریش لای مەریوان هێزی کۆ دەکردەوە بۆسەر قیادە موەقەتە ... ئێمە بۆ ئۆتۆمبێلێك ئەم ڕێگایەمان بڕی ناوزەنگ و کانی زەردو وەردەوبنە خەلەف و کۆنە مشك و بیروران سەرو خوار وسەردەشت و بانە ومەریوان .**

**لە ڕۆژی 20 / 3 / 1978 گەیشتینە لای مەعسکەری مەریوان و ڕایانگرتین , هیچ نەبوو بوو داوای چەکەکانیان لیٚ کردین ... لەوێدا دەستی صالح پارەزانیان گرت و هەرچواردەورمانیان ئابلۆقەداو پشتی سەندوقوقی ئۆتۆمبێلەکەمان پڕبوو لە فیشەکی هەمە جۆر و گولله ئار . بی . جی ز تی . ئێن . تی و صالحیش بەمنی ووت چی بکەین ووتم : تەقە بکەن ... صالح تەقەی کردو دکتۆر کەمال شاکریش هەوڵی دا تەقە بکا ئیتر**

نازانم تەقەی کرد یان نە ء. شەهید محمود اجی فەرەج بوو یلە هەموو لایەکەوە دایانگرتین بەتەقە ...ئەو ڕۆژەش سایەقی سەیارەکە مان هەر گۆرانی و قسەی خۆشی دەکرد تا گوللەیەك بەر نەرمایی گوێی کەوتبوو هەر چاوی بە خوێنەکە کەوت قیژەی لێ هەستا ... منیش هەولم دا ئوتۆمبێلەکە بکەوێتە ڕێگا ... ئۆتۆمبێلیش بە نمرە دوو زۆر لەسەرخۆی و هموو ئەو سەربازاەنش تەقەیان دەکرد ... بەلام ئێمە لەچاو ئەو بۆسەیەو ئەو پیا هەڵپرژانە سەلامەت بووین و کەسیش نەکوژرا , لە ئێمەو لەئەوانیش وابزانم بریندارو کوژراویان هەبوو لەوان ... لە ئێمەش حەمە صابری حاجی محمود رشید کەرەم خان قاینجەیی بریندار کران حاجی عمر لەناو سیارەکەهیچی نەوت زۆر بەزەحمەت دەرچووین دوای چووینە ناو مەریوان ... هیچ نەمابوو حاجی عمر نارنجۆکێکی گرتبوو بەدەستیەوە ئەیوت ئەچم حەقی حەمە سابیر ئەسێنم کە بریندار بوو بوو لەناو سیارەکەدا .

کە گەیشتینە مەریوان کاك عتای حاجی ئەمین بەگ و کاك تاهری شێخ عوسمان خالید هاتن بەدەنگمانەوەو زۆریش نارەحەت بوون و چووین بۆ هەواڵ پرسینی شەڕو تابزانین چی قەوماوە ... شەڕی یەکێتی و قیادە موەقەتە لە درزلی ... ئێوارەش چووینە درزلی و شەو لەگەڵ کاك ناصیح و کاك دکتۆر مادیع شێخ عوسمان چووینە ماڵی ئەوان و بەیانیش گەڕاینەوە قیادە موەقەتە بەتەواوی لەوی دەرکران .

لەگەڵ کاك ئەنوەری مەجید سلتان چووینە کانی خەیاران قیادە موەقەتە بارەگایان لەوێ بوو , سووتاندمانن وچووینە دەرەکی و دەمەوی و هەورامانی تەخت .

شەوی 21 – 22 / 3 / 1979 لە هەورامانی تەخت بووین ... لە ڕۆژی 22 / 3 / 1979 داعوەت بووین لە دوورو نزیکەی 150 کەسمان لەماڵی شێخ عوسمانی دوورۆ ... من و کاك سالار و کاك شەوکەت پێکەوە بووین و هەندێك خەڵکی لوبنانیش هەر لەوێ بوون و کامێرای تەلەفیزیۆنیان پێ بوو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کاك سالار کردو لە پێشەکی پرسیارێکیاندا وتیان : یەکێتی بەسەرکردایەتی جەلال تەلەبانی ... کاك سالاریش دەست بەجێ لە کابرای لوبنانی تووڕە بوو ووتی : جەلال تالەبانیش وەکو من وایە و ئێمە سەرکردایەتی بەکۆمەڵمان هەیەو من بەرپرسم ... من و کاك شەوکەتیش هەندێك سەیری یەکتریمان کرد و ئەمەمان پێ ناخۆش بوو کە لە پاشاندا هەموو کاسێتە تۆمارکراوەکەی پێ سڕیەوە ناوەکەی مام جەلال بە کابرای لوبنانی .

لەشەوی 20 – 21 / 3 /1979 بزووتنەوە جیا بوونەوە چوونەوە گۆڕەشێر ... هەڵوێستی سالار کەنوێنەرایەتی کۆمەڵەی دەکرد زۆر جیاوازتر نەبوو لە هەڵوێستی بزووتنەوە بەرامبەر بە مام جەلال .

کاك شەوکەتیش نامەی بۆهات و هەر لە ڕۆژی 23 / 3 وە خۆی دوور گرت بەلا م بە هۆی پەیوەندی هەردووکمانەوە هەر جار جار پێکەوە بووین و قیادەموەقەتەش لەو ناەو شکابوو ... ئەو شەوە چووینە پشتی ئەحمەد ئاواو لەوێ نانیان هێنابوو بە جیهاز کاك نادر هەورامی بە چەکدارەکانی خۆیانی دەووت : بڕۆنەوە بارەگا کۆنەکان واتە کەیمنەو بێرواس . ئێمە شارمان لێیان دابڕی لە قیادەموەقەتەو هەندێك نامەمان دەست

کەوت لە بارەرگاکانیان ... پارتی چووە لای شاخی پاوەو بە ( 50 ) هەزار توومەن بیگریّ وە بە 60 هەزار تومەن دزڵی بگریّ . ئەمانەو زۆری تر لەبلاوکراوەکانی حزبەکانی ئێراندا بلاوکرانەوە .

پێشتریش مەفرەزەکایەن قیادە موەقەتە و لە ئاسنئاوا وە چووبوونە سەر کاك تاهیری حاجی عەزیز و چەند پێشمەرگەیەکیان شەهید کردبوو کاك تاهیر و مصگفی سەعید زۆراب بەدیل گرتبوویانن کە ئەوان بزووتنەوە بوون و قیادە موەقەتەش لەگەڵ ئەواندا قسەیان نەکردبوو ... کاك هاشم کانی هەریمی شەهید بوو, کاك دڵیر بچکۆل ( عەلی حمە کەپوو ) شەهید کرا و دوای ماوەیەك ئەوانیش بەربوون و تۆڵەیان لیّ کرایەوە و دوای ئەوەش کاك رەسول هاتەوە بۆ مەریون و هێزیان نارده شاربازێرو بزووتنەوەش بە هێزێکەوە هاتە ناوچەکە ومنیان ئاگادار کرد کەئەوانە هاتونەتە ناوچەکە پێشتر بە موزەکەرەیەك هەڵوێستی خۆم دیاری بکەم کەواتا ئیشیان لەگەڵ بکەم ... لە شەڕی دزڵی چەند کەسیّ لە قیادە موەقەتە کوژرابوو وەچەند کەسێکیان بەدیل لیّ گیرالەلاوانە مەلا عارفی مامەولا لە سید صادق مەسئولی ناوچەی پارتی بوو لە پاشان گیراو دوایش لەگەڵ کاك حامیدو و کاك عەلی شیعە گۆڕانەوە لەگەڵ دکتۆر کاکرەش ناوێکیش .

لە ڕۆژی 8 / 4 / 1979 لە پارەزان بووین لەگەڵ کاك محمد حاجی سابیر و پێشمەرگەیەکدا لەشەوی 8 – 9 / 4 /1979 کاك محمد رشید عەلی شریف و کاك أحمد حاجی صالح لە سلیمانی کە گەڕابوونەوە لە نزیکی چەناغچیان بەکارەساتی ئوتۆمبێل کاك أحمد کوژراو کاك محمد رشیدیش بریندار بوو ز

ئەم کارەساتەش گەلێك جەرگ بڕ بوو بەتایبەتی بۆ من زۆرم پیّ ناخۆش بوو چونکە لەگەڵ کاك ئەحمەد بەلای منەوە وەکو برا بووین کە ئەویش نەما براکانیشی ئەو پەیوەندی و دۆستایەتیان نەما وەکو جاران بەڵکو لەکاری شۆڕشدا ئەوان بەرەو لای یەکێتی و کۆمەڵە دەڕۆیشتن و دژایەتی ئێمەیان دەکرد .

لە 9 / 5 / 1979 لە پارەزان و ئەو سنوورە بووین , لە ڕۆژی 4 / 6 / 1979 لەگەڵ کاك رەووف خەلیفە سەعید لە دۆڵەچەوت بووین ... لە ڕۆژی 24 / 5 /1979 لە ڕەزەڵە ( تأمین ) م مارەکرد * ڕۆژی گواستنەوەکەش ئەگەرچی کاك شەوکەت حاجی موشیر و کاك شیروان بزووتنەوە بوون بەڵام وەك هاوڕێیەکی دڵسۆز بەشداری ئاهەنگی گواستنەوەکەیان کرد پرشنگ خوشکی خۆم ژن بە ژن مان پیّ کرد ئەومان دا بەبرایەکی لەبەر ئەوە خەڵك وا تەسەورنەکات کەمن پێشمەرگەم و بە زۆر خواستوومە لەگەڵ ئەوەشدا کە دژی ژن بەژن بووم لەبەر ئەو هۆیە خوشکەکەی خۆمم دایە ... .

لە ڕۆژی 5 / 6 / 1979 چووینە چوالە و ئەشکەوتان لەشەوی 8 – 9 / 6 / 1979 لە سیامێوەوە دەڕۆیشتینە کانی سەیف و کانی چناری وئێران و پیران کۆن کە کاتی خۆی شێخ محمودی لیّ بووە ئەودەمەی ئاوارە بوو بوونە ئەودیوو .

---

*

لە ڕۆژی 9 / 6 / 1979 چووینە ئاسنئاوا و لیووبایەوە , ئەو گوندانە سنووری (عێرا ق و ئێران) و دزڵی و دەرەناغی و 3 ماڵ و 4 ئاغایە چووینە زڵکەو سینانو ئەسکۆڵ وئەسکۆڵی سەرو کانی کەوە و پیرانشا و پیران کۆن , دۆڵە بی و سەردۆش و مرانە و باشماخ و خانمە شێخان و کاریزە ئەم گوندانە بەر ئێران کەوتوون و لەسەر سنووری هەر دوولان .

لەناو ئێرا ن خۆپیشاندان دەستی پێکرد و وەزۆربەگەرمی حکومەتی شاە نەمابوو پاشماوەیەکی کەمی نەبێ شارەکان شڵەژابوون ( پاشێ گەردانی ) ئێمەش دەمانویست لەو بۆشاییە سود وەرگرین لەڕ ووی چەك و کەرەستەوە پێویستی شۆڕش بۆیە لە ڕۆژی10 /6 /979 کۆمەڵێك خەڵك هات بۆ پێشوازیمان بۆ بایەوو باشماخ .

لە ڕۆژی 1 / 6 / 1979 چووینە ناو شاری مەریوان ... سەردانی فەرمانداری و چەند جێگایەکمان کردوو لە ئێوارە بە شەش ئوتۆمبێل گەڕاینەوە بۆ بایەیەو ڕۆیشتینە خانمە شێخان کاریز و لە 11 / 6 / 1979 گەڕاینەوە باشماخ و بایوە . لە 12 / 6 / 1979 هەر لە بایوە ماینەوە و مەفرەزەیەکمان ڕۆیشت بۆ دەرهێنانی ئەو مینە کۆنانەی لە دەوری سەربازگەیەك بوون لە نێوان باشماخ و بایوەو هەرگینەدا , دوای دەرهێنا نی سەدان مین کە سوودمان لێ وەردەگرت بۆ شۆڕش , لەو کاتانەشدا مینێك تەقیەوە بە کاك فایەق خەلیفە دا و هەردوو چاوی کوێر کرد کە تا ئێستاش هەر ماوەو گیرودەی ئەو مینە بوو .

ئەو ڕۆژەش ناردمانە نەخۆشخانەی مەریوان و پاشان بۆ سنە و شەهید عوسمان کاکە رەش و شەهید محمد حاجی تۆفیق بە ئۆتۆمبێلی ئەمبلانس بردیان بۆشاری سنە .

لە شەوی 12 – 13 / 6 / 1979 لەناو کوری کەپڵە و تازە دێ لەنێوان کوڵیتانی سەرو تازە دێدا ئەو مینانەی دەرهێنرابوون بارمان کردن لە هێسترێك و بەڵام کەپسوولی چەندینیان دەر نەهێنرابوو. بۆیە لەچەند شوێنێکی سەختدا بارەکان گیر دەبوون و گیزە گیزیان دەهات ئەم ڕووداوەش مەترسیدار بوو بۆ پێشمەرگەش , بەناچاری رایان دەکردو ئەو ناوەیان بەجێ دەهێشت بەڵام نەتەقینەوە ... چووینە کۆلیتانی سەرو خوارو تازە چۆڵ بوو بوو یەك ماڵی لێ مابوو چووینە چەوتان ماڵی کاك شێخ حسێن کە یەکێ بوو لەو ماڵانەی زۆر بێ ئەندازە خزمەتی کردین , واتە ئەو چەند ساڵە زۆریان خزمەت دەکردین ... منیش لە دابەش بوونی پێشمەرگایەتی زۆر بێزار بووم و حەزم نەدەکرد دابەش بم ... ناچاریش بووم هەموو ماڵێك ئەگەر داعوەت یا بەزۆر دەیان بردمە ماڵێك یان داوایان لێ بکردمایە ... ماڵی کاك شێخ حسێن خۆی و خێزانی و کوڕی هەمیشە خزمەتیان دەکردین و ماڵێکی دڵسۆز و کورد پەروەر بوون .

لە 14 / 6 / 1979 چووینە گوندی دۆڵە سورو , دوایی ڕۆیشتینە گوندی دۆڵە چەوت واتە کە لەسەرەوەی لای رەزەڵەوە , لەوێوە بۆ خوارەوە و ( 3 ) گوڵانی سەرو خوار و ناوەڕاست لەبەردە بەلەکەوە

سەرەتای دۆڵە چەوت دەست پێ دەکات ... دۆڵە چەوتیش دارستانی تێدایەو پێچاو پێچە و بەوەش دەچێت ناویان نابێت دۆڵە چەوت ... کاك براهیم و کانی خان و دۆڵە چەوت و زەردۆیی و لە خوارەوەش چوالەو کەوڵوس لەو دیویش هەنار و ئەوانە کۆمەڵێك گوندی و لە کابرایم شمام حەمە ئەمین کەچە لەو ماڵانە بووم من دەڕۆیشتم بۆ لایان ... مامە ڕەشەی کەچە کەسێك بوو لەو پێشمەرگە ئازاو قارەمانانەی کە لەسەرکردالایەتی کۆمەڵە زۆر دژایەتیان لەسەر ئەو لەگەڵ مندا بوو .

ڕۆژی 11 / 1 / 2 / 1979 کاتێك من لە ناوزەنگ وە گەڕامەوە ... ئەویان بانگ کردبوو پێیان ووتبوو تۆ پیاوێکی خراپی و نەیەتەوە ( م . س ) : تۆ پیاوێکی خراپی ئەویش لەبەرچاوی ئەوان سوێندی خواردبوو کە ئەبێ جانتای ئەو هەڵگرم و لەفەرماندەی هێزی ئێوەی پێ باشترە , منیش لای دوکانەکانی ناوزەنگ وەستابووم وە چاوەڕێی ئەوم دەکرد و پاشان 10 پێشمەرگەو هەموو چەکەکانیان بەدەستەوە بوو ووتم: مامەڕەشە ئەوە چییە ... قسەی نەکردوو جانتاکەی من بە پێشمەرگەیەك بوو لێی وەرگرت و گرتی بەدەستیەوە و هاتە لای من و ووتی : سوێندم خواردووە کە دەبێت قبوڵی بکەی تا دەگەڕێنەوە جانتاکەت بۆ هەڵدەگرم ... تێگەیشتم زۆریان قسەی خراپ لەڕووی دابوو . کاك نەوشیروان و ئەوان هەتا پێیان وتبوو با چەکی بکە ین , وادیاربوو ئەوان وریا بوون و بەبێ کوشتار چەك نەکراو نەیان توانییوە چەکی بکەن ... من جانتاکەم لێ وەرگرت و دڵم سارد کردەوە لە 16 / 9 /1981 دا لەشەڕی رەزەڵە نەیزانی بوو کەوتە کەمینی یەکێتی و بریندار بوو لەگەڵ محمود زەردۆیی و عەگای حاجی فەریق نەوێیی و شێرزاد حاجی صالح هۆڵ' سمتی دا ... شەهید محمود زەردۆیش خەڵکی گوندی زەردۆیی و لەعەشیرەتی چوچانی ... غەوارە لەدامێنی دۆڵە چەوت بوون ... ئەویش پێشمەرگەی سەرەتای شۆڕش وەکو مامە رەشە ئازاو لە خۆبووردو دەست و تفەنگ راست و ڕێگا برین و سەرکەوتنی سەرچیاو هەڵمەت بۆ سەر دوژمن وەکو پڵنگ بوو ... جارێ لەشەڕی خۆشناوەتی لەنێوان هەردوو چیوەی سەر وو خوارودا کەوتە کەمینی سلێمان بیریژی بریندار بوو بەڵام لەبەر وورەی پێشمەرگە تا شەو قسەی نەکرد .

ڕۆژی دوای بەمنی ووت : لەنێوان چێوەی سەرو کۆدەڵە بریندارەکانمان بەڕێ ئەکرد ووتی منیش ئەڕۆم لەگەڵیانە ووتم بۆ ئەڕۆی ... وتی بریندار م کە سەیرم کرد برینەکەی ئەو لەهەموویان زیاترە و زۆرکاریگەربوو ناردمانەوە بۆ ناوزەنگ و تا دکتۆر ببینێ و لە شەڕێکی کەش لە کەوڵۆس بریندار ببوو شانەی چواردەخۆرەکەی چووبووە ناو گۆشتەوە لای سکی کەسیش نەیدەزانی بریندارەو لە دۆڵی سالاریەو خڕێنە لای برادۆست بریندار بوو ... عبداللە مەلاو شێخە شەعبان شەهید بوو کاك گاهرو کاك ئەنوەر بریندار بوون ئەویش بریندار بوو بەو برینەوە لەگەڵ من لەهەکاریەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی سلیمانی ئەویش لە 16 / 9 / 1979 لەرەزەڵە شەڕ بوو ... ئەگەر لەشەڕا بوایە کەم هێز دەیتوانی خۆی لەقەرەیان بدات , ئەوەش پارتی شکابوو , ئەویش لەبەر خاتری من خۆی هاویشتبووە ناو کەمین .

لـە 12 / 6 / 1979 لەبەردەبەلەکـەو رەزەڵـە و دۆڵـە چـەوتە دەرەو  چـنارە و چـووینە گونـدی پـارەزان و ماڵمان لەویّ بوو سەردانی ماڵەوەمان کردن.

لـە ڕۆژی 15 / 6 / 1979 ( 22 ) هێلیکۆپتـەری عێراقـی هاتـە سـەر پـاڕەزان و گوندەکـە ئێمـە تەقـەمان نـەکردوو چـووینە پـشتی گوندەکـەو هەرچـەند ئـەوان تەقـەیان لەئێمـە کـرد لـە پاشـان چـەند سـەعاتێك خـەڵکی گوندەکە یان کۆکردبوەوەو هەرچی پرسیاریان کردبوو کەس قسەی نەکردبوو... وا دیار بـوو شارەزاناسیبوونی هاوسەرەکەم ( گەردە ڕۆستەم وهەردوو کوڕە کۆرپەکەم عەتا و پشتیوان دوومانگ بوون ...کچە گەورەکەم عـەتیّ یان بردبوو ... کچەکەی کەشمان کوێستان زۆر مناڵ بوو ... لەبەر ئەوەی تازە لە بەندیخانە  بە بوو بـوون چوو بووە گەوڕێك و خۆی شاردبوەو بەتەنها ئەو لەو ماڵەکەمان بەجیّ مابوو ئـەو ڕۆژە و دوای دووسـاڵە ئینجا ریشم تاشی .

کاك محمد نگرەی و کاك محمنـد حـاجی سـابیرو بـرادەران چووبونە گونـدی دۆسـتە دەرە ... لـە 19 / 6 / 1979 لـەویّ ماینـەوە ( ئەحمـەد قەوویلـەیی کـە جێگـری کـەرت بـوو بـە خـۆی و کەرتەکەیـەوە هاتـە لامـان لـە دۆستەدەرە وەرمان گرت و بەرپرسێکیشمان بۆ دیارکرد ... شەش پێشمەرگە بوون کاك ئەحمـەد لـە ڕۆژی 29/ 3 / 1979 لەگەڵ کاك رەووف چوبوون بۆ زەردۆیی و لەویّ لافاو بار انێکی زۆر باری بوو من لە مەریوان بووم تـا ئەوەی دەیان ئۆتۆمبێلی راپێچی دابوو ... منیش بۆ هەندیّ کاری پیچویست لەمـەریوان بـووم ئـەوەش 4 – 5 پێشمەر گەی بردبوو کاك ئەحمـەد قەویلـە, سـەلام شـێخ محمـد کـەولوس و فایـەق گرێزەیـی و ئـەوانی تـرم لـەیاد نـەماوە ... هـاتنی سـوپاش بـۆ پـارەزان بـۆ مـاڵی ئێمـە دەگـەڕایـەوە بـۆ کێشەی نێـوان خـۆمـان لـەو برادەرانـەمان ئاگاداری پێنجوێنیان کردبوو کەمن بە مەفرەزەیەکی بچووکەوە 15 پێشمەرگە لە پارەزان لە ماڵم و ئاگام لە هیچ نیـە کـە لـەوان جیـا بـوو بوومـەوە خەبەرەکـە یـان دابـوو لـەمن لـەوێش مامـەوە تـا 20 / 6 /  1979 هەنـدێك پێشمەرگەم لابوو لەوانە عبدالرحمن سوری مۆریاسی لە ڕۆژی 24 – 25 / 6 / 1979 لە گوندی سیامێوە بووین ئەو ڕۆژەش شایی بوو , ئێمەشیان داوەت کرد بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ ... من و شـەهید رووف و شـەهید محمد نگرەی لـەویّ بـووین جگـە لـە 50 پێشمەرگەی تـر ... لـە شـەوی 25 –26 / 6 /1979 چـووینە گونـدی قـاجر و کشەدەری و تەپە سەر قولە و دوایی چووینە تەپە زێڕینە و گردی قازی و گێلەك .. شەویش لەچەمی زەڵم .

لـە ڕۆژی 27 / 6 /1979 لـە گونـدی کـوڵکنی بـووین و شـەوی 27 – 28 / 6 /1979 بـە ڕی کـەوتین لـە تـازەدیّ و گۆمـەلار و دێکـۆن . لـە وێـش 6 تراکتـۆرمـان بردبـۆ گواسـتنەوەی پێشمەرگە چـووینە خرپـانی وبـەپیّ چووینە هاوارو لای پاڵە نیاو بە باخـەکانی لای پـەروێنیّ و چـووینە شـوشمیّ خـوارو  بارەگـای کـەرتی 2ی کـاك غەفور دەرە شیشی لەویّ بوو کاك مەلابەختیاریش هەر لەویّ بوو , دوو پیچشمەرگەمان ئاغـای حـاجی محمـود و ئەورەحمانی تازە گۆزی ب وون گیرابوون لای قیادە موەقەتە وە لـە نێـوان پـاوەو نووسـودا , ئێمـەش چـووین بـە دوایانـداو لـە ڕۆژی 30 / 6 /1979 لـە شـوشمیّ سـەرو خـوار نووسـود ... ئـەو ڕۆژەش 29 / 6 / 1979 مـام

عبدالخالق هەورامی م لەوێ بینی ... دوای ماوەیەکیش زۆر نەمدیبو لە ماڵێك بوو هاتە دەرەوەو بەیەك جاری و لەوێوە هاتەدەرەوە لەهەڵەبجە وە .

پێش ئەوەی بگە ین ئێمە کە نزیکەی 100 پێشمەرگە بووین کابرایە کی چەکداری دیموکراتیش بە تاقی تەنها ڕێگای نوشەی گرتبوو ناوی ( تۆفە رەش ) بوو دیموکراتی ئێرانیش دەیانووت : نابێت ئێوە لێرەوە بڕۆن – نارنجۆکی ئەندازی پێ بوو ... ئێمەش قسەمان لەگەڵ دەکرد ... محمودی حاجی فەرەج لە دواوە ملی گرت و چەکەکەی لێ سەندو دوای تێمان گەیاند و چەکەکەمان دایەوە ...

ئەو گوندانەی هەجیج شوێنەکەیان بە کۆڵ پەیدایان دەکردوو زۆری شت وەکو جل و بەرگ و پێڵاو کاسەو کەوچك و بنێشت و دەرزی و زۆر شتی کە ش هەمووی خۆیان دروستی دەکەن , خەڵکێکی بێ وەی و بێ زیان و موسوڵمان وهەژارن ... زیانیان بۆ کەس نیە . بەشێکن لەهەورامی .

ئەو شەوە لە ( هەجیج ) بووین لەسەربانێکی بەرز کە خانوەکانیان لە وشکە کەڵەك بوو ... بەرزو لەسەر لێواری چیاکە دروست کراوە و خانوی جوان و لەناوەوە زۆر پاك و خاوێن و لەسەربانیش جێگایان داخست و منیان دەناسی کە هاتو چۆیان کردبووین پێشم ووتن : ئێمە لەئێوە زیاتر دەگەڕێین ... چونکە هەجیجی بە کۆڵ دەچوون بۆ بەغدا وموصل و زۆر جێگای کەی خوارووی عێراق .

داوایان کرد لە ماڵەکانەوە نانیان بۆ هێناین و هەر ماڵێك لە نان و دوو گۆشت و دۆینە و برنج وساوەر و نان و پیازو لەهەموو جۆرێك شتیان هێنابوو ... پێشمەرگەش ئەمەیان لاسەیر بوو کە هەریەکە لەپە گۆشتێك و نانێك و دوو پیاز کەئەمەش ناخۆش نەبوو ... دوای چوینە کانی میوو دوایی چووینە سەر سیروان و پەڕینەوە لەسەر پردێك لە دووتەڵ مێوو بوو ... چووینە گوندی داریان و ئاوەکەشی سارد بوو ... لە داریان چووینە وەران و لە دوو ئاوی پاوەوە گەڕاینەوە نووسوود و شۆشمێ سەروو .

ڕۆژی 2 / 7 / 1979 ش کە چووینە نووسودوو بۆ بلە بزان کە بارەگای حزبی شیوعی عێراقی لەوێ بوون , کاك مەلا علی عبداللهی مەلا فەرەج بەرپرسیان بوو ... کاك ناصر الدین هەورامی و زۆریکەش لەوێ بوون لەناو خاکی ئێران بوو بارەگایان ... ئەو ڕۆژەش قسەمان کرد دەربارەی وەزعی کوردستان و جموجۆڵی قیادە موەقەتە .

ئەو کاتەش کاك مەلابەختیار لەگەڵ دەستەکەی خۆیدا ڕۆیشت بۆلای قەسری شیرین و لای محمود قەچەر لە کاتی ئاشبەتاڵەکەدا پێکەوە چەکیان شاردبووەوە لەوناو چەیەدا بەو نیازەی دەری بهێنن کە سەرجەمیان ڕزا بوون چەکەکان ... ئەودەمەی دەریان هێنابوو ... شەوی 2 – 3 /7 /1979 چووم بۆ نەوسوودوو شۆشمێ و پاشان بۆ هانە گرماڵە و دزاوەرو لە ڕۆژی 4 / 7 /1979 لەئاوی سەری لای تەوێڵە و خەڵکی زۆر کۆبووبووەوە ... کاك عبدالخابق هەورامی کۆی کردبووو وەو منیش چووم و کۆبوونەوەم پێ کردن و قسەم بۆکردن و لەوێش

کادرەکـانی کۆمەڵـە دەیـان ووت : ئێمـەش قسـەدەکەین ئـەمیان بەخۆیانـەوە نـەدیبوو , لـە تەوێڵـەوە ئـەو هـەموو خەڵکە هاتبوون , عەلی عارف جەوی و هەندێ پێشمەر گەش لەوێ بوون وتیان کادرەکانی کۆمەڵە چەك و سجن بکەین منیش بەمەڕازی نەبووم و وتم : ئەمانە عەقڵیان هەرزەکارانەیە ووایان فێرکردوون پاش قسەکردنی من با ئـەویش قسـەبکات ئـەم کـادرەش نـاوی فـرج بـوو خـۆی ناوونـابوو سـامان کـەکادرێکی کۆمەڵـە بـوو , ئێمـەش لەپاشاندا گەڕاینەوە شوشمیێ ەمفرەزەی کەر تی ( 1 ی هەرێمی 1 ) چووە ناوشاری هەڵەبجە لـە شـەوی 4 – 5 / 7 / 1979 لە مونەزەمەی هەڵەبجەیان دابوو ئەوەی تێبینی و خاڵ لەسەر غەفور دەرەشیشی تۆمار بکەن , دژی کـاك غـەفور بـوون و پێیـان دەووت پەیوەنـدی بەڕژێمـەوە هەیـە هـەر لەبـەر ئـەوە بـوو لەگـەڵ ئەقڵیـەتی ئەوانـدا نەدەگونجا و ئێمەش هەر بۆ ڕۆژی دواتر 5 / 7 / 1979 هەموو کەرتەکانی هەورامانمان بەستەوە بەهەرێمی یەك واتـا و تـا ئـەو کاتـەش هەنـدێکی سـەربەخۆیان هـەبوو ... مـەلا ئیبراهیمیـان کـرد بـە فەرمانـدەی کـەرت ... کـاك محمود اجی فرج کرا بە ئامر مـەفرەزە و کـاك حسن حامیـد , ئـەوکاتیش کـاك حامیـد لـەوێ بـوو ... کـاك حامیـد وکاك صلاح چاوشین و ئەنوەر حەسەن کاك دانای ئەحمەد مجیدو شەماڵ و چەند کادرێکی کـەش داوایـان لێکـرا کە بچن بۆ بەشداری خولی کادری لە لوبنان و سووریا ئەوە بوو چوون .

هـەر لـەڕۆژی 5 / 7 چـووینە چـەمی تەوێڵـە لـە نێـوان تەوێڵـەو هـاوار و چـەمی ئەشـكەوڵ نێـوان هـاوارو هەڵەبجـە دا سـەرکەوتین ڕێگـاش درێـژو نـاخۆش بـوو ... پێشـمەرگەش لـە هـەموو کاتێـك شـەوان دەچـوون بـۆ عەبابەیلـە , بـەڵام ئـەوجارەیان مـن پـێم وتـن بابـە ڕۆژ بچین ... هێشـتا ئێـوارە بـوو ئێمـە چـووینە نـاو عەبابەیلـە وخـەڵکی گوندەکـەش ئەمـەیان زۆر لا سـەیر بـوو ... ئێمـەش داوامـان لەخـەڵکی گوندەکـە کـرد کـە کۆببنـەوە لـە مزگـەوتی عەبابەیلـە بەمەبەسـتی کۆبوونـەوە حەراسیتـشمان بـۆ دەورو بـەری گوندەکـە دەکـرد ... ئیتر خـەڵکی گوندەکـە بـەزۆری لەمزگەوتەکـەبوون و منـیش نزیکـەی دوو سـەعات قسـەم بـۆ کـردن لەسـەر وەزعـی سیاسـی کوردسـتان و ناوچـەکەو پەیوەنـدی نێـوان پیچشمەرگەو جـەماوەر و هاوکـاری کردنـی هـەردوولا بـۆ پتـەوکردنی ڕیزەکانی پێشمەرگە , خەڵکی گوندەکـەش بەترسـەوە بەشێکیان هەندێ پرسیاریان کـردو وەڵامـمان دانـەوە ... ئەوەش بۆیەکەمجار بوو کە کۆبوونەوەیەك بەو قەبارەیە بەخەڵکی عەبابەیلـە بکرێ وبـە تایبـەتی ئـەو گونـده 2 – 3کیلۆمەتر لەناوەندی شاری هەڵەبجەدا دوور بـوو , هـەروەها سـەروی ئێمـەش ڕەبایـە بـوو ... گونـدی عەبابەیلـە گەورەیەو کوتۆتە ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە , یەکێ لە ئیمامەکان بەناوی ( أبـو عبیـد بـن جـراح ) لـەوێ کـوژراوە و هـەر بەناوی ئەوەوە کورد ناویان بناوە عەبابەیلە ... لەم دێیەدا شێخ و مسکێن یا شێخان وایـان پـێ دەڵـێن : یـا ئاغـا یابـەگ ئەمانـەی لـەخۆ گرتـووە ... شـێخەکان خـاوەن موڵـك بـوون , بـاخی بـەری میـوەو تـووتن و گـەنم و شـتی کەشـی لێ دەکرێـت ... دارو ڕەزوو گـەلێك شـتی کەشـی لێ دەڕوێـت و ئـاودارە ... دەڕوانـێ بەسـەر هەڵەبجـەو جێگایـەکی خۆشـە خـەڵکی ناسـراوی ئـەو کاتـەیان شـێخ کـەمال شـێخ ڕەشـید ریـش سـپی گونـدی عەبابەیلـە و شێخەکانی تاویرەو دەو دووری بو ون , شێخ کـەمال پیـاوێکی بـاش و هەمیشە هـەوڵی ئاشـتی دەداو دەسـتێکی

بالآی هەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەی عەشایەری لە ناوچەکەدا و ...... لە نێوان شێخ و بەگزادەکانی هەڵەبجەدا هەبوو جار جار , بەلاّم شێخ کەمال زۆر لەوکێشانەی چارەسەر کردبوو خزمایەتیشیان دروست کردبوو , من لە دوای کارەساتی هەکاری نامەی مام جەلال م بۆ شێخ کەمال هێنابوو کە لە سنووری خۆیان هاوکاری برادەرانمان بکات , بەلاّم ئەو برادەرانەمان کادرەکان زۆربەیان خەڵکی عەبابەیلە بوون لەوانە ( مامۆستا پشکۆ ) و مامۆستا ( محمد حەمە سعید ) جگە لەوەش کۆمەڵێك لە کادیرەکان ئامۆزای یا خزمی نزیك شێخ کەمال بوون و دژی شێخ کەمال بوون و خەڵکیان لێ هان ئەداو نەدەچوونە ماڵی گوایە ئەگەر دژی سەرمایە داربن کۆمەڵەیەکی باشن و خەڵکیان لێ کۆدەبێتەوە . شێخ کەمالیش کە هەر کەسێ هاتبێتە ئەو گوندە دەچوونە ماڵی ئەو وەداوای هەرچیان کردووە بۆ هاوکاری کردنی شۆڕش کاك شێخ کەمال کردوویەتی وە پێی ناخۆش بوو کە خزمەکانی خۆی مەسئولن ناچنە ماڵی , هەر لەسەر ئەوەش دژی غەفور دەرەشیشی بوون دەچووە ماڵی شێخ کەمال ... منیش بە پێچەوانەوە بڕیارم دابوو بچمە ماڵی شێخ کەمال چونکە نفوسی هەبوو وە دەیتوانی خەڵکی ئێمە کە ڕژێم بگرێت هاوکاری بکات , بەلاّم پێش چوونی من خۆی هات بۆ مزگەوت بۆ کۆبوونەوەو بەکاك غەفور دەرەشیشی ووتبوو : با لەماڵی ئێمە بن ئێوارە ... ئێمەش چووینەوە ماڵی شێخ کەمال و باسی ئەوەی کرد کە مامۆستا پشکۆ ئامۆزایەتی و دژیەتی لەبەر ئەوەی شێخە خاوەن موڵکەو ئەویش کۆمەڵەیە وەوە دوایی باسی کردکە نامەکەی مام جەلال ی پێگەیشتووە , بەلاّم خزمەکانی خۆی ڕووی تێناکەن ... من مامۆستا پشکۆم لەگەڵ خۆم برد بۆ ماڵیان و لەوێش دڵخۆشیم دایەوە و پێچم ووت کە ئێوە ناسراوی ناوچەکەن و دەبێت پشتیوانی شۆڕشی کورد بکەن و ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو ... پاشان ئێمە لە 9 / 7 / 1979 چووینە گوندی جلیلە و کۆمان کردنەوە ... لەم گوندەدا موشکیلەی تێدایە , گوندی جەلیلە هەمیشە لەناو یەکدا شەڕیان دەبوو بە زۆری شەڕە بەردیان دەکرد, ئێنەش بەناوی گوندەکەدا ڕۆیشتین غەفوور دەرەشیشی ووتی : رەنگە هەر بەردێك لەو بەردانە سەد جار دابێ لەزەلام و هەر بەردێکیش 5 – 6 جار سەری پێ شکابێت . گوندی جەلیلە لە ساڵەکانی 1963 و 1964 ئابوونەیەن نەئەدا بە شۆڕش و کاك غریبی بابل کادر بوو کاك مەلا لەتیفیش مەسئولی بوو غریب نامەیەك ئەنوسێت بۆ مەلا لە تیف و دەڵێت ...گوندی جەلیلە ئابوونەکە یان نادەن بۆ خاتری گەورەیی خۆت و خۆشەویستی خۆم بەڵکو غەزەبیان بگریت! هەر ئەو ئێوارەیە لە هەڵەبجەوە جلیلە درایە بەر تۆپ و گایەکیان هەبوو نزیکەی 30 – 40 ووڵاخ و مانگاو ئاژەڵی تیا دەکوژرێت .

غریب نامەیەکی بۆ مەلا لەتیف ناردبوو کە ئەڵێت : تۆ خۆشەویستی خۆم و گەورەیی خۆت غەزەبەکەیان لەسەر رابگرەو حەقی ئێمەیان بەسەرەوە نەماوە کاك غریب زۆر ناشرین بوو وە کاك لەتیف گوێی بچووك و چاوی کز . ئەو شەوە ئێمە سەردانی ئەم گوندانەمان کرد عەبابەیلە وجلیلەو عەنەب و پیاویلەو تەپەکوڕەو بەشارەتی سەرو تەپی سەفای خوارو تەپی سەفای سەروو تەپە تۆڵەکەو کشەوەری , ئێمەش لە گوندی کشەوەری ماینەوە , واتە جگە لەو ڕۆژەکەی شەوەکەشی 6 – 7 / 7 / 1979 چووینە گوندی قاجرو سیاوێوەو

... سیامێوە 900 ساڵە گوندەو پێش ئەوەی ئەردەڵانیەکان بڕۆنە گوڵ عەنەبەرو وواتە خوڕماڵی ئێستا سیامێوەو لەو ساڵانەی دوایدا چوندین شوێنەواری کۆن و زێڕو گۆزەو شتی نایابی بەدەگمەنیان دۆزیەوە .

زۆری خەڵکەکەی ماموئی بوون و یا ئەردەڵانی ... ماموئیل لە سنەش هەن و بەشێکی لە ئەردەڵان و هەندێك لە گەرمیان لە گۆڕی ئەسپ هەن , ئەو گۆڕی ئەسپەی کە یەشار کەمال چیرۆکی ( کوێر ئۆغلی ) لەسەرنووسیوە , ماموئی ئافرەتیان زۆری ئەسمەرەو دەم و چاویان مووی هەیە ... زۆرجار هە ست دەکەی سمێڵی یاوەکو کوڕێکە گەنجی تازە دیارە , ئافرەتیان زۆرجار مامەڵە وەکو پیاو دەکات , لە کۆنیشدا ئەوکات زۆر بواریئافرەت یاژن نەبووە واهاتووە لەوانەش ( عادیلە خانمی ) ژنی وەسمان پاشای جاف کە دایکی تاهیر بەگ و ئەحمەد موختار خانم حوکمی بنەماڵەی کردوەو لە ڕوویئیدارەتەوە قایمقامی هەڵەبجە بووە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوکات پێنجوێن و دەربەندیخان دوو ناحیەی سەر بەقەزای هەڵەبجە بوون و مەنسورەی سەنەدنجی یا ئەردەڵانەیی کە شاعیرەیێکی بەتوانا بووە ... گوندێکی گەورە بوو خەڵکێکی باش و خزمەت گوزاری تێدابوو حاجی عبداللە ی حەمە سەعید سیامێوە وەیی کە کوێخا و ڕیش سپی گوندی سیامێوە وە بوو لە دوای چۆڵکردنی گوندەکە یان قبوڵی نەکردوو نەچوو بوو بۆ ئۆردوگا وبوو بە پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیست تا گەیشتە پلەی هەرێم ... ئازاو لێهاتوو شاخەوانێکی بە توانای ئەو ناوچەیە بوو پیاوێکی خزمەت گوزارو ڕۆح سووك و لەش سووك و دڵسۆزی کورد بوو لە ڕۆژی 23 / 3 /1988 بە تۆپ بارانی بارەگاکانمان لە سوورێن لە کاریچکی دڵسۆزانەی نەتەوەییدا شەهید بوو لەگەڵ دووکەس لە هەڤالچەکانییدا لە ئەشکەوتی هەورامی لە سورێن , لە سیامێوەوە چووینە خڕنوك و چەوتان و شەوی 7 – 8 / 7 / 1979 چووینە دۆڵە سوورو و دۆڵە چەوت و هەوارەکانی سەر بەڵخەوە رەزەڵە و دۆستەدەرەو لەوێش ماینەوە لە ڕۆژانی 8 / 7 تا 11 / 7پاشان چووینە گوندی پارەزان و لە ڕۆژی 14 / 7 چووینە گوێزە رەش و دۆڵ پەمو . بۆ 15 / 7 چووینە چنارەو گوێزەکوێر و دۆستە دەرەو شەوی 16 – 17 / 78 لە سەعات 12 ی شەو چووینە رەزەڵە و سەربڵخەو دۆڵە چەوت و دۆڵە سوورو چەوتان و ڕۆژی 17/ 8هاوکات لە 17 ی تەمووزدا چووینە هەوارەکانی چوالەیی چەمەڕەش و کۆلیتان و پێشمەرگەیەك کارێکی خراپی کردبوو ئێمەش گرتمان و چەکمان کردوو دەرمان کرد , شەوی 17 – 18 / 7 چووینە کۆلیتانی سەروو تازەدێ و کوڕی گەڵپەو ئاسناوە , لە سەعات 3 ی سەر لەبەیانی جاش و جێش هاتبوونە ئاسن کوڵێن ... خەبەریان داینێ ئێمەش بۆیان چووین و زۆر ماندوو بووین شەوی رابردووش پشوومان نەدابوو بەئاسن کوڵێندا سەرکەوتین و شەڕدەستی پێکردوو ئەوان وشکان تا ناو پێنجوێن وئێمە تا لای چوارباخ دوایان کەوتین و پارچە یەکی هاوان بەرمن کەوت و دوایی شکاندنی ئەوان گەڕاینەوە ئاسناوە بەلام ئێمە تا پێنجوێن بە دوایان کەوتین , هەر ڕۆژی 19 / 7 دوای شەڕەکە چووینە بایەوە ... لە بایەوە بووین لە ماڵی کاك ئەحمەدە سوور بووین لە 20 / 7 /1979 چووینە باشماخ و میراوەو بەردە

رشەش و تا 21 / 7 لەوناوەماینەوە لە گوندەکانی سەر بەئێران لەو کاتەدا حکومەت نەبوو لەو نا وەو ئێمەش بۆ حەسانەوە دەرچووینە ئەو گوندانە .

لە 22 / 7 چووینە قەڵای مەریوان و ناو شارەکە و گەڕاینەوە ئینجەو کانی سپیلکە وپیرسەفاو سەر ئاوی زێباری مەریوان , ( زرێباری مەریوان ) د ریاچەکەی کە درێژارییەکەی 1 کم و پانیەکەی 5 کم دەبێت ئاوی تی ناڕژێت و ئاویشی لێ ناڕواتو زستان سەردەکەوێت و هاوین دەنیشێتەوە و ئاوەکەی شین و ماسیشی تێدایەو زستانی سارد دەیبەستێ و لە ساڵی 1982 بە ستبووی خەڵکی ناوچەکە بەسەریدا دەڕۆیشتن و لە زۆر جێگاش بە قەدەر 6 مەتر ئەستووری سەهۆڵ دەیبەستێ و دەڵێن هەر کات ڕێوی بەسەریدا ڕۆیشت جێگای چنگی دیار بوو ئەوە هەموو کەس دەتوانێ بەسەریدا تێپەڕ بێت بەڕای منیش جگە لەمە زۆر شتی قورستریش دەتوانێ بەسەریدا بڕوات جارێکیان من خۆم لە ساڵی 1980 , تایەی پێشەوەی ئۆتۆمبێلی ( جێب لاندرۆڤەر ) م خستە سەری و نەشکا زۆر جێگای گەرمەو کونی تێدایەو ئاوەکەش پێمان لێ ئەداو ئاوو دەکەوتە سەر سەهۆڵەکە و کە ئەو گوندانەی بەردەرەشەو کانی سپیلکە ئینیجە و پیر سەفاو دۆڵاشی قانع و نێ و لە ژێری و کانی ساینای مەحمود خان و کاڵی سەرو و کاڵی خواروو نەژنارو نەژمار و دەرزیان و ئەوانە پێی دەڵێن بەری بەگزادە زەوی دەشتی مەریوان بەپیت و بەرەکەتە و کشتوکاڵ و سەوزی گەنم و لاغداری و قاچاغچیەتی دەکەن و مەحمود کانی خانی یانا یەکێك بووە لەو پیاوە دەسەلات دارەکان و نیشتمان پەروە ریش بووە و هاوکاری شێخ مەحمودی کردووە و لە ماتی شەڕیشدا یاخود کاروباری عەشایەری دەهۆڵیان لێ داوە تا دەنگی دەهۆڵ دەڕۆیشتووە مەحمود خانی کانی سانا بووەو خەڵکی بەچەکەو حازر بووە و دەنگەکە یان ناسیوە .

زانیویانە مەحمود خان داوای چەکدار ۆدەکات . من شەوی 21 – 22 /7/ 1979 لە ماڵی مەلا ئەحمەد بوم کە پێشتر مەلای مانگی ڕەمەزانی خۆمان بوو خەڵکی هەزار کانی بوو لە نێوان مەریوان و پایگێلان و پاشان مۆڵەتی مەلایی وەرگرت و بوو بە مەلای گردەنازی ... ڕۆژی 22 / 7 /1979 چووینە دەرەتفێ کە ئەویش هەر بەری بەگزادەیە بۆ کانی سانان و هێزەکەمان لە نزیکی 300 پێشمەرگە بوو لە 27 / 7 / 1979 لە کانی ئاسکان و کاڵی خواروو یارمەتی خەڵکمان داو دەرەومان دەکرد ئێمەش درەوی گەنم و نۆکمان بۆ کردن بۆ ئەوەی بزانن پێشمەرگە هاوکاری خەڵك دەکات و بە شتێکی سەیرمان نەزانی من خۆم درەو م دەکرد لە 27 / 7 پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو بەناوی ( عەلی خڕە ) لە پشتی مەریوانەوە لە کەرتی 11 ی هەرێمی یەك جێگری فەرماندەی مەفرەزە بوو تەرمەکەمان نارده وە بۆ سەریاس و چووینە دەرزباز ئەوکات کانی دینار یەك ماڵی لێ بوو , جوجە سازیش یەك دەواجنی لێ بوو بەلام ماڵی لێ نەبوو , لە 30 / 7 چووینە سێفی خواروو سێفی سەروو , لەمەری وان و لە ماڵی کاك شێزخ لەتیف شێخ سەلارم بووین برای کاك فاتیح ... لە 31 / 7 /1979 چووینە گاگل 6 ی ڕەمەزان بوو منیش بەڕۆژوو بوون لە نیوان نێو لەژێرە خەڵکی سنە بۆ ڕێپێوان هاتبوون , نزیکەی دوو تاسێ هەزار کەس دەبوون بەپێی هاتبوون , من یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانم لەسێفی خوارو بەسەر برد , هەر بۆیە هێزەکەمان بردو ئەو خەڵکەش بینیان و دەیان ووت : ئەم هێزە ئەتوانێت کوردستان بگرێت , مەبەست نەبوو کوردستان یان کوردستان پێی دەڵێن لە دۆڵاشی وێرانکراوی کۆنی قانیع ئەو جەماوەرەمان بینی و ئەو ڕۆژەش کاك ( ناصری ڕەزازی ) و ( مەرزیە خانمی خێانەکەی ) جلی کوردی پیاوانی لەبەر کردبوو بینیمانن و دوایش لە

نی چووینە ماڵی کاک کەریم ئەحمەد علی بەربانگمان کردوو کاک کەریم لە پاشاندا شەهید بوو , شەویش چووینە شاری مەریوان و لە 1 / 8 /1979 چووینە بناوە چلەو خانمە شێخان و میراواو کارێزو چووینە لای ئاوارەکانی مەریوان لای میراواو شەوی 3 – 4 / 8 / 1979 چووینە بایوەو مڕانەو کۆبوونەوەمان کردوو لە بایوە کاک مەلا بەختیار هەندێ قسەی کردبوو کە لەپاشان بۆیان باس کردم لەسەر حەمە شیرە مەڕی ئەگەر منیش رازی نەبم ئەو بهەر تەجمیدی بکات ئەو ماوەیەش کاک مەلا بەختیار هەر هانی کادرەکانی ئەدا دژی من بوەستن گوایە هەندێ خەڵکی خۆیان دانێن و لە بەرپرسەکانی پێش‌وەرگە ئەوانەی دەوری منیش کەم بکرێتەوە .

لەسەر قسەکانم وتم : ئەمڕۆ مەلا بەختیار چەك دەکەم و سجنی دەکەم پێشمەرگەیەیکی کاک رەووف خۆی بەکۆمەڵە دەزانی لای من هەواڵەکەی بردبوو بۆ کاک رەووف و ب مەلابەختیار , مەلا بەختیاریش لە باشماخ بوو چووبوو بۆلای کاک رەووف ... کاک رەووف نامەی بۆمن ناردووە منیش لەماڵی کاک تاهیر بووم لە بایوە حەمە شیرەمەڕی و ئەوانیش چەکەکانیانم دایەوەو کەبڕیار وابوو چەکیان بکەم و وامن چەکیان ئەدەمێ کەسیش لێیان وەربگرێ کاک مەلا بەختیاریش ترسابوو لەوەی من بچمە سەریان کاک رەووف دوو نامەی بەدوای یەکدا ناردوو ووتی : دێینە لای تۆ لەگەڵ کاک مەلا بەختیار , منیش حەزم نەدەکرد بێن لەسەر قسەکانی کە کردبووی , بەڵام کاک رەووف ناچاری کردم و قەبوڵی بکەم , کاک مەلا بەختیار بێتە لامان و شەو درەنگ هات و وتی من شتی وام نەوتووە ئەگەر پێت ناخۆشە هەر ئەمشەو ئێرە چۆڵ دەکەم دەگەڕێمەوە کاک مەلابەختیار ئەوەشی پێ ناخۆش بوو کەمن خەڵکی ناوچەکەم و بەرپرسی هەموو هێزەکان و هەرێمی یەك بەڵکو بەبەرپرسی هەرێمی سێشیان دەزانیم و هەروەها هەرێمی چوار هەموو هێزەکان ... کاک سالار هۆڵە سمتی خەبەرەکەی بۆ کاک رەووف بردبوو کە سالار ئێستا لە سەید صادقە , کاک مەلا بەختیاریش هاواری بۆ سکاك رەووف بردبوو , کاتێك من لەهەکاری بووم و هاتمەوە کاک مەلابەختیار جگە لەدەستەکەی خۆی هەر کاک رەووف خەلیفە سعید و هێزەکەی ئەوی لەگەڵ مابوو .. من گەرامەوە کاک شەوکەت گلەیی لە کاک رەووف کرد ووتی ئەگەر ئەو نەبوایە پشتیوانی لە مەلا بەختیار کردووە من مەلا بەختیارم دەردەکرد لەم ناوچەیە .

ڕۆژی 5 / 8 /1979 لە مڕانە کۆبوو نەوەمان کرد و 3 پێشمەرگەمان سجن وچەك کردوە پێمان وتن بڕۆن بۆ سەرکردایەتی و کاک حەمە شیرەمە ڕی فەرمانلادەی کەرت بوو مامۆستا شاهۆمان هێنا موەقەت لە جێگاکەی دامان نا , حمە شیرە مەڕی تەجمید کراو بۆ ماوەی 3 مانگ و بەڵام ئەویش تەحەمولی نەکرد و چوو بوو بە قیادە موەقەتە لە دزڵی و لەوێش گرتبوویان باوەڕڤیان پێ نەکردبوو , زۆر شتی لە دژی قیادە موەقەتە کردبوو پێش تر ... وایان زانیبوو من ناردومە , لەگەڵ منیشدا بوو بەڵام کۆمەڵە هەرپێیان خۆش بوو هەر لە کۆڵیان بێتەوە و لای من نەمێنێ و کاک عمری قاینجەیی ( عومەر حەمە ئەمین ) جێگری فەرماندەی کەرت بوو زۆریش بەتوانا بوو لە کەرتی حەمە شیرەمەڕیدا ...کاک رەووف خەلیفە سەعید لە ڕۆژی 5 / 8 / 1979 بوو بە جێ‌وگری فەرماندەیی هەرێمی یەك , هەرێمە یەکیش گەورەترین هەرێم بوو پانتاییەکەی لە ئاسناوە بۆ رەزەڵە و مۆرياس و بۆ عەربەت و بۆلای تەوێڵە و جادەی قەرەداغ – دەربەندی خان و سلیمانی – دەربەندیخان و , تا

**بەمۆ ئەمانە هەمووی سنووری دەسەڵاتی هەرێمی ( 1 ) بوو ... ( 350 ) پێشمەرگەی هەبوو , برادەرانی کۆمەڵە بەغیلیان لێ ئەهات و دەیانویشست هەمووی بە گوێی ئەوان بکەن ... ئەوکاتیش کاک ئەبو شەهاب بەر پرسی لق بوو کاک ئاسۆی شێخ نووری رابەری سیاسی هەرێمەکەی من بوو .**

**کاک شاهۆ دوای حەمە شیرەمەڕی لەسەر داوای کاک مەلا بەختیار بە موەقەت لە جێگای حەمە شیرەمەڕی دانرابوو , ئەوان بەتەمای ئەوە بوون کەرتەکە داگیر بکەن و منیش هەر موەقەت دامنابوو , چوو بۆ سەرکردایەتی بەرەو زەردەشت سجنەکانیشی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ سەرکردایەتی , بەڵام لەسەرکردایەتی لە دژی بڕیارەکانی ئێمەچەکیان دابوو پێیان , ئەوانەی کە ئێمە چەکمان کردبوون بە مەسئولیاتەوە ناردبوویانەوە لەوانە خالید خوولە سوورو چەند کەسێکی کەش .**

**شەوی 5 – 6 /8 /1979 مەفرەزەیەکمان چووە ناو شاری پێنجوێن و بە ئار . بی . جی و هەموو چەکێ دایان لە بارەگای ئەمنی پێنجوێن و زیانیان بە بارەگاکەی گەیاندبوو دوو پێشمەرگەش لەوێ بریندار بوون , لە ڕۆژی 6 / 8 / 1979 چووینە کوری گەڵپەو کۆلیتانی سەرو لە ماڵی کوێخا قادر بووین و لە 7 / 8 /1979 چووینە چەوتان و دوایی چووینە دۆڵە سورو دۆڵە چەوت و هەوارەکانی سەربڵخەو رەزەڵە دۆستەدەرە .**

**لە ڕۆژی 9 / 8 /1979 چووینە پارەزان و ( ئامین ) ی خوشکم و کۆمەڵێك هاتبوون بۆ لامان – شەوی 20 – 21/8 /1979 لەبانەوە هەواڵیان ناردبوو کە کاک محەمەد نگرەی شەهید بوە لەلای ئاغاکانی دیوان دەرەوە کاک تاهیر حاجی عەزیز و هێزێکمان نارد بەمەبەستی هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ عێراق , خێزانەکەی هەر لە پارەزان بوو لە 21 / 8 /1979 خێزا نەکەیمان ڕەوانەی شارەزوور کردەوەو لە 22 / 8 چووینە گوندی قەڵاتی و هەوارەکانی بەرامبەر شەخەڵ مارین و ڕۆژی 23 / 8 کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جەژنی رەمەزان , ئەو ڕۆژە تەرمەکەی گەیشتەوە لای ئێمە ولە گوندی بایانە یا بادانە تەسلیمی خەڵکی شارەزوورمان کرد , کەهاتبوون بۆی و بەشێوەیەکی باش بردیانەوە و جەماعەتەکەشمان دڵخۆشی جایەوەو هێنامانەوە پارەزان , لە 26 / 8 /1979 لە دووستەدەرە بووین ( 4 ) فڕۆکە هاتە سەرمان لە گوندەکە هەر لەو ڕۆژەشدا جێش و فڕۆکە هاتبوو هەروەك من پێم زانی بوو هاتبوونە لای گوێزە رەش و پارەزان لەوێ تووشی کاک شەوکەتی حاجی مشیرو کاک نەوشیروان بوو بوون , لەمزگەوتی ئەو گوندە دەوریان گیرابوو بەیانی زوو بوو لەخەودا کاک شیروان حەرەس بوو , کاک شیروانیش ئەوانەی دیبوو ... واتا جەیشەکەی دیبوو گەڕابووەوە وتبووی بەڵام کەس نەجوڵابوو ... تاك و لێڵ بوو ... وتبووی داڵك حیزینا وەرتان گیراوە راکەن ... هەریەکە بە پەشۆکاوی و مەخزەن و تاقم و هەندێك تفەنگی بەجێ مابوو واتا جەیش زۆر نزیك ببووە لەمزگەوتەکە و لە چەند مەترێك بوو**

**بەتەقە (( 3)) پێشمەرگە شەهید بوو لە شەهیدەکان عومەر خەڵکی قاینجە بوو . هەروەها ئەحمەد شیرەمەڕیش کە دەستی شکابوو ئیجازە بوو تا چاك بێتەوە.تووشی هێزەکەی کاک شەوکەت و ئەوان بوو ئەو شەوە لەگەڵیان بوو شەهید بوو لەسەر میلاکی ئێمە بوو کاک شەوکەت خۆی بە پەلە پروزە دەرچووبوو جل و شتەکانی بە**

باوەشەوە بوو بردبووی و دەستی گیرابوو لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکردبوو.هێشتا شەڕ بوو لە 1979/8/26 ئێمەش چووین بە هانایانەوە بۆ گوێزە ڕەش لە نێوان پاڕەزان و چنارەدا سەیارەکەمان لە جادەکەوە کەوتە خوارەوە خەریك بوو هەموومان تیابچین دوای ئەوەی جەنازەکان کۆکرانەوە ئێمە گەڕاینەوە بۆ دۆستە دەرە بۆ ماڵی خۆمان چونکە ماڵێکمان لە دۆسە دەرە بوو وە ماڵێکمان لە پارەزان بوو ..چووینەوە بۆ دۆڵە چەوت چەوتان لەگەڵ کاك ڕەووف و کاك تاهیری حاجی عەویو و کاك دلێرجاف (حەمە ساڵح قەلاتەوزانی ) لە 1979/8/29 لە سیامێوە بووین لەسەعەت چواری سەر لەبەیانی جەیش هاتە سەرمان و پێشمەرگەی کەرتی چوار کە شەهید عوسمان کاکە ڕەش بەرپرسیاریان بوو تووشی شەڕ بوون کەمینیان بۆ دانابوون لە هەردوولاوە لەدوای شەڕێك ئەوانەی ئێمە بەرەو پشتی ماڵەکانی سیامێوە گەڕابوونەوە, ئێمەش چووینە پشتەوەو شەڕ بوو تا سەعات چواری دوای نیوەڕۆ هەندێك شتی قاچاخچیان تالان کردوو جەیشو هەلیکۆپتەریش زۆر بوون گەڕانەوە و ئێمەش هاتینەوە گوندی سیامێوە لە 8/30 دا لە ماڵەکانی بۆریدەر نانی نیوەڕۆمان خوارد ، ئێوارەکەی ڕۆشتینە خڕنوك لەو کاتەدا تەنها ئێمە شەڕمان دەکرد هیچ مەفرەزەو کەرت و هێزێك ئەگەر تووشی نەبوایە خۆی لە قەرەی شەڕ نەئەدا هەر ئەوەش بوو ئێمە دۆست و دوژمن حسابێکی تایبەتی بۆ دەکردین و ئەو جوڵەیەی لە هێزەکەدا هەبوو خەڵکی ڕووی تێدەکردین .چووینە چەوتان و کەوتان و خڕنوك و سیامێوەو ..ڕۆژی 9/2 چووینە کانی ئاسکانی بناری سوورین لەوێ وە چووینە دەرەگولان ..زشەوی 3/2 /1979 چووینە گوڵەخانە و گێڵەك و کونکونی و گردی قازی و تەپە ڕێزینە و چەمەکەی خوار تەپە سەرقوڵە دوو کیلۆمەتر لە جادەی گشتی سەیدسادق–هەڵبجە– خورماڵەوە دوورەو جەنگەڵ بوو خەڵکی ئەو ناوە هەمووی باش هاوکارو خزمەت گوزار بوو ...لە 1979/9/3 چووینە کشەدەری قاجرو گردی شەریف و دۆلاش و ناوگردان ..زهەر بەڕۆژ بوو نانی ئێوارەمان لە پرشکە خوارد پیرشکە گوندێکی شارەزوور بوو ئەوەش خۆیان بە کۆمەڵە دەزانی و خزمایەتی کاك نەوشیروان کاری تێکردبوون و دژی ئێمە بوون جگە لە دوو کەسیان وەکو برادەر کاك نوری حاجی فتاح و کاك عوسمان و کاك حەمە ڕەشید سلیم دۆستی ئێمە بوو بە تەنها لەو گوندەدا ،بێرشکە سێ کیلۆمەتر لە سەید سادقەوە دوور بوو بەلام ئەرکی زۆرمان بەسەریانەوە هەبوو ونکە لەسەر ڕێگاکەمان بوون چووینە کەڵتەکەو چووینە قەڵبەزەو گەلاڵیەکان ،گەلاڵیەکانیش ئەو گوندانە بوون..( قەڵبەزەو خروەیسی خەڵکی فەقیرو بێ زەرەر بوون ..گوندی دەق و کانی مرواری پیاوێکی باشیان هەبوو ناوی حاجی محمود بوو کانی کەوەی کۆن و مالوانی سەروو خواروو) ئەوانە لەناو گەلالی بوون و لە تیرەی پشدەرین ..گەلاڵیش لە ڕووی زمانییەوە شێوەیەکی تایبەتیان هەبوو بۆ خۆیان بە ڕاڕا قسەدەکەن گەلالی لە ئەسڵدا جاف یەجافیان نازانێ هەر کات شەڕی لەگەڵ تیرەیەکی جاف کردبێت هموو جاف هاتوونەتە سەریان ،گەلالی بەگزادەو وورده بەگزادەیان هەیە ،حاجی محمود عزیز کاکل و ماڵی ئەحمەد ڕەشید ئاغا لەوانەن حاجی محمود بەگ زادە یان پێد ەگووت ..گەلالی ش لە کۆندا بە دزی باسیان دەکراو بەناوبانگ بوون ئەو عەشیرەتە ئەگەر چی عەشیرەتێکی ئازا و لێهاتوون لە شۆڕشی نوێدا شەهیدیان زۆرە و زۆریش هاوکاری منیان کردووە لە هەموو شەڕەکان دا هەتا ژن و پیاوانی بەتەمەن لەشەوی 1982/4/20 دا (17 )دەرەجەدار سەربازمان گرت ئێمە لەو شەڕەدا شەهیدان عەزیزی حاجی فرج میر مامیو ابراهیم حاجی عبدالله ی گوڵەخانە و عەلی خاڵی جۆیی و حەسەن حسین جاف دەربەندیخانی حسین عەلی قارەمانی شەهید بوون جگە لەوەی (16 )بریندارمان هەبوو .زشەوی پێشووی ڕبایەی نێوان سەیدسادق و سەراو لە لای خانەقەویلە گیرابوو هەر لەو کاتەدا بوو هێزێکی یەکێتی چووە سەر هێزی پارتی لەدەرە میانەو یادانەو ئارووزەرو هەرێمی سێس سۆسیالیست .زمن پێشتر ناردبووم خۆیان

تووشی شەڕ نەکەن و لە گەڵ پارتی نەبن و بگەڕێنەوە ،وا دیار بوو کاك عوسمان قادر منەوەر لە ژێر کاریگەری کاك عبدالله ئاغاو پارتیدا هێزەکەی ئێمەی تێکەڵ بە پارتی کردبوو لە شەڕەکەش ئێمە زیانمان زۆر بوو پێش ئەوەش وەستا عومەرو فەرەیدون شەهید بوون و شەڕەکەش عومەری حەلاو و شێخ عیسا و کەمالی حاجی ابراهیم و یانزە پێشمەرگەی باشمان شەهید بوون حەسەن حەمە نوقڵەش بە بریندارى ڕۆشتەوە گوندی هەسنە گوند ،مستەفا چاو ڕەش و جەمالی حەمەی خواکەرەم بە بریندارى شەهیدیان کردبوو.

هێزەکەی کاك عوسمان وەکو هێزەکەی پارتی شکابوون لە شلێرەوە بۆ مەیروان ڕۆیشتوون و لە کانی خەیارانەوە هاتنەوە ،واتە ئێمە شەڕی عێراقمان دەکرد و حکومەتیش شەڕی ئێمەیان دەکرد و لەو کاتەدا کاك حەمەی فەرەج نامەیەکی بۆ ئێمە نووسیبوو بە نیازی خۆی من نەچم بۆ شاربازێر/بەڵام من دەمویست لە جیاتی ئەوە شەڕی ڕژێم بکەن ،کاك حەمە فەرەج لە نامەکەیدا دەڵێت یەکێتی باشەو لەو بارەیەوە منیش وەلامم دایەوە کە کاك حەمە تۆ ئێستا سەرقاڵی کارەکانی مقاوەلاتی خۆتی و یەشتا پارەت ماوە وەری بگریت..منیش ئەوە چەند ساڵە لەدەرەوە بووم من یەکێتی باش دەناسم تا تۆ...بەو شێوەیە لەنامەکەی کاك نەوشیروان بۆ سەید کەریم دەردەکەوێت کە لەڕێگای کاك حەمەی فەرەج ەوە چۆن پلان دانراوە بۆ من.

هەر لەهەمان نامەشدا دەردەکەوێت و کاك نەوشیروان گلەیی لە مەسئولینی سنووير سلێمانی دەکات کەناوێرن بچنە سەر(حەمەی حاجی محمود ) و لەناوی بەرن ، لێی دەترسن .شەوی 1979/9/3/2 کاك سالار جاف لەگەرمیانەوە گەڕابووەوە لەیەك گۆڕاین و تەقەمان لەیەکتر کرد و تا لەیەك ئاشکرابووین،لەماڵ ی قازی بووین هەر ئەو شەوەش چووینە بێسلمینو جەردناسنەو لە دەیاچەکەی دەربەندیخان پەڕینەوە و چوویەن (نێرگزە جاڕ)ئەگەر چی بارکرابوون و کۆنە گود بوو.ڕۆژی 1979/9/3 چووینەوە جەدناسنەو کانی بەردینە و قەڵبەزەو ئالان و حاسەو بۆ پرسەی شەهید محمد نگرەیی ..گەڕایینەوە تووە قوت بۆ ماڵی حاجی ئەحەم حاجی عەلی تووە قووت لەڕۆژی 1979/9/4 لە غولامیا کۆن بوو (( غولامی لمە )) نیوەڕۆش چووینە ((ئیمامی زامن)) و بە هەشت سەیارە چووینە کانی شێخ و خەڵکی گوندەکەمان کۆکردەوە و قسەمان بۆ کردن و لەوێوە بۆ گردەگاگر و دوانزە ئیمام نزیکی سیروان لە شەوی 9/5/4 چووینە کوڵکنی حاجی محمدی سوور لەویَ نانی نیوەڕۆمان خواردو دواتر چووین بۆ ئاوایی حاجی محمد ئەمین شیرەمەڕ.زلەشەوی 1979/9/6/5 چووینە گێڵەك و گردی قازی ئەو جێگایانەی کە باسمان کردن و ئەمەش هەروائاسان نییە ..دەیان کیلۆمەتری ڕێگای ناخۆش و دارو چەم و چیا و دەشتایی و چەم باخ و بێستان و مەترسی ڕبایەو کەمین و دەرچوونی جاش و...هتد شەویش چووینە گێڵەك و گردی قازی و تەپە ڕێزینە و قاجەرو دۆڵاش ، لە ڕۆژی 1979/9/6 لە دۆلاش و مەسەکانی حاجی ئەحمەد و لەگرە نازیَ مەسەکانی مامۆستا مەلا عەلی لە مزگەوتی گوندی گردە نازیَ قسەمان بۆ کردن ، لە شەوی 1979/9/8/7 چووینە قولوخرد و بۆ ڕۆژەکەشی لەچەمەکانی دەورپشتی گوندەکە بووین شەویش چووینە قاینجە و شانەدەر و لەوێش کۆمان کردنەوە و قسەمان بۆکردن/ لە 1979/9/9 چووینە کەولۆس و چواله زەردۆیی و دۆڵە چەوت و ڕەزڵە و دۆسەداران.

لە 9/13 چووینە بارەزان و لەو کاتەش دا ماڵەوەمان لەگەڵ بوو لە 1979/9/21 چووینە قەلاتیَ و چنارەی شەخڵمارین کە هەمیشە شەڕان بوو لەم گوندەدا پیاوێك هەبوو ناوی (کاك ئەحمەد ) بوو پێیان دەووت..(ئەحەویتە)چونکە لە گەڵ هەموو گوندەکە قسەی نەدەکرد .خۆیان لە شەڕی لائەدا بەلام سەروچاوی هەمووی شکابوو چاڵ چاڵ بوو ئەوەندە شەڕی کردبوو مەنیَ گەنمی ئەگرت..

لە ڕۆژی 1979/9/22 لە شەخەڵ مارین و هەورازی ناخۆش سورەبان و بووِ چەمپاراو بۆ بلە کی ،کاك عوسمان قادر نمەوەر فەرماندەی هەرێمی سێس سۆسیالیست بوو.کاك بەکری حاجی سەفەر لەوناوە بوو بەگیریان هێنابوو پێشمەرگەیەکی گرتبوو گولەیەکی دەمانچەی پێوەنابوو ئەوانیش هاواریان لێبەرزببۆوەو نەیانوێرا هیچ بکەن هەر چی خۆیان لائەدا عوسمان ئەچوو بۆیان بۆ بانش جگە لەوەی نەیدەهێشت بگەنەوە شاربازێر ..لە پشتی بلەکیٚ لای کۆخی حاجی محمود بارەگای دانابوو،یەکێتی لەو سنوورەدا کاك بەکر مەسئولی بوو ئەگر چی حەجمێکی وایان نەبوو،سۆسیالیست مەفرەزەیان لە شاربازێر و دەوروبەری شاری سلێمانی هەبوو، لە گەڵ پاسۆ ك هەر ڕیٚ کەوتبوون، كك ملازم کەریم (سەرم جێگری هەرێمیسیٚ بوو لە لای کاك عوسمان قادر منەوەر ،من لەبلەکیٚ کاك بکرم بینی ووتی :چی یە ئەو هێزە زۆرەت هێناوە منیش ووتم.ئێوە عوسمان بە گیری هێناون و منیش هاتووم چەکیان بکەم و ڕزگارتان بکەم ..کاك عبدالخاق هەورامی و حاجی عبدالله بەمۆیی و مام عەزیز و مەجمودی مامە عەزە لە بەمۆ ئەوانیشم لە گەڵدا بوو ئەو کاتە مەحمودم کردبوو بە ئامر مەفەزە چونکە تەنزیمی کاك عبدالخالق بوون هاتنە دەرەوە،کاك ئازاد هەورامی و کاك حامیدی حاجی خالید یەکساڵ و سێمانگ بوو نەمدیبوو لە دەستی قیادە موەقەتە بەربووبوون مەلاعارف وئەوانەی لە دزڵی گیرابوون لە ڕۆژی 1979/3/21 گۆڕمانەوە لەگەڵ ئەو برادەرانەی خۆمان..لەویٚ بینیم نو کاك ئازاد ناوی عادل بوو سەرەتای شۆڕش هاتە گوندی دەردەگولان،کاك عادل بچوك بوو هەم بەتەمەن هەم بەلەش و لار کەس بە مەسئولی نەدەزانی .کە وتبوویان مەسئولێك هاتووە، مامە ڕەشە لە دەرە گولان تا بڵێی پیاوێکی خۆش بوو لای .زبۆ ئەو ڕۆژەش کەس نۆرە گای نەکردبوو لەدەرە گولان گاوان نەبوو نۆرە گای پێدەڵێن و هەر ڕۆژەی ماڵێك دەیبات وا دیار بوو چوادە ماڵ و وڵاخیان هەبوو ئێمە لای مزگەوتەکە وەستابووین (مامە ڕەشە )بە دەنگی بەرز بانگی کرد ئەو مەسئولە کە گوایە هاتووە کیٚ یەو لە کویٚ یە ؟ووتیان ئەوەتا ئەو بۆ زەلامێك وەکو کاك علی شیعەی دەڕوانی سەیری کرد زۆر بچوك بوو بیٚ ئەوەی بە خێرهاتنی کاك عادل بکات باڵی کاك عادلی گرت و ووتی کاك عادل یەك و دوو سیٚ و چوار و دە جنێوی دا بە هەموویان ووتی کەس نۆرە گا ناکات یەکی دوو شەقم بۆ تێهەڵدەن،کاك عادلیش نەیدەزانی مەسەلە چی یە و کەس نۆرە گا ناکات چونکە کاك اعدل فەقیر بووبە دەستییەوە ئەهات و ئەڕۆشت لەسەر خۆی بە شێخ عەلی ووت: ئەو پیاوە شێتە .زوتیان نەوەلا ئەوە پیاوی وایەو چاکەو خزمەت گوزارە، کاك عادل هەر نەدەچوو بە گویٚ یدا مامە ڕەشە تفەنگی دابوو بە ئامانەت بە شۆڕش کاك حامید و کاك شێخ عەلی و کاك محمدی حاجی سایر لێیان وەرگرتبو نەیان ئەدایەوە...هاتە لای من ووتی ..لە نیوەی شەودا چوا مانگا لە بەشارەت و دوو مانا لە قاینجەو سیٚ مانگا لە تەپی سەفا دەکوژم..پێم ووت..بۆ جیاوازی هەیە لە کوشتنی مانگاکاندا ..ئەم مانگایانە لە جیاتی تفەنگەکەی خۆی دەکوژێت مەبەستی کاك شەوکەت و کاك محمد حاجی سایر و کاك حامید،ووتی لەبەر ئەوە دەمەو بەیان دەگەڕێمە قاینجە هەر فریای دوو مانگا دەکەوم .زووتم بە چی ،ووتی بە تفەنگەکەم، یەکێك دەکوژمو سەلبی دەکەم و ووتم چۆن سەلبی دەکەیت ووتی لە پێشا دەڵێم بڵیٚ خواو قوئان و مردن و زیندووبوونەوە هیچ نییە ..ئەو کات لە هەڵهاتنی هەتاودا سەلبی دەکەم و دەیکوژم وە ڕقی لە گکاك عوسمانی برازای بوو ئەیووت لە وەختێکدا دەیکوژم نە شەو بیٚ و نە ڕۆژ بیٚ نە بەیانی بیٚ و نە ئێوارە بێت ووتم کاکە ئەوە چ وەختێکە ووتی لە کاتێکدا خۆر نیوەی هەڵدێت بەیانیان وە نیوەی هەڵنەهاتووە ئەو ئەو کاتەیە .من ئەوەم باسکرد بۆ کاك بەکر و کاك ئازاد و ووتیان باشە ئەگەر گیران دوای شەڕەکە چەکەکانیان دابەش بکەین بۆ هەردوو هەرێمەکە واتە هەرێمی یەك و سیٚ،ووتم ..ئێستا ئەگەر دێن بۆ شەڕ باشە

نایەن دوای چەکتان نادەمێ ،دیار بوو ئەوان خۆیان لەقەرەی شەڕ نەئەداو قەناعەتیان نەبوو،ئێمە بە ئاسانی (50) پێشمەرگەی دامەزراو لەسەنگەرد بگرین .

ڕۆژی 1979/9/23 لە سەعات 12 نیوەڕۆ چواردەورمان گرتن و لە هەموو لایەك و پاشان نامەیەم بۆ ناردن بە دەست و خەتی شەهید سالار جاف کە تەسلیم بن لەگەڵ نامەکەیان پێ گەیشت بلاوەیان کردو تەقەمان لێکردن ..لە دوای یەك سەعات شەڕ هەموویانمان گرت(عوسمان) بەتەنها لەبەر دەمی کاك تاهیری حاجی عەزیزەوە دەرچووبوو بە کوڕکوڕە بەدوای کەوتبوون هێندەی نەمابوو ئەحمەد زەردووی لە دواووە بیکوژێ ،من نەمهێشت و ووتم با نەکوژرێو بڕوات،جگە لەوەش پێشمەگەیەکی کەش (د.کۆچەر) کە ئێستاش پێشمەرگەیە لە حیزبی سۆسیالیست ئەویش دەرچوو ، ئیتر هەموویان گیران و ملازم کریم جێگری فەرماندەی هەرێمی سێ بوو گیراو ووتی :من پاسۆکم ،سەیری لیستیشمان کرد تیایدا نووسرابوو جێگری هەرێمی سێ ،ووتمان تۆش مسئولی کۆمەڵێکیش یا مەفرەزەی کاك شێخ داراش لای ئەوان چەك کران و دوایی چەکەکانمان دانەوە،بە کاك شێخ دارا ( 29 )کلاشینکۆف و (دە بار )فیشەك و نارنجۆك و تی ئێن تی بڕێك گولە ئاربی جی تێدابوو،لە هەموویان یەك بریندار هەبوو، لای ئەوان برینداڕەکەش خەڵکی چەمچەماڵ بوو ،کە گیران کاك بەکرو کاك عادل و هەومویان هاتن قسەیان بە گیراوەکان دەووت و ئەیانویست سجنیان بکەن،ئەوانەی کە پێشتر چەکیان پێ بوو نەیانئەوێرا بچنە سەریان دوای ئەوە هاتن لە ئێمە داوای چەکیان دەکرد.زمنیش چەکمنەدانێ و نەهێشتم قسە بەگیراوەکان بڵێن و نەسیحەتیشم کردن،هەموویانم بەرداو ووتم:ئەگەر حەز دەکەن بڕۆنەوە چەك هەڵگرن جارێکی تر ،ئیتر ئەم جارە هەموویان چوونەوە بۆ دۆڵەتوو ،ناوچەکەش تەخت بوو ،بۆ کاك بەکرو دوایی بۆ ئێمە،منیش هەرکەسم بیویستبا بیگرم و چەکی بکەم هەر حیزب و تاقمێك بووایە تا ئەوەی لەناو خۆشمان زۆر بە ئاسانی دەمگرت و چەکم دەکردن.

ئەو کات کۆمەڵەو دیموکرات تەجروبەیان نەبوو شارەزاش نەبوون و دژایەت ییەکترو قسەیان بە یەکتری دەگووت ئەمانیش توند و تۆڵ و تۆکمە نەبوون.زلە ڕۆژی 1979/10/7 لە پیرانە کۆن لەبەامبەر تۆتمان لە گەڵ قیادە موەقەتە (8)سەعات بوو بەشەڕ لای ئێمە سابری دیوانە عەلی گڵدەری فەرماندای مەفرەزە بوو لە کەرتی حەوتی شەهید محمد نگرەیی شەهید بوو جگە لە چوار برینداڕمان هەبوو لەکەرتی یەك و هەشت،لە قیادە موەقەتەش محمد ووردەواڵە خەڵکی شیرە مەڕ بوو کوژرابوو کە من پێم ناخۆش بوو بۆ هەردووکیان لە شەوی 1979/10/8/7 چووینەوە کانی چنارەو کانی سەیفی کۆن لە 10/8 چووینەوە کۆلیتان دوو پێشمەرگەمان برینداربوون(خەلیل و جەمال) جەمالیان چاوی بەرکەوتبوو بە پارچەی نارنجۆکە داس لە کەرتی 10 بوولە هەرێمی یەك ئەو کات هەرێمی یەك (12) کەرت ،لە 1979/10/9 لە سیامێوە بووین و چووینە خڕنوك و لە شەوی 10/9 بۆ چەوتان و دۆڵە سوورو دۆڵە چەوت و بەردە بلەکە لە ڕۆژی 1979/10/10 بۆ ڕەزڵەو گوێزە کوێرو چنارەو پارەزان ئەمانە گەڕاین، لە سەعات 10 پێش نیوەڕۆی 1979/10/20 چووینە چنارەی شەخەڵ مارین لە شەوی 1979/10/21/20 لە چنارەوە بۆ سوورەبان لەو کاتەشدا جاش دەهاتن پەیوەنییان پێوە دەکردیین،لە شەوی 1979/6/8/7 ئەو ناوانەە چەکداری ڕژێم بوون هاتنە لامان لە شانەدەری سەروو دەرچووین بە دەمیانەوە چووینە ماڵی کاك ئەحمەد و ئەوان ،ئەوانەش ئەوە ناوەکانیانە :

1.شێخ خالد شێخ محمود ناسراو بە خالدی خولە سوور .
2.عومەری حەمە سالح مارف پەریوی.
3.قانع ئەحمەد سالح توتاقاچ .

4.والی عەلی ڕەزا خانەقەویلەیی .
5. سابر ئەمین عەلی پەریوەیی .
6.عەلی سەعید شەریف خانەقەویلەیی.
7. خلیل جمیل شریف
8. خالد قادر ئەمین کوڵیتان (کوێخا قادر)
9. شێخ محمود شێخ ئەحمەد (باوکی شێخ خالید )

ئەمانەش هەموویان بە چەکەوە هاتن پەیوەندییان پێوە کردین بەڵام شێخ مەحموود خۆی سەر بە پارتی بوو..شێخ خالدیش خۆی بە کۆمەڵەدەزانی .

لە ڕۆژی 1979/10/21 لە سوورەبانی کۆنەوە چووینە چەم پاراو کە دەیانووت (چەمپاراو )ئەگەر تینوویش بووینایە تونێتیمان دەشکا ،لە پاراو ئاوی تەواوماند خواردەوە .

شەوی 1979/10/22/21 چووینە بلەکێ لە ماڵی کاك محمد ئەمین بووین لەگەڵ کاك سەرداری محمد ئەمین ئاغای بارێ،بلەکێ گووندێکی گەورەی سەربە بانەیە و لەسەر سنوورەو سەرەڕێگی پێشمەرگە بوو هەمیشە.

لە 1979/10/22 چووینە ئارمردەو تاژان و تاژەبان و شەو لە تاژەبان بووین ،گوندی سەر سنووری عێراق ــ ئێران ،لەسەر سنوور لە 1979/10/22 چووینە گوندی خڕجوت لای شیوە کێل لە چاخانەکەدا ماینەوە دوای نیوەڕۆش چووینە سەر چەم بە ئوتومبیل ڕۆیشتین...عەلی شیعەو عوسمان دوا ئەوەی یەك ساڵ و دوو مانگ لە لای قیادە موەقەتە بەربوون و ئازاد کرابوون و لامان بوون ئەو شەوە تا بەیانی لە ماڵ محمد مەلا عەلی بێژوی لە گوندی بێژوو سەر بە سەردەشتە ..لە 1979/10/24 چووینە (ئەسپە نێرە یا ئەسپە نێزە ) دوای بۆ دەرمان ئاواوە قۆخەتاڵ پاشان قەلە ڕەشەو بیروانی خوارو بیروانی سەروو هەروەها کونە مشکەو بنە خەڵەف و لە 10/25 چووینە ووردەو کانی زەرد و نۆکان و ناوزەنگ لەوێش چاومان بە مام جلال و کاك مەلا بەختیار و برادەران کەوت..ئەو کاتیش کاك مەلا بەختیار بەر پرس بوو لە ناو یەکێتی نیشتمانی دا ،چووینە زەڵێ لای کاك ملازم عومەر و کاك سالار و مامۆستا جەعفەر هەروەها چووینە شێنێ لەوێش بووین هەتا 1979/10/26 پاشان چووینە ناوزەنگو بایی (150) دینار شت و مەکمان کڕی بۆ بارەگاکەمان هەر لە ئازووقەو بەتانی و شتی پێویستی بۆ ئەو کاتەش ئەمە زۆر بوو ئەو بڕە پارەیە.

لە ڕۆژی 10/27 چووینەوە (م.س) کۆبوونەوەمان هەبوو لەگەڵ مام جلال ، لە ڕۆژی 1979/10/31 لە گوندی شێنی لە ناوچەی مەنگورایەتی بووین لە پشتی قەلادزە و شەوی جەژن بوو کە ئەم گوند ەیەکەم گوند بوو لە کوردستان دا حکومەتی عێراقی نەیتوانی باری بکات بە هۆی بوونی بارەگاکانی شۆڕش و هیمەتی خەڵکی گوندەکەش...لە 1979/11/1 کاك سوارە ئاغای عەباس ئاغا لە گەڵ 28 پێشمەرگە میوانمان بوون لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 1979/11/2 کە هاوکات بوو لە گەڵ یادی شێخ شەهاب ،پێشمەرگەی یەکێتی لە زەڵێ لە بارەگای لق کۆبوونەوە کە نزیکەی (400) پێشمەرگە دەبوون لەو کۆبونەوەیەدا مام جلال قسەی کرد و کاك فاتح ڕەسوڵ لە حیزبی شیوعی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا لە کۆڕێکی وادا قسەی کرد.. کاك فاتح بە بێ نووسین و هەرخۆی لەوێ بوو قسەکانی زۆری سیاسەتی حیزبی شیوعی نەبوو، لە دژی سۆسیالیست قسەیان دەکرد کە (مفاوەزات بوو ئەو دەمە) کاك دکتۆر محمحود و کاك عدنان سەردانی بەغدایان کردبوو..هەر ڕۆژەش کۆمەڵێکپێشمەرگە دەچووە لای سۆسیالیست لەوانە عەریف عەلی هەموو دەمفرەزەکەی بردبوو .زەعوسمان بچوك و زۆری کەش چووبوون ، کاك ئەبو صلاح (مهدب العبیدی ) کە لە

حیزبی بەعس بوو لە سووریا قگری عێراق قسەی کرد ،بەناوی التجمع الوگنی اعراقی )، لەو کاتەشدا یادی شێخ شەهاب و هاوڕێکانی لەو دەمیش دەیانویست بیقۆزنەوە بە شتێکی سیاسی دژی تێکدانی مفاوەزاتی حکومەتی عێراق و سۆسیالیست ،یەکێتی نیشتمانی داوای لە سووریا کردبوو کە نفوزی خۆ ی بە کار بهێنی ٚ لەناو جەیشی عێراقیدا بۆ تێك دانی ئەو مفاوەزاتە لە ڕێگای ئەو ئەفسەرە دۆستانەی هەیانە لە عێراق دا و لە سوپای عێراقی ئەو (هودنەیە)ئەگەر تێك نەدەن ئەو مفاوەزاتە شۆڕشی عێراق لەبەر یەك هەڵدەوەشیٚ چونکە ئەو کاتە هێزی گەورەو ئەساسی سۆسیالیست بوو مەبەستیان لە شۆڕشی عێراق تەجەمووعی ەگنی عێاقی بەە بە یەکێتی نیشتمان یشەوە،هێزی یەکێتی هەمووی بیرتی بوو لە و هێزەی لە گەڵ من بوو لە هەرێمی یەك و کاك سوارە ئاغا کە هێزەکە هێزی ناوچەیی بوو ناوچەکانی ترو قەرەداغ ئەو کات نزیکەی 130 پێشمەرگەیان هەبوو.. کاك مەلابەختیاریش قسەی دەکرد و لە قسەکانیدا ووتی :سڵاو لە لینین سڵاو لە مارکس سڵاو لە فەهد..هتد ،کاك محمدی شاسوار هەبوو کەسێکی دڵسۆزو تێکۆشەرێکی باش بوو لای منەوە دانیشتبوو وتی :ئەوە ئێژیٚ چی ،ئەی بۆ نایژی سلاو لە خوا سڵاو لە پێغەمبەری خوا سلاو لە ئەولیاکان...هەروەها بە ئەسپایی ووتی :ئەڕۆم بۆ نوێژەکەم با لەوە زیاتر گوناحبار نەبم ..کاك حەمەی شاسوار و محمد علی قادر ،دوو پێشمەرگەی خەڵکی کەلار ی لای گەرمیان بوون و خەڵکی گوندی حەمەی قادر بوون، ئەمانە لە شەڕێکدا فڕۆکە لێیانی دابوو گولە نەیپڕیبوون هەرچییان کرد بە قسەی خەڵکی ناوچەکەیان نەکردبوو ئەو شوێنەی شەڕەکەیان چۆڵ نەکرد تا بە ئەسیری دەگیرێن و هەردووکیان سەردەبڕن لەلایەنسووپای عێراق و جاشەوە .

لە ڕۆژی 1979/11/5 کاك دکتۆر کمال خۆشناو داوای کردو ووتی :کۆبوونەوەمان هەیە ،کاك کەمالیش ئەندامی (م.س )ی یەکێتی بوو ،وە بە ئاشکرا لە هێڵی گشتی بوو بەلام بە نهێنی کۆمەڵە بوو،لە کاتی خۆیدا نامەیەکیشی نووسیبوو تیایدا ووتبووی :حیزبەکەمان دەبێت باڵ و پاڵ و قوەتیان بدەین و شەڕی هەموویان بکەین ئەمەش بە جارێك ناکرێت ..بەو شێوەیە شەش سەعات لەگەڵ مندا قسەی کرد لەو بارەگایەیە لیٚ یبووین نەمزانی ئەو شەش سەعاتە ئەو کۆبوونەوە گەرمەیان لە چی بوو ، باسی ئەوەی کرد کە مام جلال بە نیازە بچێت بۆ ( مفاوەزات) ی کوردی ئێران لە گەڵ حکومەتی ئێران ،منیش دەبیٚ لە گەڵی دا بڕۆم،منیش 100 پێشمەرگەم بردوو لەگەڵ مام جلال و چەند پێشمەرگەیەکی کەش لەوانە کاك سامان کە وابزانم ئەو دەم بەرپرسی حیمایەکانی مام جلال بوو ،بەو شێوەیە لەگەڵ مام جلال و ملازم عومەر و مامۆستا شێخ عزالدین حوسینی و کاك صلاحی مهتدی چاوەی شێخ ئیسلام لە 1979/11/7 بە ڕێکەوتین بۆ گوندی واشەو میرشێخ و حەیدەر زنیك سەردەشت ..لەڕۆژی 1979/11/8 سەعات 11 ی سەرلەبەیانی لەوانە داویش ی فروهەر و (هاشمی سەباغیان ) و (عزت اللهی سەحابیان ) و (شەریفی ڕەئیسی ژاندرمێری ئێران) دەستێکی نەبوو دوای کۆبوونەوەیەك گەڕانەوە سەردەشت ،مام جلال دەیویست کوردی ئێران و حکومەتی ئێران ڕێکبخات .زئەو سێکەسەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە هەر سێکیان وەزیر بوون لە حکومەتی ئێرانی و لە جەبهەی میللی ئێران بوون لەیبەر ئەوەلە شەوی 1979/11/9/8 لە میر شێخ حەیدەر بووین مام جلال و کاك صلاحی مهدی کاك صلاح ناوی شاهۆ بوو کاك ملازم عومەر و کاك سالار ..لە 1979/11/9 چووینە گوندی تورینار هەر لای سەردەشت و گوندی زۆران لە ڕۆژی 1979/11/10 چووینە گوندی نشکۆلان و بێروانی خوارو بووینلە گوندی نشکۆلان لە ماٚی کوێخا عبداللە یان مەلا عبداللە ی نشخۆلان هەر لەو ڕۆژەدا هەر بە وەزیرو فۆهەر سبوحیان و سەحابیان و جاندرمێری دوای ئەوەی ڕاو بۆچوونەکانیان برد بۆ حکومەتی ئێران و

هاتنەوە من لایان دانیشتم پێشنیارەکانی کۆمەڵەو مامۆستا شێخ عز الدینزۆر باش نەبوو هەڵدەچوون و تورە دەبوون وا بزانم کاك نەوشیروانیش هاتبوو ەو د.قاسملۆ نەهاتوو پێی ڕازی نەبوو بە تایبەتی مام جلال سوڵحیان بکات یا لەبەر عێراق بوو کۆبوونەوەکان ئەو ئێوارەیە یا ئەو ڕۆژە تا ئێوارە درێژەی کێشابوو نەگەیشتنە ئەنجام مام جلال خۆشبین بوو بەلام ئێرانییەکان ئەو هەموو داوایەی کۆمەڵەیان پێ قبوڵ نەدەکراو حزبی دیموکراتیش کە هێزی ئەساسی بوو نەهاتبوونە ناو گفتوگۆکە یەکێتی دەیویست ئەوان هەر چۆن بووە ڕێکیان بخات شەڕ لە ساڵحی کوردی ئێران و شۆڕشی ئێران نییە ،مام جلال زۆر هەوڵ ئەدا کورد ڕووداوی تووش نەبێت دیموکرات وای دەزانی مام جلال کۆمەڵەی دژی ئەوان درووست کردووە هاوکارییان دەکات قیادەی دیموکرات تازە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بلاوبووبوونەوە کوردستان هیچ نەخشەیان لە ڕاپەڕیندا نەبووە،هەر بەناوی ئەو دیموکراتەی قازی محمد ڕابەریان بووە زۆربەی خەڵکی کوردستانیان لێ ئالابوو ،چەك و تەقەمەنی زۆریان زۆر لە عێراقەوە بۆ دەهات،زۆریان تەقەیان نەکردبوو یا بەقەدەر ئێمە ماندوو نەبووبوون لەگەڵ شۆڕش دژی شا ....لەشەڕەکان ئێمە هاوکاری خەڵکی ڕاپەڕینی ئێرانمان دژی شا کرد ،ئەوان پێیان دەگوتین ئێوەبچنەوە ولاتی خۆتان بۆ شەڕو ئاژاوەی خۆتان لای ئێمەیش کێشەیان بۆ درووست کردین،واقیعیانە بیریان نەدەکردەوە مامۆستاکانی کوردستانی ئێرانوەکومەلاکانی ئێران چەند ساڵ بوو لە خەبات بوون یا دوور خرابوونەوە ڕەفتاریان دەکرد و معامەلەیان دەکرد بۆ نموونە مامۆستا شێخ عزالدین دەیوت من و ئیمام خومەینی فەرقمان چی یە با ئەو بێ بۆ لای من ..ئەحمەی موفتی زادە خۆی بەتەناها بە شتێکی تر دەزانی بەرنامەیەکیان نەبوو کەکاری لەسەر بکەن مامۆستا شێخ عز الدین بە ڕیشی سپی و و بەو تەمەنەوە تێکەڵی کۆمەڵی گەنجی کۆمەڵە بووبوو دەیوت منیش کۆمەڵەم وەریگەی هەموو موعارەزە ئێەی ئێرانیان دابوو کە گوایە دیموکراتییە...هەرچی تلیاك خۆرو حەشیشە کێشی ناوچەکانی ئێران بوو بە ناوی ڕێکخراوی جۆر بە جۆری ماکسییەوە لە کوردستان کۆبونەوە و ئیعترافیان بە کورد نەدەکرد و داوای روخاندنی حکومەتی ئێرانیان دەکرد..هەرچی موعارەزەی ئێران بوو هەموو ساواك بوون خەڵکی جۆر بە جۆر لە کوردستان کۆببونەوەو دەیان ڕێکخراوی مارکسی و خۆیان واتەنی (ئەنتەر ناسیۆناڵ)و چەند نەوعی چریك هەبوو ئەکسەرییەت و ئەقەلییەت و دیفاعی زۆری کەش هەر یەکە کە خۆی لەوی تر بە موهیمتر دەزانی لە کوردستانەوە ئێرانیان دەڕووخاندو کاری منالانە و دوور لە واقیعیانە یان دەکرد و هەتا لە ژێر تەئسیری ئەواندا زۆر شتیان دەکرد لە شارەکانی مهاباد و بۆکان و سەردەشت و خانە و بانە و سەقزو سنەو مەریزان و کامێران و دیواندەرو پاوەو جوانرۆ و قەسری شیرین و زۆر جیگای کە کە هەرچی دژی کورد و بزووتنەوەکەی بوو ئەو حزبو چەپ و ئێرانییانە دەیان کردووە دەیان بلاوکراوەی زۆرو زەبەند بلاو دەکردەوە و کوردیش وای دەزانی دوو هەنگی لە دارێکدا دۆزیوەتەوە وەو ئەو هێزانە یا هەرسێ چوار کەسە بە ناوی حزبێکەوە لە کوردستانەدان خەڵکیان دەکوشت و لەوانە حامی تاهیر بەگیان بێ تاوان کوشت کە هەر ئەو موعارەزەی شاه بوو تا کاتی ڕاپەڕینی ئینقلابی ئێران هەر لە عێراق بوو چەندین ساڵ بوو ئاوارە بوو هەندێك سەر بە شوورەو هەندێك سەر بە چین و هەندی ك ئەلبانیا و زۆریان لە عێراقیش شتیان بۆ دەهات،زۆر جار ڕێگای لە نوێژو شتی وا دەگرت لە نەتیجەدا ئەوە بوو کۆمەڵەیان کرد بە حزبی کۆمۆنیستی ئێران داوای یەکگرتنی کریکارانی جیهانیان دەکرد تا تووشی شەڕ لە گەڵ دیموکرات بوو بە ناوی سەرمایەداری کۆیلایەتی دەبێت شۆڕشی چینایەتی پێش شۆڕشی نەتەوایەتی بخرێت..تەفرو تونایان کردوو وەکوو گرووی 7 نەفەری مام غەنی بلوریان و سنارو مام هێمن و کەریمی و ئەوانیش جیابوونەوەو لە

حزبی دیموكرات مام غەنیش هەر وەكو دیموكرات كە غرور بو بوون ئەویش بیست ساڵ زیاتر سجن بوو دابڕابوو لە جەماوەر..كە بەربوو خەڵكی مهاباد وەكو تێكۆشەرێك پێشوازییان لێكرد ئەویش وای زانی ئەو جەماوەرە ...جەماوەری خۆیەتی لیّ ی گۆڕابوو جەماوەری دیموكراتە و مونافەسەی دكتۆر قاسملۆی دەكرد لەبەر ئەوە مام غەنی (20)ساڵ بوو ئاگای لە دنیا نەبوو لە سجن بوو لە شاری سنە قسەی كرد لە دوای دكتۆر قاسملۆ قسەكانی وای دەزانی حزبی دیموكرات بەشێكە لە حزبی تودەی ئێران چونكە ئەو كاتە ئەو گیرا بوو وابوو..بڕیاریان دا لە ژێر تەئسیری حزبی تواداا خۆیان تووشی هەڵدێری هەزار بە هەزار كرد و لە حزبی دیموكرات جیابوونەوە بە ناوی تاقمی (7) كەسیەوە كەریمیان لە خۆیان كۆشت ...تەنانەت ئەمان هیچ شتێكیان قبوڵنەبوو ئەگەر كورد قبوڵی بكردایە ئەو ماوەیەی كە حكومەتی ئێران دابووی زۆرباش دەبوو دەگەیشتنە زۆر ئەنجامی پاش ئەوەیش بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ درا لە سەرووی هەموو ئەو خالانەوە كە باسی دەكلرا ، ئەمجار هەموو لایەك و حزبی دیموكرات و كۆمەڵەو هەموو ئەوانەی لە شیمالی ئێران و جنوبی ئێرانەوە ڕێگای كاری سیاسیان نەبوو پێچابوونە كوردستان ، دیموكراتیش لەو كاتە دا واتا لە كاتی وەستانی شەڕ لەگەڵ ئێران هێزی خۆی كۆكردەوەو خۆی ڕێكخستەوە,بەڵام هەبوون ئەویش بیست ساڵ زیاتر سجن ببوو دابڕابوو لە جەماوەر هەریەكەیان بەجیا لەبۆچوونی خۆیانەوە ئەو هەنگاوانەی ئێران دەینا بەلاوزی دەهاتە پێش چاویان و عێراقیش دەوری هەبوو لە هاندانی لایەنەكان لە كوردستان پاشاگەردانیبوو شاڕۆشتبوو حكومەتی مەركەزیش نەگیشتبۆوە كوردستان و كەس بە كەس نەبوو پێشتر ئێمە هەندێك كارمان كردبوو بەڵام دوای ئەوە ئەوەشمان بەگفتوگۆكانی ئێران ومام جەلال و كوردی ئێران بەباشی بۆشەڕ وەستان..ئەو وەزیرانەی كەهاتبوون بۆكوردستان ناویان نابوو هەیئەتی چوارنەفەرە یا هەیئەتی سلّح وحوسن نیەت لەكوردستان ,هاشمی سەباغیان وەزیری ناوخۆ عزداللەی سەحابیان وەزیری مالیە وداریوشی فروهەر وەزیری دەوڵەت..لەشەوی979 /10-11/11

وەزیرەكان و مامجەلال وماموّستا شێخ عزالدین و كاك صلاحی موهتەدی هەر لە بیروان ونیشكۆڵان بوون كاك صلاحی موهتەدی زۆر توند بوو..داریوشیفروهەر كەرەئیسی لیژنەكەبوو ووتی من بۆ لای مام جەلال هاتووم دەبوو دكتۆر قاسملۆش لێرە بوایە ئێمە بۆلایئەمانە نەدەهاتین ..كۆبوونەوە هەر لەشەوی 11/12وەزیرەكان گەڕانە بۆ سەردەشت و تەهران و بڕیاری ڕاوەستانی شەڕیان داو ئێمەش شەوی چ12/11 /1979 كاك شاهۆ كەرتەكەی لە گۆیان نەدەكردو بەهۆی ئەو پێشمەرگانەی لای كاك سالار ، هاندانی كاك سالارو پێشمەرگەر لای كاك سالار پەلاماری پێشمەرگەكانی لای ئێمەیان دابوو كە لەمزگەوتی بیوران خەوتبوون،9 كەسیان لیّ چەك كردبوون لە مزگەوتەكە و كەوتبوون بەسەریانداو زۆریان لیّ دابوون و سەرو لەشیان شكاندبوون لەوانە (عومەر قاینجەیی و شەهید حەمە ڕەشی شێخ كەریم ..دوایی چووە لای یەكێتی بوو بە فەرماندەی گەرمیان كۆمەڵێك هەموویان 9 كەس بوون من و كاك زیڕۆ عبداللە زێدێیی وابزانم كاك صلاح چاوشین یان حاجی چاوشین لەویّ بووین لە نشكۆلان بە شەش حەوت مانگ لەوەو پێش كاك سالار عزیز شەڕی بە مام جلال دەفرۆشت لەناو پێشمەرگە قسەی دەكرد و دەیوت من شۆڕشم كردووە و ئەوانەی لە ئەوروپاوە هاتوونەتەوە ڕێگایان لیّ گرتین مام جلال بە عاجزییەوە دوو سیّ جار ووتی ..من هاتومەتەوە لە كوردستان خەبات بكەم بە ڕیشی سپییەوە لەبەر ئەوەی مشكلەم نییە و كاك سالار پێی ناڕازییە وە لەبەر كورد نەبیّ من چیمە لەم هەرایەو لەم شاخە من لەمیسر بووم شا هاتبوو بۆ میسر داوای لە سادات كردبوو كە من ببینێت من ڕەفزی بینینی شام كرد من لەهەر ولاتێك ئارەزووم هەبێت دەژیم و لە كویّ بم ئەگەر من خۆم

دڵسۆز نەبم بێمەوە بۆ کوردستان و ساڵی نامەیەك بنووسم و لەگەڵ دووربینییەکەدا بڵێم لەگەڵتانم ڕێزم زیاترە لەوەی لێرە بم ،من نەمدرکاندووە بەڵام لەدڵی خۆمدا دەترسام مام جلال بڕوات و لە دڵی بگرێت و بڕواتە دەرەوە و نەگەڕێتەوە قیادەش بۆ برادەرانە نەدەکرا هەندێ جار کاك سالار دژی مام جلال بوو لەبەر کاك نەوشیروان چونکە دوای هەکاری کاك نەوشیروان چووە م.س مام جلالیش زیاتر گوێی لەو دەگرت و ئەو بوو بە سکرتێری کۆمەڵەو ( م.س )یەکێتی دژایەتی مام جلال لەبەر دەسەلات بوو من پشتیوانیم لەمام جلال دەکرد دژایەتی منیان دەکرد ئەو شەوەی پێشمەرگەیان چەك کردبوو فرسەتێکی باشیان دا بەدەستەوە کە من تۆڵەی مام جلال و قسەکانیان لێبکەمەوە .

من هەر لە ماڵەکە بوم کاك زیرۆ و ئەوانیش لەوێ بوون قسەم بەشەرکەرەکان دەکرد و پێشمەرگەم نارد دلێر جاف و سالار جاف و ئەحمەد زەردۆیی و زۆری کە ..ووتم بڕۆن کاك سالاروئەوان بە سجنی بهێنن و خۆیشم وا ڕۆشتم مام جلال لە سەفەری خۆیدا ساڵی 1980 کاك نەوشیروانی بە جێگری خۆی بە جێهێشت ئەوەیش کاك سالاری زیاتر ناڕەحەنت کرد دەوری بێوران ی خواروومان لێگرتن تا ئێمە چووین کاك ملازم عومەر کاك سالاری دەرباز کردبوو لە پاشا ڕۆیشتن و لە ناو گوندەکە زۆر گەڕاین و ماڵ و خانوو کەسیان نە مامۆستا شاهۆ نەکەسیان دەست نەکەوت ، وا بزانم کاك سامان هاتبوو بۆ خاوکردنەوەی من وەزعەکە شێخ عزالدین هات و ووتیەان میوانی هەیە ڕۆژنامە نووسی لێ یە با شتەکە گەورە نەبێت و داوای چەکی پێشمەرگەکانم کرد هەر لەوێ بۆیان دوای نیو سەعات هێنامەو حەرەسیاتم دەرکرد و وا دیار بوو ئەوەی لە خۆی ترسا بوو کەس لەوێ نەمابوو هەمووی بەرەو بێورانی سەروو کونە مشکەو بنە خەڵەف و هەر ئەو شەوە هەوموی گەیشتبوونە ناو زەنگ و مام جلال بەیانی لای هێزەکە مایەوەو بۆ دڵدانوەی من چووینە بیورانی سەرو پاشان شەو چووینەوە ،لەڕۆژی 1979/11/12 چووینە کونە مشك ماڵی کوێخا پیرۆت لەگەڵ مام جلال دا ئەنوەر حەسەن تازە هاتبۆوە وابزانم کاك دانای ئەحمەد مەجیدیش بوو لەوێ ،لە ڕۆژی 1979/11/13 گەراینەوە بۆ (م.س)لەگەڵ مام جلال دا ئەو چەند ڕۆژە دڵ نەوایی ئێمەی دایەوە و من هەموو هێزەکە هەرچی پێم بووتایە دەیانکرد من گەڕامەوە هەر ئەو شەوە کاك سالار و کاك عومەر ناردبوویانە 12 پێشمەرگەی ئێمە کەخەفەر بوون لەمەقەڕەکانمان لەشێنێ کاك محمد شاسوار و کاك محمد سەنگەری کەپیاوێکی بەتەمەن بوو لە هێزەکەمان هەموویان چەك کردبوو سجنیان کردبوون منیش ناردم هەرچیان دەست کەوت لەکۆمەڵەو لەحیمایەی کاك عومەرو کاك سالار درتیان و هێنایان و لە شێنێ سجنمان کردوو لە کاتی گفت و گۆی ڕژێم و سوسیالست بوو ناکۆکی هەبوو 1ەند کەسێکمان گرتبوو لە جەماعەتی عەلی کۆ بوون سجنمان کردن لەسجن .. سۆسیالیستکان دەیان گوت ێمە گیراوین حسکین بەڵام ئێوە بۆ گیراون .. حسك دەهاتن شتیان دەکڕی لەبازاڕەکە ی ناوزەنگ لەگەڵ عێراق ڕێکەوتوون لەسەرئوە دەمگرتن و لەو کاتەدا تازە کاك فەرەیدون و کاك عومەری سەیدعەلی و کاك عەلی بچکۆل و ئەوانە هاتبوونەوە لەسجن بەربووبوون ، هاتن بۆلای من بۆ شێنێ هەوڵی ئارام کردنەوەی وەزعەکە یان ئەدا تازە لەمردن ڕزگاریان ببوو لەسجن دەرچووبوون کەوتبوونە ناو ئەو هەمو ململانێیە یان نەیان دەزانی چیەو ئەوانەی لە دەرەوەبوون حەزیان دەکرد ئەوانیش وەکو شێخ شەهاب و ئەوان اعدام بکرێن و پۆستریان بۆ بکردنایە و بیان ووتایە ئەوەندە شەهیدمان داوە نەك ڕزگاریان بوایەو شوێنی ئەوانەیان بگرتایەتەوە .مەحمود زەردوویی چوار پێشمەرگە چووبون بۆ ( م.ع )کاك ملازم عمر ووتبوی پێشمەرگە چەکیان کەمە خۆ مەحمود ئەگەر نەکوژرایە چەکی بۆ کەس دانەئەنا و پێشمەرگەکانی (م.ع)ڕاونابوو ، مام جلال چاوی لێ بوبوو مەحمود ی ناسیبو بانگی کاك عومەری کردبوو ووتبووی مەحمود

یەکێکە لەوهەشت کەسەی کە لەهەکاری هاتوونەتەوە چۆن تۆ چەکی دەکەیت کێشەکە کۆتایی پێ هێنرابوو لەوێ ، مەحمود هاتەوەو ووتی :ئەزانی نیازی چەککردنمانیان هەبوو پێم ووتن :چەکیان بکردیتایە نەم دەهێشت بێیتەوە ئێرە مەحمود ووتی :کوشستن چەك لە من وەردەگرێت من پێشمەرگەم ئامادە کرد بۆ ڕۆژی دوایی تۆڵەی ئەوەیان لێبکەمە مام جلال ناردی بە دوامدا و منیش ڕۆشتم بۆ ناو زەنگ دوای ئەوەیش کاك نەوشیروان هاتە شێنێ سەری لێدام و بۆ خاو کردنەوەی وەزعەکە بەلام کاك فەرەیدون و کاك عومەری سەید عەلیوکاك عەلی بچکۆل کەتازە لەسجن هاتبوون وە واقمان وڕمابوو لەو وەزعە ئەوانیش هاتنەلام .. بەدڵ پێیان خۆشبوو کاك سالار و ئەوان لەناو پێشمەرگەدا مشکیلەیان هەبێ ، لەڕۆژی 1979/11/20 چووینە ناوزەنگ لای مام جەلال و کاك دکتۆر فواد مەعصوم و کاك دکتۆر کەمال خۆشناو و ئەندامانی (م.س) لەوێ بوون و لەوشەوە هەمووومان چووینەلای کاك نەوشیروان بۆچارەسەری کێشەکە چونکە گەیشتبووە حدودی تەقە کردن ، لەڕۆژی 1979/11/21 چوینە ناوزەنگ و لەوێوە هەمووومان چوینە لای مام جەلال و کاك نەوشیروان و چوینە مقەڕی کاك ملازم عومەر هیچ لەنێوانماندا نەماو ئەویش هات و چووینە زەڵێ و کۆبوونەوەیەکی فراوان بوو .. یادکردنەوەی شەهید شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر بوو بەشداری حزبی شیوعی عێراقی بزوتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی هەرێمی عێراق لەسوریا وەکو پێشتر باسمان کرد هەرەیکە لای خۆیەوە قسەی کرد ئێمەش گەڕاینەوە بۆشێنێ بۆلای هێزەکەی خۆمان ، لە ڕۆژی 1979/11/23 لەم.س هەموو ئامر هەرێمەکان کۆبوونەوەمان بوو بەئامادەبوونی مام جەلال و سەرکردایەتی هەمووومان گەڕاینەوە بۆشێنێ ، لەڕۆژی 1979/11/26 دەعوەتی کاك سوارە ئاغابووین لەشێنێ و لە 1979/11/28 لەگەڵ کەرتی کاك ئەحمەد زەردۆیی سەرکەوتین بۆسەرکوتکەی (مامەندە) لەبەرعێراق .. سۆسیالست هەموو هێزەکانیان کۆکردبووە لەسەرکەندە و گۆڕەشێر و دۆڵەتوو و بێدەڵان و ئەو ناوە دەستیان گرتبوو بەسەرگومرگی بێدەڵاندا سەرکەوتینە سەرلووتکەی مامەندە لەنێوان قەڵادزێ و شێنێ و نۆکان دا بەو جێگابەرزانەی ناوچەمی کوێستان و ساردو سەرمایە و کەس ئیدارەی نەدەکرد لێی جگەلەئێمە کەسی کەی لێ نەبوو تائێمە چووینە سەرەوە ئازوقەو چادر و کومبار و عەلادین و نەوتمان بردوو چوینە سەرەوە هەورێکی هێناو کابرایەکی وولاغدار لەگەڵمان هاتە سەرەوە زۆری لاسەیربوو وتی : کاکی خۆم ئێوە شارەزانین .. دوای دەمرن کەستان دەناچێت بەقەدەر یەك د

ارچنار بەفەر دەبارێ لێی زۆر هەوڵیدا ئێمە وەرمان نەگرت و ئەمریش بوو دەبوو لەوێ بین و ئەگەرشتێك ڕوویدات عەیب بوو بۆئێمە کە چووینە تەسەرەوە 24 پێشمەرگەی باش و بەکاربووین ، شەوی 28-2000/11/29 بەفرێکی زۆرباری ئێمە چادرمان ئەتەکاندو عەلائەدین گەرم دەبوو دەیتوتاندەوە زیاتر لەیەك مەترباری کەس پێی نەوتین وەرنە خوارەوە خەتەرە و ئیچمە پەیوەندی جیهازی هۆکی تۆکیمان هەبوو قسەمان دەکرد لەسەرمامەندەین ، جیهازەکانی سۆسیالست گاڵتەیان لێدەهات و وایان دەزانی بۆ ترستاندنی ئەوانە ئەوناوچەیە کەبەفرباری پایز تابەهار کەس ناتوانێ بەرەو مامەند بڕوات لەڕۆژی هەتاویشدا زستان کەسی ناوچەکەش ناتوانێ ڕووی تێ بکات ، بەرامبەر بەقەندیل و جاسوسان و سەکران و ماکۆکاند ... چیایەکی ڕووت و بێ دار و چیلکە و ساردەوە ناو دار و سەیتەرەی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا هەیە ، ڕۆژی 1979/11/29 بەفرباری و شەو هاتەوە بەفرێکی زۆردەستی پێکرد هەرچی هەوڵمان دا چادرەکان ڕابگرن و ڕووخاندنی بەسەرماندا بەفرنیشتە سەرمان لەسەعات چواری سەرلەبەیانی چادر بەپێوەنەما ، زیاتر لەچوار بەفرباری بوو بەڵام نەرم بوبوو کەدەمانشکاند بەجیهازقسەمان کردو وتمان تەمومژە ئەگەر ئاگادارمان نەکەن نازانین بەرەو

کویَ بێین ، دەترسین بەرەو ڕەبایەکانی بیَ گلاس و سیدئەحمدان و قەڵادزە بڕۆین ، هەرچواردەرومان چیایەکی بەرزی هەزار بەهەزار بوو تەنها ئەو لای ناوزەنگ و ڕووی دۆڵەکەنەبێت بەئیتجایەك ملمان نادۆشکە دەتەقی دەنگی نەبوو بەجیهاز دەیان ووت وادۆشکە دەتەقێنین دەنگی نەبوو ، سۆسیالست کەچی باوەڕیان نەدەکرد کەکەس لەمامەندەبێت ، وتیان نەماون بەتایبەتی بۆمن حەزیان دەکر نەمێنم بەزۆری بەفردەهات و لەچیایەکی گەورە وەهاتبوونە خواریَ نەمانزانی تا هاتینە خوارەوە گەیشتینە سەرکەندە و شێنیَ و پشتی سەرکەندە سۆسیالستی لیَ بوو وتیان بەسەرئەواندا مەڕۆن نەوەك تەقەتان لیَ بکەن گەیشتینە وەشێنیَ بەفر زۆربوو بەلاَم هەتاو بوو لای ئێمە جیهازیچکمان بوو من بەفرەکەم دەشکاندو شەهید مەحمود زەردۆیی و پێشمەرگەکان بەتوانا بوون لەوانەی کۆمەڵە پێیان ناخۆش بوو کەئێمە دەرچووین بەسەلامەتی هەرچی پێشمەرگەی خۆمان و سوارە ئاغا و ئەوناوە هەبوو هاتبوون بەدەممانەوە ، ساردی ئەو شەوە زۆرلەحەد بەدەربوو لەسەرمامەندەبووین ... لەڕۆژی 1979/11/13 ڕێگا تێك چوو بو کاك سوارە ئاغا و کاك عومەر قاینجەیی و کاك دلێرجاف و کاك ئەحمەد قەویلەیی و کاك سامان لەقەرەداغەوە هاتبوون بەدەممانەوە لەلای شێنیَ مەقەڕی کاك حاجی حاجی ئیبراهیم لیَ بوو نزیکەی هەزار فیشەکیان تەقاند تا یەکمان گرتەوە و لەشەوی 30-1979/11/31 هەرلەشێنیَ بووین بەردەوام بەفردەباری کاتێك ئێمە بەتەمای هاتنەخوارەوە بووین لە (م.ع) وەداوایان کرد بێینە خوارەوە لەمامەندە ، لەڕۆژی 1979/12/1 لەشێنی وەچووم بۆخڕی نازەنگ لەژووری کاك دکتۆرکەمال خۆشناو بووین دوومەتر پان و سیَ مەتر درێژبوو ، لەویَ بووین تا 1979/12/2 گەڕاینەوە شێنیَ وەدەعوەتی عەریف علی ڕەقم(1) یا علی مولود بووین لەوڕۆژە ، لە1979/12/3 کۆبوونەوەمان بوو لەگەلَ (م.س) و کاك نەشیروان و کاك دکتۆر کەمال خۆشناو وبەڕێز جەنابی مام جەلال دا لەنیوەڕۆکەیشی دەعوەتی بووین لای ماڵی مام جەلال برنجی ڕەش بەڕوبەهەناریان هەبوو ئەو ڕۆژە کاك سالار و برادەرانی تریش هەموویان هاتنە ماڵی مام جەلال ئەویش نەتیجەی ئەوەبوو کەمن لەسەر مام جەلال زەختم لەسەرئەوان ئەکرد دوایی کاك سالار فرمانێکی مام جەلالی جێبەجیَ ئەکرد و وەکاك نەوشیروانیش بەسکرتێری کۆمەڵەو جێگری سکرتێری گشتی قبولَ کرد بەلاَم ئایا ئەمەبەسەر منا تێئەپەڕێت یا تۆڵەم لێئەکەنەوە .. وەختیَ یاریەکە خۆش ئەبیَ خاوەنی تەڵە بەتولەوتانجیەوە بێت .. ئیتر من و کاك سوارە ئاغای عەباس ئاغا ئامرهەێمی 14ی ئاکۆیان بوو من ئەوشتانە دەنووسمەوە هەمووە کاتی خۆی چۆن نوسراوە لەڕۆژی ڕووداوەکەوای دەنوسمەوە لە ڕۆژی 1979/12/4 لەشێنیَ و ناوزەنگ خواحافیزیمان لەمام جەلال کردوو لە (م.ع) گەڕاینەوە .. شەوی 4-1979/12/5 لەکانی زەردو لە 1979/12/5 چووینە بنەخەلەف و کونە مشکەوبێورانی سەروو بێوارانی خواروو کانی ڕەش و ئۆمەرخان لای سەردەشتی لەویَ ماینەوەو نانی شەومان خواردوو لەویَ بووین تاسەعات چواری سەر لەبەیانی بەڕیَ کەوتین چووینە سەرچەمی کەڵەوویَ لەئاوەکەپەڕینەوە چووینە گوندی سیریَ و لەویَ لەسەعات 10ی سەرلەبەیانی بەچوارەسەیارەچووینە بانە لەگوندی فەرکیَ و لەوبەری پردی نێوان سەردەشت و بانە دایە و لەسەرجادەکە دەچێت بۆبانە لەبانە ەبفردەباری ، لەڕۆژی 1979/12/7 سەعات 11ی سەرلەبەیانی لەبانەوە بە (9)سەیارە (100) پێشمەرگەبووین بەڕیَ کەوتین بۆسارداو سەعات 2ی پاش نیوەڕۆ چووینە چەم پاراو ، شەوی 7-1979/12/8 لەچەم پاراو بووین لە 1979/12/8 چووینە سورەبان و چنارە و قەلاَتیَ بۆئێوارەچووینە پاڕەزان .

لەڕۆژی 1979/12/11 لەپاڕەزان بەفر ڕێگای نەداین لە 1979/12/15 لەگەلَ کاك سامان گەرمیانی و کاك مەحمود سەنگاوی و کاك سامان جێگری هەرێمی (5) بوو من زۆرم هەوڵم دابێت بەئامر هەرێم کاك نەشیروان و

برادەران ڕەئیان نەبوو ، هەرلەسەر ئەوەیش بو من تەرحم کردبوو چووینە چنارەی پاڕەزان و گویزەو کویرەو قولی گیشکە و دوستەدەرەو ڕەزلە و بەردەبەلەکە و دۆلەچەوت و دۆلەسوور .

شەوی 15-16/12/1979 چووینە چەوتان و لە 12/16/چووینە خڕنووك و سیامیوە ، شەوی 16-17-/12 لەسامیوە و تازەدیٰ و بەردەبەل و نەویٰ کانیسکان و لەوڕۆژی 12/17 هاوانیکیان لەتورکیاوە هینابوو لەکانیسکان تاقیمان کردەوە و لەڕیشین دام بەکاك سامان بۆقەرەداغ .

شەوی 17-18 /12/1979 چووینە گیلەك و کولکنی و لەڕۆژی 12/18 لەکولکنی بووین کاك سامان خزمی هەبوو لەگردی گۆ مەلا حوسین حەسنە ئەحمەد عەلی برای کاك جەلال کولکنیمان نارد بیانهینیٰ و بیبینن وای زانیبو کاك سامان لەگەلٰ من وازی لەکۆمەلەهیناوە یا هەرلەجیی کۆمەلەدا بوو پیی نەوتبوون کەبەمەنی ووت لە مالٰ نەبوون چاویان پییان نەکەوت ، یەکیك لەکارەکانی کۆمەلە کە هیچ هاواکاری من نەکەن کاك ئەحمەد پیشمەرگەبوو لەدەرەوە کوڕیکی خزمی ئازاد هەورامی لەسورین پیشمەرگە بوو لەکانی حەیفی خەریك بوو کاك ئەحمە بیکوژیٰ تامن فریای کەوتم تفەنگیکی پیوەنابوو لەسەرکەتنە تەسلیم بووەوە بەڕژیم ، لەڕۆژی 1979/12/18 چووینە شیرەمەڕو کۆبوونەوەمان بەگوندی شیرەمەڕ کروو .. شیرەمەڕ سەربەشیوعی بوون لەوکاتانەشدا شیوعی تازە دەهاتە دەرەوە زۆرلە هەوالەکانی دەگەیشتەعیراق و هاواکاری ئیمەیان نەدەکرد ، یەکەم شەو چوینە شیرەمەڕ کاك فەتاح حاجی عەلی محەمەد فیشەکی داینیٰ و هاوکاری باشی کردین و لەو ماوەیەدا دوای بەرەو پارتی دایشکاند ، شیرەمەڕ لەسالی 963 -964 گیریان خواردبوو بەدەستی شۆرشەوە .. کاك حەمەی حەواس هەبوو سەرپەل بوو لەوکاتەدا مەسئولی تەخمینی گەنم و تووتن و جۆبوو ئەی وت شیرمەڕی ئەگەر شیوعین ئەوە خرۆشۆف ئەگەر جاشن ئەوە مەعاش وئەگەر کوردن ئەوەحەمەی هەواس ... واتە ئیمە بۆ حەمەی هەواس پیاویکی باش بوو لەودواییەش لە 1988 من لەمردن ڕزگارم کرد لەهەندیك جیگای خەتەر بەتایبەتی لەئیران – گامیش تەپەو شیرەمەڕ و ئەوانە گیریان بەدەستی ئەمین لەیلانیەوە خواردبوو .. پیاویکی زالم بوو جاریك کۆمەلیك خەلکیان گرتبوو لەگەلٰ شەریفی حاجی مەلای خڕنوکی بەپیی پەتی هەمووی پیاوی بەتەمەن و ڕیش سپی بەستبونیەگیرەی گزرە ئەو ئیشە بەوزلاغ ئەکریت ...

دوای کۆبوونەوەی شیرەمەڕ کاك سامان و برادەرانی قەرەداغمان لەگەلٰ دابوو ، لەشەوی 18-1979/12/19 لەشیرەمەڕ بۆگیلەك و گردی قازی و چووینە تەپەڕیزینەو کۆبوونەوەمان پیٰ کردن قسەمان لەدژی قیادەی موقەتە و عیراق و شتی تازەی ئەوسەردەمەمان باس کرد ، چوینەقاجر گردی شەریف و مەسەکانی حاجی ئەحمەد و مەستەکانی مەلاعەلی و گردەنازیٰ و قولخوردی کۆن بارکرابوون .

لەڕۆژی 1979/12/19 بوو ئەو ڕۆژەمام دیوانە هاتە لامان لەویٰ حەیوانیکی بۆهینابن وس ەری بڕی بۆمان زانی ئەوان میوانی منن لەویٰ ناردی برنج و شتی هەموو بۆهینابن مام دیوانە پیاویکی باش و دلسۆز و پشتیوانی ئیمەی زۆردەکرد و هەمیشە هاواکری شۆڕشی دەکرد و خزمەتی دەکردین ، شەوی 19-1979/12/20 لەگردەنازیٰ کاك سامان و برادەرانمان بەڕیٰ کردوو ئەوان گەڕانەوە بۆقەرەداغ و ئیمەیش چووینە کانیسکانی بناری سورین ..

لەڕۆژی 1979/12/20 چووینە نەویٰ و بەردەبەل و تازەدیٰ و سیامیوە و خڕنوك و چەوتان و هەموو ئەو گوندانەی تر وەلەشەوی 1979/12/20 لەدۆلەسوورەوە چووینە دۆلە چەوت و بەردە بەلەکەو .. شەو لەویٰ ماینەوە و چووینە دۆلەچەوت ... لە 1979/12/23 لەپاڕەزان بووین لەبەری مالدا عەبدوللای عەلی تەپی سەفایی ... عەبە سور فییشەکیکی لەدەست دەرچوو دای لەحسین بەگ تورە بوو دەترسییت و تەقەهات

کەچووین حسێن بەگ لەسەر دەم کەوا و پاشان هەڵساوە و تی : نەمووت ئەمکوژێت بەپەلە هێسرمان بۆگرت و لەرێگای قەڵاتیێ ی سورەبانەوە کاک حسێنی خەلیفە و جەلالی کوڵکنیمان لەگەڵ لەگەڵ ناردوو بردی بۆ بلەکیێ و بانە بۆتەداوی ئەوکات پێشمەرگە نەیدەتوانی بەئاشکرا بەرۆژ بەرێگەیەدا بەرۆژهاتوچۆ بکات لەبەرتەیارەی هەلیکۆپتەر پێشتر وازبانم کاک حسێن خەلیفەیش لەگەڵی ڕۆیشت هەرکەسێك دەربکەوتایە تەیارە دەچووە سەری .. پێشتر حسێن بەگ هێشتا چاك نەبۆوە کلاشینۆفێکی جوانی پیێ بوو یەکێتی چەکی کرد لەسەرئەوەی لەگەڵ مندا بوو ن بەڵام چەکەکەمان دەست کەوتەوە . لەرۆژی 1979/12/26 لەپارەزان بووین لەرۆژی 1979/12/29 لەسیامێوەو کانی ئاسکان و ڕیشێن و شیرەمەڕ و بانی شارو تازەدیێ و گۆمەلار و خەرپان و چەمی تەویلەو شۆشمیێ و خواروو پێشمەرگەکانی کەرتی یەك و دووشەش ، لەرۆژی 1980/1/1 لەنەوسودو شەوی 1-1980/1/2 هەر لەوسود بووین ڕۆژی 1980/1/3 لەشوشمیێ بووین مەلا ئیبراهیم ممان کرد بەفەرماندەی کەرتی یەك و کاك فەلاح حەمە بۆر بەجێگری کەرت و حەسن برای شەهید حوسێن مەجید مەلاحامید بەئامر مەفرەزە و لەوێوە چووین سەرمان لەکەرتی دووی کا غەفور دەرەشیشی داو گەڕاینەوە لای کەرتی شەش و چووینەوە شوشمیێ خواروو ماینەوە تاڕۆژی 1980/1/4 بۆشوشمێی سەروو چووینە نوریاو لەماڵی حمەئەمینە ڕوشی نوریاوی لای پاوە و نێوەڕۆ لەویێ بووین چووینە گلاڵ و خانەگای پاوەدلستان یان(گوڵستان) گوندی شمشێر کەگوندێکی خۆش و دارستان و ئاوو دار و جێگایەکی خۆش و بەرزە دەڵێت گوندەکە بەدەست رشەسم کراوە شمشێر کۆتایی بەهەوراوامان و هەورامی دێت و ئیترجافی جوانڕۆ دەست پێدەکات و لەوێوە سەریاس و مەنسور ئاغا و قشلاخ و کەحامی حمەتاهیر بەگ خەڵکی ئەو گوندە بووە بۆئێوارە چووینە گوندی باڕادا و بەیانی سەعات چواری دەمەو بەین بەریێ کەوتین دووسەعات بەپیێ لەپشتی ڕەوانسەرەوە چووینە گوندی خەراجیان ، خەراجیان لای سلێمانی هەیە و ئەیانووت ئەوانەی سلێمانی لای ئیچمەوە دابڕاون وچوونەتە ئەو خراجیانە ، کۆمەڵێك جێگا لەکوردستاندا بەیەك دەچێت ، سوڵتانە لەکوردستانی ئێران و لای ئورمیەگرێژەی لای عەربەت و لای شاری سنندج خراجیان و دوانزەئیمام لای کفری و لای سیروان هەڵەبجەو هارونی سنوری سوریا و عێراق و بۆتان و جەزیرەو هاورنی لەشارەزوور و لەلای جوانڕۆ و لەپێوازو لەلای زەهاو و شێخ سمایلی لەشارەزوور و لەلای سنەیش گلاڵی لەلای دیواندەرەو لەشارەزوور لەگەرمیان گلاڵی لای پاوە و لای قامیشلی و دردی و گەلاڵەی لای حاجی ئۆمەران ، زۆر جێگای هەیە چەندە جار دەبێتە و ناوی مرۆڤیش هەر وایە ناوی ناوچەو ناوی گوندو زۆرشتی کەیش لەیەك ئەچێت ، لەخەراجیانەوە و چووینە گلاوەو چووینە دەرەوەیان نیوەڕۆبەفرێکی زۆباری و لێی داین و زۆرهیلاك بووین دەوریان کەوتووە بەینی ڕەوانسەرو کامیران چووینە خەلمێنەوەو دوای بۆکامیران ماینەوەوەتا ڕۆژی 1980/1/6 لەکامیران چووینە چایخانەی ڕیێ ئیسراحەتمان کردوو چووینە چایخانەی سمێڵ لاماندا و چووینە گوندی حەسەن ئاوا ڕێبواربووین نەمان دەویست تووشی گیروگرفت ببین و لەویێ چووینە شاری سنە و لەویێ ماینەوە تاڕۆژی 1980/1/7 لەسنەوە بۆشاری سەقز کە (210)کم بوو بەدەشتی هۆبە تۆدا تێپەڕین کەئەو ناوەم لەکێتێبەکەی ئەدمۆنستدا خوێندۆتەوەو لەوێوەو بۆسەقز ... لە شەوی 7-1980/1/8 لەبانە بووین لەویێ دەرچووین سەعات 6ی ئێوارە چووینە سەردەشت لەوێوەچووینە بێواران و شەوی 8-1980/1/9 لەبێوارانی بنەخەلەف و کانی زەرد و ووردە و چووینە (م.س) شەو لەویێ بووین ، شەوی 10-1980/1/11 گەڕاینەوە وەووردە و شەوی 1980/1/21 گەیشتنیەوە بانە و چووینە بلەکیێ و چەم پاراو ، لەشەوی 12-1980/1/13 لەچەم پاراو بووین

له 1980/1/13 مكڵ و پاڕەزان و لەشەوی 15-1980/1/16 بۆیەكەم جار بو بەبەعاجزیمان لەگەڵ ماڵەوەدا .. كەمن قەت لەماڵەوە هەرام یاعاجز نەدەبووم .

لەشەوی 17-1980/1/18 لەگەڵ ماڵەوەدا دەعوەت بووین لەماڵی كاك ئەحمەد قەویلەیی لەپاڕەزان ، له1980/1/18 لەپاڕەزان بەفرێكی زۆرباری هەموو كۆڵانەكانی گرتبوو ، لەڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتیمدا بوو ئەم مێژویانەم ڕۆژانە دەنووسیەوە ، لە 1980/1/25 بەفربوو لەپاڕەزان و چنارەو كوێزە كۆپرەو دۆستە دەرەو پاڕەزان بۆڕەزڵەو ، شەوی 25-1980/1/26 لەدۆڵە چەوت و دۆڵە سوور و چەوتان لە 1980/1/26 لەخڕنوك و سیامێوە و بۆریدەرەو بەردەبەل و نەویٚ كانی ئاسكان و قوڵخورد ی كۆن گردەنازیٚ و مەسكانی مەلاعەلی و دۆڵاش و كشەدەری و شەوی 26-1980/1/27 هەر بەڕێگاوە بووین و لەڕۆژی 1/27 گەیشتینە كشدەری شەوی 26-27 /1980/1 هەر بەڕێگاوە بووین و لەڕۆژی 1/27 گەیشتینە كشەدەری چووینەتەپەسەرقوڵە وتەپەتۆڵەكە و ، شەوی 27-1980/1/28 لەبەشارەتی خوارو جان جان ماڵی حاجی عەزیز و كاك صاڵح حەمە سەعید دوجێلەو دوانزە ئیمام و كاگردەڵ و كانی شێخ و ئیمامی زامن و غولامی ، لەڕۆژی 1980/1/28 چووینە توەقوت جەردئاسنە و گولان و هەمووی وازۆڵ و لەسەر عبدالقادر حەسن كەپێشمەرگە بوو كوشتیان خانووەكانی ماڵی حاجی عبدالله مان سوتاند لەوازۆڵ لەسەر ئەوپێشمەرگە ی كەشەهیدیان كردبوو .. دوای گەڕاینەوە گولان و تاڕۆژی 1980/1/29 بۆكانی بەردینە و دوایی كۆبوونەوەمان بەكانی بەردینە كرد بەقسەكردن ئەو ڕۆژە هەندێك كاك محەمەد صاڵح مان عاجزكردوو شەهی عوسمان كاكەڕەش و كاك جەلال كوڵكنی و كاك حسین خەلیفە لەكانی بەردینە وەچووینە ئیمامی زامن و شەوی 29-980/1/30 چووینە سەربەحرەكە و ئیمامی زامن و كانی شێخ و دوانزە ئیمان تەپەگولاوی لەماڵی كاك حاجی عەلی تۆفیق نانمان خوارد یان لەماڵی حاجی عومەری عەبدوڵلا بووین ، هەرلەخۆیانەوە حاجی عەلی وتی مەچنە سەرئەو ڕەبایە شوێنەكەیان قایمە و تووشی شت دەبن ، ئێمە پێشترمان بریارماندابوو كەبچینە سەریان بەلام ئایا عەشایەران چۆن زانیویانە ئێمە كەبچینەسەریان چونكە ئێمەهەمومان هەمووكات هەرلەوناوەبووین ..

چووینە سەر ڕەبایەكەو لەهەرچوارلاوە ڕەبایەی لامەركەزی شەهید عوسمانی كاكەڕەش ئامركەرت بوو لەگەڵ جەلال كوڵكنی كەئامر مەفرەزەی دەستەی كەی من بوو ئەوان لەلامەركەزیەوە ومنیش لەچەمەكەوە وەكاك حسێنی خەلیفەو كاك حمەسەعید م لەگەڵ بوو سەركەوتم بۆی كەمن تەقەم كرد بۆسەرڕەبایەكە لەولاشەوە دوای شەڕێكی دووسەعاتی لەگرتن دابوو من گولەم بەركەوت و باڵم شكا و هەرلەو كاتەدا یەكیٚ هاتەسەرجیهاەكەمان ئێمەجیهازی هۆكی تۆكیمان پیٚ بوو ، كاك عوسمان كاكەڕەش و برادەران لەشەڕ گەرم بوون بەجیهاز پێم ووتن : بگەڕێنەوە دواوە چونگە دەگیرا ، دوای ئەوەی منیش دەستم شكا تەنها كاك حوسێن و كاك حەمەسەعید پێیان زانی كەدەستم شكاوە و بەكەسم نەوت و وتم باكەس نەزانیٚ ول ەنزیك قاجر وتیان باشەو لێرەبخەوین بەكاك عوسمان و كاك جەلا كوڵكنیم ووت كەمن ریندارم بابڕۆین لێرەنەوەستین و چووینە ماڵی مام والی قاجر دەستم لەپشتەوە دانابوو قسەمان دەكرد ، پێی نەزانیم و دوایی كەڕۆیشتم پێم وت ئەگەر كەسێك قسەبكا یاهەواڵتان زانی من بریندارم بەلام برینەكەم باشەو هەردەستێكم شكاوە ، زۆرناڕەحەت بووبەیانی براژنە نەسرین خوێنی پشتیەكەی دیبوو پرسیبوی ئەویش ووتبوی كەس بریندارنییە ، هەرئەوشەوە هاتینە قەدەفەری لەماڵی مامۆژە كافیەنانی بۆحازكردین و مام محمود مارف هات بۆلامان وتی چۆنن خۆسەلامەتن وتم زۆرباشین وتی ئەوەی كاك مەلانەجم پاڵتۆیەكی بۆهێناوی لەلەندەن گەڕاوەتەوە سەیرم كرد زۆرباش بوو بەلام من باڵم شكابوو هێنایان لەسیامێوە دامیاننا ئیتر نەكەوتەوە دەستم لەوێش دەرچووین لەپشتی قاینەجەوەلەنێوان بەش و قاینجەدا لای

شەخسەكەدا خەوم دەهات هەندێك خەوتین هیلاك بووین لە كاتی برینداری و دووسیٚ سەعاتی شەڕدا بەفردەبارییە سەرمان سپی بوو بوو وتم هەڵسن بابڕۆین بۆبەیانی ڕۆژبوەوە وچووینە مزگەوتەكەی سیامێوە ، كاك محەمەد هاواری و مەحمودی حاجی فەرەج و كاك غەفوور كۆمەڵێك پێشمەرگە و كاك حەمەی حاجی تۆفیق زوور لەویٚ بوون بەوانەم نەوت نامەیان دامیٚ هی هەورامان هێنابوویان منیش یەكیٚ لەبرادەران وابزانم كاك جەلال بوو نامەكانی بۆكردنەوەو ووتیان ئەوەچی‌یە بەیەك دەست دەیكردەوە وتم وەڵا بریندارم وایان زانی سوعبەت دەكەم لەگەڵیان كەچاویان بەجەمانەی خوێن كەوت و خرەی دەستم دەهات زۆریان پێناخۆش بوو حەمەهاواری ووتی : من دركێكم لیٚ بدات زیرەم دەچێتە ئاسمان خۆلایەكی لیٚ بوەتەوە و قسەناكات ، شەو لەماڵی مام نامیق لەقاجر و توبیان بە عەبدوڵلە تەپی سەفایی كەكاكەحەمە بریندارە وپەشۆكابوو فیشەكی لەدەستی دەرچوو لەماڵەكەی دا من بەكەسم نەوت هەندێكیان لەسیامێوە نەیانزانی بوو چەند جاریٚ تر لەشەڕدا بریندار بووم بەكەسم نەدەوت تادوای شەڕكە لەبەرئەوەی ورەیان نەڕوخیٚ لەكاتی شەڕدا جیهازی قیادەی موەقەتە لای كەیمنە و بێرواز و چیای شەرام هاتبوونە سەر خەتەكەمان وایان دەزانی ئێمە لەدەوریبیان داین من وتم كاكی برا ئێمە دوورین لێتان و گوتیان لەتەقە هەیە وتیان نەوەڵا هەر دەترسان لەجیهازەكەی ئێمە كەمن ووتم ئێمە ئێستا لەئەشكەوتەكانی پشتی دەرمەڕی ئیتر ئەوشەوە نەخەوتبوون تابەیانی ڕۆژی دواتر ئەو كورە ناوی جەمال بیارەیی بوو هەرناوی خۆی نەوت زۆردەترسان ئێمە لەشە29-1980/1/30 چووینە سیامێوە و من بریندار‌بووم چوینە خەرنوك و كولیتان تازەدیٚ و بۆكوڕی گەپڵەو ئاسناوەو لەوێیش شایی بوو دەعوەتیان كردین لەبەرخاتری خاوەن شاییەكەشریف بەگ كەریم بەگ كەناسروبوون چوین بەڵام نەیانزانی بریندارم و دوای لە 1980/1/31 چووینە مرانەو بایەوەو مەریوان و لەوێشەوە چووینە خەستەخانەو ئیشاعەیان گرتم ئێسقانی دەستم شكابوو ، لەشەوی 1-1980/2/2 لەماڵی كاك شێخ عوسمان خالید و لەمەریوان زۆرخزمەتیان كردم خۆی و ماڵ و كاك تاهیر و كاك ناسیحی كوڕی لەڕۆژی 1980/2/2 هەر لەماڵی كاك شێخ عوسمان بووین لەڕۆژی 2/2/چووینە ماڵی كاك حاجی حەسن خەیات و دەعوەت بووین و هەرشەویش لەویٚ ماینەوەو لەشەوی 2-1980/2/3 لەماڵی كاك عەبدوڵا برای كاك فواد بووین لەمەریوان لەڕۆژی 1980/2/4 لەماڵی كاك شێخ عوسمان بووین ناردیان لەبانەوە برادەرێك هات بۆگرتنەوەی دەستم لەماڵی كاك شێخ عوسمان بوم كەمامۆستاشێخ جەلالی حسێنی ناردبووی بەهۆی كاك شێخ عوسمان خالیدیەوە لەڕۆژی 2/5/كاك تامین هات لەپارەزانەوە بۆلام لەمەریوان و لەڕۆژی 1980/2/6 ماڵێكمان پێكەوەنا لەمەریوان لەماڵی كاك مەنصوری شاتر نەبی و زۆر زەحمەتی لەگەڵ كێشاین و پیرۆزخانی خێزانیدا لەڕۆژی 1980/2/8 لەماڵی خۆمانبووین لەمەریوان و كاك محمودی حاجی فەرەج لەسەروە بوو گەڕایەوەو لەویٚ ولەماڵەوە لە2/10 دەعوەت بووین لەماڵی حاجی ئەحمەد لەگەڵ كاك شێخ عوسمان نازانم كاك ئەحمەد نوسراوەیان نا لە1980/2/11 مەفرەزەی حەسەنە فەتاح و جەماعەت هاتنەوە هەواڵی برینداری منیان زانیبوو من باڵم گیرابووەگەچ لەملم دابوو لەوكاتەدا كادرەكانی كۆمەڵەدەیان ووت بۆلەدەستی داوە بۆلەسەردڵی نەداوە نەجاتمان دەبوو لەدەستی لەزۆرجێگاو لەوكاتەشدا سۆسیالست هەرهەمان قسەیان دەكرد دوایی خاڵەحاجی بۆی باس كردم چونكەلەمهاباد كاك تاهیرم دی و خاڵەحاجی پێی ناساندم قیادەی موەقەتەش هەرهەمان ڕەئیان هەبوو لەسەرم جاوەرەلەوناوەدا كوردایەتی بكەم و ڕژێم بریندارم بكات و واشت پێبڵێن من هەمویم لاگرنگ نەبوو ئەوانەی خۆمانم پێناخۆشبوو لای خۆم باسم نەدەكردن لەڕۆژی 1980/2/14 دەستم گرتە گەچ لەمەریوان لەڕۆژی 1980/2/17 لەگوندی ئەڵمانە بووم سەری كاك ئەحمەد ڕەشید بەگم داو میوان بووم لەویٚ گەڕاینەوە چۆرونە ئەوگوندانە گوندی چۆرلەوگوندانەبووە كەمەدەرەسەی دینی تیابوو وە پیاوی

بەناوبانگی تیاهەڵکەوتوەو مەلا عەبدوڵا و مەلا عارفی چۆری و کاتی خۆی زۆر لەشاعیرەگەورەکانی کورد لەومەدرەسەیەدا خوێندویانەوە پیاوی بەتوانای تیاهەڵکەوتووەو چۆر سەربەقەڵای مەریوانەو ... مەریوان لەکۆندا قەڵایی هەبووە وەکو قەلای سرۆچك لەشارباژێری قەلایخان ئەحمەد خان لەلای زەڵم و قەڵایی خورماڵ و قەڵای هەولێرو قەڵای کەرکوك و قەڵایی ستارخان لەتەبرێز و قەڵایی دمدم خانی لەپزێڕین لای ئورمیەو قەڵای مەریوانیش دوازدە سوارەی مەریوان کاتی خۆی لەشکری بێگانەیان شکاندووە لەدەسەڵاتی بابانەکان بوەودوانزە سوارەیش لەسەلیم سێ تەنگەو جوامێر هەمەوەندو چەندکەسی کەئەوانیش هەرەلەوێ لەپێش چوونە قەڵایی مەرویان لەپێشا بۆچەمی گاران یاپردی گاران لەنێوان مەریوان چنارە یان مەریوان و بانەدا بووە ئەوشوێنەوارانە هەرماونەتەوە وەکو چۆن دەڵێن زرێبار میسالێکی لەسەرە کەدەروێشێك لەوشارەبووەو ناهەقی کردووەو دوعای دەروێش ئەوشارەی کردووەبەزرێبارئێستاش مەرقەدەکەی لەپەنای زرێباردایە بەقەبری دەروێش لەسەرئەوجادەیە لەبایەوە ئەچێتەمەرویوان بچێتەناومەریوان لەپەنای جادەکەدایە لەباشماخەوە بڕۆی لەدەستی چەپدایە ئەوڕێبوارانەی لەسەرو مەریوان شوێنێکی کۆنەو لەپێش ناوەکەی هەبوەو لەدوای شەڕی عێراق _ ئێران مەریوان گەورەتربووەو ڕازاوە تربووە ئێستا لەحدودی 100 هەزارکەس لێی دەژیی و ئاو هەوایەکی لەباری هەیە خەڵکەکەی مام ناوەندییە و زۆری جلی کوردی لەبەردەکات و تەقالیدی کوردی زۆرەو وەکو خۆی ماوەتەوەوژیانی لەسەر بازاڕو جوتیر و مەڕو ماڵات ووشکە دان و کاری ئالۆگۆڕی داهەیە و شارێکی جوڵاوەو لەڕووی کارکدنەوەی حرەەکەی تێدایە قابیلی گشەکردنە لەهەموو ڕویەکەوە دەشتی مەریوان و ددەشتی بێ لو هەیەلەزەراعەت و وشکەدانی لێ دەکرێت یادانە وێڵە مەعمەلی بچوکی تێدادامەزراوە وەبەزاراوەی وۆرانس و هەورامی قسەی تێدادەکرێت بەناوی بەڵام سنورەکەی سۆرانی یەو هەورامان بەازاڕی تیاهەیە بەناوی بازاڕی هەورامییەوە لەمەریوان خەڵکەکەی باشە لەهەمووو سنوری مەرویان خەڵکی گوندی نیاوە لەسەر ڕێگای سنەو ئەو گوندە خەڵکەکەی هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی لەو گوندانە نیە لەساڵی 1988 لەمانگی 5/4 کەخەڵکی کیمیابارنی هەڵەبجەو لەگوندەکانی دزلی و قەلاجێ دەدرا کانی دینار و جوجەسازی ئاوەدان نەبووەزۆرێ لەبرادەرانی ئێمەیاکوردی عێراق چوونە ئەوێ ، پێشمەرگەیەك شەهیدبوو ناوی عوسمان حاجی محمود ڕەشید کەرم خان قاینجەیی جێگای ناشتنیان نەدابوو .. ڕۆژی جەژن خێزانەدربەدەرەکان هەندێ حەیوانیان کریبو بۆسەربڕین بۆ خۆیان ووتیان چەند سەرمەڕ بۆ جەژنی ئەوخێزانە دەربەدەرانە سەر بڕن ڕێگایان نەدابوو وتوبویان ئەووخوێنە مەڕژنە سەرزەوی ، گیاو زەویەکە وشك دەکات و زەرەمان زۆرلێدەکەوێ ، دەبێت پارەمان بدەنێ واتە لەجێگای سەربڕینی مەڕبۆ فەقیری ئەومالانە پارەیان دابونێ خانووەکانیان یان هەمووداب و بەکرێ خۆیان لەگەوڕدا بوون خەڵکێکی پارەپەرست و دوور لەهەموشتێکی مرۆڤایەتی و کوردایەتین .. من خۆم یەکجار بۆتەعزییە دەدەقیقە چوومە ئەو گوندە بەڵام ئەوانەی بەناچاری حدودی بیست ڕۆژێکی لوگوندە بوون زۆرناڕەحەت بوون بەدەستیانەوە وەخەڵکانی کانی دینار و جوجەسازی کەدوای ئاوەدان بۆوە و مەریوان و گوندەکانی ئاسناواو مرانەو باپەوە وباشماغ وخانمە شێخان و بەردە رشەشەو ئەوانە بەزۆری خەڵکی باش بوون و هاوکاری ئاوارەی کوردییان دەکرد ئەو ماوەیەی کەئێمە لەوێ بووین هاوکاری زۆریان دەکردین کەشێخ عوسمان خالید و حاجی محەمەد و کاك مەنسوری شاتر نەبی برایەکی اعدام کرابوو ناسری سەلیمی لەگەڵ (9) نۆکەسی ترە یەکی لەپارگانی سنە خاڵ خاڵی سەرەتای شۆرش و شەڕی کوردستان بوو خاڵ خاڵی مەلایەکی کردبوو بەرەئیس داد سەفەری کوردستانی دەکرد وو دەچووە هەرشارێك چەند کەسێکی ئیعدام دەکرد ... جارجاریش خەڵك دەرۆیشت ڕجای ئەکرد کەنایکوژن بەڵام ئەولەوەلامدا دەگوت

ئیمەدەیانکوژین ئەگەر بیّ تاوان بیّت ئەوە دەچیّتە بەهەشت و ئەگەر تاوانبار بیّت حەقی خۆی وەر گرتووە بائیعدام بکریّت و گولە بارن بکریّت ، خەڵکی دەهات ڕەسمی دەگرت لەکاتی گوللە باران کردندا و ناسری سەلیمی و ئەوانەیش ڕەسمەکەیان لە کوردستان و دەرەوە بڵاو دەکردەوە لەسەرجمهوری ئیسلامی هەرایەکی زۆری دروست کردبوو عەتفی خەڵکی زۆر ڕادەکیّشا دژی ئیّران ... زیادی کرد ئەو ئیعدامە لەسنە و مەریوان و مەهاباد و زۆر شاری کوردستانی ئیّران ڕوویدا لەتارانیش شمولی ڕەئیسی کۆنی ساواك و سالاری جاف و هەندیّك ژەنەراڵی دیکەی بەرکەوت کەخاڵخاڵی ڕووی دەکردە هەرشاریّك حەتمەن مەرگ باڵی بەسەر ئەوشارەدا دەکیّشاو حەتمەن دەبووە تەعزیەلەوشارەو گوندانەدا دروست بکات .

لەڕۆژ 1980/4/9 شەڕ لەنیّوان کۆمەڵەو سوپای ڕزگاری لە ساوجی بوو هەندیّك لەکۆمەڵە یان گرتبوو لەوانە کوڕیّکی کاك شیّخ عوسمان خالیدی تیّدابوو سوپای ڕزگاری بەناوی کوڕەکانی کاك شیّخ عوسمان نەقشبەندییەوە دروست کرابوو ... دکتۆر مادیع ، کاك ناصح کاك شیّخ ئەسعەد ، زیاتر هەڵسوڕیّنەرەوەیان بوو سەرەتا شیّخ هەر ڕازی نەبوو بەلاّم شیّخ ئەسعەد شیّخ مەولانە دەوری هەبوو دەیان ویست سوود لەنەبونی دەوڵەتیّکی بیّ هیّزی وەکو ئیّرانی ئەوکاتە و پاشاگەرادانییەکەی کوردستان وەربگرن و یەکیّت نیشتمانی هانی ئەدان و چەند جاریّك کاك ناصح و دکتۆر مادیعش سەردانی لای مام جەلالیان کرد لەناوزەنگ . شیّخ عوسمان خۆی پیاویّکی شارەزاو عاقڵ و تیّگەیشتوو بوو لەتەجروبەی خۆشیدا باشترین حەکیم بوو کەورەترین شیّخی ناوچەکەبوو لەتەریقەتی نەقشبەندی بوو موریدەکانی سۆفییەکانی لەکورد و عەرەب و فارس و تورك و میللەتانی جیاجیا بوون ، بەپیّی هەواڵی دوونیا دوای کۆچکردنی لە ساڵی 1997 .. (9) ملیۆن سۆفی هەبووە پیاویّکی گەورە و بەتوانا و پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ زۆرکەس هەبووە ، لەوانە : مەلیك حوسیّن کەئامابوو لەسەرحسابی خۆی بۆبەریتانیا یا هەر وولاّتیّکی تر بینیّریّت بۆ چارەسەرکردن ، لەگەڵ مەللیکی سعودیە و زۆری تری وەکو ئەمیرەکان و قەزافی هتد ... نفوزیّکی گەورەی لەکوردستاندا هەبوو ، پیاویّکی ڕۆشنبیر و بەتوانا وز ئاشتیخواز بوو چندجاریّك داوای لەمن کردبوو بۆ ئاشتی لەساڵەکانی 1980 دا لەگەڵ قیادەی موەقەتەدا لەڕیّگای حاجی دەرویّشی بانەیەو کەیەکیّك بوو لەموریدەکانی بۆیە منیش سەردانیم کردو چوار سەعات پیّکەوە دانیشتین وەمن وەعدم پیّ دا کەئامادەین بۆچارەسەری کیّشەکان ..

بەلاّم بەهۆی ئەو بارە نالەبارەوەو کورەکانی مەسەلەی سوپای رزگاری وعیّراقیان تیّکەڵ کردوو ئەوەش لەسەر شیّخ شتیّکی سلبی و ڕەنگی دایەوەوباش نەبوو هەتا لەکۆچ کردنیدا جمهوری ئیسلامی ئیّران بەرەسمی لەشاری سنە ومەریوان و زۆربەی شارەکان تەعزییەی رەسمییان بۆداناو لەکوردستانی عیّراق و لەتورکیا زۆر جیّگای کەیش تەعزییان بۆدانا.. سوپای رزگاری هیّزی زۆری لەهەورامان وسنەو زۆربەی کوردستانی گرتۆتەوە بەلاّم تیّکەڵبونی جاشی عیّراق وەکو عوسمان عەلی چەتون وزۆری کە کەزەرەری لیّدان.. مەسئولی عومەلیاتی هیّزەکە کاك شەوکەت حاجی مشیر هەڵی دەسوراندو ئەو مەسئولی عەسکەری بوو .. واتا کاك شەوکەت حاجی مشیر مەسئولی سوپای رزگاری بووە هەمووچەك وپارەیەکیان لەعیّراق وەردەگرت.. چونکە کاك شەوکەت حاجی مشیر لەبەرئەوە خزمی ماڵی شیّخ ودایکی کاك شەوکەت کچی شیّخ تەیب برازای شیّخ عوسمانی بیارەبوو..کاك شەوکەت وەکو فیشەك و تفەنگی زۆری لیّ لادەست بۆیەکیّتی هەبیّت و، یەکیّتیش هەربۆ ئەوەیان ناردبوو بۆئەوەی سودی بۆیەکیّتی هەبیّت وکاتیّك بەئاشکرا جاش و موخابەراتی عیّراق تیّکەڵ بون وگەیشتنە بنبەست ..کۆمەڵەی ئیّران لەگەڵ یەکیّتی گەیشتە ئەوەی ئەوە خەتەرە دەبیّت چەك بکریّن.. دیموکرات لەبەرعیّراق نەیدەتوانی کۆمەڵە تائەوکاتە زۆر هاوکاری لەگەڵ عیّراق نەبوو لەسەر بەرنامەیەکی

دیـاری كـراوزۆر لەمەقـەرەكانی كۆمەڵـە چـووبووە پـەنای هێـزی رزگـاری لـە سەرانـسەری كوردسـتانی ئێراندا‌هێزەكەیان ئامادە كردبوو..هێزی یەكێتیش لەكاتی پێوستدا حارزكرابوو، كاك شەوكەت هەندێك چەك وشتی لێ بردبوو بۆسەركردایەتی یەكێتی بەڵام وەكو پێویست نەبوو، ئەو تموحەی یەكێتی كۆمەڵەیش هەوڵی ئـەدا چـەك وشـتەكانی لەدەسـت خـۆی بێـت، لەسـەرەتای سـاڵی 1980لـەمانگی(3) دابەچەكیـشەوە زۆربـەی مەقەرەكانیان چەك كراو هێزی یەكێتیش لەناوچەی مەریوان و باراماوەو سەوڵاداو زۆر جێگای كە چەكی كردن ورزگاری لای هەورامان بۆعێراق و پاشان پوكانەوە.. ماڵی شێخ ئەوەیان زیاتر لەكاك شەوكەت ئەمری جێبەجێ دەكـردوو .. كـاك شـەوكەت زۆرجـار لەگـەڵ عوسمـان و ئـەوان كۆدەبـووەوە . عوسمـان چـەتون مـابۆوە ، ئێمـە هێزەكەمان نارد ڕاویان نانەوە بۆتەوێڵە و بیارە دووسێ كەسیان لێ كوشتن لەجەماعەتی عوسمان چەتون لەبارام ئاواو و دوورۆو ئەوناوچەیە ، لەمانگی 1980/4 دا ئەوان لەگەڵ كۆمەڵە نێوانیان باش بوو ڕزگاری و ماڵی شێخ تائێستا بەكاك شەوكەتی دەزانن ، لەڕۆژی 1980/2/27 لەسنەوەو چوومە سەقزو بۆكان و شەوی 27-28 /1980/2 لەماڵی كاك سەلاح موهتەدی بووین لەبۆكان كاك سەلاح لەئاغاكانی بۆكانەو بەڵام تێكەڵی بەخەڵكی ئەبوو خانووەكەیان یان كۆن بوو كاك س’لاحی تێدابوو ، كاك حامید ی حاجی خالید ڕۆیشت بۆسەرئاوهاتەوە من بانگی كردم وتی : ڕێگای سەرئاوم لەحەوشەكەدا لێ ونبووە وادیارە كاك ئەو حەوشەگەورەیە ی هەیەو بەمن دەڵێن كولاك خۆ هەموو زەویەكانی من لەبەشارەت و تەپەتۆڵەكە بەقەد حەوشەكەی كاك صلاح نابێت ..

كاك سەلاح قیادەی كۆمەڵە دەكات وتم : كاك سەلاح كۆمەڵە نییە وتی : فەرقی چیە باركانی هەمووڕابەری كۆمەڵەن و ئەوشەوەش شەوێكی خۆش بوو زەمی هەمووكەسمان كرد خۆمان نەبێت ن كاك سەلاح زۆریش لەمەسئولینی دیموكرات و كۆمەڵەو مامۆستاكان لە برادەرانی خۆمان وایان تێگەیاندبوون من هەر ئار.پی.جی دەزانم بتەقێنم زۆرجار لەهەندێك سوئالی مێژوویی لێدەكردن هەروا جوابی وایان دەدایەوە من بیزانم یادڵنیا نەبووم ئەوانیش وەكو پێشمەرگە یەكی شەڕكەر و یەكێك لەفەرماندەكانی پێشمەرگە سەیریان دەكردم نەك وەكو كەسێك سەری لەسیاسەت بخورێت و بەدوای ڕووداوەكاندا بگەڕێت و لەدوا ڕۆژدا شتێك گەڵاڵە بكات بۆوون نەبوونی جار جار شتم دەنوسی لای خۆمەوە ئەو كەسانەی نووسەریا كوڵكەنوسەر بوون سەرنجیانمان ڕادەكێشا گۆڤاری سورێنمان لە ساڵی 1983 كاك شێخ محەمەد شاكەلی دەست پێكەرو سەرنوسەری بوو ماوەیەك كاك ئامانجی كوڕی شێخ محەمەد زۆریارمەتی منی دا لەڕووی ئەدەب وو نوسین و زۆرشتی ترەوە ، هانی دام بۆ (تەبع) كردنی ئەوبەرهەمانەی هەم بوو ، یەكێ لەوانە شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوو لەساڵی 1983 دا زۆر كەسیش وایان دەزانی بۆیان نوسیوم ، یاگۆڤاری (سورێن) دوایش (ڕێگای ئازادی) و زۆر موجەلەی كەی كەخۆم شتەكانم لەژێ ر نـاوی جۆراوجـۆر دا دەنووسـی كەسـێك قەناعـەتی نـەبوو منـیش خـۆم نـەدەكرد بـەخاوەنی یابـەناوی جۆراوجۆرەوە ، ئـەو خەڵـكە چۆن لەمەتێدەگات باهـەراوا بگـات وەكـو (خیـام) دەیگـوت : بەهـەرحاڵ ئەوەڕەنگدانـەوەبوو وەبرادەرەكـانی خـۆمـان مـن ئەگـەر هـەروەكو پێشمەرگە یـەك بم ناسـن باشـترە و ئـەوەیش هـەبوو گوایـە جیـاوازی لـەنێوان كەسـێكی سیاسـی و كەسـێكی عەسـكەریدا هەیـە ، كـەمن ئەمـەم تێپەڕاندبوو (11،12)ساڵ مەسئولی لق بووم مەسئولی عەسكەری سنوری لق بووم سەركەوتوویش بوم لەكارەكان مـن ئـەو بابێینـە سەرباسـەكەمان .. كـاك صـەلاح پیـاوێكی ڕۆشـنبیر و بنەماڵەیـەكی ناسـراوی ناوچـەی بۆكـانن وەدڵسۆزی میللەتەكەیەتی و واقیعانە بیرئەكاتەو ..

له1980/2/28 لەبۆكانەوە بۆمهاباد و شەو لەئۆتۆمبیلێك مابنەوە من دەستم شكابوو بەگچەوە بوولـەملم دابوو لەبەردەم ئوتێلەكە كاك ملازم تاهیرم بینی یەكەم جار بوو چووم بۆمـەهاباد ، من زیـاتر مەشغوڵی كـاری شۆڕش

بووم لەسنوری خۆم بەپێچەوانەی ئەوانەی هەمیشە لەشارەکان دەگەڕان و سەردانی خەڵکیان دەکرد منیش پێم خۆش بوو بۆسەردان بکەم بەڵام سودی هەبێت لەوکاتەدا .... کاك تاهیر هات بەدەممەوەو چاك چۆنی گەرمم و منیش هەندێك پێشمەرگەم بینی دەعوەتی کردین لایدایە لامان ئاوالەوێوە بۆیەکەم جار خاڵەحاجی پێی ناساندم مەرحەباییەکمان کرد بۆیەکتر ناسین و خاڵەحاجی و جەماعەت وەستابوون سەیریان دەکردم دوای خاڵەحاجی پێی وتم ك پێمان ناخۆش بوو بریندار بوویت چونکە ڕێگای هێزەکانت نەئەدابێنە ئەوناوچانە .. من ڕۆیشتم بۆبازاڕ بۆ یەکەم جار بوو ساڵی 1980 خەیار ببینم و هەرزوو ناردم نیو فەردە خەیار بکڕن زۆرحەز لەخەیاربوو جارێك دەچوومەوە ناردم بۆفیشەك بۆلای کاك سوارەئاغا عەباس ئاغا ئەو کاتە من لەخۆشناوەتی بووم لەدۆڵی بالیسان .. تبوی جارێك ئەو دووفەردە خەیارەی بۆبەرن لە فیشەك پێویست ترە بۆئەو ، ئەوەیان گرنگ ترە چونکە چاوی لێ بوو ..ڕۆژێکیان فەردەخەیارم خوارد لەپڵنگان عەزیز بەگیش لەوێ بوو ..

لەڕۆژی 1980/2/29 لەمهاباد بۆسەردەشت و هەرلەوێشەوە بۆ ناوزەنگ و شەولەمقەڕی کاك کەمال خۆشناوبووین ، لەڕۆژی 1980/3/2 چووینە زەڵێ بۆخەستەخانە دکتۆر شادمان لەوێ بوو دکتۆر بوو بستێك ڕیشی هەبوو تا چۆکی ئەژنۆی پوزەوانە زەنگ زەنگڵەکەی هەڵکێشابوو گۆڵەنگ پوزەوانەکەی لێ بەردابووە وەتووکی سەری درێژ ، هەرلەدکتۆر نەدەچوو لەڕەسمی جیڤارا و شتی وا دەچوو ، دکتۆر شادمان دکتۆرێکی باش و دڵسۆز و خەستەخانەیەکی دروست کردبوو تەختەی خەوتنی هەبووعەمەلیاتی دەکرد لەگەڵ کاك میران فواد مەستیدا هاتبۆوە وابزانم برای یان خزمی ئەویشلەچیکۆسلۆفاکیا کۆن دەژیا لەوێ .. تەدوای و سەیری برینی دەستمی کرد و دەرزی و حەبی بۆکردم لەڕۆژی 1980/3/3 دەعوەت بووین لە مقەڕی کاك ملازم عومەر لەناوزەنگ لەسەرەوە بوو بەدەملکەی لای زەڵێ و لە 1980/3/4 کۆبوونەوەمان بوو لەگەڵ سەرکردایەتی ، لە ڕۆژی 1980/3/5 چووینە گوندی پیراو حەیوانێکمان بە (16)دینار کڕی بۆئەوشەوە لەگەڵ پێشمرەگەدا ... لەشەوی 6-1980/3/7 لەمقەڕی مامۆستا جەعفەر بووین ئەوشەوەی قسەمان زۆر کردوو مامۆستا جەعفەر دیاربوو ئەویش لەگەڵ کاك نەوشیروان و هەندێك لە کادرەکان ڕێك نەبوو ، شەوی 7_1980/3/8 لەمقەڕی کاك عەلی عەوێز لەناوزەنگ دەعوەت بووین قسەی زۆر کراو شتی باشمان باش کردوو ئەویش ناڕازی لەکۆمەڵە و مەجالی نیەیە و لەوبابەتە ، کاك عەلی عەوێز پیاوێکی باش و دڵسۆزبوو ئەو خاڵە سەید مەجید لەو کەسانەبوون هەندێك لەبڕیارەکانی کۆمەڵە بۆ لەناوبردنی من بە تایبەتی لەمانگی 1981/12 دابە منیان وتبوو منیش بەهێز و مەفرەزەوە چوومە کۆبوونەوە و نەخشەکەی ئەوان پوچەڵ بووەوە کاك عەلی عەوێز لەشاربوو لەکۆیە کەبزوتنەوە جیابوەوە داوایان کرد بێتەدەرەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا ئەوبزوتنەوەیان پێ دروست کرد بەناوی باڵەچەپەکەوە کۆمەڵە دژی بوون پێیان دەوت باڵە گۆجەکە زۆر لەبرادەرانی کۆمەڵە دەیانوت کاك علی عەوێز هاتبوو خوا خوای بوو بکەین بەکارمەند لەئیزاعە خۆی دەیوت دەنگم بۆسەرئیزاعە خۆشە لە

ژی بزوتنەوەوو کاك ڕەسوڵ مامەند ڕۆژی دوایی بوو بەئەندامی (م.س) یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو بزوتنەوەیە کەردوست کرابو کۆمەڵە ئەوشتانەیان بۆدروست ئەکرد بەتایبەتی کاك مەلابەختیار زۆری دژی بوو .. لەڕۆژی 1980/3/9 کۆبوونەوەی مەکتەبی عەسکەری و ئامر هەرێمەکان فراوان بوو لە ڕۆژی 1980/3/10 و 3/11 کۆبوونەوەی فراوانی هەرێم و سەرکردایەتی دەربارەی پیلانی نوێ بۆهەولێر و بۆناوچەکانی کەو دەست بەکاری عەمەلیاتی عەسکەری و شتی واکاك مستەفا چاوڕەش تازەببو بەئامرهەرێم (5)ی قەرەداغ لەجێگای شەهید سیروان و کاك سامان جێگری بوو کاك بەکری حاجی سەفەر ئامری هەرێمی 3 بوو کاك جەمالی عەلی باپیر جێگری هەرێمی چواربوو تازە بەتەمای ئامرهەرێمی چواربوو ، ئەوەبوو کاك

مەلابەختیار کاك حەمەی مام سەلامیان بەزۆر دەرپەڕاند وەکو ئەوانەی بزوتنەوە لەناویەکێتی دا زەمینەیان بۆ خۆش بوو بەچەپ و ڕاست کەوتنە گیانی بزوتنەوە کاك جەمال بوو بەئامر هەرێم کاك شێخ عەلی یان کردبوو بەئامرهەرێمی (8)ی دەشتی هەولێر ، بەڵام کاك نەشویروان و مام جەلال قسەیان کرد لەسەروەزعەکان چی بکەن باشە چەند ڕۆژبوو مام جەلال دەیوت کێ دەڕوات بۆهەولێر کەس قسەی نەدەکرد چونکە یەکێتی لەهەولێر شکابوون (200)کەسیان لەگەڵ خالەسەید مەجید و کاك سەلاح چاوشین ناردبوو لەنازەنین خەوتبوون هاتبوونەسەریان و لێیان تەسلیمیان ببون هەمویان تەفروتونا کران مەسئولەکان بەپەلە پروزە دەربازبوبون خۆیان بۆسوعبەت باسیان دەکرد کەقەناسەکەی سەید کاکە چۆن بەدوایاندا گەڕاوە و کاك محمود بەنزین لەکیسەخەوەکەیدا لەکاتی تەقەدا هەرچی کردبوو زنجیرەی کیسە خەوەکەی بۆنەکرابووەوە .. وەنیوەیان پێڵاوەکانیان بەجێ هێشتبوو غازی ناوێکیان پێان دەوت غازیەکوێر ئەویش چوبوە ناو سۆسیالست لەوشەڕەدا سەیدسەلیم ڕەواندزی و ئەحمەخان و عبدالله بۆر ئەوکات جێگری هەرێمی 12بوو ، وەمەلا بەکر بەشداربوون .. شەید کاکە هاتبوە نازەنین وتبوی ئەرێ ئەوصلاحەلەکوێیە سلێمانییە وەهاتوەلەگەڵ سەیدمەجید قۆڕی بەقەد دووپەنجەیە واتا زەعیفە و دەستی باریکە .. لەنامەی کاك نەوشیروان بۆکاك سەید کەریم کەلەمەڵبەندی چوار گیرا دەڵێت شاخەوان بەکەڵك نایە چونکە لەحسك دەترسێت واتا هەرکەسێ شەڕی حسکی نەکردبایە کاك نەشیروان بەترسنۆکی باسی کردووە ، لە نامەیەکدا خەڵکی ئەوناوچانە پشتیوانیان لەسۆسیالست دەکردوو هاوکاریان دەکردن ، هەربۆیەش کەس نەیدەوێرا بڕواتە هەولێر کە هەولێرجێگایەکی گرنگ بوو مەفرەزەی یەکێتی ئەگەر تاکۆیە بڕۆیشتایە ئەوە زۆر بوو زانیم هەمووشتەکە لەدەوری من دەگەڕا داوایان لەکاك مستەفا کرد ووتی من ناڕۆم بەڵام بیست پێشمەرگە دەنێرم و کاك بەکریش دەیوت ناوچەی من پێشمەرگەی پێویستە و کاك جەمالیش کەسێکی وای نەبوو کاك سوارەئاغا یان بەعەشایەر و یاهێزەکەی ئەوشەڕناکات ڕێگای عبدالله سوورو ئەوان نەدەن و عەشایەرن و لەوبابەتانەوتیان پێویستە ئێستا قیادەی موەقەتە و سلێمان بیرێژن لەوسنورە یە بەناوی لێدانی سلێمان بیرێژییەوە هێزبنێرن و ئەگەر سۆسیالست خۆیان لادا تووشی شەڕ نەبین و لەگەڵیان شەڕی هەردوولا پێکەوەناکرێت و کاك نەشیروان وتی : کاك ملازم عومەر بەڵکو کاك تاهیر ئەوان حسك ببینن و ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ بکەن تاقیادەی موقەتە و سلێمان دەخەن بەلایەکدا دوای ئەوەشەڕی حسك دەخەینە گۆڕی بابیانەوە کاك جەمال ئاغا و کاك عومەرشێخ موس دانیشتبوون من و کاك ملازم عومەر و کاك نەشیروان بووین لە مقەڕی خۆی واڕێکەوت ئەوکات من عوسمانم لەبلەکێ چەك کردبوو وتیان لەگەڵ ئەوان موقەت شەڕ بوەستێنن ، من لەئاخیر ڕۆژدا وتم ئەوهێزەی لەخۆشناوەتی چەندە ئەیانووت قیادەموقەتە وتیان سلێمان بیرێژی دەوری (35)تا(40)کەسی دەبێت وتم ئەگەر زۆرن با هێزێکی (200)پێشمەرگەبەرم ، ئێمە (350)پێشمەرگەمان هەبوو ئەو کاتەبەچەکەوە وتیان نەوەڵا ئەوەندە نابن تۆ(50) پێشمەرگە و قەرەداغ(50)پێشمەرگە و ئەوانەی هەولێر ئەوناوەیش(50)دەبن (150) پێشمەرگە لێشیان زیادە وتم ئەگەر هەر (35)تا040)بن من (70)پێشمەرگە دەبەم بەهەرحاڵ هەموویان خۆیان دەشاردەوەو ووتیان هەرکات تۆگەیشتیتە خۆشناوەتی ئەوکات دووکەس لەسەرکردایەتی لەگەڵ هێزێك دەنێرین بەڵام تۆ نەڕۆیت کەس نانێرین . وەعدم بڕۆم بۆهەولێر وسەرەتا بۆخۆشناوەتی وهێزجێگیربکەم ، ئەوکاتە بڕۆمەوە ئەویش لەبەرخاتری مام جەلال کەمن ڕۆیشتم .. بەڵام چەند بۆچونێکی جیاوازهەبوو .. یەکێتی لەهەولێر کەسی نەبوو کاك شاخەوان و مەفرەزەیەك هەبوو وەئەوهێزەترسابوون لەسۆسیالست نەوێران بڕۆن وەئەوکارەش تەنها بەمن ئەکرا کەئەوکات مام جەلال و کاك نەوشیروان و کاك ملازم عومەر بەڕاشکاوی باسیان کردبوو وەلەنامەکانیاندا ئێستا وادەرەدەکەوێ جا

ئەوسەرکەوتوبم بۆیەکێتی باشە وەئەگەر سەریش نەکەوم ئەوە زیاتر زەمینە بۆکۆمەڵە خۆش دەبیٚ دژی من وەکو کاك ئاسۆ کاك ڕەوف وتبووی ئەو ئەکوژیٚ و تۆئەکەین بەجێگاکەی ... یاتامن دیٚمەوە ئەو بەرنامەی کاك سالار و کاك مەلابەختیار دایاننابوو کەکاك ئەبوشەهاب و کاك ئاسۆ وئ ەوکۆمەڵە کادرەی کۆمەڵە لەویٚ بوون جیٚگیربکەن و بەئارەزووی خۆیان تەرتێنی تێدابکەن .. بەڵام کۆمەڵە وایان دانابوو کەسیان لەگەڵ من نەیت بۆهەولێر و خۆیان بشارنەوە تامن دەگەڕێمەوە ئینقلاب بکەن بەقەناعەتی خۆیان من گویٚم نەلەمەسئولیات بوو نەلەوخەڵکە دژی من بوو من خۆم دەناسی و ئەوانیشم دەناسی بڕیارم دا هێزێك بەرم (100)پێشمەرگە کەمترنەبێت لەوانەیش ئامرکەرتەکان

1) دلێرجاف
2) مەحمود زەردۆیی
3) حەمەڕەشید گرێزەیی
4) غەفور دەرەشیشی
5) حەمەی حەمەسەعید تەوێڵەیی
6) مەلاجەبار
7) حمەی صالح دەولچەتیار .

لەگەڵ مەفرەزەکەی خۆم کەجەمال ناوگردانی مەسئولیان بوو بەڵام بەسەرکردایەتیم ووت بەمەرجێك دەڕۆم هەموو شت بەئارەزووی خۆم بکەم و کەس دەست نەخاتەئیش و کارمەوە و من بۆشەڕ دەچم ئەوانەی کۆمەڵەبوون و دژی من کاریان دەکرد ئەوەیان بەسەرکەوتن دەزانی کەمن دەڕۆم و وتیان تائێستا هەرچی چووە بۆهەولێر سەرکەوتوو نەبووە ئەگەر کوژاروە ئەوەباشە ، ئەگەر شکا هەرابشە ، ئەگەر هاتەوە ئەوەش ئەوماوەیە دوور بووە کاری خۆمان دەکەین ، کاك ئاسۆی شێخ نوری و ئەوان بەکاك ڕەووف خەلیفە سەعیدیان وتبو کەجێگری فەرماندەی هەرێمی یەك بوو ئەو ڕۆیشت و دەکوژرێت تۆ دەکەین بەئامر هەرێم لەجێگاکەی وەئەگەر نەکوژراو هاتەوە پشتیوانی لەتۆ دەکەین بۆئەوەی ئەو نەگەرێتەوە بۆهەرێمی یەك، وادیاربوو مسۆگەریان کردبوو من دەکوژرێم ئەگەر لەشەریش نەبێت هەرخۆیان بمکوژن ، بەهەرحاڵ لەرۆژی 1980/3/12 کۆبونەوەم لەگەڵ مەکتەب عەسکەریدا بوو لەسەر جیاکردنەوەی سنوری هەرێمەکان ..ئێمە سنورمان لەگەڵ قەرەداغ وهەرێمی (3) دا هەبوو لەو رۆژە سنور بەم شێوەیە، لەدۆڵی رەشان و بۆزان و توتمان و ناڵپارێزو بۆقوڵچی ودۆستەدەرە ومۆریاس و بۆعەربەت وجادەی سلێمانی – دەربەندیخان..لەولاشەوە تەوێڵەو زمناکۆ و بەمۆ بگرێتەوە و سنوری هەرێمی یەك بێت هەرئەو رۆژەش لەگەڵ کاك سالار ئاشتمان بووەوەو ئێوارەش دەعوەتی بوین لەماڵی مام جەلال ئیتر کاك سالار ناچاربوو مل بداتە فەرمانەکانی مام جەلال وەلەکۆبونەوەکان قسەی سەیر دەکراو چی بکەین وشەر چۆن بکرێت ونارازی بون لەسەرچەك کردنی عوسمان قادرمنەوەر چونکە بەرنامەی هەولێر هەبوو بۆقیادەموەقەتە نەك لەبەر چەك کردنی کەحەزیان دەکرد خۆیان بیکەن نەك من، کاك صلاح مهندیس ووتی ..مام جەلال من سوئالم هەیە، مام جەلال وتی فەرموو.. بۆئێوە پشتیوانی لەکۆنە جەلالی و مەلاییەکان دەکەن؟ مام جەلال سەیری منی کردو وتی .. ئەوە کاکە حمەی حاجی محمود نەجەلالی بووەو نە مەلایی ئێستا فەرماندەی گەورە ترین هەرێمی یەکێتی یەو پشتیوانی لیٚ دەکریٚ، کاك صلاح وتی وانیە.. منیس وتم بەڵیٚ وایە ..کاك نەوشیروان وتی .. کاك صلاح ئەو کاتەی جەلالی ومەلایی و بوو تۆمناڵ بویت ئەگینا جەلالی دەبوی یامەلایی ئێمەش هیچ شتێکی تر نەبوو بۆیە یەکیٚ لەوانە بوین ئیتر دانیشتوان پێکەنین و کۆتایی

پێ هات، زۆریان باوەریان وابوو من لەو سەفەرە کۆتایم پێ دێت وناگەرێمەوە، بەلاَم من لام زۆرئاسان بوو، مام جەلال ئەو شەوە قسەی لەگەڵ کردم و وتی ئەو سەفەرە یەعنی بوژاندنەوەی یەکێتی یە لەهەولێر کاك نەوشیروان زۆرباسی گرنگی سەفەرەکەی منی کردوو لەنامەیەکیشدا دەڵێت تۆپێشمەرگە یەکی ناوچەیی نیت جگەلەگەورەترین سەرکەوتنت بۆیەکێتی ی بەدەست هێناوە ، بۆخۆشت شارەزابوون و شارەزایی پێشمەرگەکانتان بینینی ئەوناوچەی جیاجیا ئەهەمییەتێکی تایبەتی هەیە و زۆریش وەسفی من و سەفەرەکە و بوژاندنەوەی یەکێتی لەهەولێر دەکات ، من دەستم شکابوو لملمدا وەزعی سحیم باش نەبوو بەلاَم وادیاربوو لەکۆبوونەوەکەس بەگوێی مام جەلال ناکات داوای هێز بۆناوچەیەك بکات و کەس نەچێت یابشکێت وزۆری لەبەرمام جەلال بریارمدا ئەو سەفەرەنارەحەتە و ترسناکە بکەم . لەرۆژی 1980/3/13 لە ناوزەنگەوەگەرامەوە بۆشارەزوور و هەورامان لەرۆژی 1980/3/14 لەکونە مشك و بێوارانی سەرو وخواروو سەردەشت و بۆمهاباد و بۆکان و لەبۆکان شەو لەماڵی کاك سەلاَحی موهتەدی بووین . لەرۆژی 1980/3/15 لەبۆکان بۆسەقز بۆشاری سنەول ەوێ ماینەوە واتا (35)کم ی بۆکان و سەقز (210)کم ی سەقز و سنەمان بەجێ هێشت و کاك حامیدی حاجی خالید جێبێکی کری کەبە(14هەزار ) تومەن ئەوەامن پێ بوو رۆژێك کاك حامید جێبەکەی لێدەخوری لەسنە شوێنێك هەیە پێی دەڵێن دەوری مەیدان بەنزیخانەیەکی لێبو سەیارەیەك (30)مەتر لەپێشمانەوە وتی بەخوا ئێستا ئەدەم لەو سەیارە هەندێ یا الله یاالله کرد ئێمەوامان زانی سوعبەت ئەکات و ئێمە ئەترسێنێ لەسەیارەکە کەچی رۆیی و دای لەسەیارەکە وتی نەموت ئێستا لێی ئەدەم .. وتمان وتمان باشە بۆئەوەندە عەقڵت پێ ئەشکێ لێ ئەدەیت بۆئیستۆپ ناکەیت لەبەر ئەوە ئەوکاتە لەئێران حکومەت نەبوو ئێمەش چەکمان پێ بوو لێمانداو رۆیشتین .. شەو لەسنە ماینەوە ، شاری سنەپایتەختی ئیماراتی (ئەردەلاَنیەکان)ەو شارێکی کۆن و شوێنەواری ئەردەلانیەکانی ماوەو شوێنی حەزاری کۆن تیایە لەوخانووانەو لەمزگەوتی جامیعەدا کراوە بەمۆزەخانە،

لەشارێکی (300) هەزار کەسییە ، ئاووهەوای خۆشەو بەری رۆژئاوایی چیای ئاریزو ئاوبەروو رۆژهەلاَتی چیای (سەپەتولۆ) گوندی دەنگ خۆشی عەلی ئەزغەری کوردستانییەو ناو شار بەرزایی‌و نزمایی تیایەو هەردەیەو بەکوردی قسەدەکەن و پاش تێکڵەو جێگای سەیرانگای بلواری کرمانشانە ئێستا پارکی مەولەوی و ئاویدەر لێ زیاد کردەوەو ئاوەدانی باشی پێوە دیارەو شارێکی ناودارەو خنجیلانەیەو میللەتەکەش باشە خەریکی ئیش وکاری رۆژانەی خۆیانن و بژێوی ماڵ ومناڵ وکارکردندان و(135) کم رۆژهەلاَتی مەریوانەو سەرچاوەی ئاوی سیروان و هەندێ لەسەدەی قشلاَغ سەرچاوەهەڵدەگرێت ، مەنسوورەی شاعیری بەناو بانگی کورد لەوێ بووەو مێژوو نوس وزاناو مرۆڤی لەوێ بوونەو گەلێك پیاوی دنیاو ئایین وسیاسی‌و رۆشنبیری‌و هونەری نێدا هەڵکەوتووە لەوانە مەردۆخی‌و بنە ماڵە ئەردەلاَنییەکان وەهەمیشە جێگای زانست بووە زۆر لەشاعیرە گەورەکانی کوردستانی عێراق لەوێ خوێندویانە وەکو مەولەوی‌و نالی‌و شێخ رەزای تاڵەبانی و زۆری تریش .. لەرۆژی 1980/3/16 کاك جەلال کوڵکنی‌و مەفرەزەیەکمان چووە خوارەوە بۆ شارەزوورو کاك جەلال مەسئولی پێمەرگەکانی خۆم بوو کاك جەلال پیاوێکی بەئیلتزام وگوێ رایەڵ وخۆراگرو ئازابوو تاکۆمەڵە تێکیان نەدابوو، کۆمەڵێك لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ من بوو تەمەنیان کەم بوو گەنج بوون یان ئازابوون ، یالار سەعید وەڵەسمتی‌و تەها مەلا حەمە مین و جەلال کوڵکنی‌و جەمال ناوگردانی لەو پێشمەرگانە بوون کەدەستەکەی خۆم بوون .. کاك حەمەی حاجی تۆفیق و شێخ خالید شێخ محەمەدو سالَح پارەزانی‌و حەمە سەعیدو زۆری کەیش پێشمەرگەی باش وووریابوون بەلاَم جەلال لەهەموویان بەسەبرتربوو، پێم دەووت لێرە حەرەس بە ئەگەر تابەیانیش کەس

بەدڵی تەکردایە هەر لەجێگای خۆی دەما، شەوی 17-1980/3/18 کەچەکەی دەستم گۆڕی‌و کەمترم کردەوە لەدەستەشکاوەکەم ، لەڕۆژی 1980/3/21 چوومە سەر قەبران لەمەریوان وکاک دکتۆر هەژاریش هات بۆلامان ، کاک دکتۆر هەژار ناوی عبدالرحمن شێخ عوسمانی شێخ مارف نێرگسەجاڕەو تەبیەو هاتۆتە دەرەوە ئەویش کۆمەڵەبوو، کۆڵێك کتێبی بەکۆڵەوەبوو لەباتی دەرمان کوڕێکی باش و دڵسۆزو خۆماندوو کەرو بەتوانابوو من زۆر دڵخۆش بووم بەهاتنی بەتایبەتی لەوکاتەدا ئەویش دەچوونە ژێرکلێشەی بۆ ئەوەی بێتە کۆمەڵەکەی ئەوان کۆمەڵەکەی کاك شەهاب وکاك ئاسۆو کاك شاهۆو کاك سالارو کاك کاك مەلابەختیار .. چونکە پێش تریش ناسراوی لەنێوان بنەماڵەی هەردوولاماندا هەبوو.. لەڕۆژی 1980/3/24 لەگەڵ کاك شەوکەت وکاك تامین چووین بۆسەر زرێبار بەستبووی خەڵکی بەسەریدا هاتوچۆە دەکرد ئێمەش هەندێ ڕەسممان گرت لەوێ کەتاکو ئێستا ماوە . لەشەوی 24-1980/3/25 لەگەڵ کاك حامیدو کاك محەمەدی حاجی سابیر چووینەوە بۆ بەردە ڕەشەی لای مەریوان ، لەڕۆژی 1980/3/25 لەماڵی کاك محەمەدی حاجی سابیر لەبەردە ڕەشە دەعوەت بووین باسی سەفەری هەولێرمان کرد، ووتیان وەڵا حەق نییە تۆبڕۆیت لەم کاتەدا ، لەڕۆژی 1980/3/26 کاك مەلا محەمەدی جوانڕۆو کاك ئەبو تارام دی لەمەریوان کەئەو کاتە مەسئولی عەسکەری حزبی دیموکرات بوو، کاك ئەبوتارام لەحزبی شیوعی عێراق بوو بۆهاوکاری و کۆکردنەوەی چەك وپێویستی بۆحزبی شیوعی و حزبیش سوودی لێوەرگرت.. حزبی دیموکرات کەسی وای نەبوو سەرپەرشتی تەشکیلاتی عەسکەری حزبی دیموکرات بکات بەهۆی نزیکە لەنێوان حزبی شیوعی‌و حزبی دیموکرات بەتایبەتی مامۆستا کەریمی حسامی دوایان لەحزبی شیوعی کردبوو کەکسێکی شارەزاو بەتەجروبەو بەتواناو لێهاتوو بدەن بەحزبی دیموکرات هەر بۆیە حزبی شیوعیش کاك ئیبراهیمی صۆفی محمود هەڵەبجەیی (ابوتارا) یان ئیخنارکردولەوێش ناویان نا مەلامحمدی جوانرۆ..

کەلەکارەکەیدا سەرکەوتوبوو بۆحزبی دیموکرات وەگەورەترین خزمەتی حزبی شیوعی عێراقی کرد لەپێویستییەکانی سەربازی هاوکارییەکی بێ سنوری حزبی شیوعیان دەکردلەچەك وجیهازو پێویستی بۆحزبی شیوعی ، کاك ئەبو تاراش خۆی پیاوێکی بەتواناو موقنیع وشارەزایە ،لەشوی 29-1980/3/30 لافاو لەمەریوانی داو لەزۆرجێگاوە یان سەیارەبردوو شکاندو چەندین ماڵ ڕووخان وزەرەرێکی زۆری لەخەڵکی داو خەڵی ئاو خنکاندبووی، هەر ئەم شەوەی واتا 29-1980/3/30 لافاو لەدۆڵە چەوت وزەردۆیی داو لەزەردۆیی کاك ئەحمەد قەویلەیی فەرماندەی کەرت وسەلام شێخ شێخ محەمەد کەوڵۆسی‌و کاك فایەق گرێزەیی ئاو بردنی‌و هەر کاك ئەحمەد نەدۆزرایەوە .. کاك ئەحمەد کوڕێکی باش ولەعەشیرەتی قەویلەیی بوو لەوانەی لای ئالسیاو جێگری کەرتی کاك تاهیری حاجی عەزیزو دوایی بوو بەفەرماندەی کەرت و کوڕێکی گوێڕایەڵ وگورج وگۆڵ وبەتوانابوو لەو شەوە ئاوبردی زەرەر بوو لەوکاتەداو لەگەڵ کاك ڕەوف لەجەولەدابوون ، لەڕۆژی 1980/3/28 مەفرەزەی کاك عومەری قادر گوڵباخ ومەحمود گەرمیانی تازە هاتبووە دەرەوە لەدوای کوشتنی فایەق مامۆیی کەعەشایەر بوو لەماڵی خۆی لەگوندی مەحمود خانی شارەزوور بەبڕێ پارە کوشتیان کەپێشتر دوو ئامر کەرتی کۆمەڵەبوون تەسلیم بوونە وە.. پاش ماوەیەك هاتنەدەرەوە سەیتەرەیەکیان دانابوو لەنێوان چەوتان ودۆڵە سووردا کوڕەکانی مەجیدخانیان گرتبوو هێنایان و کوڕی مەجیدخان بەختیارم دی‌بوو لەمانگی 1977/9 دا چووبووم بۆشلێر لەڕۆژی 1977/9/27 لەگوندی دارۆخان کاك بەختیارم بینی بەڵام ناویانمك لەیەك نەدەکردەوە جگەلەکاك بەختیارو کاك دارا کوڕێکی باش وهاتبوون چەك هەڵبگرن دژی ڕژێم ، بەڵام لەگەڵ برادەرانی پاسۆك کاك جەلالی حاجی حسێن دا بۆ ئەوەیش بیروباوەڕی ئازاد بوو... بەڵام کاك بەکری حاجی سەفەرو کاك سالار

پێیان خۆش نەبوو کەئاغایەو یەکێتی نییەو شکیان هەبوو لەگەڵ ساواك و پارتی پارتی پەیوەندییان هەبێت .. لەئاخری مانگی 1977/12دا مەفرەزەکەی کاك بەکری حاجی سەفەریان چەك کردو کاك جەمال خەمەی خواکەرەم و ئەو برادەرانەبوون قوەتیان بۆناردن ئەوانیش چوونەوە پێنجوێنلەوێش ئەوان لەشلێر بوون کاتێك هێزەکان لە شلێر کۆبوونەوە جەماعەتی کاك بەکر دەیان ویست تۆڵەی خۆیان بکەنەوە .. لە1987/2/12 مەفرەزەیەکیان نارد لەپێنجوێن بەختیاریان کوشت کەحەق نەبوو بیکوژن.. بەختیار کوڕێکی ناسك وگەنجێك بوو سوودی لێوەردەگیرا ، بەڵام کاك بەکرو ئەزوان هەر دەترسان لەبراکانی تۆڵەیان لێ بکەنەوە ، مەفرەزەی ئێمە گرتبوونی سەرەتا نەی ناسیبوون وایان زانی بوو هەر چەکدارەو گیراوەهەر هەر لەوێش سەیارەکەیان سوتاندبوو کەهێنایان دەیان ووت ، تەسلیم بەکاك بەکر بکرێن وئەوانیش دەترسان کەبیان کوژن خەڵکی ناوچەکەو خزمیان هاتن بۆلای من خۆمان سجنمان نەبوو لای مەریوان سجن بوون من چاوەڕێی سەفەری هەولێربووم هەر تاخیرم دەکرد ، کەسوکارو خەڵکی زۆرهاتن بۆلام وداوایان لەمن ئەکردو ئەیانووت.. ئەگەر دەیان کوژیت یان بەریان ئەدەیت هەر خۆت بیکە، یەکێتی دەیویست بەپارەبەربن وهەندێ ڕەئی وابوو بکوژرێن مانەوە تامن گەیشتمە ڕەزڵە لە 1980/5/4 ئەو ڕۆژە لەڕەزڵە خەڵکی زۆرهاتن بۆلام نامەی خوالێخۆشبوو شێخ عبدالقادری چوێسەیان هێنا بوو بۆم ووتیان ئەگەر تەسلیمی یەکێتی یان کاك بەکری بەکیت دەیان کوژن ، لەڕۆژی 1980/3/31لەمەریوان بووین لەگەڵ کاك شەوکەت سۆسیالست بوو ، هەر ئەوڕۆژەش هەندێك خزمان لەدیواندەرەوە هاتبوون کەلەکۆنەوە خزمانن ونەیان توانیوە سەردانمان بکەن ، لەڕۆژی 1980/4/3 ماڵمان لەمەریوزانەوە بارکرد بۆبەردەڕەشە ، لەڕۆژی 1980/12/1تا 12/12 خۆپیشاندان بوو لەهەڵەبجە، خەڵکی هەڵەبجەو خوێندکاران ڕاپەڕین لیڕۆژی 1979/7/11 دوو پێمەرگەمان دانابوو خالید ئەحمەدو غەفورمحەمەد لەحاجی ئاوا دەژێ دوو نارنجۆك دەستیان هاویشتە ئیڤایەکی سەربازی لەسەر جادەی سەرشەقام لەسەعات 10ی سەرلەبەیانی سەیارەکە بەتەواوی شکاو سەرنشینەکان کوژران . تائێستا نازانم ئەو دوو پێشمەرگە سەربازییە وونن یان نەماون ، پێی دەچێت غەفور بوو بەپێشمەرگە و لەکەمینی جاشدا شەهیدبوو لەمەسەکانی حاجی مەحمودو هەواڵی خالیدمان نیە . لەڕۆژی 1979/7/11 پێنج تەیارەی هەلیکۆپتەر چووەسەردەریاچەی (دەربەندیخان)و قەسفی هاولاتیانی کردوو دوو خاوەن بەلەمی شەهید کرد یەکێکیان عزەت عبدللە خەڵکی جەردئاسنەو ناوی ئەویانم لەبیر نەماوە ، شەڕی توتمان وکانی سەیف پێشتر باسم کردووە لەڕۆژی 1978/1/12 شەڕ دەستی پێکرد لەچەڵەیو کانی سەف وەکوڵیتان.. لەڕۆژی 1977/2/19 شەڕی میری سوور 11تراکتۆری لەمەعمەلی شەکرەکەی سلێمانی لای سەید صادق وگامێش تەپە هێناو سەیارەکمان لێ گلدانەوەو بریندارێك وچەند جەنازەیان لێ جێمابوو شەڕێکی گەورەبوو لەناوچەکەدا حکومەت بشکێت تێیدا .. لەڕۆژی 4-4تا 1980/4/8 لەمەریوان بووین لەڕۆژی 1980/4/9 کۆمەڵەو سوپای رزگاری لای ساوجی شەڕیان بوو، لەڕۆژانی 1980/17/16 مامۆستا شێخ عزالدین لەناوچەی مەریوان بوو کۆبوونەوەی بە خەڵکی ناوچەدەکردوو، کۆمەڵەش سوودیان لێوەردەگرت و،ئەویش باسی مارکسیەتی بۆدەکردن، بەڕاستی مارکسیەت وتەمەنی مامۆستاو بەپێی زەمینەی زۆرو نەگونجاو بوو کەشۆڕشی ئیسلامیش لەئێران بوو نازانم مامۆستا بۆ وای دەکرد وچی هانی دەدا بۆئەو کارەی کەزەرەری زۆرتر بوو لەقازانج ، هەرلەدیموکرات و جەماوەرەوە تا زۆری دەرەوە بەجمهوری ئیسلامیشەوە ، شەوی 1980/4/19 قیادە موەقەتەمان بەدرێژایی گوندە کانی ئەسکۆڵەیو سیاناو کانی کەوەو پیران وبۆسورێن و کانی سەیف ڕاومان نان وئیتر ئێمە ماندوو بوین ئەوەندە بەدوایاندا ڕاماندەکرد، لەڕۆژی 1980/4/20 لەولەژێر بووین شەوی 21-1980/4/22 لەبەردەڕەشە بووین لەماڵی خۆمان هەندێك

لەگەچەکەم لەدەستی خۆم کردەوە ، سەعات 30 9.شەو بوو،لەڕۆژی 1980/4/22 کۆبوونەوەمان بوو لەگەڵ کاك مەلابەختیارو جەماعەت بەعام دژی حەمە شیرەمەرو عومور قاینەیجەییو هەرەشەی کوشتنیان لێ دەکردن لەگەڵ ئەوانەی کۆمەڵە هەندێك عاجزیمان بوو من بەجێم هێشتن و ڕۆیشتم کاك رەوف هاتو ووتی چییە ، ووتم تاقەتی ئەو عەقڵیەتەمناڵانەی کۆنەڵەم نییەو هەر پێشمەرگایەتی ناکەم من نەگەیشتمەوە لەکانی سانان مەحمود زەردۆیی و حسێن خەلیفەو ئەحمەد زەردۆییو زۆری پێشمەرگەکان هاتبوون بۆلای من وئەوانیان بەجێ هێشت .. کاك ئاسۆی شێخ نوری نامەیەکی بۆمن نوسی بوو ئەڵێت تکایە بایەك ببینین وپێشمەرگە تووشی کێشەنەبێت خۆشت تووشی هەڵە مەکە.. نامەکەیم زۆرلا سەیربوو لەڕۆژی 4/24تا1980/4/27 هەر لەمەریوان بووم و تەقو تۆقی تاکەتاکە هەبوو ، لەبەینی کوردو ئێراندا ، لەڕۆژی 1980/4/29 جیهازەکەمان تەسلیم بەکاك مەحمودی سید علی کردو بۆچاککردنەوە چونکە زەرووری بوو لەڕۆژی 1980/5/1 لەبەردە ڕەشەوە بۆ ئاسناواو بۆکوێستانە واتە لای توتمانەوە تازە دیو هەر لەم ڕۆژانەدا مام جەلال لەتاران بوو ،قسەیدەکرد لەڕادیۆی کوردی .. کوردی ئێرانیش دژی چوونی مام جەلال بووبۆ تاران دەیان ووت یەکێتی ئێمەی تووشی شەڕکردو خۆیان دەشارنەوە ، کاك ملازم عومەر نامەی نووسیبوو زەرورییەو سەفەری هەولێربکەم منیش زۆرم لەو هێزانە دیاری کرد وەکو فەرماندەی کەرت مامۆستا شاهۆو مەحمود گەرمیانی و هەندێکی کە بەڵام خۆیان دەشاردەوە نەدەهاتن یان بۆئەوەی کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن ..لە1980/5/2 چووینە چەوتان وکەولۆس و دۆڵە چەوت ولەوێ ماینەوە ؟، شەوی 2-1980/5/3 لەوێ بووین ، لەڕۆژی 19809/4/21 مامۆستا بورهان قانع هاتبوو دەرەوە من چوومە ماڵەوە لەوێ بوو نەم ناسیەوە لەبەردەڕەشە قسەی کرد نایەمەوەو ئەو چەند ڕۆژەپێکەوە بووین سەردانی گوندی دۆڵاشمان کرد کەگوندی کۆنی خۆیان بوو ئەویش ووتی دەچم بۆسەرکردایەتی بەڵام لەتۆبڕ نابم، تادەم نێریت منیش زۆرم پێ خۆش بوو پیاوێکی ڕۆشنبیرو دڵسۆزی والەو تەمەنەدا کوڕی مامۆستا قانع وخۆشی جێگای تایبەتی هەبوو لەناو ڕۆشنبیرو ئەدەبی کوردیدا زۆرم پێ خۆش بوو .. بۆیە زۆر ڕێزم لێدەگرت وهەر پێکەوە بووین لە1980/5/3 لەڕەزڵە بووین هێزەکان کۆبوونەوەو لەسەر داوای سەرکردایەتی کوڕەکانی مەجید خانمان هێنابوو کەرەوانەیان بکەین و هەموو خەڵك و ڕیش سپی ناوچەکەیش هاتبوون بەری بدەین وئامر کەرتەکانیش هەر حەزیان دەکرد بەریان بدەین ، ئەوانیش پارەبەشوڕش بدەن، لە1980/5/4 هەر لەڕەزڵە بووین بۆ ئەو کوڕانەی ووتیان تەسلیم بەکاك بەکر بکرێن دەکوژرێن (15) هەزار دیناریان هێنابوو هەرلەوێ پێش ئەوەی بەڕێ بکەوین بەم شێوەیە تەسلیم مان کرد بەو هێزەی بەڕێگاوەیوون (3) هەزار تەسلیم بەمحەمەد سالح و(3)هەزار غەفور دەرەشیشیو (3)دلێر جاف کران، لەگوندی حاجی مامەندە بەئامادەبوونی هەموو ئامر کەرتەکانی (12) ئامرکەرت بوون ئەوان گەڕانەوەو قوەتەکە لە لەحاجی مامەندەبوو.. لەئێوارەی 4-1980/5/5 کۆبوونەوەمان بەگوندی حاجی مامەندە

لەڕۆژی 1980/5/5 بەیانی زوو بوو دەرچووین لەحاجی مامەند نانی بەیانیمان بردە شۆکێ هەرلەوکاتەدا (مام جەلال) و کاك ملازم عومەر نامەی بۆمن ناردبوو دەڵێت پەلەبکە چونکە عوسمانی قادر منەوەر لەدۆڵی جافەتی دایەو ئێمە باوەڕمان بەجەمال عەلی باپیر نییە هیچی پێ بکرێت مەگەر تۆ فریای ئەویش بکەوی، ئێمە لە1980/5/5 لەشۆکێوە بەڕێ کەوتین چووینە کانی دڕکەو (5) بزنمان بۆهێزەکە سەربڕی پارەشمان پێ بوو چووینە گوندی بزەینیان و لەوێ عەلی وەسەت و دوو سێ پێشمەرگەمان وایان زانی بوو وەکو کارەساتەکەی هەکاریە خۆیان شاردبووەوە و گەڕابوونەوە شارەزوور ئەویش ئەوەبوو کادرەکانی کۆمەڵە هەولیان ئەدا کەپێشمەرگەم کەم لەگەڵ بێت بۆ هەولێر من لەوزێ سەرکەوتوو نەبم ئەو جەولە دوورو درێژە بەپێ لە هەڵەبجەو

هەورامان وشارەزوورەوە بۆ شارباژێرو دۆڵی نازەنین ودۆڵی بالسیان ودۆڵی ئالانەوە دۆڵی بلەو دۆڵی مەلەکان وزۆرجێگای کەتەنها یەك کادری کۆمەڵەمان لەسنوری هەرێمی یەکەوە لەگەڵ نەهات.. دوایی چووینە گورگە یەرو بۆ سیتەك نانی ئێوارەمان خواردو بۆقوڵەڕەش وبۆ خەمزەو نانی بەیانی و نیوەڕۆمان لەخەمزە خواردو زۆر ماندوو بووین لەحاجی مامەندە بۆ بۆ خەمزە لە1980/5/6 لەخەمزە بووین لای مزگەوتەکە وەستابووین گوێ درێژێك لەبەردەممان بوو.. لالە حەمە بەرنامەیەکی ڕادیۆی کوردی بەغدا بوو مامۆستا بورهان بەلەهجەی شارەزووری بلاوی دەکردەوە... دەعوەتی کردین و قەلێکی بۆ سەربڕین بەبۆنەی مامۆستا بورهانەوە.. لە7-1980/5/8 چووینە قەیوانی سەروو خواروو قوڵە جاخ و سنگرو مێولاکە نانی بەیانیمان لەوێ خوارد، لەخەمزەیش دوو کادرو دۆستی لێبوو کاك ئیسماعیل وکاك حامید بوو زۆر خزمەتیان دەکردین .. جەماعەتی بابەتاهیر هاتن بۆلامان لەمێولا کە (7)کەس بوون ڕێگایان پێ نیشان داین ،چووینە چوخماخ وچووینە مالومە .. لەشەوی 7-1980/5/8 لەگوندی مالومە لەماڵی کوێخا ڕەسوڵ بووین ئەو ناوچەیە لەگوندەکانی دۆڵی جافەتی .. گاپیلۆن و مالومەو قولە جاخ وسینگرو مێولا کەو چۆخماخ وولاخلو گەڕەدێ وسێکانیان و هەڵەدن وسەرگەڵو شارستێن و سێدەر تانزیك مەرگەو دیوی سووورداش وکان وتا پیرەمەگروون هەمووین جافن و بەهۆی دابڕانەوە پێیان دەڵێن جافەڕەشکە، بەلام جافی ئەسڵەن لەعەشیرەتی یاتیرەی میکابیاین.. میکایلی یەکێکە لەتیرە گەورەکانی ناوجاف وخوێندەوارەکانی ناوجافیش ك مەولانا خالیدی شارەزووری ونالی خاك و خۆڵی و شارەزووریو وەلی دێوانە تیرەی جافن وپێشتر کاکە حەمەی تەلان سەرپەرشتی دەکردو ، لەساڵی (61) لەدەربەند بازیان بۆیەکەمجار شەهیدی شۆڕشی ئەیلول کاکەحەمەی تەلان بوو ..وەمام کوێخا ئیسماعیل تەلان ڕەئیس وێیش سپی جافەتی بووەو ڕێزو جێگاوەکانەی تایبەتی هەیە لەناویانداو لەناوهەموو جافدا مام کوێخا هەمیشە بەتایبەتی لەشۆڕشی ئەیلولدا لایەنگری شۆڕش بووە وهەرواماوەتەوە تا ئەو دواییانەو ئێستا زیاتر کاك محمود و کاك ئەحمەدی کوڕی کغارەکان ڕادەپەڕێنن و بەهۆی تەمەنی مام کوێخا ئیسماعیلی تەلانەوە ئەو ناوچەیە لەشۆڕشی حوزەیراندا مەنزەڵی پێشمەرگەبووە هەر لەمەفرەزە سەرەتاییەکانەوە .لەڕۆژی 1980/5/8 لەگوندی چالاوەبووین لەگەڵ کاك جەمالی عەلی باپیرو کاك جەمال ناوگردانی لەماڵی کاك حاجی سەعدون، چالاوە ئاوی خواردنی کەمە یان هەر نەبووە لەژێر بەردێکا چالاوەکانیەکی بووڵ دەردەهات وبەشی خواردنی نەدەکرد هەر دەچوومە چالاوە تینووم دەبوو لەوێوە لەڕۆژی 1980/5/8 چووینە گوندی سەرگەڵو هەمان ناحیەی سەر بەناوچەی سورداشو قەزای دوکان ، لەدوکان سەدێك هەیە لەساڵی (1950-1959) تەواو بووە ، لەشەوی 8-1980/5/9 لە بەرەبەیاندا بەرێ کەوتینو بەرەو قەرەنگوی ، وەلەڕۆژی پێشوو واتا ڕۆژی 1980/5/8 نەسریەیەکمان بۆ پێشمەرگە سەرف کرد هەر لەو ڕۆژە چووینە گوندی قەرەنگویو مەولان و دۆڵەبی لەماڵێك بووین پیاوەکەو ژنەکە زۆر بەتەمەن بوون سەروڕسیشی هەمووی سپی ببوو زۆر قسە خۆش بوون لەوێ نانی نیوەڕۆمان چامان خوادو دنیا زۆر گەرم بوو چوین بەرەو شارستێن لەوێ کاك مەلا حسێن هاتە سەر ڕێگەمان داوای کرد لادەینو ئیسراحەت لەسەرە ئاوەکەی دوکان لای بنگرد ، لەشەوی 9-980/5/10 لەدەریاچەی دوکان لەقاپاخ پەڕینەوە بۆ بەری کۆسرەت چوینە گوندی توربەی بناری کۆسرەتو سەرکەوتین بۆ سەروترو ڕۆژ بووەوە لەڕۆژی 1980/5/10 چووینە گوندی چناترانی بناری کۆسرەت لەوێ بوین لەشەوی 10-1980/5/11 لە چووینە شوشکانو شووشانو کەلکان وەلەشەوی 11-1980/5/12 لە دیوی شیوە شان لەبناری کۆسرەت بووین لەناحیەی خەلەکەان ، لە ڕۆژی 1980/5/12 لەبەری کۆسرەت بووین لەناحیەی خەلەکان ، لە ناحیەی خەلەکان ، لە ڕۆژی 1980/5/12 لەبەری کۆسرەت چووینە گوندی باسەرە گەیشتینە ڕەسوڵ ئاغای مێوژە

..لەگوندی بارەسە دووسێ چەکدارمان بینی مەسئولەکەیان ناوی عەلی بایز بو هەرچیمان کردو ووتمان جەماعەتی کێنو با چ حزبێکن ، وتیان سەربەخۆین بۆیە ئێمەش چەکامن کردنو دوو گکلاشنکۆفو ئاربی چی یەکمان لێ سەندن ، کاك ڕەسوڵ ئاغا زۆر ترسا چەك بکرێت بەڵام ووتی حزمی سوارە ئاغاین لەبەر ئەو نەمهێشت چەکی بکەن ، لە 1980/5/13 لەگوندی خدرانی گوندێکی گەورە بوو خەڵکەکەمان کۆدرەوەو قسەمان بۆ کردن وەلەگوندی شارستێن هەندێك مناڵمان دی حەوت هەشت ساڵ لە گولە بەردەستو قاچیان کەوتبوو تووشی ئیفلیجی ببون هەندێکیان لەشەڕی ساڵی 1977 دا لەبەینی پێشمەرگەو جەیشدا وایان لێ هاتووە ، کاك جەمال تالەنجەو خۆشناو لەگەڵمان هاتو لەشارستێن کاك مەلا حوسێن زۆر هەوڵی دا لادەین لامان نەدا ، لەشەوی 13-1980/5/14 کۆبوونەوەماتن کرد بەگوندی خدران ، لەڕ~ۆژی 5/14 لەئەشکەوتێك بووین لەپشتی خدران لای خەلەکان لەوێماینوە ، شەوی 1980/5/15/14 چووینە گوندی قاقاو گوندی جەلیو لە 5/15 تا شەوی 5/16 لەسماقوڵی گەلی بوین (8) بزنمان سەربڕیو بۆ هبێزەکە جلیو نازەنینو نزیك شەقلاوە لەبناری چیای سەفینو چووینە گوندی نازەنین لە 1980/5/17 لەسماقوڵی سەروچاوەبووین لە سنوری هەولێر لە 5/18 لەنێوان گوندی سماقوڵی وسێنان وس ماقوڵی گرتك دابووینو نیوە ڕۆ سماقوڵی گرتگ بوین ..پێشی ئێمە واتا لە 5/5 ئەحەمەد خان خدر خۆی بەناوی (جگەرکۆ) کەڕژێم ناردوبوی شەهیدی کردبوو وەتەسلیم بەڕژێم ببوەوە فەرماندەی هەرێمی 10ی سەفینی حزبی سۆسیالست بوو .. لە 5.30سەر لەئێوالارە لەنێوان سماقوڵی گەلیو جەلیدا بووین لەسماقوڵیەکان چەند جار شەڕبوو .. لە 20کانونی یەکەمی ساڵی 1979 کەمفاوەزاتی نێوان سۆسیالستو ڕژێم تێکچوو لەو شەڕە کەوت زیاتر لە 60کەس لەجەیش کوژراو نزیکەی سەد پارچە چەك گیراو جێماو پێشمکەرگە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنابوو، بەڵام سەید سەلیم ڕەواندزی هەرێمی دوانزەی سۆسیالست شەهیدبوو لەگەڵ شینەپبۆڵی دا ئەوەبوو بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆی ڕژێمو سۆسیالست شەڕ گەورەبوو شەڕی سلێمان بیرێژیو سەید کاکەش ڕۆی دابوو کە کاکە شینی کوێخا عەزیزی سماقوڵی سەرچاوە شەهیدبوو کە سۆسیالست بوو... ئێمەش سەردانمان کردو پێیاوێکی باشو قسەخۆشو شارەزابوو لەگەڵ شۆڕش خۆی زۆر بەماندوو دەزانی باسی مەسئولەکانی شۆڕشی ئەیلولی دەکردو وابزوانم لەشۆڕشدا ماوەیەك حاکم بووە یان کردویانە بەمەسئولی دادگاو حوکم بدات ، لەدوای ئێمە شێخ عەلی ئامر هەرێمی (8) هەولێر لەدوای ئێمە هاتبوو چوار پێنجج پێشمەرگەیان شەهیدو بریندارو حەمەی عەلی فەتاح خەڵکی سەید صادق کەخوشکەزای شێخ عەلی بوون لەبەری کوسرەت لەوێ شەهید بوو ، لەبەر ئەوە شێخ عەلی قوەتەکەی هەڵوەشایەوەو کاك عەزیز بەگ مەسئولی لقی سێ بوو لقی یەکی سلێمانیو دووی کەرکوكو سێی هەولێربوو...دۆڵی سماقوڵی دەڕواتەوەو دەچێتە گۆمەسپان و لای زیارەت ولائەدات سەربە قەزای کۆی سنجقو پارێزگای هەولێرەل ەنێوان سەری ڕەشو کۆیەدایە . لەبناری ئاوەگردو چیای سەفین هەندێك دەگرێتەوە دۆڵی نازەنینو هیرانیش ، سەفین دەکەوێتە بەینیان واتە دەکەوێتە خوارووی نازەنینو سناوێو جەلیو هیرانو کامۆسەكو کونەفلوسەو بەرامبەر چیای هەولێر ئاقوبانی سەروو خوارووبناری هەولێریش کونەفلوسەو کۆلکە ڕەشەو کاکمۆسكو سەکتا لەبناری چیای هەوریو دۆڵی نازەنین ، لەساڵی 1976 دا مولازم جەمال ئەحمەد لەلای سناوێ لای بەردخانەکە شەهیدبوو ، ئاقوبانو تاشەقڵاوەو سەفینو هەولێرەو سەر چیاکان دەبێتە باروت خانە ، زیاتر .. مولازم حسەن خۆشناو خەڵکی زیارەت بووە وەئەو ناوچەیە لەعەشیرەتی خۆناوی دۆڵی سماقوڵی دۆڵی هیرانو نازەنینو دۆڵی بالیسانو دۆڵی مەلەکان دۆڵی ئاکۆیانو هەریەکەیان جیاجیایە زۆری خۆشناوە تامەلەکانو تاسەری جوانەگاو ئالانەو دۆڵی بالیسان وهەرتەلەو زێویو نواوەو وەڕێوشێرەو

دەڕەشیرو دێراوەو مێرگە سەروو شێخ وەسانانو کانی بەردو بالیسانو بالاٚلو ئاواو توتمەو خەتێ زێنێو سپیدارەو ئەشکەوتەو بناوێو ئالانەو تاخەلیفان هەموو لەخۆشناو لەو دۆڵەدابوون .

من لەساڵی 1980وە تا1988هەر لەناوچەیە پێشمەرگایەتیم کردووە ڕێگای دەرەشیر سەختو ناخۆشو جێگای کەمینەوزۆر خەتەرە بۆ کەسێك شارەزانەبێو لەوێوە بڕوات ، لەڕۆژی 1980/5/19 لەنێوان جلیو سماقوڵیو سێنانەدا بووین حەوت سەر حەیوانمان بۆ پێشمەرگە سەربڕیو بۆئەوە ئیسراحەت بکەن ، ئێمە سەد پێشمەرگەبووین ..نامەی کاك سوارە ئاغامان بۆهات کەکاك مەلابەختیارو برادەران دێنە خوارەوە بەلاٚم ئەگەر ئێمە نەگەڕێینەوە سەر کەپکانو دۆڵە ڕەقە ئەوان نایەن ئەو ڕێگایەش بۆئێمە ئاسان نەبوو هێزێکی وا لەخۆشناوەتی بۆ دۆڵەڕەقەو سەر کەپکان ئەو چەند ڕۆژە ئێمە کەسمان دەست نەکەوت ، من نامەم بۆ سلێمان بیرێژی نارد کەبینیم ترسابوو خۆی لەقەرەمان نەداو ئێمە تاقیبی هێزی ئەوانمان کرد ، جەماعەتی سلێمان بیرێژی 80 چەکداربوون بەلاٚم 120 چەکداری قیادە موەقەتەش هاتبوون بۆلایان لەوانە هاشم باپیرو گوڵەباخی کۆیی ڕەسوڵ فەقێ خورشید تۆفیقو کەهەموویان دەبوونە 200 چەکدار ، برادەران بەمنیان دەووت 35 تا40کەسن بەلاٚم لەترسی 100کەسەکەی ئێمە جێگایان لەخۆیان نەدەگرتو هەر ڕۆژەی بۆ لایەك ڕاومان دەنان داواکراین بۆ سنوری هەرێمی چواردە ئێمە بەڕی کەوتین هەر لەو ڕۆژانەدا هێزێکی سوارئاغا هاتبوون بۆ جەلی بۆلای وایان زانی بوو ئێمە هەر لەوێ ماوین بەلاٚم حکومەت هاتبوو بەدوای ئێمەدا لەگەڵ ئەو جەماعەتە تووشی ببووین ئەو هێزەکە لەوێ بوو زۆریان تیا چوونو شەهیدو بریندار ببوونو (14) کەسیان بەدیل گیرابوون بەلاٚم دوای زۆریان بەربون چونکە پێشمەرگەی ئەو ناوە زۆربەی پەیوەندیان لەعێراقدا هەبوو لەکاتێکدا ئێمە هۆسمان بەگمان چاك کرد لەدۆڵی مەلەکان ڕەسوڵی برازای رای کردوو خۆی کرد بەناو ڕەبایەکانی عێراقدا لەشاخی شیشار لەپشتی هەرتەل دوای سوكو ئاسان ڕزگاری بوو نەگرتیان نەهیچ کەجێگری ئامر هەرێمیش بوو ئێمە دەمانزانی چۆن جەولە دەکەین لەسەرەوە بڕیاری چەککردنی کاك مەجیدی مەلافەتاحو کاك مشیرمان پێبوو بەلاٚم من کەچاوم پێیان کەوت تێگەیشتم لەبەر ئەوەی کۆمەڵە نیم دجەیانەوێ پاڵیان پێوە بنێن ، بۆیە دڵخۆشیم دانەوەو نەسیحەتم کردن ڕێکپێك بنو هەر لەناوچەکەدا دەیانهێڵینەوە ، بەلاٚم یەکێتی حەزی لێنەدەکردنو دوژمنایەتیان هەبوو شتی خراپیان کردبوو ڕۆژێك لەمێرگەسەر دەیانویست کوڕێکی پێشمەرگەی سۆسیالست هەبوو بەناوی ڕەشۆ بەتەنهابوو لەگەڵ ماڵی ئەنوەر بەگ کێشەیان هەبوو داوای لەمن کرد بیکوژێو من ڕێگام نەداو ووتم : تامن لەم سنورەم هەرچی بکەن قبوڵی ناکەمو سزاتان ئەدەم ، ئەوان کوڕی باش بوونو لەگەڵ خۆمان هێنام بۆ ڕێگا تاقیکردنەوە تادۆڵە ڕەقە ..لەسەر ئەوە دەیانویست بیکوژن چونکە ڕەشۆ لوغمنێکی دانابوو سەیارەیەکی ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتە کەڕەئیس جاش بوو وادیاربوو بەرکەوتبوو لەو لوغمە ..ئەمانیش پێشمەرگەبون لەبەر ئەوە مەجیدو مشیر بەلاٚم لەبەر ئەوەی ئەمان ئاغابوون ماڵی ئەنوەر بەگ ئاغابوون دیفاعیان لەجاشەکان دەکرد دژی ڕەشۆ ..

لە 1980/5/19 چووینە گوندی کۆدەڵەو لای باجی ئایشێ (ئایشێخان) لەو گوندەدابوو ژنێکی باشو میوان نەوازو جاری واهەبوو هێزێکی وەکو ئێمە دەچووە میوانی ئێمە سەد کەس بووینو کاك مەجید مەلا فەتاحو کاك مشیریش لەگەڵمان بوون ئەو ڕۆژە خزمەتی کردین لەڕۆژی 1980/5/20 بەرەو گوندی قاقا بەرەو ڕێکەتین لەشەوی 20-1980/5/21 چووینە گوندی خودات لەنێوان بێتواتەو بۆقوڕە بەڕازەو کفرە دۆڵێ لای حاجی ئاواو بۆچۆڵیاوەو گرمەك دارو تاوێوێو سەرکەپکان ، لەچۆڵیاوا کوڕێك بەناوی کاك ئیبراهیم هەبوو زۆر هاوکاری دەکردینو ڕێگای هاتووچۆی بۆ خۆش دەکردین ..لە1980/5/22چووینە گوندی سەرکەپکان کاك

عبدالله سورمان لەگوندێك لای سەرکەپكان تووش بووین لەماڵێکدا 15 کەس بووین چووینە لای کاك سوارە ئاغا لەگوندی پڵنگان لەدۆڵی شاور لەشەوی 1980/5/23/22 لەگەڵ کاك عەزیز بەگو کاك غەفور دەرەشیشیو کاك سوارەئاغا لەکماڵی کاك مەلا عوسمان لەپڵنگان دەعوەت بووین لەویّ لە1980/5/22 چووین بەرە دادگا گوندی ژنان لە 5/25 لەمەقەری کاك سوارە ئاغا لەهەرێمی (41) دۆڵە رەقە کەوتۆتە نێوان ڕانیەو حاجی ئۆمەرانو بێتواتەو وەرتێ لە 1980/5/26 لەگەڵ کاك عەزیز بەگ لەگوندی کانی بناو بووین لەشەوی 27-1980/5/28 لەماڵی کاك سوارە ئاغابووم لەسەر کەپكان کاك مامەند ئاغاش برای قائیمقامی ڕانیەبوو ئەویش هاتبوو لەویّ دەعوەت بووین منیش بەبۆنەی کاك سوارەوە ڕۆیشتینو ئەحمەد سەراوی کۆمەڵی پێشمەرگەی چاکم لەگەڵدابوو بەڵام من دڵنیابووم کەسوارە ئاغا پیاوێکی خاوەن سیقەیە بەڵام برادەرانی خۆمان دەترسان شەو شووبونە پڵنگان لەدامێنی چیای کێوە ڕەشو کاروخو ئەوەیان ، دۆڵەڕەقە لەم ناوەوە دۆڵی شاورو گوڵان لەڕۆژئاوەوە چیای ماکۆكو ڕۆژهەڵاتی کێوە ڕەشو شیمالی کاروخو گوتندی هەندرێنو ساوسێوکانو دۆڵی مەلەکان دەڕوات لەشیمالی ڕۆئاواوە ئەو ناوچەیە ئاکۆییەو عەشیرەتی ئاکۆیانو عەباس ئاکۆ ڕەئیسی عەشیرەتیانە عەباس ئاغا یەکێك بووە لەپیاوە بەناوبانگەکانو ناوچەی پشدەرو لایەکی عەشیرەتەکانی ڕانیەو بڵباس و چیای کاروخ و ساسێوکان و ماکۆك و حاجیلەو کێوەرەش و لەپشتی کێوەرەش وئاکۆیانە ، دەڵێن ئاکۆ رەشکە یان ئاکۆی پشت کێوی ئاکۆیی، لەپشتەوە ناوچەیەکی بیّ ئاوەو گوندەکانی بریتین لە دووگۆمان و گرتك و پیرانەرەش و مەمکان و جەلکان وماخ وبزنان ئەوان جار جار کێشەیان لەگەڵ ئاکۆیان هەبوو، ئاکۆی دۆڵەرەقە عباس ئاغا وەکو رەئیس عەشیرەکانی تر کێشەی لەگەڵ (مەلامستەفا بارزانی) لەدوای ساڵی 1966وە دەستی پێکردو مەلامستەفا شێخ ئەحمەد بارزانی ڕێگای نەدا لەبارزان وناوچەکانی خۆیان بێت و بەوە ئاڵۆزی نەکات لەسنوری بارزان لەرادیۆی بەغدادیش چەند جارێك داوای کرد کەبارزانی واز بهێنیّ لەشۆرش، بارزانی وشێخ ئەحمەد ڕێگای نەئەدا لەناوچەی بارزان بمێنێتەوە بۆئەوەی کێشە بۆخزمەکانی دروست نەکات وحکومەت نەیەتە ئەو ناوچەیەو زەرەریان لیّ بدات بۆیە بارزانی ناوچەی باڵەکایەتی هەڵبژارد بۆخەبات چونکە ئەو ناوچەیە لەبارتر بوو بۆشۆرش لەهەموو ناوچەکانی بەهۆی حدودی ئێران و سەختی ناوچەکەو بونی جادەی دووەلیش، ئەویش هاتە ئەو ناوچەیە.. جارێك عباس ئاغا دەعوەت دەکات ئەویش لەپشتەوە هەندێك چەکداری عەشیرەتی ئاکۆیان دەنێرێت لەنزیك ناوپردان دەکەونە کەمینەوە کەمەلامستەفا دابنابوو لەویّ یەکیّ لەبەرزانیەکان دۆستی نزیکی بارزانی بوو بەناوی (نەبی سەرئاسنین) دەکوژرێت و دووکەسی کە بریندار دەبیّ عەمەلیاتەکە سەرناکەوێت عباس ئاغاش دەگەرێتەوە، لەساڵی 1967 جگە لەوەی عباس ئاغا ملی نەئەدایە مەکتەبی سیاسیش کەلەهەمەدانەوە گەرابونەوە لەدۆڵەرەقە دایان نابوو لای عباس ئاغا کەپەیوەندی ئەکەن بەعێراقەوە بارزانی ئەنێریّ بۆگرتنیان ، عباس ئاغا دەزانیّ نایەڵیّ بیانگرن و ئەوان رەت ئەکات، بارزانی زیاتر لەسەرئەوە عاجزبوو لەعباس ئاغا ماوەیەك بارزانی بیّ دەنگ دەبێت و دەڵێت پێویستە چارەسەرێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە لەبەر

*******************************************************

قیادە موەقەتەی نەبڕیبوو نەئێران لەگەڵ یەکێتی نەدەگونجانو سوارە ئاغایش پێشمەرگە بوو فەرماندەی هەرێمی چواردەبوو عەشیرەتەکەیانش هەروا مابووە هەمزە ئاغاو مامەند ئاغایش لەشار بوون زۆرجار پێکەوە نەدەگونجان ، دەگەڕایەوە بۆ خاڵۆکانیان دایکیان جیاوازبوو زۆربەیان بەتایبەتی مامەند ئاغا لەڕووی ئایدۆلۆژی و لەڕووی عەشایەری لەڕووی جەماوەری لەگەڵیان نەدەگونجاو دوای ئەویش لەگەڵ هەمزە ئاغا بەڵام بەعام پیاوێکی باشو حەزی لەخزمەتی خەڵكو تێکەڵبوون دەکرد ، منو سوارە ئاغا ماوەیەك پەیوەندییەکی

دۆستانەمان پێك هێنابوو تا ئێستاش هەربەردەوامەو كێشەیان لەگەڵ عەباس بایز باڵۆغا هەبوو ئەویش خۆی بەرەئیسی عەشیرەت دەزانیو بەتایبەتی پێش كێو یا ئاكۆ ڕەشكە . ئاكۆرەشكەو جافە ڕەشكە هە ردووكیان جافنو ئەوان ئاكۆن بەڵام بەهۆی جێگاوە بێ دەچێت دابڕان لە ناوەو یان بەسەردا دابڕاوە چونكە ئێستاش كەسێك یاماڵێك بڕواتە ناو عەشیرەتەكی كەو ناوچەیەكمی كەبەكەن سەیری دەكەن كە دەزانین ئەوە كێیە ئەو گات بەشێوەی كەدەچن بەدەمیەوە . دابڕان هەتاسەروو ماڵە دابڕان پێ دەڵێن نە وەك شتی تر بكەن ، ئەوەش بۆ ئەوان لەوەو هاتووە لایەكیان دێتەوە پشدەر لەڕۆژهەڵاتەوە یاسنورەكەیان كەم ئاوە .

لەڕۆژی 1980/5/28 لەپڵنگانەوە سەركەوتین بۆ بناری چیای كاروخ پشتی وەرتێ زۆر هەورالز بوو جێگایەكیان پیشان داین شارەزای هەرێمی چواردەمان لەگەڵ بوو كەلەشۆڕشی ئەیلول بەهاوانو چەكیان لەوێوە ئێرانیەكان دیفاعیان لەشەڕەكانی ماكۆك كردووە ، هەرێمی (14) بەژمارە(300) كەسێك دەبوون مەسئوولەكانیان كاك سوارئاغاو عبداللەی حاجی شێخە جێگرو ئامر كەرتەكان كاك عەلی نەبیو و حەمەی كاك هەمزە شاوریو ئیبراهیم ڕەبەندو حاجی ئەحمەدی بۆڵیو كوێخا بایزو فەقێ حەسەنو قادر خەبات بەجیهازێكی هۆكی تۆكی قسەی لەگەڵ كردینو بەخێرهاتنی گەرمی كردین تازە جەماعەتی نجم الدین گورونیان چەك كردبوو ئێوارەو ڕۆژی دوایی هەر لەوێ بووین وەرتێ گوندێكی بڵاو لەناو باخو دارگوێزو ڕەزو چەمدایە حدودی (500) ماڵێك دەبوو خەڵكەكەی لەسەر ئاژەڵداری و ووڵاخداری هاتوچۆو یارمەتی داون هەورازو ڕێگا ئاسانە لایان لەنیوەڕۆی 5/30لەماڵی ئامر كەرتێكی سۆسیالست دەعوەت بووین ناوی كاك عبداللە بوو ، چوینە گوندی وەرتێو گەڕاینەوە بۆ پڵنگان لای كاك سوارە ئاغا .

شەوی 31-1980/6/1 دەعوەت بووین لەسەر كەپكان لە 6/2لە پڵنگان ، لە 6/3كاك سوارە ئاغا داوای لێ كردم بۆ ماڵی كاك مەلا عوسمان پڵنگان بچم داوای كچەكەی بكەین بۆ كاك ئاغا .. منیش تائەو كاتە داوای ژنم نەكردبوو لەبەر سوارە ئاغا ڕۆیشتینو كچەكەی پێشكەش كردین بۆ كاك سوارە و مارەمان بڕی گەڕاینەوە وابزانم ناوی مەلیحە بوو ، وابزانم دوو ژنی كەی هەبوو لە 1980/6/5 چاوەڕێی هێزەكەی سەركردایەتی بوون دەهاتن لیەپشتی پڵنگانەوە مقەڕمان دانابوو واتا ئێمە یەك مانگی تەواو لەناوچەكەبوون ئەو كاتە هێزەكەی سەركردیەتی هات كاك عەلی عەوێز ئەندامی مەكتەبی سیاسیو كاك مەلا بەختیار ئەندامی سەركردایەتی كاك عەزیز بەگ مەسئولی لقی 3ی هەولێرو كاك ساماڵ گەرمیانیو جێگری هەرێمی 5 قەرەداغ گەیشتنە لامان ، هێزەكەمان لەڕۆژی 1980/6/9لەدۆڵی شاورو گولانەوە سەركەوتینو بۆ ساوسێوكان لەدۆڵی مەلەكانو پشتی شیرە قمێكی چەدار كەژمارەسیان دوانزە كەس بوون دەورمان گرتنو دوایی ووتیان یەكێتین چەكمان كردنو لەگەڵ خۆمان بردنمانو لەلای شیرە یەكێكیان كەناوی ڕەیسوڵ بوو برازای عوسمان بەگ بوو عوسمان بەگ بەحساب ئامێر هەرێمی 12 بوو چەكمان كردوو ڕەسوڵ هەڵهاتو چووە ناو ڕەبایەكەوە پشتی زێوێوە هەرتەل دەبوو حكومەت اعدامی بكاتو بەڵام پەیوەندی هەبوو لەگەڵ حكومەتداە ئەو نەگیرا . مەفرەزەیەكمان چەك كردو قیادە موەقەتەیەكمان بەناوی قادر گەڕەوانی گرت كەدەمانچەیەكو بڕنەوێكی پێ بوو . دۆڵی مەلەكان سەختەو دەچێتەوە سەر كوڕەكو دۆڵی ئالانەو خۆشناون . لەشەوی 9-1980/6/10 دەوری گوندی زێوێمان گرت لای هەرتەل بەیانی بوو بەتەقەو یەكێك كوژا لەگوندەكە بەناوی حسێن حاجی مینا زۆرم پێناخۆشبوو دوایی ووتیان سۆسیالساتە ، پاشان چوینە گوندی شێرەی خواروو بۆ دەرە شێرو مێرگەسەر لەماڵی مام حەسەن ناوێك ئیسراحەتمان كرد و ووتیان كاك مەلا بەختیارو هێزەكەی هاتووە لەچێوەی خواروو بەجیهازی هۆكی تۆكی كاك سامان گەرمیانی قسەی لەگەڵ كردن و بچین بۆلایان ، ووتم ڕێگا هیچ نییە كاك مەلا بەختیار

ووتی ڕێگا زۆر باشەو وەرن بۆ لامان من چەندجارێك دووبارەم كردەوە دەربارەی ڕێگا كاك مەلا بەختیار ووتی هیچ نییە بەڵام خەبەر بەمن گەیشتبوو كەكەمین هەیە بەڵام كاك مەلا بەختیار دەیوت هیچ نییە ، دەبێ لەسەر بەرنامەكەی پێشوو بن (15)سەیارەو جێبوو ئەوەمان گرتو بەسەیارە بڕۆین ، خاوەنی یەكێك لەسەیارەكان زۆر هاواری كرد بەسەیارە نەڕۆی ئێمە واتێگەیشتین حەزناكات بەسەیارەكەی بڕۆین دەركەوت ئەو دەیزانی هێزەكەی قیادە موەقەتە لەو ناوەبوون كەمینیان داناوە كەس بەگوێی نەدەكرد ، كاك مەلا بەختیاریش دەیویت وەرن هیچ نییە زۆر لەو برادەرانە دەیان ووت ئەوان پێیان خۆش بوو بكەوینە كەمینەوە ، كاك سامان گەرمیانی ووتی : بوو بەتەقە هێزەكەی كاك مەلا بەختیارو ئەوان ووتیان بابەرەو چیای هەولێر بڕۆین یان كۆدەڵە واتە بەپێچەوانەی ئیتجای تەقەكە ، كاك سامان ووتبووی ئەوە ئاڕبیجییەو دەتەقێ نەك برادەران كەوتبونەتە كەمینەوە با بڕۆین بەرەو تەقەكە ، ئەوان دەیانزانی ئێمە ئەو هەموو دەقەیەك بەجیهازی هۆكی تۆكی قسەیان لەگەڵ دەكەین هەر لەو كاتەدابوو بەتەقە دیارە كەئێمەین كاك سامان لەگەڵ هێزێك بەرەو چێوەی وخوارو جێگای تەقەكە هاتبوو سەیارەكان زۆر كۆمەڵبوون گەیشتنە شەخس و دارەكەی سەر ڕێگای چێوە،لەناو باخەكان بوو بەتەقەو چاوم لە سەیارەكان بوو دوكەڵیان لێ بەرزبووەوە و دووای ئەوە تەقە هات لەماوەی یا مەسافەی 20 مەتردا بە 35 كلاشینكۆفەوە لەو پێنج سەیارەیەیان دا ،جێگا لە سەیارەكە نەمابوو گوللەی پێوە نەبێت و سەیارەكان تەسجیلیان كردبۆوەو گۆرانی حەسەن زیرەك و ماملێیان دەگووت لە كاتی تەقەشدا تەقەی خەستیان لەسەر بوو ،مەحمود زەردۆیی دلێرجاف و حەمە ڕەش و ئەوانە كەوتنە كەمینەكەوە كە سێ ئامر كەرتی بە توانا بوون ..مەلا فایەق بوو سابیر ئال ً یاواییی لەو بۆسەدا دەبن و (ئار بی جی )لە گەڵ جەمال ناوگردانی و مەفرەزەكەی خۆمدا و ڕۆیشتنە جێگای شەڕەكە تا پێشمەرگە گەیشتنە ئەوێ دوو كەس لە ژێر سەیارەكان دەرچووبوون و ڕایان كردبۆە ناو باخەكانەو چاویان بە من كەوت و وەستان هەموو لە چێر سەیارەو لە ژێر كاو پوش و لە ژێر جێگای خەرمان و كا بوو ئاگری گرتبوو تێزابی باتری ڕژابووە سەریاندا زۆر ناخۆش بوو هەر بە تەنیا هەموو دەسووتان بە (ئار بی جی) چەكەكانمان لە ناو قەبرستان و كەڵەكە بەدانەی سەنگەرەكانی قیادە موەقەتە لێیان دان و برینداروكوژراو هەڵهاتن ،من چوومە سەرسەیارەكان بەدوای ئەوان دا بۆ ناو چێوەی خواروو بۆ چیای ئەوبەرو قەبرستان و دارەكان هەموویان هەڵهاتن ،3 جەنازەیان جێمابوو یەكێكیان ناوی عبدالله خۆرانی دانیشتووی زێوێ بوو هەوێكەشی بەنای ئۆردوگای زێوێ ئێرانەوە بوو ..شەریف ناوێكیان دەستی بەركەوتبوو خوێن ڕژابوو تا ئەوەمان كرد كاك سامان گەیشتە لامان لە هێزەكەی سەرەوەو ئەو بریندارانەمان هەبوو دلێرجاف..دلێر دەیوت مەلا جەبار وا من دەڕۆم ئامانەت تۆو بزووتنەوە ،دوای تەعلیقیان لێدەداو هۆشی منە یان ماوتسی تۆنگ دەڕوات دەیداتە دەشتی شوان لای ،مەحمود زەردۆیی ،شاخەوان سەیدسادقی ،ئەحمەد ،عەلی حاجی محمد داربەرولو،عوسمان مۆكلی حەمە ڕەش گرێژەیی بریندار بوون و عومەر محمد گامێش تەپەیی لە كەرتی شەهید دلێر جاف شەهید بوو ،كاك دلێر خۆیشی بە سەختی بریندار بوو ،كۆمەڵە حەزیان دەكرد ئەوەی قیادە موەقەتەو كۆمەڵەش دەیویست ئەو زەرەە لە ئێمە نەكەوت ئێمەش بەبریندارترەكانە چووینە چێوەی سەروو شەو لەوێ بووین .

ڕۆژی 1980/6/11 بەولاخ و وڵاخداری گوندەگكان برینداەرەكانمان باركرد بۆ كۆدەڵە و بۆ دۆڵەڕەقەو سەركردایەتی،وە ڕادیۆی پارتی بلاوی كردەوە كە بریندارەكان بە نهێنی چوو ن بۆ بەغدا بە هەلی كۆپتەر ..ئێمەیش هەر دریژەمان بە جەولەكەمان دا ئەو ڕۆژە كەیفی كمال بەگ نامەیەكی بۆ ناردم ئەوەی بگەڕێتەوە لەگەڵ قیادە ومەقەتەدا نەمێنی و بێتە لایئێمە .. منیش وەلامم دایەوەو ووتم بڕۆ بۆ ماڵی باوكت هەتا خۆم دێم

بۆ ئەوەی لە گوندی وەریَ بە ..ئەو کەمینەمان شکاندوو لەوان کوژراو و ئێمەیش زەرەرمان کەم بوو ، هەر بەدوای ئەوانەوە بووین سلێمان بەرەو وەریَ ئێوارە هەڵهاتبوون ئاگادریان کردین لەوێن چووین بۆیان نەمانهێشت نان بخۆن و هەوو ناوچەکەمان لێگرتن لە گوندی نواوەو ئێمە چووین و ئەوان هەڵهاتن و ئێمە نانەکەی ئەوانمان خوارد ،ڕۆژی 1980/6/12 چووینە وەریَ خەڵکی گوندەکەمان کۆکردەوەو من قسەم بۆ کردن ،کاك مەلابختیار ئەندامی سەرکردایەتی بوو و کاك عەلی عەوێزیش (م.س) بوو هاتبوون وە کەیفی بەگ باوکی هێنای دوانزە چەکدار هاتنە لامان و ئیجازەماتن داو هەر بەئامر کەرتی بمێنێتەوە .لە 1980/6/13 چووینە بێراواو کانی بەردو ،شەوی 6/14/13 چووینە بالیسان خەڵکی گوند کۆکرابۆوە هەرا بوو لەسەر ئەوەی کاك مەلابختیار دەیووت تم قسە دەکەم کاك عەلی عوێزیش دەیووت من(م.س) م چیمە ئەگەر من قسە نەکەم ،لەوێش قسەکراو وا بزانم کاك مەلابختیار قسەی کرد یا لە بالیسان بوو کابرایەك ووتی پەکو چما قسەش دەزانیَ بە کاك مەلابختیاری ئەوت منیش ووتم ئەوە سادقی تەباتەبایی یەکێتی یە ئەویش دەڵیَ قسە دەزانیَ کاك مەلابختیار لەقسە کردن و ووتاردا لە هەموو سەرکردایەتی یەکێتی زیاتر بەتوانا بوو ئەو کاتە ...چونکە جارجار تا ئەوان کێشەیان دەبوو لەبەر ئەوەی خەڵکەکە چاوەڕیَ نەکات من قسەی خۆم دەکرد ،ئێوارەی 6/14 لە بالیسانە بۆ تۆتمیَ دەچووین لە گوندی زینوێوە چاومان لیَ بوو چەکدار ڕای دەکررد وایان دەزانی بۆ ئەوان دەچین چوونکە قیادە مەوقەتە ئەوەندە ترسابوون ئێمەیان دەبینی جێگەیان بە خۆیان نەدەگرت ئەگەر نەجولایەن هیچ پێمان نەدەزانی بۆیان ڕۆیشتین ،بڕبڕمان کردن و ڕاومان نان بۆ سەر چیای کلاو قاسم و بەنی حەریر و بۆ لای شەقلاوە وە وادیار بوو برینداریَکیان هەبوو زۆرمان ماندوو کردبوون و سلێمان و حەوت کەسی لەگەڵ خۆی جیار کردبۆوە لە هێزەکەی خۆی شاردبۆوە هێزەکەش تەفروتونا ببو لەیەك هەڵوەشابووە ئەو ڕۆژە کاك عەلی نەبی زۆر ۆبە قارەمان هاتە بەرچاوم ...شەوی 16/15 /1980/6 چووینە گوندی بلاڵوك ئاوا و تۆتمە من دەعوەت بووم لە ماڵی شەهید بەکر تۆتمەیی کە فەرماندەی کەرتی سۆسیالیس بوو ،بۆ 1980/6/15 چووین بۆ خەتیَ و هەواڵیَ هات عبداللە تورکی کە لەگەڵ سلێمان بیریَژی دا بوو سلێمانی کوشتووەو تەسلیم بە ڕژێم بۆتەوەو ،عبداللە تورکە یا عبدالله چەقەڵ بە چیای بەرداوی سەر لوتکەی لێژی شانەیی دەڵێن چەقەڵی عبداللە تورشی ،سلێمان زۆر خزمەتی کردبوو پێشتر بەلام وادیار بوو لەسەر شتیَ لەگەڵ ژنەکەی علاقاتی هەبوو لەسەر شتی ئەخلاقی بووە بەرامبەری یکردبووی ،ئەو هەڵەیە ی بوو تۆڵەی خۆی کردبۆوەو زۆر جار سلێمان پێی دەگووت من بە دەستی تۆ دەکوژرێم ،خۆی زانیویەتی چی کردووە لە گەڵیدا ەئەوە وای کردبوو براو شتەکانی سلێمان تەسلیم بوونوە هێزەکەی پارتی 18 کەسی لە شێخ وەستانە، لە ڕۆژی 1980/6/16 هاتنەوە لامان و هاشم باپیرو گوڵەباغ و ئەوانیش حەودی 15-20 کەسێك بەرەو ئێران هەڵهاتبوون و ڕۆشتن و هێزەکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو ئەوەی بوو بە یەکێتی و ئەوەی تەسلیم بە ڕژێم و ئەوەی چووە لای سۆسالیست و لەو 200 کەسە کەسمان نەهێشت و تەفروتونا بوون لەوانە هێزی دوو دوایی کە هاتن کاك سامان لە قەرەداغەوە 50 پێشمەگەی باشی کاك عزیز بەگ مەسئولی لق و کاك ئەرسەلان بابیز تازە هاتبوو ئەندامی ناوچەی هەولێر یا ئەندامی لق بوو کۆڵێك کتێبی مارکسی بە کۆڵێوە بوو کاك مەحمود بەنزین ئەندامی لق بوو کاك هەندرێن و شێخ سلێمان خەڵکی بالیسان بوو ڕۆژێك جەیش دەوری یگرتین لە هەوریَ لە دواشەوە خۆی لێشاردینەوە و هەڵهاتبوو بەرەو بالیسان هەردەگەڕان نەیان دەدۆزییەوە ووتمان نە کوژراوەو نەشگیراوە لەوانەیە میزی گیرابیَ هەڵهاتووە لە هەیبەت ئازار هەرواش بوو چەتەکانی وەسمان بەگمان دایەوە وەسمان بەگ تاپڕێکیان پیَ بوو کاکمەلا بەختیار نەیدایەوە ڕۆژێك لە چێوە کاك مەلا بختیار چوو بۆ ماڵی سلێمان هێشتا ەنکوژرابوو جوابی بۆ

بنێرێت به ژنەکەیدا تازە ژنێکی موعەلیمەی هێنابوو قسەی زۆر وۆبەکاکمەلا ووت و گەڕایەوە ،کاك مەلا بختیار کۆبوونەوەی بە گوندی چێوە دەکرد نەیاندەناسی ئەیووت ئێستا من قسەتان بۆ ئەکەم دوای من قیادەو دوای ئەوان سۆسیالیست و ئێوە خۆتان قسەکانی من ناوم مەلا بختیارو مەسئولم لەم هێزە ڕەئی لەسەر بدەن و واتە خۆی تەقدیم دەکرد (غیر مباشر ).زواتە پێیان ناخۆش بوو ڕادیۆی پارتی قسەی بە من دەووت،مەجیدی مەلا فتاح و مشیر و (هەرێمی 14) بۆ شارەزایی حاجی مستەفا چێوەیی پێدابوون بەڵام هەر خۆی دەشاردەوەلێمان خەڵکی ناوچەکە ڕووی تێدەکردین ڕشادیۆی پارتی هەموو ڕۆژێك قسەی بە من دەووت لە گگەڵ گۆڤاری سەفینی لقی دووی پارتی هەرا بوو لەسەر ئەوەی کە کاك مەلابختیار دەیووت من قسە دەکەم کاك عەلی عوێزیش دەیوت من ..کاك مەلابختیار دەیووت باشە بۆ ڕادیۆی پارتی هەر باسی تۆ دەکات یەعنی ئەو مەسئولی هێزەکەیەو باسی من دەکات و ..ووتم برا جنێوم پێئەدات بەغیلی بە جنێویش ئەدەیت نا هەر باسەکە لایان گرنگ بوو ناو بهێنن ،ناوی سوارەئاغاشی دەهێنا،ئەو لەوێ نەبوو بەڵام ئێمە مانگێك بوو لفەوێ بووین دوای کاك مەلا بختیارو ئەوان هاتن وە هە موو شەڕەکان ئێمە دەمانکرد..کۆمەڵە پێی صناخۆش بوو دوژمنیش ناو م بێنێ ..لە کاتی شەڕی مامەندە هەموو جیهاوەکان بانگی منیان دەکرد داوایان لە من دەکرد فریا کەوم چون کە ئێمە (7) ڕەبایەمان لەشسەر چیای مامەندە و ئاخوڕان گرتبوو کاکا مەلا بختیارو ئەوان هێزەکەیان شکابوو لە پشتی شێنێ وە لە هەموویان زیاتر جیهازەکەی کاك عەلی شامار ناوزبانگی زۆر خۆشەویستی پیشان ئەدا بەرامبەر بە من کاك مەلا بختیار سەبری نەما بە جیهاکەکە بدەستی یکرد بە قسە ووتن بە عەلفی صشسامار ووتی بۆ ناوی خڵك دێنن نابێ ناوی کەس بهێنن .

لە 1980/6/14 لە گوندی بالیسان کاك قادر شۆڕشمان بینی سۆسیالیست بوو لەوێ بوون من ئەو کات 137 کیلۆ بووم گەنج بووم لە بالیسان لە دوای پێشمەرگەوە سەردەکەوتم خاوەن ماڵێك وەستابوو ووتی کاکە تۆ چیت لەو منالێ و تارە داوە کەوتیتە دوایان وەرە دانیشە پێکەوە دەبینواد یار بوو دەیویست ئیشێکم بۆ بدۆزێتەوە و جارێکی کەش لە گوندی بلەسەن لای سەردەشت و بانمە کابرایەك پێی ووتم .زوەرەر لای مەڕەکانی نم هەرچیمان هەیەچصی پێکەوە دەژین و ژنت بۆ دەهێنم پێشمەرگەش لەوێ صبوو نوای دەزانی بە زۆر کەوتومەتە دوایانەوە ،هەر کەسصپێشمەرگە بێت کەس وکارو منالێ و ژنی نیە واتێ گەیشتوون .

لە ڕۆژی چص6/17 لە تۆتمەوە چووین بۆ گوندی خەتێ و مەلای یخەتێ مکەوتەوە بیر کە خیانەتەکەی کردووە مەلا عبداللە ی مەلا فتاحی خەتێ لە کاتی شەڕی تورك و پاشا کوڕەی ڕەواندزدا یا پاشای گەور ە بەرگری لە ئیماراتی کوردکردووە مەلا ووتویەتی (هەر کەسێ تەقە لە تورك ئیسلام بکات تەلاقی نامێنێ)خەڵکی لە پاشا دوورکەوتنەوەو بوو بە هۆی ڕوخاندنی ئیمارەتی ڕەواندز و دەسەلات ی پاشا،مەلا عبداللە ی مەلا محمودی کوڕەی ناەو ..ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ ،مەلا محمودی مەلا عبداللە ی مەلا فتاحی خەتێ لە گوندی خەتێ لە ماڵێك بووین زۆرمان برسی بوو ساوەرێکی خۆش و پیازێکی جوانیان هەبوو ئێستاش ناوی صیخاوەن ماڵەکەم لە بیرنەماوە ئەو کاتە تا ئێمە ڕۆیشتین یەکێتی لەو ناوە جگە لەو دوانزە کەسەی وەسمان بەگ ئەویش لای کانییەکە خۆیان بە یەکێتی نەدەزانی کەس لەو ناوە نەبوو یەکێتی بێت تا منیش نەڕۆشتم کەس نەچووە هەولێر کاك شاخەوان پێنج شەش پێشمەرگەی لەگەڵ چوو بوو ئەویش لە سەرکردایەتی بوو .

لە ڕۆژی 6/17 /1980 خەڵکی شارەزوور هاتن جەنازەکەی شەهید عومەریان بردەوە بۆ گامێش تەپە بە ئامەنتی ئاش ناشتبوومان لە گوندی چێوە ،لە 6/18 /1980 لە بیراوا چووینە چێوەو بۆ مێرگە سوور لە 19 ەیش هەر بە دوای گوڵەباخ و ئەوانەوە بووین ،لە ڕۆژی 6/19 سەعاتێك شەڕ بوو لە گەڵ سلێمان و گوڵەباخ دا لەلای زێنی

ٚ ،له1980/6/20 كه چووینه خەتێ و ئەشكەوتەكەو سارتەكەو ماینەوە لە دۆڵی بالیسان تا 6/21 یەكەم ڕۆژی هاوین بوو چووینە گوندی زێنوێ و گوندی دراش لەگەڵ كاك مەلا بختیار و كاك عەلی عوێزدا لە گوندی چێوێ بووین .

لە ڕۆژی 6/23 و 6/24 لە گوندی شیرەی خوارو بووین و زۆر بێ ئیحترام بوون و من و كاك سامان گەرمیانی چووین بۆ ماڵێك حاجییەكی كەشی بەسەر بوو تا ئێمە چووینە پشتەوە قاپییەكان دار بوو دارەكەی كردە ناو دیوارەكەوە ،من ووتم هەر دەیكەمەوە با سوێی بێتەوە ،من دەستم برد كردمەوە ،لە بەینی دەرگاكەوە چووینە ژوورەوە با هەر بچینە ژوورەوە بەڵام كابرا بە خێرهاتنی نەكردین ژنەكە بە ئیحترا م كاك سامان دەستی كرد بە نان و ماست حواردن كابراش بەس سەیر دەكرد وای دەزانی لە جگەری دەبڕی ...بەلام من نانم نەخوارد هەر دانشتبووم پاشان چووینە دەرە شێر یا شێرەی ژوورو .

مام حەسەن بە داخی كوردەوە سەری نایەوە

لە ساڵەكانی 1980 كان و لە ڕۆژی ساردی مانگەكانی یەك و دوودا ،وەكو پێشمەرگە دابڕاین و بەكارێكی تایبەتی دوو كەسی كەم لە گەڵدابوو دوای ماندوو بوونێكی زۆر و زیاتر لە (8) سەعات ڕێگای بێ ووچان گەیشتینە سەر ڕووبارێكی گەورەو هەر خوارو ژورمان بوو كە بوارێك یا پردێك یا دارێك پەیدا بكەین و پێی بپەڕینەوە،بە ناو بواری گوێی ڕووبارەكەدا شۆڕبووینەوەو ماوەیەك هەستمان كردئەو ناوە ئاوەدانی یەو جێگای هاتوچۆی مەروماڵاتیان و ولاخی بەرزیشمان دەبینی ،ئێمەش هەواڵی صكەشف بوونی صكۆمەڵێك لە هەڤاڵەكانمان لەشارەوە پێ گەیشتبوو بۆ زیاتر تاقیبی دەمانویست دڵنیا بین ..دوای ماوەیەك دەمەو عەسرێكی زۆر درەنگ لەناو كەمداری و ڕووتەی بوارەكەدا لە نزیك چەمەكەو لە بنقاچ و مقەڵەی دامێنی چصیكێوەكەندا خان و ماڵێك ودووكەڵی باریركی زۆپەی دارمان بە دی كرد و ئێمەش ڕوومان كرەوە ماڵەكو بە ئومێدی ڕێپیشاندان حەوانەوەمان ..یەشتا ەنگەیشتبووینە نزیك تاكە ماڵەكە گەماڵێكی گەورەی بۆر شالاوی بۆ هێنان و لەو كاتە ژنی ماڵەكە خەریكی بەرخ و كارژۆڵە بوو ، بووكەكەشیا نەمەشغوڵی كاو گزرەو ئالف داكردن و ئامادەكردن بوو بۆ مالاتەكەیان ئاخوڕەكانی پاكدەكردەوەو لەبەر ئەوەی كە شوان گەڕایەوەبا مەروماڵاتەكەی لەبەر ووشكە سەرمای زستان نەوەستێ لەدەرەبوە .ژنە بە دەنگیكی بەرز توڕەبوو لەسەگەكە و پێی ووت یژی كەست نەدیوە وەم ڕۆژی نیوەڕۆیە پەلاماری زەلام ئەدەیت و زۆر گوناحانە سەیری دەم و چاوی ماندوو ڕێزو ڕەنگ سەرمای دراوی كرد:هەڵوێستێكی چصیكرد و منیش ووتم خۆشە ڕێگای پەڕینەوە لەم زێیە لەم نزیكانە لە كوێ ڕێگای پەڕینەوە هەیە ژەنە لەتەمەنی (45)ساڵی دەبوو ووتی خۆ دەرناكراون ڕێگا دوورەو ئەم شەو فریا ناكەون و فەرمووی لێكردین و بە دەست قاپی ماڵەوی نیشان داین ..ئێمە كەزۆر سیماندوو شەكەت و زۆریش شارەزا نەبووین حەزمان دەكرد پشوویەك بدەین و هەندێكدەنگ و باسی ناوچەكە بزانین ڕوومان كردە قاپی و كە بەتەنەكە درووست كرابوو چوارچێوەدایر هەوانێكی نزم و پاساردا تیووی هەبوو ،دارییەیك دانرابوو دیار بوو بۆ داكەندنی پێلاوی قوڕاوی ..نەك هەر پێڵاو بگرە جلەكانیشمان قوڕاوی و ئەوەندەشمان لە جۆگە ئاو دابوو جلەكانیشمان تەڕبووبوون ..دامان لە قاپی تەنەكەو لە ژوورەوە دەنگێكی لاواز فەرموویەكی درێژوو باریكی كردین و قاپیمان پاڵ پیوەنا و بە دیوی ناوەوە كرایەوە ..ژوورێك و نیو تاریك و شوشە بچكۆلەكەم لە دوولاوە لە ناو دەلاقەی یا لە جێی پەنجەە دانرابوو لەناو دیوارەكەدا .بەلام دووكەڵ لە بۆری سۆپەكەە جارجار لە سەرەوە بای لێدەداو پڕمەیەكی دەكردو ژوورەكەی پڕدەكرد لە دوكەلچ، وادیار بوو لەو كاتە هێشتا ئەو دوكەڵە نەرەویوە

وه هەموو شیشەکەی تەڵخ و دوکەلاَوی کردبوو ن ژوورەکەش نەك هەر دووکەڵی دووڕەنگیشی وەرگرتبوو مەشکەت تیا هەڵواسیایە دوکەڵی دەدا.. هەر بەپەلە فەرموو بۆ هەوراز هەڵکشێن خاوەن ماڵمان گویٚ لیٚبوو جارجاریش خۆی دەردەکەوت دوای سەلام دانانی تفەنگەکان وەك عادەتی هەموو کات و پێشمەرگە چووینە ژوورەوە دانیشتین خۆ ناشوکری نەبێت پێشمەرگە هەر سەلامو عەلەیکم و خاڵە چۆنی و ئەوەمان دەزانی چونکە ماڵمان نەبوو ..قەد بە کەسمان نەووتبو علیکم السلام و بەخێربێن ..هەر سەلام و عەیکممان دەزانی ..مام حەسەن خاوەن ماڵ لە تاریکییەوە دەستی ڕاکێشاو خۆی دابوو بەسەر گۆچانەکەیداو تەوقەمان کرد بەرە بەرە ژوورەکە ڕۆشن بووەوە ..مام حەسەن سیغارییەکی لە نێوان پەنجە باریك و ڕەق هەڵگەڕاوەکاندا گڕەکەی سەرکەوتبوو بۆ نزیك پەنجەی ..وا دیار بوو پەنجەی لاواز و زەردبووی بە دوکەڵی جگەرە هەستی زۆری نەبوو سمێڵی سپی مام حەسەن دوکەڵی جگەرە زەردی کردبوو ژوورەبکە بە لبادی خوری ڕاکێشی لەو بەرو لەوبەری زۆپاکەوە فەرش کرابوو ،بەتانییەکی چواگۆشە مام

حەسەن لەسەری دانشتبوو ڕەسمێکی ئیمامی عەلی هەڵواسراوبوو سندوقێکی کۆنی بە ڕەسمی دڵ دڵ و بۆراق لەسەرەوە دانرابوو جێگاو بانی لەسەر هەڵچنرابوو پێدەچێت ئەو سندوقە هی کاتی زاوایەتی مام حەسەن بووبێت جارجارێك سەیرێکی دەکرد و هەناسەیەکی دەکێشاو دوای ئەوەی جارجار بە کلکی گۆچانەکەی هەرچەند دەیوت خراپ لە ئاگری ڕادێیت لەبەر مەڕەکان ،لە زۆپای ڕادەداو دەگەشایەوە لەپڕ هەوای سەرەوە لەلوولەی زۆپاکەوە دەپژمی و دووکەڵ پڕی ژوورەکە دەبوو مام حەسەن بۆ دڵخۆشی ئێمە دەیووت ژیانی لادیٚ و بە تایبەتی تاکە ماڵە وایە ئەو ژوورەی ئەو ژوورە ئێمەی تێکەوتووین هەر باشە لەم گوێچەمەدا بەو حاڵە ئیدارە دەکەین تاخوا ئەو دنیایەمان بە لایەکدا دەخات ..لەو بەریشەوە ڕەسمێکی کوڕێکی گەنجی بیست و پێنج ساڵە هەڵواسراو بەە جارجار مام حەسەن لە ژێر برۆی سپی و پێڵوی چاوی بەرزدەکردەوەو سەیرێکی ڕەسمەکەی دەکرد و قسەیەکی لە گەرووی قوڕگیدا دەگیرا ..دوای ماوەیەك دنیا تاریکی کردو قارەی مەڕوبزن و تێڕژانی بەرخ و کارو قۆڕەی مانگا و گوێرەکەو سەگ وەڕی ئێوارەو هاژەی ئاوی ڕووبارەکەو کزەبای ساردوو سەرمای زستان پڕوشکە پڕوشکی بەفر هەمووی یەکی ئەگرتەوە لەگەڵ نەرمە کۆکەی مام حەسەندا دوای ئەوەی بەو کاتە نوێژی مەغریبی کرد ..هەر سەیری سەعاتە بەرباخەڵەکەی دەکرد و سەیرێکی قاپیەکەی دەکردو ناچار چووە دەم قاپیەکەوە و ووتی دایکی شەریف ..ئەریٚ شەریف دیار نەبوو ەنهاتەوە..ئەویش ووتی ڕێگا دوورەو خراپە لەوانەیە هاکا گەیشت ..مام حەسەن هاتەوە سەرجێگای خۆی و دانیشت و زانیمان مام حەسەن پیاوێکی دنیادیدەیە و بەتەمەنە سەرگوزشتەیەك یان شتێکی هەر پێیە ..ووتی کوڕینە ئێوەش هەر ەوکو کوڕەکانی خۆم سەیر دەکەم بەلام مەسەلەیەکی کوردی هەیە ئێژیٚ مارانگەستە لەبەنی بازە ڵەش نەترسیٚ ..ئەەو خزمەت کارێکی ئێوەم هەیە لە باییننییەوە چووە بۆ شار تا ئێستا نەگەڕاوەتەوو منیش ترساوم ..ئەو کوڕەم ڕەسمەکەی هەڵواسراوەو (حەمە ئەمینی )کوڕمەو بە دەستی بەعسیان شەهید بووە .زیەکیٚ لە برادەرەکانم ووتی مام حەسەن پێشمەرگە بوو ،ووتی نا ڕۆڵە گیان ..ووتی بۆ شەهیدیان کرد ..ووتی ..بەعس دوژمنمان نییە ووتی ئەگەر پێشمەرگە نەبووە ئەوە بە ناحەق بووە ..ووتی ڕۆڵگیان پێشمەرگە شەهید دەبێت ..هەر ناحەقی کوڕەکەی من کورد بوو ،بۆیە شەهیدیان کرد دوو ساڵ پێش ئێستا ماڵمان لە گوندێکی نزیك شار بوو ڕۆژێك جەیش و جاش و هەلیکۆپتەر هات و دەوری ئاواییان گرت و هەموویان کۆکردنەوە سوئالی پێشمەرگەیان لێکردین گوایە تەقە لەشار بووەو کەسانی سەر بە ڕژێم بریندارو کوژراویان بووەو محافز بریندار بووە لەسەر ئەوە گوندەکانی ئێمەیان سووتاند و هەموویان ئاوارەکردو بە کوڕەکەی من و دوو گەنجی تریان ووت دەبێت قسەو جنێو بدەن

بەسەرکردایەتی شۆڕش و پێشمەرگە ..ئەوانیش نەیانووت..یەکێکیان بەگوێی کردن و قسەو جنێوی دا و ئەویان بەرداو کوڕەکەی من واتە حەمەو مین و شاوەیس کوڕی قەەنییان لەبەر چاوی ئەو خەڵکە گولە باران کرد ئیتر من ئەو شاراەم لەبەرچاو ڕەش بوو..

ووتی تەمەنی پیرەمەڕێکم ماوە ئەوە دووبارەش تێرم خوارد با چاوم بە پیاوانی بەعس نەکەوێت بۆیە وا بەتاکە ماڵە هاتوومە ئەم چۆڵەوانییە بوومەتە هاودەمی تەیرو تیرۆکە کە پووی بایەقووش ی تێدا دەخوێنێت،ئەوەم پێخۆشەو جاروبار ناچار شەریف ئەڕواتە شار بۆ هێنانی زەخیرەو شتی تر دەستم لەسەر دڵمە ..برادەرەکەم ووتی مام حەسەن خوا جەزاتانبداتەوەو تەمەن درێژی بۆ کاك شەریف بە جێ هێشت ..ووتی کوڕم جەزای کورد ڕۆژێك بەعس نەمێنێت و کورد سەرفراز بێت ..من داخی کوڕەکەم و کوڕەکەی قەرەنی و کوڕەکەی فلان و فیسارو هەزاران شەهیدم لایە یا ئێوەو دوای ئێوەش کوڕەکەی من من و فلان و لەسەر جنێوێك بە قیادەی کورد ئیعدام کرایین تۆ هەر ئێستا یا سەعاتێکی کە شەهید ببیت بەلام ئەوەی لای من نیگەرانییە ئەوەیە کورد لەناو خۆیدا بەربۆتە گیانی یەك ێژیێ حوکمی زاتی و حەقی کورد لای کوردە ...لەو کاتەدا قومێکی دوورو درێژی لە سیغارەکەی بەدار جگەرە بەلالوکەکەی هەڵمەژی و چاوەکانی ئەوەندی تر چون بە قوولا ..ژن و بووکی مام حەسەن بە گریان و قیژە خۆیان بە مالاکرد و ووتیان ئێمە ناڵێین هیچمان ناوێت

ل 342

تۆ هەر وازت نەهێنا تا شەریف مان لەدەست چووز ... مام حەسەن دووجار تەکانی داو نەیتوانی هەڵسێتەوە ووتی چی بووە ... وتیان هەواڵ هاتووە کە شەریف کەوتۆتە کەمینەوەو شەهید بووە ... مام حەسەن دووجار ئاخێکی قوڵی هەڵکێشاو ووتی کوردستان هەر ئەبێت ئازاد بکرێت ... کوڕی من و کوڕی هەموو ئەوانەی وەکو منە دەبێ شەهید بن ... بەڵام من داخی ئەوەمە کە کورد قەدری شەهیدەکان وماندوبون و تێکۆشانی کوردی لەبەر چاو نەویێ , چۆن ئێستا بەعس تەرو وشکی پێکەوە دەسوتێنێ بەسەرکەوتنی کوردیش دەسەڵاتی کورد هەر تەڕو وشك پیچکەوە بسوتێن وفەرقی چاك وخراپ و ماندوبونی ئێوەو من لەبەرچاو نەگرن من ئیتر لەدوای ئەو کورانە ژیانم بۆ چی‌یە ...! مام حەسەن ... مام حەسەن بانگمان کرد ... مام حەسەن سیخارەکە بەدەستی‌یەوە کەوتە وارەوەو شل بوو بۆ هەتا هەتایی چاوە بە قوڵاچوو لاوازەکانی لەیەك نا ... بەرەو مەزاری هەزاران شەهید وکورەکانی ماڵئاوای یەکجارەکی کرد .

کاوە

له 25 / 6 /1980 چووینه گوندی بیروا , بیرواش گوندێکی گەورەی بێ ئاوو دارو هاینان زۆر ناخۆشە زۆرگەرمە چیای بەرز بە پشتیەوە بووەو و بۆ دیوی مەلەکان , لە ڕۆژی 26 / 6 چووینە گوندی کانی بەردوو هەروەها چووینە بالیسان و لەماڵی ئەنوەر بەگی بالیسان بووین هەندێك باران باری .

لەوێ لە 27 / لە بالیسانەوە چووینە بەلالۆك ئاواو توتمی و خەتێ لەوێوە چووینە میراواو شیرە بۆ مێرگە ەرو ودوایش بە 1 و 2 / 7 ی 1980 چووینە چێوەی خواروو لەوێ بووین جێش وجاشی زۆرمان بۆ هات و لەگەڵ 18 هێلیکۆپتەر لە نێوان رانیە وقەڵادزێ و شەقڵاوە جێشێکی زۆرهات و ئەو ڕۆژە تەقە ڕووی نەداو ئێوارە یپێشوو نەوزادی ئەنوەر بێتواتە ئاگاداری کردین کە سبەینێ جەیشمان بۆدێ شتێکی وا هەیە ووریا بن حکومەت مەقەڕی لەمێرگەسەر داناوە و ڕەبایەی لە سوێرە داناوە و , ئەو ڕۆژەبوو شێخ سلێمان خۆی شاردبۆوە و ئێمەهاتینەوە چێوە لەوێوە لە چیای هەورێ ئەگەر تەقە بوایە ئەوەندە پووش و کاکەیزۆر بوو دەسوتاین و سەرەوەیش لە ناوەڕاستی چیاکە بووین ناودار بوو , ئێمەش چووینە دارستانەکان پشتی چێوە دوای نیوەڕۆ جەیشەکە گەڕایەوە ئێمەش چووینەوە چێوە ... شەوی 2 – 3 /7 چووینە گوندی دارش کە چەند ڕۆژی پێشئەوە لە گوندی دارش دەرەوەمان بۆ دووسێ ماڵە فەقیر کرد گەنمەکانمان بۆ رنینەوە بەداس دوای چوینە نێوان بالیسان و کانی بەرد دوای چووینە شێخ وەسانانەوەو بۆ باەکانی پشتەوە, پێشمەرگە هەمووی ماندوو بوو بوون خۆیان دابوو بەزەویدا پێشمەرگەیەکی هەرێمی ( 8 ) لە پێشمەرگەیەکی هەرێم ( 1 ) کەناوی ڕزگاربوو تەوێڵەیی پرسی بووی بە لەهجەی هەولێری هەرێمی ( 8 ) لەکوێیە , هەمووی تێکەڵ بوو ماندو بو بوون دەمەوبەیانی ڕۆژبووە وە رزگار ووتی من لە هەرێمی یەك م شەش هەرێمان بەینە بڕۆ پرسیار لەو ( 6 ) هەرێمە بکە , ئەگەر لەو شەش هەرێمە نەبوو بە تەسەل سول ئەوکات وەرە لای من کابرا توڕەبوو لەسەردەم خۆی دا بەعەرزا خوای نەمابوو .لە و هەموو هەورازوو ماندوێتیە .

ڕۆژی 3 / 7 /1980 لە شێخ وە سانان بووین عێراق لە هەموو لایەکەوە بۆمان هات ... هەر لە 3 / 7 /1980 ( 12 ) کەسی قیادە موەقەتە پەیوەندی پێوەکردین لە شێخ وەسانان تەسلیم ببون. حکومەت تەیارەی لەسەر لوتکە بەرزەکانی پشتی بیراواو شیرەی زێوێ و ناو گوندەکان دابەزاندوو لە هەموو لایەك دەگەڕان جێش لە شێرە بوون .

لە 4 / 7 /1980 چووینە بێراوا و شێرە و شێرەی سەروو جێش بەخەستی دەگە ڕا , ئەو ڕۆژەی دەگەڕا ئێمە ڕۆژی دوایی دەچووینە ئەو جێگایەو جێش بۆ جێگایەکی تردەچوو واتا ئەو ڕۆژە جێش لەکوێ بوایە ئێمەبۆ ڕۆژی دوایی دەچوینە شوێنەکەی ئەو ... لە 5 / 7 / 1980 هێرش تەواو بوو لەو ناوچەکەو هەر لەهەمان ڕۆژ کاك مەلابەختیار و کاك علی عەویز ووتیان ئیتر هیچ نەقیادە موەقەتەو نە ڕژێم نەماوە با هێزەکەی ئێوە بگەڕێتەوە پێویس ناکات لێرە بێ حەزیان نەدەکرد من لەوە زیاتر لەو سنوورە بم , جەماوەر و خەڵکەکە ڕوویان تێدەکردین وەك لە نامەی کاك نەوشیروان و کاك ملازم عومەردا دەڵێت : گەورەترین سەرکەو تن و بوژانەوەی یەکێتی لەو سنوورەدا بوو کە بەدەستان هێتنا , وەباقی ئەو پارەیەشی مابوو بە کاك لەتیف محمدی

مەلا سابیر هەڵەبجەیی کە جێگری کەرت بوو ناردمانەوە بۆ مەکتەبی عەسکە ری و سەرکردایە تی ئەوپارەیە لە کوڕەکانی مجید ان وەرگیرابوو ... وە ڕۆژی 1 / 5 /1980 چوومە ناوچەی هێزی هەرێمی ( 3 ) , لە 6 /6 / 1980 گە یشتینە دۆڵە ڕەقە و قسەم بۆگوندی شێخ وەسانان کرد . لە 9 /6 قادر ناوێکمان گرت کە قیادە موەقەتە بوو ناوی خۆی نابوو مامۆستا کەمال , لە 5 / 7 لە میراوە لە قوەتەکە جیا بووینەوە و بەرو دواوە بگەڕێینەوە لە دۆڵە ڕەقە تووشی هێزێکی سۆسیالیست بووین , لە 4 / 6 کاك قادر عەزیز و کاك حاجی حاجی ئیبراهیم و کاك عبدالله سوورو ئەو پێشمەرگانە لەبەری کۆسرەت چەك کرابوون , مەکتەبی سیاسی نامەی ناردبوو بۆیان دەیبەنەوە لەوێش چەکەکانمان تەسلیم کردنەوە لە پڵنگان و ئەوان چوون بۆ جەولەی لای وەرتێ و قسەیان بۆ خەڵك دەکردوو کە جەلالی و مەلایی شەڕیانە و لەگەڵیان مەبن و یەکێتی زۆر لەوە ناڕەحەت بوون , 6 / 7 چووینە گوندی چێوەی سەر وو لە چیای هەورێ وە بۆ کونە فلوسە وسناوێ لەوێوە بۆ نازەنین , لە 7 / 7 چوینە نازەنین بۆ گوندی دری... گوندەکە خۆی ئاوودارو باخ و میوەو هەنارو هەنجیرو خەڵکی باش بوون , ئێمە لە ماڵی کاك کەوریم ئاغا بووین وابزانم کاروان ناوی بوو مەریوان مناڵ بوو لەوێ بوو بەڵام هەموویان سەر بە سۆسیالیست بوون , بە هۆکە تۆکی قەمان لەگەڵ مامەندەدە کردوو نازەنین و هیران لەبناری چیای سەفین و بەرامبەر چیای هەریرەوە و دۆڵی نازەنین و شەقلاوە لە کۆتایدا لەوێوە بۆ سناوێ و لە سناوێ توشی دکتۆر و شیارو مامۆستا سەعد بوون هێزێکیان لەگەڵ دابوو چووینە گوندی ( جلی ) کاتێ چاویان بە ئێمە کەوت زۆرترسان کەچەکی بکەین.

شەوی 7 – 8 /7/ 1980 چووینە ( جلی ) و چووینە کۆدەڵەو لای عایشێ خان لە نێو ( جلی ) و قاقادا , پێشمەرگە زۆر ماندوو بوون دوو پێشمەرگەمان خەویان لێکەوتبوو خەبەریان بووەیەکێکیان ناوی فرج بوو تەوێڵەیی نارنجۆك ئەندازێکی پێ بوو ئەوی تریان ناوی فەقێ ئەحمەد بوو خەڵکی کەلار بوو هەردووکیان لەخەوە تفەنگەکانیان لە بیر چو بوو بەڵام من پێم زانی و تفەنگەکانم بۆ هێنان کە گەیشتینە بەردەمی جەلی لە ڕیزەکەهاتن بەخەوە زانیان چەکیان پێ نیە پەشۆکان دەیانویست بگەڕێنەوە پێم وتن مەگەڕێنەوە چەکەکانمان هێناوە ... بەیانی حەیوان سەربڕابوو گۆشتیان دەبرژاند ... کاك فرەج تەوێڵەیی فەرەج نارنجۆك و فەقێ ئەحمەد کلاشینکۆف ی سیخۆی جێ هێشتبوو بەیانی حەیوان بەسەریدا ڕۆیشتبوو فەرەج قسەی خۆش بوو ووتی ئەمشەو فەقێ ئەحمەد خەوی لێکەوتبوو کلاشینکۆفەکەی جی هێشتبوو فەقێ ئەحمەد ووتی چۆن ڕووت دێت باسی بکەیت من قسەناکەم تۆ تۆپێکت لەبیر چوو . بۆ کلاشینکۆفی من قسە دەکەیت ڕاستی دەکردوو بۆ ئێمە تۆپ بوو نارنجۆك ئەنداز , چووینە گوندی گردی خودادادو قورە بەرازە و چولیاوا سەرکەپکان و دەلان و پاش کوتەڵ لە دۆڵە ڕەقە ئێوارە لەوێ بووین تا ڕۆژی 9 / 7 چووینە سەرەوە بۆ پڵنگان لەشەوی 10 – 11 / 7 /1980 چووینە کێوە رەش و لەوێ ماینەوە .

ڕۆژی 11 / 7 کەوتینە ڕێگا بۆ گوندەکانی پیرانە رەش و مەمکان و جلکان و دووگۆمان و گرتك و دۆڵی شەهیدان و زۆرکان و جێگای تر لەپشتی توە سوورانەوە کە هەمووی بی ئاوە لە هاوینا چۆڵە و خەڵکەی دەچنە

کوێستانەکان , دوای ئەوە چووینە مەکتەبەکەی گرتك و دووگۆمان قەباغە فیشەك کەوتبوو ووتیان کاك حاجی حاجی ابراهیم لەگەڵ هێزی سۆسیالیست لێرە بووە ( 9 ) کەسیان بەدیل گیراوە لای جاشەکانی عەباس بایزی باڵواڵ ئاغا دوایی ئیعدام کران , چووینە سەر ئەوگوندەی کە موسەیترە لەسەر دۆڵی شەهیدان و ئۆردوگای سەنگەسەر سەرووی حاجییاوا , هێزێکی گەورە چاویان لێ بوو کە ئێمە مەفرەزەیەکمان ناردووە زورکان ... ڕێگاکە تاقی بکاتەوە هێرشی جاشی زۆر و زەبەندەمان بۆهات و شەڕ دەستی پێکرد .

هەموو تینو بووین لە سەعات 3 ی پاش نیوەڕۆ ( 3 ) شارەزامان لەلاگەڵ بوو زۆر شارەزا نەبوون , ئێمەش کەسمان شارەزا نەبووین جگە لەتیف نەبێ , هەندێك پارەمکان بۆ سەرکردایەتی ناردبوو چووبوون بۆ ئەوێ و گەڕابوونەوە هەروە ها لە ساڵی پێشودا هەر لە پیرانەرەش تەیارە لە پیچشمەرگەی دابوو مامۆستا رەنجبەر شەهید بوو چەند پێشمەرگەیەك بریندار بوو لەوانە کاك عومەری سەید عەلی برینداریێکی خەتەر بوو کاك فاچل سەعید رواندوزی بریندار بوو ئەویش پێشمەرگەی مەکتەبی عەسکەری بوو لەگەڵ کاك سەید مجید بوو ... شەڕ گەرم بوو دامان لە توێتەیەك وەرگەڕاو ( 9 ) جاشی لێ کوژرا یەکێ لەوانە کوڕی حاجی ئاغای قادراوە بوو وە هەندێك جاش بریندار کران و دنیا تاریکی کرد ئێمە ئەگەڕاینەوە بۆ ماخۆ بزنان و دووگۆمان نیوەڕۆ لەوێ بووین ئاوی باران لەگۆمەکانی ناو گوندەکاندا لە دووگۆمان وەستابوو بارانی زستان ئاوەکە قەوزەو بەڵغی هەڵدابوو خەست بۆوەو وتم تۆ بلێ ی کەسێك زۆری بۆ بێت ئەو ئاوە بخواتەوە لە تینوتیا .

کاتێ لەشەڕ گەڕاینەوە پێشمەرگە یەك کەوتبوو مەحەمەدی حاجی کە ریم گاگردەڵی بەکۆڵی هەڵیان دەگرت گەنج و بەهێز بوو بەڵام لە تینوێتیە پەکی کەوتبوو ... لەبەر ئەوەی جیهازەکانمان لێی حاڵی نەبن جاش بە هەورامیانە قسەمان دەکردو جنێویان ئەدا ئەیانووت : ئەوانە هەجی جێن یەعنی جنێوبوو لای ئەوان گەڕاینەوە گوندەکەو کە پێشمەرگە خۆی هاویشتە ناوی بۆ خواردنەوە زۆرمان خواردەوەو تینوێتی نەدەشکاندین خەست و کرماوی بوو من جەمەدانەیەکم دادەناو بۆ ئەوەی پێی بخۆمەوە و بەری پیسی و کرمی دەگرت و یەکێکمان نارد بۆ گوندێك کەناوی ماخۆ بزنان بوو ئاوی خواردنەوەمان بۆ بێنێت بەڵام ناو گوند چۆڵ بوو ئاوەکە لەژێر زەویدا بوو کارێز بوو نەماندۆزییەوە لە هەوارەکانەوە تا کونەیەك ئاو گەیشت خەریك بوو بخنکێین کونەش لە پێستی بزن دروست دەکرێت و مەشکە بۆ دوو هێزە بۆ ڕۆن کونە بۆ ئاو ... بەزۆر ماندوویی سەرکەوتین بۆ هەوارەکانی ماخو بزنان و بەتەمای ڕێگای کوێستان بووین , لەزونگاڵ و دووگۆمانەوە گەڕاینەوە مەمەکان , شەڕ لەسەر گرتك و شەهیدان بوو , لەو شەڕە لە سەعات ( 6 ) تا 8.5 بەردەوام بوو , ئەو ڕۆژە خەبەری کوژرانی جاش نەبوو ئێمە بێ زیان بووین ئەوان زیاتر لە ( 100 ) جاش دەبوون کەهاتن هەمووی شکان وهەڵهاتن تا سەنگەسەر و لە گوندی گرتك هاوولاتیەك بەناوی رەسول ئەحمەد بریندار بوو ئیتر ئێمە زیانمان نەبوو شەرەکە ڕۆ ژی 12 / 7 لە سەعات ( 5 ) تا 8.30 شەڕبووگەڕاینەوە وە رینان کە هەواری ئەوگوندانە بوو لە هەوارەکان ماینەوە تا شەوی 13 – 14 / 7 پەڕینەوە بەریقەندیل لە کۆبتانەوە لە جادەی قیرمان داو لە دۆڵی شەهیدان و بۆ گوندی پردێ و بێ پالا ن و رەتەواو ئەبوبەکری , لە 14 / 7 / 1980 چووینە مەلاتوکان و لای مەقەری کاك عبدالرحیم خەڵکی بەری مەرگە بوو کوڕێکی باش و قسە خۆش بوو لە شەڕی مامەندەیش هەندێك دەستی برینداربوو کاك دکتۆر کمال خۆی لەوێ بوو لەقەلاتوکان هەشت پاسداری لەگەڵ بوو مەسئول بوون لەسەر ئەوەی بزانن یەکێتی هێزی هەیە یان نا.. ئەو چەکانەی داواکراوە پێیان دەدەن و یەکێتی دەیویست تێیان

بگەیەنێ کەهێزی یەکەمە لەناوچەکەداو لەهەموولایەك هەیە و سەیری هێزەکەی ئێمەیان دەکرودو پێمان ووتن کاك کمال خۆشناو داوای لەمن کرد وەزعی خوارەوەی بۆباس بکەم هەر یەکێتی هێزی هەیەو ئەوانی کە هیچ نین.. منیش هەندێ قسەم لەگەڵ کردن وادیاربوو پاسدارەکان عەقڵیان نەی دەبری بەلأم هێزێکی وا لەوکاتەدا گرنگ بوو توشیان بوین تائێوارە ماینەوە لایان کاك کمال دەیبردینە ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر ..مام جەلال لەتەهرانەوە چووبۆدەرەوە.. لەشەوی 14-1980/7/15 لەقەلأتوکانەوە بەرێگاوە بوین لەگوندەکانی (رەزگەو مارەدو و بێدەلان و گۆرەشێرو ناوزەنگ و شێنێ) شەوتابەیانی ... رۆژی 7/15 نیوەرۆبوو گەیشتینەوە مەکتەبی سیاسی لەناوزەنگ و لەشێنێهێزەکە ئیسراحەتی کردو بریندارەکانمان هەر لەوێ مابونەوەو چاك بونەوە جگە لەکاك دلێر، کەهاتمەوە سەرکردایەتی کاك سەید مجیدو ئەوان و مەکتەبی عەسکەری وتیان چەکەکانی ئێوەمان ناردوە ، چەك هاتبو.. چەکی بریندداربوو هەق بوو تەسلیم بەمن بکرێت و تەوزعی بکەم ئەوان دابویان بەلەتیف حمەی مەلا صابیر کەجێگری کەرت بوو لامان خۆیان تەوزعیان کردبوو پێم ناخۆش بوو بەلأم گویچم لێ نەبوو..چونکە دەبوو ئەو چەکانەیان بەهەرێم بدایا نەك بەو شێوەیە، بەرێ کەوتین بەرەو ناوچەکانی سەروی خۆمان و ئەو سەرکەوتنە بۆیەکەمجاربوو بۆ یەکێتی جێگیر ببێت لەهەولێر لایان گرنگ نەبوو هەتا چەکەکانییشان بۆ دانەنابوم، لەرۆژی 1980/7/19 لەناوزەنگەوە بۆ بێوران و بۆ سەردەشت بەسەیارە وە بۆگوندی بەلاریوە، رۆژی 1980/7/19 بۆبلەسەن و تاژەو تاژەبان لای رۆژئاوای بانەو ئارمردە بەپێ چوین بۆبلەکێ، لە1980/7/20 چوینە سارداو وەچوینە بوێن و بۆسەر شیوی سەقزو سەرشیوی بانە بۆئەوەی بەجادەی مەریواندا برۆین چونکە ئاسانترو ماڵیشمان لەمرانەی ئێران بوو لای مەریوان ، ماندووبوین دوو پیکاب و یەك لۆری هات سوار بوین لۆریەکیان کای تێدابار کردبوو پربوو لەپەین و باڵێ ی ئەداو دەیکرد بەسەرماندا.. بەلأم مادام بەسەیارە بوو هەر باش بوو پێمان خۆش بوو چوینە بسام و بۆ تومەسوران , لە1980/7/21 چوینە چنارەو گاگل و نەیجەلە بەپەرۆش بوین چیای قامیشڵەمان بری و بۆگوندی سەیفی سەرووخواروو بەردە رەشەو باشماغ و بایاوەو مرانە، هەر لە1980/7/21 دا دوای نیوەرۆ گەیشتینە ماڵەوەو زۆربەی پێشمەرگەکان لەوێ بون، هاتن بۆلای مامۆستا شاهۆو کاك رەووف زۆری کەش لەوێ بون مانگی رەمەزان بوو لەوێ ماینەوە تا 1980/7/28 چوینە بایەوەو باشماغ و بەردە رەشەو پیرسەفاو دەرەتوێ و نێوکانی سپیلکەو لەژێر و کاڵ خوراوو کاڵی سەروو دەررزیان و فەرمانداری مەریوان و بۆبێ کەرەودزڵی، شەوی 28-1980/7/29 لەدزلی بوین لای حزبی دیموکرات دەعوەتی کاك سەعیدی ئەفشار بوین ..شەو لای قادری قادری کەیەکێك بوو لەمەسئولەکانی حزبی دیموکراتی لەگەڵ مەلا رەسولی پێش نماز لەوێ بون ئەوکات حزبی دیموکرات زۆر غروربوون ئەو شەوە ئەو دوو مەسئولەی حزبی دیموکرات تەنانەت وەکو میوان بەخێرهاتنیان نەکردن بەلأم کاك سەعید زۆر احترامی ئێمەی گرت و دەستی بریندداربوو، لەدوای نیوەرۆ دەمانویست بۆهەورامان برۆین سەیارە نەبوو بەسەیارە گەراینەوە بۆمرانە و چوینە ماڵەوە، لە1980/8/2 پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە شەهید بوو لەگاگل کەشس نەبوولای من هێنامەوە بۆ پرد ئەلحانە ناشتمان.. گەراینەوە ماڵەوە، لەرۆژی 1980/8/6 چوینە دزلی و لە 8/7 چوینە دەمەوێ .. دوای چوینە دزڵی کەگوندێکی کۆنەو هەورامیەو نزیکەی (600) ماڵ دەبێت، کاك شێخ ئەمین لەسەری سورێن و شارەزوورو دزڵی نوسیویەتی زۆر کەسیش لەسەر ئەوە ... کۆمەڵێك قەبری تێدایە پێ دەڵێن (12) ئەسحاب، ئەوەش هەر زەمانی ئیسلامیەو ئەو کوردانەی کەئەوێ شەریان کردووە و کوژراون پێیان دەڵێن جوولەکەو بەو عەرەبانەی کەلەکوردستان کوژراون لەگەڵ لەشکری ئیسلامە هاتون پێیان دەڵێن ئەسحابەو لەزۆرجێگا بەلادێی عەبابەیل و لای دەرەشیش و لەزۆر شوێنی کەش ..

دزڵـــی جێگـــای دانەوێڵـــەو زەراعـــەتی کەمـــەو زیـــاتر مـــەڕوئاژەڵ داری . کـــاری ئێـــستەش ســـەیارەو قاچاخـــچی دەکـــەن , ئـــەڵێن لـــە کۆنـــدا نـــاوی ( دزدان ) یـــا جێگـــای دزەکـــان لـــە وێوەهـــاتوە ... دزڵـــی پیـــاوی دەســـت ڕۆیـــشتووی تیـــادا هەڵکـــەوتووە . مـــن لـــە ســـاڵی 1963 کـــە ڕژێـــم و زەعـــیم صـــدیق گونـــدەکانمانی ســـووتاند و لەســـەیارەش ( 35 ) کەســـی لای دەربەنـــدیخان لـــە مزگـــەوت گوللـــە بـــاران کـــرد لەوانـــە براکـــانی حـــاجی حەمـــە کەیەکـــەمیان بەبرینـــداری دەرچـــوو بـــوو لەبەینیانـــە زۆری کـــە ... بـــاوکم نـــاردبووی بـــۆلای عبـــدالله خـــانی دزڵـــی . چـــونکە مـــەڕو شـــتمان هـــەبوو لـــە گونـــدی هـــیلان پـــێ لای کـــاك ئـــەرکان و ئـــەوان بـــوون جێگایـــان دابووینـــێ ... منـــی لەگـــەڵ کـــاك ئـــەرکان و نـــاردبوو بـــۆلای عبـــدالله خـــان مـــن منـــاڵ بـــووم و تەمـــەنم دەســـاڵ بـــووماینێکمـــان بـــە دیـــاری بـــۆ بـــرد ئـــەو زۆر ئیحترامـــی گـــرتم و وتـــی ئێـــوە کـــێ هەڵدەبـــژێرن بـــۆ هـــاوین و زســـتان .. کـــوێ دەڵـــێن لـــەوێ بـــن و تـــەئمینی هـــەموو شـــتتان بـــۆ دەکـــەم , ئەگـــەر خانووتـــان پێویـــستە ... وتمـــان بـــۆ ئـــەو ســـێ ( 3 ) مانگـــەی هـــاوین مەیـــدانی لای ( داڵـــە مـــێس ) , لـــەوێ بـــەفری زســـبتان تـــا هـــاوین دەمێنێتـــەوە لـــە چـــاڵە بەفرەکانـــە .. چـــوومە دزڵـــی تـــازە جـــادە دەهـــات , گەیـــشتبووە پـــێش گوندەکـــەو لـــەوێوە ڕەت دەبـــوو بـــۆ دەرەکـــێ و دەمـــەوێ , دزڵـــی محمـــود خـــان ... دزڵـــی بـــاوکی عبـــدالله خـــان پیـــاوێکی نیـــشتمان پـــەروەر و دۆســـتی شـــێخ محمـــود و خـــاوەن نفـــوزی بـــاش بـــوو لـــە هـــەورامان دابـــو کـــە هاتۆتـــە ئـــەوێ لـــە بیـــستەکان بـــۆ ناوشـــاری ســـلیمانی ئینگلیـــز ڕێگـــای لێ گرتـــووە و شـــێخ محمـــود و توبـــوی بـــۆ زیـــارەتی کـــاك ئەحمـــەد دێـــن , مـــن نـــاتوانم ... ڕێگایـــان لێ بگـــرم هاتنـــە ســـلیمانی و هـــەموو حکومـــەتی ئینگلیزیـــان چـــەك کـــرد هـــەردوو فەوجەکـــە گـــیراو تـــەنها مـــسئولەکەیان دەرچـــوو محمـــود خـــان ئـــەو دوو ڕۆژە لـــە شـــوێنی لای گۆیـــژە بـــوو ئێـــستا قوتەیـــەك هەیـــە پـــێی دەل ێـــن قەتـــەکی محمـــود خـــان واتـــا تـــەنها هێزێـــك لـــە پارچـــەکانی کوردســـتان شـــەڕی کردبێـــت لەســـەر کـــورد لـــە کوردســـتانی عێـــراق و شـــێخ محمـــود .. محمـــود خـــانی دزڵـــی بـــوە و اسماعیـــل خـــان شـــکاك ( سمکـــو ) لەســـەرەتای بیـــستەکانە ئـــەویش ســـەری ســـلیمانی و شـــێخ محمـــودی داوە کـــە ئـــو کاتـــە شـــێخ محمـــود حکومـــەتێکی دامەزرانـــدبوو لـــە ســـلیمانی . بـــەڵام ئـــەو شـــەڕی نـــەکردووە . محمـــود خـــان یـــەکێك بـــووە لەوانـــەی مـــاڵ و منـــاڵی شـــێخ محمـــود لایـــێ قـــەوماوەو خـــۆی بـــۆ هندســـتان نێـــراوە لـــە مـــاڵی محمـــود خـــانی دزڵـــی ماونەتـــەوە و ناردویانەتـــە لای شـــێخ کـــە لەســـەر ئـــەوە محمـــود خـــان توشـــی زۆر کێـــشە بـــوە و پیـــاوێکی ئـــازاو لەشـــکری ســـەدان کەســـی هەمیـــشە ئامـــادە بـــوەو خـــەم خـــۆری کوردایـــەتی بـــووە .. ڕەفیـــق حلمـــیش پەنجـــەی بـــۆ راکێـــشاوە , دزڵـــی ڕۆژهـــەلاتی یـــا شـــیمالی ڕۆژهـــەلاتی خورماڵـــەو ئاســـاری کـــۆنی پێوەیـــە و جێگـــای امـــارەتی ئـــەردەلانی کەدەگەیەنـــەوە لـــە خورمـــاڵ تـــا دزڵـــی زەلام وەســـتاوە ونـــان لـــەوێ بەگـــەرمی بـــەرێ کـــراوە بـــۆ دزڵـــی بـــۆ زەڵـــم نوقتـــەکان لای خورمـــاڵ ماوەتـــەوە لەســـەر مڵـــە خـــوردو زەڵـــم یـــش زۆری ماوەتـــەوە شـــورای دیوارەکـــانی هـــێلان پـــێ ... پـــیلان پـــێ گونـــدێکی ( 250 ) مـــاڵ بـــووە هەمیـــشە لـــە ژێـــر دەســـەلاتی خـــانی دزڵـــی دابـــوە هانـــەی قـــوڵ و زەڵـــم و ئەوانـــە کـــە لـــە بەشـــی کوردســـتانی عێـــراق دایـــە خزمایـــەتی نێـــوان خـــان و شـــێخی عەبابـــەیلێش هەیـــە و لـــە ســـاڵی 1963 ئـــیتر دژایـــەتی خـــان دەکـــرا تاپرێکیـــان نـــابو بـــە هێـــسترێکی مـــاڵی خانـــەوە

کوشــــتوبیان ..شــــکیان لــــە کابرایـــەك بـــوو نـــاوی حـــاجی حمـــە شـــێت بـــوو قیـــادەی دژەکـــانی خـــاونی دەکـــرد , هاتـــە مـــاڵی خـــان ســـوێندی خـــوارد کـــە ئاگـــای لێ نییـــە کەهاتـــە مـــاڵی خـــان عفـــوکرا... هـــەرمن لـــەوێ بـــووم , کـــاك بورهـــان کـــوڕی خـــان ژنـــی هێنـــا کـــچی حمـــەی ســـەرتیپ لـــە یـــەکێك لـــە گونـــدەکانی لای ســـەولاوا بـــوون, خـــان دەســـەڵاتی تـــەواوی هـــەبوو خـــان لـــەزۆر جێگـــا پـــێ دەڵـــێن ئاغـــا , ڕۆژانـــە ســـەدان کـــەس لـــە مـــاڵی بـــو ... دەیـــوت مـــن دەســـەڵاتم نیـــە ئـــەگینا دەچـــوومە شـــۆڕش لـــە کوردســـتانی عێـــراق ئـــەویش دەیویـــست شوڕشـــگێری مـــەحمود خـــان دوو بـــارە بکاتـــەوە . بـــەڵام شـــا ... خـــانی زیـــاتر لـــە بیـــست ســـاڵ ســـجن کـــرد بـــوو تاهاتـــە وە ژنەکـــەی شـــووی کردبـــوو لەســـەر ئـــەوە . ئـــەوەی مـــارەی کردبـــوو کوشـــتی , کـــەناوی حمـــە جمیـــل بـــوو وە کـــو دەیانگێڕایـــەوە ...دزڵـــی بـــەفری زۆری لێ دەبـــاری .. دەبێـــت ئـــاڵفبۆ شـــەش مـــانگی حـــەیوان ئامـــادە بکـــەی دەمـــەوێ و دەرەکـــیش دوو گونـــدی نزیکـــی یـــەك و لەگـــەڵ دزڵـــی ( 5 ) کـــم بەینیانـــە یـــا چـــیایەکیان بەینـــە و لـــەو لایـــش کوێـــستانی قەلـــەخانی و هانەنـــەوەی عێـــراق ئـــەم دیوودیـــون ... هـــا نـــەی تـــاو ســـەرگەت و دەرەی مەروهانـــەی دن و گوڵـــپ و لـــە دیـــوی ئێـــرانیش هـــەورامانی تـــەخت و کەیمنـــە و بێـــرواس و هانـــە گەرمـــە لـــەو ناوچـــەی ژاوەرو نۆژشـــا کـــە گونـــدێکی گەورەیـــە و لـــە هـــج یـــان هـــەمووی هەورامییـــە و ســـەولاَواو ڕەزاو حەســـەن خـــانی ڕەزاو کـــە پیـــاوێکی نـــاوداری ناوچـــەکە بـــوو , لـــەو دیـــوی کوردســـتانی عێـــراقیش هـــێلان پـــێ و زەڵـــم و ئەحمـــەدواو دەرمـــە ڕو ســـەرگەت و هالـــەی هانـــە یاکـــانی ئـــاو گوڵـــپ و باخـــە خـــون جێگـــای موبـــارەك و مەقـــەدی حـــسام الـــدینی تێدایـــە گـــە چـــێنەو نارنجەڵـــەو بیـــارە و زەردەهـــاڵ و دەرد قەیسەرو خرانێ و پاڵەنیاو سۆسەکان و تەوێڵە ...

ئەوانـــە لـــە خورماڵیـــشەوە هانـــەی قوڵـــەو ئـــاوایی ڕ ۆســـتەم بـــەگ هەنـــدێك هـــەورامی لـــە دیـــوی ئێـــران یـــا تەوێڵـــەیان نـــەو ســـوودو شـــوشمێ و دەڵـــێن لۆهـــۆنی بـــەگزادە ی لـــەهۆن لەناوایانـــدا جافر سوڵتان هەیە لەناو هەورامیدزا سوڵتان بووە ویان سان ..

مەســـەلەیەك هەیـــە دەڵـــێن ســـان جمـــۆ بەغـــداد گـــیرۆ ... واتـــا ســـان بجـــوڵێ بەغـــداد دەگرێـــت ... لـــە هـــەورامان مـــەلاو شـــێخ و خـــان نـــاکۆکی بوونـــە هەمیـــشە , کێـــشەیان بـــووە و لـــە وانـــە شـــێخی بیـــارە و مـــەلاکان ... لەوانـــە شـــێخی تەوێڵـــە و مـــەلا نزیـــرو ئەوانـــەی کەشـــی , هـــەورامان هەمیـــشە هـــەوڵیان داوە برایانـــەو ئاشـــتییانە بـــژین لـــە ناوچـــەکە چـــونکە سەرچـــاوەی ژیانیـــان ناوچـــەکانی کـــەی ژێـــر دەســـەڵاتی عەشـــیرەتەکانی کـــە دابـــووە ماوەیـــەك کێـــشەی هـــەورامان و جـــاف بـــووە , بـــەڵام هـــەورامان هەمیـــشە هـــەوڵی داوە ئـــەم کێڤـــشەیە کۆتـــایی پـــێ بێنێـــت چـــونکە لـــە مەســـڵەحەتیاندا نـــەبووە , دەبـــوو بـــۆ کـــار بـــۆ ناوچـــەی شـــارە زووری ســـلیمانی یـــا کرماشـــان و مـــەریوان و هەڵەبجـــە بـــڕۆن بـــەڵام لـــە ئەســـڵدا گـــۆڕان یـــا نـــەگۆڕان لـــە بـــیرو بـــاوەڕی خۆیـــان و هـــەتا لـــەکاتی ئیـــسلامدا ناوچـــەی خۆیـــان و هـــادەت وتەقالیـــدی خۆیـــان پاراســـتووە و زۆر منتیـــان بـــە جێگـــای کـــە نـــە دەبـــووە لـــە ڕووی جـــل و بـــەرگ و پـــێڵاو قاپوقاچـــاغیش هـــەمووی خۆیـــان کردوویاینـــە بـــەرگرییان لەناوچـــەکانی خۆیـــان کـــردووە دژی داگیرکـــەران ... هونەرمەنـــد و گـــۆرانی بێـــژوو پیـــشەسازی بـــچووك و ئەمانـــەیان هەمیـــشە هـــەبووە و چـــەقۆو شـــتی دیکـــەیان درووســـت کـــردووەو و وەکـــوو داس و کـــەرەنتو و پـــاچ و تـــەورو زەنـــەنن وگاســـنی جـــووت کـــردن

و زۆرشـــتی کـــه خۆیـــان دروســـتیان کـــردووه ... عەشـــرەتی زەنگەنـــە لای کفـــری و دوز دەژیـــن و باجـــەلانیش لای خانـــەقین و موســـڵ دەژیـــن بـــەزمانی یـــا لەهجـــەی هـــەورامی قـــسە دەکـــەن و شـــەبەك هـــەر قـــسەی پێـــدەکات لای موســـڵ , لـــە شـــۆڕی ئـــەیلودا هاتنـــە مەیـــدان بـــەڵام لـــەوێش شـــۆڕش ڕێگـــای نـــەدان پیـــاوێکی ئـــازاو ڕۆشـــنبیری وەکـــو کـــەمال ئەحەروشـــیان تێـــدا هەڵکـــەوت , بـــەڵام عبـــدالوهاب ئەتروشـــی کوشـــتیان و باوکیـــان لای قاینجـــەی شـــارەزوور کوشـــت و جەنازەکەشـــیان فڕێـــداو ئـــەوانیش لـــە گـــەڵی ئەچـــوون وەکـــو حمـــە شـــەمێرانی و عوسمـــان عـــەلی چـــەتوون و زۆری کـــە لـــەو نـــاوە عبـــدالوهاب بەلێـــدان و زۆر هێنایانـــە ژێـــر رکێفـــی خـــۆی و نەیهێـــشت لەهـــەورامان کـــەس ســـەرهەڵبداتەوە و لـــەو دواییـــە کـــاك نـــادر هـــەورامی پەیـــدا بـــوو ئـــامر قـــوەی ســـیروان بـــوو لەئاشـــبەتاڵ ڕێگایـــان نـــەداو ئێـــستە لەهـــەموو مەســـئولیەتێك لایـــان بـــردووە کـــە دروســـت کـــەری قیـــادەی موەقەتئـــەوبووە لـــە ناوچـــەی هـــەورامان ... لـــە هـــاواریش هەنـــدێك هـــەبوون وەکـــوو کـــەمال هـــاواری و ئـــەوان نزیـــك بـــوون لێیـــان ئـــەوانیش ڕێگەنـــەدراون , تـــا شـــەهید بـــوون لـــە شـــۆڕی ئەیلولـــدا لەســـاڵی 1980 دا هـــەورامان دژی بـــارکردن بـــوون , و هـــەتا پـــارەی تـــەعویزییان بەتایبـــەتی تەوێڵـــە وەرنـــەگرت لەســـەرەتاوە زوڵمـــی زۆریـــان لێکـــراو پیـــاوی باشـــیان تێدایـــەو لەوانـــە محمـــدی ســـان ئەحمـــەد ( رەئـــیس ) و بـــاقی حـــاجی حـــسن و محمـــد ســـان أحمـــد لەســـاڵی 1972 ڕەئیـــسی بەلەدیـــەی تەوێڵـــە بـــوو لـــە چـــیای کەمـــەجار , کـــە ئەمەش گیایەکی وەکو لۆوایە بەڵام کەما بۆ وڵاغی بەرز دەبێت .

کەمـــەجاڕو شـــتی دزاوەرو هـــەورامان تـــەخت ... چـــووین بـــەرەو نـــە و ســـوودو هـــەورامانی تـــەخت هـــەورامانی تـــەخت نـــاوی تەختـــە هـــیچ جێگـــای تـــەختی نیـــە پێـــی دەچـــێت بـــە پـــای تـــەختی یـــا ناوەڕاســـتی هـــەورامان دانرابـــێ نـــەك تـــەختایی تێدایـــە خانووەکـــان لـــەو ڕووەوە ســـەیر بکـــەیت لێـــی دەترســـیت چـــووینە پـــشتی نەوســـوود یـــەکێك لـــەوێ بـــوو ووتیـــان داوای کـــردووە چـــاوی پێتـــان بکـــەوێت نـــاوی ســـەروان کـــەریمی ئـــامر هێـــزی دیموکراتـــە چـــووینە لای و هەنـــدێك دانیـــشتین مەســـئولێکی لیبـــوو نـــاوی تـــالبیی بـــوو خـــەڵکی نوشودشـــەبوو لـــە ڕووی دەکەڵەکـــە وە چـــووین تاگەیـــشتینە نـــەو ســـوود و شـــوشمێنی حـــواروو بـــۆ لای برادەرانـــی خۆمـــان دەچـــووین بـــەڵام شۆڕشـــی گـــەلانی ئێـــران ســـەرکەوت بـــۆ ئێمـــەیش نەفەســـێکی بـــاش و ئیـــسراحەت مـــان کردبـــوو کـــە ڕژێمـــی شـــاه نـــەمابوو لـــە وێـــش ڕێگایـــان نـــە ئـــەداین هـــات و چـــۆ بکـــەین و یـــەك دوویان بگرتایە تەسلیم بە عێراقیان دەکردەوە ئەوەی کە پێشمەرگە بووایە .

لـــە ڕۆژی 1980/8/8 چـــووینە نـــە وســـوودوو دزاوار و ئاوێـــسەر لای تەوێڵـــە ســـەعات ســـێ ی پـــاش نیـــوەڕۆ و چـــووینە هانـــە گرمەڵـــەو لـــە شـــەوی 8-1980/8/9 لـــە مـــاڵی کـــاك نـــادر ناوێـــك بـــووین لـــە هانـــە گرمەڵـــەو شـــارەزای شـــارەزوورو لای ئێمـــە بـــوو قـــسەی خۆشـــی بـــۆ کـــردین ســـەر بەدیموکرات بوو .

لـــە 8/9 بـــەڕێ کـــەوتین بـــەرەو دزڵـــی و دەگاشـــخان و ســـیانا و و لـــەژێرو نـــی و دەرەتفـــێ و کـــانی ســـپیلکەو پیرســـەفا و ئینیجـــەو لێـــوو مرانـــە , لـــە ڕۆژی 8/12 جـــەژنی ڕەمـــەزان بـــوو بـــە ڕۆژوو بـــووین جـــەژنمان کـــردوو هـــەر ڕۆژی جـــەژن چـــووین بـــۆ دزڵـــی و دەرەکـــی و هـــەورامان و شـــەرەکان و هـــەناری شـــەرەکان بـــەناو بانگـــە دوای بـــۆ نەوســـودو شـــوشمێ . شـــەوی 8/13/12

لــــه شــوشمی بـــووین ئـــەو حزبانـــە هـــاتن بـــۆلام کـــە حزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتانی ئێـــران فەرەیـــدونی مـــیتران ... حزبـــی شـــیوعی عێـــراق و ســـازمانی فیـــداییانی خـــەڵقی ئیرانـــی, دوای قسەکردن کۆبوونەوەی خۆمان هەبوو لە گەڵ پێشمەرگەدا .

لــە 8/13 لەهـــەمان ڕێگـــاوە گەڕاینـــەوە بـــۆ مرانـــە زیـــاتر تـــاقیبی قیـــادە موەقەتـــەمان دەکـــرد , لـــە ڕۆژی 8/15 چـــووینە بایـــەوەو ســـەیفی خـــوارووو ســـەروو گاگـــل و هـــەنجیران چـــەکیکی ( 75 ) مـــان بەئامانـــەت لای کۆمەڵـــە بـــوو ناردمـــان بیهێننـــەوە نەیدایـنـــەوە , لـــە ژێـــر ئتەئـــسیری کۆمەڵـــەی مارکـــسی لینینیـــدا گوایـــە ئـــەو چـــەکە نەکەوێتـــەوە دەســـتی مـــن ئـــەویش لـــە مقـــەڕی لای ئـــەو برادەرانەیـــە , لـــە ڕۆژەکـــانی 18 و 20 و 25 و 26 / 8 لـــە دەوری مـــەریروان بـــووین ڕۆژی 26 و 27 تـــا گاگـــل و چـــۆڕو نەنـــە چـــووین و دەگەڕاینـــەوە مرانـــە و بـــۆ دێـــی حـــاجی ڕەحمـــان , هـــەر لـــە ڕۆژی 8/27 دا ئـــەبو شـــەهاب و ئاســـۆی شـــێخ نـــوری لەگـــەڵ ئـــەو هێـــزەدا جەولـــە یـــان دەکـــردوو کـــە خۆیـــان بـــە مەســـئول دەزانـــی لـــە پیرانـــە کـــۆن لـــەناو خۆیانـــدا کـــە پێـــشمەرگە خـــەوتبوو لـــە مزگـــەوت چـــەکەکانیان دانـــابوو ئەحمـــەد زەردۆیـــی کـــە فەرمانـــدەی کـــەرت بـــوو لەگـــەڵ ســـالار جـــاف کـــە ئـــەویش فەرمانـــدەی کـــەرت بـــوو هـــەردووکیانیان چـــەك کردبـــوو لەگـــەڵ کۆمـــەڵێك لـــەو پێـــشمەرگانە ئـــەوەیان دەســـت پێکـــرد کـــە ســـەرەتای دروســـت کردنـــی موشـــکیلە بـــوو لـــە ســـنووری هـــەرێمی یەکـــدا بـــۆ تێکـــدانی بـــێ هـــۆ مـــن زۆر هەوڵمـــدا چارەســـەری بکـــەین بـــەڵام ئەوان نەیانویست چارەسەری بکەن هەروا هێشتیانەوە .

ڕۆژی 8/29 چـــووم بـــۆ جەولـــە بـــۆ دیـــوی عێـــراق و لـــە م{انـــەو و شـــەوی 8/30/29 چـــووینە گونـــدی کـــوری گەپڵـــە و چـــووینە کولتیـــانی ســـەر و خـــوارو چـــەوتان و دۆڵـــە ســـوورو دۆڵـــە چـــەوت , لـــە 8/30 چـــووینە هاوارەکـــانی ســـەربەڵخەو , ڕۆژی 8/31 چـــووینە ڕەزڵـــە وگـــوڵان ماینـــەوە تا 9/1 .

دوای ئـــەوە چـــوینە ســـیانزار لای بیـــۆك لـــە مـــاڵی کـــاك فایـــەق حـــاجی فـــەرحان چووچـــانی , لـــە 9/2 چـــوویینە خـــانووە قوڕەکـــانی لای حـــاجی مامەنـــد بـــۆ گـــوێزە کـــوێرەو حـــاجی مامەنـــدە ... دەڵـــێن زەمـــانی خولـــە پیـــزە هـــەمووی پـــۆلیس بـــوون شـــەو لـــە مزگـــەوت هـــەر یـــەکێ خەنجـــەری پـــێ بـــووە دەیـــدا لـــە کۆڵەکـــەی مزگـــەوت دەیـــوت بـــەیانی دەچـــین خولـــە پیـــزە دە کـــوژین ... کـــە ڕۆژدەبـــۆوە کـــەس نەیـــدەوێرا باســـی بکـــات , لـــە حـــاجی مامەنـــد منالێـــان دە بـــوو هەڵیدەپـــەڕێنن دەبێتـــە دکتـــۆر و ئەبێتـــە فـــلان شـــت هـــەڵی دەپـــەڕێنن دەبێتـــە پـــۆلیس یـــا عـــەریف , عـــەریف ئەوکاتـــە وادیـــارە دەســـەڵاتی هـــەبووە , چـــووینە چـــنارە مـــاڵی حـــاجی مـــستەفاو لـــەوێوە بـــۆ پـــارە زان بـــۆ مـــاڵی خۆمـــان ماڵمـــان لـــە پـــارەزان بـــوو بـــەڵام وا دیـــار بـــوو ئـــەو برادەرانـــەی کۆمەڵـــە باســـیان کردبـــوو لای خـــەڵکی خـــراپ , مـــن چـــوومەتە وە بـــۆ ســـەردان بـــۆ ئـــەوەی هـــەواڵی بگاتـــە وە لای بـــەعس و حکومـــەت بێتـــە ســـەرم لـــە ڕێگـــای پێنجوینـــەوە ڕەحمـــان جگـــەرە ناوێـــك ســـەر بـــە ڕژێـــم بـــوو هەواڵەکـــە یـــان گەیانـــدبوو پێـــی ئـــەو ڕۆژە دەچـــوینە گەونـــدەکانی تـــرو دەگـــە ڕامـــەوە پارەزان بۆ ماڵی خۆمان , بۆئەوەی حکومەت بێت تیا بچم بۆ ئەوان باشە ...

لـــە ڕۆژی 1980/9/6 لـــە چـــوارتاوە 20 تـــەیارەی هەلیکۆپتـــەر هـــاتن بـــێ وەســـتان لـــە دەوری پـــارەزان ســـەربازیان دابەزانـــدوو ئـــەوان کردیـــان بـــە تەقـــەو لـــە چـــوار دەوری گوندەکـــە وە

وایانــدانابوو لــە ماڵــدا بم گــرن هەنــدێك فیــشەكم لــە ماڵــدا بــوو تاچــووم هێنــام شــەهید عوسمــان كاكــە ڕەش و شـــەهید ســـالار جـــاف و كۆمـــەڵێك لـــە و پێـــشمەرگانە ســـەركەوتن بـــۆ بـــەرزایی نێــوان پــارەزان و حــاجی مامەنــد و چــنارەكان منــیش كــەم كــەم ســەركەوتم تــەیارەش لــە هــەموو لایــەك تەقــە دەكــات چــوونە نــاو گونــد و لـــە چــواردەوری گونــد دابــەزین لەبــەر گوندەكــە ووتم تەقــە مەكــەن باشــەڕنەبێت چــوومە بەرزاییــەك شــەهید ســالار ووتــی ئێــستا تــەیارە لــەوێ داوە وەرە ئــەملاوە مــن چــەند مــەترێك دوور كەوتمــەوە و وا دیــاربوو بۆیــە لێیــان دابــوو بــزانن كەســی لێیــە بــۆ ئــەوەی تــەیارە بنیــشێتەوە ســەرباز دابــەزێنن, دوای ســێ چوارســەعات بــە پــشكنینی گونــدوو كۆكردنــەوەی خــەڵكی گونــد هــەمووی بــەدوای مــاڵی ئێمــەدا هــاتبوون منیــان دەســت نەكــەوت و بــۆ مناڵــەكان دوای خــەڵك ناســراویان لەگــەڵ بــوو دوایــی ووتیــان شــێخ خالیــد بــووە منــاڵی ئێــصمەیان ناســیبوو ( گــەردەی هاوســەرم و عەتیــەی كــچم موالیــدی 1972 بــوو عــەتاو پــشتیوانی كــوڕم موالیــدی 1979 بــوون واتــا یــەك ســاڵان بــوون گیرابــوون كــچەكەی كــەمان كــەناوی كوێــستانە خــۆی حەشــاردابووە موالیــدی 1975 ) بــوو ترســابوو وەكــو جــاری پێــشوو لــە ســاڵی 1976 بــۆ 15 مــانگ لــە ناســریە حجــز بــوون لای عێــراق كــە ڕەزالــەتی زۆریــان دیبــوو لــە ســجن بەدەســت ســەربازی عێراقــی بۆیــە ئــەمجارە خــۆی حەشــار دابــۆوە لــەدوای شــازدە مــانگ لــە ڕۆژی 1978/1/30 بــە ربــوون لــە ناســریە , گیرابــوو كــە دووجــاری كــەش گیرابــوو هــەر لــەوێ لــە هەڵەبجــەو خورمــاڵ و ســلیمانی و ناســریە بەســەریەكەوە 37 مــانگ مــاڵ و منــاڵی مــن لــە ســجن بــون كــە بــەریش بــوون هــەر ڕۆژە لــەماڵی یــەكێك بــوون و ڕێگایــان نــەدەبوو هــەتا زۆر لەخزمــەكانیش لەترســانا نەیاندەگرتنــە خۆیــان جگــە لــە مــاڵی خــاڵۆ حــاجی عبــدالقادر لــە تۆپخانــەی پیــاوزو مــاڵی حــاجی ســەعید لــە قــاجر لــە ئەســڵا خــەڵكی غــولامین و لەگــەڵ كــاك عــەلی بــرام كەنــەی دەوێــرا ... لــە ســاڵی 1987 هاتنــە دەرەوە بــۆ ئێــران ماڵــەوەمان ووتــی لەیــەك ســاڵدا دوو جــار منــاڵی مــن میــوەی خــواردوە بــێ بــەری بــوون لــە هــەموو ژیانێــك , كوڕەكــان و كــچەكان چــاوی توشــی نەخۆشــی ببــوون لــە ســجندا ( گــەردە ) خــۆی تووشــی نەخۆشــی بوبــوو كــە ئــەوە بــەو حاڵــە كوردایــەتیمان دەكــرد وقیــادە موەقەتــەش دژایــەتی دەكــردین و كۆمەڵــە دژت بێــت و بزوتنــەوە دژت بێــت و وەرە لــەوناوەیش عێــراق بــە هــەموو توانایەكیــەوە دژی مــن بــوو هــەر ڕۆژەی یــەكێكی دەنــاردە ســەرمان و جگــە لــە ئاشــكراو جــەیش و جــاش و پیــاو خــراپ و تــەیارە و تــۆپ دەیــان جــار دەیــان ســەربازیان بەكوشــت دەدا بــۆ لــەناوبردنی مــن , بــەڵام مــن بــاوەڕم بــەخۆم بــوو وەكــوو نــەبێت دەمزانــی دوژمــن و ناحــەزان بــایی چــەندەو خۆیــشم توانــام چــەندە بۆیــە خــوایش یارمــەتی دام زۆریــش بێبــاك بــووم لــەمردن ئێــستا وادەزانم لــە زیــادە ماومەتــەوە ... تــەیارەكان بــەرز بوونــەوەو شــەهید ســالار بەســوعبەتەوە ووتــی مــاڵی ئێوەیــان بــار نــەوكردبێ گوناهــە عــەتاو پــشتیوان لــەناو تەیارەكــەدا گڕوگــاڵ دەكــەن وا دەزانــن بــۆ ســەیرانیان دەبــەن و گــەردەش لــە پەنجەرەكــەوە ســەیری تــۆ دەكــات و ئێــستا بردیانیــان بــۆ چــوارتا و بــۆ ســلیمانی لەســەر ئــەوە بــوو كــە شــەهید ســالار جــافیش كــە چــوینە وە خــەڵكی گونــد هــاتن بــۆ دڵخۆشــی و ووتم لای ئێمــە ئاســاییە شــتی واو كــچەكەمان لــە گــەوڕ هاتــە دەرەوە ئــەو ڕۆژەیــش بــوو كــە لەهەڵەبجــە وە

پـــووره فـــاتم هـــاتبوو بـــۆ لام , ڕۆژی دوایـــی کـــچەکەی بـــردەوە لەگـــەڵ خۆیـــدا و هەنـــدێك خـــەڵکیان لەســـەر ئێمـــە گرتبـــوو لـــە پـــارەزان و لێیـــان دابـــوون و شـــێخ رووف و شـــێخ عومـــەر پـــارەزانی مـــاڵی حـــاجی ئەحمـــەد خزمـــەتی زۆریـــان کـــردین و لـــە خـــانووی ئەوانـــدا بـــووین ... پوریـــشم تووشـــی دەردەسەری بوو پورم زۆر بەڕەحم بوو.

ئـــامینی خوشـــکم لەســـەر مـــن چـــەند جـــار لەســـەر مـــن گـــیراوە لای ڕژێـــم وەلەســـەر حـــزب گـــیراوە چـــەند جـــار توشـــی خەتـــەر بـــووە کەلـــە حاڵـــەتی تیاچـــووندا لەشـــەڕ و هـــەرادا دایـــم دەگەیـــشتە لامـــان و لەشـــەڕی ناوخۆشـــدا هـــەر کێـــشەی بـــۆ درووســـت دەکـــرا , لـــە ســـاڵی 1984 دا ســـەری لـــەمن داو لەگەڕانەوەیـــدا لـــە خورمـــاڵ گـــیرا ئـــەوکات مـــەفرەزەکانی یـــەکێتی بـــوو بـــە گرتیـــان داو دایانە دەستی ڕژێم ئەوکاتە یەکێتی مفاوەزاتی هەبوو لەگەڵ عێراقدا .

لـــە ڕۆژی 1980/9/7 چـــووینە گونـــدی چـــنارەو دوســـتەدەرەو رەزەڵـــە , لـــە 9 / 9 چـــووینە وە پـــورم و کـــچەکەمان بـــەڕ ێ کـــردەوەو خۆمـــان چـــووینە حـــاجی مامەنـــد , لـــە 9/11 چـــووینە گـــویزە کـــوێر لەگـــەڵ شـــەوکەتی حـــاجی مـــشیردا , لـــە 9/12 چـــووینە رەزەڵـــە و بـــۆ دۆڵـــە چـــەوت و زەردۆیـــی و چـــوالەو کـــەولۆس ... لـــە 9/14 چـــووینە ریـــشێن بینیمـــان چـــۆڵ کـــراوە بـــۆ ئێوارەکـــەی چـــووینە ســـەرجادەی گردەنـــازێ و ئێوارەکـــەی ســـەیتەرەمان دانـــاو خـــەڵکی زۆرمـــان ڕاگـــرت و ڕێبـــازی شـــۆڕمان بـــۆ بـــاس کـــردن , لـــە شـــەوی 14 – 15 / 9 چـــووینە مەســـتەکان و دۆڵاش و قـــاجرو کـــشەدەری و تەپەســـەرقولەو تەپـــە زێڕینـــە و گـــردی قـــازی و گێڵـــەك و ئـــاوای حـــاجی حەمـــەمین و ئەوگوندانـــەی لەشـــارەزوور ئاســـان نییـــە ناوچـــەو جۆگـــاو زەرەعـــەت و کـــەمینی جاشـــە بـــەلام خـــەڵکی زۆربـــاش بـــوون , لـــە ر ۆژی 9/15 چـــووینە شـــیرە مـــەڕ و کۆمـــان کردنـــەوەو قـــسەمان لـــە ســـەر ڕووداوە تازەکـــان کـــرد کـــە شـــەش ڕۆژی مـــابوو شـــە ڕی ئێـــران عێـــراق دەســـت پـــێ بکـــات , لـــە شـــەوی 15 – 16 / 9 چـــووینە گونـــدی گێڵـــەك و لـــە وێـــوە بـــۆ کـــوڕ ژەلـــە نێـــوان گێڵـــەك و گوڵـــە خانـــە کـــانی شـــێخان لـــەوێ ماینـــەوە هەرچـــەندە ڕەبایـــەو مەعەسکەری نزیك بوو بەلام ئێمە شارەزابووین .

شـــەوی 16 – 17 / 9 چـــووینە گوڵەخانـــە و تەپـــە زێـــرینـــە و گـــردی قـــازی گەراینـــەوە بـــۆ کێڵـــەك وکـــوڵکنی حـــاجی حمـــە ســـوور لەچـــەمی زەڵـــم ماینـــەوە تـــا ئێـــوارە چـــووینە گونـــدی تـــەپی ســـەفا ســـەرو یـــا گـــەورە پـــێش ئـــەوە لەگـــەڵ کـــاك شـــەوکەت لەیـــەك جیـــا بوینـــەوە ئێمـــە 12 پێـــشمەرگە مابوینـــەوە . عـــەلی بـــچکۆل و ســـالار جـــاف و شـــێخ فـــەتاح و حـــسین بـــەگ و شـــەهید جـــەمال لـــەو شـــەوە برینـــداربوو حەمـــە حەســـەن و شـــەهید عیمـــان کاکـــە ڕەش وئێمـــە لـــەماڵی کـــاك حمـــەی عوسمـــان بـــووین ,, ئێـــوارە خـــەڵکی ئاواییمـــان کـــۆکردەوە و لـــە مزگـــەوت قـــسەمان بـــۆ کـــردن , وە تەســـجیل کـــراوەو ئێـــستاش شـــریتەکەی مـــاوە تـــەوزیع بـــووین شـــەهید جـــەمال لـــەماڵی کـــاك نـــەجم ســـید محمـــد بـــوو لـــە خـــوارەوە مـــن زوو نـــانم خـــواردوو هاتمـــە دەرەوە , شـــێخ فتـــاح و هەنـــدێکیان وەســـتابوون لەبـــەر کارەباکـــە ووتم لـــەوێ بۆوەســـتاون بـــڕۆن جەماعـــەت بـــانگ بکـــەن و خـــۆم چـــوومە خـــوارەوە خێزانـــی کـــاك حەمـــەی عیمـــان هـــات ووتـــی جـــاش هـــات دەرچـــن لەتـــەپی ســـەفای خـــوارەوە ... ئێمـــە لەگردەکـــە بـــووین ووتم کـــاك رووف لـــەدەرەوەی شـــەتەك و بەشـــارەتە و لەوانەیـــە ئـــەوان بـــن ... ووتـــی جـــاش هـــەمووی بـــەرگی پـــاك و کراســـی ســـپی و کلاشـــی هـــەورامی

و کۆڵە باڵیان لەبەرە , کاک ( رووف ) یش کۆڵە باری لەبەر دەکرد جار جار , محمود حاجی کەریم پێشمەرگەی لەگەڵ بوو ووتم لەوانەیە ئەوان بن هاتنە لای جەڵەی ولاخ لەبن دیوارەکە بۆیان وەستاین . ئار . بی . جی . یەکم وەرگرت بەلام دەترسام کاک رووف یا کاک شەوکەت بێت ... کاک شەوکەت کۆڵە بالی لەبەردا بوو ژمارەشیان لە 11 کەس زیاتر بوون ( 2 ) کەس و ( 15 ) کەس ڕەت دەبوون لەو کاتەدا حەمە حەسەن و شەهید جەمال و ئەوان لە ماڵەکە خوا حافیزییان دەکرد ئاگایان لەم جاشانە نییە ڕەد دەبن و بەدوامان دا دەگەڕان و دەیانویست بۆ سەرجادەی تەپە تۆڵەکە بڕۆن و کەمینمان بۆ دابنێن کە چاویان بە پێشمەرگە کەوت بە جارێک ( 20 ) کەس چەکەکەیان خستە سەر دیواری حەوشەو نزم بوو دیوارەکە هەندێک دیوار نەبوو تەلی لێ درابوو دوای چەک دانان و تەسلیم بونیان لێ دەکردن. لە 5 تا 6 مەتردا پێشمەرگەو ژن و منداڵ لە هەیوانەکەدا بوون و من ئار. بی . جی یەکەم ڕەبت کردوو پێمە وەنان شەهید سالار و پێشمەرگەکان بە کلاشینکۆف لێیان دان و ئیتر ئێمە و جاش تێکەڵ بووین یا 2 – 3 مەتر بەینمان بوو , لای دیوارێک جاشێک هاواری لێ هەستاو لەیەکەم دەستڕێژی پێشمەرگەکان بەسەر جاشەکاندا بەرەو لای من هاتن بەرەو تەپی سەفا بۆ دواوە و بەرەو دەشتەکەی خوارەوە و بە هاواری گوێم لە گریانی جاشەکان بوو . جاشی بریندار هاواری دەکرد یفریام کەون گولەی ئار . بی . جی یەکەی بەرکەوتبوو , دوای ئەوەی لەناو جاش دەرچووین ئار . بی . جی یەکەم لێ دان و بوو بە تەپوتۆزی خۆڵی ئاوایی بۆڕەی ولاخ و بارەی مەڕو بزن و قیژەی ژن و هاواری جاشی بریندار هەموویەکی گرتبوو , حسین بەگ پێشمەرگە بوو لاماجەڵەی ولاخ شەو دەیبەستەوە بەگوریس دارێکی بچووکی بۆ دادەنێن پێی دەڵێن چێوجەڵە ... داری جە لە ولاخ ناخنکێت یالە مێخ هەڵکەندوو دارێکی تیژ دەکرێت و سەرێکی قایمەو لە ژوورا دادەکوترێت وسەری گوریس یا پەتی پێوە دەبەستن 10 – 15 مانگایەک و گا و پارینە دەبەستنەوە بەیەکەوە جڵە بەربوو ملی نابە حسین بەگ و کەوتنە ناویان لەسەرپشت دای بەزەوی وسە ری تازە بە مووس پاک تاشیبوو وام زانی گولە لێی داوە , چوومە لای ووتی هیچ نیە ولاخەکان منیان خست هەر تەقەیان دەکرد جاش پەرەوازە بوو بۆ دەشتەکە ... ئێمەش هەر لەسەر گردەکە بووین لەپشت ماڵی سەید کەریم چەند جارێکی کە چووبووم لە ساڵی 1978 چوومە ماڵیان و دنیا باران بوو گورگێک پەنای هێنابوو بۆ ماڵی سەید کریم لە کادانە کە یا تێدا زابوو ( 4–5) بەچکەی ببوو ئەوە شتێکی سەیرو سەرنج ڕاکێشەر بوو لەناو خەڵکدا واتەعبیر دەکرا کە سەید کەریم پیاوێکی باشە بۆیە گورگی درندە پەنالا بۆهێناوە سەید کەریم پیاوی باش بوو لەوەشدا ئەو گورگە بەیانی وای لێهاتبوو سەگەکان لێی نەدەوەڕین ئەویش زەرەری لەو گوندە و ئەو ناوە نەئەدا بەناو حەیوانەکانی ماڵی سەیدکەریمدا دەهاتە ژوورەوە ئەوکات نەمان توانی خۆمان ئاشکرا بکەین بە ڕۆژ وە کو گورگ پەنامان بۆ سەید کەریم دەبرد بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو گورگەکە لە لایەکی کادانەکەوە لەگەڵ بەچکە گورگەکان یا نزیک لە بەچکە گورگەکان

دەژیـــان زۆر جـــار گورگـــەکان ســـەیری دەکـــردین و دەمـــان ووت هـــەردوو لامـــان پەناهەنـــدەین بـــێ دەنگ بین

**شەویك ژیان لەگەڵ گورگدا بەشێکی خەبات بووە**

لـــەمانگی 2 ی ســـاڵی 1977 . جەولـــەمان دەکـــرد لـــە شـــارەزوور بنـــاری هـــەورامان . دەشـــتی شـــارەزوور کـــەمێك ڕووت بـــوو دارو گـــەلاَی وەرانـــد بـــوو تـــوترك و جەنگـــەڵی زۆری ســـوتابوو بـــارانێکی یەکـــەم جـــار زۆر هـــەبوو ئـــەو ســـاڵە لەهـــەموو ســـاڵە کـــان ئـــاوی زیـــاتر بـــوو , لافـــاو کـــارێکی وای کردبـــوو ڕێبوارەکـــان ئەگـــەر بەشـــارەزاو وریـــاو بـــەتراکتۆر لەهەنـــدێك جێگایالـــە ( 20) پێـــشمەرگە بەیەکـــەوە دەســـتی لەیـــەك گـــیر نەکردایـــە نەیـــدەتوانی بەئاســـانی لەچـــەم بپەڕێتـــەوە , وە ئاوەگـــەورەکانی شـــارەزوور دەبـــوو ناچـــار لێـــی بـــدەین لەشـــەوێك چـــەند جـــار وەکـــو تانجـــەرۆ ڕۆیـــشتین وزەڵـــم و چـــەمی بیـــارە کـــە هـــاوین چـــەمی بیـــارە وشـــك دەکـــات وەچـــەند فـــەرعی کـــەش وەکـــو دۆڵـــە چـــەوت و کـــەولۆس و ڕەشـــان و بـــوزان یاتوتمـــا لـــە خـــوارەوە جۆیگـــە ســـووری پـــی دەڵـــێین یـــا تەنکـــە بـــوار لەشـــارباژێر , زۆر ی پەڕینـــەوەکان لـــە مـــالوان و تەپەکـــەل و ســـۆیلەمیش و کـــەلۆران و کەڵتەکـــە , قـــاجرو کێـــشە دەری و تەپـــە تۆڵەکـــەو تـــەپی ســـەفا وگۆمـــەلار و کـــەولۆس وتـــازەدی و توتمـــان و کـــوری گەپڵـــەو دەشـــتی خـــەمان و تەپەکـــەلی شـــێخ و کـــۆڵکنی و ئـــاوای حەمـــە ئـــەمین و تەکیـــەو ریـــشین و قەدەفـــەری و گێڵـــەك وئەوانـــەی و زۆر جێگـــای پەڕینـــەوەی چـــەم و ڕوبـــارو بـــوو جگـــە لـــە ئـــاوی دەریاچـــەی دەربەنـــدی خـــان دەبـــوو لـــەنێوان ئەحمـــە ئـــاوا و خورمـــاڵ لـــە زەڵـــم بپەڕینـــەوە لـــە خەندەکـــەوە زۆر کـــوێرە ئـــاو ئـــاوە ڕۆ و جۆگـــاو شـــێوو پـــرد بـــوو لـــە ئاورێگـــای لێ دەبـــرین چـــونکە ئـــەو مـــاوە ئاســـان بـــەبوو لـــەدەرەوە بـــین هەرچـــەندە نـــایلۆن و جـــل وئـــەوەی لـــە ئـــاو تـــەڕی بمانپـــارێزیٚ هـــەبوو بـــەلام ڕۆیـــشتن ونـــەمانی جەنگـــەڵ کـــە خۆمـــانی تێـــدا حەشـــار بـــدەین ئـــەویش کێـــشەیەك بـــوو بۆمـــان بۆیـــە دەبـــوو تـــا ڕۆژ دەبێتـــەوە بـــە ڕێگـــاوەبین ڕۆژیـــش ئەگـــەر دەســـتمان نەگاتـــە چـــیا ناچـــار یـــا چـــەمێك یـــا لـــەماڵێك خۆمـــان حەشـــار بـــدەین لەیـــەك لـــەو ڕۆژانـــەدا لـــە دوای بڕینـــی دوور ودرێـــژ و مانـــدوبون , ســـەعات ســـێ ( 3) ی ســـەر لەبـــەیانی گەیـــشتینە ئـــاوایی تـــەپی ســـەفا ( 7 ) پێـــشمەرگە بـــووین بڕیارمـــان لـــەدوو مـــاڵ خۆمـــان حەشـــار بـــدەین ( 3 ) کـــەسمان چـــووین دامـــان لـــەفاپی مـــاڵی ســـید کـــەریم ســـید محمـــد لەســـەر گردەکـــە بـــوون و جێگایـــەکی بـــەرزیش بـــوو ئەگـــەر ڕۆژێـــك شـــتێك ڕووی بدایـــەت جادەمـــان لێـــوە دیـــار بـــوو واتـــا جـــادەی هەڵەبجـــە – ســـید صـــادق , دوو کیلۆمـــەتر دور بـــوو لێمانـــەوە وەدڵنیـــاش بـــووین جێگامـــان دەکاتـــەوە هـــەر چـــەندە لـــەو ڕۆژەدا ئاســـان نـــەبوو وە جورئـــەتی دەویـــست کەســـێکجێگای یـــا ئـــەو بەلایـــە بگرێتـــە خـــۆی و چـــونکە ڕژێـــم بیزانیایـــە ئـــەوە هـــەر خـــوا دەیزانـــی چـــی دەکـــات وەئەگـــەر دەوری مـــاڵ بگیرایـــەت و شـــەڕ بوایـــە خـــراپ تـــرو ئەگـــەر دراوســـێیەکی بیزانیایـــە و ئیخبـــاری بکردایـــەت ئـــەوەش هـــەر کێـــشەو دەردی ســـەری و ســـەر لێ شـــێواندنی ماڵەکـــە بـــوو , زۆرشـــتی تـــر لـــە ڕێگـــابوو بۆگیروگرفـــت , دامـــان لـــەقاپی و کـــاك ســـید کـــەریم بەفـــەرموی گـــەرم و بـــێ دەنگـــی وتـــی خـــۆ کـــەس نەیـــدیون لـــەئاوایی وتمـــان نـــا ئەگـــەر کەســـێك ئێـــوەی دیـــوە بـــابڕۆم لـــەدەرەوە ووریـــاو حـــەرەس بم وتمـــان کـــەس

نەیدیوین خۆمان حەرەسمان هەیە ئێیمە کەمێك بەشەرمەوە خۆمان لە جێگای پاك و تەمیز و پڕ فەرشی جوان کە دەزووی تەڕمان لەبەردا نەمابوو تاپشتی ئەژنۆژ پوزەوانەلە قوڕ هەڵکێشا بوو جێگامان تەڕ دەکرد و قوراوی دەکر و سەید کەریم ووتی گوی مەدەنێ بڕۆنە سەرەوە زانی بەعلاالدین گەرم نابینەوە سۆپەی داری بۆ گەرم کردین بۆ خۆ وشك کردنەوە وتم کاك سەید ئێمە دەمانەوێت سبەینێش لێرە بین , وتی ماڵ ماڵی خۆتانە جا بۆ پرس دەکەن تائەوەمان کرد خێزانەکەی نان و چای بەو شەوە بۆ حازر کردین , سەعات (4/30 ) سەر لەبەیانی نانمان خوارد و وتی جێگامان بۆ چاك بکات , وتمان کاکە لێمان ئاینە جێمان کاینە , وتمان ئەگەر گەور هەبێت بێ شکەو چاکە وتی باوەڕ بکەن هەموو گەوڕەکان مەڕ و بزنی و ڕەشە وڵاخی تێدایە و هەموویشی هەر لیتەو سەنێرو شیاکەیەو ڕێسگای نیە , وتمان باشە کایەن کەتائەوجێگای کای تی دەکەن بۆ مەڕو مالات وتی وەڵا کایەنەکە زۆری چۆڵ نەبووە کەمێك چۆڵە ئەویش گیراوە گورگەکەی تێدایە , لامان سەیر بوو وتمان گورگی چی پێشتر شتی وامان بیستبوو کە گورگێك ڕێگای نەبووە و چۆتە تەپی سەفا و ماڵی سەید کەریم و لەوێ لەماڵی ئەوان بەچکەی کردووە , ششتێکی شاز بوو , وتی وەڵا ئەوە یەك مانگ دەبی ئێوارەیەك گورگێك خۆی کرد بە حەوشەکەداو مەڕومالات سەلیمەوە و سەگ وەڕ دەستی پێ کرد پیێ دەچوو شەوی پێشوو ئەوناوەی تاقی کردبێتەوە وەکو شارەزا لە حەوشەکەوە خۆی هەڵدابووە قاپی کایەنەکە بەرامبەر کایەینەکە مەڕی لێ بوو لێی کۆبووینەوە تەقەی لێچ بکەین , وتم تەقەی لێ مەکەن بزانین چی بەسەر دێت بەدیارییەوە بووین لە نیوە شەودا نوزەو قووزەی دەهات لە ژوورەوە کەمێکی پێوو قووزەی توتکە هات وتم ئەم گورگە زۆری پێهاتووە وا دیارە لێرە تەرەکیوە , یان زاوە و بەچکەی بووە , بەیانی لەگەڵ تاریك و رۆشندا گورگ دەردەپەڕییە دەرەوە و ڕۆیشت و بەچکەی بەجێ هێشت , چووم سەیری دەکەم ( 6-5 ) بەچکەی بووە لەناو کایەنەکەدا جێگای بۆ چاك کردون وتی هەرچەندە بەچکەکان منداڵ بوون هەندێك شتم دانێ و ئێوارەکەی هەمان ڕۆژ وەکو بۆ مال خۆی بڕوات هات وچووە ژوورەوە لەو کاتەوە قاپیەکەم بۆ کردۆتەوە ڕاست لە حەوشەکەوە دەچێتە ژوورو بەیانیان دەردەچێت و ئێواران جاری واهەیە زوو یدەگەڕێتەوە لەلای چەمەکەوە دنیا کەمێك تاریك دەکات یامەڕو تەکان دەچنە ژوورەوە جار جاریش دێت بەناو مەڕەکاندا تێدەپەڕێت زوو خۆی دەکات بەژووردا ئەو یەك کمانگە ئێستا سەگەکانیشمان ناوەڕن , ئەو شەوەش وتمان ئێمە وەکو ئەو گورگە یا ئەم شەو میوانی گورگ دەبین و ئێمەش لەلایەکی کایەنەکەوە جێگای خۆمان دەکەینەوە کاتێك دامان لە قاپی و چووینە ژوورەوە هەرچەندە خاوەن ماڵی هەردوو لامان لەگەڵ بوو واتا خاوەن ماڵی ئێمەش و گورگەش بەڵام ئێمەش چوینە سەرکاکە ومن و یەکێکی کەش لە خوارەوە لای برادەرو هاوسێ گورگدا خۆمان بەزەوی دا داو تابەتەواوی دڵنیا نەبوو گورگەکە نەخەوت وانی ئێمە کارمان بەو نیە و وەکو ئەو جێگا و ڕێگامان نیەو لەو زیاتر دەترسین بۆیە پێچاوینەتە ئەو ژوورە ئەویش دڵنیا بوو لێ ی خەوت و بەیانی مەلای گوند بانگی دا ئەو سوك هەستاو شیری بە بەچکەکانی داو لە ئاستی خۆی

ئـــەو شـــەوە  قاپیەکـــەمان گرتبـــوو ئـــەو هـــاتوو چـــۆی لێ دەکـــرد پـــاڵی پێوەنـــاو بـــازی داو ڕۆیـــشت و لـــەجیاتی ئـــەو ئێمـــە ئاگامـــان لـــە بەچـــکەکانی بـــوو ئـــەو ڕۆژە یـــەکێك لـــە پێـــشمەرگەکان نـــاوی ( علـــی احمـــد ) خـــەڵکی مـــەلا وەیـــسە بـــوو هـــەریاری لەگـــەڵ دەکـــردن, وتمـــان ئێمـــەش وەکـــو ئێـــوە بـــێ لانـــەین و لـــە ئێـــوەش خـــراپتر هێـــشتا هـــەر لـــە کایەنەکـــە بـــوین ئێـــوارە دەرنەچـــوو بـــووین گـــورگ دوای گـــەڕانی ئـــەو ڕۆژەی بـــەئارەزووی هەڵمـــژینی هـــەوای پـــاك ئێـــوارە هاتـــەوە  هێـــشتا ئێمـــە خۆمـــان تـــازە کـــۆدەکردەوە , گـــورگ و بەچـــکەکانی بەیـــەك شـــادبوونەوە و ئێمـــە دوعـــا خوازیمـــان لەخانـــەخۆی دووهـــەم مـــان مـــام گـــورگ کـــردو خۆزگـــەشمان پـــی خواســـت کـــە ئـــەو شـــەو ئـــەتوانێ ئیـــسراحەت بکـــات لەگـــەڵ مناڵـــەکانی داو ڕۆژ دەگـــەڕێ ئێمـــە ڕۆژ نـــاتوانین بـــاڵ بابـــدەین و شـــەو تابـــەیانی بـــەپێ قورشـــو چـــڵپاو بـــشێلین و لـــەئاو چـــەم و داروبـــەردو کەمینـــدا تـــێ پـــەڕین ڕۆژێکـــیش ئەگـــەر جێگایـــەکی وەکـــو کایەنەکـــەی مامگورگمـــان دەســـت نەکەوتایـــەت دەبـــوو لەچـــیایەك یـــا لـــە زیندانـــە کـــۆنێکی پـــڕ لـــە ئـــاو قـــوڕی ســـاردە تـــا ئێـــوارە هەڵدەلـــەرزێین و شەویش تابەیانی بەبێ حەوانەی مام گورگەوە خۆراك و خەومان نەبوایەت ...

( عزیز )

باشـــه , تـــاریکی دەکـــرد دەچـــووینه دەرەوه هـــەر بەبـــەردەم گورگەکـــەدا ... ئـــەوه بـــووه مـــوعجزه شـــتی وا لەکوردســـتان ڕووبـــدات , دوای چـــووینه ئـــەو جێگایـــەی کـــه لەشـــەوی 26-1976/6/27 دا کۆبوونـــەوەو نـــاوی نهێنییەکـــەمان بـــرد بـــوو وامـــان زانـــی ئـــەڵێت دەرد کـــاك شـــێخ عـــەلی , دوای چـــووینه چـــناره بەتـــەما بـــووین لـــه نێـــوان تەپـــه تۆڵەکـــەو گـــردی ســـەفا کـــومین دانـــێین وتمـــان ئێـــستا جـــاش دێـــت بـــه هاواریانـــەوه ســـەیرمان کـــرد یـــەکێ دانیـــشتبوو ووتمـــان بابـــچینه ســـەری جمـــال نـــاوگردانی بـــوو وتـــی برینـــدارم جانتاکـــەی منـــی پـــێ بـــوو ســـەیرمان دەکـــرد دابـــووی لـــه چـــەپی ســـکی و لای راســـتی دەرنەچـــووبوو وەســـتابوو ئـــەو بەرنامەیـــەی دامـــان نـــابوو بـــۆ کـــەمین دانیـــشتین تێـــك چـــوو لـــه وێـــوه بردمانـــه کـــۆڵکن و گوێدرێـــژێك عـــەلی بـــچکۆل هێنـــاو ســـوارمان کـــرد بـــێ ئـــەوزەی هـــاوار بکـــات چـــووینه لای شـــێره مـــەڕ بـــۆ ریـــشتن و کـــانی اســـکان کـــەم بـــووین لـــه حـــدودی 7-8 کـــەس بـــووین وتمـــان ڕۆژ بێتـــەوه هێلیکۆپتـــەر دێتـــه ســـەرمان بەتایبـــەتی بزانـــێ برینـــدارمان پێیـــه , هـــەر ئـــەو شـــەوه جاشـــی ســـالح خـــەیات و حمـــه ئـــەمین شـــەمێرانی و ڕەشـــەی ســـاڵحه , صـــاڵح خـــەیات و بـــاڵێکی شـــکابوو ئـــار. بـــی . جـــی بەرکـــەوتبوو هەرچـــاك نـــەبووەو تامـــابوو راســـت دەوەســـتاو مینـــای عەینـــه جـــاش بـــوو لـــه ســـەید ســـادق لـــه ئەســـلا خـــەڵکی دزلـــی بـــوو لـــه ئێـــران , ئـــەویش کـــوژرا جاشـــێکی خـــراپ بـــوو برای‌صالح خـــەیات برینـــدار بـــوو حمـــەی بـــرای رەشـــەی صـــالحه برینـــدار بـــوو کـــه دوای لـــه شـــه ڕێکـــدا لەگـــەڵ ئێمـــەو شـــیوعی کـــوژراو هـــادی دەروزیـــش عبـــدالله برینـــدار بـــوو لەگـــەڵ ( 6 ) جـــاش برینـــدارو ( 3 ) کـــوژراو ئـــیتر ترســـێکی بـــاش چـــووه دڵیانـــەوه , کـــاك جـــەمال ئـــامر مـــەفرەزەی دەســـته کـــەی مـــن لـــه دوای ( 3 ) ڕۆژ بـــێ دکتـــۆر و دەرمـــان لـــه مـــەریوّوان شـــەهید بـــوو لـــه مرانـــه بـــه ئامانـــەت ناشـــتمان لـــه 20 / 9 کـــوڕێکی ئـــازاو بـــاش بـــوو راســـتی زەرەر بـــوو لـــه شـــۆڕ و لـــەمن کـــەوت و زۆر دڵـــسۆز بـــوو , لەشـــەوی 27-9/28 گەیـــشتینه ریـــشێن و کـــانی اســـکان و چـــووینه ڕێگـــای چـــناره بـــۆ ئـــەودیوی چـــناره بـــۆ ڕۆژی دوایـــی وات 28 / 9 هەلیکۆپتـــەر ئـــەو نـــاوەی دەپـــشکنی بەدوامانـــدا لـــەو دەشـــتەدا تـــەنها زەلامێـــك ببینـــێ دەنی‌وشـــێتەوه و هـــەڵی دەگرێـــت لەبـــەری کانـــەی اســـکان و قاینجـــه دا 2-3 کەســـی گـــرت بـــه جیهـــاز هەرچـــیمان کـــرد کـــاك رووف و برادەرانمـــان نەدۆزییـــەوه ئـــەوان هـــەواڵی ئـــەو شـــەڕەیان زانـــی بـــوو چـــووبوونه لای ســـیامێوەوه بـــەلام ئێمـــه نـــەمانتوانی لەبـــەر برینداره‌کـــەو لـــه ژووری چـــناره لەپلـــەکانی کـــاك بـــەکری حـــاجی صـــالح گەچـــینه و کـــاك عومـــەری حـــاجی بەچـــکه وەهـــاتن باریـــان پـــێ بـــوو ووتیـــان ئێمـــەش لەترســـی تـــەیاره خۆمـــان دەرنەخـــستووه لـــەوێ بردمانـــەوه بـــۆ پـــیران و بـــۆ ئاســـناواو مرانـــه و ناردمـــان دکتـــۆر هـــەژار هـــات و تـــەواوی کـــرد و پاشـــان بـــۆ مـــەریوان وەزعـــی مـــەریوان خـــراپ بـــوو بەبێ ئەوەی عەمەلیات بکرێت بەناحەق شەهید بوو .

لـــه 9/20 لـــه مرانـــه ناشـــتمان و لـــه 1980/9/21 کـــەس و کـــاری هـــاتن جەنازەکـــەمان دەرکـــردو بردیانەوه لەئێران ( 3 ) ڕۆژ تەعزییەمان بۆ دانا .

لـــه ڕۆژی 9/25 کـــه وتینـــه ڕێگـــا بـــۆ ســـەرکردایەتی لـــه ڕۆژی 25 / 9 چـــووینه هانـــه شـــێخان ڕۆژی 9/26 چـــووینه قـــامیش و کەویلـــه و بـــسام بـــووین لای بانـــەو کـــاك تـــأمین پێـــشمەرگەبوو چـــەکی پـــێ بـــوو لـــه گەڵمانـــدا بـــوو و لـــه 1979/5/25 وه چـــەکی هـــەڵگرتبوو لـــه 1979/5/25 چـــووینه گرمـــاو بلـــه کـــێ خـــواروو مـــیراوا گونـــدی مووچـــەو چـــووینه خراجیـــان لای بانـــه و هەنجێنـــەی قـــول و هەنجێنـــەی بـــەر مێـــرگ و چـــاخانەی خـــەڵکی لای بلـــه ســـەن و نجـــوی ورەشەکان لای بیژوی .

شـــەوی 28-1980/29 لـــه بـــژوێ بـــووین , لـــه 9/29 چـــووینه ئەپـــەنیزه و دەرمـــان ئـــاوای ئـــالانی أیـــران و بۆقەلەرەشـــەو بەســـیاره بـــۆ بێـــورانی ســـەرو بـــه پـــێ چـــووین بـــۆ کونـــه مـــشکەو بـــن خەڵـــەف و ورده وکـــانی زەردو ئێـــواره لای تـــوژه لـــەوێوه چـــووینه زێ قیـــادەی موەقەتـــه بۆســـەر بارەگاکـــانی یـــەکێتی لـــەو ســـنووره , مـــن لـــه بلـــەکی بـــوم. لـــه ڕۆی 1980/9/22 عێـــراق بەئاشـــکرا أعلانـــی شـــەڕی دژی جمهـــوری ئیـــسلامی ئێـــران ڕاگەیانـــدوو ئـــیتر هـــەر عێـــراق لـــه ئێرانـــی ئـــەدا لای قـــصر شـــیرین و ئـــەو نـــاوه , بـــەڵام کۆمـــاری ئیـــسلامی ئێـــران تـــازه هاتبوونـــه ســـەر حـــوکم لـــەو کاتـــەدا عێـــراق هـــەواڵی جـــۆراو جـــۆری بۆدەرچـــوو لـــه هـــەموو لایەکـــەوه , صـــدام حـــسین تـــازه ببـــوه ســـەرۆك کۆمـــاری عێـــراق دەیویـــست ئـــەو کاتـــەی ئـــازاری 1975 تـــه نـــازولی بـــۆ ئێـــران کردبـــوو وازی لێ بهێنـــێ و ئـــەو بۆشـــاییه پـــڕ بکاتـــەوه کـــه چـــۆن بەرامبـــەر بەنـــەمانی شۆڕشـــی کـــورد لـــه جـــەزائیر کردبـــوی کـــه دەقەکـــەی دەنوســـێتەوه لەشـــەت العـــرب و زۆر ناوچـــەی کـــه دابـــووی بەشاســـی ئێـــران , لـــه ڕۆژی 19 / 9 لـــه مەجلیـــسی وتنـــی عێراقیـــدا ڕێکـــەوتنی جـــەزائیری هەڵوەشـــاندەوەو بروســـکەی پیرۆزبـــایی پێـــشتر بـــۆ أمـــام خومـــەینی لێـــدابوو ئـــەویش وەڵامـــی دایـــەوه بـــه عەمـــەلی هـــەروا واتـــه هاوکـــاری دەکرێـــت و بەمـــەرجێك تابعمـــان قبوڵبکرێـــت کـــاتی خـــۆی پێغەمبـــەر ( د. خ ) لەســـەربێت بـــۆ ئـــەو کەســـانەی دەنوســـی کـــه غـــەیری ئیـــسلام بـــوون , صـــدام حـــسین دیوســـت ( احـــواز ) کەعەرەبـــه بیکاتـــەوه ســـەر خـــاکی عێـــراق و کـــوردیش لـــه ئێـــران دەســـت بـــەکارو لـــەولاش بلـــوج و تـــورك و نـــاوی قادســـیەکه ... قادســـیەیی دووەم بێـــت و فـــارس یـــا ئێـــران تێـــك بـــشکێنێت , هـــەواڵی ناراســـت دەگەیـــشته عێـــراق لـــه ڕێگـــای جاســـووس و دۆســـتەکانیەوه هـــەواڵ دەهـــات کوردســـتانی ئێـــران هـــەمووی کەوتـــه ژێـــر دەســـەڵاتی کـــورد لـــه نێـــوان ســـەقز و بانـــه ( 70 ) دەبابـــه شـــکاو گـــیرا و مەقـــەڕەکانی ســـابلاخ و ( مـــەهاباد ) گـــیرا , ئەوانـــه هـــەمووی تمـــوح بـــوو بـــۆ عێـــراق , عێـــراق خـــاوەن جەیـــشێکی زۆرو چـــەکێکی زۆری کڕیبـــوو بـــەپێی ئـــەو ڕێکەوتنامەیـــەی کـــه لەگـــەڵ یـــەکێتی ســـۆڤیەتدا تـــازه مـــۆری کردبـــوو , لەســـاڵی 1979 هەوڵیـــدا لەگـــەڵ حزبـــی سۆسیالیـــست دا ڕێـــك بکـــەوێت بـــۆ ئـــەوەی بەرنامـــەی شـــەڕی هـــەبوو وه کێـــشەی کـــورد لـــه کوردســـتان تـــەئمین بکـــات ئـــەو کاتـــه حزبـــی سۆسیالیـــست هێزێکـــی گـــەوره بـــوو لـــه کوردســـتان بـــەڵام هێزەکانیـــان ڕێـــك و پێـــك نـــەبوو , عێـــراق ســـوپای ئاســـاده کـــرد لەســـەر ســـنوورەکانی خـــوارووی عێـــراق و لـــه کوردســـتان تـــەنها ئەوەنـــدەی دانـــابوو هێرشـــیان بـــۆ نەکـــەن , عێـــراق وای دانـــابوو چـــوار پێـــنج ڕۆژ هـــەموو ئـــەو جێگایانـــەی مەبەســـتێتی بیگرێـــت ود وایـــی وەکـــو شـــەڕی حـــەوت ڕۆژەی عـــەرەب ئیـــسرائیل شـــەرەکه ڕابوەســـتێت و کۆتـــایی پـــێ بێـــت بەســـەرکەوتنی عێـــراق . عێـــراق لـــه ڕۆژی 1980/9/22

لەچەند قاتعێکەوە پەلاماری ئێرانی داو بە تەیارەش لە هەواوە پەلاماری ئێرانی داو بەم شێوەیەی خوارەوە دەستی پێ کرد :-

لەڕۆژی 1980/9/17 لە ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری شەڕی دژی ئێران داو ڕێکەوتنی 6ی ئازاری 975 ی هەڵوەشاندەوە, لە ڕۆژی 1980/9/22 ( 200 ) تەیارەی هەڵساند بۆ سەر ئێران و جیش هێر شی زەمینی دەست پێکرد لە 12 لاوە هێرش کرایە سەر سنوورەکانی لە ( قەسر شیرین , خانەقین ) و لە خوارووی عێراق وە لە کوردستانەوە هێرشێکی گەورەی کرد کە هەشت هەزار سەربازی تیا بەشدار بوو , شەڕەکە درێژەی کێشاو یەکەم مقاوەمەی عەرەبی ( احواز ) کردی بە پێەوانەی بۆ چوونی عێراقەوە شەڕەکە کێشەی ناو ئێرانی کەم کردەوەو یەکگرتوی دژی عێراق و پاراستنی یەك پارچەیی خاکی ئێران .

لە 1980/9/29 لە توێژڵە بووین و ئەو کاتە مەکتەبی سیاسی لەوێ بوو زۆر لە هێزی قیادەی موەقەتە هاتبوونە بەرامبەرمان لای قەندیل و سەری جاسوسانیان گرتبوو لای زەویان و ئالیاوەش و پشتی دۆڵەتوو قەلاتۆکان ور ەزگەو مارە دوویان گرتبوو مەسئولەکانی پارتی زۆر یان هاتبوون ( 2500 ) کەس دەبوون حەسۆ میرخانی ژاژاوکی کە لە شۆڕشی ئەیلولدا ئامر هێزی پشدەر بووە زیاتر دەناسراو بە ناوی ئەوەوە بلاو دەبوونەوە . حزبی سۆسیالیست هەندێك پێی ناخۆش بوو هەندێکیان پێیان خۆشبوو ڕێنمایی پارتیمان دژی یەکێتی دەکرد , چونکە یەکێتی بەهەموو شێوەیەك دژی سۆسیالیست بوو , بڕیاری شەڕیان دژیان دابوو جار جار لەبەر خەتەری کە دەوەستان ڕۆژانە تەیارەی عێراق بەسەرماندا هاتوچۆی دەکردوو هی ئێرانیش دڵمان پێی خۆش بوو بۆ شەڕەکە ... کە هەر چۆن بووە ئەگەر دوومانگ درێژە بکێشێ بۆ کورد زۆر باشە ... بەڵام کورد لەشەڕدابوو لەناو خۆیدا , کورد سوودی لێ وەردەگرێت ا کورد دەبێتە ژێر تەپ و تۆزی شەڕی عێراق ئێرانەوە , ئەوان سوود لە کورد وەردەگرن ... ئێمە لە هەرێمی یەك واتا من لەلایەك بۆ محاسەبە بانگ کرابووین لەلایەك بۆ ئەوەی قیادەی موەقەتە هاتبوونە ناوچەکە . ئەو چەند ڕۆژە لە گەڵ کاك عومەر شێخ مووس قسەمانکرد وە لەگەڵ ( م . س ) دا ئەوانەی کۆمەڵە پەلەیان دەکرد لە موحاسەبەی ئێمە ... سەرکردایەرتی لە دوو دڵی و بوونی قیادە موەقەتە لەناوچەکە تا بەلایەکدا دەکەوێتەوە سوودمان لێوەربگرن بۆ شەرشەکە , یەکێتی پشتی گۆڕە شیریان گرتبوو بەلام ڕێگای ناوچەی ڕواندوز و هەولێر گیرابوو بەدەست قیادە موەقەتەوە بوو قەلاتوەکان کە باڵەکایەتی و هەولێر و سەرکردایەتی بەیەکەوە دەبەستەوە ( 3 ) سێ کەس لەقیادە موەقەتە ڕایان کرد بۆلای ئێمە هاتنە لا ی من ( صالح قارەمانی , صالح مامە قالە خورماڵی وستار ) خەڵکی دەربەندیخان بوو کوڕێکی سوور کارە بوو , ئەوان ژمارەو جۆری چەك و هێزەکەی پارتیان بۆ هێنایین و بڕیار بوو کاك مەسعودیش بێت ... ئەویش هات و بڕیاربوو کاك ئدریسیش بێت , مەسعود سۆسیالیست دەعوەتییان کرد لە دۆڵە توو شەویش لەوێ مایەوە لایان ... بەڵام کاك حاجی حاجی ابراهیم ناڕازی بۆ دەعوەتەکەی کاك مەسعود بۆ دۆڵەتوو کەچی لەمانگی 1983/6 خۆیشی بوو بەپارتی , لیژنەیەك داندرا بۆ محاسەبەی هەرێمی یەك دە بوو زەلام پر سیاری لێ بکرێت و ناوی و قسەکانی بنوسرێ , کاك عوومەر شێخ مووس مەسئولی لیژنەکە بوو کاك مەلا بەختیار ئەندام بوو ئەو ڕۆژەی منیان بانگ کرد کاك سید کەریمیش دانیشتبوو لە گەڵیان , من زۆر لامئاسایی بوو چونکە شتێك نەبوو محاسەبە بکرێین وەمنیش وەکو پێشمەرگەیەك ئامادەی هەموو موحاسەبەیە بووم ڕۆژانە سوئال دەکراو سەرە گەیشتە من , منیش وەکو یەکێك لەو پێشمەرگانەی بانگ دەکران چوومە بەردەم لیژنەکەو وتیان ڕووداوەکان

چۆنه , منیش وتم : وابووه و هەمووم باس کردوو وتیان دەبێت هەموو ئامر کەرتە کان تەجمید بکرێن , ووتم بەڵام زەرەرە ئەو ئامر کەرتا نەو معاونی هەرێم ئیش دەکەن وتیان کاك رووف یش , وتم حەزدەکەن منیش , وتیان نا تۆ خۆشتت لەسەر نییە , کاك رووف کۆمەڵە بووو سەید کەریم وا دیاربوو ئەوانە هەندێك فشەیان بۆ کردبوو , وتی ئەو هێزەی ئەبو شەهاب و ئەوان دەیانتوانی تۆ چەك بکەن و بتهێنن بۆ سەرە وە خۆمان ڕێگامان نەداوە , منیش وتم من خۆم هاتووم بۆ سەرەوە ئەو کەسەی چەك لەمن وەردەگرێت تا ئێستا لەدایك نەبووە و هەموو سەرکردایەتیش بەزۆر بێت ناتوانێ چەك لەمن وەربگرێت , فەرموون ئێستا چەکم لێوەربگرن و ئەوانەیش تۆ باسیان دەکەیت بەبێ چەك چەکیان لێ وەردەگرم ویستم هەڵسم , کاك مەلا بەختیار زوو تەدەخولی کردوو قسەکەی بەکاك سەید کەریم و من بڕی و منی خاو کردەوەو زانی من پێی ناڕەحەتم و شت ڕوو دەدات ئیتر وتیان بە تۆ قسەمان نەماوە دوای ئەوە کاك عومەرشێخ مووس وابزانم کاك دکتۆر فوادی دیبوو وتیان بە ڵکو ئێوەش ئامادەبن بۆ شەڕی قیادە مووەقتە , وتم من شەڕناکەم تا کێشەکە یەکلایی نەبێتەوە , عومەر شێخ مووس زۆری پێ ناخۆش بوو وتی تەمەنت چەندە وتم ( 25 ) ساڵ وتی لە ولاتان تەمەن لە ( 40 ) ساڵ کەمتربێت مەسئولیاتی نادەنێ و من ئەو قسەیەسی تۆ هەروا واردەگرم , ووتم کاك عومەر... سەید کەریم وای وتووە من لەبەر شۆڕش نەبێت کەس ناتوانێت قسە لەقسەی من ب کات . دوایی داوایان کرد مقەڕەکە لە توێژەڵەوە بۆ زەڵێ بەرین چونکە زەڵێ بەرامبەر قیادە موەقەتە بوو تۆپی قیادە موەقەتە بەباشی دەی گرتەوە , من گوێم نەدایە ڕۆیشتمە زەڵێ لە سەرەوە تەختاییەکی لێ بوو لەلای بەرەو ناوزەنگ دێت چادرمان هەڵداو چاوەڕوان بووین قیادە موەقەتە چی دەکات , من حدودی ( 50 ) پێشمەرگەم داناو ووتیان تۆ وادەکەی ئەوەی فشەیان کردبوو لەبەردەم مەسئولەکان و کاك عومەر شێخ مووس کە مەحکەمەیانی کردبوو , بەشێك لە و پێشمەرگانەم ناردەوە شارەزوور و شارباژێر و ئەو ناوە , ڕۆژانە هەر قسەدەکرا , ڕۆژێك ئەحمەد زەردۆییان بە سیجنی هێنابوو مەلا یاسین موانی لەسەربانی م.س زۆر قسەم پێ ووت و کۆمەڵێك لەو پێشمەرگانە کە لای کاك عومەر شێخ مووس قسەیان کردبوو نزیکەی ( 20 ) کەسیان کە ڕەشیدی سەعیدە خەڵکی ئەولا قوت لە گەرمیان مەسئولیان بوو لەبەردەمی( م . س )یە , هاتنە لام ووتیان بیستومانە ( م . س) قسەیان کردوە کە گوایە ئێمە دژی تۆ قسەمان کردبێ ئێمە حەدمان نیە لەپاش ملەش باسی تۆ بکەین مادام تۆ دڵت عاجز بووە لێمان ئەوە چەکەکان هەمووی دائەنێین تەسلیمی دەکەینەوە هەموو چەکەکانیان دانا لەبەردە ستی مندا کاك عمر شێخ مووس سەرێکی کاك دکتۆر کمال خۆشناوی کرد وایزانی من بەقسە مەشغوڵم لەگەڵ ئەوان ئاگام لێی نیە بەکاك کەمالەوە دووسێ کەسی تر وەستا بوون لەوێ وتی ئەوانەی ئێمە پشت ئەستور بوین پێیان ئەها چاویان کەوت بەئەو چەند بێ غیرەت بوون ... وادیار بوو کاك عومەر حەزی ەکرد تەقە لەیەك بکەین ئەوە زەنگێ ك بوو بۆ سەرکردایەتی و ( م . س ) کە ئەو هێزەی هەرێمی یەك لەگەڵ منە نەك ئەوان , ڕۆژێك لای کاك نەوشیروان بووین هەواڵیان هێناو ووتیان برادەرێك ئامر مەفرەزەیە ستاری سەعید ناوێکی کوشتووە و لە سلیمانی یەوە هاتۆتەوە یەکێکی تر هات و نامەیەکی هێنا نوسرابوو کە ملازم ستاری سەعید خەڵەف کوژراوە , کاك نەوشیروان وتی لەم کاتەدا حەق نەبوو بە کاك ملازم عومەری وت شتێك بنووسە و تەعزیەنامەیش بانەزانن ئێیمە کوشتومانە , لە خانوەکەی کاك نەوشیروان لە سەرووی مام جەلالەوە لەناوزەنگ کاك ملازم عومەر وزری پێ ناخۆش بوو وە زۆریش ناڕەحەت بوو هەرچی کرد چوارجار نووسی بۆی بنەکرا چونکە زۆری پێ ناخۆشبوو کاغەزەکە ی دڕاندوو وتی : ئەوەندە ( بێ ئەخلاقی )یە , من نابزانم چی بنووسم , مولازم عومەر خۆی عاجز کردوو کاك نەوشیروان شتێکی نووسی و ناردی بۆ ئیزاعە بلاوی بکەنەوە و بۆ کەس و کاری ملازم ستار کە یەکێتی مولازم

ستاری نەکوشتووە . لە ساڵی 1977 کاک نەوشیروان بە مستەفا چاوڕەش و کاک عوسمان قادر منەوەرو کاک نەبەزی جگەری وت لە مزگەوتەکەی گەورە دژی دوڵی جافایەتی وتی ئێمە شۆڕش بۆ خەڵك دەکەین دەبێت خەڵك پارە بدات داوای پارەمان لە هەر کەس کرد نەیدات بیکوژین ئێمە خوێن ئەدەین ئەبێ خەڵکیش پارە بدات , یەکێ لەبوانە ئیبراهیم یا بلەی حەمە خۆرشە کە کوڕ جەلالی بووە و ( 70 ) کلاشینکۆفی لابووە ئەگەر ( 50 ) هەزار دینار نەدا بیکوژن ئەوکاتە من بەسوتفە لای ئەوان دانیشتبووم و گوێم لە قسەکانی ئەوان بوو ئەوە بوو دوای پارەیان لە براهیم حەمە خۆرشە کرد کە ( 50 ) دینار بدات ئەویش ووتی نیمە ( 10 ) هەزار دیناری ساڵی 1977 ی داو دوایی کوشتیان لە جیاتی ( 40 ) هەزارەکەی هەر ئەوکاتە بوو کاک عوسمان قادر منەوەرو کاک مستەفا چاوڕەش شێخ غەریبی پۆلیسیان کوشت لە سلیمانی ... ئەو ڕۆژەی هەواڵی کوشتنی مولازم ستار هات وابزانم کاک رائید عەزیزیش لەوێ بوو لە ژوورەکەدا چەند جارێك من و سەرکردایەتی قسەمان کرد , ڕۆژێك کاک نەوشیروان وتی تۆ لە هەرێمی یەك لەشارەزوور واز بهێنی و بێی بۆ هەولێر وتم کاک نەوشیروان من تازە لە هەولێر گەڕاومەتەوە , ئەگەر سەرەیش بێت هەر ئەوەندەم بەر دەکەوێت , ئەگەر من شتێکم لەسەرە ... شپارە حسابی هەیەو من خاوەنی دیناریێ؟ك نیم ئەگەر هەر گومانێك لەمن دەکەن پێم بڵێن , ئەگەر دەڵێن بەکاری پێشمەرگایەتی نایەت ئەوە دادەنیشم لە جێگایەك , ئەگەر بەقسەی ئەوکەسانە دەکەن ئەوانە هێیان لە باردا نیە بۆ یەکێتی و هیچ ناکەن تکا دەکەم کێشەمان بۆ دروست مەکەن تا مام جەلال دەگەڕێتەوە , ووتی کاکە ئێستا لە کوردو لەناو پێشمەرگەدا وا دەزانین تۆ بەگوێی یەکێتی ناکەیت ودۆست ودوژمن تۆ لە یەکێتی بەگەورەتر دەزانێ ئەوگەر ماوەیەك یەکێتی تۆ نەقڵ بکات یا بۆ ناوچەیەك یا بابڵێین تەجمیدە ئەوە بۆ یەکێتی باشەو قسەی خەڵکی سەر ناکەوێ , ووتم کاک نەوشیر وان بەنامەیەك نەچوومە هەولێر بۆ ( 3 ) مانگ لەوێ بووم ئەوە ئیلتزام نیە ئەو ڕۆە نەگەیشتینە ئەنجام و ڕۆژێك لە ( م . س ) لەزەڵێ قسەمان کرد کاک نەوشیروان وتی ئێمە قیادەی کوردین ئەتوانین ئاش بەتاڵ بە کورد بکەین , ئەتوانین شۆڕش بکەین وتم کاک نەوشیروان ئەتوانی شۆڕش بکەیت بەڵام ناتوانی ئاشبەتاڵ بکە یت , تۆ دە یکەیت قیادە موەقەتە نایکات, تۆ دەیکەیت حسك و پاسۆك نایکات , تۆ دەیکەیت من نایکەم وتی تۆ چیت پێ دەکرێ وتم ئێوە لە کوردستان نەبوون من پێشمەرگەم و بەقەدەر ( حسك ) م لەدەست دێت وتی حسك حزبێکی تاریخیە تۆ چۆن وەکوو ئەوانت لەدەست دێت من وتم ئەو گوێ ی نەگرت ئەو وتی من بە گوێمدا نەچوو ئەمجار بانگی پێشمەرگەیان کرد بەتاك و بە کۆمەڵ کە لە گەڵ مندا نەبن , پێشمەرگە وتیان ئەگەر شتێك هەیە موستەمسەك لەسەری با لە گەڵی نەبین ئەگەر هیچ نییە بۆ لەگەڵی نەبین , وتیان هێی لەسەر نییە و وتیان دەی هەموومان لەگەڵی دەبین , کاك نەوشیروان وتبووی پێیان ئێوە پیاوی حەمەی حاجی مەحمودن یا هی شۆڕش , ئەوانیش وتبوویان ... شۆڕش کێیەو وتبووی من ... وتبوویان ئێمە پیاوی ( حەمەی حاجی مەحمود )ین لەوانە مەلا جەبار و مەلا فایەق و مامە ڕەشەی کەچەو سالار جاف و ئەحمەد زەردۆیی و مەحمود زەردۆیی زۆری کەیش لەوێ بوون , زۆر هەوڵیان دا دلێر جاف بوو لەو هەرایەدا , ئەوانیش لە دژی قسەکانی ئەو وتیان ئێمە پیاوی کەس نین بەڵام لە نێوان تۆو کاکە حەمەی حاجی مەحمود ئەو هەڵدەبژێرین ئەو کات کاك نەوشیروان سکرتێری کۆمەڵە و جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بەڵام ئەوان کەسیان فیشەکیان لە کوردستان نەتەقاندبوو ... بەڵام من تا ئەوکاتە دووجار بریندار بوبوم ... بۆ ڕۆژی 1980/10/14 مەقەڕەکەمان بردە زەڵێ و ڕۆژی 10/19 جەژنی قوربان بوو مامە ریشەش ( نجم الدین شوکر ) ئەوکات ئامر کەرت بوو لە جەباری چەك کرابوو هاتبوو لای ئێمە بۆ کێشەیان بۆ درووست کردبووم وتم تامام جەلال دێتەوە وەرە لای ئێمە ئەو ماوەیە لای ئێوە بوو مام ڕۆستەم

پێی زانی دڵ خۆشی کردوو بردیانەوە بۆلای قەرەداغ , لە بەرە بەیانی ڕۆژی 10/19 ڕۆژی جەژنی قور بان کاك مولازم عومەر نامەیەکی لەسەر کلێشەی مەکتەبی عەسکەری نوسیبوو بۆ من تێیدا ئەڵێت ڕژێم سەرمامەندی گرتووە و تەقەیەو پێشمەرگە چۆڵی کردووە و ئەمڕۆش قیادە موەقەتە لەوێیە ئەو بەری لێ گرتوین ... ئەگەر هیمەت بفەرمووی ئەمڕۆ ڕۆژی پیاوەتیەو ڕۆژی جوامێرییە لە هەردوو لادوژمن دەوری یەکێتی داوە و هەڕەشەی تیاچونمان لێ دەکەن بۆیە چاوەڕێی هیممەتی تۆ دەکەین هەر لەوێ نامەیەکم بۆ نوسی و وەڵامی نامەکەی کاك مولازم عومەرم دایەوە و وتم ئێستا سەردەکەوم و پێش نامەکە مەحمود زەردۆی و مامە ڕەشەی کەچەم ناردە سەرەروە و کاك رەووف و شەهیدسالاریش سەرکەوتن بۆ کاك عومەرم نووسی دەیانشکێنین و راویان دەنێین تا قەڵادزێ و ئینشاالله سەرکەوتن بەدەست دەهێنین منیش لەگەڵ دلێر جاف و محی الدینو مسئولەکاىن تر سەرکەوتم و شەوڕ بە گەرمی بەردەوام بوو لە مامەند کاك رەوف و ئەوان جێگای خۆیان گرتبوو من چوومە لایان دووسێ پارچەی تۆپم بەرکەوت بەڵام زەرەری نەبوو , کاك رەوف وتی لە ژێر ئەو هەموو بانگردێنە دەرچین و هێرش بکەین باشە واتا تۆپی گەورە لە قەڵادزەوە لێی ئەدایـن بە جارێك چوارو پێنجی لێ دەدایـن و نیوەی بە ڕێگاوە نیوەی دەتەقیەوە و نیوەی لە سەرەوە بوو هێرشمان کرد دوو ڕەبایەمان گرت و چوار رەبایە تا ئەو کات کاك مولازم عومەر و کاکە برا هاوانی شەست میلیمی پێ بوو ئەویش هاتبوون دووسێ پێشمە رگە بریندار بوون غەفوورە جوجە بریندار بوو مستەفا سعید زۆراب شەهید بوو ئێمە هجومان کرد ئاخیرە رەبایەمان گرت و شەڕێکی باشیمان کرد ( 7 ) حەوت رەبایە بوو هەمووی گیرا و جاشێك ڕومانەیەکی هەڵدا بۆ ناو پێشمەرگە جەبار بیانەیی رومانەکەی هەڵدایەوە ناو جاشەکان زەرەری زۆریان ل ێکەوت ئەولای ئاشخورانی ماڵەکانی شێنێ بوو پێیان دەگوت راست پاك کردەوە هێزێکی گەورە کە هێزی ئاساسی بوو لەگەڵ مەلا بەختیار بوو درەنگ هاتنە سەرەوە وسێ شەهیدیان هەبوو رەشید گلاڵی خەڵکی ئەولا قوتی گەرمیان بوو ... پێشمەرگەیەکی لقی سێ ناوی حەمە خالید... لە سەعات 2 ی دوای نیوەڕۆ شەڕ دەستی پێکردبوو تا حەوت و نیوی ئێوارە ( 3 ) سێ جاش کوژراو دە ( 10 ) جاش بریندار بوو , غەفور أسماعیل ناسراو غەفورە جورجە دوایی شەهید بوو لە شەڕەکەدا عبدالله قادر شێنەیی لە حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان شەهید بوو ئێوارە رادیۆی یەکێتی نەیخوێندەوە کاك ملازم عومەر ووتی : حزبی شیوعی بەشدارنەبووخوێندراوەتەوە سۆسیالیست بەشدار بوو نە خوێندراوەتەوە , شەوی دوایی خوێندیانەوە ئەو ڕۆژە جیهازەکانی یەکێتی لە دوورەوە هەمووی هاواری لەمن دەکرد فریا بکەون , کاك عەلی شامار مەسئولی سجن بوو لە شێنێ خەبەریان دابوویە سجنەکان بەردا یا بیانگوێزێتەوە کە گوێ ی لە جیهازی من و هەموو جیهازەکان بوو کە هێزی دوژمن شکاوە و دەسکەوت بووە زۆر سوپاس و بەقوربان و ساقەی من بوو , کاك مەلا بەختیار خۆی پێ نەگیرا وتی ئەوەچیيە ئەوەندە قسەدەکەی هەمووی شەڕ دەکات بۆ ناوی شەخسی دەهێنیت کاك عەلی شاماری بێدەنگ کرد جاشەکانی ڕژێم و قیادەی موەقەتە و هەموو جیهازەکانی یەکێتی بانگی منیان دەکردوو پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لێدەکردم , هەتا دووکچ بەیان و نازەنین کچ بوون برین پێچ بوون زۆر ئازاو وریا بوون شان بەشانی پێشمەرگە لەشەرەکەدا بوون و یەکێ کۆمەڵی دەرمان ونان و پەنیریان پێ بوو بۆ پێشمەرگە دەیانوت تەداوی و نان و پەنیر تەنها بۆ هەرێمی یەکە چونکە هەر ئەوان شەڕیان کردووە دوو ڕەبایە مابوو بگرین کاك مولازم عومەر گەیشتە لامان هاتە پێشەوە بۆ سەنگەری پێشەوە بۆلای ئێمە کاك عبدالرحیمی لە گەڵ بوو هەندێك دە ستی کاك عبدالرحیم بریندار بوو کاك عبدالرحیم پیاوێکی قسە خۆش و خۆڕاگر بوو دوای شەڕەکە هاتینە خوارەوە لەگەڵ کاك مولازم عومەر و برادەران لە پشتی شێنێوە کۆبونەوەیەکی پی کردین زۆر سوپاس و

مەمنونیەتی خۆی پیشان دا بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەو شەڕەمان کردوە ویەکێتیمان لەو ئەزمە ڕزگار کردوە ئێمەش کۆمەڵێ چەکمان گرتبوو لە گەڵ کۆمەڵێ پێویستی عەسکەری کە هاوانێکی ( 60 ) ملیم لەناو چەکەکاندا بوو بۆیە لەوێ منیش هاوانەکەم پێشکەش کرد بە کاك مولازم عومەر و مەکتەبی عەسرکەری ئەو رەبایەی کە مابوو کە موسەیتەر بوو بەسەر گوندەکانی لای سەید ئەحمەداندا ئەو رەبایە چەند پێشمەرگەیەکی لێ بریندارو شەهید بوو کاك مولازم عومەریش لە گەڵمان بوو بۆیە بەتەنها چوم بۆسەر رەبایەکە لەو کاتە ترسی ئەوەم هەبوو لە دواوە تەقەم لێ بکەن نەك لە پێشەوە سێ چوار پێشمەرگەم دانابوو کە ئاگایان لە دواوە بێت دووسێ مەترم مابوو بگەمە ناو رەبایەبکە تەقە زۆر گەرم بوو شەهید مەحمودزەردۆیی و شەهید سالار جاف و محی الدین و کاك رەوف و دلێر جاف کەمنیان بینی هەموویان هەڵسانەوەو هجومیان کرد بۆناو ڕەبایەکە کە ئێمە چوین هاوان و چەکمان لەبناو رەبایەکە کۆکردەوە پێشمەرگەیەك کۆمەڵە بوو لە گەڵ کاك عبدالرحیم بوو ناوی محەمەد بوو خەڵکی بەری مەرگە بوو وتی ئەوە هەموو ڕەبایەکان گیرا وتم بەڵێ وتی ئەو هاوان و شتەش هەمووی گیراوە , وتم بەڵێ هێشتا تەقە تاکو تەراك مابوو کوڕەکە یەکسەر هاواری کردو وتی بژی کۆمەڵە لەبەردەمی منا , محی الدینیش لە پەنامەوە بوو ئەوەندە حەساسیەت لە بەینی ئێمەو کۆمەڵە هەبوو کە هەردوولامان یەکێتی بووین محی الدینیش دیلە کوڕەکەو وتی بژی بزوتنەوە تا ئەوانە کرا کاك مولازم عومەریش گەیشتە ئەوێ کاك ملازم عومەر پاڵێکی نا بە کوڕەکەوەو وتی بڕۆ ئێستا کەی کاتی ئەوەیە موشکیلە دروست ئەیکەن ... لە کاتی شەڕەکە جیهازەکانی قیادەی موەقەتە وا نیشانیان ئەیدا داوایان ئەکرد بێن بەدەم شەڕەکەوە و هاوکاریمان بکەن لەو جیهازانە کە دەنگیانم دەناسی قسەیان دەکرد عدنان کمال بوو عوسمان بانی شاری بوو حەمەی رەمەزان بوو حەسومیرخانی ژاژاوکی بوو پێی دەچوو دەیانویست بەو شێوەیە نزیك ببنەوە لێم کاك نەوشیروانیش لەسەر جیهاز بوو ناوی نهێنیەکەی ( مەولود ) بوو ئەویش بە جیهازەکانی وت ئەگەر هاتنە پێشەوە تەقەیان لێ بکەن بۆیە شکاندنی حکومەت لەو شەرە قورسە ئیشارەتێکی بە پارتی دا کە شەری هێزەکا نی یەکێتی پی ناکری لە ڕاستی هێزەکانی پارتی ترسان دوای شکاندنی هێزەکانی حکومەت وە پارتی بۆیە هاتبوو بێتە سەر بارەگاکانی یەکێتی بۆ ئەوەی لەو سنورە دەریان پەڕێنن بەڵام نەتیجەی ئەو شەڕە لەگەڵ حکومەتی عێراق وای لە پارتی کرد کە بەیبێ شەڕ بگەڕێتەوە چەند ڕۆژێك هاتمە خوارەوە تۆپی ( 120 ) ملیم هێنابوو بۆ ( م . س ) ئەو شەست ملیمە یشم هەردانی دوای ئەوە فیشەکیان بەهەموو دایەوەو بە ئێمەیان نەدایەوە لەو شەڕەدا چوار شەهید هەبوو , لە ڕۆژی 1980/11/1 کۆبونەوەیەکی فراوان مان هەبوو لە هەموو ئامر هەرێمەکان و لقەکان و جێگری هەرێمەکان و رابەر سیاسیەکان , لە ڕۆژی 2 / 11 /1980 هەر بەردەوام بوو قسەی زۆر کراو هێزی قیادە موەقەتە وورده وورده دەکشایەوە و بەوساتەی حزبی شیوعی و حسك و پێشمەرگەی یەکێتی لە جادەی حاجی ئۆمەران بەو بەری گرتك و ڕۆستدا نەمێنێ و هەمووی بگەڕێتەوە ئەم بە ری لای خانەقاو قەندیل و وەرتێ , لە ڕۆژی 22 / 9 / 1980 شەڕی عێراق ئێران دەستی پێکرد شەرەلاکە عێراق سەپاندی بەسەر ئێراندا وای زانی بە چوار ڕۆژ هەمووی دەگرێت و کۆتایی پی دێت لەبەر ئەو هەموو هۆیانەی کەباسمانکرد وەلە جێگاکەیدا ئەگەر شەڕەکە درێژە بکێشێت بەزەرەری عێراق کۆتایی پێدێت , لەبەر چەند هۆیەکی گرنگ کە لە داهاتوودا باسی دەکەم ... لە ڕۆژی 22 / 9 /1980 نوسیومە لەناو یاداشتەکانی خۆمدا , لە ڕۆژی 6 / 11 / 1980 کاك روف و هەموو هەر دوانزە ئامر کەرتەکەی هەرێمی یەکیان تەجمید کرد لەسەر ناحەق منیش ئیستقالەم کرد لە یەکێتی , بەڵام کۆبوونەوەی سەرکردایەتی موافەقەتی نەکرد لە سەر ئیستقالەکەم , لە ڕۆژی 11 /11 / 1980 وازم لە ئامر هەرێمی ( 1 ) م هێنا مۆرو شتەکانم تەسلیم بە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەس کەری کردەوە .

له ڕۆژی 6 /11/ 1980 کۆبوونەوەی هەموو سەرکردایەتی بوو منیشیان بانگ کرد پێشمەرگەیان هێنابوو کەمن بگرن یا بمکوژن , بەیانی زوو کاك عەلی عەوێزی ئەندامی ( م . س ) یەکێتی بە ئیشارەت وتی نەیەیەت بۆ کۆبوونەوە خەتەرە , کاك سەید مەجید هات وتی ئەمڕۆ ئەو بێ ئەخلاقانە دەتکوژن مەیە بۆ کۆبوونەوە بەفرسەتی دەزانن مام جەلال لێرە نییە و مەیە ووتم هەر دێم ئێستە نەیەم دەڵێن ترساوە پێشمەرگەم لە دەوری مەکتەب سیاسی دامەزراندوو بۆ یەکەمجار چەکم پێ بوو چوومە ژوورەوە لە سەوە جێگایان دانابوو بەرامبەر من پەنجەرەیەکی لێچ بوو لە ڕووی شێنێ چونکە ( م . س ) لە زەڵێ بوو لە ئاستی جێگەیان بۆ دانابوو بەڵام من نەچوومە ئەو جێگایەی کە بۆ من دانرابوو تەقەم لێ بکەن و نیشان ئەوەبێت ئەگەر چەکم دانەنا کاك مەلا بەختیار بڵێ بە گۆڕی شەهید ئارام و ئەوان تەقەم لێبکەن , من چووم لە قاپیەکەدانیشتم و تفەنگەکەم دوو مەخزەنی لەسەر بوو لەسەرچۆکم دامناو پێشمەرگەی ئێمە دەوری ئەوانەی مەکتەبی سیاسی و سەربان و دەرقاپی یان هەموو گرتبوو ئەوان بێ دەنگ بوون هەموو سەیری یەکیان دەکرد وەکو ئەوەی عەمەلیەکە سەری نەگرت بۆیان چونکە تەقە بوایە لەوێ لەوانە یەکەس دەرنەچوایە ئەوانیش شتێ خۆیانی تێدا لەناوبچوایا نەیان دەکرد , کاك نەوشیروان وتی تۆ چیت دەوێ چی دەکەیت ئێمە دەمانەوێت هەموو مەسئولیاتێك لە تۆ وەرگرینەوە وخەڵکی بابزانێ کە یەکێتی لە تۆ بالاّ دەسترە , وتم کاك نەوشیروان , کاك عومەر شێخ مووس , دکتۆر فوئاد مەعصوم , دکتۆر کەمال خۆشناو , کاك مەلا بەختیار , کاك عەلی عەوێز , کاك جەمال ئاغا , کاك سەید مەجید و سەرکردایەرتی کاك مولازم عومەر بۆ زۆری کەش وتم : من ئەگەر بەکاری یەکێتی نایەم خواحافیز دەڕۆم و دادەنیشم ئەگەر گوێ بەسەرەوە نادات من خۆم ئێڤستە دەچم بۆ شێنی بۆ لای کاك عەلی شامار ئەو مەسئولی سجن بوو دەچمە سجن و تائێوارە هەموو ڕۆژێك ئیشم پێ بکەن ئەگەر دەڵێن هەرچی چەکم لایە بەپێشمەرگەوە تەسلیمتان دەکەمەوە ئەگەر ئەڵێن بڕۆمن تەنیا تەسلیم بەڕژێمی عێراق نابمەوە و ناچمە لای قیادە موەقەتە و یا خۆم بە قەدەر یەك لەو حزبانەم لەدەست دێت وتی بەقەدەر کێ وتم حسك وتی ناتوانی ئەوان تأریخ یان دروست کردووە چی دەڵێن من لێرە وەکوو ئیلتزامی حیزب و من خۆم بەخاوەنی ئیلتزام دەزانم هەموو شتەکان قبوڵ دەکەم ئەگەر ناحەقیش بێت , بەڵام لەم کۆبوونەوەیە هەڵسام و لەناوەزەنگ دوورکەوتمەوە هەرکەسێ بێتە سەر م چەکی دەکەم و بۆتان دەنێرمەوە قبووڵ ناکەم ئەگەر ئێستا وەکو مەسئول دەڵێن چەکەکان دانێن هەمووی تان تەسلیم دەکەمەوە بەڵام بەزۆر داوای چەك بکەن لە ژوورەدا هەتا فیشەکی تیا بێ و بتوانم تەقە دەکەم تاکو دەکوژرێم واتا من بەزیندووی لای ئێوە نابم بەڵام بەرنامەیەك ملم لەموو باریکترە بەڵام لە سەرکردایە تی وەکو مەسئول بڵێن تۆمان ناوێت زۆر ئاسایی‌یە وتم ئەوە مۆرو ئەوە هەموو شتەکانی هەرێمی یەك وتیان کاك مەلابەختیار دەکەینە ئامر هەرێم وتم زۆر باشە وتی کاك مەلائەگەر تۆ هاوکاریم نەکەیت نابێت وتم ئەوەی بەمن بکرێت ئامادەم وتیان تۆو 10 کەس زیاتر لەگەڵ تۆ نەبێت وتم ئێوە 10 چەکم بدەنێ بۆ 10 کەس بە 350 چەکی هەرێمی گرنگ نییە بەڵاوم من بە 10 کەس ناتوانم بژیم چونکە جێگایەك نیە من لێی بم وتیان لە پارەزان وتم پارەزان 10 ڕۆژ مامەوە وتیان نابێت بگەڕێیتبە جەولە وتم من بالێرە سجن بکەن یا دەگەڕێم بەڵام هەرکەسێ هات دەڵێم کاك مەلا بەختیار ئامر هەرێسمەو من هیچ مە سئولیاتم نیە وتیان نابێت وتم من دەڕۆمەوە بۆلای هەورامان و شازوور ئەوەش هەموو پێشمەرگە بۆ خۆتان وتیان باشە با پێشمەرگە بێن قسەیان بۆ بکەین , وتم زۆرباشە دە باننێرم بۆڵام دڵنیام کردن هەر جوڵەیەك بکەن هەر لە ژوورەکەدا دەبوو بەتەقە , ئەوان وتیان تۆ برای خۆشەویست وتۆ لەگەڵ یەکێتی داو بۆ کورد زەحمەتت بووە و تۆبرای ئێمەیت و. کاك نەوشیروان وتی داوای چی ب کەین لەتۆ ئەوە گولە لەدەستی داویت یەك تۆزی تر لای بگرتایە دەیدا لەسەر دڵت

خۆ خوێنمان لات نیە وتیان حەز دەکەیت بڕۆیتە خاریج دەتنێرین وتم من بۆ شۆڕش هاتووم و بۆ خاریج نەهاتووم ناشڕۆم, دوای دووسێ سەعات من هەڵسام وپیلانەکە سەری نەگرت دوای ئەوە هەموو پێشمەرگەیان بانگ کردوو دوای چەکیان لێ کردن و کەس نەچەکی داو نەقبوڵی مەلا بەختیاریان کرد بە ئامر هەرێم ئامر کەرتەکانم بانگ کرد وتم بە ئەوان و بەکاك رەوف من دەڕۆمەوە بۆ شاربازێڕ و شارە زوور بەڵام لە وە دەچێت بێنە سەرم ئێوەیان تەجمید کردووە لێرەبن , لێرە ناوێرن دەستم بۆ بەرن چونکە لە سەرکردایەتی خۆیان دەکوژرێت و دەیانەوێت لە خۆیانی دوور بخەنەوە شەرەکە , ئێوەش وەر نەوە ئەوە من دەڕۆم وا نەزانن لەبەر ئێوە هیچ ناکەم هەمووتان ڕەمی بکەن کەسێك بێتە ڕێگام دەیکوژم یان دەیگرم کاك روف وتی تۆزەرەری خۆت قابیلە من لەو هەموو خزمەت و ماڵ وێرانیبە واز لە کۆمەڵەو یەکێتی بێنم , وتم من واز لە یەکێتی نایەۆنم بەڵام تا مام جەلال دەگەڕێتەوە , لە خوارەوە دەبین و مەسئولیاتمان ناوێت زۆر هەوڵم دا کاك روف قەیناعەتی نەکردو و کاك دلێر جاف و کاك سالار و کاك ئەحمەد زەردۆیی و کاك غەفور و هەموویان مانەوە لەبەر کاك روف و محمود زەردۆیی و زۆر یاهەموو پێشمەرگەو ئەحمەد قەدەفەری لە خوارەوە بوو هەمووی گەرانەوە ئەوەیان پێ خۆش بوو . لە ڕۆژی 11 / 12 / 1980 بەتەواوی وازم لە هەموو مەسئولیاتێ هێناو مۆرم تەسلیم بە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری کردەوە , چەند جار دووبارە و سی بارەم کردەوە دوو نامەم نووسی بۆ مام جەلال لەسەر ڕووداوەکان وتم من تاتۆ نەگەڕێیتەوە من نایەمەوە لە کۆبوونەوەیش بە هەموویانم ووت تا مام جەلال نەیەتەوە ناگەڕێیمەوە , ووتم ئێستا کادرێك بەدەمانچەیەکەوە لەناو زەنگەوە دەڕواتە خانەقین کەس ڕێسگای ناگرێت شەڕی دنیام کردووە بۆتان وازم لێ بێنن باوەزعەکە تێك نەچێت ووتم من نەبم ئەوە بەکەس ناکرێت وتیان یەکێتی ئەوەی کردووەو پێشمەرگە کردوویەۆتی ووتم باوەڕ بکەن من نەبم بەهێزی پەنجا کەسییەوە ناتوانن لە شارەزوور بن قسەکەم هاتە دی بە ( 400 ) کەسەوە کاك نەوشیروان خۆی گیرا کە من لەگەڵی نەبووم لەنامەکان زۆر شت و بەدەمیش بە کاك عەلی حەوێزی و کاك سەید مەجید و کاك جەمال ئاغاو ئەوانم وتبوو لە نامەی مام جەلالیش دا هەر هەموو شم وتبوو نامەکان تەسلیم بە یکاك شێخ عەلی شێخ محمد صالح برازای مام جەلال کردوو بە دەمیش خۆم باسم کردبوو بۆی دەیزانی .

لەڕۆژی 12 / 11 /1980 سەعات 10 ی سەرلەبەیا نی نامەیەکم نووسی بۆ مەکتەبی سیاسی و وتم من ئێستا دەڕۆمەوە بۆ شارەزوور و شارباژێڕ نامەکەم دوای بیست دەقیقە بە دەست و خەت و نوی کاك عومەر شێخ مووسەوە بەدەس تی کاك فازل سەعید رواندزی پێشمەرگە بوو لە مەکتەبی عەسکەری لای سەید مەجید , جوابی نامەکەی بۆ هێنامەوە دەڵێت ... چوونەوە باشە بەڵام پەلە مەکە و ئەگەر بۆ 10 دەقیقەش بووە سەۆری مەکتەب سیاسی ببدەو با قسە بکەین منیش بێزار ببو لە قسەکردن بڕیاری گەرانەوەم دابوو نامەکەی کاك عومەرم هەڵگرت و مالچەوەشمان لە گەڵدا بوو چادرمان خست و بەبتانیمان پێچایەروە و بەبەرچاوی مەقەڕەکانەوە بەپشت و بەردەمی مەقەڕی کاك مەلا بەختیار وەستا بوو پێشمەرگەیەکیان ناوی حەمە ئێرانی بوو وابزانم پێیان دەووت دەروێش داریان وورد دەکرد و داریان دەشکاند لای مەقەڕی دکتۆر عەلیەوە سەرکەوتین و چووینە ناوزەنگ ,مامە ڕەشە کە چە خەبەری ناردبوو منیش دیمەوە لەگەڵتا , لەناوزەنگ نیوسەسعات چاوەڕێی ئەوەمان کرد دەوری 50 کەس بوین پێشتر شەهید مەحمودم ناردبۆوە 40 پێشمەرگە بووین و بەبەرچاوی خەڵکەوە خواحافیزیم کردوو

نامـــەم بــۆ مەكتـــەبی سیاســـی نـــاردوو وا دیـــار بـــوو بڵاویـــان كردۆتـــەوە مـــن جـــارێكی دیكـــە ناگـــەڕێ مـــەوە هەرێـــسمی یـــەك وە ئەگـــەر جورئـــەتی ئـــەوەیان هەبوایـــە مـــن قبـــوڵم دەكـــرد لێیـــان دوایـــی چـــووینە كـــانی زەردوو وەردوبنـــە خەڵـــەف و كونـــە مـــشكە ودوایـــی چـــووینە فـــەقێ ســـلێمانە و ســـوێرەۆ , شـــەو لـــەوێ بـــوین و لـــە ڕۆژی 13 / 12 / 1980 چـــووینە چـــایخانەی خـــاكی و خەجـــەرك , لـــەڕێگا هێزێكـــی قـــەرەداغیمان بینـــی خێـــسەیان دەكـــرد وادیـــاربوو ئەوانیـــشیان تێگەیانـــدبوو , یـــەكێ دانیـــشتبوو لـــە كـــاك ســـامان دەچـــوو لـــە گەڵیانـــدا هـــەر چـــەند ئێمـــە لەگـــەڵ كـــاك ســـامان پەیوەنـــدیمان بـــاش بـــوو لـــەو ڕووەوە بـــۆ خانـــەی خـــاكی و قەرەچـــوك و تاژەبان .

هـــەر لەهـــەمان ڕۆژدا واتـــا لـــە 12 / 12 لـــە ڕادیـــۆی دەنگـــی شۆڕشـــی عێـــراق لـــە ســـوریا ئیعلانـــی جەبهـــەی ( جەوقـــد ) أعـــلان كـــراو مـــام جـــەلال و شـــیوعی و سۆسیالیـــست و بـــەعس قـــسەیان كـــرد لـــە رادیـــۆوە . هـــەواڵێكی خـــۆش بـــوو لـــە و كاتـــەدا , لـــە شـــەوی 13 – 14 / 11 /1980 لـــە تـــاژە انـــی لای بانـــە بـــووین لـــە ڕۆژی 12/14 چـــووینە بلـــەیكێ ســـەری مەقـــەڕی كـــاك بـــەكرمان دا دیـــاربوو دەترســـان لـــەوەی ئێمـــە بڕیـــار بـــوو لـــە ســـەركردایەتی بـــێن و ئێـــستا هـــاتووین , ئـــەوە حـــسین بـــەگ برینـــداربوو دووجـــار ووتمـــان چـــەكەكەی دەبەینـــەوە , دوای وتمـــان نـــەوەك دڵـــی شـــتێك بكـــات قەیناكـــە دوایـــی چـــەكیان كـــرد بـــۆ ئـــەو شـــەوەش رادیـــۆی یـــەكێتی بـــەیانێكی دوورو درێـــژیان لەســـە ر هـــەرێمی یـــەك و مەســـئولەكانی و مـــن دەركردبـــوو كـــە ئەوانـــە لەســـەر دزی و جـــەردەیی دەركـــراون كـــەس و كاریـــان نـــەكاو بیـــان گـــرن و تەســـلیمیان بكەنـــەوە , مـــن پـــێم نـــاخۆش بـــوو ... بـــە لاَم گـــوێم نەدایـــەو وتم مـــن یـــەكێكم ئـــەوان خۆبەقـــەدەر مـــن ماندوو نـــەبوون بـــە یەكێتییـــەوە مـــن ئـــەوان دەردەكـــەم یاكـــە مـــام جـــەلال هاتـــەوە كۆتـــایی بەكێـــشە دێـــت لـــەوێش بەیانیەكـــەی كـــاك رەووف و كـــاك دلێـــر و كـــاك ســـالا و كـــاك ئەحمـــەد زەردۆییـــان ســـجن كـــردووەو وەهەڕەشـــەی كوشـــتنیان لێ كردبـــوون , كـــاك نەوشـــیروان وتبـــووی ئەگـــەر حەمـــە نـــەگیرا ئـــەوە ئێـــوە دەكـــوژم لـــەباتی , وادیـــاربوو ئـــەوان مەبەســـتیان كـــاك رەووف بـــوو دەیـــان ووت كلیلـــی ئـــەقڵی حەمەی حاجی مەحمودە .

كـــاك رەووف كۆمەڵـــەش بـــوو لەگـــەڵیان بـــوو فایـــدەی نـــەبوو مـــن لام ســـەیر بـــوو خـــۆم لەســـەركردایەتی بـــووم بـــە هـــەموو ســـەركردایەتی نـــەیانتوانی ســـجنم كـــەن نـــەیانتوانی چـــەكم كـــەن بـــەلاَم بـــەرادیۆ هاواریـــان ئـــەكرد جـــەماوەر مـــن بگـــرێ و بمباتـــەوە بـــۆ نـــاوزەنگ بـــۆلای ئـــەوان , مـــن خـــۆم ڕۆژێ پـــێش ئـــەوە لەناوەزەنگـــەوە هاتبومـــەوە , دوایـــی ئێمـــە چـــووینە چـــەم پـــاراوو لـــە 15 / 11 چـــووینە ســـوورەبان و چـــنارەی شـــەخەڵی مـــارین و مكـــڵ و پـــارەزان و لـــە 16 / 11 / 1980 چـــووینە چـــنارەی پـــارەزان وحـــاجی مامەنـــدەمان كـــۆكردەوە بـــەناوی یەكێتیـــەوە قـــسەم بـــۆ كـــردن دژی حكومـــەت و قیایـــدە موەقەتـــە لایـــان ســـەیر بـــوو كـــە ڕادیـــۆی یـــەكێتی دژمـــان قـــسەدەكات و هـــەموو شـــەوێك ڕاپۆرتێكمـــان لەســـەر دەخوێنێتـــەوە و ئێمـــە دەڵـــێن نـــە بامـــان دیـــوە نـــەبۆران , مێـــشێك میوانمـــان نییـــە و كۆبوونـــە وە دەكـــەین وەكـــو جـــاران برادەرانـــی خۆشمـــان یـــدەیانوت یـــەكێتی قـــسەی ناشـــرینمان پـــێ دەڵێـــت تـــۆ بـــەناوی یەكێتیـــەوە قـــسە دەكەیت باسی جەبهەم بۆ دەكردن .

لـــەڕۆژی 1 7 /11 چـــووینە دۆســـتە دەرەو رەزڵـــە و دۆڵـــە چـــەوت . لـــە شـــەوی 20- 21 / 11 /1980 چـــووینە شـانەدەری ســـەروو لـــە مزگـــەوت کۆمـــان کردنـــەوە و قـــسەمان بـــۆ کـــردن بـــەناوی یـــەکێتیی نیـــشتمانیەوە هـــەموو هێزەکـــان خۆمـــان و هـــەم جـــەماوەر و هەمیـــەکێوتی کـــە هـــەواڵیان بـــۆ دەچـــوو خوایـــان نـــەمابوو لەشـــانەدەری جەبهـــەی عێـــراوق و ڕێبـــازی شـــۆڕش و یـــەکێتی نیـــشتمانی و هـــاتنی قیـــادە موەقەتـــە بـــۆ ســـەرکردایەتیمان بـــۆم بـــاس کـــردن ئـــەو شـــەوە خەســـتەخانەی شـــانەدەریمان بـــۆ هـــەموو دەرمانەکانـــەوە هێنـــا بـــۆ پێویـــستی خۆمـــان , بـــۆ هـــۆزو خواجـــە شـــاردمانەوەو چـــووینە ماوەکـــان و کەچـــەڵی , لـــە 22 /11 لـــە کەچـــەڵی بـــووین تـــا ئێـــوارە لـــە پـــەنای شـــانەدەری و ســـید صـــادق دابـــووین . لـــە 22 /11 لـــە قەویلـــە بـــووم کـــاك مـــەحمود حـــاجی حەمـــەمین و جەماعـــەتێك ئـــەو هەوالانـــەیان بیـــستبوو هـــاتبوون بۆلامـــان , لـــە 23 / 11 لـــەمیرمام و بیـــوەك بـــووین لـــە 24 / 11 چـــووینە کـــۆتر مـــەڕو گونـــدێکی بـــچووك کـــە لای بیـــوەك و مۆریـــاس لـــە ســـلیمانیەوە بـــۆی ســـەردەکەویت , لـــە شـــەوی 24 – 25 / 11 چـــووینە گونـــدی ســـەراو کۆمـــان کردنـــەوە و بـــەناوی یەکێتیـــەوە قـــسەمان بـــۆ کـــردن و دوای ئـــەوە چـــووینە کـــانی ســـپیلکەی بـــەرخ و هـــەمووعان کـــۆکردەوە و جیـــا جیـــا لەســـەرهەمان شـــێوە قـــسەسمان بـــۆ کـــردن ســـەیتەرەشمان ســـداناو لەســـەرجادە و ناردمـــان بـــەدوای مقـــاولی لـــەوێ بـــوو بینـــای دەکـــرد بـــۆ مەعـــە ســـکەرەکەی ســـەرای ســـوبحانئاغا , ئەوکاتەلـــەوێ نـــەبوو حـــاجی عبـــدالکریم مـــارف خەبـــەری دابووبەیـــەکێتی کـــە داوای پـــارەی لێدەکـــەین کـــە حـــەقمان بـــوو زۆریـــش دوای ئـــەوە تاقیبمـــان کـــردوو نـــەگیرابۆمان هـــەر لەهـــەمان شـــەوا چـــووینە تاســـڵوجە و مـــوان و قومـــاش و تەپەکـــەل و بـــۆ قەڵبـــەزان چـــووین , رۆژی 25 / 11 چـــووینە ئـــا ن و حاصـــڵ جاشـــەکانی حەمـــەخانی حـــاجی دارا هـــاتن و لـــە ســـەعات 3 ی پـــاش نیـــوەڕۆ ەڕ دەســـتی پێکـــرد تـــا ســـەعات پێنجـــی ئێـــوارە جـــاش شـــکاو راومـــان نـــان لـــەکانی کـــەوەی کـــۆن و کـــانی کـــەوەی چـــوخ و داری قـــەلان ناوزەرالابـــەن و ئێمـــە زیانمـــان نـــەبوو دوایـــی دوو جـــاش برینـــدار بـــوو شـــەو گەڕاینـــەوە بـــۆ کـــانی بەردینـــە , لـــە 26 / 11 لـــەکانی بەردینـــەوە چـــووین بـــۆ بێـــسلەمین , لـــە 27 / 11 .

چـــووینە جـــەرد ئاســـنە ولـــە ســـەر بەحرەکـــە ماینـــەوە و چـــووینە گـــولانی حـــاجی فـــەرەج و وا زۆڵ و ئەحمـــەد بڕنـــەو , لـــە 28 / 11 چـــووینە دەق و کـــانی مـــرواری , لەشـــەوی 28 – 29 /11 چـــووینە قەڵبـــەزە ســـواری و قوماشـــی ئەحمـــەدی فـــارس و کـــانی ســـپیلکەی پـــەرخ و بەردەڕەشـــە ڕۆژی 29 / 11 لەبەردەڕەشـــە بـــووین بـــۆ شـــەوەکەی لەبـــەرۆدە ڕەشـــەوە چـــووینە گرێـــزە وکۆمـــان کردینـــەوە و قـــسەمان بـــۆ کـــردن و لەســـەر ڕێبـــازی یـــەکێتی نیـــشتمانی و شـــۆڕش ودژی ڕژێـــم و قیـــادە موەقەتـــەو ئـــەوە کـــاك حەمـــە ڕشـــید عـــەلی شـــەریف لـــە مـــاڵی کـــاك نـــەجم بـــوو کـــە مامی بوو .

لـــەوێ بـــووین تـــادرەنگ ئـــەویش وتـــی ئـــەوە چـــەند ڕۆژە بـــەیانت لەســـەردەرکەون و هێزیـــان بـــۆ هێنایـــت تـــۆش بـــەناوی یەکێتیـــەوە قـــسەدەکەیت , ووتم راســـتە و مـــن تـــا ئێـــستە یـــەکێتیم دوای چـــووین بـــۆ قەویلـــە لـــە ملەکـــەی نێـــوان قەویلـــەو کـــانی ســـپیلکە دانیـــشتین بـــۆ ئیـــسراحەت تەزبیحەکـــەم لـــەبیر چـــوو, ڕۆژی 29/ 11 کـــەرتی هـــەریم و کـــەرتی 9 , 10 چـــوونەکانی پانکـــە و

تراکتـــۆرێکی فیاتیـــان هێنـــاو دەســـکەوت بـــوو ئەوکاتـــە بـــە ( 5 ) هـــەزاردینار بـــوو نرخەکـــەی , لـــە قەویلـــە هێـــزە کـــەم کـــۆکردەوەو ووتم مـــن تـــا ئێـــستا یـــەکێتیم ,بـــەڵام ئێـــستا یـــەکێتی هێزیـــان بـــۆ هێنـــاوین ودێنـــە ســـەرمان بـــە هێزەکـــەم ووت مـــن ئێـــستا ئـــامر هـــەرێم نـــیم و بـــەڵام تـــا مامجـــەلال نەیەتـــەوە ئەمانـــە بـــە مەســـئول نـــازانم , کـــێ دەڕواتـــەوە بـــۆلای یـــەکێتی وهـــەرێم بـــابڕوات دوای ئـــەمڕۆ هەرکـــەس بـــڕوات ئیجرائـــاتی لەلاگـــەڵ دەکـــەم , هەرلـــەوێ حەمـــەرەش گرێزەیـــی ووتـــی مـــن دەڕۆم ئەگـــەر ڕێگـــام بـــدەیت .. وتم زۆرباشـــە وماچـــم کـــردوو بـــەڕێم کـــرد شـــەش کـــەس بـــوون دوای ئـــەوە 116 پێـــشمەرگە مایـــەوە جگـــە لـــەوەی مەفرەزەیـــەکمان لـــە ئاســـنئاواو دووســـێ مـــەفرەزەشمان لەشـــارەزوور بـــوو , هەرچـــیم کـــرد نـــە چـــوو بـــۆ لایـــان واتـــا بـــۆلای یـــەکێتی لـــە قەڵبـــەزەبووم کـــاك ســـالار ئەنـــدامی ( م . س ) بـــوو کـــاك مەلابـــەختیار ئەنـــدامی ســـەرکردایەتی و لـــە جێگـــەی منـــیش داینـــابوو ئـــامر هـــەرێمی ( 1 ) کـــاك بـــەکری حـــاجی ســـەفەر ئـــامر هـــەرێمی ( 3 ) بـــوو کـــاك مـــستەفا ئـــامر هـــەرێمی ( 5 ) بـــوو هـــەروەها کـــاك وەهـــابیش بـــوو کەیـــەکێ لەمەسئولەعەســـکەریەکانیان , کـــاك مـــەلا بـــەختیار نامەیـــەکی بـــۆیمن نـــاردبوو دەڵێـــت تـــۆ کـــێی دەڵێیـــت بـــەناوی یەکێتیەیـــەوە قـــسەبکەیت بـــۆت نیـــە دەبێـــت لـــەم ســـێ خاڵـــە کامیـــان هەڵدەبژێریت خۆت مخەوەلیت :

1- تەسلیم بوون بەئێمە واتە بەیەکێتی نیشتمانی .

2- تەسلیم بوونەوەت بەعێراق .

3- تەسلیم بوونت بە ئێران و نابێت لەکوردستاندا بیت .

نامەکـــە لەقەڵبـــەیزە بۆیـــان هێنـــام و زۆرم لاســـەیر وو وەکـــو خـــۆی جـــوابم دایـــەوە و پـــێم ووت مـــن تەســـلیم بەکـــەس نـــابم و خۆشـــتان دەزانـــن یـــەك پێـــشمەرگەمان چـــەك بکرێـــت یـــەك پێـــشمەرگە چـــەك دەکـــەم لـــە بـــاتی ... بـــەو بـــرادەرەی نامـــە کـــەی هێنـــابوو پـــێم ووت وەلـــە نـــاو پێـــشمەرگەکانی خـــۆی مەکتـــەبی سیاســـی پـــارتی لەمالومـــە بـــەیانێکی لەســـەر مـــەلا مـــستەفا دەرکردبـــوو لـــە حـــزب دەریـــان کردبـــوو تەجمیـــدیان کـــرد مـــەلا مـــستەفاش هێـــزی بـــۆ هێنـــابوون ســـاڵح شـــێرە ووتبـــووی (( ســـەگبابینە واباشـــە مەلامـــستەفامان دەرکـــردووە )) هـــات لـــەکام ڕێگـــاوە هـــەڵبێین ڕێگـــام پیـــشان بـــدەن مـــن ئەوەنـــدەم بـــۆ برادەرەکـــانی خۆمـــان بـــاس کـــردوو ... وتم باشـــە وا ئێمـــە دەچـــین تەســـلیم بـــەکاك مـــەلا بـــەختیا دەبـــین شـــەرت ئەوەیـــە کەئـــەوان هەڵنەیـــەن ئەگـــەر ئێمـــە چـــووین بـــۆ تەســـلیم بـــوون هـــەر لـــەو کاتـــەدا کـــاك رەوف رای کردبـــوو چـــووبووە گـــۆڕە شـــێر لای مەکتـــەب سیاســـی سۆسیالیـــست بـــوو زۆر بـــەیان گرتبـــوو کـــاك رەووف نامـــەی بـــۆ مـــن نوســـیبوو کـــە چـــۆتە لای سۆسیالیـــست و وەعـــدی پـــێ داون ئیـــشیان لەگـــەڵ بکـــات و بزانـــێ رەئـــی مـــن چـــۆنە , مـــن وەلامـــی نامـــەی کـــاك رەووفـــم دایـــەوە وتم پـــێم باشـــە بـــەڵام مـــن دوای بڕیـــاری خـــۆم ئـــەدەم باقـــسەی لەســـەر بکـــەین لەگـــەڵ نامەکـــەی کـــاك رەوف دا وەکـــو شەخـــسی کۆمـــەڵێ نامـــە بـــوو مـــن هـــاتبوم و کـــاك تـــاهیر و کـــاك ششیـــشروان و مەکتـــەبی سیاســـی سۆسیالیـــست پێمـــان خۆشـــە هێزێـــك بێتـــە لاتـــان لەگـــەڵ کـــاك رەوف دا بگەڕێیتـــەوە ئـــەو نـــاوە نـــەك بـــۆ ئـــەوەی ببێتـــە سۆسیالیـــست هـــەروەکو شۆڕشـــگێڕێك پێمـــان خۆشـــە تـــەنیا نـــە بێـــت و هاوکاریت بکەین .

مامە رەشە هەورامی ئەحمەد ئاوایی نامەکانی هێنا بۆمن منیش وەڵامی نامەکانم دایەوە لە دۆڵاش لەماڵی کاك محمد دۆڵاشی بە ئامادەبوونی هەموو ئامر کەرتەکان وە هموو ئامرکەرتە کان و کاك محمد دۆڵاشی رەئیان وابوو لەگەڵ سۆسیالیست ئیش بکەین تەنها من رەئم نەبوو بۆ ناردنی هێزیش وتم مانعم نییە ... بەڵام دەربارەی ئیش کردن من ئەوە دوایی قسەی لێدەکەین ... وا دیار بوو ئەوان هێزیان ئامادەکردبوو نزیکەی 170

پێشمەرگە دەبوون لەبوانە کاك مولازم تاهیر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و مەسئولی مەکتەبی عەسکەری حزبی سۆسیالیست بوو کاك قادر جەباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کاك شێروان شێروەندی ئەندامی مەکتەبی رێکخستن بوو شێخ مەنسوور حەفید ئامر هەرێمی ( 3 ) بوو کاك قادر چاوشین جێگری هەرێمی چوار بوو کە ریمی دادەمەنە سەر بەمەکتەبی عەسکەری بوو کاك دەرسیم سەر بە مەکتەبی عەسکەری بوو کاك عەلی ماوەتی سەربە مەکتەبی عەسکەری بوو .

لەهەرێمی ( 3 ) یش ئامر کەرتەکان مام ئاراس و خاڵە نەجم و جەباری عەلی عەوێز کاك جەمالی حەلاو جێگری کەرتەکان کاك محمودی حەمە تاتەو سیروان و عەلی قەڵەوو ئاسۆی قومری , ئاسۆی قومریش لای من بوو أعترافی جەزاو سەلامی عەلە توکە کە ئاسۆ پەیوەندی بەعێراقەوە هەیە زانی بوی کە أعترافەکەی لای من هەیە بۆیە هات پرسیاری لێ کردم و وتی سەلام و جەزا ناوی منیان بردووە منیش وتم بەڵێ بۆیە شەوی دووەم لە ترسا تەسلیمی عێراق بوە وە , هێزەکەی ئێمەش لە 120 پێشیمەرگە بووین بە 150 پێشمەرگە من ئامر هەرێم بووم کاك رووف جێگری ئامر بوو کەرتەکان عوسمان کاکە رەش و مەحمود زەردۆیی و مامە ڕەشەی کەچەو ئەحمەد حاجی عەزیز و عومەر قاینجەیی و ئەحمەد سەراوی و سالار جاف و حەمەمین شەمێرانی و کاك ئەحمەد قەدەفەری مەفرەزەی کاك رەووف بوو .

ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ زیادمان دەکرد لەو کاتەی کە پەیوەندیمان بەکەسەوە نەبوو شەڕی عێراق و خۆلادان لە یەسکێتی یا لە کۆمەڵەو خۆلادان لە قیادەی موەقەتە و زۆر دوژمنی کەمان هەبوو , بەڵام لە هەمووی بێ منەت بووین توانای شەڕی پارتیزانی دژی هەموویمان بوو لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامی ئێران چەند جار داوایان لێ کردین شەڕی ئێران و عێراق بوو بۆ دامەزراندنی لەشکری ئیسلامی من نەمکردوو هەوڵی لادانی خۆمان دەدا لە زۆر جێگادا بەتایبەتی لە سوورێن لەوکاتەشدا کاك مەلا بەختیار تازە بووبوو بەئامر هەرێم و هەموو هێزەکەی کۆکردبووەوە بەڵام پاش ماوەی هێزەکەی هەرێمی یەك لێی دڵنیا نەبوون شەڕی ئێمە دەکات یا نا , بۆیە لە دوای نامەکەی من بەشەڕەوە جوابەکەی من بۆئەو هێزی هەرێمی ( 5 ) ی قەرەداغ و هەرێمی چواری جافایەتی و هەرێمی ( 3 ) ی شاربازێر و ( 3 ) ی شلێر هەموویان کۆکردبووەوە لەگەڵ هەرێمی عبداللە رەحیم لە ئاسۆس و جگە لە مەفرەزەکانی بەکری حاجی سەفەر و کاك مستەفا چاوڕەش و کاك جەمالی عەلی باپیر کاك سەلارو ( م ز س ) لە حدودی 300 کەسێکیان کۆکردبۆوە ئێمە لە 300 زیاتر بووین ئێمە دەچووینە 390 کەس هێزێکی شەرکەری باش و بەتوانا بووین , کاتێك تاهیر هات

پێش ئەویش هێزێکی نارد ئازاو لێهاتوو بوون لە مانگی 11ەوە تا هاتین ئەوان دەیان چالاکیان دژی ڕژێم کردبوو , هەروەها دوای راکردنی کاک رەووف کاک ئەحمەد زەردۆیی و کاک سالار جاف و کاک دلێر جافیان بەردا , بەڵام کاک دلێر نەهاتەوە کاک ئەحمەد دزەیش چووە ماڵی خۆیی و کاک سالار جاف هاتەوە لامان هەردوولا خۆی ئامادە دەکرد , من هەربەناوی یەکێتیەوە قسەم دەکرد بۆیە یەکێتی زیاتر ناڕەحەت ببوون ... یەکێتی شکی لە چوونی کاک رەووف بوو بۆلای سۆسیالیست و هێنانی هێزی سۆسیالیست بۆ ئەوناوە دەترسان هێزەکانیان لەدەرەوەی دۆڵە پەمۆو پارەزان و حاجی مامەند و ئێمەش تارەزڵەو دۆستە دەرەو بیوەك و پەرخ و دۆڵی گەلاڵ و جار جار شارەزوور و بناری سوورێن بووین , هێزەکەی کاک مەلا بەختیار جوورئەتی نەدەکرد مەفرەزەی ناردبوو یا هاتبوونە سۆیلەمیش من بەرەو ئەوان چووم شارە زۆریان بەجێهێشت و بۆ شارباژێر گەرانەوە خەڵکم دەنارد شەڕمان پێ نەفرۆشن ئەگینا لەشارەزوور نایان هێڵین ئەوان هەر باوەڕیان نەبوو بەقسە ی هەندێك لە کادرەکانی خۆیان باوەڕیان کردبوو ئەگەر یەکێتی نەبێت حەمەی حاجی مەحمود هیشی پێ ناکرێت یا تەسلیم دەبێتەوە یا دەچێتە ئێران و لە قیادەموەقەتەی داوە یا وەری ناگرن یا ناچێتە لایان لەگەڵ حسك هەرواو بەلای پاسۆکدا ناچێت و ئەم قسانە یان بۆ دەکردن , لە گرێزەوە گەڕاینەوە لەسەر ڕێگای کانی سپیلکە و بۆقەویلە دەچێت لەسەر تەپە تەزبیحە کەم لەبیرچوو کە چوار پێنج ساڵ بوو پێم بوو .

لەشەوی 30 – 31 / 11 /1980 چووینە شانەدەری و قوڵەخوردو لەوێ خەوتین لەسەرمای مانگی 12 لەبەر ئاسمان لێفەو زەوی راخەری ماڵەوەم هەر لەگەڵ بوو , کەم بووین هەموو مان ناردبوو بۆ ئیش و مەوعیدمان دانابوو بۆیان حەمە سەعید ئامرکەرتی دەستەکەی خۆم بوو پێشمەرگەیەکمان لەگەڵ بوو شێخ فەتاح بزوتنەوە لای یەکێتی بوو وتی تۆتاکەی‌بەناوی یەشکێتیەوە قسە دەکەیت وتم ماویەتی بەیانەکەی تووڕ داو بەیانێکی حیزبی سۆسیالیستی پێبوو ووتی ئەوەی ئەو بەر پەسەندە وئەو لەبەر ناوزەنگ و گۆرەشێر ئەم یەکێتی دەوێت جەماعەتی گۆرەشێر ئەوانیش دەیانووت جەماعەتی ناوزەنگ ئەوبەرو ئەمبەری هەبوون بەیانی 31 / 11 هەڵساین ئەوناوە چۆڵ بوو تەم مژبوو لەسەعات 30 و 8 تا 9 چووینە سەرجادەی قەدەفەری و گردە نازێ بۆبەری خوارەوە تەم بوو تەماح گرتمی و بە کاک ئەحمەد قەدەفەریم ووت با کەمینێك دابنێین و سەیارە بگرین وتی ئیڤا هات ... من لەسەر جادەی قیرەکە بووم ئار . بی . جی یەکم دا لەئیڤا کەو بەکاملی بەری کەوت هاویشتییە ئەوبەری جادەکە وەویەك ئیڤای کەش هات دامان لەوان و کاک تأمین کلاشینکۆفی بۆ هێنام گوللەم لانەبوو لە هەموولایەك بوو بەشەڕ و چوار پێنج سەیارەی عەسکەری , لە هەمووومان داو تەم ومژەکە نەما لەو دەشتە ڕووتەدا بەرەو خوارەوە لەخواری گردە نازێوە چووینە مەسەکان و تەوزیع بوین بۆ نان خواردنی بەیانی و هە ر دەیانووت هات و ڕۆشت ئێمەش نانمان خواردوو لەشەڕەکە پێشمەرگەیەك پێلاوەکانی لە قوڕەکە جێ مابوو ماڵەوەمان لە شەڕەکەدا پێڵاوەکانی بۆی هێنابۆوە کە چووینەگردە نازێ زۆربەئاسان وتی هاپێڵاوەکان پێشمەرگە بیری کردەوە کە قاچی هەر قوڕەو لایان

سـەیر بـوو ژنێـك پێڵاوەكـای‌ن بـۆ هێنـاوە لـە كـوردا شـتی وا عەیبـە هـەموویان پـێ دەكـەنین و دوای ئـەوە پێـشمەرگەكە ڕوخـا بـەڵام دوای شـەش حـەوت مـانگ هـەر وازیـان لێ نـەهێنا تـا دانیشت ...

نزیكەی بیست سەربازی كوژراو بریندار بوو دووسەیارەی ئیڤا بەتەواوی شكێنران .

لـەڕۆژی 31 / 12 / 1980 ئەوشـەرەمان كـردو بـێ زیـان بـووین , لـە ڕۆژی 1 / 1 / 1981 مەفرەزەیـەكمان لـە نێـوان جـادەی سـلیمانی سـید سـادق و لـە نێـوان قلـرخ و سـەید سـادق دایـان لـە سـەیارەیەكی عەسـكەری و ( 8 ) جونـدی و یـەك ئەفـسەر كـوژرا وسـیارەكە سـوتێنرا كە مقەری فرقەی ( 36 ) لە گوندی سەرای سوبحان ئاغا سبوو .

لـە ڕۆژی 3 / 1 / 1980 چـووینە تەپـە زێڕینـە و تەپەسـەر قولـەو گێڵـەك و شـێرەمەڕ دوای چـووینە بنـاری سـورێن لـە 4 / 1 / 1980 چـووینە شـێرە مـەڕو تەكیـە و بـۆ تەپـە سـەرقوڵە وكـشەیەری و قـاجر لـە 6 / 12 / 1980 لـە دۆڵاش بـووین نامـەی كـاك ڕەووف گەیـشتە دەسـتمان وەڵامـی نامەكـەم دایـەوە , لـەماڵی كـاك محمـد دۆڵاشـی هـەموو ئامركەرتـەكانم كۆكردەوە و لەسەر جواب دانەوەی نامەكان و بەڵام وەعـدمان نـەدا ئـیش بكـەین تائەوان دەگەنە لامان و قسەدەكەین لە

7 / 1 /2 1980 لـە ڕیـشێن بـووین , شـەوی 8 – 9 –12 /1980 شـەو لـە دەرەگـوڵان خـەوتین ئەوكاتـە گوندەكـە چـۆڵ كرابـوو بـێ جێگـاو شـوێن و شـەوێكی زۆر سـارد بـوو لـەو كاتـە دا , لـە 9 / 12 /1980 لـەكانی ئاسـكان بـووین و حـەیوانێكمان سـەربڕی بـوو , أحمـد مـشكی فـر ۆش لـە هەڵەبجـەوە هـاتبوو لـەوێ بـوو ووتـی كـوڕێكم هـاتووە بـۆ پێـشمەرگایەتی نـاوی تاریقـە ,,, جەماعـەت ناسـیان وتیـان لای قـادەی موەقەتەیـە ڕێگامـان پـێ نیـشانداو ڕێگـەمان لێ نـەگرت بـڕوات بەدوایـدا وتـی كـوڕی مـن بـۆ كوردایـەتی هـاتووەو تاقـەتی نـەبوو بـڕوات بەدوایـدا گەرایـەوە , چـونكە گونـد ی كـانی ئاسـكان مـیری سـوور و دەرەگـوڵان ئـەوێ كـە چـۆڵ كرابـوون بـۆ شـەوەكەی چـوینە گونـدی عـامووره دوای چـووینە شـانەدەری و لـەوێوە چووینە كێڵەكەوەو كە چۆڵی لە

14 /1 /2 1980 هەر لەوێ بووین .

لەشـەوی 14 – 15 / 12 /1980 چـووینە بەردەرەشـەو تاسـڵوجەو سـوێلەمیش لـە 15 / 12 /1980 چـووینە قوماشـی حەمەرەشـید بـەگ و سـواری و مـالوان بـۆ شـەوەكەی چـووینە تەپەكـەل و حاسـڵ و ئـالان و قەڵبـەزەو كـانی بەردینـە لـە 16 / 12 /1980 چـووینە تووەقـوت وە گـوڵان ئـەو ڕۆژە كـاك جـەمیل حەمـە بـەگ محمـد قـادر لـە گـوڵان بـوو قـسەم بـۆ پێـشمەرگەكان كـرد دوای ئـەوە لـەوا زۆڵ بـووین , وە خەبـەریان دامـێ كـە لـە 16 / 12 /1980 لـە گونـدی بێـرە شـكە كۆمەڵـە چـوار پێـشمەرگەی ئێمـەیان چـەك كـردووە ئـەو پێـشمەرگانە لـە ئێـران بـوون و گەڕابوونـەوە یـەكێكیان نـاوی نالاسـر بـوو خـەڵكی پێنجـوێن بـوو و چـونكە ئـەوان دوومـانگ بـوو دور بـون لێمـان جیهازمـان نـەبوو كـە پەیوەنـدی هـەبێت بۆیـە ئـەوان ئاگایـانم لـەهیچ نـەبو چـوبونە ناویـان هـەر لەگونـدی بێرەشـكە دوای ئـەوە ئێمـە چـووینە ئەمـامی زامـن و كـانی شـێخ ... شـەوی 17 – 18 / 12 /1980 بـەدوای پێـشمەرگەی یـەكێتی یـا كۆمەڵـەدا دەگـەڕاین .

ئێمە قسەمان بە کۆمەلچە دەووت تا ئەوکاتەش هەر خۆمان بەیەکێتی دەزانی وەچاوەڕێی مام جەلال بووین , دوای چوین بۆ گوندەکانی خاك و خۆڵ و تەپە تۆڵەکەو بۆکەشەدەری و قاجر و ڕۆژی 18 / 12 / 1980 چووینە ناوگردان و بیرەشکە وتیان یەکێتی لەوێن ئێمە هێزەکانمان هەموو بلاوە پێ کردبوو یتەنها ( 28 ) پێشمەرگەم لەگەل بوو تا ئێمە چووین ئەوان لەناو بێرشکە دەرچووبون و چوبونە زیندانەکانی خواری ماڵەکان دامەزرابون من رائسە چووم بۆ ناویان و دەوریانمان گرت و چەکەکەی حسین بەگیشیان پێ کە چەکێکی سپی ئستیل بوو چەك کرد ( 15 ) کەسمان لێ چەك کردن و ووتیان کاك شەوکەت مەسئولیانە من پێم ناخۆش بوو کاك شەوکەت تائەو کاتە دەیوت من علاقەم بە هیچەوە نیە ئەو کاتە کاك شەوکەت مەسئولی هەرێمی ( 9 ) بوو لە بەمۆ بەلام بەیانەکە لە سەر من و هەرێمی یەك دەرکرابوو ئەو مۆری هەرێمی ( 9 ) ی لێدابوو هەڵیان واسی بوو ئەوەم پێ ناخۆش بوو کاك شەوکەت هات و ووتی بۆ ئاوامان لەگەڵ دەکەیت و وتم پێشمەرگەکانیان چەك کردووە ووتی خۆمن نەمکردوو , منیش ووتم فەرقی چیە , ووتی فەرقی هەیە خۆمن لێرە نەبووم , ئەو ئار . بی . جی . یە هی حزبی دیموکراتی ئێرانە بە ئامانەت هێناومە لەدەستی کاوەی کاك رەوف بوو بۆ ئەو پێشمەرگانە هی منن , ووتم باشە من چەکەکانی ئێوە ئەدەمەوە بەلام ( 4 ) کەس بەچەکەوە لەجیاتی ( 4 ) کەسەکەی خۆمان دیبەم هەر کاتێ ( 4 ) کەسەکەی خۆمان هاتەوە ئەوە منیش دەیاننێرمەوە , ئەو چوارەش لە جەماعەتی تۆ نایەم لەوانە کۆمەڵەن دەیانبەم کاك شەوکەت ووتی باشە لەوانە بورهان عبدالله قصاب و ئەحمەد سویلە میشی و تۆفیق بانی بنۆکی نائب زابت بوو , یەکێکی تر کە ناویم لەبیر چووە ئەوانەمان گرت و چەکمان کردن و زۆر بێ منەتانە ئەوانمان بەجێ هێشت , دوای بەکاك شەوکەتم ووت تۆ خۆت توشی ئەو هەرایە مەکە با ئەوان یا مەلا بەختیار کێ دەنێرێڤت با بێت خۆی تاقی بکاتەوە ئەگەر یەك بکوژن لەجیاتی یەکێك دەکوژم , ئەگەر یەکێك بگرن لەجیاتی یەکێك دەگرم , کاك شەوکەت ووتی ئاخر ناکرێت و لەگەڵ شۆڕش چی دەکرێت ووتم من یەکێتیم لەم ناوە درووست کردووە خۆشم یەکێتی لەو ناوە تێك ئەدەم بەلام شۆڕش هەر بەردەوام ئەبێت نایەلم ئەگەر بەئاشتی نەبێت یەکێتیی لە شارەزوور جەولە بکات ئەو کات کاك شەوکەت کە جێگەی نەبوو وەحەزیشی لە ئامر هەرێمی دەکرد و ماوەیەکیش بوو گەرابووە لەناو حزبی سۆسیالیست کردیان بە ئامر هەرێمی ( 9 ) ی بەمۆ جگە لەمۆرەکەی بستێ ناوچەی نەبوو لەسنوری هەرێمەکەی دا چونکە ناوچەی بەمۆ هەندێ عەرەبیان تێهێنابوو دێهاتەکانیشیان هەموو چۆڵکردبوو بە هۆی شەڕی ئێران عێراقەوە ناوچەۆکە تەنرابوو لە جەیشی عێراقی دوای چوومە مالاوان و سۆیلەمیش و ئەو ناوە , شەوی 18 – 19 / 12 /1980 گەڕاینەوە بۆ ڕیشێن ئەحمەد سۆیلەمیشی و صالح قارەمانی قسەیان دەکرد صالح ئاوی گەرم ئەکرد بۆ چا أحمدقیرەی لێ هەستاو ووتم ئەوە چی بوو صالح کتریە ئاوەگەرمەکەی کردبووبەسەریاو وادیابوو هەرەشەی کردبو بەلام من ئاگادارم کردن ئازاریان نەدەن .

شـــــەوی 19 – 20 / 12 /1980 چـــــووینە گردەنــــازێ و قــــاجرو دۆلاش و دوایـــــی چـــــووینە ناوگردا ن و دوایی گەڕاینەوە بۆ دلاگش ,

شەشــوی 20 – 21 –12 /1980 چــووینە کــانی ئاســکان , بــۆ شــەوی دوایـــی گەڕاینـــەوە گــامێش تەپـــەو بــۆ نــاوگردان , لـــە 22 / 12 /1980 لـــە گونـــدی دۆلاش بـــووین دوای چـــوینە قـــاجرو تەپـــە تۆڵەکـــە بـــەدوای کۆمەڵـــەدا دەگـــەڕاین , شەشـــوی 23–24 12 / 1980 لەتەپـــە تۆڵـــە کـــە و تـــەپی ســـەفای ســـەرو تـــەپی ســـەفای خـــواروو تـــازە دێـــی حـــاجی حەمـــەمین , لـــە 24 / 12 /1980 لـــە شـــیرە مـــەڕ بـــووین بلـــەی کاکـــە ڕەش وتبـــووی ئەمانـــە پێـــشمەرگە نـــین ئەمانـــە لەئەسـپی قاچاخـچی ئـە چـن مـن نـاتوانم لێـرە دەخـەوم تـا بـەیاینی دامـان لـە ئـاوو خـوڕو چـەمی زەڵـــم و دووجـــار جێگـــا خـــوڕاووی بـــوو بـــارانیش دەبـــاری , شـــەوێ 24 – 25 / 12 /1980 چـــووینە گـــردی قـــازی و تەپەزێڕینـــە و قـــاجر لـــە 1980/12/26 لـــە مەســـەکان بـــووین لـــە 30 / 12 /1980 هـــەواڵ هـــات کـــە هێزێکـــی سۆسیالیـــست بەڕێگاوەیـــە , کـــاك ڕەووف و مـــلازم تـــاهیر دەوری ( 170 ) پێـــشمەرگەی ئێمـــەش تەئکیـــد نـــەبووین بـــەلام هەواڵەکـــە ڕاســـت بـــوو هێزەکـــە لەلایەن یەکێتییەو چەند کەمی نێکـــی بـــۆدانراوە لەســـوێرە ولـــە پـــارەزان داوایـــانکردبوو لەهێزەکـــە نەچـــنە شـــارەزوور ئێمـــە کێـــشەی خۆمـــان هەیـــە و تـــا چارەســـەری دەکـــەین دووســـی پێـــشمەرگەیان چـــەك کردبـــوو لێیـــان دابڕابـــوون و لـــە دۆڵـــە چـــەوت و بەردەبەلەکـــەش کـــەمینیان دانـــابوو تەقـــەڕووی دا بـــەلام یـــەکێتی لـــە صـــالحی نـــەبوو شـــەڕی سۆسیالیـــست بکـــات چـــونکە لـــە هـــەولێر زۆربـــەی ئـــەوان و لـــە شـــارەزووریش دەبوونـــە زۆرینـــە , چـــا ریـــان نـــەبوو یـــا ئـــەو هێـــزە بگاتـــە مـــن وزەربـــەیان لێ بـــدەین مـــن هەربـــەناوی یەکێتیـــەیوە قـــسەم دەکـــرد , بـــەلام یـــەکێتی هەر دژایەتی منیان دەکردو بەیانی رادیۆ هەر لەسەر هەرێمی یەیك بوو .

لەشـــەوی 30 – 31 / 12 /1980 لـــە مـــاڵی کـــاك محمـــد دۆلاشـــی بـــووین کاتێکمـــان زانـــی لـــە دۆلاش بـــوو بـــە تێخـــوڕین کـــە هـــاتن کـــاك ڕەووف و مـــام ڕەشـــە هـــەورامی و شـــەهید محمـــود تاتـــە و جبـــاری عـــەلی عـــەوێز و ســـەرداری بـــرای کـــاك ســـیروان و کـــاك نـــوری زەرەنگـــەرو کۆمـــەڵێکی تـــر ( 12 ) پێـــــشمەرگە دەبـــــوون بـــــە دوای ئێمـــــەدا دەگـــــەڕان و ئێمـــــەش ئـــــە وەی قوەتـــــەکان ئامـــادەبوون نـــاردم بـــۆ کڕینـــی ئازووقـــە و کۆکردنـــەوەی بـــەتانی چـــادر بـــۆ ســـورێن لـــە گـــەڵ هێزەکـــە چـــووینە کـــانی ئاســـکان , لـــەکانی ئاســـکان کـــاك تـــاهیر و کـــاك قـــادر جـــەباری و کـــاك شـــیروان و کـــاك شـــێخ مەنـــصووری حەفیـــد و کـــاك ڕەووف و شـــەهید مـــەلا نـــوری و مـــەلا هـــەژارو جـــەمال مـــەلا عـــەلی هۆڵـــە سمتـــی و زۆری کـــەش لـــەوێ بـــوون و هێزێکـــی ( 170 ) کەســـی دەبـــوون و ئێمـــەش ( 150 ) کـــەس زیاترمـــان کـــرد هێزێکـــی بـــاش بـــوو چـــووینە کـــانی ئاســـکان بـــەفر دەبـــاری وتیـــان ئێـــستا ئێمـــە مانـــدو شـــەکەت لـــەم شـــاخە هـــیچ نیـــە نـــە خـــواردن و نـــەجێگاو نـــە پێخـــەف تـــا شـــتەکان دێـــن بـــا بڕۆینـــە دیـــوی أیـــارن لـــە گونـــدەکان أســـراحەت بکـــەین مـــن نـــاڕازی بـــووم ووتم مـــن لێـــرە دەبم و ئێـــوە بـــڕۆن , ئـــەوانیش مەبەســـتیان مـــن بـــوو لەگەڵیانـــدا بم مـــن لـــە قیـــادەی موەقەتـــەش تـــەئمین نـــەبووم ئـــەوان لای دزڵـــی بـــوون منـــیش ناچـــار بـــووم لەبـــەر ئـــەوان بـــڕۆم بـــەلام محمـــود زەردۆیـــی لـــە ڕ٬زەڵـــە ( 2 ) کەســـی چـــەك کردبـــوون نـــە یدەهێـــشت أســـراحەت بکـــەن یـــەکێتیی شـــارەزووریش لـــە گونـــدی مـــالوان ( 7 ) کەســـیان لـــە گـــەوڕدا عبـــدالله بـــرای مـــام

ڕەشــە گــەرمیانی و حمــەی کافیــەیان گــرت و بــۆ خۆیــان حەشــاردابوو واتــە پــێش هــاتنی هێــزی سۆسیالیــست ئێمــە تەمێیــەی هێــزی مــەلا بــەختیار مــانکردبوو جەولــەی نێــوان هەرمێڵــەو زەلان و تا حاجی مامەند و جار جار پێی دەنایە جەرگی خۆی بۆ پەرخ و بیوەکیش .

لــە ڕۆژی 30 / 12 / 1980 لــە ســورێن و چــنارە و هــەر ئــەو شــەوە ســەرکەوتین بــۆ کــانی خەیاران و گوندەکانی ئێران بۆ ئەسکۆڵ بەفر دەباری و ئێمە بەڕێگاوە بووین .

ڕۆژی 1980/12/31 لــە گونــدی ئەســکۆڵ بــووین لــە 1 / 1 /1981 لــە گونــدەکانی کــەوە بــووین لای پیرانــی کــۆن نزیکــەی ( 200 ) پێــشمەرگە دەبــووین چــونکە هێزەکــەی ئێمــە لــەخوارەوە بــوو مــن نزیکــەی ( 30 ) کەســێکم هێنــابوو لەگــەڵ خۆمــدا چــوینە پیرانــی کــۆن ئــەو گونــدە کــاتی ڕاکردنــی شــێخ محمــود لــە ســلیمانی لــەو گونــدە بــووە و ســەکەی ( پــارە ) ی لێــداوە لــەوێ , لــە ڕۆژی 2 / 1 / 1981 گەڕاینــەوە لای کــانی ســەیف و بــۆ ســیامێوە شــەو چــووینە خرنــوك وچــەوتان و دۆڵــە چــەوت . لــە 3 / 1 / 1981 لــە دۆڵــە چــەوت و بــەردە بەلەکــەو بــۆ ڕەزڵــە و شــەو هێزەکــەمان لــەو گوندانــەی قۆڵــچی و دۆســتە دەرە دولقــی گیــسکان و بیــوەك دابــەش کردبــوو لــە دۆســتە دەرە پێــشمەرگەیەکی کۆمەڵــەمان چــەك کــردو دوای چــەکەکەم دایــەوە و بــڕوات , شــەوی 3 – 4 /1/ 1981 لــە بیــوەك هێزێکــی یــەکێتی لــەناو مزگەوتەکــەی بیــوەرك خۆیــان کردبــوو بــە سۆسیالیــست هــەر کەســێ نــانی خواردبــوو لــە مــالآن تــاك تــاك و دوو دوو بەبــەتانی وە لــە مزگــەوت چــەکیان کردبــوون و بردبوویــان ژمارەیــان ( 12 ) کــەس بــوو محمــد ســیاس ناوێــك و محمــود ســەریح و چــەکی عبــدالله حمــزەو ( 8 ) کەســی کــەیان بردبــوو , عبــدالله حمــزە مــسئولی ناوچــەی دوکــان بــوو لــە هــەموو شــەڕەکە نــەگیرابوو , بــە ئاســانی لــەوێ گرتبوویــان پێیــان ڕائــەبوارد تەنەکــەیان دانــابوو بــۆی بازبــدا بەســەریداو ئەیانوت عەبە شەکەنەکە عەبەشەکەنەکە پیاوێکی شت بووە لە سلیمانی ...

کــاك عبــدالله حمزەشــیان واڵێ کردبــوو تەنەکــەیان بــۆ دانــابوو کــەباز دا بەســەریداو لــەو کاتــە پێییــان دەوت عەبەشــەکەنە هــەر ئــەویش بــوو ڕق و کینــەی لــەدڵیا دروس کردبــوو دژی یەکێتی ئەویش هەمان هەڵسوکەوتی ئکرد لەگەڵ گیراوەکانی یەکێتی ...

تەنەکــەیان دادەنــا بــۆی ەیــدەتوانی بــازی بەســەردا بــدات بــە کێــوێکی گــەورەی دەزانــی , کــاك عبــدالله کــە یــەکێیتی گرتبــووی کــە مەســئولی ناوچــەی دوکــانی سۆسیالیــست بــوو سمێڵیــان لێ کردبــۆوە دەریــان هێنــابوو هــی پێــشمەرگەکانیش هــەردە بــوو حقــدی دژی یــەکێتی پەیــدا کردبــوو ... لــە ســاڵی 1982 و 1983 هەنــدێك پێــشمەرگەی یــەکێتی گیرابــوون لەســجن لامــان بــوون لــە ســورێن نــەمزانی بــوو یــەکێك لایــەك سمێڵیــان دەرهێنــابوو نــاوی علــی بــوو . کــە کــاك عبــدالله همــزە سمێڵــی دەرهێڤنــابوو کــە زانــیم بــانگم کــردوو پــێم ووت بــۆ وات کــردووە ووتــی خۆنــە جــاش ونــە جیــشی شــەعبیم عەزیــەت نــەداوە چــونکە ســجنەکە نزیکــەی ( 50 ) کــەس تیــا بــوو لــە هــەموو جۆرێــك هــەر ئەوانــەی یــەکێیتیم عەزیــەت داوە وتــی تۆڵــەیخۆم دەکەمــەوە دەزانــی چــییان لێــدەکردم هــەر بۆیــە داوام کــرد بــبم بەمەســئولی ســجن دوایــش بــوو بــە یــەکێتی لەگــەڵ کــاك ڕەســول ڕۆیــشت ... لــە 4 / 1 / 1981 کــاك محمــود زەردۆیــی لەگــەڵ 12 پێــشمەر گــە خەبــەریان دابــوو کــە ئــەو پێــشمەرگانەی یــەکێتی شــەو برادەرانیــان چــەك کــردووە بــە

گیراوەکانەوە لە میرمامن کاك مەحمود هات ووتی : بە بێ دەنگی دەچم ئەگەر 10 کەس و 15 کەسیش بن و دەیانگرین وە ئەگەر زیاتر بوون تەقەیان لێ دەکەین شەڕ دەبێت ئاگاتان لێمان بێت ئێمە لە بێوەك بووین من لە ماڵی مەلا یا لەماڵی کاك کامەرانی حاجی فەرحان بووم ... ووتیان لە دۆڵی گلاڵ لای میرمام تەقەیە ئێمەش دەوری ( 300 ) کەس دەبووین لەو دۆڵە ئەوانیش وایان زانیبوو ئێمە چووینە تەوە سورێن , لە میرمام و هۆز خەواجەو ئەشکەوتەکان دامەزرابوون ئێمەش لە پشتی کۆتر مەڕ و بەری لای مۆریاسدا بۆ قەڵای سرۆچك پێشمەرگەیەك بەناوی محی الدین تەقەیەکی کردوو ووتی واهاتن بیانگرن ئەوان ئێمەیان دی سەرکەوتن و دوو سەعات شەڕ بوو دنیا تاریکی کردوو ئەوان هەڵاتن بۆ مۆریاس من زۆر نزیکیان بووم فەرەیدون حەمە صاڵح پێنجوێنی بانگی غەفورە جوجەی کردوو ووتی کاك غەفور ئایمانەتەکە چی بەسەرهات ووتی : ڕۆیشت بۆ قەویلە یان شێرە بەرە وت : شارەزایان لەگەڵیا : کاك حەمەی حاگجی سابیۆرو حەمەی خاڵە زای کاکە حمەی حاجی سابیر ئەوانەی لەگەڵیدایەوە خەمت نەبێت وتی باشە تا نەهاتوونەتە سەرمان بەرەو مۆریاس ... لە مۆریاس یەك بگرینەوە و ئەوان ڕۆیشتن و من لەگەڵ هێزەکە یگەرامەوە بۆ سلێمانەو میرمام و ئەو ناوە من درەنگ گەڕامە وە هێزەکە ڕێگەی لێتێك چوو بوو بارانێکی زۆر بوو دنیا تاریك بوو کاك تامین ڕێگاکەی دۆزیبۆوەو هێزەکەی گەڕانبووە سلێمانەو میرمام ... ئەوان دوو بریندداریان هەبوو کامەران عارف پێنجوێنی رابەری سیاسی هێزەکەیان بوو بەدیل گیرا لە شەڕی ڕۆژی 21 / 3 /1979 دا لە دزڵی لە گەڵ قیایدە موەقەتە بریندار ببوو ئەمجارەیش بریندار بوو بە برینداری گیرابوو من هەندێك موجامەلەم کردوو سواری وولاغێکم کردوو نامانەوە بۆ لای خۆیان و شەو هێزم نارد و تم نەخەون لە دەوری قەویبلە و شێرەبەرەو هەنجیرەیش من شکم هەبوو مەسئولێکیان لێ بڕ بووەو جێ ماوە من شکم لە کاك سالار و کاك مەلابەختیار یا کاك بەکری حاجی سەفەر بوو خۆشم لای قەویلەوە دەگەرایمەاوە ...

دکتۆر کەمال شاکر بە کۆڵێکی بەیان لەسەر من دەرکرابوو بە چەکەوە کەوتە ناومان دوای چاك وچۆنی ... وتم کاك کەمال ئەم کۆڵە بەیانە چییە ؟ دکتۆر کەمال زۆر ئیحراج بوو ڕەنگی ئەوەندەی کە سوور بۆوە و بەشەرم و ترسەوە وتی وی‌ڵا بڵێم چی من پێیان ووتوم ... وتم قەیناکە , وتی لەسەر تۆیە , وتم دەباشە دووسێ نوسخەم بەرێ خەریك بوو هەموویم بداتێ , وتم نامەوێت بڕ بڵاوی بکەرەوە تووشی مەسئولیات نەبیت , دوو سێ نوسخە لام بێت بۆ ئەرشیف زۆر ئیحراج بوو ئەومان ئیزن دا بەچەك و کۆمەڵە بەیانەکەوە , ئێمە گەڕاینەوە میرمام و لە ماڵی حاجی فەرەج باوکی شەهید عەزیز بووین کاك کەمال شاکر رەفیقمان بوو وەماوەیەك پێکەوە بووین وەکوڕێکی باش و دڵسۆزو ئازاو خۆشی و کەیفی و یقسە خۆشە یەك سایڵ چاوەڕێمان کرد بێتە دەرەوە هەر خۆی تەئخیر دەکردوو هەموو جارێ مەوعیدی دادەنا کەدێتە فەقێ کوژیاو لای جۆگەی دەڵێن من چەند جار دەچوومە ... مەوعیدەکە بەڵام ئەونەئەهات کاتێك هات لە سیامێوە پێکەوە بووین لە ماڵێکدا لەسەر ڕێگای خەرنوکەوە دەچووینە ناوسیامێوە والی حاجی عارف تازە تەسلیم

ببووەوە ڕژێم داوای عەمەلیاتی لێ کردبوو ئەویش ناچاو گردەکەی ئەوبەری سیامێی وەوە دووسێ مەغزەنی تەقاندوو کاك کەمال زۆر بەئازارو کۆنیش قیادە مەرکەزی بووە و لە کانی ماسی و شەڕەدەمانچە وای کردووە لەگەڵ تەقەکاندا یەکێك هەردوو دەستی منی گرتووەو چرای ژوورەکەش کوژایەوە دەلاڵێتەوە و دەڵێ عەسکەر سەربابنی گرتووە خاوەن ماڵەکە ڕەنگی لە کاك کەمالدەچوو سێ جار ویستم قسەی پێ بڵێم بە |ڵام هەستام توورەم دایە دواوە لایتم دا لەدەم و چاوی سەیر دەکەم خاوەن ماڵەکە یەو تم کاك کەمال یەئس نەبوو تۆ نەبووی ئەو هەموو باسە کراوە پێشتر ئێستا لێورە ئەو هاوار و تکا و رجا کەمن تەقەنەکەم بەڵام باش بوو خاوەن ماڵەکە دەرچوو , لەو ڕەت بووین چووینە میرمام ژنی حاجی فەرەج منی بانگ کردوو و تی : یەکێتیەکانی یەکێکیان لەلاگەڵدایە مەسئولێکی زۆر گەورەیە وتم : چۆن دەزانی وتی لە پێش حەمەی حاجی سابیرەوە دەڕیشت , کاك حەمەی حاجی سابیر لە دۆڵی گەلاڵ و هۆزخواجە بیوەك وئەوانهە لە کۆنەوە کادر بووە لەو سنوورە . بەۆڵا م لەو گوندانە ئەویان بە مەسئولی هەموو یەکێتی دەزانی و کەس لەو مەسئوولتر نەبوو , وتی : لە پێش ئەوە بووە ... وتم ڕەنگی , دەنگی بالای بەرزبوو کلاشین کۆفی پێ بوو ناوی چی بوو وتی ناوی مستەفا بوو لە مدحەدی مالوان وابوو ( مدحت مالوان هاولاتیەك بوو لە گوندی مالوانی شارەزوور بەشێوە لەکاك نەوشیروان دەچوو ) ...

من لە 100٪ دڵنیابووم کاك نەوشیروانەو دوو ناوی هەبوو ناوی جیهازی مەولود بوو ئەو ڕۆژە شەڕی مامەندە بەناوی مەولوودەوە قسەی دەکردوو قیادە موەقەتەیش دەیان ووت دێین بۆ یارمەتیتان دژی عێراق گاڵتە یان دەکردوو چوونکە ئەو نەسرەدین هەورامی و عوسمان بانی شاری و حەمەی رەمەزان کە سیان مەسئول نەبوون , عەدنان کەمال قسەی دەکرد جار جار , قسەکانی فەرەیدوون حمە صالح و غەفوورە جوجە بۆ ئامانەتەکە بۆ قەویلە پاشێرەبەرە لەگەل قسەی ژنەکە زیاتر منی دڵنیا کرد کاك نەوشیروان لە هێزەکە دابڕاوەو نەیتوانیوە لەگەڵیان بڕوات لەکاتی شەڕەکە , دوای ئەوەی کاك کەمالمان ئیزندا لە 3 / 1 / 1981 بەبێ چەك هاتەوە بۆ لامان و نامەیەکی کاك نەوشیروانی هێنابوو بۆ کاك ملازم تاهیر بەڵام نامەکە مێووی ( 3 ) ڕۆژ پێشتری پێوە بوو واتا لە 1 / 1 / 1981 بۆ کاك تاهیر بوو , کاتی نامەکەم بینی زانیم هەر ئەو ڕۆژە نوسراوە زبەڵام کاك کمال وتی لەناوزەنگەوە ئەم نامەی ناردووە , نامەکە پڕبوو لەهەڕەشە لە حزبی سۆسیالیست پاشان دەڵێت ئەگەر واز نەهێنن من ئەگینا شەڕەکە لە سنووری دۆڵی گەلاڵ نایەڵم و دەیکەم بەشەڕی رانسەری کوردستان لێتان , من نامەکەشم بی نی و ... ووتم بەی کاك تاهیرو کاك شیروان و کاك قادر جەباری کاك نەوشیروان لەم ناوەیەو سەرپەرشتی ئەو هێزانە دەکات بۆ شەڕە دەیەوێت خۆی پیشان نەدات هەر بەناوی مەلابەختیارەوە هێزەکان دەجوولێنن و هەموو هێزی یەکێتی لەکە رکوك و سلیمانی و بەری مەرگە و سەرکردایەتیەوە هێناویانەتە ئەم ناوچەیە , هەروەها لەسەرکردایەتیشەوە هەموویان هاتبوون من ووتم پێی دەچێت لێیان بگرین یا زەرەریان لێ دەدەین لەوێ بڕیاریان داو

مەسئولیەتی ئەو هەموو هێزی سۆسیالیستیان بەمن سپارد , وتیان تۆ مەسئولیاتی ئەو هەموو هێزە وەربگرە لە ڕووی عەسکەرییەوە . من وتم تا ئێستا سۆسیالیست نیم وتیان باشە بەڵام خۆ هێزەکە یەك مەسئولی پێئویستە هەردوو هێزی ئێمەو سۆسیالیست ... لە شەوی 3 – 4 /1/ 1981 کاك رەووف و هێزەکانی قادر چاوشین و مام ئاراسم نارد . دەوری قەویلە و شێرەبەرەیان گرت و مەفرەۆزەکەی خۆشم نارد خەلیل سەراوی بۆ پشتی ماڵەکان لای قەڵاکە ... وتم بەیانی زوو سەیری ماڵ بەماڵ بکە بزانە خەڵکی گووند نەبێت کێی لێیە وشك لەکام ماڵ دەکەیت , وتیان ماڵی حاجی عەلی قەویلە شکە ئەگەر هەبێت سەلاح مام ساڵح و سێ پێشمەرگەی کەمان ناردبووە ماڵی حاجی عەلی و حەرەسیاتی تا نانی بەیاۆنی هاتبوونە ناو ئاوایی و بۆ دامەزراندن خەلیل و مام کەریمە ڕەشی تاوگۆزیم ناردبوو , هاتنەوە و ووتیان لەگەڵ تارك و ڕوونی بەیانیا لە شاخەکەی پشتی ماڵەکانەوە سەیرمان کرد بە دووربین لە ماڵی حاجی عەلیدا بەیانی دەمەو ڵێ هێشتا دنیا ڕۆشن نەبۆبوەو یەکێ بە دووربین لە ناو حەوشەکەوە لە پەنای دیوارەکەوە سەیری چواردەوری گوندەکەی دەکردوو چووە ژوورەوە من دڵنیا بووم لەوێن پێشمەرگەیەکم ناردوو خۆمان لە هۆز خواجە بووین پێشمەرگەکان هاتن و وتیان چوار کەس لە ماڵی حاجی عەلی دان , ماڵی حاجی تا ئێستا ڕوویان لەگەڵ پێشمەرگەی ئێمە خۆش نەبووە ئەمڕۆ زۆر بە ئیحترام خزمەتیان دەکردین بەڵام ئەم مولاحەزانەمان هەیە هەشت چای تێدەکەن ژنەکەی حاجی چوار چای بۆ ژووری ئێمە دێنێ چوارەکەی تر نازانین بۆ کوێ دەیبات , چوار مریشکیان سەربڕیوە و دوو مریشکیان بۆ ئێمە هێناوە داوای ڕادیۆمان کردووە دەڵێن شکاوە لە سەید سادقە بەڵام گوێمان لە دەنگی ڕادیۆکە سیانە لە کایەنەکەیا گەوڕەکە دەنگی بەهێواشی دێت و هەستی پێدەکرێت , ماڵی حاجی وەك و جاران روو گرژنین ئەمڕۆ, من وتم بڕۆن بۆ لای کاك رەووف و کاك قادر چاوشین و مام ئاراس نامەیەکم بۆ نووسین و و تم زۆربە وریایی لە پێشا دەوری ماڵی حاجی عەلی بگرن لە سەعات دوو نیوی دوای نیوەڕۆ لە مزگەوت کۆدەبینەوە نامەکەی من بە کاك رەوف دەگات کاك رەوفیش لەسەر نامەکەی من نامەیەکی بۆ مام ئاراس و قادر چاوشین نووسیبوو کە هەردووکیان جێگری ئامر هەرێمی 3 و 4 بوون ئەو مەسئولانەی تریش کە لەوێ بوون قاسدر چاوشین و مام ئاراس هەموویانیان کۆ کردبۆوە لە مزگەوتەکە کە پێیان وتبوون کە کاك نەوشیروان لە یکایەنەکەی ماڵی حاجی علی یە ئێستا ئەچین بۆیان چونکە من لە نغامەکەمدا تەئکیدم کردبوو کە بیگرن نەك بیکوژن بۆیە برادەرانی ئێمە وتبویان هەوڵ بدەن ئەگەر دووسێ کەسمان لێ کوژرا تەقەمەکەن تابیگرن وایان زانیبوو کاك نەوشیروان تا ئاخر فیشەك لەژوورەکە شەردەکات و ئاخر فیشەکیش خۆی پێ دەکوژێت ,

ئەو مە سئولانەش کە لەگەڵ قادر چاوشین و مام ئاراس بوون کە تێکەڵی هەموو هەرێمەکان بوون ئەمانەن ... محی الدین حەمە حەسەن و محمودی حەمە تاتە و سیروانی سەعید جوقلی و جەباری عەلی عەوێز و شەهید مام کەریم وشەهید مەلا نووری لە مزگەوتەکەوە دەروون و ڕوو دەکەنە ماڵی حاجی عەلی هەموو چەکەکانیان بەدەستیانەوە

نەبێ و دەڵێن نابێ لێی ئەدەین کاك نەوشیروان لە کونی کایەنەکەوە سەیر دەکات کە هەموویان بەرەو ماڵەکە هاتن زوو بە کاك حەمەی حاجی سابیر دەڵێت تازە پێیان زانین با نەمان کوژن تەسلیم ببین , کاکە حەمە دەینێرێتە حەوشەکەو هاوار دەکات تەقەمەکەن تەسلیم دەبین و کاك نەوشیروان هاوار دەکات نەمان کوژن تەسلیم دەبین بەڵام بمان بەن بۆلای کاك تاهیر یا قادر چاوشین بێ من تەسلیمی قادر چاوشین ئەبم . مام ئاراس و ئەوان کە دێن ئەیانگرن و کاك حمەی حاجی سابیرو ئەوان چەك دەکەن مام ئاراس دەڵێت بۆ ئیحترامی کاك نەوشیروان چەك ناکەین لەبەرچاوی خەڵك لاتا دەیبەینە لای برادەران ئیتر هەموو جلەکانی کاك نەوشیروان کەپڕبوو لە کاو گزرەی ناو کایەنەکە پێشمەرگەکان بۆی دەتەکێنن وئیحترامیان لێ دەگرن و دەیهێنن و مام کەریم و مام ئاراس و کاك قاد هێنایان وتیان خۆمان هێناومانی بۆ ئەوەی لە ڕێگا کەس قسەی پێ نەڵێت و شەتکەوابوو , کاك نەوشیروان دانیشت بەخێر هاتنمان کردوو زۆر نارەحەت بوو زۆریش تێك چوو بوو , کاك تاهیر ووتی : چی لێ بکەین وتم ئەوە گیراوەو دوو ڕۆژ پێش ئێستا نامەی تەهدیدوو هەڕەشەی نووسیوە بالامان بێت ئێمە پێشمەرگەمان لای ئەوان گیراوە . چەکمان لایانەو من داوای باقی چەکی هەرێمی یەکم لێدەکردنەوە , کاك ڕەووف بەکاك تاهیری وت بەردانی چی ... کاك ڕەووف بەکاك نەوشیروانی ووت . کاك نەوشیروان بێ تاقەت مەبە دنیا وایە جارێ پێشمەرگە لای حکومەت ئەگیرێ و جارێکیش حکومەت لای ئێمە ئەگیرێ , چونکە کاتێ کاك ڕەووف کەسجن بوو لەسەرکردایەتی لای کاك نەوشیروان ... کاك نەوشیروان وتبووی من حکومەتم خەڵك سجن ئەکەم دەیگرم دەیکوژم بەری ئەدەم ئارەزووی خۆمە کەس هەیە بڵێ وامەکە , کەکاتێ کاك نەوشیروان گیرا کاك رووف وەڵامی دایەوەو وتی تۆبەمنت دەووت من سجنت دەکەم وام منیش ئێستا تۆ سجن دەکەم ئەو چەکەش بکەرەوە لەشانت بێ زەحمەت چەکەکەیشی پیچشمەرگەیەك هەڵیگرت و کاك ڕەووف بەخۆی بوو بۆ یادگاری چونکە چەکەکەی کاك ڕەوفکاتی خۆی کاك نەوشیروان لێی سەندبوو لەسەرکردایەتی , کاك نەوشیروان شیروەندی بەکاك تاهیری ووت بەگۆڕی شەهیدان باسی بەردانی کاك نەوشیروان بکەی ئێستا ئیستقالە دەکەم لەحزب , کاك قادر جەباریش وتی ئێمە گرتنی نەوشیروان سکرتێری کۆمەڵە وەکو ئەوە وایە ڕۆحی کۆمەڵە لەدەست ئێمەدا بێت هەر کات بمانەوێ ڕۆحی دەردەکەین , کاك تاهیر وتی کاك نەوشیروان ئەو شەڕە بۆدەکەن بۆ ڕای ناگرن و بۆ وادەکەن وتی کاك تاهیر من ئێستا سجنم دەسەڵاتم نییە من بۆ شەڕ نەهاتووم بەناخێری گیانم بۆ لای دایکم هاتووم و ژن بهێنم ئێستە ئێوە بەرم بدەن وەعد بێت لە کوردستان دانەنیشم ودەچمەوە دەرەوە دڵی زۆر پڕ ببوو هەر ئەوە مابوو لەپڕمەی گریان بدات و کاك تاهیر ڕەحمی جووڵابوو وتی بابەری بدەین گوناحە , کاك نەوشیروان شیروەندی وتی کاك تاهیر تۆ ئێستایش خۆت بە مەسئول نازانی تۆی بگرتایە دەیکوشتی ۆن بەری دەیەیت , ئەگەر ئەو قسەیە دووبارە بکەیتەوە من ئیستقالە دەکەم , کاك قادر جەباری وتی کاك تاهیر ئێمە ئێستە سکرتێری کۆمەڵەو جێگری سکرتێری یەکێتیمان ئەسیر کردووە واتا ڕۆحی کۆمەڵە لەدەستی ئێمەدایە هەرکات بمانەوێت

گیـــانی دەردەکـــەین لـــە کۆبوونـــەوەی کـــانی ئاســـکان لـــە بـــەردەم کـــاك نەوشـــیروان دا هـــەمان قـــسەی کـــردوو مـــن وتم بالامـــان بێـــت تـــا شـــەڕەکە یـــان پـــێ رادەگـــرین و مـــن لەگـــەڵ کوشـــتنی دا نـــەبووم زۆربـــەی بـــادەران لەگـــەڵ کوشـــتنی دابـــوون هەنـــدێك پێـــشمەرگە دەیـــان ووت ئێمـــە دەیکـــوژین و تەســـلیم بـــە ڕژێـــم دەبینـــەوە و دوایـــی دێینـــە وە ئەگـــەر پارەشـــیان دا بـــۆ کوشـــتنەکەی دەیدەینـــە حـــزب مـــن و کـــاك تـــاهیر لەگـــەڵ کوشـــتنیدا نـــەبووین , زۆر دەترســـا لەکوشـــتنی یـــا تەســـلیم بـــەقیادە موەقەتـــەی بکـــەین یـــا تەســـلیم بـــە عێراقـــی بکـــەین , هـــەموو بـــۆ چـــــوونەکان هەڵـــــەبوو , گرتنـــــی کـــــاك نەوشـــــیروان گـــــەورەترین ســـــەرکەوتنی سۆسیالیـــست و ئێمـــە بـــوو چـــونکە لـــەکاتی خـــۆی لەســـەرکدایەتی مـــن پـــێم ووتبـــوو ئێـــستا کـــادرێکی یـــەکێتی بەدەمانـــچەیەکەوە لەناوزەنگـــەوە دەڕواتـــە بۆمـــۆو خانـــەقین کـــەس ناتوانـــێ دەســـتی بـــۆ بێنـــێ بـــەڵام ئەگـــەر مـــن لەگـــەڵ یـــەکێتی نـــەبم بـــە ( 50 ) کەسیـــشەوە نـــاتوانن لـــە شـــارەزوورەوە تێپـــەڕن بـــەڵام کاتـــێ منیـــان کـــرد بـــەدژی خۆیـــان بـــە ( 300 ) کەسیـــشەوە هـــات وا هێزەکەیـــشیمان ترســـاندبوو تـــەفرووتونا بـــوو خۆیـــشی تێـــدا گـــیرا , دوای ئـــەوە مـــن بڕیـــارم دا لەگـــەڵ سۆسیالیـــست ئـــیش بکـــەم بـــەڵام زۆر بەحـــەزەرەوە کـــاك تـــاهیر هێزەکـــەو مەســـئولەکانی کۆکردەوەکـــە قـــسەی دژی یـــەکێتی نەکـــەن لەبـــەر موراعـــاتی ئێمـــە , نـــاوی مـــام جـــەلال ی نـــەهێنن مـــن پـــێم نـــاخۆش بـــوو ســـەرەتا یـــەکێتیش بـــەڵام کۆمەڵـــە تأکیـــدی لەســـەر بکرێـــت , مـــن رام وابـــوو لەســـەر کۆمەڵـــە تأکیـــد بکرێـــت پێـــشمەرگە قـــسەیان بەجـــەلالی دەووت , چـــاویان بـــە مـــن کـــەوت قـــسەکانیان دەبـــڕی یـــا دەگێرایـــەوە , گرتنـــی نەوشـــیروان دوولای درووســـت کردبـــوو لـــەناو یەکێتیـــدا یـــەکێ دژەکـــانی کـــاك نەوشـــیروان پێیـــان خـــۆش بـــوو بەتایبـــەتی کـــاك ســـالار و کـــاك مـــەلا بـــەختیار , بـــەڵام وایـــان پیـــشاندەدا زۆر بەپەرۆشـــەوە بـــوون بـــۆی نامـــەی تەهدیـــدیان بـــۆ کـــاك تـــاهیر نووســـیبوو لـــە زەردۆیـــی بۆیـــان هێنـــاین کـــە دەڵێـــت ئەگـــەر کـــاك نەوشـــیروان شـــتێکی لێ بێـــت ئـــەوە بەریـــچەڵەکتانە دەچـــینە خـــوارو وادەکـــەین ... کـــاك قـــادر و برادەرانـــی ئێمـــەیش گریـــان گرتبـــوو دەیـــان گـــووت دەیکـــوژین بـــزانین چـــی دەبێـــت , کـــاك نەوشـــیروان وتـــی کاکـــە ئەوانـــە دژی مـــنن بۆیـــە وا دەکـــەن ئێـــوە مـــن بمکـــوژن لـــە کۆڵیـــان ببمـــەوە وا دەزانـــن جێگـــام لێ داگیرکـــردوون خـــۆ ئـــەوان دۆســـتی مـــن نـــین , لـــە زەردۆیـــی بـــوو نامەکـــە ئیمـــزای کـــاك ســـالار و کـــاك مـــەلا بـــەختیارو کـــاك بـــەکری حـــاجی ســـەفەری لەســـەربوو ... کـــاك وتـــی ئـــەو نامەیـــەیان بـــۆ ئـــەوە نووسیوە بۆ ئەوەی من بکوژن و ساحە بۆ ئەوان تەخت بێت .

لـــەڕۆژی 4 / 1 /1981 کـــاك نەوشـــیروان لـــە گونـــدی قەویلـــە لـــەلای قـــەڵای سروچـــك و نیزیـــك ســـەید صـــادق لـــەڕووی شـــارباژێڕەوە لـــەناو کایانـــدا دوای دابڕینـــی لـــە هێزەکـــە لـــە شـــەوی 3 / 1 /1981 . لـــەڕۆژی 4 / 1 /1981 لـــەماڵی حـــاجی عـــەلی قەویلـــە گـــیرا بـــەدیلی لەلایـــەن پێـــشمەرگەی سۆسیالیـــست و لەگـــەڵ کـــاك محەمـــەد حـــاجی ســـابیرو دوو پێـــشمەرگەی کـــە داودوای بـــران بـــۆ هـــۆز خواجـــە و دۆڵـــی گـــلاڵ هـــەر نـــاوی دۆڵـــی یـــا چـــەم بـــەڵام نـــاوی نییـــە و بـــێ نـــاوەو هـــاوین بـــەزۆری چـــۆڵی دەکـــەن و دەچـــن بـــۆ هـــەوارو مـــەرداری لـــە کوێـــستانەکان داو , دۆڵـــچی گـــلاڵ لـــە دوو ســـێ عەشـــیرەت و قەویلـــە قەویلـــەیی وکـــانی ســـپیلکەی پـــەرخ و بێـــوەك و ســـلێمانە و میرمـــام و ئەشـــکەوتەوە هۆزخواجـــە و کـــۆترە مـــەڕو دار بەڕوولـــەو یاســـیانزار ئەمانـــە

چوچانین و پەرخین عێلی غەوارە یان پێ دەوترێت هەتا پەلی هێرو کە و لۆس و ئەوانەیش پێیان دەڵێن هۆز هەسەنی هەر ئەوان و بەردەڕەشەش چوچانین و بەلاّم غەوارەن , جگە لەقەوێڵەیی ئاویان کەمە بۆ خواردنەوە پێشتر قەلاّی سرچۆك مەرکەزی ناحیەی شارباژێر بووە لە کۆنیدا و قەلاّی سوجادیش هەر لەوێدایەو شوێنی کۆن و ئاساری زۆری پێوەیە خەڵکی ناوچە کە باشن لەگەڵ شۆڕش زۆریان سەر بەسۆسیالیست و زۆر هاوکارییان د ەکردین , شەهید محمود زەردۆیی و شەهید عەزیز حاجی فەرەج و چەندینی تریش لەعەشرەتی چوچانین .

لەشەوی 8-9 / 1 /1981 لەزەردۆییەوە چووینە گوندی قەویلە و دەوروبەری دێهاتەکانی لەچەمی گلاڵدا دامەزراین و لە کازیوەی بەیانی دنیا تاریك بوو لەهەرچوارلاوە هاتنە سەرمان و لە دارو شەخسەکەی ڕێگا قەویلە و کانی سپیلکەو لە بەرزاییەکانی لای مۆریاس و کۆتر مەڕەوە تەقەیان کردوو چاوەڕێمان کرد ڕۆژ بێتەوە لە داروشەخسەکە پێشمەرگەیەکیان کوژرابوو کوڕەکە سۆسیالیست بوو لەبەر خزمایەتی کاك دلێر جاف لەوێ مابووەوە , زۆرمان پی ناخۆش بوو بەلاّم وادیار بوو شەڕ لەهەموو لایەك و جنێودازن بەمن و جاشی خومەینی بانگیان دکردوو لە کاتێکدا چەك بۆ ئەوان هاتبوو لەئێرانەوە من سەیرم کرد چل کەسیان جیاکردەوەو هێرشیان دەکرد بۆمان بەبرادەرانو کاك شیروانم وت ئێوە مەشغوڵیان بکەن و لێرەوە تا من لەپشتی قەویلە وە دە رچم بۆیان ئەوان هەر جنێویان ئەدا , من دوانزە پێشمەرگەم برد لەگەڵ خۆمدا عەلی بچکۆل وسابیر ئالّیاوی و کاك مەلا جەبارو مەلا فایەق و مام کەریم وسالحە بۆقەیی و دەستەکەی خۆم حەمە سەعید و ئەوان , تەقەم نەکرد ... بە دۆڵ و بە گردەکەدا سەرکەوتم ئەوان چاویان لەمن نەبوو حەوت هەشت مەتری مابوو بچمە سەریان نەیانزانی تا لێگیان نزیك بوومەوە هاواریان کرد تەسلیم دەبین و هەندێکیان ئەگریان و هەندێك پارانەوە نەیانکوژم ئەوانەی هێرشیان کردبوو ئامر کەرتەئازاکانی یەکێتی بوون , کاوە گەرمیانی و سەدیق حەسەن و عبداللە تەپەڕەشی و ( 9 ) کەسی تر بوون حەوتیشیان ئامرکەرت بوون لەبوانەیش مەحمود گەرمیانی و ئەحمەد شاتوانی و سابیر و ئەوانیش کە دەمانتوانی بیان کوژین یان بیان گرین من ڕێگام نەدان دەیانووت نامان کوژن بڕۆین , جەباری عەلی عەوێز خەریك بوو بیان کوژێت من نەمهێشت وهێنامەوە , ئەو هەموو قارە مانانە گیرابوون بردمنەوە بۆلای کاك نەوشیروان وتمان بۆ وادەکەن ئەوەیش هێزەکەتانە بەر گە ناگرێت , کاك نەوشیروان دەترسا لێمان بکوژێت و ئێمەش ئەو بکوژین کاك نەوشیروان حەزی دەکرد هەموو هێزەکەی یەکێتی بکوژرێت بەلاّم یەکێ لە ئێمە نەکوژرێت . کاك حەمەی حاجی سابیر وتی : هەی تەواومان کرد خۆ ئەوانە پاڵەوانەکانی یەکێتی بوون هەمووی بەدیل گیراوەو کاوە گەرمیانی و سدیق چاویان بەکاك نەوشیروان کەوت و قسەیان بەکاك نەوشیروان دەوت لە ترسا ئەیان ووت بۆ ئەوشەڕەمان پێ دەکەن و هێزەکەی یەکێتی بە تەواوی لووتی شکاو ( 9 ) دیلی هەیەو لەگەڵ یەك کوژراودا . هەر ئەو ڕۆژە و ئەو هێزە دەیانزانی ئێمە دەمانتوانی هەموویان بگرین یابکوژین , ئەم هێرشەیان کرد ڕۆژێ دوای گرتنی کاك

نەوشـــیروان بـــوو ز هێزەکـــە بەشـــکاوی بـــەرەو لای مەلابـــەختیارو کـــاک ســـالار و کـــاک بـــەکر مـــستەفا چـــاوڕەش و کـــاک وەهـــاب و هـــەموو هێزەکـــەیان چـــووە وە بـــۆ گونـــدی پـــەرخ ...مـــەحمود زەردۆیـــش گـــوێی لەتەقـــە بـــوو چـــووبووە ســـەر پـــەرخ لـــە چـــیاکەوە نـــاو گوندەکـــەی دابـــووە بـــەر تەقـــە و هێـــزی شـــکاویش گەیـــشتبووە لایـــان هێزەکـــەی یـــەکێتی ملـــی لـــە چـــیا نـــابوو بـــەرەو دوا بـــۆ خـــانووە قوڕەکـــانی حـــاجی مامەنـــد وو ســـیانزار بـــە شـــپرزەیەکی خراپـــەوە هێزەکـــەیان زۆری لـــە بەریـــەك هەڵوەشـــابۆوە , لـــە حـــاجی مامەنـــدەوە ســـتابوونە وە و خۆیـــان ڕێـــك خـــستەوە مـــن لـــەو ماوەیـــەدا خـــەڵیکی کوردســـتان و ناوچـــەکانی ســـلیمانی هاوکـــاری زۆریـــان کـــردین ( 11 ) هـــەزار دیناریـــان کـــۆکردەوە بۆیـــان نـــاردن بـــێ ئـــەوەی داوایـــان لێ بکـــەین یـــەکێ لەوانـــە کـــاك محەمـــەد ســـدیق خـــان بـــوو دەیـــوت هـــەر خۆتـــان ڕابگـــرن هـــەموو شـــت لەســـەر مـــن ... جـــەماوەری ناوچـــەکەلە شـــارو لادێ و هـــەموو لایەکـــەوە لـــە گونـــدەکان ( 1500 ) بـــەتانی کۆکرایـــەوە و ئازووقـــەو شـــت کۆکرایـــەوە , حمەســـعید مـــەلا کـــریم ئەوکاتـــە ئـــەویش ئازوقـــەو شـــتی بـــۆ دەانـــردین ... ســـەیتەرەشمان دانـــا لـــە گردەنـــازێ و تـــەپی ســـەفا , ( 200 ) فـــەردە ئـــاردی بایـــەعی بـــۆ هەڵەبجـــە دەچـــوو گرتمـــان لەبتـــەپی ســـەفا ( 150 ) فـــەردە ئاردمـــان لـــە تەپـــە تۆڵەکـــە گـــرت لـــە لۆرییـــە ئـــەوەمان نـــارد بـــۆ ئـــەو دێهاتانـــە تـــەوزیعمان کـــرد بـــۆ خـــەڵك و کـــەمێك بـــۆ حیـــزب ( 200 ) فـــەردە ئـــاردی گردەنازێمـــان بـــە تراکتـــۆر هێنامانـــە وە ســـورێن و تـــامینی ئـــاردو ئازووقـــەو بـــەتانیمان کـــرد لـــە چـــەند جێگایـــەکی جیـــاوازدا مەقـــەڕمان دانـــا لـــە کانیـــسکان و لـــە ئەشـــکەوتی دەرە گـــوڵان لـــە نـــاو دەرە گـــوڵان لـــە مـــیری ســـوورو لـــە هـــەزار ئەســـتوون و لـــە چـــنرە ولـــە دەرەکـــۆڕەو لـــە مەنجـــەڕ و لـــە بـــانی شـــارو لـــە خۆرنـــەوازان و لـــە مـــەرگاوان پێـــشی بـــانی شـــارو زۆر جێگـــای کـــەیش هـــەروا لـــە جەولـــە بـــووین هێزەکـــانی ڕۆژ بـــە ڕۆژ زیـــادی دەکـــرد . لەشـــەوی 9 – 10 / 1 /1981 چـــووینە مـــاوو کەچـــەڵی و بـــۆ شـــانەدەری نانمـــان خـــواردوو لـــەوێوە چووینە کانی ئاسکان , کاك نەوشیروان لەگەڵ شـــەهید مـــەلا نـــوری دابـــوو چـــووبوونە ماڵی کاك جەلال حاجی کاکەلی وا دیاربوو مەلا نوری بەئەنقەست بردبووی بۆ ئەوێ ...

چـــوونکە کۆمەڵـــە بـــوو جـــەلال زۆر دژایـــەتی دەکـــردین مـــەلا نـــوریش قـــسەی خـــۆش و زەوقـــی هەبوو...

وتبـــووی کـــاك نەوشـــیروان ئـــەی تۆبـــۆ قـــسەیکمان بـــۆ ناکـــەیت , کـــاك نەوشـــیروان وتـــی ...قـــسەی چـــی بکـــەم رەقـــستان بـــۆ بکـــەم ئـــەویش وتبـــووی مـــن شـــتی وانـــاڵێم تـــۆ ئیحترامـــت هەیـــە باســـی ئـــەو وەزعـــە ناخۆشـــە بکـــە , لـــەوێ هەڵـــساین و دەچـــووین بـــۆ بنـــاری ســـورێن لـــە ڕێگـــا چـــەند پێـــشمەرگەیەك هـــاتن مـــەلا نـــوری و محمـــود حەمەتاتـــە وکـــەریمی دادەئەمنـــە وتیـــان ... کـــاك نەوشـــیروان نـــاتوان یٚ بـــەڕێگادا بـــڕوات , وتم بـــۆ ... وتـــی هـــەر دەڵێـــت ســـوورێن زۆری مـــاوە مقـــەڕی نالـــە هـــەورامی لەوێیـــە ... کـــوا لـــە کـــوێ دایـــە مـــن تەســـلیم بـــە قیـــادە موەقەتـــە دەکـــەن, وتـــی هێـــزی ئـــەژنۆی نییـــە هەرچـــەندە مـــەترێك دەڕۆیـــشتین دادەنیـــشت , ئـــەو شـــەوە لەبـــەر کـــاك نەوشـــیروان چـــوار ســـەعات ڕێگامـــان بـــە ( 8 ) ســـەعات بـــڕی و گەیـــشتین , ئـــەو هێـــزی لێ برابـــوو وای دەزانـــی ئێمـــە ئـــەو بـــەقیادە موەقەتـــە دەدەیـــن ... وە نەیـــدەزانی لەوبابەتـــە بەقـــەدەر ئـــەو دژی قیـــادە موەقەتـــەین مـــن هـــەر قیـــادە موەقەرتـــەم نـــەبینیبوو مەگـــەر لەشـــەڕدا لێیـــان گیرابێـــت

لەســـەر ئـــاوو کانیـــەکانی کـــانی ئاســـکان کـــە ئـــاوو دارو بـــاخ و جێگـــای خۆشـــەهەمووی ئـــاوی کـــارێز دێتـــە دەرەوە لـــە دامێنـــی ســـورێنە ... وە لـــە دوای نیـــوەڕۆ کـــاك جـــەباری کۆبوونـــەوەی بـــە هێزەکـــەکرد دەربـــارەی شـــەڕ فرۆشـــتنی یـــەکێتی و تێـــك شـــکاندنی هێزەکـــانی یـــەکێ تـــی و تـــەفروتونا کردنیـــان و گیرانـــی کـــاك نەوشـــیروان جێگـــری ســـکرتێری گـــشتی و ســـکرتێری کۆمەڵە و مەسئولی ئەو هێزەی بۆ سەر ئێمە هاتبوون ...

کـــاك نەوشـــیروان لـــە پـــەنای کۆبوونەوەکـــەدا دانیـــشتبوو لـــە گـــەڵ 15 – 16 کەســـی تریـــان کـــە بـــەدیل گیرابـــوون هـــەموویان دانیـــشتبوون , کـــاك نەوشـــیروان گلـــەیی کـــرد لـــە کـــاك قـــادر لای کـــاك تـــاهیر بـــۆوای وت کـــەمن گـــیراوم , بـــۆ کۆمەڵـــە هـــەموی گـــیراوە ... لـــەو بابەتـــەوە کـــاك قـــادر وتـــی کولەبکـــەی ڕۆحـــی کۆمەڵـــە یـــە ســـکرتێرە ... وەئێـــستا دیلـــە لامـــان ئارەزوومـــان بـــێ دەیکـــوژین یـــان نـــەء, لـــەو ڕۆژانـــەدا جـــار جـــار بـــۆ دێهاتـــەکان دەمـــان گێـــرا بـــۆ نـــان خـــواردن بردمانـــە گێڵـــەك , شـــەوێ کـــاك محمـــودی حـــاجی ســـاڵح زۆری پـــێ نـــاخۆش بـــوو وتـــی ... پێـــشمەرگەیەك خـــاولی دزیـــوە بـــە بیـــانوو بـــوو بـــانگی پێـــشمەرگەکەمان کـــرد کـــە ســـاڵحە ســـوور بـــوو ... لـــە ئـــامر کەرتـــە ئازاکـــان و دوایـــی جێگـــری هـــەرێمی چـــوار بـــوو ئێـــستا لـــە ســـوید دەژی بوختـــانی بـــۆ کردبـــوو , أبوحیـــدری عـــەرەبمان لەگـــەڵ بـــوو لـــە گـــەڵ فەڵەســـتینیەکاندا هـــاتبوو ... دەیـــوت مـــن لـــە جەیـــشی عێراقـــی و لـــە فەڵەســـتین و لوبنـــان دەورم دیـــوەو شـــتی وەك ئـــەم پێـــشمەرگایەتیەم نـــەدیوە ... یـــەکێتی لـــە نامـــەی هەڕەشـــە بـــێ ئومێـــد ببـــوو . نامەیـــەکیان بـــۆ کـــاك عـــەلی بـــەگ بـــاوکی کـــاك تاهیریـــان نـــاردبوو وا دیـــار بـــوو ڕێکخـــستنی نـــاو شـــار هەڕەشـــەیان لێکردبـــوو یـــان بڵـــێین کۆمەڵـــە هەڕەشـــەی لێ کردبـــوو بـــەلام بـــەمنیان نـــەدەووت ... هەڕەشـــەی مـــەلا بـــەختیاریش لـــە دوو جێگـــاوە هەڕەشـــەی کردبـــوو ئەگـــەر کـــاك نەوشـــیروان بکـــوژن بـــە ڕەچـــەڵەکیاندا دەچـــێتە خـــوار , مـــن زۆر گاڵتـــەم لێ دەهـــات لـــەو قـــسانە هەرچـــەندە بـــەمنیان نـــەدە ووت نـــەوەك ڕەدفـــیعلم هـــەبێت بەتایبـــەتی کـــاك تـــاهیر , بـــەلام هەنـــدێکیان حـــەزی دەکـــرد کـــاك نەوشـــیروان بکوژرێـــت ... بـــۆ ئـــەوەی مـــن نەچـــەمەوە نـــاو یـــەکێتی وەدەترســـان مـــن بگەڕێمـــەوە لای یـــەکێتی و لـــە ناوکۆمەڵـــەیش دا بەشـــێکی حـــەزی دەکـــرد بکوژرێـــت هـــەر ڕۆژەی نامەیـــەکی هەڕەشـــەیان دەنووســـی و ئـــەو شـــەوە لـــە گێڵـــەك گەڕاینـــەوە هـــەر یەکەلـــە کـــاك مـــەلا بـــەختیا و کـــاك ســـالار جـــارێکی تـــر نامـــەی هەڕەشـــەیان نوســـیبوو کـــە ئەیگـــەر کـــاك نەوشـــیروان بکـــوژن ئـــاوا !دەکـــەین وا خۆیـــان پیـــشان دەدا کـــە دیفـــاع لـــە کـــاك نەوشـــیروان دەکـــەن بـــەلام لەڕاســـتیدا بۆیـــە وایـــان دەکـــرد ئێمـــە لـــە عنـــادی نامـــەکانی ئـــەوان کـــاك نەوشـــیروان بکـــوژین , لـــە داروشەخـــسەسکەی خـــواری بـــانی شـــارلە ســـەر کانیەکـــەی قـــەلاتك بـــە کـــاك نەوشـــیروان و کـــاك حەمـــەی حـــاجی ســـابیرم وت ئـــەوەش نامـــەی هەڕەشـــەیە جـــارێکی کـــە بۆیـــان نوســـیوین ... وتیـــان ئـــەوان دوژمنـــی ئێمـــەن و ئێـــوە دۆســـتمانن ئیحترامـــان دەگـــرن , بـــە لام ئـــەو دوژمنـــی ئێمەیـــە و لـــەو ماوەیـــە لـــە ئەشـــکەوتی هـــەزار ئەســـتون و دەرە گـــولان بـــووین کـــاك شـــێخ دارای حەفیـــد هـــات بـــۆ لای کـــاك نەوشـــیروان بەمـــەفرەزەو چـــەکەوە ئێمـــە ئیحترامـــان لێ گـــرت و لەگـــەڵ جـــەمال ئاغـــاش چـــەند جـــارێکی کـــە هـــاتن وتیـــان ئێـــوە چـــیتان دەوێ وتمـــان گیراوەکـــان وچـــەکەکانیان , 10 – 12 کـــەس گیرابـــوون کـــاك عبـــدالله حمـــزە و ئـــەوان هـــەموویان بـــەردن و گەڕانـــەوە و بـــەدڵی گەرمـــەوە

ئــەيان ووت بۆكــاك نەوشــيروان نــايكو1ژن لــەروێ دەڵــێن هــەر ئــەو بــەربێت ئــيتر حــسك ئيبــادە دەكــــەين , بـــەكاك شـــێخ داراو كـــاك جـــەمال ئاغامـــان وت بـــەری دەدەيـــن مقابـــل بـــە چـــەكانەی هـــەرێمی ( 1 ) . كـــە بـــەيانێك دەركـــەن و بڵـــێن شـــەڕی نـــاوخۆ يـــەكێتی هەڵيگيرســـاندووە شـــەڕ نـــەبێت و كوردســـتان بـــۆ هـــەموان ئـــازاد بێـــت هـــەولێر و شـــاەزوور بـــۆ يـــەكێتی ئـــازاد بێـــت و قەرەداغ و قەڵا سێوەكەش بۆ سۆسياليست ئازاد بێت ,

بـــەيانێكمان پـــێ دەركـــردن كـــاك نەوشـــيروان نووســـی ... وبـــەڵام بـــەقرناوی لقـــی ( 2 ) ی كـــەركوكی يەكێتييـــەوە بڵاويـــان كـــردەوە لـــە ڕاديـــۆ , بڕيـــار بـــوو بـــەناوی مەكتـــەبی سياســـی‌يەوە بێـــت , نـــەيان كـــردوو وايـــان گـــۆڕی كـــە داوای ( 100 ) چـــەكمان كـــردووەو ئـــەوان وتيـــان ( 50 ) چـــەك دەهێـــنين و , شـــێخ داراو جـــەمال ئاغـــا وتيـــان ئێـــوە نـــەيكوژن ... ئەوانـــە هـــەمووی جـــێ بـــە جـــێ بدەكـــەين , شـــەوێك لـــە ئەشـــكەوتی هـــەزار ئەســـتوون كۆبووينـــە وەيـــەكمان كـــردوو هاوڕێيـــاينی حيزبـــی شـــيوعيش بەشـــدار بـــوون كـــاك أبوشـــوان جەوهـــەرو علـــی كلاشـــينكۆف وكۆمـــەڵێك برادەرانيـــان كـــاك ســـەيد تۆفيـــق و كـــاك نەوشـــيروان دانيـــشتبوون كـــاك جـــەمال ئاغـــا و كـــاك تـــاهير , كـــاك جـــەمال ووتـــی ئێمـــە و سۆسياليـــست هـــەر يـــەك بـــووين ... منـــيش وتم كـــاك جـــەمال ئاغـــا خـــۆت دانيـــشتبوويت كـــاك نەوشـــيروان وتـــی ئێـــستا شـــەڕی حـــسك مەكـــەن تـــا ســـلێمان بێرێـــژێو قيـــادە موەقەتـــەمان لـــەكۆڵ دەبێتـــەوە دوای ئـــەوە دەســـتمان بـــەتاڵ بـــوو ســـەری حـــسك دەخەينـــە گـــۆڕی بابيانـــەوە , كـــاك جـــەمال دەيزانـــی مـــن هـــەموو شـــتەكان دەزانم و بێـــدەنگ بـــوو دوايـــی بـــانگی كـــردم وتـــی هاوكاريمـــان بكـــە منـــيش وتم دەيكـــەم بـــەڵام كۆمەڵـــە زۆری ئەوزيـــەت داوم دەمـــەوێت ئەزيـــەتيان بـــدەم , جـــەمال ئاغـــا ووت ی خـــۆ نـــايكوژن , منـــيش وتم نـــەخێر نـــايكوژين ئەگـــەر چـــەك و شـــتەكانمان بـــۆ بهێننـــەوە ... ئێوارەيـــەك لـــە ئەشـــكەوتی دەرە گـــوڵان بـــووين شـــێخ كـــاوەش لـــەوێ بـــوو نامەيـــەكی حكومـــەتی عێراقـــی هـــاتبوو بۆمـــان لـــە نامەكـــەدا نووســـرابوو يـــا نەوشـــيروان بكـــوژن يـــان تەســـليمان بكـــەن مقـــابلی ( 250 ) هـــەزار دينـــاری ئەوكاتـــە ... منـــيش بـــەكاك نەوشـــيروانم وت ئـــەو نامەيـــە لـــەلای ڕژێـــم هـــاتووە وتم نـــەوەك تەســـەور بكـــات ئێمـــە شـــتێكی لەگـــەڵ بكـــەين ســـەيری نامەكـــەی كـــردوو ڕەنگـــی هێنـــاو ڕەنگـــی بـــرد وتم : حـــەز دەكـــەم خـــۆت وەڵامـــی نامەكـــە بنوســـيتەوە و ئێمـــەش بـــەناوی خۆمانـــەوە دەينێـــری نـــەوە بۆيـــان , هەنـــدێك وەســـتاو ســـەيری ســـەيد ســـادقمان دەكـــردوو ئـــەو شـــەوە مامـــە ڕەشـــەی كەچـــەو هێزێـــك لەســـەيد ســـادقيان ئـــەدا بـــەهاوەن ... وتـــی وا وەڵاميـــان بدەنـــەوە و بڵـــێن ئـــەو شـــەڕە وەڵامـــی نامەكەتانـــە . مـــن دوو ڕۆژ جارێـــك حەرەســـەكانيم دەگـــۆڕی نـــەوەك پـــێش مەرگـــە تـــەماح بكـــەن و بيكـــوژن و تەســـليم ببنـــەوە نـــەك لەبـــەر ئـــەوەی عێـــراق زۆر دژی كاكنەوشيروان بوو بەڵكو لەبەر ئەوەی شەری ناو خۆ قوڵ ببێتەوە ...

لەڕۆژی 12 / 1 /1981 لە سوورێن بووين , لەشەوی 18 – 19 /1 /1981 لەگەڵ بكاك تاهيرو كاك نەوشيروان چوينە گردەنازێ و مەسەكانی مەلا عەلی و لەوێ خۆمان كردەوەو كاك نەوشيروان بە كاك تاهيری‌وت ... ئەڵێی ئێستا لەحكومەت قاچاغ نيت لەپەنای ئەو جادەيەيدا خۆت كردۆتەوە , دوايی چووينە دۆڵاش و چووينە ماڵی كاك محمد دۆڵاشی لە ڕۆژی 20 / 1/ 1981 كاك حەمەمين فەتاح كە مەسئولی ڕێكخراوی سيروانی كۆمەڵە بوو هاتە لام و ووتـی ... سەركردايەتی كۆمەڵـە لەشار بەناوی سەركردايەتی دەرەوە ناردويـانم , ئەگەر تۆ كـاك

نەوشیروان بەر بدەی یا بگەڕیتەوە بەیانێیکی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەردەکات, کە بەیانی 13 / 11 / 1980 بەدرۆ دەخاتەوە کە دژی تۆو هەرێمی یەك دەرکرابوو هەرکەسێ خۆت نەی ڵێیت یان ڕازی نەبیت لە سنووری هەرێمی یەك و پارێزگای سلیمانیدا نابێت یەکێتی مەبلەغێك پارە بۆ ئەو هێزەی لەگەڵتایە سەرف دەکات , من پێم ووت داوای چەکی هەرێمی یەك و بەیاسنێك دەربکەن و کۆتایی بەشەڕی ناوخ بهێنن واتا بەناوی سەرکردایەتی ناوە وە و دەرەوە بەیانێك دەربکەن , بەیانی 1980/11/13 بەدرۆ بخەنەوە هەرچی مەسئولیاتم بوێت بیدەنێ و هەرکەس خۆم ئارەزووم نەبێت نەیەتە سنووری سلیمانی , لەگەڵ کاك تاهیر لە جەولە بووین و ناردیان بۆ لای من , لەڕۆژچی 22 / 1 /1981 یەکێتی موافەقەتی بۆ هەموو چەکەکانی هەرێمی یەك کرد کە بیدەنەوە بێ ئەوەی کەلایانە , ئەمە یەکێ لەخاڵەکان بوو خاڵی دووەم تابەیانێك دەرنەکەن و شەڕی براکوژی کۆتایی پێ نەهێنن موافەقەتی بەردانی ناکەم , لە 21 / 1 /1981 لە گوندی (( کیشەوەری )) بووین سەسعات 10 ی سەر لەبەیانی مامە ڕەشەی کەچە لە سەید سایەق دەستی بەشەر کردبوو تا سەعات 12 ی نیوەڕۆ دریژەی کێشابوو ئێمەش چووین بەدەم تەقەکەوە بۆ گردی شەریف و مەسەکان ئەوان بەسەلامەتی گەڕانەوە بەڵام دوژمن ( 5 ) جوندیان لێ کوژرا , لەشەوی 28 – 29 / 1 /1981 لە ئەشکەوتی ( دەرە گوڵان ) بووین ... من و کاك تاهیر وکاك قادر جەباری و حەمەمین شەمێرانی و کاك کاوەی شێخ لەتیفی حەفیدو کاك نەوشیروان کە گیرابوو لامان لە ئەشکەوتەکەدا بووین , لە ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتیمان دابوو .

لە 28 / 1 /1981 لەدەرە گوڵان بووین , لە 31 / 1 لەئەشکەوتی ( هەزار ئەستوون ) بووین لە سوورێن لەگەڵ کاك تاهیری عەلی والی کاك کاوەی شێخ لەتیف شێخ مەحمود کاك ناسری حەفید ( نالە ) و کاك قادر جەباری کاك نەوشیروانیش لەگەڵماندا بوو .

ڕۆژی 5 / 2 /1981 من چوومە ملە خورد بۆ فیشەك ( 40 ) هێسترم برد کە یەکەمجار بوو ئێران هاوکاریمان بکات , کاك کتاهیر نامەی بۆ سەیدی شیرازی و سەرەنگی جەمالی لە مەریوان ناردبوو ئەوانیش نزیکەی سەد هەزار فیشەکیان بۆ ناردین , کاك رەووف لە ( دەرە گوڵان ) مایەوە کاك تاهیر و ئەوان چەند جار هەوڵی دابوو هەتا پێشمەرگەمان . وتی تاقی بکەرەوە بڵێت با رابکەین نەیوێرابوو بڕوات, ئێمە چاوەڕێی چەك و بەیانەکە بووین دەری بکەن بەڵام بەیانێکی لاواز بوو چاوەڕێوی بەیانێکی کە بووین , کاك شێخ کاوەو هاوڕێیانی حزبی شیوعی داوایان کرد دوو شەو کاك نەوشیروانمیوانبێت لایان ئێمەش ڕووگیری حزبی شیوعی بووین و شێخ کاوەش وتی ... منیش حەزدەکەم لە گەڵیدا برۆمچوونە هەزار ئەستوون کە مەقەڕی حزبی شیوعی لێ بوو بەڵام ئێمە تەسلیم بەحیزبی شیوعیمان کرد لەسەر سیقە وچونکە مەکتەبی سیاسی سۆسیالیست نامەیان بۆ ناردبووین بۆ بەردانی بۆیە وەکو سجن نەمابووەوە لامان وەبڕیارمان دابوو بەری بدەین چونکە ئەوان چەکەکانیان هەموو کۆکردبوّوە و هێنابویانە رەزەڵە کە شێخ داراو کاك جمال ئاغا بچن چەکەکانمان بۆ بهێننو کا رەوف پێی عەیب بوو پێشمەرگەی لەگەڵ بنێرێت لەبەر ئیحترامی مەقەڕی حزبی شیوعی چونکە ئێمە تەسلیمی حزبێکمان کردبوو نەمانزانی حزبی شیوعی بەو شێوەیەمان لەگەڵ دەکات , تەنها یەك پێشمەرگە ئەویش بۆ ئیشی کاکنەوشیروان پێشمەرگەیەکی فەقیر بوو ناومان نابوو ( پەپولە ) پێیان دەگوت لەگەڵیدا بوو هێشتا هەر لە ئەشکەوتی ( دەرە گولان ) بووین کاك نەوشیروان وتی ((

پەپولــە )) چــۆن ســەرمات نابــێ وتــی کــاك نەوشــیروان مــن حــزبیم هــەر بەبــەڕو ئیــدارە دەکــەم نــانیش نــەبێت , کــاك نەوشــیروان وتــی ... ئەگــەر ( 500 ) پێــشمەرگەی وام هــەبێت شــەڕی دنیای پێدەکەم وادیار بوو کاك نەوشیروان هەر بیری لەشەر دەکردەوە .

ڕۆژی 25 / 2 دووســێ پێــشمەرگە لەســیتەك گیرابــوون مــام کــەریم ســەعید و غەریبــە ڕەش و أبــراهیم بــچکۆل لەحەوزەکــەی ســیتەك بــەو ســەرماو بــەفرە لــە حــەوزیان هەڵکێــشابوون بــەو شــێوەیە زۆریــان لێ دابــوون دەمانــچەی پــێ بــوو , لێیــان ســەندبوو حــەلاوە خــانی دایکــی شــێخ کــاوە و پــورە حــەلاوی دایکــی کــاك جــەمال فریــای کــەوتبوون و لــە دەســتیان دەریــان هێنــابوو و هاتنــەوە لامــان ڕەنگیــان ئەوەنــدەی کــەڕەش داگیرســابوون وەزعیــان خــراپ بــوو . کــاك قــادر جــەباری تــووڕە بــوو وتــی ... ئــەوە ویژدانــە جنێــوی دا بــە کــاك نەوشــیروان و وتــی ئێــستا ئــار . بــی ز جــی یــەکی لێئەیــەم ئەیکــەم بــە دوو کەرتــەوە و قــسەی زۆری پــی وتبــوو , مــن لــە بــیرم نییــە لایــان نــەبوم کــە لــە دەرەوە بــوون گــوێم لــە قــسەکانی کــاك جــەباری بــوو بــە کــاك نەوشــیروانی کردبــوو لــە بەردەمیــدا کــاك نەوشــیروان زۆر بــەهێز نــەبوو لەگیرانەکەیــدا چــونکە ئــەو لای کۆمــەڵێك بــوو کــە هــەموو پێکــەوە بــوون بــەلام ئــەوەی ئــەو لێــی دەترســا کــاك ڕەوف وئێمــە بــوو کــە زۆر ناحــەقی کردبــوو دژمــان و بەناحــەقی تووشــی ئــەو هــەموو کێــشەیەی کــردین دەترســا تۆڵــەی لێ بکەینــەوە چــونکە وئــەوان قــەد بەقــەدەر ئێمــە لــە ڕێگــای کــوردو نەلــە یەکێتیــدا نەمانــدوو بــوون و نــە تەزحییــە یــان داوەو نەکــەس و کاریــان تیــا چــوبوون هاتبوونــە ســەرحازری لــەوبارەوە هەنــدێك لــە شــارەوە بــێ مانــدووبوون ... مــن زۆرم حــەز نــەدەکرد لەگــەڵ کــاك نەوشــیروانلادا قــسە بکــەم لــەکاتی گیرانیــدا لەبــەر ئــەوەی شــعوری برینــدار نــەبێت و زۆریــش مراعــاتم دەکــرد و بــە پێــشمەرگەکانم دەوت خزمــەتی بکــەن خۆمــان نانمــان نــەبوو دە مووت گۆشت و شتی باش بۆ ئەو بهێنن و مراعاتی بکەن .

لــەڕۆژی 6 / 2 / 1981 ناردیانــە مقــەڕی حزبــی شــیوعی لــە ئەشــکەوتی هــەزار ئەســتوون لــەوێ مایــەوە و بــرادەران لــەوێ بــەجێیان هێــشت لای حزبــی شــیوعی , برادەرانــی حزبــی شــیوعی وتبوویــان ئەگــەر ئــەڕۆیت بــڕۆ پیچــشمەرگەت لەگــەڵ دەنێــرین بــەڕێت دەکــەین , شــێخ کــاوەش هــەر میــوان بــوو لامــان , لای حیزبــی شــیوعی ئــەویش وەعــدی پیــچدابوو وتبــووی تووشــی کێــشە دەبم حزبــی شــیوعی وتبویــان ئێمــە مەســئولیات وەردەگــرین لای سۆسیالیــست ئەگــەر ســجنیان بکردایــە ئیجازەیــان نەئــەدا بــۆلای ئێمــە , وادیــار بــوو هــەر ئێــوارە چــەند پێــشمەرگەی حزبــی شــیوعی و شــێخ کــاوە بــەڕێیان کردبــوون و نامــەی مەکتــەبی سیاســی هــاتبوو بــێ قەیــدوو شــەرت بــەری بــدەین بــەلام ئێمــە دەمانویــست شــەڕەکە کۆتــایی پێبێــت و ئــەو کاتــە بــەری بــدەین و چــەکەکانی هــەریمی یــەك وەربگریرنــەوە بــەلام نەیانهێــشت و کــاك نەوشــیروان بەچــەکەوە بــەخاوەنی 350 پێــشمەرگەوە لەشــەڕدا گــیراو چــۆن دەتوانــێ بــەبێ چــەك لەدەســت ئێمــە هــەڵبێت ئــەوەیان کــرد بەشــتێکی گــرنگ بــۆ کــاك نەوشــیروان گوایــە ڕای کــردووە لــە ســجن , نەرشــاکردن و نــەقارەمانیش بــووە بــەڵکو واقیعەکــە بــەو شــێوەیەی ســەرەوە بــوو. کــاك نەوشــیروان زۆرتــر حاقــد بــوو لەســەر سۆسیالیــست وەئــار . بــی . جــی .یــان لــەماڵی بــاوکی کــاك تــاهیر دا لەســلیمانی و کوشــتنی مــام ئــاراس و( 9 9 کەســی تــر کــە لــە

ڕۆژی جـــەژنی قوربـــارنی 1982 شـــەهیدی کـــردن بـــە ئـــەمری کـــاك نەوشـــیروان جـــی بـــەجێ کردنـــی کـــاك شـــەوکەتی حـــاجی موشـــیر و کـــاك حامیـــدی حـــاجی خالیـــد وکـــاك حـــاکم عمـــر عزیـــز کەســـێکیان لیژنـــەی هـــەرێم بـــوون , وەبەدەســـتی خۆیـــشی شـــەهید عبـــدالله ســـوورو هەڤاڵـــەکانی شـــەهید کـــرد . وەبڕیـــاری کوشـــتنی کاکـــە ســـوری قۆریتـــانی دا کـــە فەرمانـــدەی کـــەرت لای سۆسیالیـــست لـــە دەشـــتی کۆیـــە لـــەکاتی ئاشـــتیدا چـــەکیان کردبـــوو بـــۆ کوشـــتنەکەی هـــیچ مەســـئولێڤکی یـــەکێتی جـــێ بـــەجێ ی نیـــدەکرد لەناوزەنگـــەوە گواســـتیانەوەی بـــۆ بەرگـــەڵو ئـــامر مەفرەزەیـــەکی جاشـــیان گرتبـــوو لـــە مەنتیقـــەی ئاغجەلـــەر کـــاك نەوشـــیوان وتبـــووی پێـــی ئیشیـــچکمان هەیـــە ئەگـــەر بیکـــەی ئـــەوە عـــەفوت دەکـــەین و دەتکـــەین بـــە پێـــشمەرگە وەکـــاك فـــاتیح شـــوانیش لـــە دانیـــشتنەکەیاندا بـــوو کـــابرای جاشـــیش خۆمەبەســـتی ئـــەوە هـــەر پیچـــشمەرگە بکـــوژێ چ لەرشـــەبایەبی چ لای کـــاك نەوشـــیروان بێـــت وەکـــو یـــەك وایـــە بـــۆی بۆیـــە جاشـــەکە کاکـــە ســـووری شـــەهید کـــرد دوای کردیـــان بـــەئامر کـــەرت لـــە تیپـــی ( 21 ) کـــەرکوك لـــە پاداشـــتی ئـــەوکارەی کـــە کردبـــووی , وەپـــەلاماری پـــشت ئاشـــان بـــە قیـــادەی خـــۆی کوشـــتنی دەیـــان کـــەس کـــە ســـەر بەسۆسیالیـــست بـــوون هـــەمووی لـــە تۆڵـــەی ئەوانـــەدابوون کـــە چـــۆن تۆڵـــەی ئـــەو کـــارەی خـــۆی بکاتـــەوە , لـــە دوای ڕاپـــە ڕینیـــشدا کۆکردنـــەوەی هێـــز بـــۆ ســـەر سۆسیالیـــست لـــە ســـلیمانی و ســـوتاندنی کـــەپرێکی سۆسیالیـــست لای چناغـــچیان لەســـەر ڕێـــصگەی بەرزنجـــەوە لەســـەر جـــادەی پێنجـــوێن بـــە هێزێکـــی گـــەورە وە ڕۆ یـــشتبوو بـــۆ گرتنـــی ســـەیتەرەکانی ئێمـــە بـــەلام لـــەڕێگا هێـــزی سۆسیالیـــست دامـــەزرابوو لـــەکانی مانگـــاو تـــا پیـــچنجوێن کەکـــەوتبوە ناوهێزەکـــەی ئێمـــە زانیبـــووی ڕێگـــەی دەرچـــوونی نیـــە پێـــشمەرگەش ووتبـــووی ئەگـــەر بجـــولێن لەهـــەموو لایەکـــەوە لێتـــان دەدەیـــن لـــە ســـلیمانی و هـــەولێر تـــەفاهومی نـــەدەکرد لـــە گـــەڵمان دانیـــشێ هێـــزی ئـــەبرد بۆســـەر هێزەکانمـــان ئـــەو کـــات کـــاك مـــەلا فایـــەق ئـــامر هێـــزی ئـــازادی بـــوو وەکـــاك عتـــا ســـەرایوی جێگـــری بـــوو ناچـــاریان کردبـــوو کـــە لـــە پیـــچنجوێن لەگـــەل ئـــەوان دابنیـــشێ بـــێ ئـــەوەی ســـەربکەوێت گەڕایـــەوە , بوغزوکینـــەی بەســـوتاندنی کـــەپرێکیش هـــەر پێـــی خـــۆش بـــووە چـــونکە هـــی سۆسیالیـــست بـــووە چـــۆنی دانـــانی بەرنامـــە پاککردنـــەوە بنکـــۆل کردنـــی سۆسیالیـــست و لێـــدان و لـــەبناوبردنی لەچەصـــند ڕۆژێکـــدا زۆر شـــتی کـــەش بـــە شـــێوەی قـــسەی کـــۆن و ســـەرنگومکردنی سۆسیالیـــست و ( محمـــەدی حـــاجی محمـــود ) یـــان کـــردووە لـــە ڕێگـــای حەمـــەی فـــەرەجی قالـــە ســـوور لـــە هەشـــتاکانداو زۆری تـــری لەو بابەرتوە کەلەنامەکەیدا بۆ سەید کەریم کە لەمەڵبەندی چوار گیرا دەردەکەوێ ...

شـــەوی 6 – 7 /2 /1981 لەئەشـــکەوتی هـــەزار ئەســـتوون و بۆشـــانە دەری و بـــۆ دۆڵـــی ( گـــلال ) هـــەڵهات و دوای ئـــەوە نامـــەی نووســـی کـــە ڕێگایـــان بـــدەین بـــۆ ئـــەوەی پێـــشمەرگەیان بێتـــە شـــارەزوورەوە ئێمـــەش بڕۆینـــە ناوچـــەی ئـــەوان واتـــا مـــن قـــسەی خـــۆم ڕاســـت دەرچـــوو کـــە پێـــشتر یـــەکێتی بەیـــەك کـــادرو دەمانـــچەیەکەوە چـــووە خانـــەقین و کفـــری لـــە ناوزەنگـــەوە بـــەلام ســـکر تێـــری کۆمەڵـــە بـــە ( 350 ) کەســـەوە لـــە شـــارباژێر گـــیراو نـــەیتوانی هێزەکـــەی دیفـــاعی لێبکـــات و هەڵهات ...

**هێزەکە تا 1984 لەبگەڵ عێراق مفاوەزاتیان نەکرد , نەمانهێشت یەکێتی بێتەوە شارەزوور لەجادەی قیرەوە هاتنەوە بۆ شارەزوور ...**

**نامەکەی کاك نەوشیروان گلەی لە هەرێمی ( 1 ) دەکات کەئەوان زۆر دژی من بوون و ئەو کێشەیان دروست کرد ئێستا لێی دەترسن وپێی ناوێرن واتا بەو کادرە قارەمانای کۆمەڵە کە دژی من بوون سەرەتا ئێستا ناوێرن ڕووم تی بکەن .**

**لە 7 / 2 /1981 لەبانی شار بووین , ڕۆژی 8 / 2 هەرێمی چوارو قابدر چاوشین وساڵحە سوورو جەماعەتێك بەتەمای گەڕانەوە بوون بۆ سنووری هەرێمی چوار و دۆڵی جافایەتی لە میری سوورە وە چووینە خوارە وە و دەوری ( 40 ) کەسیان هاتبوون و باقیەکەیان لەگەڵ کاك شێرکۆ بوون لەرقلای سەرگەڵو, مامە ڕەشەی کەچەش لەگەڵ ( 15 ) پێشمەرگە ئەوانی بەڕێ دەکرد تا پاڕەزان , دوو پێش‌وەمەررگەمان ئیبراهیم و جەعفەر جەلال لەسەرچاوەی ڕیشین خۆیان دەشۆرد زانیبوویان کە جاش هاتووە تەڕشین و سەرگردەکەو تاملەی دەرە گولانیش جاشی عوسمان عەلە چەتوون ئێمەش لەگەڵ کاك تاهیروو برادەرا ن لەبانی شار بووین تەقە دەس تی پێکرد لە پشتی ڕیشێن و لای چاوگەی ئاوە کەوە ئێمەیش لەگەڵ کاك عوسمانی قالە منەوەر تازە لە سویدەوە گەڕابووەوە , کاك ڕەوف و مام ئاراس وشێخ مەنسوور و کاك ئەنوەری سەعید بەگ هاتن بەدەم تەقەکەوە من بە ( 25 ) دەقیقە لەبان شارو سیانییە وە بۆ سەید محمەدو بۆ سەرچاوگەی ریشێن بی وەستان هەرچی تەقەیان کرد راسەن بۆ ناو دێی ڕیشێن کاوەی کاك ڕەوف دووجار کەوت وام زانی لێدراوە بەڵام بەرنەکەوت و هەڵسایەوە جاش شکان هیچزەکە بە دوایدا بۆ قەدەفەری ڕۆیشتن ...**

**جێگری عوسمان سەعید گۆڵپی کوژراو جەنازەکەی بەجێ ماو چوار جاشی تر جەنازەیان بەجێ مابوو هێزەکە هەمووی بۆ پێشەوە دەچوو من سەر جۆگای شەڵم گرت بۆ لای قوڵە خوردەوە , سەیرم کرد چەکدار لە دواوە بانگی من دەکەن کاکە حەمە ئەوانە تەقەمان لێ دەکەن ئەو پێشمەرگانە بەجاشمان دەزانن بەڵام جاشەکان کەمنیان بینیوە منیان ناسیبو ویستیان بەوشێوەیە من بڵیچم تەقە مەکەن و ئەوان دەربچن لە دەرە گولانەوە هاتنە خوارە وە و لەسەر چاوگی شەڵم یەکێکی نەناسراو هاتە سەر بەردەکە کوژرابوو کە جاش بوو ناو سەرحەد بوو دوو کەسی کە لە خوارتر کوژرابوون , من وەستام گوللە هاوەنیان پێ بوو جلیان پاك بوو زانیم جاشن مام کەریم وخەلیل سەراویم لەگەل بوو تێیان خوڕین و هتنە لامەوە ...**

**پێم وت نەیانکوژن چەکەکانیان لێ بسێنن چوار جاش بوون یەکێکیان ناوی شێخ جەلال خەڵکی دۆڵی جافایەتی و یەکێکی تر حەمەی هادی خەڵکی زەردەهال ویەکێکیان بیارەیی و ئەوی تر کەریم کوێخا حەمە ئەمین مارف تازە دێیی بوو زانی بووی ئەوم دەناسی دۆستمان بوون و ئەومان لەوان جیا کردەوە و تمان ناتان کوژین ,جەماعەت لە خوارە وە گەڕانەوە من و ئەنوەر سیرەمێرگی و مام کەریم و خەلیل چوار کەس بووین , ئێوارە پێشمەرگە لە خوارەوە بەدیل و دەستکەوتەوە هاتنە وە سی دیل و چوار پێنج چەك و**

دەمانـــچەیەکیان گرتبـــوو وایـــان دەزانـــی هیـــچیان نەهێـــشتۆتەوە ,مـــن وتم ئـــەو هەرایـــەتان لەچـــییە خـــۆ ئێمـــەیش لـــەئێوە زیـــاتر دیلمـــان گرتـــووە زۆریـــان لا ســـەیر بـــوو ئێمـــە لـــەدواوە جـــاش و چـــەکمان گرزتـــووەو ئـــەوڕۆژە بـــابرتن بـــوو ئێـــوارە چـــووینە شـــیرە مـــەڕو جاشـــەکان ســـەرخرانەوە بـــۆ بـــانی شـــارو لـــە شـــیرەمەڕ باســـی شـــەڕەکەمان کـــرد ئـــەو شـــەڕە دووژمنـــی زۆر ترســـاندبوو یەکیـــچتیش قـــسەیان نـــەما ئێمـــە ئـــەو هـــەموو شـــەڕەمان دەکـــردوو ئـــەوان لـــەو سنوورە شەڕیان نەدەکرد .

لـــە ڕۆژی 9 / 2 / 1981 لـــەبانی شـــار بـــووین جـــاش هـــات بـــۆ جـــەنازەکانیان خـــەڵکی قەدەفـــەریان پـــێش خۆیـــان دابـــوو ڕاومـــان نانـــەوەو دوایـــی بەعەشـــایەری گونـــدی قەدەفـــەری و ناوچـــەکە جـــەنازەکانمان نـــاردەوە وەکـــو هەڵوێـــستێکی مرۆڤانـــە ئـــەو ڕۆژە جاشـــەکان هەنـــدێك فیـــشەکیان بـــۆ بـــەجی هێـــشتین لـــە قەدەفـــەری دابویانـــە دەســـتی هەنـــدێك ناســـراو , لەوکاتـــە فیـــشەك شـــتێکی بـــاش بـــوو بۆمـــان , ڕۆژی 11 /2/ 1981 هـــەر لـــەبانی شـــار بـــووین هێنـــدە زۆربـــووین هێزەکـــە جێگـــای نـــەبوو , لـــە 17 1981/2 ئەشـــیامان نـــاردەوە هەرمێلـــە ولـــەوێ چـــادرمان هەڵـــداو لـــە ڕۆژی 18 / 2 /1981 مەقـــەڕمان لـــە خۆرنەوازانـــەوە گواســـتەوە بـــۆ هەرمێلە و مەقەڕی قیادە موەقەتەش لەو ناوە بوو .

لەشـــەوی 18 – 19 /2 /1981 میوانمـــان هـــەبوو لـــە هەرمێلـــە , لـــە 23 / 2 لـــەبانی شـــار بـــووین هێزەکانمـــان تـــەوزیع کـــرد ئـــەو ڕۆژە خەلیفـــە جەمەلـــە گـــوڵان دوو کـــوڕی هێنـــابوو بـــەناوی عوسمـــان و عومـــەر بـــۆ لامـــان کـــە عمـــر پێـــشتر پێـــشمەرگە بـــوو لامـــان وتـــی ... مـــن کەهـــەواڵم پێگەیـــشت کـــە تـــۆ پێـــشمەرگەت کـــەم بۆتـــەوە مـــن تـــۆم خـــۆش ویـــستووەو ومـــن عەشـــایەرو تـــۆش عەشـــایەر ئـــەو دوو کـــوڕەم هێنـــاوە بـــۆ مـــردن لەگـــەل تـــۆدا بـــن , ئـــەو کاتـــە کۆمەڵـــەو ڕادیـــۆی یـــەکێتی ... دژی ئێمـــە بەتونـــدی قـــسەیان دەکـــرد جنێوەکانیـــان ئـــەوە بـــوو کـــەمن عەشـــایەرم و وەئـــەوانیش دژی عەشـــایەرن بۆیـــە کـــاك تایـــەر و کـــاك قـــادر جـــەباری و کـــاك شـــیروان شـــیروەندی ئاگایـــان لەقـــسەکانی مـــام خەلیفـــە بـــوو دەســـتیان کـــرد بـــە پێـــسکەنین وتیـــان قـــسەکانی یـــەکێ تـــی ڕاستە وئیسپات بوو لەسەرت ...

مـــام خەلیفـــە بـــەدڵێکی پاکـــەوە قـــسەکانی دەکـــرد , یـــەکی هـــات پرســـیاری کـــردو وتـــی ئـــەوە ژووری کـــاك تـــاهیر لەکوێدایـــە کـــاك قـــادر جـــەباری وتـــی کـــاك تـــاهیر ئـــامر فـــە وجـــی حـــەرەس حـــدود بـــوو مقـــەڕی فەوجەکـــەی لـــە پیـــچنجوێن بـــوو ژووری نـــەبوو تیـــا دابنیـــشێ ئێـــستا کـــاك تـــاهیر ژووری لـــەکوێ بـــوو لـــەم شـــاخە ئێمـــە لـــەناو مەکتەبەکـــەی بـــابنی شـــاردا بـــووین کـــە خانوویـــەکی مـــسەلەح بـــوو کاتـــێ بـــانی شـــاریان بـــارکردبوو مەکتەبەکـــەش بەســـەلامەتی دەرنەچـــووبوو تەقاندبویانـــەوە پارچـــەیە لـــە مـــسەلەحەکە کـــەوتبووە ســـەر دیوارێـــك جێگـــای ســـێ چـــوار کەســـی لێ دەبـــوەوە لێـــی دانیـــشێ بـــەلام لەهـــەموو لایەکـــەوە بـــاران و ســـەرما دەهاتـــە ناویـــەوە تـــەنها کـــەمێك لەڕەشـــەبا دەیپاراســـتین وە ژووری کـــاك تـــاهیر لـــەژێر لایـــەکی دابـــوو ناردیـــان بـــۆ ژووری کـــاك تـــاهیر ووتـــی بـــرا مـــن لـــە 1972 ەوە ئـــامر فـــەوج بـــووم و ژوورم نـــەبووە کـــە کـــورد حکومـــەت بـــووە جـــار جـــار تـــەعلیقمان دداو ڕادیـــۆی یـــەکێتی قـــسەی دەووت بەســـەرکردایەتی سۆسیالیـــست نـــاوی سۆسیالیـــستی نـــابوو جووجـــە ڕەســـول , خاڵـــە حـــاجی

هـــەڤاڵ جووجەڵـــە گوایـــە ئـــەو کلیلـــی عـــەقڵی کـــاك ڕەســـولەو هـــەردووکیان لەیەکـــدا بـــوون چیکـــسلۆفاکیا وەکـــوو دوونـــاوە پیـــچکەوە بـــوو خرانـــە یـــەك جووجەڵـــە ڕەســـول یـــەعنی سۆسیالیـــست. قـــسەیان بەســـەید کاکـــە دەوت دەیـــانوت خائینـــە بـــرادەرانیش تـــەحلیلیان دەکـــرد کـــەوا بـــۆ کـــورد وابـــیر بکاتـــەوە بەتێکۆشـــەرانی خـــۆی هـــەر لەبـــەرجیاوازی بـــیرو بـــاوەڕ توهمـــەت بداتـــە پـــاڵی بـــەکاك قـــادر جـــەباریان ووت ئەگـــەر دەتانـــەوێت میـــت و مۆســـاد و ســـاواك بناســـن ســـەیری دەموچـــاوی قـــادر جـــەباری بکـــەن بەرنامەیـــەکی رادیـــۆی یـــەکێتی هـــەبوو لەســـەریان بەمۆسیقاشـــەو باســـی شـــووم نەگبـــەت و چەقاوەســـوو لاســـار و جـــەردەو پـــاڵ پیـــسی ئەوانـــە هـــەمووی مـــن تەعبیرەکـــەی دەزانم چـــونکە هـــەمووی رادیـــۆی یـــەکێتی دژی ئێمـــە بـــەیکاری دەهێنـــاو لەســـەر کـــاك ڕەســـول بەجاسوســـی لـــە ڕێگـــای کوێخـــا پیرۆتـــی برایـــەوە کـــەسمان بەســـاغ دەربـــاز نـــەبووین هەرچـــی وشـــەهەبوو لـــە قاموســـە یـــەکێتی کـــۆی کردبـــۆوە و بـــەکاری دەهێنـــا دژی ئێمـــە هـــەر لـــەکاك مـــەلا ناســـیح وعـــەلی هـــەژارو کـــاردۆ گـــەلاڵی درێغـــی لەکـــەسمان نـــەدەکرد ئێمـــە خۆمـــان بۆســـوعبەت بـــەکارمان دەهێنـــا وەهـــەموویمان شـــی دەکـــردەوە ئەوشـــتانە کـــەماناى چـــیە , وە خەلیفـــە جەمـــە دڵـــسۆزی خـــۆی پیـــشانداو کـــاك عوسمـــانی کـــوڕی لەشـــەڕێك لـــەلای گەرمـــەکی پێنجـــوێن لەســـاڵی 1982 شـــەهید بـــوو کـــاك عومـــەریش هێـــشتا منـــاڵ بـــوو پێـــشمەرگەی سۆسیالیـــستەو تـــا ئێـــستا , وەمنـــیش خـــەمخۆری هـــەموو دڵـــسۆزییەکی ئـــەم میلەتـــەم لـــە 12/ 3 / 1981 لـــە ســـوورێنەوە چـــووین بـــۆ گردەنـــازێ و دوای چـــووین بـــۆ گـــردی شـــەریف . لـــە 13 / 13 چـــووینە دۆلاش بـــۆ شـــەوەکەی چـــووینە گردەنـــازێ و لـــەوێوە بـــۆ ســـورێن لەشـــەوی 19 – 30 /3 لـــە شـــارەزوور بـــووین بـــۆ بەیانیەکـــەی لەســـەر بەحرەکـــەی دەربەنـــدیخان لـــەگردی ( ســـادق ) راوە ماســـیمان دەکـــرد هەنـــدێ ماســـیمان هێنـــاو گەڕاینـــەوە مەســـەکان و , لـــە 3/30 هـــەر لەشـــارەزوور بـــووین لـــە 25 / 3 لەهەرمێلـــە بـــووین لـــە ســـوورێن هـــەر ئـــەو ڕۆژە پێـــشمەرگەی کـــەرتی سیوپیـــچنج چـــووینە ســـەرجادەی گـــشتی ســـەید ســـادق و پێنجـــوێن ســـەعات یـــەکی پـــاش نیـــوەڕۆ تـــا شەشـــی ئێـــوارە زیـــاتر لـــە 30 ســـەرباز کـــوژراو برینـــدار کـــرا , لـــەو شـــەڕەدا کـــاك مـــەحمود زەردۆیـــی کـــە پیچـــشمەرگەیەکی قارەمـــان بـــوو برینـــدار بـــوو شـــانەی دەمانـــچەکەی چـــووبووە ســـکی بەگولـــە هەربـــەپێ هـــات تـــا ناردمـــان بـــۆ ئێـــران , لـــە ڕۆژی 1981/3/11 ئێـــران بۆیەکـــەمجار بـــەو شـــێوەیە تـــۆپ بـــارانی مەعـــسکەری گوڵـــە خانـــەی کـــردوو زۆرمـــان پـــی خـــۆش بـــوو جـــەیش ئـــەو تۆپانـــەی لێ ئـــەدرێت , کـــاك شـــیروان دەیگـــوت لەخۆشـــیدا ســـەرم ژان دەکـــات و کـــاك تـــاهیر پێـــی نـــاخۆش بـــوو لـــەو جەیـــشە بـــەو شـــێوەیە دەدریـــچت چـــونکە کاتی خۆی ئەفسەربووە لەجەیشی عێراقی عەتفێکی هەبوو .

لـــەڕۆژی 12 / 3 /1981 هێزێکـــی هاوبەشـــی پیچـــشمەرگە بـــۆ عەمـــەلیاتی هاوبـــەش بۆیەکەمجار هێزی واگەورە هێرشیان لەسەرجادەی خورماڵ – سید سادق کرد ...

بەمـــەفرەزەی هاوبـــەش دایـــان لەعەســـکەرو کەیـــەك کیلۆمـــەتر یلەخورماڵـــەوە دوور بـــوو ... لای مـــەفرەزەی مامـــە ڕەشـــەی کەچـــە و مـــەلا نـــوری و جـــەمالی مـــەلا عـــەلی بـــوو ســـەعات ســـێ پـــاش نیـــوەڕۆ تاشـــەو تـــاریکی کـــرد هێـــزی ڕژێـــم بەیارمـــەتی پێـــنج ناقیلـــە بـــەلام نـــەیتوانی لـــەجادە لابـــدات ســـی ســـەعات هاتوچـــۆی ســـلیمانی و خورمـــاڵ بـــڕا لـــەو شـــەڕەدا بیـــست ســـەرباز کـــوژراو

ناقیلەیــــەك شــــكێنراو ئوتۆمبیلێــــك ســــووتاو جێــــب قیادەیــــەك شــــكاو ( 8 ) برینــــدار هــــەبوو بــــەڵام ئێمە زینمان نەبوو لەو شەڕەدا ...

یەكــــەمجار شــــەڕ لــــەو جێگاوبــــەو شــــێوەیە بكرێــــت بــــەلاَزم تــــۆپ بــــارانی ئێــــران ڕۆژی پێــــشوو وورەی پێــــشمەرگەی بــــەرز كردبــــۆوە و وورەی دوژمنــــی ڕوخانــــدبوو ئــــەوتۆپ بارانــــە نیــــشانەی ڕاكێشانی شەر بوو بۆ كوردستان .

لــــەڕۆژی 21 / 3 /1981 لەشــــەوەكەیدا لەمەســــەكانی حــــاجی ئەحمــــەد بــــووین شــــەو پێــــشمەرگە لەسەید سادقیان دا وشەڕ دەستی پێكرد .

لــــەڕۆژی 24 / 3 / 1981 حــــاجی محمــــد دۆڵاشــــی پیــــاوێكی بــــاش و لەعەشــــیرەتی بڵباــــاس بــــوو كۆچــــی دوایــــی كــــردوو پــــێم نــــاخۆش بــــوو , لــــە شــــەوی 29 – 30 / 3 لــــەكانی ( هەرمێڵــــە ) ی ســــورێنەوە چــــوومە دۆلاش و دوایــــی گەڕامــــەوە مەقــــەڕ زۆر هــــیلاك بــــووم . لــــە ڕۆژی 1 / 4 /1981 لەئەشــــكەوتەكانی كــــانی ئاســــكان بــــووین چــــاوەڕوانی ئێوارەمــــان دەكــــرد كــــاك تــــاهیرو هێــــزە زیادەكــــە دەگەڕانــــەوە نامــــەی بــــۆ هــــاتبوو كــــە كــــۆنگرە لــــەمانگی ( 5 ) دەگیرێــــت كــــاك تــــاهیر پێــــی خــــۆش نــــەبوو وتــــی ئــــەو كۆنگرەیــــە زەرەرمــــان لێ ئــــەدات و لــــەو كاتــــەدا لــــەڕووی سیاســــی و عەســــكەری وأعلامیــــەوە سۆسیالیــــست پێــــی نــــابوە قۆنــــاغێكی نوێــــوە شــــەوانە ڕادیــــۆی لەنــــدەن و ڕادیۆكــــانی وولاَتــــانی دەرەوە چــــەندین جــــار باســــی ئــــەوەیان دەكــــرد كــــە حزبــــی سۆسیالیــــست خــــۆی هاویــــشتۆتە ئــــاخر نوقتــــەی كوردســــتان لــــە ســــنووری ســــلیمانی و خــــواروی كوردســــتانی خــــستۆوتە ژێــــر دەســــەلاَتی خــــۆی و ســــەركەوتنی شــــەڕەكانی لەگــــەڵ عێــــراق و لەگــــەڵ یــــەكێتی و گرتنی كاكنەوشیوان و گۆڕانی زۆری بەخۆوە دیوە .

هاتنــــەدەرەوەی عــــەزیز عــــەقراوی وەزیــــری عێــــراق بــــۆ ســــوریا ... بــــۆ رادیــــۆی ســــوریا باســــی كــــردوو بــــۆ كوردســــتانیش پەیوەنــــدی كردنــــی بــــە حزبــــی سۆسیالیــــستەوە و . كــــاك عبــــدالخالق زەنگەنــــەیش گەڕایــــەوە لەگــــەڵ كــــاك عــــەزیز عــــەقراوی , كــــاك تــــاهیر ئەنــــدامی مەكتــــەبی سیاســــی و مەســــئولی مەكتــــەبی عەســــكەری بــــوو خــــۆی ئامــــادە نــــەبوو لەســــەركردایەتی بڕیــــاری بەســــتنی كۆنگرەیــــان دابــــوو وەعــــەزیز عــــەقراویش كردبــــوو بەمەســــئولی مەكتــــەبی عەســــكەری بــــی ئــــەوەی پرســــی دوو ئەنــــدامی مەكتــــەبی سیاســــی بكرێــــت ئەودوانــــەش كــــاك تــــاهیرو كــــاك قــــادر جــــەباری بــــوون كــــە لەجەولــــە بــــوون ئەوكاتــــە كــــاك عــــەزیزیش تــــازە لەبەغــــداوە هــــاتبووە وە بڕیــــاردانی كــــۆنگرە ئەوانــــە هەنــــدێك لــــەو ئیــــشە بەپەلــــەو هەڵنەســــەنگاندنی هەلومەرجــــە كــــەو غــــەریب بــــە واقیعەكــــە و كــــەم تەجروبــــەیی بــــوو ... كــــاك تــــاهیر خۆشەویــــست و ناســــراو بــــوو لــــەناو پێــــشمەرگە وجــــەماوەردا پــــشتی كــــاك تــــاهیرەو كــــاك قــــادر جــــەباری و كــــاك شــــیرەانیش هەنــــدێ كاریــــان دەكــــرد كــــاك تــــاهیر لــــە دڵــــە لێیــــان نارەحــــەت بــــوو بــــەلاَم پیــــاوێكی موحتــــەرەم بــــوو نەیدەویــــست كــــەس عــــاجز بكــــات بڕیــــاری گەڕانــــەوەیان داو هەنــــدێك تەقــــە وەســــتابوو لەبــــەینی ئێمــــەو یــــەكێتی دا هەرچــــەندە هــــەر خێــــسە دەكــــرا لــــە یــــەك لەگــــەڵ یــــەكێتی بــــەلاَم بەعەمــــەلی شــــەڕ وەســــتابوو , یــــەكێ تــــی بــــە تــــەمای خۆڕێكخــــستەوە و گــــەڕ انــــەوەی مــــام جــــەلال و چــــەك و پــــارە و ئیمكانیاتیــــان دەكــــرد لەســــەر بەرنامەیــــەك بــــۆ كارەكانیــــان ... شــــەڕی ئێــــران عێــــراق تــــا دەهــــات پــــەرەی دەســــەندوو ووردە ووردە قیــــادەی موەقەتــــە كــــۆنگرەی بەســــت و خــــۆی كــــۆكردەوە و

بەرە و سەر سنوورەکان دەهات دەیانویست سوود وەربگرن لەو شەڕەو سەر سنوورەکانی کوردستان بکەن بەبەرەی شەڕو ... شەڕ لە کوردستان هەبێت و وەکو لە خواروی عێراق هەیە بۆ ئەوەیش کاک نادر هەورامی لەدەوری تەوێڵە و چیای شرام و دالانی وملە خوردو ئەو ناوە جەبهەیەکی کردەوە و تەیارەی هەلیکۆپتەر چووە سەر ملە خوردو لەناو دزڵی داوە ئەبوبەکر برای مەلا عومەر شەهید بوو ناوچەکە ووردە ووردە بەدەستی پارتی لەو سنوورانەوە بووبە مەیدانی شەڕ تا تەوێڵە ئەو گوندانە هەمووی وێران و ڕاگوێزران و پارتی لە حاجی ئۆمەرانیش دەستیان پێ کرد بە کۆکردنەوەی هێزەکانیان پەیتا پەیتا هێزەکانیان لە ئۆردوگاکانی ئێران بوو ئەیانهێنان بۆ ئەو ناوچانە , بەرنامەی پارتی بوو .

لە ڕۆژی 1 / 4 / 1981 دنیا زۆر سارد بوو کاک تاهیر دەلەرزی لە سەرما لەئەشکەوتەکانی بانی هەوا بەرامبەر ماڵەکانی کانی ئاسکان زۆرم بەزەیی پێدەهاتەوە کە پیاوێکی واتەمەنی خۆی بۆ کورد سەرف دەکات تووشی ئەو هەمو هەرایە بوو شەڕی ناوخۆو کێشەی بۆ دروست بکرێت وە چەندین جار بریندار بکرێت لەگەڵ ڕژێمدا , بۆ شەوەکەی لە کانی ئاسکانەوە چووینە شانەدەری و دوایی چووینە مێوەکان ...

لە 2 / 4 /1981 لە ماوەکانەوە بۆ هۆزخواجەو زەردۆیی ... لە 3 / 4 لە دوڵە چەوت بووین ...

ڕۆژی4 / 4 / 1981 لەگەڵ کاک تاهیرو برادەران چووینە بەردە بەلەکەو رەزەڵە و دۆست دەرەو ئێمەیش ئەوانمان بەڕێ دەکرد ڕۆژی 5 / 4 چووینە حاجی مامەند بۆ ڕۆژی دوایی چووینە پارەزان و ڕۆژی دوایی تریش چووینە گوێزە رەش و دوڵ پەموو شێخ علی کۆسەیی دوڵ پەموو کە کوڕی شێخ عبداللە بەرزنجییەو برای شێخ محمەد تەڕەتەوەنە , لە 4 / 8 چووینە گوندی زەلان و هەولولە ماڵی مەلا جەبار بووین بۆ ڕۆژی دوایی چووینە گوندی هەرمێلە و توشی یەکێتی بووین ئەبو شەهاب لەوێ بوو ئەوان کەم بوون زۆر بەحقدەوە سەیری منی دەکرد کاک تاهیر وکاک قادر جەباری و کاک ئەوشەهاب لەسەربانێك وە ستابوون سوتفە منیش چووم بۆ ئەوێ سەلامم کرد ئەبو شەهاب سەلامەکەی سەندمەوەو بەڵام من وام پیشاندا کە لایەنگیری ئاشتین هەر بۆیە ناچارم کردو بەزۆر تەوقەم لەگەڵ کرد بۆ ئەوەی کاک تاهیرو برادەرانی خۆمان ئەگەڕانەوە بۆ سەرکردایەت دڵنیابن لەوەی کەمن لایەنگیری ئاشتیم وە زۆرشتیش قبوڵ ئەکەم تەنها لەبەر ئاشتی , دوای سوێرە لەو دوڵە توو لەپەنای شاخی کەتودا کە لەوناوچەیە بەناوبانگە لەکاتی خۆی خولە پیزە زۆر شەڕی لێکردووە بەردئەو چیایە تایبەتی کە بەردی ئاشی لێ دروست دەکرێت .

لە 4/10 چووینە گوندی باوڕاو چنگیان لەوێ هێزەکەی کاک تاهیرو ئەوان ڕۆیشتن و خواحافیزیمان لەبکاك تاهیر و کاک قادر وکاک شیروان و هێزەکە کردوو هەرێمی ( 3 ) یان لەگەڵ ڕۆیشت و ئێمەیش بۆ گوندی باراوو حاجی مامەندوو قۆڵی گیسکان و چنارە ودۆست دەرە و رەزەڵە , لە 12 / 4 لە ڕەزەڵە وە بۆ بەردە بەلەکەو دوڵە چەوت وکانی خان و زەردۆیی کە وڵۆس ومزگەوتەو شانەدەری سەروو .

شـــەوی 12-4/13 چـــوویـنه گـــامێش تەپـــەو نـــاوگردان و مەســـەکانی حـــاجی ئەحمـــەد بـــۆ بەیانیەکـــەی چـــووین گـــردی شـــەریف و دۆلاش , لـــە 14 / 4 چـــوویـنه نـــاوگردان و بێـــرە شـــکەو شـــاتوان و کەلتەکـــەو کـــە لـــۆران و ســـوێله مـــیش . لەشـــەوی 14 – 15 /4 چـــوویـنه قوماشـــی حەمـــە رەشـــیدبەگ و کەوچـــکتاش و ســـواری و ئـــالان و حاســـڵ لـــە 16 / 4 چـــوویـنه ئـــالان و قەلّبـــەزە , لـــە 17 / 4 لـــەکانی بەردینـــە بـــووین لەســـەعات 11 ی ســـەرلەبەیانی لـــەلای حاســـڵەوە تەقـــە دەســـتی پێکـــرد , ئێمـــە هێزەکانمـــان بـــەو شـــێوەیە بـــۆ هێـــرش دابـــەش کـــرد بـــۆ کـــانی مـــرواری و بۆقەلّبـــەزەو کـــەرتی شـــەهید عوســـیمانی کاکـــە لـــە مـــالوان مەفرەزەیـــەکی حیزبـــی شـــیوعی و مەفرەزەیـــەکی کۆمەلّـــە یـــا یـــەکێتی لـــە حاســـڵ و ئـــالان بـــوون و جـــاش و جـــەیش بـــۆ ئێمـــە هـــاتبوون تووشـــی ئـــەوان بـــوون پـــەلاماری مـــەفرەزەکانی شـــیوعی و یـــەکێتیان دابـــوو بـــەرەو لای ئێـــسمەو قەلّبـــەزەیان هێنـــابوون شـــەهید و برینـــداریان ایـــچ کردوبـــوون . ئێمـــەش لـــەجادەی زەڕایـــەن و بـــۆ بـــەردی گـــلان و کـــانی کـــەوەی کـــۆن و ئـــالان و حاســـڵ و کـــانی مـــرواری و داری قـــەلان کـــە دووکـــم دووره لەزەڕایەنـــەوە , بەدرێـــژایی هێرشمـــان کـــرد بـــۆ ســـەر جـــاش و جـــەیش تـــا ســـەعات 5 ی ئێـــوارە دوژمـــن شـــکاو ئـــەو زیانانـــەی لێ کـــەوت کوشـــتنی 4 زابتـــی عەســـکەری لەگـــەڵ یـــەك نائیـــب زابـــت و 0 25 ) ســـەربازوو چـــوار جـــاش کـــوژراو یـــەك ســـەرباز بـــەدیلی گـــیرا بەناوی جومعە ...

ئـــامرلیوای 99 بـــەناوی خالیـــد أزهـــر العبیـــدی و جەنازەکـــەی کـــە وتـــە دەســـتمان , لەبگـــەڵ ئـــەم چـــەکانەدا ,یـــەك ئـــار , بـــی , جـــی ورەشاشـــێك و 10 کلاشـــینکۆف و یـــەك دەمانـــچەو دووســـەیارەی جێـــب قیابـــدە کـــە ه ئیـــشکردن هێنامـــان لەگـــەڵ جیهـــازی بێلـــی گـــەورە کـــە هێزەکـــەی دوژمـــن تێـــك شـــکێنرا ... ئێمـــەش پێـــشمەرگەیەکمان بـــەناوی أکـــرم محمـــود خـــەلّکی تـــەپی ســـەفا بـــوو لـــەوێ شـــەهید بـــووە وەکـــاك علـــی بـــچکۆل برینـــدار بـــوو دووپێـــشمەرگەی یـــەکێتی شـــەهید بـــوو خالیـــد حـــاجی عبـــدالله بۆمـــۆیی بـــوو ســـێ پێـــشمەرگەی حیزبـــی شـــیوعی شـــەهید بـــوو حـــەوتی تریـــان لێ برینـــدار بـــوو ,ســـی پێـــشمەرگەی یـــەکێتی بـــر ینـــدار بـــوو ئێمـــە بریندارەکانی شیوعی و یەکێتیمان لەگەڵ خۆمان برد بۆجەرد ئاسنە ,

شـــەوی 17 – 18 / 4 /1981 بەبەلـــەم چـــوویـنه بـــەری نێرگـــسە جـــارو تـــا کۆمـــان کردرنـــەوە و شـــەهییدەکانمان ناشـــت و بـــەڕی کـــەوتین . , شـــەوی 18 – 19 /4 بـــە ( 15 ) بەلـــەم پەڕینـــەوە بـــۆلای گـــردی ســـادق و ســـەرجادەی کـــۆنی لای دۆلاش بـــەجیهاز قـــسەمان لەگـــەڵ کـــاك رەوف کـــرد تراکتۆریـــان هێنایـــە ســـەر ئاوەکـــە بـــۆ برینـــدارەکان . ئەوشـــەوە کـــاك حمـــە نـــەجم حـــاجی حمـــە تالیـــب دۆلاشـــی تراکتۆرەکـــانی هێنـــا لـــەوێوە بـــۆ ناوئـــاگردان و بـــۆ ســـورێن و تائەوانـــەی یـــەکێتی چـــاك بونـــەوە بـــەخۆیان و چـــەکەکانیانەوە بۆمـــان ناردنـــەوە ئێمـــەش ئـــەو شـــەڕە یـــەك لـــەدوای یەکانـــە دەوری بـــۆ حیـــزب پەیـــدا دەکـــردو داوایـــان کـــرد بـــڕۆم بـــۆ ســـەرکردایەتی بـــۆ کـــۆنگرە و کـــاك رووف مایـــەوە مـــن بـــەڕێ کـــەوتم لەگـــەڵ شـــەهید ســـالار جـــاف وحمـــە ســـعید و علی بچکۆل ئەویش بریندار بو لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تردا .

لـــە 21 / 4 / 1981 چـــوویـنه هۆلّـــەسمت و بەرکـــەورگان خرنـــوك وچـــەوتان و دۆلّـــە ســـوور , لـــە 22 / 4 لـــە دۆلّـــە چـــەوت و بەبەردەبەلەکـــە وبـــۆ ئێـــوارەی چـــووینە قۆلّـــچی , ەوی 22 – 23 / 4

/1981 چـووینە دەرەمیانـــەو بادانـــە لـــەبناری تالیـــەر بــۆ بەیانیەکــەی چــووینە چــناری شــەخە ڵ مـــارین و چــاڵە غەزیــچنە و هـــەورازی ناخۆشـــی ســـورەبان و چـــەم پـــاراو کەگونـــدێکی ئێرارنـــە کـــاتی گوندەکـــە گـــیران و تەســـلیم بـــە عێـــراق کرابنـــەوە . لـــە ڕۆژی 4 / 4 چـــووینە بلـــەکێ و ئارمربــدە لــە کوێخــا عبــدالله بــۆ گــوێزی و کانیــە ســوورو ئــەو ماوەیــە کــە لــەوێ بــووین بەســەیارە ڕۆیـــشتین لـــە 5 / 4 لەچـــەمی کەلـــچەویان بەکەڵـــەك پەڕینـــەوە بـــۆ چـــایخانەی واوان و مـــیراواو تـــا 6 / 4 لــە ئاڵوتــان و کونــە مــشکە و دوایــی چــووینە دۆڵــە تــوو بــۆ مەقــەڕی مەکتــەبی سیاســی لــە لایــەن کــاك دکتــۆر مــەحمودو کــاك رەســول و کــاك عــەزیز عــەقراوی و کــاك مــلازم تــاهیر و خاڵــە حــاجی و کــاك حــاجی ئیــبراهیم و کـــاك عبـــدالخالق زەنگەنـــە و کـــاك شـــیروان شـــیروەندییەوە بەگـــەرمی پێشـــسوازی کـــراین دوای ئـــەو شـــەڕانە حەقیبەیـــەکی پـــڕ لـــە نەمـــەی زابـــت وئـــامر لیوامـــان پـــێ بـــوو کوژرابـــوون , کـــاك ووریـــاش لـــەوێ یـــوو تـــا 27 / 4 هـــەر لەمەکتـــەبی سیاســـی بـــووین , مـــن هێـــشتا ( 7 ) مـــانگ بـــوو نـــاوزەنگم بـــەجێ هێـــشتبوو , ( 3 ) مـــانگ دەبـــوو بڕیـــارم دابـــوو لەگـــەڵ سۆسیالیـــست ئـــیش بکـــەم خـــۆم بەغـــەریب یـــدەزانی لـــە ڕووی ریفاقـــەت و کارکردنـــەوە بـــەڵام دوو ســـاڵ پـــێش هـــەموویان لـــە ەکێتیـــدا پێکـــەوە کارمـــان دەکـــرد جگـــە لـــە هەنـــدێك دەم وچـــاوی تـــازە بـــەڵام لەگـــەڵ کـــاك تـــاهیر و کـــاك شـــیروان هەنـــدێکیان دۆســـتایەتی و برایـــەتی کـــۆن و کارکردنمـــان هـــەبوو جگـــە لـــە کادیرەکـــان لەخـــەبات و کـــارکردن بـــۆ شـــۆڕش و گــەل خــۆم لــە زۆریــان بــەزیاتر دەزانــی بــەڵام لــە ڕووی حــە قیــدا بــەخۆم لــە کــاری نــاو حزبــدا ئــەو حەقـــەم بـــەخۆم نەئـــەدا هەمیـــشە دوورم دەگـــرت ئـــەوان زۆر موراعاتیـــان دەکـــردم مـــن ســـەرەتا چـــوومە ژوورەکـــەی کـــاك شـــیروان لای ئـــەو مامـــەوە کـــاك شـــیر وان ژوورێکـــی هـــەبوو هـــەموو خانوەکـــان بـــە درێـــژی دۆڵـــی گونـــدی ( دۆڵـــە تـــوو ) بـــوو خـــانووی بـــچوك لـــە قـــوڕو دار کرابـــوون لـــەناو دارســـتانەکەدا , کـــاك حـــاجی حـــاجی ابـــراهیم لـــەلناو گوندەکـــە بـــوو لەگـــەڵ خاڵـــە ســـەید کاکـــەو هەنـــدێك لـــە ماڵـــەکان یـــا مـــاڵی پێـــشمەرگە لـــەوێ بـــوون , ژوورێکـــی بـــچووك هـــەبوو ... لەگـــەڵ یـــەکێتی زۆر ڕێـــك نـــەبوون یـــەکێتی هـــەوڵی دەدا ئـــەو کۆنگرەیـــە ســـەرکەوتوو نـــەبێت نـــاکۆکی و دۆر دەنگـــی لـــەناو ســـەرکردایەتیدا هـــەبوو بـــە دوو بەشـــی جەوقـــەد , کـــاك دکتـــۆر مـــەحمود لـــە 12 / 12 / 1980 ئیمـــزای کردبـــوو لـــە ســـوریا ( شـــام ) کـــاك رەســـول بـــەرەی جـــودی لـــە راژان لـــە 28 / 12 / 1980 لەگـــەل حیزبـــی شـــیوعی پـــارتی ئیمـــزا کردبـــوو , ئـــەو دووبەرەیـــە دژی یـــەك بـــوون ســـەرەتا بـــوو کـــە کێـــشەی کـــاك دکتـــۆر وکـــاك رەســـول ســـەر هەڵبـــدات چـــۆن کـــاك رەســـول لەگـــەڵ پاســـۆك یـــەکگرتنی کـــرد کـــاك دکتـــۆریش لەگـــەڵ ســـامی ئـــەو لەسـلیمانی ئـــەویش لەشـــەقلاوە جەوقـــەدو جـــوودیش لـــەو بابـــە تـــە بـــوو . بـــەڵام جەوقـــەد باشـــتر بـــوو ئیمکانیـــاتی هـــەبوو بـــۆ یارمـــەتی شـــۆڕش و لهـــەر ئـــەوەیش بـــوو دژی ئێمـــە یـــەکێتی ســـامی بـــردوو پـــارەی بـــۆ وەردەگـــرت و حزبـــی بـــۆ دووســـت کـــرد , لـــەناو سۆسیالیـــست دکتـــۆر و عوسمـــانی قالـــە منـــەوەرو محمـــدی وەتمـــان شـــێنێیی و عبـــدالله ســـوورو محـــسن بـــایزو کـــاك حـــاجی حـــاجی ئیـــبراهیم و زۆری و زۆری کـــە دەرکـــەوت لـــەو کـــاك رەســـول زۆربـــەی ســـەرکردایەتی خۆیـــان بەمارکـــسی دەزانـــی و هەنـــدێك وەکـــو کـــاك قـــادر جـــەباری و کـــاك شـــیروان گیریـــان خواردبـــوو کـــاك قـــادر دەرچـــوو لای دیموکراتـــەکان کتێبـــی مینرۆســـکی و تـــاهیر بـــەگی جـــاف و تۆفیـــق وەهبـــی

دەخوێندەوە واتا هەردووکیان لە گیرفانی بوون , کاک قادر عەزیز و کاک رەسول و جەماعەتیك بەناوی حەلقەی سەقافیەوە لە قیادە مەوقەتەی پارتی دەری کردبوون سامیشی بەجێ هێشتبوون خۆی لە ئێ ران بوو ئەوانیش کاک رەسول هێنابوونی بۆ دژی دکتۆر , کاک مستەفا خۆخیش هاتبووە وە لە دەرەوە بە رەجعی و یاسوریا ناردوویەتیەوە رێگایان نەدا دەنگی بدەنێ , کاک مستەفا یەکێك بووە لەوانەی لەسووریاوە چەکی بۆ کوردستان هێناوە لە حەفتاکانەوە دەوری گرنگی لەکاتی حەسەن خۆشناو شەهید بوو قیادەی موەقەتە گرتیان دوای هەشت نۆ مانگ بەربوو کە دەبوو زیاتر ئەهەمیەتی پێ بدرێت لەبەر ناوچەی بادینان ئەوەش نەکرا , کا ووریاش لە ئەڵمانیاوە هاتبووە وە هەروا مایەوە و هەندێکیش بەپێی پەتی تێکەوتبوون ...

منیش کەوتبووم بەسەر ئەو هەرایەداو توشی چی بووم ... من لەهەردوولا رێزیان لێدەگرتم و سەردانیان دەکردم هە ریەکەش شتێزکی لام دەدرکاند بە تایبەتی کاک دکتۆر وکاک حاجی و ئەوان شتێکیان باس دەکرد , رۆژێك لەماڵی کاک حاجی بووین یەکێکیان وابزانم کاک محمەد وەتمان بوو وتی : تۆ لەگەڵ کێیت و وتم ... من لەگەڵ حیزبم و قسەکەیان پێ بڕی من لە دوورەوە سەیرم دەکرد داوایان لەمن دەکرد خۆم تەشریح بکەم بۆ کۆمیتەی ناوەندی . لەهەردوولا من خۆم تێنەدەگەیاندوو حەزم نەدەکرد چونکە من لەڕووی تەمەن و شێوەی ئیشەکەم و ماوەی کارکردنم لە سۆسیالیست ئەو حەقەم بەخۆم نەئەداو هەر خۆم دوور دەگرت و سەیری ڕووداوەکانم دەکرد کۆمەڵێکی خۆیان بەمارکسی دەزانی زۆر گەرم بوون , کاک قادر عەزیز دوای کاک رەسول و کاک شێرکۆ شێخ عەلی و ئەو مارکسیانە سەرپەرشتییان دەکرد .

کادیری کەیش هەبوو ئەندام لقەکان وەکو مامۆستا سەعدو مامۆستا ئەمین و هەندێکی کەش ئەوانیش شەو رۆژ ئیسراحەتیان نەبوو بۆ کێشە وکێشە بازی و بۆ قسەکردن مامۆستا سەعد دەوری زۆرینە بوو کاک قادر جەباریش خۆی بە مارکسیەکاندا هەڵواسیبوو بەڵام کەس باوەڕی پێ نەدەکردوو هەر بۆ دژایەتی کاک دکتۆریان پێویست بوو کە لیژنەی تە حزیری یا یەکێکیان لەحزب بمێنێ کاک عەدنان لەدەرەوە بوو .

لەکاتی کۆنگرەدا عێراق متابەعەی کۆنگرەی دەکردو هەوڵی دەدا ڕێگا و شوێن ی کۆنگرەش بزانێ و هەندێك تەغیراتی تێدابێت و ئێرانیش لە ڕێگای أیە الله مونتەزی وحاجی مهدی بهادوریان هەندێك چەکیان دابو بە سۆسیالیست و لەڕێگای کۆمیتەی أمدادی امام خومەینی ئازووقە درا بە سۆسیالیست ومانگانە ( 40 ) تەن ی وەردەگیرا , سەرەتای شۆڕشی ئێران حزبی دیموکراتیش جار جار یارمەتی کەمی دەدا ( 50 – 60 ) هەزار تومەنی ئەوکاتە بەو نیازەی کە حیزبی سۆسیالیست بەلارەو عێراق بەرن کە سۆسیالیست ئەوەی نەکرد گەرانەوە بۆلای یەکێتی , بەڵام چەك و فیشەك و ئازووقە لەو ماوەیەدا خاڵە حاجی وەری دەگرت , حزبی سۆسیالیست حزبێکی شۆڕشگێر و بەتوان بوو کادری لێهاتووی بەتوانایان هەبوو لە هەموو بوارەکانی عەسکەری وسیاسی و جوتیاری و سەقافی و بەڵام یەکبوونی فکری و نەبوونی زەعیم و چارەسەری کێشەکانی

هەرە نەخۆشییەكانی بوو وە خۆیشی بەكەمتر دەزانی , سەركردایەتی سۆسیالیست لە ئاستی قەوارەیی جەماوەری و پان وپۆری حزب لە خوارەوە نەبوو تەجروبەیان كەم بوو زۆرشتیان بەعاتفی بوو دەیانكرد هەندێك لەدژی یەكێتی زەرەری خۆیانی پێ خۆش بوو بەلام دژەكەی زەرەر بكات , لەرو وی هەموو دەم بە پێكەنین و قسە خۆش بوون لەپاش ملەبدا وانەبوون كەچەند كەسێكیان زۆر دەوری خراپە یان هەبوو بەلام لەگەڵ ئەوەش دا حزبێركی مێژوویی و بابەتی هێنابوویە سەر گۆرەپانی خەبات لەرۆژانی سەختە مقاوەمەیان دەكردوو دەوری گرنگ و باری كەوتووی شۆرشیان راست كردەوە و بەنەبوونی نان و ئاو ئیدارەیان دەكرد , بەلام لەبواری دانانی بەرنامە وستراتیژییەت و دیاری كردنی دۆست و ناحەزو دوژمن و ژمارەی دۆستەكانی هەریەكە لەبواری خۆیبدا لەسەر ئەساسێ نەیان بوو دووای رووداوەكان دەركەوتن , كاك دكتۆر محمود شارەزا بوو بەلام ئەویش زۆر خۆی تێنەدەگەیاندن و خۆی لائەدا هەندێكی كاڵ و كرچ بوون , كاك قادر لەژێر تەئسیری هەندێكدا بوو .

كاك عادل مورادیش تازە بریاری ئیشكردنی دابوو لە سۆسیالیستدا و هەر یەك لەلایەكەوە بۆ خۆیی رای دەكێشا , كاك عەزیز عەقراویش بێ بەرنامە هاتبو و بێ ەرنامەش ئیشیان دابوی بێ ئەوەی بزانن چی پێدەكرێت و تاچ ئاستێك لەگەڵ سۆسیالیست دەمێنێتەوە , كاك عبدالخالق زەنگەنەش دەیویست بچێتە لیژنەی مەركەزییەوە . زۆر لە كۆنە كادرەكانی پارتی بوون لەوێ ئیشیان دەكرد لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گەنجیان هەبوو لەو فرسەتە نەیاندەتوانی سوود وەربگرن قەبارەی حزب سەرتاسەری كوردستانی گرتبوووەوە و عێراق نالاچار بۆ گفتوگۆی لەگەڵ بكات لەم دواییەش هەنگاوی سیاسی و جە ماوەری و سەربازی و پەیوەندیشی نەبوو .

كۆنگرەش چارەنووس سازبوو بۆ حزب ... لە خانوەكەی كاك شێروان دلۆپەی دەكرد گۆمێك ئاوی تێدا بوو ماسیت تێدا بكردایە لەناو خانوەكەدا چادرێكی هەڵدابوو , لە دەرگای خانوە چووین ە ژوورەوە دەبە سور بخۆیتەوە و بچیتە پشتەوە هەر لەناو خانوو بۆ چاوێكی ناوەوە ... لەتیف پێشمەرگەی كاك شێروان بوو لەسەر قەندسیل لەگەڵ كاك تاهر لەبەفردا خنكان , جولانەیەكی كردبوو لەناو ژوورەكە لە سەرئاوەكە بۆخۆی تێدا دەخەوت خانووەكە تاریك بوو كاك شێروان دەستە پاچە بوو لەئیش كردندا زۆر دامابوو من پێم خۆش بوو لەوێ بووم و دوایی جێگایەكیان بۆ پەیدا كردم زۆربەی مەسئولین لەوێ بوون و هێزێكی زۆری پێشمەرگەش لەوی بوو , خاوەنی هێز بوون خەڵكی باش وەكو عبداللە سوور و حەسەن وەرتێ و محسن بایزو محمد وەتمان و عوسمان قادر منەوەر و مام ئاراس و شێخ مەنسوور و قادر مستەفا و سەید عبداللە سەر سوورو سەید عبداللە كەردزی و شێركۆ شێخ عەلی و قادر چاوشین و صالح سوورو محمد علی مامەند و سەرباز حەمە سوورو عبداللە بۆرو مام غەفورو عەریف عەلی و تحسینە شەل و محمد عبداللە و مەلا نوری و جەمالی مەلاعەلی ... زۆری كەشیان هەبوو وەكو رۆستم مستفی بەگ و ئەنوەری سعید بەگ و زۆربەیان كادری ووشیارو سەربازی بوون .

لــە ڕۆی 1 ی ئایــار رۆژی کرێکــارانی جیهــان منــیش لــە دۆڵــە تــوو بــووم لــە ســەرکردایەتی لــە ڕۆژەکــانی 3 و 4 و 5 /5/ 1981 دا هــەر لــە دۆڵــە تــوو بــووم ناوچــەی سەردەشــت و لەســەر سنوور بەرامبەر بەگوندی شێنێ .

رۆژی 7 / 5 / 1981 کــە برشــیاربوو کــۆنگرە ببەســترێت ( 4 ) تــەیارەی ســیخۆی روســی عێــراق و ( 6 ) هەلیکۆپتــەر هاتــە ســەر دۆڵــە توویــا ســەرووی مقــەڕەکانی و گوندەکــەو خانوویــەك هەربەشــێکی گوندەکــە بــوو ســجنی حزبــی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران بــوو تــەیارەکان بــەناپاڵم و هــەموو جــۆرە چــەکێك لــەو مقەرەقەرەباڵغــەیان دا کــە ســجنەکان لــەو کاتــەدا هاتبوونــە دەرەوە بــۆ ئیــسراحەت ئــەوان بــە کۆنگرەکــەیان زانیبــوو لەگــەڵ لێــدانی هەلیکۆپتــەر بەتــەمای نێــشتنەوەو دابــەزینی جنــدی بــوو بــۆ هــەڵگرتنی جنــازەو برینــدارەکان بــەڵام رەبایــەی پێــشمەرگە لەســەر چــیاکان بــوو لــە هــەموو لایەکــەوە تەقــەیان کــرد لــە تــەیارەکان , مــن ئــەو ڕۆژە دەعــوەتی مامۆســتا محمــد فــاتیح بــووم ( مامۆســتا عمــر ) لــەدەراوی دۆڵــە تــو گەڕاینــەوە کــۆنگرە داخرابــوو بــۆ 12 / 5 /1981 و لــەدەوری مەقــەڕەکان تــا ئــەو کاتــە ( 40 ) کــوژراوو ( 50 ) برینــدار هــەبوو بــەڵام کــوژراوو برینــدار نزیکــەی ( 200 ) کــەس دەبــوو غــەدرێکی گــەورە بــوو لــەو خەڵکــە هەژارانــە کــرا لەلایــەن عێراقــەوە خــەڵکی وا هــەبوو یــان لــەوێ بــوو گەیــشتەوە لای ئێمــەو بەشــێوەیەکی وا کارەســاتەکە دڵ تــەزێن و بــێ ویــژدان بــوو کــەس تەحــەمولی نــەدەکرد لــەوێ بــووین تــا ڕۆژی 11 /5/ 1981 هەڵبــژاردن بــوو لەفەرەنــساو بۆیەکــەم جــار بــوونی حزبــی سۆسیالیــست لــە جیهانــدا بێتــە ســەر حــوکم و حزبــی سۆسیالیــستی فەرەنــسا ســەرکەوت و بردیــەوە بەســەرۆکایەتی ســەرۆك حــزب ( فرانــسۆ میتران ) بۆ ماوەی ( 7 ) ساڵ سەرۆکی کۆماری فەڕەنسا بێت میتران ...

لــەڕۆژی 12 / 5 / 1981 لــە دۆڵــە تــوو لــەناو دارســتانەکەی چــیاکەی نێــو گوندەکــەو بــۆ ســەرەوە جێگــا لــەناو دارەکانــدا چــاك کرابــوو بــۆ دانیــشتن لەزەویەکــە وەکــو ئــەوەبێت لــە هۆڵــدا دانیــشتووین ( 115 ) ئەنــدامی کــۆنگرە لــە مەســئولی عەســکەری و کــادری ســەرکردایەتی و هەنــدێك خــەڵکی ڕێکخــستنی شــار بــە ســەرو چــاوی داپۆشــراوەوە یــەکێکیان نــاوی شــێخ کــریم بــوو لای هێرانــەوە هــاتبوو ,. لیژنــەی سەرپەرشــتی کــۆنگرە هەڵبــژێردرا کــاك عــادل مەســئولیان و کــاك رەســول کــۆنگرەی کــردەوەو تــەقریری سیاســی حزبێکــی مــارکس لینینــی بــوو حزبێکــی شــیوعی بــوو , ئــەو تــەقریرە سیاســیە پــێ دەچــوو حزبــی شــیوعی ئاگــای لێ بووبێــت . بــەڵام لــەو کاتــەدا زۆر ڕێــك نــەبوون بەتایبــەتی کــاك فــاتیح رەســول کــە کــاك فــاتیح بــەلای یەکیــچتیدا دای شــکاندو ( 4 – 5 ) ســەعات درێــەی کێــشا بــەدڵی مارکــسیەکان و ئیحراجــی دیموکراتیــەکان یــا ئەوبرادەرانــەی پێیــان خــۆش نــەبوو مــدەی مارکــسیەت هــەرمابوو , کــەس نەیــدەوێرا دژایــەتی بکــات ئــەو چــند ڕۆژە مناقەشــە لەســەر زۆرشــت کــرا , هاوکــاری پــارتی و یــەکێتیی بــەڵام دوور لەئــەوەی پێوەدیاربــێ لــە یــەکێتی کەئــەوەش ئاســان نــەبوو , زۆری دژی پــارتی بــوون بــەڵام شــە ڕی ئەورشــۆژانەی یــەکێتی و عەزیــەت دانــی سۆسیالیــست لــە لایــەن یەکێتییــەوە بەرچــاوی زۆر لــە کادرەکــانی رەش کردبــوو , شــیوعییەکان دانــران بــە دۆســتی ســتراتیژی سۆسیالیــست , مەســەلەی فەڵەســتین لــە یاســر

عرفات عەرەب تربوون لە کەنداوی عەرەبی یا فارسی ووتیان لەنێوان دوو رەئیدا هەر ناو کەنداوبێت نەعەرەبی و نەفارسی , یەکێتی هەولی لەگەڵ بدرێت ئەگەر شەڕی کرد شەر بکرێت و هەوڵ بدرێت هێزی پارتی بگەڕێنەوە کوردستان بۆئەوەی سراعی یەکێتی لەلاگەڵ ئێمە کەم ببێتەوە سراعی خۆیان زیاد دەکات , دەربارەی دەرچوون لەیەکێتی نیشتمانی خاڵە عەزیز عەقراوی دەیووت : دەبوو ( 3) ساڵ پێش ئێستا لەیەکێتی دەربچووینایە من لای خۆمەوە زۆر ئیحراج بووم من حەقم بەخۆم نەئەدا مناقەشەبکەم خاڵە عەزیز لەبەغدادەوە هاتبوو دەیوت بۆ ( 3 ) ساڵ پێش ئێستا لە یەکێتی جیا نەبوونەتەوە کەس لەگەڵ ئەوەنەبوو لەگەڵ یەکێتیدا یەك بگرێتەوە بەلام دۆستایەتی‌یەکەیان لە دەرەوە بکرێت , واتە سۆسیالیست و یەکێتی , کاك دکتۆر مەحمود هەولی ئەدا رەئی کاك رەسول و کادرەکان بۆلای یەکێتی رابکێشێ ئەگەر حزبیشیان بۆ نەکرا وە ئەبی کاك رەسول و کاك دتۆر دۆستی یەمێتیو پارتی بن , ئەگەر یەکێکیان لەلایەك نزیك بوایەتەوە ئەوی تریان بەپێچەوانەوە لەوی تر نزیك دەبووەوە .
چونکە کاك دکتۆر لە 12 / 11 /1980 جەو قەیدی ئیمزا کردبوو لە سوریا کاك رەسولیش لە 28 /11 /1980 جودی ئیمزا کردبوو لە راژان لەگەڵ پارتی و شیوعی کە دوو جەبهەی دژی یەك بوون . بۆیە کاك دکتۆریش ئەوەی ئەخواست کەلەو کاتەدا بەلای یەکێتی دابشکێنێت خۆیشی ئەوەی هەڵنەبژراد ئەوانیش کە لایەنگری ئەو بوون لە کۆنگرە وەکو پێویست بەشداریان ئەکرد هەندێکیان کاغەزەکەیان بەسپێتی خستە ناو سندۆقەکەوە , دەربارەی ئایدۆلۆژیەتی حزب ئێمە نەحزبی چینی پرۆلیتاریا بووین نە حزبی هەموو چینەکان هەمووچینەکانی تێدابوو بەلا م خۆی بە حزبی مارکس لینینی دەزانی پەیرەو پرۆگرام بۆهەر مەبەستێ بیویستایە بەکار ئەهات واتا ماتاتی یبوو چین و توێژی جیا جیای تێدا بوو وەکو حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی بەرنامە یا هەندێك لەبرادەران بە حیزبی مارکسیان دەزانی ئەو کێشەو مل ملانێیەیش نەك هەر زەرەری پێگەیاندوو لەسەر بەرنامەی داهاتوو زۆر بەرچاوی روون نەبوو لەسەر جەبهەی حودو جەوقەد لایەنگیری جود بوون کە ئەوەش هەلچەیەیکی مێژووی بوو. بروسکە بۆ ولاتان و یەکێتییان پشت گوێ دەخست هەتا کاك عسمان ووتی : بروسکە یەك بۆ برادەرانی پاسۆك لەپەنامانەدا بوون بە پێکەنینەوە خاڵیە عفان ووتی کوڕی شارەکەن و کوڕی چاکن ئەوەندە تەسك بینبوون بەرچاویان روون نەبوو لەسەر ڕووداوەکان شەڕی عێراق ئێسران لەکاتی کۆنگرەردا دەیان تەیارەی هەردوو لا فڕکەی دەهات بەسەرماندا , زۆر دیار بوو دژی یەکێتی ین . باسی هێزی ئێرانیەکان کراو پەیوەندی لەگەل ئێران یا دیموکراتی ئێران دیموکراتیان پی باش بوو بەلام لەگەڵ عێراقیش بەیەك دەست شووتی هەڵناگرێت و زۆربەی خەڵکەکە قسەی کرد بەلام من هیچ قسەم نەکرد خۆم بەتازە لەدەزانی و ئەقڵم زۆربەی قسەکانی نەدەبڕی و تا ڕۆژی 15 / 5 / 1981 ئێوارەکەی کۆتایی بە کۆنگرە هات و ووتیان ئەو کەسانەی ناوی خۆی دەنوسێت بۆ هەڵبژاردن کاك دکتۆر مەحمود ووتی : من خۆم هەڵنابژێرم زۆر داوایان کرد لە کاك دکتۆر بۆ خۆهەڵبژاردن , کاك شێر کۆ ی شێخ

عەلی هەڵساو ووتی خۆی هەڵنابژێرێت بۆ تەکلیفی لێ دەکەن بۆ دەتانەوێ مەلا مستەفایەکی کەمان بۆ دروست بکەنەوە , مەلا مستەفا دەیووت : من سەرۆکی پارتی نالاکەم ەهەر هەڵیان دەبژارد ئێمە حزبێکی نوێین , با یەکێك بێتە پێشەوە و مەبەستی کاك رەسوول بوو و کاك عسمان قالە منەوەر هەڵساو ووتی دەبێت کاك دکتۆر خۆی هەڵبژێرێت و عبدالله سوور و هەندێك کادیر رەئیان وابوو ئەمجا دکتۆر مەحمود خۆی هەڵساو ووتی : کاك شێرکۆ قسەی کردووەو سۆپاسی دەکەم ئێوە پێویست ناکات من خۆم هەڵنابژێرم هەر لەگەڵ حیزب دەبم و هیچ شتێك دژی حیزب ناکەم بەڵام بۆم ناکرێت دائیم لێرە بم , ئەو کەسەی خۆی هەڵدەبژێرێت دەبێت زۆرترین وەخت لێرە بێت , زۆرکەس ناوی خۆی دەنوسی بە زەکێ خانەوە , زەکێ خان ژنێك بوو بۆ پێشمەرگایەتی هەتبووە ئەوێ لەگەڵ سۆسیالیست لەناو پیاواندا بوو قسەی دەکردوو ئەویش خۆی هەڵبژاردوو ناونوسرا داوایان لەمن کرد من ووتم داوای لێبوردن دەکەم من بۆ کۆنگرەش تازە هاتووم ئەو حەقەش بەخۆم نادەم بۆم ناکرێت بەڵام ئەوان ناوی منیان نووسی و چووم کوژاندمەوەو نەمهێشت داوای کۆبوونەوە وا دیار بوو سەرکردایەتی هەموو رێك نەبوو بوو لە سەر ئە وەی من بچمە لیژنەی مەرکەزی و بڕیارێکی تایبەتیان بۆ وەرگرتم چونکە ئەگەر بچمە لی1ژنەی مەرکەزی و لەگەڵیان نەمێنم ئەوا ئەندامی لیژنەی مەرکەزی خراپە ئەگەر رێگەم نەدەن لەوانە تەسەوری ئەوە بکەن کە ناوچەیەکی گرنگ و هێزی زۆرم لەبەر دەستەو پێشمەرگەی سەرەتایی شۆرشم و جیا بکرێمەوە لەوانە یە ئەوەش دڵشکابم لای خۆیانەوە ئەو بڕیارە نوێیەیان بۆ من دەرکرد واتا ئەندامانی ئیحتیاتی لیژنەی مەرکەزی خۆیان لەگەڵ لیژنەی مەرکەزی خۆیان هەڵنەبژێرن بۆئەوەی نەشیش بسوتی و نەکەباب بڕیارێکی بۆ ئەوان لیژنەی مەرکەزی ئیحتیات لەدوای لیژنەی مەرکەزی بێت و هەر ئیحتیاتەکان پێکەوە تەشریح بکرێن لەدوای هەڵبژاردنی لیژنەی مەرکەزی ئەوە یەکەم جار بوو من شتی وابببیستم لەهیچ حزبێکە را شتی وانەبوو . ناوی خۆم لەسەر تەختە کوژاندەوەو ناچار هەرنووسیانەوە بەدڵم نەبوو پێم بناخۆش بوو بەڵام لە رۆژی 15 / 5 /1981 فریای فەرزی ناوەکان نەکەوتن لەناو گونیەیەك دانرابوو کەس سیقەی نەبوو لای کێ دایبنێن منیش ئەندام بووم لە لیژنەی سەرپەرشتی بە هەموویان رازی بوون لای من بێت زۆر سەیر بوو من تازە رۆیشتبوومە ئەوێ ئەو هەموو خەڵکە کە چەند ساوڵ پێکەوە بوون سیقەیان بەیەك نەبوو منیش تازە رۆیشتبوومە ناویان سیقەیان بەمن بوو ...

ئەو شەوە ئەوەی دووحاڵەت بوو یەکەم کەس سیقەی بەکەس نەبوو دوەومیش وایان پیشان ئەدا چەند سیقەیان بەمن هەیە کە تازەش هاتوومە لای سۆسیالیست . من خەباتم بۆ کورد کردووەو لەو حاڵەتە هەر لە 15 / 5 /1981 ئێمە دوای کۆمیتەی ناوەندی ئێمەش نوسراین دەنگ بە نهێنی دراو هەندێك لەوانەی رەئیان بۆ من دەنووسی و سەیریان دەکردوو سوچێکی کاغەزەکەیان پیشان ئەدام وەکو ئەوەی خۆیان ئاگایان لێ نیەو بەڵام غەیرە موباشر واتە ناراستەوخۆ بزانم کێ دەنگی دومەتێ لەوانە کاك رەسول و خاڵە حاجی و کاك احمد فقی رەش و هندێك یان .

ڕۆژی 16 / 5 / 1981 دەنگـــەکان فـــەرز کـــران بـــەم شـــێوەی خـــوارەوە لـــە ( 112 ) ئەنـــدامی کـــۆنگرە کـــاك محـــسن بـــایز دەنگـــەکانی دەخوێنـــدەوە نـــاڕازی بـــوو خـــۆی بەلایـــەنگیری کـــاك دکتـــۆر محمود دەزانی دەنگەکانیش بەم شێوەیە بوو :-

1- عادل مراد ( 98 ) دەنگ

2- عزیز عقراوی ( 75 ) دەنگ

3- شیروان شێروەندی ( 69 ) دەنگ

4- تاهر علی والی ( 89) دەنگ

5- قادر جەباری ( 75 ) دەنگ\

6- رەسول مامەند ( 91 ) دەنگ

7- شێرکۆ شێخ عەلی ( 70 ) دەنگ

8- سید کاکە ( 79 ) دەنگ

9- خاڵەحاجی ( 78 ) دەنگ

10- مەلا ناسیح ( 76 ) دەنگ

11- أحمەد فقی رەش ( 86 ) دەنگ

12- محمد فاتیح ( 70 ) دەنگ

13- قادر شۆڕش ( 64 ) دەنگ

14- قادر عزیز ( 83 ) دەنگ

15- عبدیالخالق زەنگەنە ( 51 ) دەنگ

16- مامۆستا سعد ( 64 ) دەنگ

17- مامۆستا ئەمین ( 65 ) دەنگ

وەئەم ناوانەش بە ئحتیات دەرچوون :-

1- محمد حاجی محمود ( 71 ) دەنگ

2- د. هۆشیار ( 56 ) دەنگ

3- عدنان موفتی ( 53 ) دەنگ

4- ابو علی ( 55 ) دەنگ

5- وریا مستەفا ( 36 ) دەنگ

لە 17 / 5 /1981 لە دۆڵە توو کۆنگرە کۆتایی پێ هات .

نـــــاوی حیـــــزب لـــــه حزبـــــی سۆسیالیـــــستی دیمـــــوکراتی کوردســـــتانەوه بـــــوو بـــــه حزبـــــی سۆسیالیـــــستی کوردســـــتان – عێـــــراق , لـــــه کـــــۆنگرەی یەکـــــەمی حـــــزب لـــــه ( 12 – 15 / 5 /1981 ) لـــه دۆڵـــه تـــوو گـــیرا پـــێش خـــوا حـــافیزی هەنـــدێك چـــەکیان داینـــێ و فیـــشەك و لەگـــەڵ گوولـــه ئـــار . بـــی ز جـــی گەڕاینـــەوه ســـەری کـــاك دکتـــۆر مـــەحمودم داو لـــەماڵی کـــاك حـــاجی حـــاجی ئیـــبراهیم بـــوو هەســـتم کـــرد شـــتێك ڕوو دەدات لـــه زه رەری حـــزب , پـــێش دەرچـــوونم خاڵـــه ســـەید کاکـــه بـــانگی کـــردم بـــۆ پـــشتی ئـــەو خـــانووەی کـــەلێی بـــووم لـــه دۆڵـــه تـــوو هەنـــدێك میـــسال و قـــسەی بـــۆ گێڕالامـــەوه و وتـــی : تـــۆ مەســـئولی لـــەو حیزبـــه وا دیـــار بـــوو دەترســـا بـــچمه لای حزبێـــك یـــا بگەڕێمـــەوه لای یـــەکێتی , زۆر بەجـــدی قـــسەی بـــۆ دەکـــردم منـــیش گـــوێم بـــۆ گرتبوو تا قسەی خۆی کردوو وتم باشه دەبێت بزانین چۆن دەبێت .

مـــن لـــه 17 / 5 /1981 بـــەڕێ کـــەوتم بـــۆ دەشـــتی مـــرداوێ کـــه دەشـــتێکی ســـارد و زســـتان بـــۆ گوێزیلـــه و بـــەرەو مـــیراواو واوان و کـــانی ســـوورو زەراو بەســـەر ڕێگـــای بانـــه کـــه چـــووینه گوێزیـــه و ئارمردە ...

لـــه 1981/5/18 بـــۆ بلـــەکی و چـــەم پـــاراوو چـــووین بـــۆ شـــەۆوەکەی ســـوورەبان و شەشـــخەڵ مـــارین و بادانـــه و دەرەمیانـــه , لـــه 19 / 5 / 1981 چـــووینه دەشـــتی خـــەرمان گـــولانی خـــواروو گـــولانی ناوەڕاســـت و کاکەبرایمـــه ... ئێمـــه لـــه دۆڵـــه ســـوورەوه شـــەوی 19 / 20 / 5 / 1981 چـــووینه چـــەوتان و خـــەڕنووك و ســـیامێوه بـــۆ بەیانیەکـــەی چـــووینه تـــازه دێ و بەردەبـــەل و نـــەوێ و کـــانی ئاســـکان و بـــۆ ریـــشێن بـــه تراکتـــۆر چـــووینه ریـــشێن و چـــەك و فیـــشەك و شـــتمان پـــێ بـــوو لـــه ریـــشێن دەکـــەسمان تـــووش بـــوون یـــەك برنـــەوی درێـــژیان پـــی بـــوو بانگمـــان کـــردن زۆر ترســـان و وتمـــان ئێـــوه چـــین وتیـــان وەلا یـــەکێتین و لـــەکانی خـــەیاران لای پـــارتی ســـجن بـــووین لەشـــەڕی پـــەرخ و ئـــەو نـــاوه گیرابـــوین و ئێـــستا رامـــان کـــردووەو حەرەســـەکەش هـــاتووه و ئێـــوه چـــیمان لێدەکـــەن ؟ مـــن ووتم قابیلـــه بتـــانگرین بـــۆ پـــارتی ... لەگـــەڵ یەســـکێتی شـــەڕی نـــەبوو ... ئاشـــتیش نـــەبو ... بەحەمـــەی ســـەعیدم وت بـــۆ چـــەکەکانیان یـــەکیان لەگـــەڵ بنێـــرن تـــا گردەنـــازێ بـــه ڕێیـــان بکـــەن , یـــەکێکیان نـــاوی حەمـــەی فـــەرەج یـــا حەمـــه فـــەرەج بـــوو خۆیـــان لایـــان عەجایەب بوو بەوشێوەیه هاوکاریمان کردن .

لـــه ڕۆژی 20 / 5 / 1981 لـــه ڕیـــشێن بـــووین ڕۆیـــشتین بـــۆ مـــیری ســـوور بـــۆ مقـــەرەکان و لـــەوێ ماینـــەوه تـــا 24 / 5 / 1981 هـــەر لەســـوورێن بـــووین مـــن ئـــەو هـــەموو چـــاکەیەم کـــرد لەگـــەڵ پێـــشمەرگەی یـــەکێتی لەشـــەڕی ڕۆژی 17 / 4 / 1981 برینـــدارەکانمان بـــۆ چـــاککردنەوه و ئەوســـجنانەمان بـــۆ بـــەڕێ کـــردن لـــه 20 / 5 /1981 ... ئـــەوان لـــه ڕۆژی 26 / 5 لـــه گونـــدی ئـــالان کـــەمینیان دانـــا بـــۆ مەفرەزەیـــەکمان پێـــشمەرگه یـــەکمان بـــەناوی ســـەرحەد حەمـــه ســـعید خـــەڵکی کـــانی کـــەوەی چـــوخ برینـــدار بـــوو رانێکـــی شـــکا یـــەکێ بـــوو لـــەو پێـــشمەرگانەی برینـــدارەکانی ئـــەوانی بـــەکۆڵ دەگواســـتەوه, کاتـــێ کـــه ئێمـــه برینـــدارەکانی ئـــەوانمان نـــاردەوه وتیـــان تامـــاوین چـــاکەی ئێوەمـــان پـــێ رنادرێتـــەوه وادیـــاربوو چـــاکەکەیان وادانیـــەوه ...

لـــەڕۆژی 30 / 5 چـــوومه کـــوڵکنی و شـــیرەمەڕو دوایـــی چـــوومه گێڵـــەك بـــۆ شـــەوەکەی لەگـــەڵ بـــرادەران چـــووینه گـــردی قـــازی وتەپەزێڕینـــه وگونـــدی قـــاجر , بـــۆ ڕۆژی 31 / 5 چـــووینه

گردی شەریف و دۆڵاش و ناوگردان , لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ لەناو گردان هەواڵیان پێ داین کە یەکێتی نیازی هاتنە سەر هێزەکەی ئێمەیان هەیە چونکە هێزی شارباژێر و بەشێکی قەرەۆپداغ و ناوچەکانیان کۆکردبۆوە لەگەڵ ئەوانەیش شارەزوور و هەورامان و شارەزووریان هەبوو بەناو بەس نەشەڕیان پی دەکرا نەهێزی ناوچەکانی تریان دەیانتوانی لە شارەزوور بن هەرکات بمانویستایە زۆر بەئاسانی لە شارەزوور دورمان دەخستنەوە ... سنووری جەولەی ئێمە ناوچەکانی هەرێمە ( 3 ) لە شارباژێر تەخت بوو بە عازەبان و بزینان و دەوری سلیمانی زۆر مەشغوڵی هێنانی سەیارەفرۆشتن و تەنها لە سنوورێکی کەمدا دەخولانەوە , وەناوچەی شارباژێریش زۆر دەوری نەبوو , لە دوای کۆنگرەیش کێشە یان بۆ درووست بوو بوو هەرێمی ( 4 ) لە دۆڵی جافایەتی و مەقەڕیان لەپشتی سێکانیان بوو ئەوان ههاتوو چۆو چالاکیان تەواوی دۆڵی جافایەتی تا خەمزەو لەولایشەوە شارستێن و جار جار بەری کۆسرەت و کۆیە و بەری

لا 438

پیرەمەگرون جادەی دوکان سلیمانی و شەڕی سابیر ئاوا بەناوبانگ بوو، کاك سێرکۆی شێخ عەلی ئامر هەرێم بوو شارباژێرش بەری پاڕەزان تا هەولچو زەلان و بەگوندەکانی نالچپارێز و سەرکان و دەشتی خەرمان و چارغ و دەرمیانە و ئارەو زەروبادانەو چیای لەرێو تاسپارو چەمەك و مامەند ئاواو چنارە چالەغەرێنە و سوێرە و مکلو سەرخوارو چەم یالەو ئەوانەش هەر هەرێمی یەك دەیگەیشتێو بەری پێنجوین لای ڕاوگان و شلێر بوو بەلام بەلام هەرپێشمەرگەی هەرێمیدووپیچدەگەیشت،ئەوەشارباژێر بەر کێو پشت کێو بەرزەلەو دۆستە دەرەو خانووە قوڕەکان و حاجی مامەند و پاڕەزان و چنارە و قولی گیسکان و گۆیزە کوێرو قولی چی و گوێزە ڕەش و دۆل پەموو هەولوزەلان و سویزەو هەرمێلە و پڵنگە و گۆڕێ دێم ونۆرك و موبرەو مامەخەلان وحەسەنەگورگ وکانی و باری خوارو مووسەك دەکەونە ناوچەی لای چەمی ناڵپاریچزو تادەگاتە قەلاچوالان ناوی جۆربەجۆری لێ دەنرێت و دەشچێت و دەچینەوە سەرزێی بچووك لەشارەزووریش دیاربوو، لەشارەزوور عەشیرەتی سدانی یان سیانی هەیە ئەم عەشیرەتە لەئێراندا هەیەو لەگەڵشاتریدا خزمایەتیان هەیەو بەشێکن یان تیرەیەکن لەعەشیرەتی جاف، لەشارەزوور گوندەکانیان ئەمانەیە شیرەمەڕو ئاوایی حاجی حەمەین و تەکیەی حاجیمحمدی سەید مراد و کولکنی کوێخاسمایل و کولکنی حاجی حەمە سوور و کولکنی ئەحمەد فەقێ کەرە م و ازەدێو گردی گۆو تەپەتۆڵەکە و بەری چالەڕەش و قوولە سووتاوی گەرمیانش هەیانە ، ئەم تیرەیە قسەخۆشیان تیایە و پیاوی هەڵکەوتوویپیاوی دنیادیدەیان هەبووە حەمەڕەشید عەبول محمد سەرۆکی عەشیرەتەکەیان بووە و ئیستائەحمەد حەمەڕەشید و ئەحمەدی خەسرەو خۆیان بەبەرپرسیدزانن..پیاوەکانی ناسراوی ئەوتیرەیە حاجی حەمەعبدالقادرو حەمەڕەشید عبدالمجید و حاجی صالح گێڵەکلەئەسلابلباسبوو، حاجیمحمد و حاجی ئەحمەدی قادری تازەدێو کویخااسماعیل و ئەحمەد فەقێکەرەم و محودی محمدی بارام و حاجیحەمەمینی فاتمەحاجی محمد خەسرەو عبدالکریم هەندێکشیان گەلواخین کە کەخزمەکانیان لەناوچەی دیوان دەرەی ئێران لای کوڵ و دۆزەخەرە..گوندی یێلان پێ (250) ماڵ دەبن پێش چۆلکردنی گونەکەیان لەساڵی 1979 گوندەکەیان کەوتۆتە ناوچیای سورێنەوە خەڵکی باشو لەچاو گوندەکانی دەورو بەر ووریاو شارەزاو یەکگرتووترن لەزەمانی ئینگلیز و شەرشی دەوڵەتی ئینگلیزیان کردووە و تەیارەیان خستۆتەخوارەوە

لەسەرەتای شۆرشی ئەیلوولدا دژیشۆڕش بوون و هاوکاری عێراقیان دەکرد تاساڵی 1963 نەیاندەهێشت پێشمەرەلەسنووریانەوە هاتوچۆبکات لەموافەزاتی 1963 وە، شۆڕش چووە سەریان و ئەوانیش بەبێتەقەتەسلیم بوون و لەگێگای خۆیان مانەوە ، پیاوی ئازاو ناسراویان تێدابوو لەوانە دووسێ بەرەی جیابوون قارەمان و ئەرکانی مەحموود گولانەو (گولانە) یەعنی (بچووك) .. حاجی حەمەکەریم و ئێستایش مەلائەحمەی کاك مەحمود یەکێکە لە پیاوە ناسراوەکانیان ،قاینجەو دۆلاشو گوندی بلباسن ، سەعیدیارەی سوبحانئاغا سەرپەرشتی کردوون و پاشان حاجی ئەحمەد مارف و حاجی محمدی دۆلاشی و ئێستاش عبدالرحمان ئەحمەدو کوڕانی حاجی ئەحمەد ومحمودی سەعیدیارە سەرپەرشتی دەکەن ..بەرازی چەند ماڵێکی لە گردەنازیێهەیە ، هۆزی یار وەسیش لەتەپی سەرای سەروو خواروو بەشارەتی سەروو خواروو حاجیخالیدسەرپەرشتی کردوون تیرەیەکن لەئلاشیدا دەبەوە بەیەك و بەلام ئێستا لەناوعەشرەتی نەورۆلێدان دوایی ئەو حاجی مستەفاو ئێستا کاك شەوکەت و کاکامید و حەمەی مام عوسمان سەرپەرشتی هۆزی یاروەیس ەکەن کەمحمودی یاروەیس پیایکی ئاقل و شارەزاو خوێندەواربووە و کەشکۆلەکەی مەحمودی یاروەیس بەناوبانگە کەپێشتر لەپریس و پاشان لەهەلبجە دانیشتووە زیاتر لە(150) سال پێش ئێستا کەئاشی محموی یاروەیس لەهەلەبجە بەناوبانگە سەلمێنەری ئەوڕاستییەیە .. هارونی چەندتیرەیەکە لەشارەزوور و ، حسین قەیتوولی و ئەحمەد مستەفا خالە وحاجی حەمەمارف و خەلیفە عبدالکریم و خەلیفە سەعید و حەمەسالح عەلی وحاجی محمود و حەمەمەولود ڕێشێن و مەلاعەلی مەستەکان و حاجی محمەد رەحمان و عەلی حاجی محەمەد و فەتاحی حاجی ئەحمەد فەتاحەسووری گردەنازیێو حاجی حەمە جان و ئەحمەد بارام وحاجی حەمەئەمین قاجرو حاجی مستەفا گردی شەریف حاجی عەلی سەمین کانی بەردینە و حەسەن محمود خەسرەو و نوری محمود قارەمانی و عومەری حاجی فەتاح و جەباری محمودی حاجی فەرەجی گولان و حاجی ئەحمەد جەرد ئاسنەو حاجی ئەحەد علی توە قووت و حاجیعلی حەمەسەلیم و کوێخا مەحمود غولامی سەرو حاجی عبدالعزیزی کانی بەردینە و حاجیعەلی محمد قادر بیسەلمێن.. ناسراوەکانیان بوون .. عەشرەتی شاتری حاجی قادروحاجی سالح ناوگردانی حاجی فەتاح ومحمود فەتاح و حەمەی فرەج تەپەڕەش و حەمەعەلی سەیدسادق و خەلیفەمحمد تەپەڕەشی و محمودی علی هەیاس و حەمەڕەشید حاجی محمود گامێش تەپە ناسراوەکانی شاتری بوون ، سەرای سوبحان ئاغای تاسلوجەو قەومانی سەراوی حەمەعەلی لەتیرەی یوسوجانی جافن و شاتری بەبەشێکی خۆی دەزانێئەمانەش پیاوی نوکتەزان و بەدەم و بۆقسەنەوەستاون و مەحمودی پیروەیس ڕەئیسیان بووە . والی حەمە عەلی رەئیسیانە و پیاوی ناسراویان والی حاجی فەرەج لەتاسلوجەو عەتافەتاح محمود و خەلکەکەیان هەیە، شێخ اسماعیل شانەدەری سەروو خوارو .. ماوەکان و کێلەکەوە و کەچەلی و گرێزەو کانی پانکەو کانی سپیکە شێخ اسماعیلین، ئاوایی حاجی نامقلەئێران هەیەو کوێخانصرالله رەئیسیانە و ئێستا کاك سالاری کوێخانصرالله ، رۆژی 31\5\1981 کۆمەلێ ییەکێتی هاتە سەرمان لە گوندی ناوگردان کاك شەوکەت وکاك حامید و کاکاکم عومەر مەسئولەکانیان بوون .. ئێمە بەجادەی قیری دۆلاش ناوگردان دەهاتین مەفرەزەیەکمان لەپێشەوە بوومامەڕەشەی کەچە لەتەختاییەکەدا (50) مەتری مابوو لەناو مالەکان تەقەی لێکرا لەهەموولایەکی گونی ناوگردانەوە ، جێگایەکی بەرزو ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای چەم و ناویشەوە جنووبی ڕۆژهەلاتی جادەی قیری ڕۆژئاوای جادەیەبۆ سەیدسادق .. کاك نەوشیران مستەفا خەلکی ئەوگوندەیە لەئەسلا تا ئێستاش کەس و کاری و مام ڕەزای مامی هەر لەو وگوندەن .. ئەو گوندەلەلایەن ڕژێمەوە چۆل کرا هەر لوێ بون و کوڕەکانی خالید ڕەزاو محمود ڕەزاو ئەحمەد ڕەزا لەدوای ڕاپەڕین لەوێ نەماون و محمد ڕەزا ئەمین مەلا

خدر کەئەبن بەیەك پشت لەگەڵ نەوشیروان مصگفی مەلا خدر ،روایەتێکیش هەیە دەڵێن گوایە کاتی خۆی مامڕەزاخەڵکیکوشتووەوچۆتە ناوگردان ،ئەگەر وابێ قسەکەی کاك نەوشیروان ڕاستەو لادێی نیە چونکە کاك نەوشیروان زۆر قسەی بەلادێی ئەوت بەلاّم لەکاتی شەڕی سۆسیالیست و یەکێتی لەکاتی مفاوەزاتی 1984 یەکێتی لەگەڵ حکومەتیعێراق کاك نەوشیروان لەگوندەکان دەگەڕا دەیوت من لەعەشیرەتی شاتریم و لەعێلی جافم بۆیە داواتان لێ ئەکەم کەهاوکاری یەکێتی بکەن و هاوکاری سۆسیالیست و لایەنەکانی تر مەکەن ئیتر ئێمە ئەوە بەجێدێڵین بۆ خۆیان.. محمد رەزای تائێستاش هەر لەوێیە و زەوی و زەرعەتبان هەرلەناوگردانەو..ناوگردان گوندێکی پێشکەوتووی ئەو ناوچەیەیەلەساڵی 1935 ه وە جادەی هەڵەبجە سلێمانی لەناو ئەو گوندەوە دۆلاش و بۆ زەردیان و دووجەیلەو کێلەسپی کەسیروانی ئێستایە تێدەپەڕێت بۆ هەڵەبجە دوای هاتنی یا دروست کردنی سەدی ئاوی دەربەندیخان کەلەساڵی 1954 دەستی پێکردو لەساڵی 1961 کۆتایی پێهات کەکۆمپانیای هازرای ڕاوێژکاری ئەمەریکی دروستی کردووە کەدرێژیی بەربەستەکە ( 535 ) مەترەو بەرزی بەربەستەکە ( 128 ) م و پانی لوتکە ( 17 ) م و پانی بنکە ( 500 ) م و قەبارەی ئاو ( 3 ملیار م 3 ) و ئاستی قاعیدەی بەربەستەکە ( 367 ) م لە ئاستی ڕو وی دەریاوە و ئاستی لوتکەی بەربەستەکە ( 495 ) م لە ئاستی ڕووی دەریاوە ,...

وە ئی\ترب ئەو جادەیەش گوێزرایەوە بۆ گامێش تەپە و گردە نازێ و قەدەفەر ی و تەپە زێڕینە و پردی زەڵم و کردی گۆو تەپە تۆڵەکە و لابمەرکەزی و تەپە گوڵاوی , کێلە سپی و سیروان و قشلاغە روتە وزەمەقی و هەڵەبجە , گوندەکانی لامەرکەزی لە ژێر ئاو بوون یان کردە ناویان ...

دوای دروست بوونی سەدی دەربەندیخان ئەم گوندانە کەوتنە ژێر ئاوەوەو ( عارەوانی شەمێران , خلاّمی لمی , کانی سپی , قۆرتاس , شێخ عمر , قەرەچیەکان , محمودی ئالی خان , گردە شێخە گوندی خەلیفە محمد , بنەی محمود سیمە , دێی حسین , زەرەدیانی شێخ محمود , حاجی رەقە , تەپە کەلی شێخ , کشەدەری , قاجری پێشوو , گردی صادق , دۆلاش , عەرەبەکان , شاملۆ , سۆیلەمیش , کەڵتەکە , بنەی عبدالرحیم کریم ) و ئەمانەو چەند گوندێکی دیکە , ناویان ( لامەرکەزی ) ئەوکات باسی لامەرکەزی پدەکرا لەگەڵ شۆڕشدا حاجی حەمە علی خەلیفە لەعەشرەتی کوڵوور و تەپە گوڵاوی و خاك و خۆڵ ئەمانە کەڵووڕن حاجی حەمە عەلی و ئەحمەدی برای و عومەری عبداللە شاخاتوون و حاجی عبدالکریم شەکرالی سەرپەرشتیان دەکردن لەگەڵ حاجی محمود رەحیم لە خاك وخۆڵی , ناوگردان پارتی تێدا بوو , یەکێتی تێدابوو بەلاّم سۆسیالیستی لە هەمووان زیاتری تێدا بوو زۆربە ی گەنجەکانیان سۆسیالیست بوون و خزمەتی سۆسیالیست وشۆڕشیان بە عام کردووە هەمیشەش شەڕ لەم گوندەدا ڕوویداوە لەگەڵ عێراق , هەمیشە پێشمەرگە سەرکوتوو بووە چونکە جوغرافیای گوندەکە وایەو لەو بارەوە جەماوەرەکەیشی پشتیوانی شۆڕشیان دەکیـد حەمەی وەنەوشی و عبداللە ی وەنەوشی لەو گوندەدا بوون حەمەی وەنەوشی عەشایەروو کەڕە جاف بوو عبداللە یش پیاوێکی عاقڵ بوو , ئەو دەچوو داوای لە خەڵکی دەکرد کەببێتە شیوعی و کەس نەدەبوو بەشیوعی و عبداللەش دوای ئەو دەچوو قسەی دەکرد ئەیانوت کاك عبداللە چاومان بە تۆو قسەی تۆ دەکەوێت حەز دەکەین ببینە شیوعی بەلاّم رەفتارو قسەی حەمەی برات ئەگەر شیوعی وەکو تۆبێت ئێمەیش شیوعین وەئەگەر وەکو حەمەی برات بێت ئێمە دژی شیوعین , لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ وە ئێمە لە دۆلاشەوە بۆ ناوگردان چووین ڕۆژی 31 / 5 /1981 بوو لە دەوروو پشتی ناوگردانەوە تەقەیان لێکردین ئێمە کەتینە سەرووی گوندەکەوەو چووینە گوندەکەوە , کاك رەووف و ئەوان ڕاست چوونە ناو گوندەکە لە دواوە لە دەشتاییەکە یان لێیان کوژراو لەوێ شەڕ بەگەرمی

دەستی پێکرد یەکێتی نیو سەعات زیاتر مقاوەمەیان پێ نەکراو شکان بەرەو بێرشکە وسەید ساسدق ئەو قوەتە لە پێشەوە ناردبوویان جێگاکانیان بگرن تا هێزەکەیان نان دەخوات لە بێرشکەو شاتوان و کەڵتەکەو کەڵووران بۆ ناوگووندان داگمەزرێن تا ئێمە دێین دەیانزانی ئێمە لەگردی شەریف و لە قاجری تائەو کاتە شەڕمان نەبوو ئێمەش ویستمان لە ناوگردان نانی نیوەڕۆ بخۆین بۆ ئەوەی ئەوان زوو ناوگردان ئەگرن ...

بەلام تا ئێمە چووین ئەوان گرتبوویان راومان نان بۆ بێرەشکە ئێمە لەمەسەکان و , مەسەکانی مەلا عەلی وناوگردان بلاّ و بووینەوە و وتمان شەڕ تەواو بووە ئەوان هێزێکیان ناردبوو بۆ گردی شەریف و لە بێرشکەوە هێزێك بۆ دۆلاّش و هێزەکەی کەشیان لە بێرشکەوە بە بلاّوی بەناو گۆلە بەڕۆژەی شارەزوور لەنێوانسەید سادق و ناوگردان یا ئاوایی حاجی قادرەوە هێرشیان هێنا ە هەموو لایەرکەوە خەریك بوو دەستیان دەگەیشتە گوندەکە ئێمە دامەزرابووین نانمان دەخوارد حەرەسەکە تەقەی کردو ئێمەیش هاتینە دەرەوە , لە سەعات ( 3 ) ی پاش نیوەڕۆ لە گردی شەریف و مەسەکان ودۆلاّش و پردی کەرخنکێنەو بێرشکە و ناوگردان و درێژایی ناوچەکە شەڕ بوو هێزی یەکێتی نزیکەی ( 300 ) کەس بدەبوون بەلاّم ئێمە کەم بووین بۆ شەڕ نەهاتبووین نزیکەی ( 120 ) کەسێك دەبووین هەر یەکەم تەقە ئەوانمان شکاندو هێزی شارباژێرو هەرێمی یەکیان بەرەو دۆلاّش راونان و دوو جەنازەیان بەجێما , بۆ هەردووکیان زۆرم پێ ناخۆش بوو بەتایبەت بۆ عومەر چوونکە پێشمەرگە بوو لەگەڵ خۆم جەنازەکانمان بەخەڵکی گوندەکەدا ناردەوە , لەیەکەم تەقەی ناوگردانیش والی ناوێکیان بەجێ هێشت و هەڵهاتن و هێزەکەیانمان پەرت و بلاّ و کرد هەرچییان دەکرد لەهیچ لایەك لەدەستمان ڕزگارنەدەبوون بۆ مەسەکان و بۆ سەرجادەی قیرو مەسئولەکانیان چوونە سەر جادەی قیر واتە لای عێراقیان هەڵبژاردو سواری سەیاە بوون و تا ژێر رەبایەکانی عێراق ...

لە ئاوای حاجی قادرەوە دەرباز بوون و ئەوان ( 5 ) بریندار و ( 3 ) کوژراویان بەجێ هێشت کوڕی ئەحمەد نایلۆن و جەباری خوولە ئامە کەپێشتر پێشمەرگەی سۆسیالیست بوو بە برینداری گرتمان و ئێمە تەنیا یەك برینداری سووکمان هەبوو بەناوی صالح بەغدادی سێ پارچە چەکمان لێیان گرت و هێزەکە یان بە جۆرێك شکاوو دەیان گووت ( حسك ) بیەوێت عێراق دەگرێت بۆ ئەوەی پێیان نەڵێن بۆ شکاون ئەو ڕۆژە گوللەی ژێرسی لەسەرچەکی مامە رەشەی کەچە بەو گوللانە تەقەی دەکردوو لەلای ماڵی حوسین عبداللهی دابوو ...

جادە قیرەکەی بڕیبوو وتمان ئەوە جێگای چیە ... کاك حسین سەر بەپارتی بوو خەڵسکیش ئەوەندەی پێ خۆش بوو یەکێتی شکاوە وتیان حسك ئەرز ئەدرێت هەر یەکێتی راوناوە زەربەیەکیشی دەدرێت بەدوایاندا ( حسك عەرز ئەدرێت )لەوە پەیدا بووە , ئەوەی تەزبیحی درێژ بوو ڕیشی درێژ هەمووی بە حسك ناسرابوون و عەرز ئەدرێت هاتە پاڵ ئەو شەڕە یەکێتی زۆر ترسان و وورەی هێزەکانی ئێمەش زیاتر بوو ...

ئەوڕۆژە تادرەنگ چووینە مەسەکان و , مەسەکان مەلا عەلی و گردە نازێ و ناوگردان لەوێ بووین بەڕێ کەوتین بەرەو بیرشکە و کەڵوران و سۆیلە میش , بەلاّم ئەوان هەلاّتن وئێمە ئەو شەوە ئەو ناوی نهێنیمان حەمە سوور بوو, مەفرەزەیەکمان لە مەقەڕی اکنی خەیارانەوە هاتە خوارەوە بۆ لامان ئەوانیش بۆ خۆیان ناوی نهێنییان حەمە سوور دانابوو .. کاك نوری حەمە عەلی یان لەگەڵدا بوو لێمان خوڕین و بەهەمان نهێنی جوابیان دایەوە و هاتنە لامان زۆرمان لاسەیر بوو وتیان بە سوتفە ئێمەیش هەمان ناوی نهێنیمان داناوە و دوایی چووینە گردەنازێ لەوێ لە ڕێگای ڕێکخستنی حیزبەوە کاك شاخەوان و ( کاك حەمزە محەمەد ) و کاك کاروان ( کاك کەمال عزالدین ) هەردووکیان هاتن لامان خەریجی جامعەی موصل بوو بەلاّم گیرابوون بۆ سەربازی دووکەسی موسەقەف و باش بوون پێمان خۆش بوو هاتن ئەو شەوە باسی شەڕەکەمان کرد کە یەکێتی چۆن شەڕمان پێ

دەفرۆشێت , ئەو شەوە لە عەلیاوا بووین ئەوان چاوەڕی بوون چۆن بخەوین لای خەرمانێکی گزر لامان دابوو وتیان ...چی بە خۆماندادەدەین وتمان ئەوگزرەیە ئەوان بە خۆیاندا دابوو بەیانی هەڵسان هەموو سەروچاویان پڕ کاو پووشی گزرەکە بوو , زۆریان لاسەیر بوو لەو ژیانە تازەیە چۆن ئیدارە دەکەین سوئالیان لەمن دەکرد دەربارەیشەڕ بۆ بکرێت من زۆر هەوڵم لدا فەناعەت بکەن کە ئێمە شەڕناکەین ئەوانیش ئێمەیان دی بەو ژیانە باوەڕیان دەکرد ئێمە پێشمەرگەین و ئەوانیش شەڕمان دەکەن زۆر قسەمان دەکرد زۆریش موراعاتمان دەکردن , ئەو چەند ڕۆژە لە لامان تەوزیع دەبوون زۆربەی وەخت پێکەوە بووین لەو شەوەیان لە و ڕۆژەوە ئەوان لەسەید سایقەوە هاتبوون موتابەعەیان دەکرد پرسیاریان لە پێشمەرگە دەکرد .

لەڕۆژی 1 / 6 / 1981 لەعەلیاوا بووین هەوڵماندا خۆمان لەشەڕی یەکێتی لابدەین و ناردمان نان و شتیان بۆ هێناین , لە ڕۆژی 2 / 6 چووینە ریشیچن و مەقەڕمان لە سوورێن و مەقەڕێکیشمان تازە لەکانی خەیاران دانابوو پەیوەندیمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزراندبوو لە ڕێگای چەند ڕێگای جەنگەهای نامونەزەمەوە بۆ دەرەوەی ئێران دامەزرابوو لە لایەن دکتۆر مستەفا چەمران وەزیر دیفاع لەسەر چەند خاڵێك رشێیکەوتبوون مەسئولی عیلاقاتمان ئەو کاتە نوری حەمەعەلی بوو هەر لەوکاتەدا کاك کاروان و کاك شاخەوان دوای ماوەیەك نێرران بۆ عیلاقاتی مەریوان , ڕۆژی 1 / 6 /1981 چووینە گوندی عامووره لەوێ بووین بۆ ئێوارەکەی چووینە شیرەمەڕو هەواڵمان زانی کە یەکێتی هێزێکیان هێناوە و هێزەکەیان کۆکردۆتەوە بەتەمای پەلاماردانی ئێمەن یابێنە ناوچەکەی ئێمە , ئێمە چووینە گێڤڵەك و گردی قازی و تەپە زێڕڤینە و تەپە سەرقوولە وکێشەوەری وقاجر , ئێمە نزیکەی ( 70 ) پێشمەرگە بووین ئەو ڕۆژە لەقاجر خەبەریان هێنا کەیەکێتی لەگردی شەریف و مەسەکان و دۆڵاش و گردی شەریفی کۆن و کشەوەری هێزیان دامەزراندووە خەبەریان دابوونێ ئێمە ( 10 ) کەسین لەقاجر لەماڵی شەهید مام والی بووین کاك شاخەوان و کاك کاروانیش لەوێ بوون هێزی ئێمەیش لەناو قاجرو چواردەوریدا دامەزران ئەوان بەناو گیاو چەمی ریشێن و جۆگەی نادردا بەرەو لای ئێمە دەهاتن کەم , کەم و بەناو گیا لەسەر چۆك دەهاتن ئێمە بێ منەت بووین ناو گوند ( 70 ) پێشمەرگەین یان ئەوان چەند ڕۆژێك پێش ئەوە شکابوون ئێمە لەدەرەوەی گوندەکە بووین گوندەکەمان لێ سەندبوونەوە ئەوان لەدەرەوە ئێمە لەناوەوە دابووین , قاجر گوندێکی ( 45 ) ماڵی بوو لە پەنای دەشتی شارەزوور لەسەر ڕۆخانەی ئاوی ریشێن وە خوارووی ئەوەوەو لە دوو تۆی سیەکانی زەڵم و تێکەڵ دەبوونەوە قاجر ئاوداروو زەوی بەپیت و بەرەکەت و خەڵکی باش و بەرچاو فەریع وخزمەتگوزاری پێشمەرگە بوو , مام والی حاجی محەمەد پیاوێکی دڵسۆز و سۆسیالیست و لە خۆبووردوو بوو یەکێتی چەند جار گرتیان و سجنیان کردبوو لە کاتی مفاوەزاتی یەکێتی لەگەڵ عێراق کاك بەکری حاجی سەفەر مەسئولی مەڵبەندی یەکێتی بوو مام والی و تۆفیقی حاجی حەمە عەلی و فەتاح أحمد مارفی تەپە تۆڵەکە و ڕەحیم أسماعیلی تەپی سەفاو موشیر محمد عەزیز گردەنازێ و لە جوملەی گیراوەکان بوون هەوڵی گرتنی کاك محمەد دۆڵاشی دەدرا بەڵام بۆیان نەگیرا . مام والی لە ڕۆژی 13 / 12 /1993 لەشاری سلیمانی لەبماڵی ئێمە لەبەرگری دابوو لە هێرشی پارتی بۆسەرمان بریندار بوو دوای ماوەیەکی کەم شەهید بوو ئێستا هیواو هەژاری کوڕی پێشمەرگەن و لەشەڕی ئیسلامیدا هەژار بریندار کراو خێزانە شۆڕشگێرەکەی نەسرین خان مناڵە ووردەکانی بەخێو دەکات و سەرپەرشتیان دەکات , ئەو ڕۆژە فەلاح حاجی مستەفایان ناردبوو بۆئەوەی ژمارەی ئێمەیان بۆ بەرێتەوە فەلاح لە ڕێکخستنی سۆسیالیست بوو بەفرسەتی زانی بوو بێت و خەبەری ژمارەی یەکێتیمان بداتێ هات و وتی لە حدودی ( 400 ) کەسن ...

کاك حاکم عومەر وکاك شەوکەت وکاك حامید مەسئولیانە ئەوسێ کەسە دانرابوون لەدژی یەك بۆ تیپەکانی شارەزووررو هەورامان ...

یەکێتی لەناو خۆیان ڕێك نەبوون هەریەکە خۆی بەمەسئولێك دەزانی بەلاَم لەسەر شەڕی ئێمە ڕێك بوون وتی ئەو هیچزەش بڕیاری شەڕی ئێوەیان پێیە ئەگەر کەمن ئێرە چۆڵ بکەن و ئێوەیان 10 – 15 کەس زانیوە کە هێزەکەمانی بیرنی گەشایەوە من نامەیەکم نووسی بۆ هەرسێکیان وتم با کوڕی خەڵکی بەکوشت نەدەین من دێم و ئێوەش وەرن با مەسئولەکان بکوژرێنبۆ خەڵکی بە کوشت بدەین و خۆمان لەدواوە کاك شاخەوان و کاك کاروان سەیری نامەکەیان کرد لەگەڵ مام والی و فەلاح , فەلاح وتی : بابڕۆم بڵێم کە ئێوە حەفتا کەسن بانەیەن چونکە بزانن لە (10 ) کەس زیاترن ئەوان ناوێرن بێنە سەرتان من پێم وت بڵێن ( 40 ) کەسن نامەکە تەواو نەبوو فەلاح بەراکردن گەڕایەوە بەینی هەردوولا ( 15 ) دەقیقە بوو کاك شەوکەت و حاکم عومەر بانگیان کردبوو چی بوو وتبووی ( 40 ) کەسن کاکە حەمە ڕەشە نامەیەکی نووسیوە واشی وتووە , بەلاَم فەلاح لەو کاتەدا هەموو ئامر کەرت و مەسئولی یەکێتی و پێشمەرگە چاوەڕێی گەڕانەوەی فەلاح بوون ئەوان هەوڵیان ئەدا فەلاح بەبێ دەنگ قسەیان بۆ بکات و بەلاَم فەلاح بەدەنگی بەرز قسەکانی منیان پی دەڵێت هەرچی هەوڵ دەدەن بیشارنەوە ناکرێ , هەر لەوێدا پێشمەرگە زۆر لە مەسئولەکان پێیان دەڵێن راست دەکات ئێوە سی کەسن بڕۆن شەڕی بکەن پێویست ناکات ئێمە بێن تا ئەوە کرا ( 50 ) کەسی یەکێتی گەیشتنە کشەوەری ,لای ڕۆژهەلاتی قاجر بە ( 500 ) مەتر منبەکاك رەوفم ووت .. من و دەستەکەم وادەکەم بکەونە پشتی ئەوان ئێۆوە تەقەمەکەن تانزیك دەبینەوە ئەگەر تەقە بوو ئێمە لە پشتەوە لێیان دەدەین من و دەستەکەم حەمەمین شەمێرانی و ( 25 ) پێشمەرگە چووینە نێوان تەپە زێرینە و تەپە سەرقولە و لەماوی ( 20 ) دەقیقەدا هاتینەوە کشەیەری و سەرچەمەکەو سەیرمان کرد یەکێتی خۆیان داوەتە پال خانوەکان و ڕوویان لە قاجرە ئاگایان لە پشتی خۆیان نیە , ئێمە لە دووری ( 30 ) مەتری دابووین هەموو لوولەی چەکەکانمان لە دواوە لەناوشانیەوە گرتبوو , ئەوان بە کۆمەڵ وەستابوون لای عارەبانەی تراکتۆردا قسەیان دەکرد بۆتەقە دەستی پێ نەکرد , لەوانە کاك حەمیدو ئەحمەد شاتوانی و جەلال کوڵکنی و زۆری کەمان باش دەناسی هەموویان دەناسران ماڵەکان شەش ماڵ بوون ئەوان لە جێگەی ڕووتەدا بوون ئێمە لەسەنگەرو توترك دا بووین لە جۆگەدا لەسەنگەر گرنگتر بوو برادەرەکان ...

حەمە سعید مەسئولیان بوو حەمەمین شەمێرانی و حەمەشوتە زۆر محاوەلەیان کرد بۆ کوشتنی کاك حامید و جەلال و ئەوان بەراستی من ویژدانم قبوڵی نەدەکرد بۆ کوشتنیان بەتایبەتی جەلال پێشتر برایەکی کوژرابوو . بەلاَم یەکێتی هەلی ئێمەی بۆ ڕێکەوتایە دەیکردوو من زیاتر نەمهێشت بەلاَم وتم ئەگەر لە قاجر تەقە بوو ئەوە گرنگ نییە و ئێمە لەبەردە ستمان دان و ئاسانە کاك شاخەوان و کاك کاروانمان لەگەڵ بوو من شەخسی حەزم بەکوشتنیان نەدەکرد بەلاَم ئەوان وایان نەدەزانی , تاریکی کردوو کاك رەووف ئاگاداری کردم کەوا یەکێتی گەڕایەوە بە جیهاز داوای کاك حامدیان کرد بگەڕێتەوە , کاك حامید وتی بۆ تەقەتان نەکرد هەر زانیم وای لێ دێ , وتیان بگەرشێرەوە لامان , برادەرەکان گلەییان لەمن کرد کە ڕێگام نەدا هەنگوینی بی مێش هاتبووە بەردەستیان ... کاك حامید وتی بگەڕێنەوە گوێمان لەقسەکانی بوو لەپەنای دا بوو جەلال کوڵکنی داوای ئیجازەی کرد بۆ ماڵی خۆیان و ئەگەر فرسەتێك دەستکەوت کاك حامید هەوڵیدا نەڕوات فایدەی نەبوو کاك رووف وتی بگەڕێنەوە قەدەفەری و ئێمەش دەچینە قەدەفەری گوێمان لەوە بوو جەلال دەڕواتەوە زانیمان لە تەپە سەرقووڵەوە دەڕوات ئێمە هاتین لەسەر ڕێگاکە دامەزراین و دەمانویست بیپەڕینەوە بۆ کانی سەید لەتەپە

سەرقوولەوە بڕۆین , ئەوان هەشت نۆکەس بوون وتیان با یەکێك لە پێشەوە بڕوات نەك لێرەبن وتیان نەعێرە دوو تەقە بکەین ئەگەرکەسی لێ بێت دەبێتە تەقە , کەسی لێنەبێت تەقە ناکرێت دوو فیشەکیان تەقاندە گوندەکە من نەمهێشت لەوێش تەقەیان لێ بکەن وادایان بەبەردەممماندا لە سێ تا چوار مەتردا ڕۆیشتن و ئێمەیش بە ڕێکەوتین بۆ قەدەفەری نانمان خواردوو بۆ عەلیاوە ئەو ڕۆژەش لە عەلیاوا بووین هێزەکەی یەکێتیش بەرەو گردی شەریف و دۆلاش و ناوگردان گەڕایەوە .

لە ڕۆژی 5 / 6 / 1981 لە عەلیاوا بووین بۆ ڕۆژی دوایی چووینە ریشێن و ناردمان گۆشت ەشتیان بۆ پێشمەرگە هێناو هێزەکەمان لەگەڵ کاك ڕەوف مایەوە و دابەش کرانەوە بەسەر ناوچەکان ...

هەرێم هەرێم من وکاك شاخەوان و کاك کاروان و حەمە سەعید و مەفرەزەکەی خۆم گەڕاینەوە , لە 7 / 6 چووینە کانی خەیاران و سەردانی مەقەڕەکانمان کردو لە ڕێکخستنی ئیش و کارەکان کۆڵینەوە و دوایی چووینە مەقەڕی سورێن و لەوێ پەیوەندیمان کرد بۆ ئەو ئازووقەو تەقەمەنیەکە لە ئێرانەوە وەردەگیرا بۆ سورێن و دابەشکردنی ناردنی ماڵەکانی پێشمەرگە بۆ مەریوان و کۆکردنەوەی انوو مەقەرەکۆنەکانی قیادەی موەقەتە وتەعمیرکردنەوەیان و کڕینی ڕۆنیۆو تابیعە و فۆتۆ ستێنسڵ و موەلیدەی کارەبا بۆکانی خەیاران و پاشان نەقڵ کردنی بۆ سورێن و دهرەکۆرەو دەرکردنی بەیانێك لە سەر ڕوو داوەکانی سنووری لقی سلیمانی دروستکردنی پۆستەری سیاسی و پۆستەری شەهیدان وئیعلامی ڕۆژانە تا ئەوەمان تەواو کردوو موافەقەتی ئێران و ەورەقەی هاتوچۆ بەناوی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە بۆ سەرانسەری ئێران کرا ، لە کاتێکدا پارتی وەرەقەی ڕەزامەندی موسڵمانانی کوردی عێراقییان بۆ دەرکرا ئەوەندە سەرکەوتنی باش بوو بۆ حیزب بە دەستی هێناو وەرگرتنی فیشەك بە سندووق و وەجبەیەك چەك و ئازووقەی لەحەد بەدەرو تامین کردنی ماڵ پێشمەرگەو ئەوانیش کاك کاروان و کاك شاخەوان نێرران بۆ عیلاقات و پاشان بۆ مەسئولی عیلاقات و سەرکەوتنیان بە کارەکانی حزب بەدەست هێنا و کەوتینە قۆناغێکی نوێوە ناردنی مەقەرێکی بچوکی سوپا بۆ میر سوور لای ئێمە و درووست بوونی سیقە لە نێوانماندا پارتی خستە پەلەقاژەوە کە پێیان ناخۆش بوو ..لەو لایەش یەکێتی ئەو هەواڵانە یان پێخۆش نەبوو، کۆبوونەوەی جەماوەرێکی زۆر و سوود وەرگرتن لە چیای سوورێنی سەرکەش کە چیایەکی سەختە و نزیکیشە لە هەموو ناوچەکانی سلێمانی و شارباژێرو شلێرو قەرەداغ و هەمووی دەبەستەوە بە یەکەوە بە یەك شەو بۆ هەر لایەك دەگەیشتن مەفرەزەکان پشت ئەستوور بە وورەی چیای سورێن و پێشمەرگە لە دوورەوە دروستکردنی شەبەکە یەکی جیهازی هۆکی تۆکی و ڕاکاڵ بەستنەوەی پێکەوە تا کاتی خەیاران و تەواوی سنوری چالاکی ڕۆژانەی پێشمەرگەو گەورەکردنی بارەگای بانی شارو میری سوور و دەرەکۆرە و دانانی تەلەفۆن بۆ مقەرات و ڕاگەیاندن و دامەزراندنی بارەگاکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە ئەشکەوتی هەورامی و خحەمە شێت و مەرتە سەو دەرە کۆرەیش مەقەری سەرەکی و میری سوورو هەرمێڵە یشمان دا بە پاسداران و بانی شاروو هەموومان بەستەوە بە یەکەوە و دۆشکەی هەموو مەقەرەکان دەگەیشتە یەك..بۆ جێگای زستان و جێی گەورە و دایم (40–50) سجنی هەمە جۆرمان هەبوو میوان و هاتوچۆوهێنانی سەیارە و شۆفڵ و شتی ڕژێم و ئازووقەی زۆر و تێکەڵبوونی ڕۆژانەی جەماوەر ، لقی سلێمانی حزبی سۆسیالیست بوو بە دەزگایەکی سەربەخۆ بە هۆی دەوری بارەگاکانی سەرکردایەتی و نەبوونی پەیوەندی ئێمە و سەرکردایەتی جگە لە نامەو هاتوچۆی نامە لەو کاتەیشدا جوابم بۆ کاك عبدالخالق هەورامی ناردوو کە مەسئوولی ڕێکخراوی تەوێڵەو هەڵەبجەی یەگکێتی بوو کە خەبەریی منی بیست بوو ئەویش پێشتر بڕیاری دابوو بێت بۆ لای سۆسیالیست ،ئەویش چووە سەرکردایەتی و گەڕایەوە لامان لە کانی خەیاران..پەیوەندی

کردن بە جەماوەرەوە و پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو لە ڕێگای ئاغای (ایە الله منتزری )و نامەی ئاغای (خامەنەیی )بۆ بەنی سەدری سەرۆك کۆمارو وایە الله خامە نەیی ئەو کاتە لە شوورای عالی دیفاع بوو ..مەریوان و ئۆرمیە و هاوکاری ئێمە لە شەڕی عێراق ئێران و بوونی وجودی حزب لە سنووری سلێمانی و پێشتر دکتۆر (چەمران )و پاشان سەیادی شیرازی ڕەئیسی پادگانی مەریوان بوو سەهەنگ جەمالی و پاشان حاجی ئەحمەدی مەستەوە سڵیان کەیەکەم مەسئولی سوپای پاسدارابن بوو لە مەریوان سەردانی ئێمە و ئەوانە هەمووی یەکی گرتبوو ،دوای ڕێکخستنەوەی کارەکان و دڵنیابوون لێی تا زستان بە ڕێ دەکرێت کارێکی باش و هەموویم ڕێکخست.

لە ڕۆژی 1981/6/21 گەرامەوە دەرکوڕەو پاشان بۆ شارەزوور سەردانی هێزەکان و هەرهەمان ڕۆژ بۆ ئێوارەکەی چووینە گردە نازێ بۆ ڕۆژی دوایی لە عالیاوا بووین چاوەڕێی هێزەکانمان دەکرد کە بۆ پەڕینەوە ئەو ڕۆژە نزیکەی (160 ) پێشمەرگە کۆبوونەوە لە عەلیاوا شەو چووینە گردی شەریف و ڕۆژی 1981/6/23 لە گردی شەریف و مەسەکان و دۆلاش و ناوگردان بووین تەوزیع ببوین دوایی چوینە بیرەشەکەو شاتوان ،لە 6/24 لە گەڵتەکەو کە لوران و بووین و ناوگولە بەڕۆژەو لە گردی ئەحمەد کاکە وەیس دوایی چوینە کەڵۆران سەعات (9) سەر لە بەیانی جێبێکی قیادەی سەربازی خۆی کرد بەناو دێداو لەگەڵ دوو پێشمەرگە حەرەسەکەی سەر جادەی سەید صادق کەلوران لەناو دارەکان لەسەرووی دێیەکەوە پێکاهەڵپژان و بوو بەتەقەو هاتینە دەرەوە و سەیمان کرد زابتێك و دوو سەربازی تێدایە و سەیارەکە لە کارکەوتووە و ئەفسەرەکە بە پلەی رائد بوو ناوی (رائد عباس عبدالصمد علی )بیرندار بوو جێبەکەمان سووتاند و یەك سندوق رومانە و دوو کلاشینکۆڤ گیراو پێی دەچوو بۆ ڕاوەماسی بۆ سەر بەحرەکە دەچوون تازە نەقڵ بووم بوون ئەو ناوە شارەزا نەبوون چاویان لە بەحرەکەی دەربەندیخان بوو کە نزیکە لێیانەوە،رائد عباس رائدی استخبارات بوو ،دوای چووینە گوندی بێرێشکەو و شاتووان و دۆلاش و گردی شەریف و ئەو ناوە.

لا453

473

محمد علی مامەندو ڕەسول محمد مستفی لە جافەتی هەرێمی چوار قادر چاوشین و صالحە سوور و شێرکۆی شێخ علی مەسئولیان بوو لە شلێرو شارەزوورو هەرێمی یەك و بەشێکی هەرێمی پێنج لەبەری دەربەندیخان وە هەرێمی دوو لە سنووری پێنجوێن و بۆ تەوێڵەو تا بەمۆ هەموو ناوچەکەی لە ژێر دەسەلات بوو لە ڕواندز هەرێمی 12 و عبدالله بۆر و لە دەشتی هەولێرو قادر مستفی و مامە غەفەو تەحسینەشەل لە خۆشناوەتی بکر توتنەیی و ئەحمەد خان شنە بۆڵێ و ەپێشتر سەید سەلیم سەید عبدالله و کەردزیی و و سەید عبدالله ی سەرسوور و شەهید خالید خدر و مەلابکر حەمە و محمد عبدالله قادر عبدالله دڵزار کۆیی و حەمە سوورو دەیانی کە لەکادرو پێشمەرگەی بە توانا مقابل بەوان یەکێتی زۆرلاواز بوو پێشتریش شەهید ڕێباز سۆسیالیست بوو یەکێتی هەولێ ئەدا بۆ یەکەم جار کە کێشە ببێت لەو ڕێگایە وە لە سۆسیالیست بدات و لەناوچەکان دەریپەڕێنێت کە ئەوەش بە ئاسانی بۆیان نەدەکرا بۆیە هەمیشە لە فرسەتدا بوون وەکو لە نامەی ساڵی 1983 ی کاك نەوشیرواندا هاتووە و باسی دەکات و ...دەڵێت لەدوابی نەمانی لەشکری ئیسلامی کورد سەرەی سۆسیالیستە بەلام دەبێ لەماوەی چەند ڕۆژێکدا شەڕەکە تەواو بکەین واتە هێزەکانی سۆسیالیست وەکو لەشکری ئیسلامی (لاك) کورد کراوەی لەشکری ئیسلامییە چەك بکەین و تەواویان بکەین بۆیە یەکێتی خۆی کۆدەکردەوە شێرکۆی شێخ عەلی لە سنوورێکی گرنگ و خۆشەویستی ناوچەکەو ڕێز لێگرتن و کۆبوونەوەی

جوماوەری و شەڕەکانی لەو سنووره کە شەڕی دوکان هەموو حکومەتی دوکان تەواو بوون و هەمووی کوژران ڕۆژانە تێکەڵ دەبوون لە گەڵ جەماوەر کوێخا سمایلی تەلان بریندار بوو کە ئەوانە دەعوەتی ئەو بوون هەموو مەسئولەکانی دووکان بە مدیری ئەمن و قایم قام و زۆری کەش هەموویان کوژران لەوێ...ڕژێم هەوڵی لەناوبردنی کاك شێرکۆی ئەدا لە ماڵێك لە گوندی چۆخماخلە دۆڵی جافایەتی ڕژێم خەڵکی نارد بە دوایدا ڕۆژێکیان ڕومانەیەکیان هەڵداوە ئەو ماڵەی کە کاك شێرکۆی لێبوو کاك شێرکۆ لەبەر ئەوەی ماڵەکە تووشی زەرەر نەبن بە دەستی خۆی ڕومانەکەی گرت و هەڵی دایە دەرەوە بەلام رومانەکە بە دەستییەوە تەقیەوە دەستێکی پەڕاند بۆ ئەوەی خانەی خۆی نەکوژرێت هەڵی دایە دەرەوە و تەقییەوە دەستی کاك شێرکۆی پەڕاندبوو بەیەك دەستەوە هەر لە تێکۆشاندا بوو ڕۆژانە چەولەی دەکرد دوایی وتیان گوایە هەر جەمالی بۆ ناردووە بۆیە لە کاتێك دا کاك شێرکۆ لەو ناوە بوو ئەو سنوورەش بۆ یەکێتی گرنگ بوو چونکە یەکێتی لەگەڵ ئێران تێك چووبوو دەبوو بەرەو ڕووی سنوورەکان و لەگەڵ عێراقیش هەر لێرەو لەوێ ناردو هاتوچۆی هەبوو بۆیە ناوچەی جافایەتی ۆب یەکێتی دەیویست هیچص هێزێکی لێ نەمێنێ کاك شێرکۆش بەشەڕ و هێزەکەیان شارەزاو لێهاتوو بە ئاسانی دەرنەئەکران لەو سنووره قادر چاوشین و صالحە سوورو حەمە سەرگەڵۆیی و عبدالله گلاڵی و شێخ عوبید کە مەسئولی عەسکەرییەکانی سنووری هەرێمی چوار بوون و حەمە سێکانی زۆری کەوت ناوچەی دوکان دوور بوون کاك شێرکۆ لەگەڵ مەفرەزەکەی خۆیدا نزیکەی هەشت پێشمەرگە لە مقەری خۆی و لە سێکان یان لای سەرگەڵو دۆڵی جافایاتەی بوو نزیاد لە 130 پێشمەرگەی ئازایان لە جەولە بوون لە بەری پیرەمەگرون بوون لە ناوچەکانی کە ...جەمالی عەلی باپیر نامەیەکی بۆ دەنووسێت و دەڵێت کاك شێرکۆ بۆ نیوەڕۆی 1981/8/23 میوانی تۆین و نزیکەی 40 کەسین بۆ نان خواردن و ئەویش وەلامی نامەکە ئەداتەوە ئەویش بەخێرهاتنیان دەکات و دەڵێت حەز دەکەن 100 کەس بن کاك جمالی علی باپیر هەرچەندە شەخصی کوڕێکی گورج و گۆڵو یاریزان بوو ئەو ماوەیەش لەشەڕی پارتی زانی شارەزابوو بەلام ئیدارەی یکەم بوو هیچ کات مەفەزەکەی لە 7 کەس تێپەڕی نەدەکرد ...حەمە ی مام سەلامیش کە ئامر هەیرم بوو لایان تەسلیم کردەوە هەرێمی کاك جمال لە 12 کەس تێنەدەپەڕی نامەیەکی کاك ملازم عومەر بۆ من هاتوە و دەڵێت لەسەر داوای مام جلال ئەگەر زوو فریای دۆڵی جافاتی نەکەوێت ئەوە شێرکۆو عوسەی قالە منەوەر دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە من باوەڕم بەوە نییە جمال هیچی پێ بکرێت چونکە ئەوە بە جمال ناکرێت بۆیە هەرچی زووتر بگەیتە ئەو سنووره بۆ ئەو ڕاستیانەش خۆ نەهێزی سۆسیالیست شەڕی لەو سنووره کردبوو نەشێرکۆ شەهید ببوو نامەی کاك نەوشیروان دەڵێت پێویستە بەم شێوەیە هێز بۆ دەشتی هەولێر ئەوە بۆ شەڕێنەگێرین شەڕکراو یەکیتیش شکا لە شەڕی نێرەگین دا لە دەشتی هەولێر لەو شەڕەدا هێزەکانی کەرکوك و قەرەداغ و خۆیان لە ئاوی زێ پەڕاندووە بۆ بەری خاڵخاڵان و قەلا سێوکە کە چەندین جەنازەیان لێبەجێ مابوو کاك نەوشیروان لە نامەکەیدا دەڵێت محمد عەلی بەردەشانی و 15 کەسێك لەگەڵ قالە چاوشین و 35 کەسێك و عوسەی قالە منەوەر و 50 کەسێك و حەمەی حاجی محمود و 100 کەسێك هەمووی ژمارەکانی بە دڵی خۆی لێداوە ئەو کات قوەی ئاسۆس 45 پێشمەرگەو هەرێمی چوار 120 پێشمەرگەو هەرێمی سێ 80 پێشمەرگەو هەرێمی 1و 5و2 زیاتر لە 250 پێشمەگەی شەرکەری هەبوو کاك نەوشیروان ژمارەکەشی هەر خۆی چۆن ووتوە لە نامەکەی بۆ سەید کەریم وای کردووە و دەڵێت پاککردنەوەی محمد علی و هەرێمی چوارو عوسەی قالە منەوەرو ئاساەن ئەوەی زەحمەتە ئەوەی زەمەتە حەمەیە خۆ ئەو کات لە مانگی 1983/2 دابوو هیچ ڕووی نەداوەبۆیە کاك جمال لەگەڵ هەموو هێزەکانی یەکێتی لەبەری مەرگەو کۆیەو هێزەکەی مەلابختیا ئەوەی هەیان بوو نزیکەی

120 کەس کۆبوبۆوە بۆ سەر کاك شێکۆی شێخ علی بە ناوی دەعوەتەوە کاك شێرکۆش نارد\بووی 2 حەیوانی بۆ سەربڕیبوون وە نان و پێویستیان بۆ ئامادە بکات لەو کاتەدا شێرزادی برای دەڵێت کاك شێرکۆ بە قورعان دەمانکوژن ئێمە لێرە دەبین و تۆ برۆ جێگایەکی کە دەڵێن ئیشی بووەو لێرە نییە ئەوانە بۆ کوشتنی تۆ دێن مەڕۆ یا تاخیری بکە تا بنێرین هێزەکان ێنە سەرەوە کاك شێرکۆ دەڵێت خۆ میوان دەرناکرێت وە با من بکوژن شێرزاد دەڵێت باشە من باوەڕم نییە وناشێمە خوارەوە لە پشتی مەقەرەکە لەناو ئەو هەموو بەردانە دەبم هەتا تەقە دەست پێدەکات شێرکۆ دەڵێت تا ئێستا نەمزانی ئەوەندە شێتیت و باوەڕم بە قسەی خەڵکی نەدەهات جەمال لە ڕێگا ووتبوی ئەوە دوژمنمان لە بیر چووە لەبەر خۆمان نایەڵین ئیسماعیل گەورەدێیی بزانێت نەوەك خەبەریان بداتێ جمال دەڵێت نازانم خۆشم تێدا دەکوژرێم بەلام هەر دەڕۆم یا ئەو دەیباتەوە لە کاتێکدا چاو نانیان بۆ دەهێنن و جمال دەڵێت کاك شێرکۆ پیاسەیەك بکەین ئەویش دەڵێت کاك شێرکۆ یەك دەستی هەبوو لە دوای چوار جار ئەمسەرو ئەوسەر لەوسەرەوە جمال دەڵێت دەمانچەکەت بکەوە ئەویش دەڵێتجمال ئێوەمیوانن جمال جنێوی دەداتی و شێرکۆ دەست بۆ دەمانچەکەی دەبات جمال تەقەی لێ دەکات و شێرزادی برای 50 مەتر لە شسەروویانەوە لەناو دارو بەردەکەدا دەبێت وە بە دووربینیش سەیریان دەکات یەکەم جار وادەزانێت سوعبەت دەکەن تا لولەی چەکی تێدەکات و تەقەی لێ دەکات هەر لەوێ دا شێرزاد جمال دەکوژێ و نایەڵێت یەك مەتر دوور بکەوێتەوە لە شیچرکۆ لەوێدا شەش پێشمەرگە بە بێستوونی برای شەهید شێرکۆوە شەهید دەکەن واتە کاك شێرکۆ و شەش پێشمەرگە شەهید دەبن شێرزاد لە دوورەوە دەبێتحەوتیان بە جمالەوە لێ دەکوژرێت وە جەاەزکانیان بە جێدەهێڵن وە هەڵدێن ئیسماعیل گەرو دێییش بە قسەی شێرزاد هەر یەکێتی خۆیان کوشتویانە چونکە لەکاتی تەقەی جمال لە شێرکۆ ویستبووی تەقە لە جمال بکات پێش لێدانی بە لەحزەیەك بۆیە ئەویشیان کوشتبوو ئەوە وای کرد کە شەڕ دەست پێ بکات و سەرکرادیەتی ناڕازی بوون لە کاك شێرکۆ لەسەر ئەوەی کە کاك شێرکۆ توندو تیژە لەگەڵ یەکێتی وە دەبێت نەرم بێت بە تایبەتی دوای ئەوەی بووە بە کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرەی حزب گیراوە شێرکۆ ووتی ئەگەر ئێوە لەجێگای من بن قەد ئەو هەموو ڕەفتارە خراپەی یەکێتی دژی سۆسیالیستان پێ قبوڵ نلاکرێت باشە من ئەمجارە بابێن لە مقەرەکەمدا بمکوژن من قسە ناکەم بەلام ئەگەر ووریا نەبین دەمانکوژن برادەرانمان ڕەئیان وابوو برادەرانی ئێمە بکوژرێن باشترە نەك بڵێن شەڕیان هەڵگیرساندووە کاك شێرکۆش هەر بەو نەفەسەوە گەڕایەوە لە دوای کۆنگرە لەو کاتە لەمانگی 1981/6 سەیدا سالح شەهید بوو وە لەمانگی 7 دا کاك ڕەئوف خەلیفە سەعید لە مانگی هەشت دا کاك شێرکۆ کە ئەوانە زەرەر بوو لە دوای زەرەر بۆ حیزب کاك ڕئوف پاش شەهید کردنی سەیدا لەلایەن بەعس و کاك شێرکۆ لەلایەن یەکێتی هەریەك لە ئاست خۆی تاسیری زۆری لە ڕووی کورد و حیزب کرد و دوای ئەوەیش هێزێکی حیزب لە هەرێمەکانی 11 باواجی و 15 ی کۆیە و12 ی ڕەواندز و سۆران و 10 سەفین و 14 ی ئاکۆیان و عبداللە بۆرو بورهان بلەیی و مەلابەکرو دلزارو حەمە سوور کوێخا تەها و هەرێمی 4 ی قادر چاوشینی محمد علی بەردەشانەیی حەسەن وەرتێ و بەکر تووتنەیی بەسەرپەشتی سەید کاکە لە دوڵی ئالانە و کۆیەوە تا بەری مەرگەو کۆسرەت و دۆڵی جافەتی و ئاسن گەران لە تۆڵەی ئەو شەڕەی کە یەکێتی بە ناحەق بە سۆسیالیستی فرۆشت و کاك شێرکۆیان شەهید کرد کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بۆیە حزب بڕیاری دا کاك سەید کاکە لەگەڵ ئەو هێزە بنێرێ کە 63 ی پێشمەرگەی ەکێتیان بە دیل گرت و کو1ژراویش هەبوو هەرێمی 4 ی یەکێتی لە دۆڵی جافایەتی بوو لەوێ دەرکران بەرەو لای سەفرەو زەنوون و سەر سنووری ئێران و هێزەکەی هەولێر لە تۆڵەی شەهید شێرکۆدا ئەوەیان کرد بۆیە سەرکردایەتی بڕیاری ئەوەی دابوو بروسکەی 10-9-

1981 گەیشت دەستما و ئێمەش لەسەر بپروسکەو لەسەر نامەی نادر هەورامی و ئازاد قەرەداغی چووینە گوندی چۆلکراوی سیامێوەوە لە ڕۆژی 1981/9/13 کۆبووینەوە لەوێش بروسکەکەی کاك ڕەسوڵیان دامێ کە هەموو هاوکارییەکی پارتی بکەین قوەتەکەی ئێمە لەشارەزوور بوو شەوی 1981/14/13 پەڕینەوە بۆ عەلی ئاواو قوڵخورد و ڕیشێن من پێشتر لەگەڵ مەفرەزەیەك چوومە سیامێوەوە کە سەیر دەکە م هێزێکی زۆری پارتی نزیکەی 1200 کەس دەبوو لەناو دارو باخانەدا خەوتوون زیاتر لە 50 بارهێستر ئازووقەو فیشەك و تفاقەوە هەمووی لەوێ بوون من و شەهید سالار جاف چووین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە عوسمان کاکە ڕەشمان لە گەڵ بوو بەلام پاتی زۆر بوو وەکو نادر هەورامی و ئازاد قەرەداغی و عدنان کمال و سەید فتح الله کاکەیی و عبدالله اغا وە لەبرادەرانی پاسۆك ملازم شوان و زۆر کەس لەوێ بوون دانیشتین و قسە کراو کە بڕیارە هێرش بۆ شاربازێر بکرێت وەئەگەر یەکێتی هاتە ڕێگا ئەوا دیفاع بکرێت ئێمە یەکێتیمان لە شارەزوور نەهێشتبوو کۆبوونەوەکە زیاتر لە 4 سەعاتی خایاند پارتی ووتیان ئەم شەو هەمومان لە دۆڵە چەوت و گولانەکان و سەربەڵخە یەك بگرینەوە واتە شەوی 1981/9/15/14 بچینە دۆڵە چەوت و بەلام هێزێکی 150 کەسی پاسداریان لەگەڵ دابوو من پێم ووتن ئەو پاسدارانەتان بۆ هێناوە ئەوان ووتیان بۆ بێ سی و جیهاز بۆ فیشەك و لەو قسانە کە من پێی مقنع نەبووم ووتیان سەرهەنگ جمال بڕیاری داوە ئەم هێزە بڕوات بۆ شاربازێرو قیادەی پارتیش دەیەوێت سوود لەو فرسەتەی شەڕی عێراق ئێران وەربگرێت و بچنەوە سنوورەکانی کوردستان و ئەگەر پاسداریش کوژرا ئەوە یەکێتی و ئێران دەبنە دوژمنی یەك ئەوەش بۆ ئێمە باش بوو من زۆر لەسەری نەڕۆشتم بەلام ئەوان ئیحراج بوون ووتیان سەرکردایەتی سۆسیالیست و پارتی و پاسۆکیش قسەیان کردووە وەکو جود هێرش بکەنە ناوچەکە من ووتم ئێمە کێشەیەکمان نییە بەلام بڕیاری بەرە جێ بە جێ دەکەین بەلام نامەم بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی کە ئێمە ئێستا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەگەڕێین و پێویست ناکات خۆمان لەگەڵ یەکێتی ئەوە شەڕی خۆمان دەکەین و ئاشت دەبینەوە خۆ یەکێتی ناتوانێت ئێمە لە سنوورەکان دەربکات هەر کات زەغتیان خستە سەرسەرمان و زانیمان ناچار دەبین ئەو کاتە لەسەر ئەساسێك لەگەڵ پارتی قسە دەکەین و ئەوانیش بابێنە شەڕەکەوە ئێمە هاوکاری ئەوان بکەین ئەم جار هەر نامەکە گەیشت بە دووڕۆژ وەلامی بروسکە لەماوەی چەند سەعاتێکدا دوای گەیشتنی نامەکە هاتەوە بروسکە بەعەرەبی و بە ناوی شەخصی کاك ڕەسوڵەوە دەڵێت کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری داوە چی تر ئیهانە ی جەلالییەکان قبوڵنەکەی ن و تۆڵەی خوێنی شەهیدان بکەینەوە بۆیە ئەوە بڕیاری عەسکەرییەو دەبێت جێ بە جێبکرێت وادیارە پارتی لای ئەوان ووتویانە محمد حاجی محموج پەڕیاری سەرکردایەتی جێ بەجێ ناکات هەروەاھ یەکێتیش لای وابوو ئێمە بڕیاری سەرووی خۆمان جێ بەج ێ ناکەین بە پێچەوانەوە هەرچی دەبوو لەسەرەوە بێ وەستان جێ بە جێمان دەکرد بەلام هەندێك شت بە غەڵەتمان دەزانی ڕەئی خۆمان دەدایە سەرەوە بۆ مناقەشە وا دیار بوو ئەم جارەیان مناقەشەی زۆر نەبوو هەر لە شەوی 1981/9/15/14 چووینە شانەدەری کوێخا نصر الله بە 14 تراکتۆر بەعەرەبانەوە هێزەکەمان بەڕێکرد بۆ بەرەو کەولوس و چوالەو زەردۆیی و دۆڵە چەوت و کابرایین و بەردەبەن و هەوارەکانی سەر بەڵخەو هێزی سۆسیالیست 250 پێشمەرگە دەبوو هێزێکی کەرتەکانی محمود زەردۆیی و شەهید مامە ڕەشەی کەچەو هێزێکمان جێمابوو هێشتا ئاگادار نەبوون ئەوان لە سواری بوون چونکە ئێمە بڕیار بوو بۆ قەرەداغ بڕۆین کە ئێمە گەیشتین تا سەعات 11 چاوەڕێمان کرد پارتی هێزەکەیان نەهات وە ئێمەش جێگامان ەندەبۆوە لە هەوارەکان مام ئاراس و شەهید سالار داوایان کرد بڕۆینە ڕەزڵە با بڕۆن بەلام کە دەڕۆن هێزێك بنێرنە سەرچیای ڕەزڵەو سیانزارو بیوەك ئەو کات خۆتان لە خوارەوە بەرەو ڕەزڵە بە ڕێبکەون ئەگەر وانەبێ نەڕۆن پارتی هەر ئەو

ڕۆژە لە سیامۆوەوە نەچوونە ئەولاوە یەکێتیش 20 ڕۆژ بوو هێزەکانیان ئامادە بوو بۆ پەلاماردانی هێزی سۆسیالیست لە شارەزوور یا شارباژێر هەر هەمان شەو هێزەکەیان لەسەر بەڵخە جێگای نەبۆوە مام ئاراس داوای کرد بڕۆن بۆ ڕەزڵە پارتی تازە نایەن با چاوەڕێ نەبین من پێم ووتن تا سەر چیا نەگرن نەچنە گوندی ڕەزڵەو ئەگەر جێگای خۆتان کردووە هەر لەو ناوە بن تا هێزی پارتی دەگات پارتی نامەیەکیان ناردبوو بووە هۆی دواکەوتنی هێزەکەو هەندێك شتی لەو جۆرەوە دواکەوتوە یە کێتی کە هەموو هێزەکانی زۆربەی کوردستانیان لەوێ بوون کاتێك بە بێ ئیحتیات پێشمەرگەی ئێمە دەگەنە ناو ڕەزڵەو لێیان ئەدەن و دوو پێشمەرگەمان بریندار ئەبێت شەڕ دەستی پێکرد وو هێزی ئێمە بەرزاییەکانی پشتی ڕزڵەیان لە یەکێتی سەندەوەو تەنها بەرزاییەکی نێوان سیانزارو دۆستە دەرەوڕەزەڵەدا مابوو شەڕ لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆوە تا سەعات 7 ی ئێوارە بە گەرمی لە دەشتی خەرمان و قولجی و دۆستە دەرەو ڕەزڵەو تا سەرچیای نێوان بیوەك و ڕەزڵە بەردەوام بوو لەو شەرە هێزەکانی ئێمە هەمووی لە جێگای خۆی بوون و لە پێشڕەودا بوون وە زیانی ئێمەش لەو شەڕەدا سالار جاف فەرماندەی کەرتی هەرێمی یەك و جبار بیانەیی پێشمەرگەی کەرتی دوو و خەبات مامە عەبە لە هەرێمی سێ س محمود حەمە تاتە و مەلا جبارو ڕێبوار پێشمەرگەی هەرێمی سێ بریندار بوون سێ شەهید سێ بیرندار بوون شەهیدەکان قارەمان و خەسارەیەکی زۆر بوو ن یەکێتی زەرەریان هەبوو لەوانە حەمە ڕەشید گریزەیی فەرماندەی کەرت بو ولەگەڵ چەند کەسێکی تر ئێمە هەر لە جێگای خۆمان بووین چاوەڕێی فیشەك بووین ئەگەر زوو بگەشتایە ئەوە بۆ شەڕێکی تر خۆمان ئامادەدەرکو ئەگەر دواکەوتایە ئەوا دەکەوینە پشتی هێزەکەی یەکێتی لە مۆریاسش و بیوەك و چنارەو باساك و حاجی مامەند و خانووە قوڕەکان بۆ ئەوەی نەیەڵێن ئیسراحەت بکەن بەلام کاتێك کە هێزەکانی پارتی گەیشتۆتە دۆڵە چەوت وەك کاك نادرو برادەران داوایان کردووە من بینن و کاك عبدالخالق هەورامی یان ناردبوو کە من سەر لە جەنازەکان بدەم چەنکە لە دۆڵە چەوت دەیاننێژن من گەڕامەوو بە پێشمەرگەکانم ووت حەرەسیاتتان هەبێت و ئیسراحەت بکەن ئەو گوند ومالانەی کە لەوێ بوون کاکنادرو عبداللە اغا و مەلاعومەرو زۆری کەش هەبوون ووتیان ئێمە فیشەك و نانمان هەموو هێناوە بەلام ئەوەندە هێزمان هێناوە پێویست بە تەوزیع بوونی فیشەك ناکات لەسەر هێزی ئێوە هەر پێویست نابێت یەکێك لەوانەی پارتی ووتی ئێستا جەلالی دەهر لەوێن وا ئەزانن هەر حسکە نازانن هێزی پارتی هاتووە قسەکەی ناخۆش بوولام من لام کردەوە کاك نادر نەیهێشات قسە بکە مووتی تا ئەو شەڕە هێزی سۆسیالیست کردویەتی و کەس نەیکردووە هەر هێزە وفەرقی نییەو دەهر یەك هێزە و ئێستا یەك سەنگەرین هێزی پارتی هات و هەر تەواو نەدەبوو بەلام هێزی زۆر و بۆر بوو هەمووی پاك خاوێن لقە ئێرانەوە هاتبوون بە ئیجازە بۆ دەر ۆژو بگەڕێنەوە نەك بۆ شەڕ وە زۆریش غرور دیار بوون چەك و تفاقی شەڕشی ئەو کاتەیان پێ بوو پەیوەندییان بە جیهاو لقەگەڵ سەروو خۆیان و ئێران هەبوو لە گەڵ هێزەکانی نوێنەری ئێرانیش هەبوو لە گەڵیاندا بەلام ئەوە لای پارتی هاتبوو نوە پارتی لە ڕاستیدا ئەمری لەوان وەردەگرت نەك لەسەر کردایەتی خۆ ی یا لەبەرەی جود لە رۆژی 1981/9/16 کە هێزی پارتی هات بێ هیچ بەرنامەیەك سەرکەوتن بۆ لای هێزەکانی ئێمە لە خەتعی جەبهەکان هەر گەیشتنە لایان بێ ئەوەی پرس بە هێزی ئێمە یا شارەزا داوا بکەن ڕاستەوخۆ بۆ پێشەوە دەچوون وە لەگەڵ یەکەم دەستڕێژدا هێزی پارتی لەسەرەوە شکان وە ملازم شوان بریندار بوو عبدالرحمن حسن بەشارەتی کوژراو پارتی لە بانگ و سەلاوە 35 کەسی لەگەڵ یەك جەنازە من و کاك نادرو هێزێك ڕۆیشتین هەموو بەردەمی ڕەزڵەو تاقوڵچی و مکڵ و چەمی حاجی مامەندمان پاك کردەوەو چاوەڕێ ئەوەمان دەکرد کە هێزی پشت ڕەزڵە بگاتەوە بەرالمبەری حاجی مامەندە یان خانووە قوڕەکان هەواڵ هات کە

پارتی شکاوەو بەشێك لە هێزەکەی ئێمەش لە گەڵ پارتی ڕاپێچ کراوەو ڕۆیشتوون و یەکێتی چوونەتە لای بەردەەلەکە ئێمە زۆر لە بەتانی و پێویستیەکان لە نێوان خولی دیسکان و قوڵچییە پێمان بە یەکێتیمان بە جێ هێشت لەو لاشەوە ڕەبایەکانی ناڵپاریز لەگەڵ هەلی کۆپتەردا تەقەیان لێ ئەکردین بە هاوەن و دۆشکە لە ئێمە ئەدا هەلی کۆپتەریش دەگەڕا لەو کلاتەدا هێزێکی ئێمە لەلای سواری و موانەکان دەبێت تەواوی شەڕیان بۆ دەڕوات بە ڕۆژ لە جادەی قیر ئەدەن وە بەرەوە لای ئێمە دێن وە مامە ڕەشەی کەچەو مەحمود زەردۆیی و عەتای حاجی فەریق و شێرزاد ی حاجی ساڵح هۆڵە سمتی و و جەلال مۆریاس لە مەسئولەکانی هێزەکە بوو نلەبەر ئەوەی فریای من بکەون و پارتی کە هەڵهاتبوون و ووتبویان محاسەرەیە ئەوانیش بێ پرس و بێ ئەوەی بزانن یەکێتی لقە کوێ یەوە نازانن یەکێتی لەپشتی بەردەبلەکەوە دامەزراون و بانگیان کردوون ئێمەپاۆتین وەرن بۆ ئێرە ئەوانیش چووبوونە ناویان لە هەرچوارلاوە لێیان دابوون هێزەکەی ئێمە یەشتا لە دەشتاییەکە بوون هەرلەوێ محمود زەردۆیی و عەتا و جلال وموریاس و شێرزادشەهید دەبن و مامە ڕەشەش بە بریندار خەتەرەوەلە دەستیان دەرباو دەبێت و ئەوانە زۆر قارەمان بون ئەگەر بە دیرژایی 10 مەتر پێیان زانییایە وایان بەسەر نەدەهات بەلام بە داخەوە ئەو قارەمانانە لەو شەڕە کە بەڕاستی هۆی ئەوە بوون کە ئەو شەهیدانە لەدەست بدەین و پارتی هێزە شەق و شڕەکەی بە ڕۆژ لە جادەی کەوڵۆسیان دابوو بۆ چەوتان و سیامیوەو بۆ کانی خەیاران و مەریوان ئەوا 100 پێشمەرگەی ئێمەشیان لەگەڵ خۆشیان بردبوو کە گوایە من پەڕیمەتەوە نیوەی پێشمرەگەی ئێمە لە چەواتن و دۆڵە سوورەوە گەڕابوونەوە دواوە بۆ لای ئێمە لەو شەوەدا شەهید سالار جاف فەرماندەی کەرتی دوو و شەهید مەحمود زەردۆیی فەرماندەی کەرتی 5 هەرێمی یەك و شەهید عەتا حاجی فەریق جێگری فەرماندەی کەرت لە کەرتی سێ و شەهید حلال مۆریاسی فەرماندەی مەفرەزەم جبار بیانەیی پێشمەرگەو جبار حەمە صالح پێشمەرگە لە کەرتی 2 خەبات مامە عەبەلە هەرێمی سێ و مەلا هەژارو جمال سمێڵ و محمود حەمە تاتە لە هەرێمی سێ بریندار بون جگە لە سێ بریندارەکەی ڕۆژی پێشوو حەوت شەهید و شەش بریندارمان هەبوو لەسەرجەم ئەو شەڕانەدا کە شەهیدان لەشەڕی 9/16 شەهید بوون پارتی نزیکەی 24 کەسی لێ کوژرا و زیاتر لە 30 برینداریان هەبوو لە ڕۆژی 9/17 من گولانەکان و دولە چەوت بووم و کاك نادر هەورامیش هات ووتی منیش دەمێنمەوە بۆ مردن لەگەڵ تۆدا لە گەڵ هێزێکی 250 کەسی لەوێ ماینەوەو هەرچاوەڕێی هێزی پارتی بووین بگەڕێنەوە ووردە ووردە هێزەکەی سۆسیالیست گەڕایەوەلامان کاك نادر ووتی هێزی ئێمە ناگەڕێتەوەو من بگەمەوە ئەوان گەڕانەوو زۆر هەوڵی دا پێکەوە گەڕاینەوە بۆ دۆڵە چەوت و بۆ دۆڵە سوورو بۆ چەوتان لە ڕۆژی 9/19/*1981 لە چەوتان بووین 400 پێشمەرگە بووین 200 پێشەمرگەی سۆسیالیست و 200 پێشمەرگەی پارتی بوون بۆ ڕۆژی دوایی چووینە سیامێوەو لەوێ ماینەوە برادەرانی پارتی بڕیاری گەڕانەوەیان دا بۆ ئێران بگەڕێنەوەو کۆتاییان بە هێرش و شۆڕ هێنا لە شەوی 20-1981/9/21 لەیەك جیابووینەوە و ئەوان بۆ ئێران و ئێمە بۆ شارەزورو عالی ئاواو قولوخورت چووین لە 9/22 چووینە مەسەکان و ناوگردان بۆ ڕۆژی دواتر چووینە گردی شەریف و دۆلاش هەر بەتەنها هێزی سۆسیالیست لەوێ بووین پارتی خواحافیزیان کرد لەشەوی 9/16/15 ئێمە ئەم شەهیدانەمان هەبوو (سالار جاف ،جبار بیانەیی،خەبات عبداللە ،محمود زەردۆیی،عتا حاجی فەریق،شێرزاد حاجی ساڵح هۆڵە سنتی ،جلال سوور موریاسی ،حەمە بچکۆل حەمە عبداللە ،جبار حەمە سالح )وە ئەم بریندارانەشمان هەبوو ڕەفیق ساڵح ،فەریق ڕەشید ،مەلا جبار ،مامە ڕەشەی کەچە ،محمود حەمەتاتە ،کە لەشەرێ پشت ئاشان شەهید بوون لە 5/1 حەسەن شێخ قادر،نوری ،مەلا هەژار: ،لە ڕۆژی 9/22 جەیشمان بۆ هات لەناوگردان هەر هەمان ڕۆژ

مەفرەزەیەك لە جادەی گشتی هەڵەبجەو سەید سادق زیاتر لە 50 سەیارەیان ڕاگرتبوو قسەیان بۆ خەڵکسی کردبوو یەکێکیان بەناوی عومەر علی عبدالقادریان بە خۆیان و سەیارەکەوە گرتبوون لە 9/24 لە گوندی کشەوەری و قاجر بووین دوو ڕۆژ پێش ئەوە لە تەپە کەل و کشەوەری و پردی کۆن و دوانزە ئیمام و کاگردەل وگورگە چیاو میراودەلی و گونە و چرۆسانەو سەراوو دۆڵی باڵانیۆ و کانی مسڵییە و گردە ناویٚ و مۆردین و چنارەو مقەرەکانی یەکێتیمان لەویٚ گرت و سووتاند و خۆیان هەڵاتبوون لە ڕۆژی 22 تا 25 /9 هەر لەویٚ بووین لە بۆین و چنارو گردە ناویٚ و ئەو ناوە هەندێك لە خۆشیان گیراو لەگەڵ مقەرەکانیان ، :ئێمە 250 پێشمەرگە بووین لە شەوی 25-26-9 چوویەن سەر سیروان و دوایی چوویەن گوندی شیرولەو درۆڵەو بۆ بەیانییەکەی چووینە لای کانی سالار لەویٚ دیموکرات هاتنە لامان کاك حەمە نزیف مەسئولیان بوو خزمەتیان کردین و لە ئاوەکە پەڕینەو بۆ هانە ژاڵە و گونەو چرۆسانە ویێژاوەو پریسی خوارو و کانی شێخ و قاجرو چ گردی شەریف بووین لە ڕۆژانی 27 و 28 /9 لە مەسەکان و گردی شەریف بووین لە ڕۆژی 30 ی ئەیلولی 1981 لە ماڵی کاك عومەری مەلا عەلی بووین لە مەستەکان دوای چووینە گردەنازیٚ لە 1981/10/1 لە عەلی ئاوا بووین دوو ڕۆژ دوای ئەوە چووین بۆ کانی ئاسکان و و میری سوور ،لە 10/4 لە میری سوور بەڕێکەوتین بۆ سوورێن چووینە مقەڕو گەڕاینەو بۆ گردە نازیٚ و ۆب میری سوور دوای چووینە عەلی ئاوا :ئەبێت لاتان سەیر بێت ئەو هەموو گەڕان و هاتوو چۆ بە جێگای خەتەر و ڕەبایەو جاش و جەیش و شەڕی ئێمەو یەکێتی هەمووی ئاسان نەبووە بەڵام چونکە لای خۆمانەوە لە نزیکەوە چاودێری ئیشەکانمان نەکردایە ئاسان نەبوو ئەوەی باسی دەکات لە میری سوورو گردە نازیٚ جاری وابووە بۆ نان خواردن دەچووین و دەگەڕاینەوە کە 10 کیلۆمەتر بوو دەڕۆیشتین بە پیٚ و بە هەورا زو نشیۆنانی ئێوارەمان لە گامێش تەپە خوارد وە لە بانی بنۆك خەوتبوین کە هەر ئەو کەسانە دەزانن شارەزای ناوچەکەن یا لە گوڵپ نانمان خواردووە لە شەرام خەوتین لە سەرکەوتنمان خوارەوەو لە هاتنەوەو خەوتین لە ئەحمەد ئاوا نانما خواردوەو لە کەڕەجاڵ خەوتین لە ناو گردانیشەوە چووینەتە بانیشار .لە ڕۆژی 1981/10/7 مام ئاراس و هەڤاڵەکانی کەوتنە کەمینەوە لە گوندی سۆیلە میش و ڕۆژی جەژن هەموویانیان گولە باران کرد لە ڕۆژی 1981/10/8 وە جەنازەکانیان لە گوندی حاصل ناشت ،مام ئاراس لە ژێر ئەو تەئسیرەی کاك دکتۆر محمود کە وتبووی من حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووم و یەکێتی تەقەمان لیٚ ناکات بۆیە ئەویش نامەی بۆ من نووسیبو کە دەیەوێت بچێتە شاربازێر بۆ ماوەی 2-3 و دەگەڕێتەوە منزانیم ئەگەر بڕوات تیا ئەچێت بەپەلە نابێت بەدوایدا هەتا ناوەکەی من گەیشت ئەوڕۆژەیش دنیا هەمووی تەم وغوبار بوو بووبەتەقەو کەوتنە کەمینەوە لە سۆیلە میش ، هەر هەمان ڕۆژ لە میلی سوورو عالی ئاوا بووین ،ڕۆژی 10/8 ڕۆژی جەژنی قوربان بوو ئێمەش لە گردی شەریف بووین لەگەڵ خاڵە نەجم و کاك عبدالخاق هەورامی دا بۆ بەیانییەکەی چووینە قاجەر ،1981/10/10 چووینە مەسەکانی مەلا عەلی و مەسەکانی حاجی ئەحمەد و ناوگردان.

لە ڕۆژی 1981/10/13 لە مەسەکانەوە لەگەڵ خاڵە نەجم و کامەرانی حەمە تاتە و عبدالله و علی عومەری حاجی کاکە سوورو حەمە سەعید و کۆمەڵێك پێشمەرگە چووینە ناوگردان و لەوێشەوە چووینبۆ بێڕەشکە لە پەنای ماڵەکانی ناوگردان لەسەر ڕێگای بێڕشکە وەستاین چاوەڕێی مەفرەزەیەکمان دەکرد لی کانی خەیارانەوە دەهاتن نامەیان پیٚ بوو (ئار .بی .جی )یەك بەدەستی کامەرانەوە ووتی باش چەکوشەکەی ڕاناوەستێت و خراپە کە گولەی تێدایە یەکسەر خاڵە نەجم پەلاماری داو ووتی ئەم (ئا بی جی یە جێگای سیقە نییەو ئەمنیشی بکەیت هەر دەتەقێت خۆی دەستی گرت بە لوولەی (ئار.بی.جی.)یەکەوە کە گوللەکەی لەسەر بوو بە د\ەستەکەی

تری دەستی لە پەلە پیتکەی داو لە چوار دەوری لە بەینی هەموماندا (ئار.بی.جی) دەرچوو دە پێشمەرگە دەبووین دای لەسەر سنگی کامەران کە شانمان پێکەوە بوو هەر لەوێدا شەهید بووین ،دەستی خاڵە نەجم بریندار ئەو دەستەی کە بە ئاربی جیەکەوە بوو گولەکە لەسەر دڵی کامەرانی دابوو لە پشتییەوە دەرچوو گوللەکە ماوەیەك ڕۆشت لە ئاسمان تەقییەوە،خاڵە نەجم هاواری کردو گریا ،من پێم گوت گویٚ مەدەریٚ بیرنەکەی هیچ نییە ،خاڵە نەجم ووتی بۆ برینەکەی خۆم هاوار ناکەم بۆ ئەوە هاواردەکەم کامەرانم کوشت و مەحمود دەگەڕێتە و دەمکوژێت ،پێم ووت باسی ناکەین و قەزاو قەدەرەو بە پێشمەرگەکانیشم ووت باسی نەکەن باسم نەکردووە تا ئێستا نازانم خاڵە نەجم خۆی بە قەرزاری ئەو ماڵە دەزانیٚ یان نا ،سەری لیٚ داون و نازانم پێی ووتون یان نا بە هەرحاڵ لە ڕووداوە ناخۆشەکان بوو ،من ئەمە یەکەم جارە باسی دەکەم کە کاك نەجمەدیینی هۆنگەرێنەیی ناسراو بە خاڵەنەج مکامەرانی حەمەی تاتەی کوشتووە ،مەحمود گەڕایەوە بەلام نەگەیشەوە لای ئێمە لە 1983/5/1 لە پشت ئاشان شەهید بوو لە ڕۆژی 1981/10/14 دا ڕژێم هێرشی بۆ کردین و بە تەیارەش لیٚ ی داین لە بیٚ ڕشکەو شاتوان و مەسەکان و گردی شەهید،ئێمە دوو شەهیدمان هەبوو لە گەڵ شانزە بریندار ،شەهید سیروان بەفری لە خانەقین، کەلار لە هەرێمی دوو خالیدی حاجی کەریم بێکراس سلێمانی لە هەرێمی سیٚ ،پڕی دوو عەرەبانە تراکتۆر بریندارمان بردەوە گامێش تەپە لەوێشەوە بۆ میللی سوور وکانی خەیاران کە زۆربەیان خەتەر بوون هێزەکەش چوەەو عەلی ئاوا من گەڕامەوە میلی سوور لە دەرەکۆرەی سورێن بووین گەڕامەوە بۆ کانی خەیاران لە ڕۆژی 10/19 دا ،لە 1981/11/5 لە مقەری ئێمە لە کانی خەیاران کۆبوونەوەی بەرەی جووت هەبوو لەسەر ڕووداوەکە ،نوێنەری حیزبی کاك سەید کاك تۆفیق حاجی بوو بنوێنەری پاتی کاك عبداللە اغا بوو نوێنەری پاسۆك کاك ملازمسیف اللە بوو نوێنەری سۆسیالیست من و کاك عبدالخالق هەورامی بووین وە لە کانی خەیاران کۆبوونەوەکە کرا ،کاك حاجی حاجی ابراهی م کاك شیروان شێروەندی لە سەرکردایەتییەوە هاتن بۆ لامان ئەو کاتە مەکتەبی سیاسی لە دۆڵەتوو بوو بەتەمای گواستنەوەی بوون بۆ پشت ئاشان ،مەلا هەژار لە شارەزوور بوو لەو ماوەیەدا 4 پاسا مقەریان یان چادرێکیان لای مقەڕی ئێمە لە دەرە کۆرە هەبڵدابوو مەسئولەکەیان ناوی مختار بوو لەلایەن حاجی ئەحمەدی متەوەسلیان مەسئولی سوپای پاسداران بوو لە مەریوان نێردرابوو ئێمە ڕێکەوتنمانلا هەبوو لەگەڵیان مەلا هەژار هاتبوو ئەو خۆی بە مارکسی دەزانی ووتبوی بۆ پاسدار لێرەیە چووبووە سەریان هەزار جنێو قسەی پیٚ وتبوون وە وتبووی هەتا سەعات 2 پاش نیوەڕۆ لێرە نەڕۆن ئەتانکوژم،پاسداریش لەسەر داوای مەسئولی پاسدارانی مەریوان حاجی ئەحمەدی متەوەسلیانی مەسئولیان هاتبوون و پاشسدارەکان لەدەرەکۆرەوە هابوونەو بۆ کانی خەیاران بە گریان ووتیان ئەگەر بڕۆینەوە لەویٚ دەمانگرن چونکە ئێمە بە ئەمر هاتووین تا مودەی مەئموریتیەکەمان تەواو دەبێت ،منیش نەمهێشست بڕۆنەوە ەملا هەژار هەر بەخۆیدا نامەیەکی بۆمنووسیبوو بۆ ئەو شتانە ..25 سەرمەڕی زیندوو یان 5 لاك مەڕی سەربڕاو سەد مریشکی پاکراو 50 فەردە ئارد 30 فەردە برنج 10 تەنەکە ڕۆن 4 فەردە شەکر و 10 کارتۆ ن کلۆی قەند و 100000 فیشەکی هەمە جۆرەو سەد گوللە ئاربی جی دێتە خوارە داوای گۆشتی موجەمیدەی گاو زۆر شتیکەی کەی کردووە بە کاك حاجی و کاك شیروانم ووت مەلا هەژار ساغە:ووتیان بۆ چونکە ئەو لە یپش من سۆسیالیست بوو وتم ئەو نامەیەی نووسیوە بۆ ئەو شتانە بەلام پاسدارەکانی دەرکردووەو هەر بەو ناونیشانە نامەی ناردووە ئەو شتانەش هەمووی ئێران بە ئێمەی ئەدات ئەویش ڕازی نەبوو ، 4 پاسدار لەویٚ بێت و ئاغای موختارمان ناردوەوە بۆ مقەری خۆیان لە سورێن،لە 1981/11/9 لە گەڵ کاك حاجی حاجی ئبراهیم و کاك شیرواندا لە کانی خەیاران بۆ مقەڕی سورێن و لە مقەری

عومەر قاینجەیی لامان دا لە مەنجەر ..لە ڕۆژی 11/10 یەکەم کۆبوونەوەی بەرەی جوود ( لە کوردستان لەناوچەی سورێن کراو نوێنەری هەموو لایەنەکان بەشدار بوو ،لەدەرەکۆرە بووین لەگەڵ کاك شیروان و کاك حاجی دا ،کاك حاجی لە کۆنگرە خۆی هەڵنەبژارد و دوایی بە بڕیارێك هێنایەنەوە کۆمیتەی ناوەندی حیزب و ئیش و کاری بۆ دیاری کرا لە حیزب بۆ بەسەر کردنەوەی ناوچەکان ،من و کاك شیروان پێکەوە چووینە سورێن بۆ کۆمیتەیەك چووین بۆ سەرپەرشتی ئیشەکان ،لە تەمووزی 1981 دوای شەهید بوونی سەیدا ساڵح یوسفی لە کۆبوونەوەی ناوەندی منیان لە ئیحتیاتەوە هێنایە کۆمیتەی ناوەندی ،لە دوای شەهید بوونی شێرکۆی شێخ عەلی مامۆستا شەریف مەولود لەسەرکردایەتییەوە بەئەندامی مەکتەبی عەسکەیر و سەرپەرشتی هەرێمی چوار ڕەوانەی دۆڵی جافەتی کرا ، لە هێرشی یەکێتی بۆ سەریان لەشەڕێکی سەختتدا مامۆستا شەریف شەهید بوو لەسەر چیاکەوە هاویشتیانە خوارەوە دوو پێشمەرگەشی لەگەڵ شەهید بوو مامۆستا محمد فاتح و مامۆستا عومەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەسئۆلی لقی سلێمانی بوو لەشەڕەکە دەرباز بوو ..دوای تەسلیم بە ڕژێم بوەوە ئەویش دوای شەهید شێرکۆ نەکسەیەك بوو لە سنووری هەرێمی چوارو جافایەتی ڕووی دا ،دوای ئەوە بە بڕیارێکی کۆمیتەی ناوەندی منیان لە ساڵی 1982 بە لێپرسراوی لقی سلێمانی دەست نیشان کردوو هەموو هەرێمەکانی سنووری لق لە ڕووی عەسکەرییەوە لە ژێر چاودێری لق فەرماندەی هێزی سەربازیش هەرێمی یەك ی شارەزوورو هەورامان و هەرێمی دووی شلێر و هەرێمی سێس شارباژێر و هەرێمی چوارو جافەتی و هەرێمی پێنج بۆ شارەزوور و بەری قەرەداغ و هەرێمی دوو قوەی هەورامان و قوەی سیروان و قوەی کاژاو دامەزراو هەموو هێزەکان لە کاتی پێویست کۆدەکرانەوە بە ئاسانی دەنێرانەوە جێگەی خۆیان بارەگای لق لە دەرەکۆرە بوو هەرێمی یەك هەر لەوێ بوو هەرێمی دوو و قوەی هەورامان لە بانی شار بوو ،هەرێمی سێ لە عازەبان و شارباژێر بوو هەیرمی چوار لە سێکانیان بوو لای سەرگەڵو بەلام زۆربەی هێزەکان لە جەولە بوون و لەگەڕان نەدەوەستان لە بارەگادا ،بارەگای تابیعەو ڕۆنیۆ و فۆتۆ ستێنسڵ و کاری ڕاگەیاندن لە سنووری لق دەکراو ڕەسم گرتنەوەو بلاوکراوەکانی سەرەوەو بەیان و گۆڤارو پێویستیەکانی ڕۆژانەی سنووری لق لەبەر دووری ناوچەکە لە سەرکردایەتی و نەبوونی ئامێری پەیوەندی بە سەرکردایەتییەوە ئێمە نیمچە سەربەخۆییەکمان هەبوو ،هەر دوای کۆنگرەش کە شەڕی ئێمەو یەکێتی پەرەی سەند وو بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشتین لە کۆنگرەی کاك عەزیز عەقراوی بوو بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، هەر لەکۆنگرەدا زۆر دژی یەکێتی بوون زۆر ئیقتراحی دەکرد لە جێگای خۆی نەبوو ئەو لە بەغدا بوو ..پارتی کارتۆنی دامەزراندبوو وەزیری ڕژێم بوو لە کۆنگرە لە هەمووان زیاتر پێشنیارو ئیقتراحاتی هەبوو برادەرانیش زۆر مراعاتیان دەکرد لەبەر دوو حاڵەت یەکەم لە کۆنگرە ناوی نهێنی خۆی ووت کە لەبەغدا تەنزیمی بزووتنەوە بووە لەگەڵ (سەیدا سالح یوسفی )و عەلی هەژارو بە کاك عبدالخالق زەنگەنەشمان ووتبو ناوی نهێنی خۆی ووت کە لە شار ئیشی کردووە لەگەڵ بزووتنەوەدا ،کاك عزیز عەقراوی هەر لەشۆڕشی ئەیلول سەرکردایەتی و مەسئولی عەسکەری و ناوبانگی هەبووە موقەدەم بوو لە جەیشی عێراق و واشیان دەزانی هەرچی گەیشتە ئەو مەسئولیاتە لە شۆڕشی ئەیلول ئیتر ئەو مێشکی پڕە لە سیاسەت و ڕاو بۆچوونی گرنگ و هەرچی ئەو بیڵێت لە سەدا سەد ڕاستەو ڕاست دەردەچێت ..کێشەیەك لە نێوان کاك ڕەسوڵ و کاك دکتۆر و مارکسییەکان و دیموکراتییەکاندا هەبوو وای کردبوو کە ڕێگا زیاتر خۆشبێت بۆ من لەیەکێتییەوە هاتووم و کاك عبدالخالق لە بەغداوە هاغتووە و بۆ کاك عادل لای یەکێتی یەوە هاتووە ئەوانە هەموی بۆشایی دروست کردبوو ،کاك ووریاش لە ئەڵمانیاوە گەڕابۆوە کاك مستەفا لە سوریاوەو کاك عادل لە دەرەوە بوو لە دوای ئاش

بەتاڵ نەگەڕابووەوە عێراق و لە ئێرانەوو بۆ سوریا و لە دامەزراندنی یەکیتیش دابووە ووتی لەسەر ئەوە هاتوومە لای سۆسیالیست لای یەکێتییەوە بڕیار بووە لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەموو سەرکردایەتی بزووتنەوە بکوژن منیش قبوڵم نەکردووە ..وازم لە یەکێتی هێناوە لەو دەعوەت دا شتی وا بکرێت ،من قبوڵم نەکردووە سەرکردایەتی سۆسیالیست ئەوەیان بەسەر بێت کە باسیان کرد بۆمان هەروەها کاک عادل ووتی جگە لە کاک سالار عەزیز و بە تایبەتی کاک بەکری حاجی سەفەر هەموو سەکرایەتی یەکێتی لەگەڵ ئەو ڕەئە بوون کاک ڕەسوڵ و خاڵە سەید کاکە و کاک شێروان شێروەندی و کاک سەعد هەموو سەرکردایەتی وایان بۆ من باس کرد منیش داستانی خۆم باس کرد لەگەڵ یەکێتی ،کاک عەزیز و کاک عبدالخالق لە بەغداو کاک مستەفا خۆخی لە ئێرانەوە لە دوای ئاشبەتاڵ دەڕواتە سوریا لەویٚ لە هەموو چالاکییەکان بەشدار بووە لەگەڵ یەکێتی بەلام سۆسیالیست بوو لە هێنانی چەك بۆ شۆڕش و لە گوندی بەردەڕەش لە کەمینی قیادە موەقەتەو کە ملازم حسن خۆشناو باهری ئەحمەد بەگ میرەیی شەهید بوو کاک مستەفاگیرا بە دیلی و ( 9) دۆشکەو کۆمەڵێك چەکی هێنابوو پێشتر بۆ تورکیا و خۆشی بە دوایدا لەویٚ ~ەویش گیرا و ماوەیەکی زۆر لای قیادە موەقەتە بوو دوایی بەربوو لە کۆنگرە کاك ڕەسووڵ زۆر دژی بوو ڕێگایان نەئەدا ڕەئی بدەنیٚ و دەربچیٚ دەیان ووت سووریا ناردویێتیەوە و پێیان دەووت ڕەجعییەو لەناو حیزبی مارکسی نابێت و دوای کۆنگرە گەڕایەوە بۆ سووریزاو دوای بۆ دەرەوە ،ئێستا لە سویدەوە چالاکی سیاسی بۆ کورد دەکات ،لە کۆنگرەکەش هەوڵی ئەدا بۆ کاك ووریا :د هۆشیاریش بە ئیحتیات دەر چوو دوای کۆنگرە چوونەوە دەرەوەی ولات و نەگەڕانەوە وە ئێستاش کاك وریا لە ئەڵمانیاوە و کاك هوشیار لە سویدە ،کاك عدنان بە رەجعی دادەنان و بە ناچاری ناویانی نووسی لە ڕیزی ئیحتیاتەکان ،کەس ڕەئی نەئەدا بە کاك عدنان خۆی لەویٚ نەبوو لە دەرەوە بوو کەس پێی خۆش نەبوو دەربچێت دەیانووت سەر بەکاك دکتور محمودە و خۆشی لە بنەماڵەیەکی ڕەجعییە ..هەولێریکان دەیانپرسی عدنان موفتی کیٚ یە دوا ی ناسیان کە کوڕی ڕەشادە فەنییە لە هەولێر ماماە غەفە لەگەڵ کۆمەڵێك لە هەولێریکان کۆبوونەوەو دەنگیان دایە دەیانووت لۆ خاتری ماڵی ڕەشادە فەندی دەنگی بدەنیٚ ،دەیانووت کوڕی ڕەشادی موفتی خۆمانە،دەیانووت لەبەر ماڵ ی موفتی با دەنگی بدەینیٚ کاك عدنان وا دەرچوو بە ئیحتیات کاك عدنان دەستی بە ئیش و کاری خۆی کردبوو لێی نەوەستا ، کاك عدنان پیاوێکی لەسەر خۆو شارەزاو سەری لە سیاسەت لەزۆری سەرکردایەتی باشتر دەردەکرد و ڕاو بۆچوونی باشی هەبوو ، بەلام کاك عدنان و کاك عادل هەمیشە حەزیان دەکرد لەدەرەوەی کوردستان بن نەدەچونە مەکتەبی سیاسی و هەر باسی هەڵبژاردن ،مەکتەبی سیاسی دەهات یەکسەر کاك سەید کاکەیان تەرشیح دەکر بۆ (م.س) ئەوەی قسەی لەسەر دەکردن قسەی کاکە بوو ئەویان بێدەنگ دەکرد و ئەیانووت ئەوە جێگا نەماوە و ئێمە ئیشی تر دەکەین تا هەموو ئیشەکان تەوزیع دەکرا بە خشکەیی و بیٚ دەنگی دەدەچوونە دەرەوەی ولات لەدەرەروە بەتایبەتی لە سوریا دەورێکی گرن گ وسەرەکییانهە بوو مەکانەتێکی سیاسیان بۆ سۆسیالیست دروست کردبوو بە ئێستاشە وە وە کو هەق بیلێین ،کاك ئەبو عەلی (لە لەندەن دادەنیشت و خۆی لەویٚ نەبوو بەلام ەهوڵی بۆ دەدا و دەربچێت زیاتر کاك عادل هەوڵی بۆ ئەداو بۆیە بوو بە ئیحتیات و دوای ماوەیەك هەواڵی هات چۆتەوە بۆ عێراق گوایە پەیوەندی لەگەڵ عێراق هەبووەو جارێکی کە هاتۆتەوە لەندەن و لەو بابەبەتە ..ڕەئیان بە مامۆستا شەریف نەدا کە لە زۆریان مستەحەق تر و موبادەر تر بوو لێهاتووش بوو لە کارەکانی دا منیش بە پێی بارو زروف حیزب و هێزو دەسەلات و مەکانەتی خۆ م جەماوەر و هەردوولاش تەحلیلی جیاجیایان لەسەرم هەبوو بوومە ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی بە تەنیا یەك بڕیار وەرگیرا کە لایستەمان لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی نەبێت چونکە من

دەردەچوم بە پێی ئەو ژمارانەی یان ئەو هەل و مەرجەی ئەو کاتەو ئەو سەرکەوتنانەی بۆ سۆسیالیست بەدەست هاتبوون نەك کەم نەبوو بەڵکو هەنگاوی گەورە بوو لەو هەل و مەرجەدا ئەگەر سەرکردایەتی بەتواناو لێهاتووی هەبوایە بەرنامەیەکی باش و دارێژراوی هەبوایە سەرکردایەتی لە ئاستی ڕوداوەکان و هەل و مەرجەکە و قەواعیدی یا بنکەی فراوانی حیزب بوایە هەنگاوی باشی دەنا ،درووست بوونی بۆشایی لە حیزب لە نێوان کاك ڕەسوڵ و کاك دکتۆر محمود هاتنی خەڵکی بە توانا بوو بۆ ڕیزەکانی حیزب و ئاراستە کردنی قسە دژی یەك کردن زەرەری بە حیزب گەیان د و سوودی لێ وەرنەگیرا لە 1981/10/11 لە گەڵ کاك حاجی حاجی و کاك شیروان و کاك کوێخا بەختیارو کاك محمود برای کاك حاجی و کاك موحسین باییزو من لە مقەری دەرەکۆرە بوین لە سورێن دوای چووینە میری سوور لە مقەری ناوچە کۆبونەوەمان هەبوو لەوێ دەعوەت بووین دوای گەڕایەەنوە بۆ دەرەکۆرە ،لە ڕۆژی 11/13 بە نیازی یەکەم جولاندنی عەسکەری (جود)بۆ لێدانی ڕژێم لە شارەزوورو سورێنەوە بە ڕێکەوتین و جێگای کۆبوونەوەمان گردە نازێ بوو ،حزبی شیوعی و سۆسیالیست چووینە سەر چاوگی ڕیشێن و بۆ ئێوارەکەی چوویەن گردەنازێ و پاشان پارتی هاتن ،پاسۆك و سۆسیالیست و سیوعی مقەرەکانمان پێکەوە بوو ..پارتی ش تازە هاتبوونەوە لە ئێرانەوە بۆ شەوەکەی چووینە کانی شێخ لای سیروان و ئیمامی زامن و بۆ غولامی سەر چەم بۆ بەیانییەکەی چووینە گورگە چیای لای سیروان بۆ لێدانی دام و دوەزگاکانی ڕژێم ،دوای چووین بۆ چروسانەو میراوڵی هێزەکە نزیکەی (600 )کەس دەبوو نبە هەموو لایەکەوە شەوی 1981/11/16/15 چوویەن ناو شاری هەڵەبجەو دامەزراین بۆ نان خواردن و بەرنامەی چەند جێگا دانرا بۆ لێدان...مەفرەزەو (ئار.بی.جی)تەوزیع کرا بۆ شوعبەکەو منەزەمەو ئەمن و قایمقامییەت و تەنقیحەکەو چەند دەقیقەیەك پێش لێدانی لە مکەبەرەی مزگەوتی کانی ئەشکان یان مزگەوتی مامۆستا مەلا ساڵح گەورە چووین نوێژی عیشایان دەکرد ئەوان ڕۆیشتن و من بە مکەبەرە قسەم کرد بۆ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بە ناوی بەرەی جووتی پارێزگای سلێمانی و کەرکوکەوە لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لە مکەبەرەکە دەکرد بۆ ئەوەی بێ دنگی بکەن زیاتر لە یەك سەعات قسەم کرد و دوای لێدانی جێگاکان بە درێژایی ڕێگایش هاتبووینە ناو شارو کەمینمان لاە ڕێگاکان تا لای گولان دانابوو ئەو عەمەلێیە زیاتر سیاسی و تەبلیغاتی بوو لەوەی عەسەکیر ببێت ، هەروەها عەسکەریش بوو زەرەری بە دوژمن گەیان د وۆبەلام ئەوە یەکە معەمەلیات دژی ڕژێم بوو لە کاتی شەڕی بەرەی جووت ئەنجامی دابوو ئەو شەوە هێزەکە گەڕایەو بۆ میراوگی و چیا ،نیوەڕۆ لەوێ خۆمان حەشار دا تا ئێوارە ،شەوی 17/16 /11 لە میراولی و بۆ غولامی سەروو لەڕێی قارەمانی و چروسانەو بێژاواو گورگە چیا و قاجەرو کیشەوەری چەمی ڕیشێن بووین ،لە ڕۆژی 11/17 چووینەوە دەرەکۆرە لە 11/19 لەگەڵ کاك حاجی وکاك شیروان لە مقەری عومەر قاینجەیی بووین ،لە 1981/12/9 لە مقەڕی دەرە کۆرە بووین میوانمان هەبوو لە ڕۆژی 12/11 لە میری سوورەوە بۆ ڕیشێن و ۆبیەکەم جار بوو خەسووم سەری لێ دابووم و ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خۆش و هەتاو زۆر گەرم نەبوو دنیا سەوز بوو ، بۆ ڕۆژی دوایی لە سورێن بووین ،لە ڕۆژی 12/13 کاك تامین چووەوە ۆب مەریوان ئێمە لەسورێن بووینداوی چووینە دەرە کۆرە و مدیری بەلەدێی هەڵبجە لە سەیتەرەیەکی قوەی هەورامان لە گردە نازێ گیرا بوو هێنایانە سەرەوە بۆ دەرەکۆرە ،کاك عومەر حاجی عینایەت بوو هەر لەوێ بەردرا و ئەو گرتنە بووە هۆی برایەتی و دۆستایەتی لە دوای ساڵی 1988 دوای کیمیا بارانی هەڵبجە گەڕایەوە و بەقەدەر ئەندامی ڕێکخستنەکانی حیزب ئیشی دەکرد و نەك ئیلتزامی ڕێکخستن بەلام ئیشی باشی دەکرد و لەگەڵ هەواڵ و ڕووداوێك ئاگاداری دەکردینەوە و لە ئینتخاباتدلا لەسەر لیستی سۆسیالیست دابەزی و کاك عومەر پیاوێکی خزمەت گوزارو دڵسۆزی کوردە ...وە لەو ماوەیەدا تەیارەیەکی عێراقی کەوتە خوارەوە عەمیدی

تەیار گیرابوو قسەی کرد لە ڕادیۆی تاران داوای لجوئی سیاسی کرد و ووتی (836 ) جار لە ئێرانی داوە کە ئێستا سجنە لە ئێران ،لە ڕۆژی 21–29 /12 هەر لە سورێن بووین ، شەڕی عێراق و ئێران گەرم بوو لە هەموو لایەکەوە ،هەر لە ڕۆژی 12/29 منالەکانمان هاتبوون بۆ لامان (عەتا و پشتیوان )دوو سالان بوون لە 31 /12 دوا ڕۆژی سالی 1981 بوو لە سورێن بووین لە مقەری دەرەکۆرە بۆ شەوەکەی واتە هێشتا لە نێوان هەمان سالدا بووین بەفرباریبوو دنیا سارد بوو بەفر لە زەوی دابوو بە مالەوەم ووت چامان نییە یەك ژووری 5*3 مان هەبوو ئەو شەوە (8) میوانمان هەبوو یەکێك لەو میوانانە کاك عومەیر حاجی فەتاح بوو لە هەیوانێکی بچکۆلەو غازو تەباخی تیا بوو لە ڕووی دەرەوە سەعات (12) شەوی ئاخری 1981 بۆ 1982 بوو بە مالەوەمان ووت چامان نییە ووتی بەم سەرماو بەفرو نیوەشەوە چای چی و چا لە کوێ بینم منیش لەسەری ڕۆیشتم ووتم قاوە خۆ ئەوە زۆری ناوێ صەهر ئاوی گەرمی دەوێت و :ڕەحمەتت لێ بێ و سەیری کرد م یەعنی بیبڕەوە میوانەکانیش قسەیان نەکر بلێن شەوەو درەنگە و وەختی نەماوەو لەو چیایە چی پێدەکرێت ووتم ئەگەر یەکێکیان نەبێت قبولی ناکەم ،میوان سەیریان دەکردم وایان دەزانی پەلاماری دەدەم ووتم وەلا دەچمە بەر ئەو بەفرە تا بەیانی ،میوانەکان واقیان وڕمابوو ئەوان چاوەڕێی ئەوەبوو ن من شەڕ بکەم سەیریان کردم ئەوەی لە چاو ئەوان دەردەکەت ئەوە بوو بلێین خوای دەکرد لەو بەر بەفرە دەبوویتە تەختە و وە ڕەق دەبوویتەوە ،لەبەر چاوی ژن حەیای پیاو دەبات زۆریان لاسەیر بوو قسەکەی من کرا بە فشقیات و چاکەش درووست بوو بۆمان ،لە ڕۆژی 1981/1/14 شەڕێکی گەورە بوو بێرەشکەو گردی شەریف و مەسەکان کە لە پێشەوە باسم کردووە ئەو سالە پڕ بوو لە کارەسات سالی 1981 ۆب سۆسیالیست سالێکی پڕ کارەسات بوو ڕاستە کۆنگرەی تێگیرابوو بەلام شەهید بوونی سەیداو کاك ڕەووف و کاك شێرکۆ و مامۆستا شەریف و چەندین پێشمەرگەی قارەمان و ڕاکێشانی شەڕی وعێراق ئێران لە سنوورەکانی کوردستا ن بەرە و کارەساتی گەورەترمان دەبات چاوشارمکێ ی عێراق و یەکێتیش جار جارو توندو تۆلی پەیوەندی جود و ترسانی یەکێتی و بێ ئەمێدەی لە ئێران بەرەو ناو عێراق و وەعدی یەکێتی بە تەسفیە کردنی هێزەکانی بەرەی جود کە ئەگەر عێراق هاوکاری بکات ئەوانە هەمووی تەم و مژی زیاتر دەکرد لە ناو بزووتنەوەی کورددا بلاو بوونەوە وە ڕۆژ بە ڕۆژ بووە ژێر تەپ و تۆزی شەڕی عێراق ئێرانەوە .

**تەواو**

تێبینی :

لەبەر هۆکاری تەکنیکی و ئاسان خوێندنەوەی کتێبەکە لەلایەن میوانانی جەماوەرنیوزەوە ، بەلگەنامەو وێنەکانمان بلاونەکردەوە.

خوێنەران دەتوانن لە دەقی چاپکراوی هەر سێ بەرگی ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک سەرجەم وێنەو بەلگەنامەکان ببینن.